# دەروونزانی سیاسی

فوئاد سدیق

نەورۆزی 2015 هەولێر

تەنیا نووسەر مافی چاپکردنەوەی ئەم کتێبەی هەیە

**له جیاتی پێشەکی** ل9
**کلاورۆژنەیەک بۆ دەروونزانی سیاسی** ل11

**بەشی یەکەم :**
چەمکی زانستی سیاسەت ل53
چەمکی دەروونزانی سیاسی ل59
مەعریفەی دەروونزانی سیاسی ل64
قۆناخەکانی پەرەسەندنی دەروونزانی سیاسی لە ئیسپانیا ل66
گرنگی دەروونزانی سیاسی ل71
مێژووی دەروونزانی سیاسی ل76
ئامانجەکانی دەروونزانی سیاسی ل81
جۆرەکانی دەروونزانی سیاسی ل82
سوودەکانی دەروونزانی سیاسی ل83
کێشەکانی پەیوەست بە دەروونزانی سیاسی پیادەکراوەوە ل93
چەمک و دیبەیتە سەنترالییەکان ل94
پرسەکانی ئایندە ل99

**بەشی دووەم :**

پەیوەندی دەروونزانی بە سیاسەتەوە ل105
پەیوەندی دەروونزانی سیاسی بە دەروونزانی کۆمەڵایەتییەوە ل110
پەیوەندی دەروونزانی سیاسی بە کولتووری سیاسییەوە ل112
پەیوەندی دەروونزانی سیاسی بە کۆمەڵناسی سیاسییەوە ل139
دەروونزانی سیاسی و کەسایەتی سیاسی ل142

**بەشی سێیەم:**

دەروونزانی سیاسی و رەفتاری سیاسی ل115
سەرهەڵدانی قوتابخانەی رەفتاریی ل155
شێوەکانی رەفتاری سیاسی ل160
دەروونزانی سیاسی و رەفتاری سیاسی و سیاسەت..... ل163
بەکۆمەڵبوونی فیزیکی و کارلێکەکان ل174
پێوەر لە رووی فیزیکییەوە ل177
دەروونزانی (کاتی)و دەروونزانی سیاسی ل183
بەکۆمەڵبوونی چەمکی ل187
بە ئاراستەی داهاتوودا ل190
توانای مەعریفی ل194
هەست و سۆز ل197
دەرئەنجام ل199

**بەشی چوارەم:**

بەرەنگارییەکانی دەروونزانی سیاسی ل205
گرنگی سیاسی و درکپێکردنەکانی کاندید ل207
گریمانەی دەرکەوتن ل209
میکانیزمەکانی دەرکەوتن ل213
ناڕێکی ل214
بەکارهێنانی داتای بەش بەش لە تۆژینەوەدا ل214
شیکارییەکانی داتای شێوەی هێڵی درێژی (داتای سەرانسەری) ل237
کێشەی پێوانەی یەکگرتنە شێوە هێڵەکیەکان ل246
کۆتایی بۆ دەرکەوتنە گشتییەکان ل257
کۆتایی ل

**بەشی پێنجەم:**

دەروونزانی سیاسی و دروستکردنی بڕیاری سیاسی ل267
بڕیاری سیاسی چۆن دروستدەکرێت (وەردەگیرێت)؟ ل270
ناساندنی هەڵوێستەکان یان دەستنیشانکردنی کێشەکە ل272
-دیاریکردنی ئامانج ل274
قۆناخی دیاریکردنی جێگرەوە (بەدیل) ل275
وەرگرتنی بڕیار ل277
جێبەجێکردنی بڕیار ل278
هەڵسەنگاندنی دەستکەوتی بڕیارەکە ل279
چاوپێداگێڕانەوە بە بڕیارەکە ل280

**بەشی شەشەم:**

بونیادنانەوەی دەروونزانی سیاسی:

کۆسپە هەنووکەییەکان و ئاراستەی نوێ ل283

ئاراستەی شیکاری نوێ:

بەرەو دەروونزانییەکی سیاسی گشتگیر و یەکگرتوو ل286

سەختی زاڵبوون بەسەر کەمکردنەوە ل289

بەرەو یەکگرتنێکی راستەقینەی دەروونزانی سیاسی وکۆمەڵایەتی ل294

راستی و بەها لە دەروونزانی سیاسیدا ل307

هەڵسەنگاندنی سیاسی و دەروونزانی باش ل309

تێڕوانینە فەرمییەکان:

گفتوگۆی کەسی نوێکار(مۆدێرنێتە) بەرامبەر کەسی پۆست مۆدێرنێتە ل322

پراگماتیکی پێکهاتەیی:

بنەمایەکی مەعریفەناسی بۆ دەروونزانی سیاسی ل333

دروستکردن ل333

دروستکردنی دوانەیی ل338

پێشنیارەکان بۆ جێبەجێکردنی دەروونزانی سیاسی ل342

کۆتایی ل351

**بەشی حەوتەم:**


پۆست مۆدێرنێتە، ناسنامەی سیاسی و کاریگەرییە سیاسییەکانی تر لە دەروونزانی سیاسیدا ل355

دەروونزانی سیاسی و جەنگە کولتوورییەکان ل355

پێگەی دەروونزانی و دەروونزانی سیاسی ل358

رژێمی ستەمکاری راستڕەوو چەپڕەو ل362

رێبازو سیستەمە کۆنەکان لە بەرامبەر رێبازو سیستەمە نوێکان ل364

خراپ رەفتارکردنی دەنگدەر ل367

هەڵسەنگاندنی سەرکردە لە دوورەوە ل369

ئاگاداربوونی توانای مێشک و ئاڵۆزی ل371

کۆتایی ل373

**پێشەکی**

دەروونزانی سیاسی یەکێکە لەو بابەتە هەرە گرنگانەی کە ئەوانەی لەبواری سیاسیدا کاردەکەن، ناکرێ خۆیانی لێ دوورەپەرێز بگرن،تەنانەت بۆ هەموو هاوولاتییەک پێویستییەکی زۆر گرنگە. چونکە جگە لەوەی بە وردی دەچێتە نێو بنج و بنەوانی سەرهەڵدانی هەر گرفتێک یان دیاردەیەک،یان ڕووداوێک، هاوکات چارەسەرێکی زۆر گونجاویشت بۆ دەستنیشاندەکات. ئەم زانستە نوێیە لەناو هەموو زانستە مرۆیی و کۆمەلایەتییەکانی دیکە، شیکردنەوەی تایبەت بە خۆی هەیە، کە ئەمە لە هیچ زانستێکی دیکەدا نییە. بەلام گرفتی گەورە ئەوەیە ئەم زانستە لەسەر ئاستی ئەوروپاو ڕۆژئاواشدا زۆر نوێیەو بۆتە جێگای مشتومڕ لەپێناوی دەوڵەمەندکردن و تۆکمەکردنی ئەو زانستە، لەبەرئەوەیە تا ئێستا هیچ تیۆرێکی دیکەش نەهاتووە، ئەو زانستە بخاتە ژێر تیشکی ڕەخنەو لێکۆڵینەوە، تەنانەت هێشتا هیچ گریمانەیەکیش لەبەرامبەریدا دروست نەبووە.

گەورەترین کەلێنی سیاسی بۆ ئەوانەی سیاسەت دەکەن، ئەوەیە زانیارییەکی باشیان لە دەروونزانی سیاسیدا نییە، چونکە ئەم زانستە دەرمانی هەموو سەرهەڵدانێکی توندوتیژی سیاسی و ناکۆکی سیاسی و گەڕانەوە بۆ ناو کۆمەڵگاو تەنانەت دەرمانی ئەو قۆناخانەشی دیاریکردووە کە کاندیدێک لەبەرامبەر جەماوەردا دەوەستێت و داوایان لێدەکات دەنگی بدەنێ.

کورد نەتەوەیەکە تا ئێستا بەشێوەیەکی زۆر سەرەتاییش بەو زانستە ئاشنا نەبووەو لەناو تەواوی زانکۆکانی کوردستان بە زانکۆکانی عێراقیشەوە ئەو زانستە نەکراوەتە میتۆدێک بۆئەوەی نەوەیەکی نویَ و تەندروست بۆ ئاییندە بێنێتە بەرهەم.لەم روانگەوە بوو، ئیمساڵ 2015 بۆ یەکەمجار لە بەشی دەروونزانی کۆلیژی ئەدەبیاتی زانکۆی سەلاحەدین، زەروورەتی ئەو وانە گرنگەم خستە بەردەستی لیژنەی زانستی بەشی دەروونزانی و ئەوانیش بە رێزەوە پەسندیان کردو ئەم زانستەم بە گوێی خوێندکارانی قۆناخی چواری بەشی دەروونزانی ئاشنا کرد، قوتابیان ماندوو بوون، بەڵام هەموو کردەیەکی نویَ ماندووبوونێکی نوێی پێویستە.

لەمڕوانگەوە خوێنەری خۆشەویست ئەم کتێبەی وا لەبەردەستتدایە، یەکەمین کتێبە کە دەکەوێتە نێو کتێبخانەی کوردییەوە، واتا بەر لەو کتێبە کتێبخانەی کوردی یەک کتێبیشی لەوبارەیەوە تێدا نەبووە.

ئەم کتێبە بۆ ئەوانەی کاری سیاسەت دەکەن،ئەوەندە پێویستە وەکوو فەرز وایە ، بۆئەوانەی کاری سیاسەتیش ناکەن، دیسان هەر زۆر پێویستترە ، چونکە ئاشنابوون بەو زانستە نوێیە، وات لێدەکات بە گیانێکی رەخنەگرانەی بابەتیانەو زۆر سەردەمانە ئەو کەلێنانە بدۆزیتەوە کە لە پرۆسەی سیاسیدا بەڕێوە دەچن و هاوکات فیکرو میکانیزمی نوێش بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکان دەستنیشان بکەیت.

بەهۆی یەکجار کەمی سەرچاوەی عەرەبی، تەنانەت بە ئینگلیزیش سەرچاوەیەکی زۆر لەبەر دەست نین، بۆیە ئەم کتێبە بەشی زۆری خۆی لە وەرگێڕان دەبینێتەوە، چەند بەشێکیشی هەوڵمداوە، بە شێوەیەکی میتۆدی خۆم بینووسم،ئەمەش وەک هەنگاوی یەکەم گەیاندنی زانستەکەیە بۆ خوێنەران.

## کڵاوڕۆژنەیەک بۆ دەروونزانی سیاسی

بواری دەروونزانی سیاسی مێژوویێکی زۆردوورو درێژی نییە، بەڵام سنوورێکی بەرفراوانی هەیە. بواری دەروونزانی سیاسی هەمیشە ژمارەیەکی فراوان و هەمەجۆری تیۆرو ڕێبازو میتۆدەکانی توێژینەوەی چۆنیەتی و چەندایەتی لەخۆگرتووە. دەروونزانی سیاسی چ لە ڕابردوو چ لە ئێستاش هەر وایە.بۆیە چەندین گرفتی جۆراوجۆر لەم بوارە هاتوونەتە ئاراوە. سەرەڕای ئەوچەندین کێشەیەش،دەکرێت هەندێک لەهەڵچوون و داچوونەکان دەستنیشانبکرێن کە لەتوێژینەوە جیاوازەکانی دەروونزانی سیاسیەوە دەرکەوتوون.

مەبەستمان زیاتر ئەو سێ لایەنەیە. **یەکەم**، هەوڵدەدەین تێڕوانینێکی فراوان بۆ خوێنەر بەرجەستە بکەین سەبارەت بەو کێشانەی کە سەردەمی مۆدێرنەدا توێژینەوەی دەروونزانی سیاسی ڕووندەکەنەوە. **دووەم**، هەندێک لەو خواستە سەرەکیانەی پەرەسەندن دیاریدەکەین کە لە بواری دەروونزانی سیاسیدا بڕوامان پێی هەیە. **سێیەم**، کە لایەنێکی زۆر گرنگە، ئەویش ئەوەیە کە ئێمە سنووری توێژینەوەکانی نێو ئەم کتێبە دیاریدەکەین لە چوارچێوەی هەمەجۆریەتی و خواستە سەرەکیەکانی ئەو کێشە فراوانانەی کە لەدەروونزانی سیاسیدا هەیە.هاوکات هیوادارین ئەوە ڕوونبکەینەوە کە پەسندکردنی سنوورێکی تاڕادەیەک بەر تەسکی توێژینەوەو سوود وەرگرتن لە هەوڵ و توانای هەندێک لە باشترین لێکۆڵەرەوان و ڕووناکبیرانی بواری دەروونزانی سیاسی، بتوانین ئەنجامی بەرچاو و پڕ لە زانیاری شیاو

بەدەستبهێنین. پێشموایە نووسینەکانی نێو ئەم کتێبە، تا رادەیەکی باش ئەنجامەکانی شیاو دەبێت.

نوێترین هەوڵ لە بواری دەروونزانی سیاسیدا،هەوڵی ویلیام ماکگوێر (1993)،کە خۆیشی دەروونزانە، مێژووی دەروونزانی سیاسی بەسەر سێ سەردەم و قۆناخی جیاوازدا دەخاتەڕوو. قۆناخی یەکەم لە چلەکان تا کۆتایی پەنجاکان دەگرێتەوە،ویلیام ماکگوێر ئەو ڕووندەکاتەوە کە لەو ماوەیەدا توێژینەوەکان لەسەر کەسایەتی و کولتوور بوونە.قۆناخی دووەم،ماوەی شەستەکان تا کۆتایی حەفتاکان دەگرێتەوە، ماکگوێر وا ئەم سەردەمە دەناسێنێت کە توێژینەوەکان جەختیان لەسەر هەڵوێستە سیاسیەکان و هەڵسوکەوتی دەنگدان کردۆتەوە. هەر بە گوێرەی ماکگوێر قۆناخی سێیەم ماوەی هەشتاکان تاکۆتایی نەوەدەکان دەگرێتەوە، کەتیایدا توێژینەوەکان جەختیان لەسەر ئایدۆلۆژیای سیاسی و سیستەمەکانی بیروباروەڕ کردۆتەوە.

ئەگەرچی ئەمجۆرە هەڵسەنگاندنانە لەبنەڕەتدا کەسیین و، ڕەنگدانەوەی روانین و بیروبۆچونی خودی کەسەکەیە بۆبواری دەروونزانی سیاسی، هەروەها دەستنیشانکردنی پێگەی کەسەکەیە لەکارنامەکانی ئەو توێژینەوانەی کە لەدەروونزانی سیاسیدا هەیە، لەگەڵ ئەوانەشدا زانایانی دیکە سنووردانانەکەی ماکگوێر بە گوێرەی قۆناخەکان هەمواردەکەنەوەو هەندێک گوڕانکاری کەمیان تێداکردووە. هەندێک لە زانایان پێیانوایە پۆڵێنکردنەکەی ماکگوێر بەسەر سێ قۆناخەکەدا لەبەهای بەردەوامبوونی چەندان کێشەی دیاریکراو و ڕێبازی تیۆریانەی کەمکردۆتەوە.

واپێدەچێت دەروونزانی سیاسی لە ساڵانی چلەکانی سەدەی رابردووەوە لەرووی جەختکردنەوە لەسەر کەسێتی و سیاسی، کۆنترۆڵکرابێت تا ئەو

توێژینەوانەی کە لە کۆتاییەکانی ساڵانی شەستەکان ئەنجامدەدران. ئەو سۆنگە تیۆریەی کە لەلایەن زۆربەی دەروونزانانی سیاسیەوە پەیڕەوکراوە لە ماوەی نێوان ساڵانی چلەکان تا کۆتایی شەستەکان، بە شێوەیەکی ئاشکراو نائاشکرا بە دەروونزانی شیکاری دادەنرێت. بەدڵنیایەوە ئەمە شتێکی راستە تەنانەت بۆ توێژینەوە مۆدێرنەکانی ئەمرۆش، بۆ نموونە ئەو بۆچوونەی کەدەڵێت ئەو دەررونزانیە سیاسیەی کە لەلایەن زۆربەی توێژەرەوانەوە پەیڕەو کراوە بریتیە لە دەروونزانی شیکاری، ئەو بۆ چوونە لەم سەردەمەشدا بە بنەماو ڕەگوڕیشەی هەندێک کاری دەروونزانی سیاسی دادەنرێت، هەروەکو لە کاری (هارۆڵد لۆس وێڵد)دا وایە. ئەم بۆچوونە بۆ ئەو جێبەجێکردن و پەیڕەوکردنانەش راستە کە لە ناوەڕاستەکانی ساڵانی شەستەکان لەلایەن لێکۆڵەرەوان ڕۆبێرت لەین، جەیمس دەیڤد، باربێر و فرێد گرینستێینەوە ناسێندران. دواتر هەوڵدەدەین، زیاتر بە دیاریکراوی ئەو گەشەسەندنانە بخەینەڕوو.

قۆناخی دووەمی ماکگوێر پێش ئەوەی جەختکردنەوە لەسەر کەسێتی و سیاسی بگاتە لوتکەی دەرکەوتنی خۆی دەستیپێکرد. لەو ماوەیەدا چەندان دەروونزانی ئەکادیمی لەدەروونزانی شیکاری دوورکەوتنەوەو پەیڕەوی ڕێبازە هەڵسوکەوتگەراییەکەی (سکینێر)یان کرد، لەکاتێکدا توێژینەوە لە بواری دەروونزانی کۆمەڵایەتی بەشێوەیەکی چڕو پڕ دەستی بە جەختکردن لەسەر تیۆری هەڵوێست و گۆڕانکاری کرد. زۆربەی لێکۆڵەرەوانی رەوشتی سیاسی بە شێوەیەکی چڕو پڕ دەستیان کرد بە جەختکردنەوە لەسەر مۆدێلەکانی دەروونزانی کۆمەڵایەتی، دەنگدان لەماوەی نێوان ساڵانی 1950کان تا کۆتایی 1960 کان، هەروەها ئەو لێکۆڵەرەوانە ئەو مۆدێلانەیان لەسەر سیستەمەکانی هزری سیاسی

جێبەجێکرد و ئەم جێبەجێکردنەش بە زۆری لە ساڵانی شەستەکان بوو. واپێدەچوو زۆربەی هەرەزۆری ئەو لێکۆڵەرەوانە بەجۆرێک خۆیان ناساندبێت کە "پسپۆڕی ئاکاری سیاسی"بن،نەک "دەروونزانی سیاسی" بووبن، بەمجۆرە دوو تەوژمی لەیەکجیاوازی توێژینەوە لەو کاتەدا گەشەیسەند. ئەم دوو تەوژمەش جەختیان لەسەر لایەنەکانی کەسێتی و سیاسی و مۆدێلەکانی دەروونزانی کۆمەڵایەتی و سیستەمەکانی بیرو باوەڕ و هەڵسوکەوتی دەنگدان دەکردەوە، هەموو ئەو لایەنانەش بە شێوەیەکی ئاشکرا لە بواری دەروونزانی سیاسی بەیەکەوە بەسترابوونەوە. هیچ کام لەو لایەنانەش کۆنترۆڵی کارنامەکانی توێژینەوەی نەکردبوو لە بواری دەروونزانی سیاسی ساڵانی شەستەکانی سەدەی رابردوو.

جەختکردنەوەی پسپۆڕانی ئاکارگەرایی سیاسی لەسەر پێوانەکردن و ئەندازە بۆدانان جووت بوو لەگەڵ تێگەیشتنی ئەو لێکۆڵەرەوانە سەبارەت بە توندی یاسا. هەرچەندە ئەمە رێگای بۆ لێکۆڵەرەوان خۆشکرد تا رێکخستنی شیکاری دەروونزانی رەتبکەنەوە، کە پێشتر کۆنترۆڵی ئەو توێژینەوانەی کردبوو کە لەسەر کەسێتی و سیاسی دەکران (ماککلۆسکی 1967).ئەمەش تا ئەو رادەیەی کەپسپۆڕانی رەوشتگەرایی سیاسی لێکۆڵینەوەیان لەسەر رۆڵی کەسێتی لە سیاسەت دەکرد، ئەم کارەشیان لە رێگەی بەڕێوەبردنی کەسێتی دەکرد بەهۆی پشتبەستن بە تیۆرەکانی سیفەت و تایبەتمەندیەتی کەسێتی. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو لێکۆڵەرەوانە بەشێوەیەکی بەهێز جەختیان دەکردەوە لەسەر هەڵوێست و دەنگدان، زۆربەشیان پشتیان کردبووە ئەو جۆرە لێکۆڵینەوەی کە کەسێتی و سیاسەت بەیەکەوە باسبکرێ و لێیبرواندرێت. ئەم پشتکردنەش بەشێکی لەبەر ئەوەبوو زۆربەی پێوەرەکانی کەسێتی پێشبینی هەڵسوکەوتی

دەنگدانیان نەدەکرد، بەشێکیشی لەبەرئەوەبوو زۆربەی هەرەزۆری ئەو لێکۆڵەرەوانە بەشێوەیەکی سەرەکی لەبەشەکانی زانستی هەڵسوکەوتی سیاسی کاریان دەکرد و وا پێنەدەچوو خۆیان وەکو دەروونزانی سیاسی بناسێنن.

لەماوەی ئەم کاتەدا، تەنانەت ئەو لێکۆڵەرەوانەش کە بەشێوەیەکی سەرەکی لەبەشەکانی زانستیی رەفتاری سیاسیی کاریاندەکردو خۆیان وەک دەروونزانی سیاسی دەناساند، نەببوونە سەرچاوەی دەروونزانی سیاسی، بەڵکو دەستپێکی ئەم بوارە لە دەروونزانی کۆمەڵایەتیەوە هات، وەکو لە کارەکانی ئێرڤینگ جەینس، رۆبێرت ئەبێڵسن و دەیڤد سیرس، هەروەها بواری دەروونزانی سیاسی لەو دەروونزانانەوە نەهاتووە کە لەسەر کەسێتی و جیاوازی تاکایەتی کاریانکردووە. بەمشێوەیە لەگەڵ کۆتایی ساڵانی شەستەکان و ناوەڕاستی ساڵانی حەفتاکان بەشێوەیەکی بەرفراوان ئەو بەشتێکی ڕاست دادەنرا کە گوڕ و تەوژمەکە لە نێو دەروونزانانی سیاسی لەجەختکردنەوە لەسەر لێکۆڵینەوەی کەسێتیەوە گۆڕابوو بۆسەر جەختکردنەوە لەسەر لێکۆڵینەوەی سیستەمەکانی بیرو باوەڕو هەڵوێست و رەفتاری دەنگدان.بەدڵنیایەوە،دەروونزانە سیاسیەکانی وەکو جێنی کنوستن (1972) و وۆڵترە ئەندرسۆن (1973) و دەروونزانە سیاسیەکانی تریش بەردەوامبوون لەسەر جەختکردنەوە لەسەر قۆناغەکانی گەشەسەندنی کەسێتی. هەرچەندە پەیوەستبوونی ئەو لێکۆڵەرەوانە ئەوەبوو کە جەختکردنەوەیان لەسەر گەشەسەندنی لایەنی دەروونزانی سێکسی گۆڕابوو بۆ جەختکردنەوە لەسەر کارەکانی پیاژێ و کۆڵبێرگ کە تایبەت بوون بە قۆناخەکانی گەشەسەندنی ئاکار، هەروەها گۆڕابوون بۆ جەختکردنەوە لەسەر کارەکانی وەکو ماسلۆ کە دەربارەی گەشەسەندنی مرۆڤ و

پێداویستیەکانی سیستەمی پلەبەندی ئەو گەشەکردنەبوو. بەمجۆرە کۆتایی شەستەکان و نیوەی یەکەمی ساڵانی حەفتاکان بەبوونی سیفەتێکی دووانەیی دەناسرانەوە، لەگەڵ گۆڕانی دوور و درێژی گورو تەوژم بەرەو بواری پسپۆڕیەتی سیاسی، کە لەوانەیە جەختکردنەوەکەی زیاتر لەگەڵ زانستی سیاسی یەکبگرێت، نەک لەگەڵ بواری دەروونزانی سیاسی.

لەکۆتاییدا، قۆناخی سێیەمی سەردەمی مۆدێرن دەستی بە گەشەسەندن کرد لە ساڵانی حەفتاکان و لەگەڵ گەیشتن بەساڵانی هەشتاکان و سەرەتای ساڵانی نەوەدەکان گەشەکردنی ئەو قۆناخە تەواو بوو. ئەم قۆناخەش بەوە دەناسرێتەوە کە جەختکردنەوەی لەسەر توانای مێشکی مرۆڤ و کارپێکردنی زانیاریەو ئەمەش لە بڵاوکراوەکانی ئەم بەرگە خراوەتە روو. لەبەر سەرکەوتنی هەردوو بواری توێژینەوەی زانستی گەشەسەندنی توانای مێشک و پەرەسەندن بەیەکەوە، دەروونزانی کۆمەڵایەتی لە جەختکردنەوە لەسەر تیۆری هەڵوێست گۆڕا بۆ سەر جەختکردنەوە لەسەر گەشەسەندنی توانای مێشک لە ئاستی کۆمەڵگا. دەروونزانانی کۆمەڵایەتیش بەشێوەیەکی زۆر ورد دەستیانکرد بە لێکۆڵینەوە لەسەر ئەوەی کە چۆن لە ژینگە کۆمەڵایەتیەکانیان خەڵک شت وەردەگرێ و هەڵیدەگرێ و بەکاریدەهێنێ و بیریدەکەوێتەوە. دواتر دەروونزانانی سیاسی دەستیانکرد بە خستنە رووی سەرەنجەکانیان کرد، لەسەرئەوەی چۆن خەڵک بەشێوەی لێکچوو لە جیهانە سیاسیەکەیاندا هەڵسوکەوت لەگەڵ زانیاریەکان دەکەن. لەکۆتاییدا ئەمەش رێگای بۆ گۆڕانکاری خۆشکرد لە دەروونزانی سیاسیدا، ئەم گۆڕانەش بەشێکی بریتی بوو لەجێگرتنەوەی چەمکی "تیۆری خستنەڕوو" بە چەمکی "تیۆری هەڵوێست"، ئەگەر چی مشتومڕەکان لەسەر ئەم جێگرتنەوەیە بەردەوامە

(کۆنۆڤەر و فێڵدمان 1991، کوکلینسکی و لوسکین و بۆلاند 1991، لۆج و ماکگراو 1991 و میلەر 1991).

ئەو سەردەمەی کاتێک جەختکردنەوە لەسەر بەکارهێنانی زانیاری کۆنترۆڵی کارنامەی توێژینەوەکانی کردبوو لەماوەی ساڵانی هەشتاکان بە هێواشی گەشەسەندنی بەخۆیەوە بینی. ئەمەش بە شێکی لەبەرئەوە بوو زۆربەی ئەو زانایانەی لەبواری سیاسیدان توێژینەوەیان لەسەر ئاکاری سیاسی دەکرد، بەردەوامبوون لەسەر توێژینەوە لە چوارچێوەی زانستی سیاسی،نەک لە چوارچێوەی دووباری توێژینەوەی بەیەکەوە کە دەروونزانی سیاسیە.

ئەو قۆناخەی کە تیایدا زانستی سیاسی دەستیکرد بە سەرنج خستنە سەر گەشەسەندنی سیاسی و گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی، ئەو قۆناغە لە لایەن دوو هۆکارەوە خێراتر کرا. هۆکاری یەکەم بەرداومبوونی گفتوگۆی بوو دەربارەی سنوورە ئایدۆلۆژیەکان و سیستەمەکانی بیرو باوەڕبوو. ئەمەش سەرنجدانی لەسەر ئەو کارە گەورەتر کرد کە لە گەشەسەندنی سیاسیدا هەیە،ئەو سەرنجەش جەخت لەسەر ئەوەدەکاتەوە کە خەڵک چۆن زانیاری وەردەگرن و زانیاری سیاسی هەڵدەگرن و چۆن بڕیار دەدەن، جەخت لەسەر ئەوە ناکاتەوە کە خەڵک چۆن زانیاری دەناسنەوە و چۆن ئەو زانیاریانە هەڵناگرن و چۆن بڕیار نادەن. هۆکاری دووەم،تا رادەیەک هاوکات زانستی سیاسی بەشێوەیەکی بەرچاو بە مۆدێلە ئابووریەکانی سیاسەتەوە لکێندرا. لەماوەی کۆتایی ساڵانی هەشتاکان بەشێوەیەکی زۆر باو ئەوە ئاشکرابوو کە دژایەتی و پێچەوانەبوونی بنەڕەتی لە نێوان کاری پەرەسەندن لە سیاسەت لەگەڵ مودێلە ژیرو هۆشیاریەکانی سیاسەتدا هەیە. حەزی زۆری زانایانی سیاسی لە ناو

پەرەسەندنی زانستدا، زیاتر ڕێگای بۆ زانایانی سیاسی خۆشکرد تا سەرنجی ئەو گەشەسەندنە بدەن کە لە دەروونزانی سیاسیدا روودەدەن. لەگەڵ هاتنی سەرەتای سالآنی نەوەدەکان ئەو سەرنجدانە بووە شتێکی ئاشکرا کە دەروونزانانی سیاسی یەکێک لە رەخنە سەرەکیەکانی تیۆری هۆشیاریان نیشاندا و هەروەها جێگرەوەکانیشیان بۆ ئەو تیۆرە خستەڕوو. ئەمەش لە کارەکانی لێکۆڵەرەوان کواترۆن و تڤێرسکی (1988)، سایمۆن (1985)، ڕۆسنبێرگ (1995)، مانۆر و ماهەر (1995)، ماکدیمۆرت (1998)، گرین و شاپیرۆ (1994) دەبینرێت. هەروەها لێکۆڵەرەوانی دیکە چەند لایەنێکی لاوازی کرداری و بنەڕەتیان لە زۆربەی مۆدێلە سیاسیەکانی هۆشیاری دەستنیشانکردووە. سەرەڕای ئەوەش، کارە وریاو وردەکانی (ستۆنی بڕووک) و ئەوانیدیکە لەسەر گەشەسەندنی سیاسەت ئەوەیان دەرخستووە کە خەڵک چۆن زانیاری سیاسی کارپێدەکەن و بڕیاری سیاسی دەدەن، لە کاتێکدا دەیڤد سیرس (1993) و هاوپیشەکانی و (سیرس و هێنسلەر و سپیر 1979، سیرس و لاو تایلەر و ئالێن 1980)، جۆرج مارکەس (1988)، ڕۆجەر ماستەرس و دێنیس سولیڤان (1993) تێگەیشتنەکانمان فراوانتر دەکەن دەربارەی بڕیاردانی سیاسی، بۆ ئەوەی کاریگەر و کاردانەوە رەمزیەکانیش بگرێتەخۆ، کە نە کاریگەرو نە کاردانەوە رەمزیەکانیش بە شێوەیەکی ڕێکوپێک لەلایەن مۆدێلەکانی هۆشیارییەوە باسنەکراون.

ئەگەرچی دانانی رۆڵی کاریگەری لە مۆدێلە سیاسیەکانی بڕیاردان شتێکی زۆر هێواش بوو، گەشەسەندنی سیاسی لەم سالآنەی دواییدا بەشێوەیەکی زۆر باسی گرنگی ئەو کاریگەریە دەکات لە سیاسەتدا. مارکەس و ماککوین (1993) دەڵێن هەڵسەنگاندن و بڕیاردانە کاریگەریەکانی

هاوڵاتیان خێرایی و چالاکی زانیاریەکان باشتر دەکات. جیاوازی لەنێوان هەست و سۆزی ئەرێنی و نەرێنی دەکرێت. ئەوەش نیشاندراوە کە نیگەرانی فێربوونی سیاسی هاندەدات، لەکاتێکدا پەرۆشی هەڵمەتی بەشداریکردن لە فێربوونی سیاسی هاندەدات. بەهەمانشێوە،نادیو و نیێمی و ئەماتۆ(1995) ئەوەیان دۆزیەوە کە کارلێکردنی نیگەرانی لەگەڵ پێشبینیکردنی سەرکەوتن گرنگیەکی زۆری هەیەو ئەو گرنگیەش فێربوونی سیاسی بەرزدەکاتەوە. کاریگەری لەوکارانەش باسکراوە کەدەربارەی لێبوردەی سیاسین (مارکەس و سولیڤان و سیسمۆرس و وود 1995). بەتایبەتی هەستی تاکەکان کاتێک جووتدەبێت لەگەڵ هەستی پێزانینی ترس، رێگا بۆ نا لێبوردەیەکی گەورە خۆشدەکات. دەروونزانانی سیاسی ئەوەیان نیشانداوە کە گرنگیەکی زۆر بە جیاوازی نێوان گەشەسەندنی توانای مێشک و رەهەندە کاریگەرەکانی بیری سیاسی دەدات. ئەم جیاوازیکردنەش لە شیکاریەکانی ئەم دوایانەدا رەخنەیەکی زۆری لێگیراوە لە بە هزرکردنی سیاسیدا(جەست کریگلەر و نیومان 1996)، هەڵسەنگاندنەکانی کاندید (لاڤین و سۆمسن و زانا و بۆرجیدا 1998)، وەهەروەها سیاسەتی بیرو ڕا کۆمەڵایەتیەکان(نێڵسن 1999).لەگەڵ ئەوەشدا جەخت لەسەر کاریگەر و توانای مێشک کرایەوە و دەروونزانی سیاسی هاوبەشی تێگەیشتنێکی دەوڵەمەندتری بڕیاری سیاسی دەکات.

لەبری ئەوەی جەخت لەسەر گرنگی ڕێبازێکیان لەسەر رێبازەکەی تر بکاتەوە، توێژینەوە لەسەر ئەوە دەکرێت کە رێگایەک بدۆزرێتەوە کە تیایدا ئەو مۆدێلانەی لەسەر بنەمای دەروونزانین و ئەو مۆدێلانەی لەسەر بنەمای دەرفەتی هۆشیارین لە بڕیارداندا بکرێن بەیەک و ئاشتبکرێنەوە. ئێمە خۆزگەی ئەوە دەخوازین کە تیشک بخەینە سەر سێ لێکۆڵینەوەی

لەم چەشنە. جۆنس (1994) لە ڕێگەی گەشەسەندنەکەی لەبارەی چەمکی گۆڕانی زنجیرەیی، مۆدێلێک ڕێکبخات لەگەڵ هەردوو ڕێبازەکەدا بگونجێت. بەهۆی گریمانەدانان بۆ بەباش زانینە جێگیرەکان، جۆنس ڕێگە بە تاکەکان دەدات کە بە شێوەیەکی هۆشیار و ژیرانە لە چوارچێوەی تاکە بوارێک ڕەفتار بکەن. لەبەرئەوەی سەرەنجی بە باش زانینەکان دەگۆڕێت بە گوێرەی بارودۆخی بڕیارەکە، جۆنس دەڵێت لەوانەیە تاکەکان نا جێگیریەک و پەشێویەک لە وەڵامەکانیاندا هەبێت، ئەمەش شتێکە بە شێوەیەکی باو لە توێژینەوەکانی سنووردانان دەبینرێت. لە شیکاریەکەیدا بە ناوی ڕۆنانی کارتێکردن، بیانکۆ (1998) دەڵێت دەرفەتی هۆشیاری و دەروونزانی سیاسی لەبنەڕەتدا لەگەڵیەک دەگونجێن. ئەمەش بەهۆی ڕێکخستنی چەند مۆدێلێک کە تیایاندا تاکەکان یان وەکو ئەکتەرە ژیرەکان ڕەفتار دەکەن، یان وەکو پسپۆری پلانسازی هاندراو ڕەفتار دەکەن، لە ڕاستیدا (بیانکۆ) ئەوەی دۆزیەوە کە هەر دوو ڕێبازەکە پێشبینی لێکچوو دەربارەی ڕۆنانی کارتێکردن بەدەستەوە دەدەن. هەردوو ڕێبازەکەش، هەروەکو لە ناونیشانی بابەتە ڕۆژنامەوانیەکەی بیانکۆ دەردەکەوێت، ئەوە بەرهەم دێنن کە "ڕێبازو ڕێچکە جیاوازەکان بۆ هەمان ئەنجام"ە. دوا نموونەش، کارەکەی چۆنگە لە (2000). چۆنگ ڕێکخستنی دەروونزانی تاکەکان تێکەڵ بە ژمارکردنە هۆشیاریەکان دەکات، بۆ ئەوەی تاکە مۆدێلێک دیزاین بکات بەمەبەستی ئاگادارکردنەوەی ئێمەو تێگەیشتنەکانمان دەربارەی بەهاو بنچینە سیاسیەکان.

بەکورتی، ئەوەمان ڕوونکردەوە کە گەشەسەندنی نوێی بواری دەوورنزانی سیاسی، وەکو یەک تاکە بوار جەختکردنەوەی بەشێوەیەکی پلەبەندی گۆڕاوە لە کەسێتی و سیاسیەوە بۆ جەختکردنەوە لەسەر

بیروباوەڕە سیاسیەکان و هەڵوێستە سیاسیەکان، لەگەڵ جەختکردنەوە لەسەر گەشەسەندنی سیاسی و کارپێکردنی زانیاری سیاسی. بەڵگە هەیە لەسەر گەشەسەندنی جەختکردنەوە لەسەر رۆڵی هۆکارە کاریگەرەکان لە سیاسەتدا.

هەرچەندە ئەوە شتێکی ئاشکرایە کە ئەگەرچی گەشەسەندنە گشتیەکان لەوانەیە درکی پێبکرێت، لەگەڵ ئەوەشدا هیچ گەشەسەندێکی نوێ بە تەواوی شوێنی ئەو گەشەسەندنە گشتیانەی نەگرتۆتەوە. بەم شێویە کارکردن لەسەر کەسێتی و سیاسەت بەردەوامە و گەشەدەکات و جەختکردنەوە تیۆریەکەی خۆی دەگۆڕێت (بۆ نموونە ئالتێمیەر 1996، دۆتی و وینەر و پیترەسن و کێمێلمیتەر 1997، فێلدمان و ستێنەر 1997).توێژینەوە لەسەر هەڵوێستە سیاسیەکان و بیرو باوەڕە سیاسیەکان لەبیروبۆچوونە نوێیەکان هەڵنەقولاون و تەنانەت ئەمرۆش لەو بیروبۆچوونە نوێیانە هەڵناقولێن کە لە ئەنجامی توێژینەوە لەسەر پرۆسەی کارپێکردنی زانیاری مرۆڤەوە بەرهەمدەهێندرێت. هەروەها چەندان پسپۆری ئاکارگەرایی سیاسی ئەو شتەیان پێنەگەیەندراوەو باوەڕیان پێنەهێندراوە سەبارەت بە هەڵقولانی هەڵوێستە سیاسیەکان و بیروباوەڕە سیاسیەکان لە بیرو بۆچوونەکانی ئەمرۆ کە ئەو بیرو بۆچوونانە ئەمڕۆش لەئەنجامی توێژینەوە لەسەر کارپێکردنی زانیاری لەلایەن مرۆڤەوە دروستبووە.

هەڵدەستین بە وەسفکردنی کارە هەنووکەییە هەمەجۆرەکان لە دەروونزانی سیاسیدا و بەمشێوەیە شوێنی ئەم کارەمان کە پەیوەستە بە دەروونزانی سیاسی لەکتێبی ئەمجارەمان دەستنیشانکردووە. گفتوگۆشمان لەسەر مێژووی دەروونزانی سیاسی لە چوارچێوەیەکی فراوانتر خستنەڕووی

ڕێبازە تیۆریەکاندا کردووە ،ئەوەش نموونە کۆنەکان و هاوچەرخەکان دەگرێتەخۆ.

**ئەو ڕێبازانەی کە لەسەر شیکاری دەروونزانی بنەمایان دامەزراندووە**

ڕێبازەکانی شیکردنەوەی دەروونزانی قەرزاری رووناکبیر(هارۆڵد لاس وێڵ) ە (1984).رووناکبیر هارۆڵد لاس وێڵ دەڵێت ئەو تیۆرەی فرۆید، کە لەسەر سیاسەتدا جێبەجێدەبێت،واتای ئەوە دەگەیێنێت نابێت لێکۆڵەرەوان هۆکارە باسکراوەکان بۆ کردەوەی سیاسیی وەربگرن، نەک لەبەرئەوەی کارنامەی سیاسی شاراوە هەیە،بەڵکو لەبەر ئەوەی هاندانە سیاسیەکان، وەک سەرجەم هاندانەکانی تر، لە بنەچەوە هاندانی مرۆڤین. چونکە هاندانێکی لەم چەشنە بۆ کردەوە سیاسیەکان لێڵن نەک تەنیا هەر بۆ چاودێران، بەڵکو بۆ ئەنجامدەرانی کردەوە سیاسیەکانیش لێڵن. لە دیدی رووناکبیر هارۆڵد لاس وێڵ، کردەوەی سیاسی ئامانجی خود-قایلکردن ئەنجامدەر قایلکردن و گەورەکردنە، بەڵام لە رۆحی گشتیدا،دەمامک دراوەو وشیارکراوە، بە شێوەیەک دەمامکدراوە وەک ئەوە وایە کە بۆ رای گشتی و خەڵک بێت، نەک تەنیا بۆخودی ئەنجامدەری کردەوەی سیاسی.

کەسانی تر بە دوو شێوە بیرو بۆچوونەکانیان لە سەر بنەما تیۆریەکەی هارۆڵد لاس وێڵ ەوە بنیاتناوە: یەکەم شێوە، هەندێک لە لێکۆڵەرەوانی تیۆری شیکاری دەروونزانی شیکاری لەسەر هەندێک سەرکردەی هەڵبژێردراو دەکەن لەسەر بنەمای ئەو گریمانەیەی کە ئەو رۆڵەی لەلایەن ئەو سەرکردانەوە دەگێڕدرێت، لە ڕووی سیاسیەوە زۆر بە هێزە. هەروەها کاروکردەوەو دەرئەنجامەکانی کردەوەکانی خودی ئەو

سەرکردانە یارمەتی تێگەیشتنمان دەدات لەوەی کە چۆن سەرکردە تاکەکان لە رووی دەروونزانییەوە کاردەکەن.

توێژینەوەکانی ئەم دواییانە لە دەروونزانی یادەوەری و پەیوەندی نێوان یادەوەری زانیاری و هەڵسەنگاندن و بڕیاردانی کۆمەڵایەتی بە شێوەیەکی چڕو پڕ بە توانای مێشکەوە لکێندراوە، بەڵام لەبنەڕەتدا یادەوەری بە نەگۆڕی ماوەتەوەو خەڵک زۆربەی کات بێ ئاگان لە هۆکارەکانی بە باش زانینەکانیان. ریپۆرتاژەکانی خودی تاکەکان بۆ هۆیەکان لەبری ئەوە جەخت دەکەنە سەر ئەو روونکردنەوانەی کە گرنگ و سەرەکی و گونجاون. کێشەکە ئەوەیە ئەوەی واپێدەچێت کە هۆیەکی گونجاوبێت و ئەوەی کە لە راستیدا دەستنیشانی کاردانەوەکانی خەڵک دەکات، هەمیشە هەمان شت نین (ویلسن و سکولەر 1991). واپێدەچێت خەڵک بەشێوەیەکی زۆر باشتر بە ئەنجامدەری هۆشیاریی دانرابن زیاتر لە ئاستی خۆیان، ئەمەش خاڵێکە زیاتر لە سەدەیەک بەر لە ئێستا خرایە ڕوو لەلایەن گراهام والاس (1908، هەروەها بڕوانە پلۆس 1993).سەرەڕای ئەوەش،بەرەوپێشچوونە تازەکان لە تەکنیکەکانی پێوانەکردنی یادەوەری دەروونزانی توانای مێشکی نزیکتر کردۆتەوە لە جیهانەکەی فرۆید، نەک ئەوەی دەروونزانانی سیاسی بۆیاندەرکەوتووە (بڕوانە ڤۆن هیپڵ، جۆندیس، هیڵتن و نارەیان 1993).

نەک زۆربەی حەزە دەروونزانیەکان بە هەمان شێوە جێبەجێ ناکرێن لە بارودۆخە سیاسیە جیاوازەکان، هەروەها سروشتی کاتەکان نەک هەر تەنیا سنوور بۆ حەزە دەروونزانیەکان بۆ خودی ئەنجامدەری کارەکان دادەنێت، بەڵکو سنوور بۆ ئەوەش دادەنێت کە چۆن ئەو حەزانە کاردەکەن و کاریگەریی سیاسیان دەبێت.

لەهەر بارێکدا، ژیاننامەی دەروونزانەکانی وەک لانگەر (1972) ڕاپۆرتی نهێنی لەسەر ئەدۆڵف هیتلەر، بۆ خزمەتگوزاری نهێنی لە ماوەی جەنگی دووەمی جیهانی ئەنجامدرا، شتێک بوو کە بە تەواوی شیکاری دەروونزانی بوو و تا رادەیەک بە تەواویش کەمکەرەوەی بوو. ئەو کارانەش زۆر سەرنج راکێشن بۆ خوێندنەوەو تێگەیشتنێکی زۆر بەرچاو بەرجەستە دەکەن لەسەر کەسایەتی سەرکردە، بەڵام ئەو کارانە بڕێکی کەم لە ئاڵۆزی سیاسی دەخەنەڕوو.

شیکاری ئەڵێکزاندەر و جولیێت جۆرج (1964،1998) لەسەر وۆدرۆ ویڵسن، نموونەیەکە لە ژیاننامەی دەروونزانان کە لەسەر بنەمای شیکاری دەروونزانی بناخەی بەستووە، بەڵام بەتەواوی کارێکی شیکاری دەروونزانی نیە. تێگەیشتنی دەروونزانی و سیاسی بەیەکەوە هەڵدەکەن و بەیەکەوە دەردەکەون. سیفەتە بەرگری و میکانیزم و کاردانەوە و ڕۆنانەکانی ویڵسن لە چوارچێوە و سنووری دەقە سیاسیە ئاشکراکان وەسف دەکرێن و ئەوە ڕووندەکەنەوە کە بۆچی ڕوون و ئاشکران، لەژێر هەندێک هەلومەرجی سیاسی ئەوە دەردەخەن کە بۆچی وا روون و ئاشکران، بەڵام لە بارودۆخەکانی تر وانین. جۆرج بە شێوەیەکی ئاشکرا ژیاننامەی دەروونزانێکی رەوا دەناسێنێت بۆ روونکردنەوەی ئەو کردەوە سیاسیانەی کە ئێمە زەحمەتیمان هەیە لە تێگەیشتنیان و ڕووبەڕووی زەحمەتی دەبینەوە لە تێگەیشتنیان ئەگەر بەتەنیا پشت بە تیۆرو ڕوونکردنەوە سیاسیە تەقلیدیەکان ببەستین.پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە بۆچی تۆژەران دەڵێن ویڵسن شکستی هێنا لە بەدەستهێنانی پەیمانی ئەنجوومەنی پیران لە ڕێکەوتننامەی نەتەوەکان، کەچی دەبوایە ویڵسن بەهۆی بەکارهێنانی هەمان ستاندەری سیاسیە تقلیدیەکان سەرکەوتن بەدەستبهێنێت.

بەشێوەیەکی زیاتر دیاریکراو بڵێین کە بۆچی ویلسن شکستی هێنا لە کاتێکدا زۆربەی ئەو شتانەی هەبوو کە دەیوست هەی بێت؟ ڕێبازە رەقەکەی ویلسن و خۆ بەڕاست زانینەکەی وایکرد جۆرج بباتە لوتکەو وا بکات کە شتێک روون و ئاشکرا نیەو لێرەدا لەوانەیە دەروونزانی بەشداربووبێت.

لە کۆتاییدا پشت بەستن بە دەروونزانی گونجان، کە سەرچاوەیەکە بۆ ئەوەی شیکاری دەروونزانی رەگی تێدا بکوتێت، لەگەڵ ئەوەشدا زیاتر بناخەی لە زمانێک داکوتاوە کە گوتاری ڕۆژانەیە. جەیمس دەڤد باربەر (1992) دەروونزانی ژیاننامەیی بەشێوەیەکی سەرکەوتوو لە جیهانی تایپۆلۆژی وەردەگرێت. لەوانەیە زیاتر لە جۆرج بابەر پشت بە سروشتی کاتەکان ببەستێت و پشت بەچوارچێوەی ئەزموونە سیاسیەکانی سەرکردە دەبەستێت، لە کێشانی وێنەی کارلێکردنی نێوان حەزە دەروونزانیەکان، لەلایەکی تریش وێنەی نێوان داخوازیە دامەزراوەیی و سیاسی و مێژوویەکانی پێدەکێشێت.

ئەو تیۆرانەی کە لەسەر شیکاری دەروونزانی بنیاتنراون، لەسەر ئەو شیکارییانە جێبەجێدەکرێن کەباسی هاووڵاتی ئاسایی و سەرکردە سیاسیەکان دەکەن، هەروەکو لەو توێژینەوە پزیشکیانەی کە لەلایەن ڕۆبەرت لەین (1962-1969) جێبەجێکراون. لەین توێژینەوەی لەسەر پەیوەندی نێوان بە ئاگایەتی و بیرکردنەوەی سیاسی کرد، هەروەها توێژینەوەی لەسەر ئەوەش کرد کە چۆن پێویستیەکانی خەڵکی ئاسایی وەردەگێڕدرێنە سەر زمانی ئایدۆلۆژیای سیاسی. لەین دەڵێت ئایدۆلۆژیا سیاسیەکان و هەڵوێستە سیاسیەکان تەنیا حەز و بەرژەوەندییە ئابووریەکانی کەسێک دەرنابڕن یان هەستی چاکی مەدەنیانەی کەسێک

نیشان نادات، بەڵكو زیاتر ئەو دەردەخات كە ئەو هەڵوێست و ئایدۆلۆژیایانە چۆن رۆدەنرێن لەلایەن كارلێكردنێكی ئاڵۆز لە نێوان كەسێتیمان، كە لەخێزانەوە ڕێكدەخرێت، لەگەڵ بارودۆخەكانی ژیان (كەلایەنەكانی ئابووری و دەروونزانی دەگرێتەوە)و ئێمە رووبەڕووی دەبینەوە لە ماوەی هەرزەكاریدا. زۆربەی ئەوەی ئەو بارودۆخانە بنیات دەنێت بریتیە لە سیاسەت و بە پەیوەندیەك دەبەسترێتەوە كە پەیوەندی نێوان ئابوورییە لەگەڵ سەركەوتن و شكستی سیاسی.

لەكۆتاییدا،تیۆرەكانی شیكاری دەروونزانی وئەوانەی لێیانەوە وەرگیراون، لەو توێژینەوانەی كە باسی جەنگ و ئاشتی دەكەن لەسەر سیاسەت جێبەجێكراون.زۆربەی ئەم كارەش شتێكی تازەیەو گۆڕەپانی توێژینەوەیەك نیشاندەدات كەتیایدا جەختكردنەوە تیۆریەكەی قۆناخی یەكەم لەگەڵ رێبازە نوێیەكانی دیكە،قۆناخی دووەم و سێیەم دەردەكەوێت. لێرەدا مەبەستمان ئەو سێ قۆناخەیە كە لە پێشووتر باسمان كرد و لەلایەن لێكۆڵەر ماكگوێر (1993) پۆلێنكردنەكەی بۆ كراوە. بۆ نموونە، (ڤامیك ڤۆڵكان و سام كین و ئێرڤین ستۆب) تێبینی ئەوەیانكردووە تا رادەیەك ویست و ئارەزوویێكی جیهانی هەیە بۆ بوون یان دروستكردنی دوژمنی سیاسی. ڤۆڵكان (1988) لێكدانەوەیەكی شیكاری دەروونزانی ئاشكرا بەرجەستە دەكات كە بەهۆیەوە ئەوە دەردەكەوێت ئەو ویستە بۆ بوون یان دروستكردنی دوژمنی سیاسی لەوانەیە رەنگدانەوەی پێویستیەكی جیهانی بێت. ڤۆڵكان لەسەر ئەوەش دەدوێت كە لە دەوروبەری تەمەنی سێ ساڵی منداڵ لە ژێر كاریگەری خێزان دەستدەكات بە هەڵبژاردنی ئامانجەكان و حەزەكانی خۆی دەردەخات و هەستی خۆی بەرانبەر باشی و خراپی شتەكانی ژینگەكە و دەروبەرەكەی نیشاندەدات. ئامانجە دیاریكراوەكان

هەڵبژێردراون بۆ ئەوەی خزمەت بە باش و خراپی شتەکان بکەن و ئەو باش و خراپیەش زۆر جار لەلایەن نەژادپەرستی و نەتەوە پەرستی دەستنیشاندەکرێن. دواتر ناسینەوەو درکپێکدرنەکانی منداڵەکە لەگەڵ چاودێری دایک و باوکی و سەرکردەو مامۆستایەکانی رێگا بۆ ناسینەوە و درکپێکردنێکی تەواوتر خۆشدەکات و وای لێدەکەن ئایین و نەژاد و نەتەوەکەی بەتەواوی بناسێتەوە. ئەم هاندانە بێ ئاگاییە بۆ ئەوەی وەکو ئەوانی تری لێبێت، هاوبەشیدەکات لە بەکریستاڵبوونی چەمکەکانی "هاوپەیمانی" و "دوژمن". لەوەش زیاتر ڤۆلکان دەڵێت ئەگەر منداڵێک چەند ناسینەوەکی یان دیاریکردنێکی هەمەجۆری هەبێت، ئەوا لەوانەیە ئەو منداڵە کەمتر هەستی بە کریستاڵبوونی چەمکەکانی "هاوپەیمانی" و "دوژمنی"بکات. ئەگەر هیچ ئامانجێکی گونجاوی دەرخستنی حەزو ئارەزووەکان نەبێت، جا چ بە شێوەیەکی ئەرێنی یان نەرێنی بێت، ئەوا ئەو منداڵە لە توانای پاراستن و رێکخستنی هەستەکانی خۆی ناتەواوی هەیە. هەربۆیە پێویستیبوونی هاوپەیمان و دوژمن بەشێوەیەکی زۆر سروشتی و ئاسایی لە گەشەسەندنە ئاساییەکانی ناسینەوەوە پەرەدەسێنێت. دواتر ڤۆلکان تیۆرەکەی خۆی لەسەر نەژادپەرستی و ململانێی سیاسی و نەتەوەیی جێبەجێکرد، هەروەها لەسەر کێشەیەکی سیاسی کاتی لەم ساڵانەی دوایی سەدەی بیستەم جێبەجێکرد.

کین(1986) رێبازێکی شیکاری دەروونزانی وەردەگرێت و پەیڕەو دەکات. بە پشتبەستن بە دەروونزانی (کارڵ گۆستاڤ یۆنگ)ی سویسری، ئەوە نیشاندەدات کە چۆن دەتوانرێت پرۆسە دەروونزانیە تاکەکان کۆ بکرێنەوە بۆروونکردنەوەو تایبەتمەندیەکانی تەواوی کۆمەڵگاکان دیارییبکەین. ستۆب (1989) ئەوە دەستنیشاندەکات کە چۆن رێکخستنە

دەروونزانیەکان کۆمەڵگایەکان ئامادەدەکات بەرەو جینۆسایدی سیاسی. ستۆب ئەو ویست و ئارەزووە دەروونزانیانە دیاریدەکات کە لە چوارچێوەی سنوورێکی سیاسی و ئابووری و مێژوویی فراوانتر، کە کارلێکدەکات بۆ بەرزکردنەوەو زیاترکردنی ئەو دڕندەیی و دڵڕەقیەی کە هەیە. ستۆب دەڵێت بارودۆخە زەحمەتەکانی ژیان، بە تایبەتی بارودۆخە ئابووری و گۆڕانە سیاسیەکان ئامانجە بنەڕەتیەکان دادەمرکێنێت و پێویستە رۆڵێکی هاندەر لە جینۆسایدی سیاسی بگێڕێت. لە کۆتاییدا پێکهاتە زۆردارەکیە سیاسیەکانیش رۆڵیکی سەرەکی دەگێڕن. لەم چوارچێوەیەشدا، ستۆب چەند تایبەتمەندیەکی دەروونزانی بە تێرو تەسەلی دەستنیشاندەکات و باسی ئەو پرۆسانە دەکات کە نەک هەر تەنیا هەندێک لە تاکەکان ئامادەدەکەن بۆ رەفتارکردن بە شێوەی شەڕانگێزی سیاسی،بەڵکو رێگەش بەدەرکەوتنی شەڕانگێزی دەدات تەنانەت ئەگەر ئامادەکاریە دەروونزانیەکان ئامادەییان نەبێت.شیکاریەکەی ستۆب بەتەواوی پشت بە چوارچێوەی دەق دەبەستێت و هەلو مەرج و بارودۆخە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیەکان هەستیارن بەرانبەر بە دەروونزانی. ستۆب وێنەیەکی فراوانتری تیۆرە دەروونزانیەکەی بۆ توێژینەوەکان کێشاوەو زۆر بە باشی چووەتە ئەو دیوی سنووری رێبازەکانی شیکاری دەروونزانی.

جینۆسایدی سیاسی چەند پرسیارێکی زەحمەت دێنێتە ئاراوە و کە ئەو پرسیارانە پێویستیان بە ستراتیژیەتەکانی توێژینەوەی دوو بوار بەیەکەوە هەیە. بۆ تێگەیشتن لەو کێشانەی کە لە جینۆسایدەکانی ئەو دواییانە تێوەگلان، هەروەکو جینۆسایدەکانی کەمبۆدیا و ئەرجەنتین و تورکیا و یوگسلافیای پێشوو،هەروەها ئەوەی بەسەر کوردەکانیش هاتووە،بۆیە پێویستمان بەهەڵبژاردنی باشترین رێبازی توێژینەوە دەبێت بۆئەوەی

وێنەی جەختکردنەوە تیۆریەکان بکێشین، هەروەها بۆ ئەوەی کار لەسەر تاکەکان و دامەزراوە سیاسیەکان بکات. لێرەدا هەماهەنگی نێوان دەروونزانی و زانستی سیاسی شتێکی زۆر پێویستە. بۆچی و چۆن ئەو هەموو خەڵکە ئاساییە دەتوانن ببنە سەیرکەری رووداو یان تەنانەت تاوانباری ئازاردان و تیرۆر و جینۆساید، ئەوە پرسیارێکی گرنگە و روونکردنەوە سیاسی و دەروونزانیەکان پێویستن بۆ هەر هەوڵێکی وەڵامی گشتگیر.

به پوختی، ئەگەرچی تیۆرەکانی شیکاری دەروونزانی سەرچاوە سەرەکیەکانی یەکەم قۆناخی گەشەسەندنی دەروونزانی سیاسی ڕووندەکەنەوە، ئەو تیۆرە شیکارییانەی دەروونزانی پشتیان تێنەکراوەو دەستیان لێ هەڵنەگیراوە. تا ئێستا توێژینەوەی زۆر لەسەر رەوشتی سیاسی ئەمریکی نەبووە جا چ بە مەستی جەختکردنەوە بێت لەسەر ستراتیژیەتەکانی شیکاری دەروونزانی یان بەمەبەستی هەڵسەنگاندنی رۆڵی کەسێتی بێت لە سیاسەت، بەڵام چەند توێژینەوەیەکی زۆر لە بوارەکانی تر هەبووە.

رێبازەکانیدیکەی دەروونزانی سیاسی لە روانگەیەکی شیکاری دەروونزانی زۆر جیاوازترەوە باسی کەسێتی و تیۆرەکانی ئامادەکاری دەکەن. بۆنموونە جێنی کنوستن بەر لەمردنی (1972-1974) دەروونزانی مرۆڤی جێبەجێکرد، بەتایبەتی تیۆرەکەی ئەبراهام ماسلۆ کە دەربارەی گەشەسەندنی پێداویستیەکانی مرۆڤە لە شیکاری ئاکاری سیاسیدا. لە نێو ئەو رێبازانەی کە دەروونزانی مرۆڤی لەسەر سیاسەت جێبەجێدەبن، لەوانەیە تەنیا کارەکەی رۆناڵد ئینگڵهارت بێت (1990،1977، 1997، ئەبرامسن و ئینگڵهارت 1995) یش کاریگەریەکی دوورو درێژی هەبووە

لەسەر زانستی سیاسی. وەرگێڕانی تیۆری پێویستیەکانی مرۆڤی ماسلۆ لەلایەن رۆناڵد ئینگلّهارتەوە بۆ تیۆری سیاسی گەشەسەندنی بەها، چەند توێژینەوەیەکی بەرچاو و مشتومڕێکی زۆری دروستکردووە. ئایا وا باشترە کە لێکۆڵینەوە لە کاریگەریە سیاسیەکانی بەها بکەین تەنیا لە ڕێگەی بەکارهێنانی رڕێبازە سیاسیەکان، یان لێکۆڵینەوە لە روونکردنەوە دەروونزانیەکانیش بکەین، ئەوەیان بابەتێکە گفتوگۆی گەرمی لەسەرە. لە روانگەی ئێمەوە واپێدەچێت شتێکی ئاشکرا بێت کە ئەو زیادەیەی لەلایەن شیکاری بەرجەستە دەکرێت و هەردوو رێبازەکە لە خۆدەگرێت، ئەوا دەتوانێت تێگەیشتنەکانی ئێمە باشتر بکات لەبارەی گەشەسەندنە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکان. هەروەها رێبازی دەروونزانی هەر بەتەنیا خۆی گانگەشەیەکی تەواو نیە کە لەگەڵی هاوڕابین.

لە کۆتاییدا، رێبازە ئامادەکارییەکانی تر چەند تێگەیشتنێکیان بەرجەستە کردووە سەبارەت بە کاریگەری کەسێتی لەسەر رەوشتی سیاسی و هەڵوێستی سیاسی بەبێ پەیرەوکردنی شێوازێکی شیکاری دەروونزانی تەواو. بۆ نموونە، ماککلۆسکی (1967) ژمارەیەک بڵاوکراوەی گرنگی نووسیوە کە پەیوەندیان بە هەڵوێستی سیاسی و تایبەتمەندیەکانی کەسێتیەوە هەیە. سیندەرمان (1975) پەیوەندیەکی بەهێزی لە نێوان لێبوردەیی سیاسی لەگەڵ متمانە بەتوانا بەخۆبوون دۆزییەوە، ئەم دۆزینەوەیەش لەلایەن سولیڤان و پیەرسن و مارکەس (1982) و ماککلۆسکی و بریل (1983) پشتگیری دەکرا. ئەم توێژینەوەیە پەیوەست بوون بەکێشەکانی وەکو خستنە سەرکاری سەرکردایەتیکردن و بەشدار بوونی سیاسی و پاڵپشتیکردنی ئازادیە مەدەنیەکان، هەروەها ئەو توێژینەوانە لێکۆڵینەوەیان لەسەر رۆڵی هۆکارە کۆمەڵایەتی و سیاسی و

دەروونزانیەکان کردووە لە دەستنیشانکردنی ئاستەکانی لێبوردەی تاک.وەهەروەها رەچاوی چەند دەرکەوتنێکی سیاسی فراوانتریان کردووە لە ئاستی دۆزینەوەکانی تاک.

## رێبازەکانی فێربوونی کۆمەڵایەتی و گەشەسەندن

سەرەتا لە کارە پێشینەکان دەست پێدەکەین وەکو کارەکانی ڕیچارد مێرڵمان (1969)، کۆنێڵ (1971)، کارەکانی ئەم دوایەش وەکو کاری تیمۆسی کووک (1985) و شۆن ڕۆزنبێرگ (1988، ڕۆزنبێرگ و ورد و چیڵتن 1988). دەروونزانانی سیاسی تیۆرەکانی گەشەسەندنی توانای مێشکیان لەسەر جیهانی سیاسی جێبەجێکردووە.

زۆربەی کات باشترین کارەکانی بواری دەروونزانی سیاسی و بە کۆمەڵایەتی کردنی سیاسی پشتیان بە کارەکانی لێکۆلەرەوانی وەکو پیاژێ بەستووە. توێژینەوەی پیاژێ لەسەر مەعریفەتناسی بۆماوەزانی و کارەکەی کۆڵبێرگ لەسەر گەشەسەندنی رەوشتی زۆر سود بەخش بوونە بۆ تێگەیشتن لە چۆنیەتی گەشەکردنی پێکهاتەو ناوەڕۆکی بیری سیاسی.ئەم کارانەش دیدی نوێیان بەرجەستەکردووە لەسەر کێشەکانی زانستی سیاسی وەکو چۆن هاووڵاتیە ئاساییەکان بیرکردنەوەی سیاسیان دروستدەکەن (ڕۆزنبێرگ 1988) و گەشەسەندنی رەوشتی چ رۆڵێک دەگێڕێت لە بڕیاری سیاسی و لێبوردەی سیاسی (واگنەر 1986). لەوانەیە بنچینەیەکی ئەم رێبازە ئەوە بێت کە گەشەسەندنی بیری سیاسی و هەڵسوکەوتی سیاسی بەشێکی ئاوێتەی گەشەسەندنی گشتی مرۆڤ بێت، ناشتوانرێت تێگەیشتنی گەشەسەندنی بیری سیاسی و هەڵسوکەوتی سیاسی بەتەواوی لە

گەشەسەندنی گشتی مرۆڤ جیابکرێتەوە. بیری سیاسی و هەڵسو کەوتی سیاسی بەشێکن لە هەڵسوکەوت و بیری هەموو مرۆڤەکان.

زانایانی سیاسەت زۆرکات ئەو بۆچوونەیان پەیرەوکردووە کە تەنیا مەگەر ڕێساکانی منداڵی یان هەرزەکاری ڕەفتاری سیاسی و بیرکردنەوەی سیاسی بتوانن راستەوخۆ بلکێندرێن بە ڕەفتاری هەرزەکاری، دەنا توێژینەوەی بەکۆمەڵایەتیکردنی سیاسی ناتوانێت پاکانەی بۆ بکرێت. ئەگەر نەتوانرێت بنەمای سەرەکی بە ڕەوا دابنرێت، ئەوا دەبێت بە کۆمەڵایەتیکردنی سیاسی پشتی تێبکرێت و وازی لێ بهێنرێت. پێمان وایە ئەمە بۆچوونێکی بەرتەسکە. ڕێبازەکانی گەشەسەندن، جا چ بە شێوەیەکی ئاشکرا قۆناخەکان ڕێکبخەن یان نا، ئەو پرۆسەی ڕێکخستنە هاندەدەن کە پێکهاتە و ناوەڕۆکی هزر لە خاڵێک دەبەستێتەوە بە تۆڕێکی هزرو کردەوە کە پێشتر بوونی هەیە. ڕێساکانی بە کۆمەڵایەتیکردن لە ئاستی تاکدا بەردەوامدەبێت لە ڕێگەی سووڕی ژیانەوە، ڕێسا کۆمەڵایەتیەکانیش بە چەند شێوازێک دەکرێن کە پەیوەستن بە ڕابردووەوە. کۆمەڵە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان و تاکەکانیش ناتوانرێت لە ئێستادا تێگەیشتنیان بۆ بکرێت ، تاوەکو تێگەیتشنێکی گشتگیر بۆ ڕابردوویان نەکرێت.

هەروەها دەروونزانانی سیاسی پشت بە تیۆری فێربوونی کۆمەڵایەتی دەبەستن بۆ لێکۆڵینەوە لە کێشە سیاسیە هەمەجۆرەکان: وەکو بڵاوبوونەوەی داهێنان لەهەڵمەتە سیاسیەکان و هەڵبژاردنە سیاسیەکان (هێرشی 1984)، بنەما دەروونزانیەکانی دیکتاتۆری سیاسیی (ئاڵتمایەر 1996)، سەرهەڵدانی ئازاردان لە نێو سەربازان و هاووڵاتیان لەبری ڕژێمە دیکتاتۆریەتیەکان کاردەکات (باندورا 1990، هیرتۆس فاتۆرکۆس 1988)، بنەما دەروونزانیە کۆمەڵایەتیەکانی سەرکردەی کاریزما

(مادسن و سنۆ 1991)، هەروەها ئەو ئەزموونانەی بە کۆمەڵایەتیکردن کە قارەمانە سیاسیە رزگارکارەکان جیادەکاتەوە لەوانەی کە رۆلیان تەنیا وەکو سەیرەکەرە (مانۆری 1996، ئۆلینەر و ئۆلینەر 1988).

هێرش بە شێوەیەکی ئاشکرا تیۆری فێربوونی کۆمەڵایەتی وەردەگرێت لە دەقە سیاسیەکان و پشتپێدەبەستێت بۆ بەرجەستەکردنی چوارچێوەیەک بۆ تێگەیشتنی ئەوەی کە چۆن تاکتیکە سیاسیە سەرکەوتووەکان و ستراتیژیەتە سیاسیە سەرکەوتووەکان لە هەڵمەتێکەوە بۆ هەڵمەتێکی تر، یان لە رێکخراوێکەوە بۆ رێکخراوێکی تر بڵاودەبێتەوە. ئەو تاکتیکەکانەی کە لە هەڵمەتێکدا کاردەکەن لە هەڵمەتەکانی تر بڵاودەبنەوەو تێکەڵ بە هەڵمەتەکانی تر دەبن.

ئاڵتمایەر (1996) کارێکی زۆر پێویستر و نوێتر لەسەر رژێمی دیکتاتۆریەتی دەکات، کە روونکردنەوەیەکی بەهێز بەرجەستەدەکات بۆ نالێبوردەی تاکایەتی و کۆمەڵایەتی و سیاسی لەبەرانبەر چەند گروپێک یان بیرۆکەیەکی ناباو. جیا لە لێکۆڵەرەوەکانی پێشووتر، ئاڵتمایەر رژێمی دیکتاتۆریەتی لە چوارچێوەی دەقێکی کۆمەڵایەتی دادەنێت و ڕژێمی دیکتاتۆریەتی لە جیهانی شیکاری دەروونزانی دەردەهێنێت، ئاڵتمایەر بە جۆرێک لە رژێمی دیکتاتۆریەتی دەڕوانێت کە وەکو هەڵوێستێک بێت کە بە شێوەیەکی کۆمەڵەیی یان هێشووی تێکەڵی رەگ و ریشە کۆمەڵایەتیەکان دەرئەنجامە سیاسیەکان بووبێت.

مادسنو سنۆو (1991) بە پشتبەستن بە تیۆری ئەلبێر باندۆرا کە سەبارەت بە کۆپیکردنی رەفتاری مرۆڤە، بیرۆکەی دەسەڵاتی کاریزما گەشە پێدەدەن کە تیایدا توانای سەرکردە بۆ گلدانەوەو هەڵگرتنی کاریگەری درکپێکراوی تاکەکان، بە شێوەیەکی بەرچاو دەردەکەوێت. رێکەوتن یان

بۆندی کاریزمای له نێوان سەرکردەو شوێن کەوتوانی یان لایەنگرو پشتیوانانی دادەمەزرێت کاتێک تاکەکان واز له کۆنترۆڵکردنی رووداوەکانی خۆیاندەهێنن. لەبەرئەوەی ڕێکەوتنێکی لەم چەشنە حەسانەوەیەکی دەروونیە، تاکەکانیش تووشی کاریگەریەکی ئەرێنی بەهێز دەبن و پابەند بوونی خۆیان بۆ سەرکردەکە دووپاتدەکەنەوە. بەمجۆرە گلدانەوە و هەڵگرتنی کاریگەری تاکەکان دەبێتە بنەمای سەرکردایەتی کاریزمایی، مادسن و سنۆ (1991) گریمانەیەک تاقیدەکەنەوە لەگەڵ بارێکی توێژینەوە کە هاتنە سەر دەسەڵاتی جۆن پێرسنە لە ئەرجەنتین.

له کۆتایی دا ئۆلینەرس (1988) هۆکارە سیاسی و دەروونزانی و کۆمەڵایەتییەکانی شیکردەوە کە بۆچی هەندێک کەس ژیانی خۆیان خستە مەترسیەوە بۆ رزگارکردنی جوولەکەکان لەماوەی جەنگی جیهانی دووەمداو، بۆچی هەندێک خەڵک تەنیا وەکو سەیرکەر بوون (بڕوانە مانۆڕی 1996). رۆڵی هەندێک کەس لە هاندانی ئەنجامدەرانی تاوانی شەڕانگێزی سیاسی چیە؟ چ شتێک رێگا بە هەندێک لە تاکەکان دەدات تا بڕیاری نا داپەروەری بدەن؟ بە دڵنیایەوە وەڵامی ئەو پرسیارە گرنگانە پێویستی بە شیکاریەکی تێکەڵەیی مێژوویی و دەروونزانی و کۆمەڵایەتی و سیاسی هەیە. ئەگەر ویستە دەروونزانیەکان بخەینە چوارچێوەیەکەوە، ئەوا ئەو ویستە دەروونزانیانە دەرفەتێک بەرجەستە دەکات تا رێبازە دەروونزانیەکان و پرسیارە سیاسیەکان بە گوێرەی چوارچێوەو سنووری دەقەکانیان لەبەرچاو بگرین.

ڕێبازە کۆمەڵایەتی و گشەسەندنیەکان لەسەر ژمارەیەکی فراوان لە پرسیارە سیاسیەکان جێبەجێکراوە، ئەم جێبەجێکردنەش بە چەند شێوەیەکی هەمەجۆر بووە، هەندێکیشیان زیاتر لەوانی تر سیاسی بوون و

زیاتر له جێبەجێکردنەکانیدی پشتیان به سنوورو چوارچێوەی دەق بەستووە. ئەم ڕێبازانەی توێژینەوەش لەماوەی قۆناخی دووەمی گەشەسەندنی دەروونزانی سیاسی ناسێندران. ڕێبازەکانی گەشەسەندن ببوونە بابەتی سەرەکی توێژینەوەکانی بەکۆمەڵایەتیکردنی سیاسی، که لەو ساتەوە تا ئێستا ئەم ڕێبازە لە پووکانەوە و کاڵبوونەوەدایە لە زانستی سیاسی و دەروونزانی سیاسی. ڕێبازەکانی فێربوونی کۆمەڵایەتی لە دەروونزانی سیاسی ناسێندران دوای ئەوەی کە تیۆرەکانی فێربوون شوێنی شیکاری دەروونزانیان گرتەوە لە نێو دەروونزانە ئەکادیمیەکان. ڕێبازەکانی فێربوونی کۆمەڵایەتی بەردەوام بوون لەسەر ڕۆڵبینین لە ماوەی قۆناخی سێیەمی گەشەسەندنی دەروونزانی سیاسی، ئەمەش لەلایەن توێژینەوەکانی لێکۆڵەرەوانی وەکو ئاڵتمایەر و ئۆلینەرس بە بەڵگە هێنراوەتەوە. لە هەردوو باری ڕێبازەکانی فێربوونی کۆمەڵایەتی و ڕێبازەکانی گەشەسەندنی، هۆکارە کۆمەڵایەتیەکان وادەرکەوتن کە جێگای ڕۆڵی سەرەکی کەسێتیان گرتبێتەوە لە کاریگەری خستنە سەر دیکتاتۆری سیاسی و مرۆڤپەروەری سیاسی.

کاتێک یەکێک ئەم هەمەجۆریە لە توێژینەوەکانی دەروونزانی سیاسی دەخوێنێتەوە، ئەو کەسە دەستدەکات بە برەودان بە تێگەیشتنێکی نوێ سەبارەت بە پرسیارە کۆنەکان. ئەمەش بۆ بەرزنرخاندن و تێگەیشتنی گرنگی هەندێک لە پرسیارەکان زیاتر بە ڕێکوپێکی، بۆدەرکەوتنی سروشتی پاک و بێ درزی پەیوەندیەکانی نێو بنەما دەروونزانیەکان و تیۆرە سیاسی و دەروونزانیەکانە.

## میتۆده دەروونزانییە کۆمەڵایەتییەکان

ئەگەرچی زۆر کات لەپێداچوونەوەی میتۆدەکانی دەروونزانی کۆمەڵایەتی نێو توێژینەوە سیاسیەکان، ئەوە دەرکەوتووە کە ئەو توێژینەوانە جەخت لەسەر گونجاندن و لەگەڵ هەڵکردن لە سیاسەت دەکەنەوە، لە راستیدا ئەو توێژینەوانە و ئەو دەروونزانیە کۆمەڵایەتیەی نێو توێژینەوەکان، زۆر پڕن لە زانیاری و پەیوەندیدارن. سەرەتا لە توێژینەوەکانی شەریف و ئەسیچ دەستپێدەکەین، کە دەروونزانی کۆمەڵایەتی بوون و لێکۆڵینەوەیان لەسەر هێزی گونجان و لەگەڵ یەک هەڵکردن لە نێو گروپەکان کردووە. لە رۆژگاری ئەمڕۆدا ئەو دەرئەنجام دۆزینەوانەی کە لەلایەن لەگەڵ یەک هەڵکردن و گونجاندنەوە بەرهەمهێنراون، لەلایەن ژمارەیەکی یەکجار زۆر و جۆراوجۆری سنوور و چوارچێوەی دەقە سیاسیەکانەوە لێکۆڵینەوەی لێدەکرێت بۆ دروستکردنی تیۆری سنووری دەقی نوێی دەروونزانی و کۆمەڵزانی سیاسی.

بۆ نموونە، نیۆلێ نیۆمان (1984)، لە ئەڵمانیا لێکۆڵینەوەی لەسەر کۆمەڵگای گشتیی و سیاسەت کرد، نیۆمان ئەوەی دۆزیەوە کە پێیدەوترێت "بێدەنگی پێچ خواردوو"، کە دیاردەیەکە بە هۆیەوە ئەوانەی لایەنگری کێشەیەکی سیاسی گەورەن، درک بەوەدەکەن کە هەڵکشان و داکشانی مێژووی و سیاسی لە دژی ئەوان هەڵدەگەڕێتەوەو لە بەرژەوەندی نەیارانیان دەبێت. دەرئەنجامەکەشی لایەنگرانی کێشە سیاسیەکە خۆیان بێدەنگ دەکەن، لە کاتێکدا بەرانبەرەکانیان دەنگهەڵدەبڕن و دەدوێن، لەوێشەوە کەسانی نەیاری لایەنگرانی کێشە سیاسیە گەورەکە زیادەڕۆی دەکەن لە قەبارەو هێزی گروپەکەی خۆیان و سەرکەوتنەکەی خۆیان دووپاتدەکەنەوەو بە هێزتری دەکەن. نیۆمان زنجیرەیەک توێژینەوەی ئەنجامدا لەسەر

هۆكاری دەستنیشانكردنی "بێدەنگی پێچ خواردوو" لە كۆمەڵگای ئەڵمانی دا، ئەو بێدەنگیە پێچ خواردووەشی دایە پاڵ ترسی جیابوونەوەو دوورەپەرێزبوونی كۆمەڵایەتی و هەر روونكردنەوەیەكی جێگرەوەشی رەتكردەوەو بەئەستەمی دانا (بەڵام بڕوانە موتز 1998، بۆ میكانیزمێكی جێگرەوە بۆ روونكردنەوەی گۆڕانەكانی بیروڕا). لەبەرئەوەی پێدەچوو ترسی دوورە پەرێزی و جیابوونەوەو دووركەوتنەوەی كۆمەڵایەتی زۆر بەربڵاو بێت، ئەگەر جیهانیش نەبێت، بێدەنگی پێچ خواردوو دیاردەیەكی دەروونزانی كۆمەڵایەتی گشتیە. ئەم دیاردەیەش لەسەر مۆدێل و ناو ناودەنگ و تەنانەت خواردنەوە لە تەمەنی كۆلێژ و سیاسیەتیش جێبەجێدەبێت. بۆیە (پرێنتیس و میلەر 1993). روونكردنەوەكەی نیومان تاڕادەیەكی زۆر دەروونزانی كۆمەڵایەتیە. لەگەڵ ئەوەشدا لەبەر ئەوپەڕی پەیوەستبوونی ئەم روونكردنەوەی نیومان، ئەو بارودۆخانەی كە ئەو روونكردنەوانە تیایدا دەردەكەوێت، دەتوانرێت تەنیا لە رێگەی تێكەڵكردنی تێگەشتنی سیاسی لەگەڵ هۆشیاری دەروونزانی و كۆمەڵایەتی روونبكرێتەوە.

كاریگەریەكانی رای زۆرینە لە رۆنانی هزرو ڕای تاك بەم دوایانە لە رێگەی شیكاری پەیوەندییە سیاسیەكان لە ئاستی وڵاتدا خراونەتەڕوو. هاك فێڵت، بێك، داڵتۆو، لێڤین و مۆرگان (1998) وادادەنێن كە زۆربەی كات پەیوەندی سیاسی چەند نامەیەكی سیاسی لێڵ لە خۆدەگرێت.

موتز (1998) چوارچێوەیەكی تیۆری بەرجەستەدەكات كە ئەو میكانیزمە هەمەجۆرانە ڕووندەكاتەوە كە بە هۆیانەوە كاریگەریە ناكەسی و بابەتیەكان رایگشتی پێكدەهێنن. موتز پێشنیازی ئەوەدەكات كە تەنیا ئەو كەسانەی كە زانیاریان زۆرە، توانای ئەوەیان هەیە كە بەشداری لێكدانەوەو ژماردنە

هۆشیاریەکان بکەن، لە کاتێکدا ئەوانەی کە زانیاریان نیە، تەنیا دەتوانن پشت بە پرۆسەی وتنەوە و فێرکردنەوە ببەستن کە کەسەکان خۆیان بە دوای شتەکان دەگەڕێن و خۆیان شتەکان دەدۆزنەوە.موتز دەڵێت زۆربەی زۆری تاکەکان نە بەتەواوی لەگەڵ ئەوە دەگونجێن کە پڕ لە زانیاری بن، نە لەگەڵ ئەوەش دەگونجێن کە بێ زانیاری بن. بەم شێوەیە، موتز دەگاتە ئەو دەرئەنجامەی شێوازی وەڵامدانەوە لەسەر بنەمای توانای مێشک، باشترین روونکردنەوە بەرجەستە دەکات بۆ ئەو پرۆسەیەی کە بەهۆیەوە ڕەئیە کۆمەڵەییەکان هەڵسەنگاندن و بڕیارەکانی تاکەکان دروستدەکات.

لێڤین و مۆرگان دەڵێن لێڵیەکی لەم چەشنە هانی خەڵک دەدات بۆ ئەوەی کورتبڕیەک بەکاربێنن کە لەسەر بنەمای توانای مێشک دامەزراوە کاتێک زانیاریەکان هەڵدەسەنگێنن. کەوایە مۆدێلەکەی لێڤن و مۆرگان بە شێوەیەکی روون ڕەنگدانەوەی کاریگەری توێژینەوەیە لەسەر پرۆسەکانی توانای مێشکی تاکەکان. لەبەرئەوەی بڵاوبوونەوەی بە باشزانین لە ژینگە فراوانەکان کاردەکاتە سەر بڵاوبوونەوەی بە باشزانین لە ژینگە کەمتر فراوانەکان. سەرەڕای ئەوەش بیروبۆچوونەکانی کەسانی گفتوگۆکار لەلایەن پێکهاتەکانی ژینگە کەمتر فراوانەکان کاریتێدەکرێت ،ئەندامانی زۆرینەیەکی سیاسیش وا هەستدەکەن کە خەڵک لەگەڵیان هاوڕایە، تەنانەت ئەگەر لەراستیشدا خەڵک لەگەڵیان هاوڕا نەبێت. پێچەوانەکەشی هەر راستە بۆ ئەندامانی کەمینەیەکی سیاسی. بە کورتی، ئەم دوو لێکۆڵەرەوە گەیشتنە ئەو دەرئەنجامەی کە بەکارهێنانی ئامرازە ئاماژە پێکەریەکانی وەکو "ئەزموونی کەسی" لایەنگیریەکی سیاسی دروستدەکات کە هێزو بەردەوامی دەداتە رای زۆرینە.

له کاتێکدا نیومان و موتز لێکۆڵینەوەیان لەسەر گونجان و تەبایی کردووە لەئاستی ناوەخۆی یان کۆمەڵایەتی.جەنیس (1982) توێژینەوەی لەسەر بڕیارەکانی گرووپی نوخبە دەکات و ئەوەی بۆ دەرکەوت کە چۆن پێویستیەک هەیە بۆ بەردەوامبوون لەسەر هەستکردن بە شانازی لە لایەن هەموو ئەندامانی گرووپەکەوە، هەروەها ویستێکی زۆر هەیە بۆ ئەوەی دوورکەوتنەوە لەم هەستە سست بکرێت لە رێگەی کۆمەڵێک میکانیزمەوە، ئەم هەست و کۆمەڵە میکانیزمەش ڕێگا بۆ هەندێک بڕیاری بەد ئەنجام خۆشدەکات. جەنیس (1982) لەکارەکەی ئەوەشی دۆزیەوە کە هەندێک ویست هەیە بەرەو گونجان و تەبایی سیاسی لە نێو گروپە نوخبەییەکاندا ، کە ئەو ویستانە دەکرێت هاوشێوە بن لەگەڵ ئەو ویستانەی کە لەنێو هاووڵاتیانی ئاساییدا هەیە. روونکردنەوەی سیاسی تریش هەیە بۆ ئەو بارانەی کە تیایدا سەرکەوتن بەدەست نایەت، بەڵام وەکو لە حاڵەتی وودرۆ و ویڵسن و جۆرجس دا، روونکردنەوە سیاسیەکەیان بۆ باری شکست هێنان بە پێی پێویست تەواو نیە بۆ ئەوەی سروشتی ئەو بەهەڵە لێکدانەوە و بەهەڵە ژمارکردنانە ڕوونبکاتەوە کە بەشدارن لە شکست هێنانەکەدا. تا چ ڕادەیەک زانیاریە رەخنەیەکە زانراوەو پشتگوێخراوە لە ماوەی بڕیاردانەکە، ئەمەیان مەودایەکی بەرفراوان جێدەهێڵێت بۆ روونکردنەوە دەروونزانیەکان. کێشەی هاوشێوەی ئەمانە لە ئەدەبیاتی گوێڕایەڵبوونی یاسا لە لایەن ( گامسن و فایەرمان و ریتینا 1982، تایلەر 1990) گفتوگۆی لەسەرکراوە.

چەندە رایەکی باشتری تیۆرەکانی دەروونزانی کۆمەڵایەتی کە لەسەر شیکاری سیاسی جێبەجێکراوە، ئەو ژانرەیە کە دەربارەی هەڵوێستە سیاسیەکان دەدوێ. ئەم ژانرەش نەگونجانی توانای مێشک و خستنەڕووی

تیۆرەکان و تیۆری دانە پاڵ سەرچاوەو تیۆری درکپێکردنی خودو لایەنەکانی تری توێژینەوەو تیۆر دەگرێتەخۆ لە کارپێکردنی زانیاری سیاسی و کۆمەڵایەتی.سالآنی شەستەکان و حەفتاکان لێکۆڵەرەوانی وەکو جێرڤش (1976)، هۆڵستی (1967)و دی ڕێڤێرا (1968) تیۆری هەڵوێستی دەروونزانی کۆمەڵایەتیان جێبەجێکرد لەسەر بڕیارەکانی سیاسەتی دەرەوە، لە کاتێکدا لێکۆڵەرەوانی دیکەی وەک نووسەرانی "دەنگدەرە ئەمریکیەکان" چەند مۆدێلێکی هەڵوێستیان بنیاتنا بۆئەوەی رای گشتی وئاکاری دەنگدان روونبکەنەوە.

دیبۆڕا لارسن (1985) هێڵکاری بەشەکانی پێنج تیۆری دەروونزانی کۆمەڵایەتی دەکێشێت کە زۆر پەیوەستن بەناخی بڕیاری گرووپی نوخبەوە، تیۆرەکانیش: تیۆری هەڵوێست گۆڕین، تیۆری نەگونجانی توانای مێشک کە تایبەتە بە فێربوون و زانین، تیۆری خستنە پاڵ سەرچاوەکان، تیۆری دیاریکردنی سەرچاوە، تیۆری درکپێکردنی خود،تیۆری درکپێکردنی خۆیی، تیۆری خستنەڕوو. دیبۆڕا هەوڵی بنیادنانی چەند تۆمارێکی مێژوویی دەدات کە لەسەر بنەمای ئەو پێنج تیۆرە بناخەیان بەستووە، دواتر بەراوردی ئەو تۆمارە (هەڵگرتنی زانیاری)گریمانەیانە دەکات لەگەڵ ئەو مێژووە راستەقینەی کە چۆن سیاسەتی وەستاندن یان بەربەست دروستکردنی سیاسی، ئاینی یان نەتەوەیی بەشدارە. پاشان دیبۆڕا هەڵسەنگاندن بۆ ئەوە دەکات کامە تیۆر بەباشترین شێوە لەگەڵ تۆمارکردنی زانیاری دەگونجێت. دیبۆڕا گەیشتە ئەو دەرئەنجامەی کە تیۆری درکپێکردنی خود بەباشترین شێوە لەگەڵ تۆماری هەڵگرتنی زانیاریەکان دەگونجێت. بۆ نموونە، ئەو پرسیارە سەرەکیەی کە گفتوگۆی لەسەر دەکرێت ئەوەیە، چی بڕیارەکانی سیاسەتی دەرەوە ڕووندەکاتەوە؟ لێرەوە دەردەکەوێت کە

شیكاریەكەی دیبۆرا بەشێوەیەكی قووڵ شیكاریەكی سیاسی و مێژوویی و كۆمەڵایەتی و دەروونزانییە.

لە كۆتاییدا زۆربەی ئەو گشەسەندنەی كە هەیە دەكەوێتە چوارچێوەی تیۆری دیاریكردنی سەرچاوەی دەروونزانی و كۆمەڵایەتی. لە بواری هەڵوێستەكانی ئاكاری سیاسی، گەشەكردنێكی راستەقینە هەیەو پشت بە تیۆر و میتۆدەكان و دۆزینەوەكانی درەوونزانی كۆمەڵایەتی دەبەستێت. لەگەڵ ئەوەی كە ژمارەیەكی زۆر نموونە هەیە سەبارەت بەمجۆرە كارە، بەڵام ئێمە جەخت لەسەر چوارجۆری جیاوازی توێژنەوەی توانای مێشك (توانای فێربوون و زانین) دەكەینەوە:

1- كاركردنێک كە بیرۆكەكانی دەربارەی پێكهاتەكانی زانیاریە.
2- مۆدێلی كارپێكردنی زانیاری سیاسی.
3- سەرەكی و دەستكەوتن.
4- ئەو مۆدێلانەی كە پرۆسەی دووانەییان هەیە.

توێژینەوە لەسەرتیۆری خستنەڕوو،تیۆرەكانی هەڵوێست و دەستكەوتن و سەرەكی بوون، چەند دیدێكی نوێیان بۆ پرسیارە كۆنەكانی بواری ئاكاری سیاسی بەرجەستەكردووە. بۆچوون و گفتوگۆی سنووری هەڵوێستە كۆنەكان پشتی تێكراوە، بەشێكی لەبەرئەوەی زانایانی سیاسی لە گفتوگۆكاندا ماندوو بوون، بەشێكی دیكەیشی لەبەرئەوەی كاركردن لەسەر تیۆری خستنەڕوو بەسەرچووە. ئێمە چیتر گفتوگۆ لەسەر ئەوە ناكەین ئایا هاووڵاتیانی ئاسایی ئایدۆلۆژین، یان ئایا هاووڵاتیانی ئاسایی بیروباوەڕی سنووردارایان هەیە. لەبری ئەمە، لەوە دەپرسین كە چۆن بەها سیاسیەكان و هەڵوێستە سیاسیەكان بنیاد دەنرێن، چۆن ئەو بەها سیاسیانە و هەڵوێستە سیاسیانە كاردەكەنە سەر ئاكارە سیاسیەكان و هەڵبژاردنە

سیاسیەکان. بۆنموونە:کۆنڤۆر و فێڵدمان ڕێبازی توێژینەوەی Q بۆ هەڵسەنگاندنی ئەوەی چۆن هەڵوێستە سیاسیەکان بنیاددەنرێن بەکاردێنن ،ئەو هەڵوێستە سیاسیانەش بەشێوەیەکی گشتی لە چەند بەستەڵۆکێکی توندی ئازادیخوازانە یان پارێزگارانە ڕێکنەخراون. ئەو توێژینەوەی کە لەلایەن لۆج و هامیڵ (1986)، لۆ (1989)، میلەر واتن بێرگ و ماڵان چەک (1986) ئەنجامدرا، پێشنیازی ئەوەدەکات لەرێگەی لێکۆڵینەوەی پێکهاتە و ناوەڕۆکی خستنەڕووی سیاسی هاووڵاتیان،دەتوانین بە شێوەیەکی باشتر نیشانە گشتییەکانی تیۆری خستنەڕوو بکێشین. ئەمەش یارمەتیدەردەبێت بۆ تێگەیشتنی ئەوەی کە چۆن پێکهاتەکانی زانیاری سیاسی لە لایەن هاووڵاتیانەوە بەکاردێن بۆ هەڵسەنگاندنی کێشەکان و کاندیدەکان. (بڕوانە بەشەکانی تری ئەم کتێبە بۆ وەرگرتنی گفتوگۆی زیاتر لەسەر ئەم بابەتە). لێکۆڵەرەوانی دیکە لێکۆڵینەوەیان لەسەر ئەوە کردووە کە چۆن زانیاری دەربارەی کاندیدی سیاسی هەڵدەگیرێت و لەیادەوەریەکانی تاک بنیاد دەنرێت (ماکگراو ستین بێرگن 1995).لێکۆڵەرێکی وەکو (ڕاهن 1995) سەرنجی خستۆتە سەر ئەوەی ئایا ئەم چەشنە ڕێکخستنەی مێشک کاردەکاتە سەر فرە کاندیدی.

میڵتن لۆج و هاوکارەکانی (ماکگراو سترۆ 1989، لۆج و ستین بێرگ و بۆ 1995، ماکگراو لۆج و سترۆ 1990، ماکگراو پینی 1990) لە زنجیرە ئەزموونێکدا توێژینەوە لەسەرکارپێکراویەتی مۆدێلێکی کارپێکردنی زانیاری دەکەن. شێوازی لەیەکجیاکردنەوە لەسەر بنەمای یادەوەری، زیاد لە پێویست سادەکراو بوو(بڕوانە هاستی و پێنینگتن 1989، لۆج 1995)، لەبواری گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی پەرەی پێدرا بۆئەوەی لەگەڵ ژمارەیەک توێژینەوە یەکبگرێت و لەو پەیوەندییە بکۆڵێتەوە کە لەنێوان یادەوەری ،

بیرهاتنەوەی زانیاری سەبارەت بە شتێکی هاندەر لەگەڵ دروستکردنی شتێکی هاندەردا هەیە. روونکردنەوەیەکی باوەڕپێهێنەر لەسەر رۆڵی یادەوەری لە هەڵسەنگاندنێکی لەم چەشنە سەلمێنراوە کە هەڵخەڵەتێنەرە، چەندان لێکۆڵینەوەش لەسەر گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی بە بەڵگەنامەکراوە کە ئەوەیان خستۆتەڕوو پەیوەندییەکی لاوازو بێ هێز لە نێوان یادەوەری و هەڵسەنگاندنەکاندا هەیە. جیاکردنەوە لەسەر بنەمای یادەوەری لە گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی پەرەپێدرا بەمەبەستی بەرجەستەکردنی تێگەیشتنێکی تیۆریانەی ئەو هەلومەرجانەی کە تیایدا پێشبینی دەکرێت هەڵسەنگاندنەکان لەسەر ناوەڕۆکی یادەوەری تایبەت بنیاد بنرێت.

بەکارهێنانی کاندیدەسیاسیەکان،سیاسەتی گشتی،هەڵوێستە سیاسیەکان لەسەر بابەتەکانی وەکو ملکەچبوونی باج و(شۆڵز و لوبێڵ 1998، شۆڵزو پینی 1995) ئامانجی هەڵسەنگاندنەکان، لێکۆڵەرەوان رەچاوی بەکارهینانی ئەم دوو مۆدێلە دەکەن(ملکەچبوونی باج و ئامانجی هەڵسەنگاندنەکان) بۆ دیاریکردنی تایبەتمەندیەکانی زانیاری سیاسی. توێژینەوەکانی لێکۆڵەرەوان (شۆڵز و لوبێڵ 1998، شۆڵزو پینی 1995) پێشنیازی ئەوەدەکات کە هەڵسەنگاندنەکان دەربارەی ئامانجە سیاسیەکان لە چەند بەشێک و چەند پێکهێنەرێک پێکهاتووە.

لایەنێکی تر کە گرنگە لە جێبەجێکردنی بیرۆکەکانی گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی، ئەو توێژینەوەیە کە ئەو بیرۆکانە بەکاردێنێت کە دەربارەی سەرەکی یان دەستکەوتنی جۆرەکانی گشەسەندنە. لەوانەیە باشترین جێبەجێکردنی گریمانەی سەرەکی ئەوەبێت کە لێکۆڵینەوە لە رۆڵی میدیا بکرێت لە هەڵسەنگاندنەکانی سەرۆکەکان لەلایەن هاوڵاتیانەوە(بۆ نموونە، لینگەر و کیندەر 1987، کرۆسنیک و براتۆن 1993، کرۆسنیک و کیندەر

1990). ئەم بیروبۆچوونانە لەسەر رۆڵی حەزی خودیش جێبەجێکراوە لە (موتز 1992، یۆنگ و تۆمسن و بۆرجیدا و سولیڤان و ئالدریچ 1991)، دیاریکەرانی دەرفەتی دەنگدا (لۆ 1989،مێندڵسن1996)،قەناعەت پێهێنانی سیاسی (موتز 1998) و گرنگی هەڵوێستی سیاسی (کرۆسنیک 1990)دا.

توێژینەوەکان ئەوەشیان دەرخستووەبەکارهێنان،یان بەگەڕخستنی رێکخستن پارتیزانەکان یان ئایدۆلۆژیەکان لە هەڵسەنگاندنی بارودۆخەکان، دەوەستێتە سەر دەستکەوتنی ئەو رێکخستنانە (هوک فێڵد و لێڤین و مۆرکان و سپڕاگ 1999). هەموو ئەو جێبەجێکردنانە تێگەیشتنەکانی ئێمەیان دەربارەی رەفتاری سیاسی فراوانکردووە.

لە کۆتاییدا، قوتابیانی رەفتاری سیاسی ئەو بیرو بۆچوونانەیان بەکارهێناوە کە دەربارەی مۆدێلی دووانەییە لەکارپێکردنی زانیاری. بیرۆکەی پرۆسە دووانەییەکان، رەگو ڕیشەیان لە توێژینەوەکانی گەشەسەندنی کۆمەڵایەتیدایە. ئەوە بۆتە شتێکی ئاشکرا بۆ هەندێک خەڵک لە هەندێک بارودۆخدا، کە دەروونزانانی کۆمەڵایەتی هەوڵیانداوە چەند مۆدێلێکی گشتی کارپێکردنی زانیاری دابڕێژن کە رێگە بەخەڵک دەدات زیاتر بگونجێن لە ستراتیژییەکانی گەشەسەندنیان. ئەگەر هاندانی تەواو نەبێت بۆ کارپێکردنی زانیاری، ئەوا لەوانەیە خەڵک بەجۆرێک ڕەفتار بکەن، وەکو بڵێی لە رووی گەشەسەندنی توانای مێشک زۆر چاوچنۆک بن. ئەگەر هاندانی تەواو هەبێت (جا چ لە رووی کۆمەڵگاوە بێت یان لەلایەن تاکەوە بێت، ئەوا لەوانەیە خەڵک زیاتر بەدوای ئەو ستراتیژانە بکەون کە کار بە بەکارهێنانی سەرچاوەکان دەکەن. "پسپۆڕی پلانسازی هاندراو" (فیسک و تایلەر 1991) بەشێوەیەکی فەرمی رێکبخرێت لە چەند مۆێلێکی دوو پرۆسەی هەمەجۆر. چەندان لێکۆڵەرەوە لە بواری زانستی سیاسیدا

ئەم مۆدێلانەیان وەکو سروشت بەکارهێناوە بۆ لێکۆڵینەوە لە دروستکردنی هەڵوێست (مۆنداک 1992)، هەڵوێست گۆڕین (پێفلی و هورویتز 1992)، ڕۆڵی پارتەکە لە هەڵسەنگاندنەکانی کاندید (راهن 1993).

بەرەوپێشچوونێکی دیکە هێنرایە ئاراوە لە لایەن ئەو کارانەی کە لەسەر دەروونزانی سیاسی دەکرێن، ئەویش ئەوەیە دووبارە هەڵسەنگاندن بۆ ئەوگریمانانە بکرێت کە کەمترین کاریگەریان سەبارەت بە راگەیاندنی گشتی هەیە. کاتێک نووسەری ئەم کتێبە لە قوتابخانەبوو، کاریگەریە سیاسیەکانی میدیا بە گرنگ دادەنرا، بەڵام ئەو کاریگەریانە لە رووی زانستیەوە جێی باوەڕنەبوون. کارەکەی ئینگار و کیندەر (1987) ئەوەی دەرخستووە میدیا نەک هەرتەنیا زیاتر لە کاریگەریەکی لاوەکی هەیە لەسەر کارنامەی سیاسی و هەڵسەنگاندنە سیاسیەکان، بەڵکو ئەوەش دەردەخات کە چۆن ئەو کاریگەریانە کاردەکەن لە رێگای چوارچێوەدانان بۆ کاری میدیا و بوون بە کاریگەری سەرەکی (ئینگەر 1991). هەروەک لەلایەن بارتێلس (1993) تێبینیکراوە، هەڵە پێوانەکردن زۆربەی کات بەربەستی خستۆتە بەردەم ئەو هەوڵانەی کە تاقیکردنەوەیان تێدا نیە لە بەڵگەنامە کردنی کاریگەریەکانی میدیا. هەرچەندە لەم ساڵانەی دواییدا ئەو لێکۆڵەرەوانەی کە داتای بێ تاقیکردنەوەیان بەکارهێناوە، ئەوەیان دەرخستووە کە چۆن میدیا کاریگەری لەسەر سیاسەتی تاکەکان هەیە و چۆن کاریگەری لەسەر بە باشزانینی کاندیدێک هەیە (دەڵتن و بێک و هوک فێڵد 1998، زاڵەر 1996)، دەرفەتی دەنگدان (مێندیڵسن 1996) و هەڵسەنگاندنە ئابووریەکان (هێسرینگتن 1996).ئەو هەڵوێستەی کە لەلایەن پرۆژەکانی توێژینەوەوە دەخرێتەڕوو، لەوانەیە هەندێک بەڵێنی تێدا بێت بۆ یەکخستنی زانستی سیاسی لەسەر کاریگەریەکانی میدیا، هەڵمەت

و هەڵبژاردنە سیاسیەکان، رەفتاری دەنگدان و رای گشتی (جاکۆبس و شاپیرۆ 1994، لاڤین سولیڤان و بۆرجیدا و تۆمسن 1996، شۆ 1999). هەرچەندە دەستکەوتن تاکە میکانیزمە کە دەتوانێت کاریگەریەکانی میدیا روونبکاتەوە. چوارچێوەی کاری میدیا دەتوانێت کاربکاتە سەر ڕای گشتی لە رێگای بەرزکردنەوەی ڕادەی گرنگی زانیاریەک لەسەر زانیاریەکی ترو وا لەو زانیاریە بکەن کە بە ئاسانی دەستبکەوێت (دروکمان 1999، نێڵسن و کلاوسن و ئۆکسلی 1997، نێڵسن و کیندەر 1996).

تیۆری دەروونزانی کۆمەڵایەتی و توێژینەوە لەسەر کاریگەریەکانی توانای گشەسەندنی مێشک و گەشەسەندنی ناسنامەی گروپی بە شێوەیەکی ئاشکرا بەکارهێنراون بۆ هەوڵدان لە تێگەیشتن و روونکردنەوەی نا لێبوردەیی سیاسی (کوکلینسکی، ریجڵ، ئۆتاتی، شوارز و ویەر 1991، مارکەس 1995، سیسس مۆرس و مارکەس و سولیڤان 1993) بۆ هەوڵدان لە تێگەیشتن و روونکردنەوەی ململانێیە نەژادی و ئاینیە سیاسیەکان (بارتەڵ، گرۆمان، کروگلانسکی و سترۆبی 1989، گرانبێرگ و ساروپ 1992)، هەروەها بۆ هەوڵدان لە تێگەیشتن و ڕوونکردنەوەی رێکەوتنامە و دانوستانە نێودەوڵەتیەکان (وەیت 1986).

تیۆری دەروونزانی کۆمەڵایەتی و میتۆدەکانی، باسی تایبەتمەندیەکانی قۆناخی دووەم و سێیەمی گشەسەندنی دەروونزانی سیاسی دەکات، هەردوو قۆناخی دووەم و سێیەم لە پێشووتر باسکران و ئەم سێ قۆناخەش لەلایەن ماکگوێر (1993) پۆلێنکران. ئەگەرچی سەرچاوەی سەرەکی توێژینەوەکان لە پێکهاتە و ناوەرۆکی هەڵوێستەکانی ئەو میکانیزمە دەروونزانیانەوە گەشەیکردووە، کە بەهۆیەوە هاولاتیان زانیاری سیاسی وەردەگرن و هەڵیدەگرن و بەکاریدێنن، سەرچاوەکانی تری

توێژینەوەش بەردەوامبوونە لەسەر پشتبەستن بە ڕێبازەکانی دیکەی دەروونزانی کۆمەڵایەتی. ئەو توێژینەوەی کە لە دوو توێی ئەم کتێبەدا بەکارهاتووە،سەرچاوەی سەرەکی کارەکەمان بووەو باسی تایبەتمەندیەکانی کۆتایی قۆناخی سێیەمی گەشەسەندنی دەروونی دەکات کە لەوانەیە وەک بە قۆناخی چوارەم بناسرێت، کە تیایدا زیاتر جەخت لەسەر ئەوە دەکرێتەوە درکپێکردنێکی زیاتر هاوسەنگ هەبێت سەبارەت بە ڕۆڵی گەشەسەندنی سیاسی لە ڕێکخستنی بڕیارە سیاسیەکان و ڕەفتارە سیاسیەکان.

**پوختە و دەرئەنجامەکان**

مەبەستی ئەو پێداچوونەوە فراوانەی ڕێبازەکانی دەروونزانی لە شیکاریە سیاسیەکاندا ئەوەبووە کە هەمەجۆریی و فرەیی لەو مۆدێلە دەروونزانیانەی کە بەکارهاتوون و ئەو پرسیارە سیاسیانەی کە گفتوگۆیان لەسەر ئەو مۆدێلانە کراوە، ڕوونبکەینەوە. بۆئەوەی ئاراستە گرنگەکانی بواری دەروونزانی سیاسی دیاریبکەین و بەمجۆرە بە شێوەیەکی وردتر دەتوانین کارەکەمان لە دوو توێی ئەم کتێبەماندا بخەینەڕوو.

لە نێو ئەو بابەتە سەرەکیە هەمەجۆرانەی کە لە ڕووی مێژووییەوە نیشاندران و لەژێر ڕۆشنایی کارنامەکانی توێژینەوە هەنووکەییەکانی دەروونزانی سیاسی، ئەو بەشانەی کە لەم کارەماندا دەیخەینەڕوو، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ سەرچاوەی سەرەکی توێژینەوە لە قۆناخی سێیەمی گشەسەندنی دەروونزانی سیاسی دەگونجێت، یان لەگەڵ قۆناخی چوارەم دەگونجێت، ئەگەر قۆناخی چوارەم هەبێت.

ئەو تۆژینەوانەی ئەو ڕێبازانەی توێژینەوەیان بەکارهێناوە لە کێشە سیاسیەکانی وەکو پەیوەندییە نەژادی و نەتەوەییەکان و ڕێککەوتنی نێو گروپەکان و ململانێکانیاندا، زۆر جار هەوڵیانداوە گۆڕانە سیاسیەکان بۆ هەڵکردن لەگەڵ کێشە نەژادیی و ڕەگەزپەرستیی و نەتەوەییەکان بە یاسایی بکەن. ژمارەیەکی زۆر لە کۆنفرانسی نەتەوەیی و نێو نەتەوەیی هەیە کە بەرەو ئەو ئامانجە ئاراستەکراون، دەروونزانی سیاسی بەکاربێنن وەکو بناغەیەک بۆ کردەوە سیاسیەکان.

تێکڕا،ئەگەرچی ئەوکارەمان ڕەنگدانەوەی سەرچاوە سەرەکیەکانی توێژینەوەیە لە دەروونزانی سیاسی مۆدێرندا، لەگەڵ ئەوەشدا شتگەلێکی زۆر جێدەمێنێت. لەهەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی ئامانجە ئاشکراکانمان، هیوادارین گفتوگۆمان لەسەر لایەنە سیاسیەکانی ئەو پرسیارانە کردبێت کە دەروونزانانی سیاسی لەسەری دەدوێن.هیواداریشین ئەگەر بە شێوەیەکی ناشکراش بێت بارێکمان بۆ توێژینەوەی دوو بواری زانستی بەیەکەوە خستبێتە ڕوو،چونکە دوو بواری توێژینەوەی بەیەکەوە زۆر جار باسی ئەو پرسیارانەو ئەو کارنامانەی توێژینەوەکان دەکات کە بوارەکانی توێژینەوە بە سەرەکیان دانانێن. لەبنەڕەتدا،ڕەفتاری مرۆڤ بەو شێوە کورت و پوختە بەیەکەوە نەبەستراون،کە زانایانی کۆمەڵایەتی ئەمریکی توێژینەوەکانیان بۆ ڕێکخستووە. باشترین و سوودبەخشترین ڕێگاکان بۆ تێگەیشتن لە پرسیارە "سیاسی و "کۆمەڵایەتی و "ئابوورییەکان"، بە شێوەیەکی بنەڕەتی تەنیا سنووردارنین و نەبەستراونەتەوە بە تیۆر و چەمک و ڕێبازە "سیاسی" و "کۆمەڵایەتی" و "ئابوورییەکان".

لەو بڕوایەداین هەموو جۆرە زانیاریەکانی وەکو دەروونزانی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و تاکی، دامەزراوەیی گرنگن، هەروەها

سەرجەم ئەو بوارانەی زانیاریش تێگەیشتنمان فراواندەکەن، هەروەک چۆن سیاسەت تێگەیشتنمان فراوانتر دەکات. گومان دەکەین زۆربەی ئەو توێژینەوانەی لەم قۆناخەدا ئەنجامدەدرێن باسی دوو بواری تۆژینەوە بەیەکەوە بکەن، بۆیە زۆربەی دامەزراوەکان درکیان بەوە کردووە و دەستیانکردووە بە هاندان بۆ ئەنجامدانی دوو بورای توێژینەوە بەیەکەوە کردووە.

**بەشی یەکەم :**

-چەمکی زانستی سیاسەت

-چەمکی دەروونزانی سیاسی

-مەعریفەی دەروونزانی سیاسی

قۆناخەکانی پەرەسەندنی دەروونزانی سیاسی لە ئیسپانیا

گرنگی دەروونزانی سیاسی

مێژووی دەروونزانی سیاسی

ئامانجەکانی دەروونزانی سیاسی

جۆرەکانی دەروونزانی سیاسی

**بەشی یەکەم:**

## چەمکی زانستی سیاسەت

چەمکی زانستی سیاسەت بۆخۆی بۆچوونی جیاواز جیاوازی هەڵگرتووە، بەپێی فەرهەنگی لیترەLittre ی فەرەنسی ساڵی 1870 سیاسەت بریتییە لە (زانستی حوکمڕانی دەوڵەتەکان)، بەڵام بەپێی فەرهەنگی رۆبێر ی ساڵی 1962 سیاسەت بریتییە لە (هونەری حوکمڕانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی)،ئەم دوو پێناسەیە نزیکەی یەک سەدەیان لە نێواندایە، هەردووکیان جەخت لەسەر حوکمڕانیی دەکەنەوە، بەڵام پێناسەی دووەم کە پێناسەیەکی نوێترە جەخت لەسەر حوکمڕانی دەوڵەتان و حوکمڕانی کۆمەڵگا مرۆڤایەتییەکانی دیکەش دەکاتەوە، دیارە زاراوەی حوکم بە مانای دەسەڵات دێت،دەسەڵاتێکی رێکخراو و دامەزراوەکانی سەرکردایەتی و ...هتد دێت.بۆیە هەندێک وایدەبینن کە سیاسەت زانستی دەوڵەتە، دەوڵەتیش واتا دەسەڵاتێکی رێکخراو لە گرووپ

و کۆمەڵی نەتەوەیی، بەڵام هەندێکی دیکە پێیانوایە نەخێر سیاسەت بریتییە لە زانستی دەسەڵاتێکی رێکخراو لە تەواوی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی. لە جیهانی سیاسەتی ئەمڕۆدا سیاسەت بریتییە لە (زانستی دەسەڵات) بەسەر زۆربەی چەمکەکانی دیکەدا زاڵە،چونکە دەبینین لەنێوان هەردوو چەمکی لیترە و رۆبێردا، جیاوازی بەرچاو هەیە، یەکەمیان دەڵێت سیاسەت زانستە و دووەمیشیان دەڵێت سیاسەت هونەرە، بەڵام ئەمڕۆ لە زانکۆکانی جیهانی و جیهانی ئەکادیمیدا زانسیتی سیاسەت زانستێکە دانیپێدانراوەو تەنانەت زانستی سیاسەت شوێنی فەلسەفەی سیاسیشی گرتۆتەوە.

زانستی سیاسەت لە بنەڕەتدا گرنگی بە تێگەیشتن لە رەفتاری سیاسی بە کۆمەڵی و سروشتی ئاوێتەبوونی سیاسەت لە کۆمەڵگا دەدات، ئەمە وایکردووە زانستی سیاسەت سیمای جیاواز لە تەواوی زانستە کۆمەڵایەتییەکان وەربگرێت، وەک کۆمەڵناسی، ئابووزانی، جوگرافیاناس ..هتد چونکە ئەم زانستانە هەوڵدەدەن چەمکی لایەنە نا سیاسییەکە لە رەفتاری کۆمەڵ و سروشتی کۆمەڵگا بخەنەروو.ئەمەیە وایکردووە زانستی سیاسەت سیمایەکی جیاواز بۆخۆی هەبێت کە ببێتە هۆی ئەوەی زانستێکی جیاوازو تایبەتمەند لە تەواوی زانستە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە وەربگرێت، بەڵام ئەمە کەی زانستی سیاسەت وایلێهات ببێتە ئەو زانستە جیاوازە لە تەواوی زانستەکانی دیکە، بێگومان مێژوویەکی درێژی نییە، بەڵکو لە ئەنجامی قۆناخەکانی پێشکەوتندا وردە وردە ئەم زانستە سیماو ناوەڕۆکێکی جیاوازو سەربەخۆی وەرگرت. تەنانەت تا جەنگی دووەمی جیهانیش بە زانستی سیاسەت دەوترا (زانستەکانی سیاسەت)، ئەم دەربڕینەش مانای ئەوەبوو کۆمەڵێک زانست هەن کە چارەسەری لایەنەکانی سیاسەت لەناو زانستە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان دەکەن،

زانستی سیاسەت ئەم زانستانەش دەگرێتەوە، زانستی جوگرافیای سیاسی،کۆمەڵناسی سیاسی،زانستی ئابووری سیاسی، دەروونزانی سیاسی،مێژووی سیاسی. لە روانگەی ئەم زانستانەی سەرەوە بوو کە بە زانستی سیاسەتیان دەوت (زانستەکانی سیاسەت)،بەڵام ئەم تێگەیشتن و ئەم چەمک و دەربڕینە ئەوەندە زۆری نەبرد باشتر لەناو یەک چەمکی نوێ و سەربەخۆ رێکخرا، ئەویش (زانستی سیاسەت)بوو. بێگومان گۆڕینەکە تەنیا لەو دەربڕینە کورتەدا نەبوو کە (زانستەکانی سیاسەت)بکرێت بە (زانستی سیاسی) بەڵکو وەک لە سەرەوە باسمانکرد زانستەکانی سیاسەت چەندین زانستی دیکەی دەگرتەوە، گۆڕینی بۆ زانستی سیاسەت، هاوکات گۆڕینیش بوو بۆ تیۆرو زانستی دیکە، چونکە زانستی سیاسەت ئەو زانستانەی سەرەوە ناگرێتەوە، بەڵکو لە بنەڕەتدا کایەیەکی مەعریفییەو دەتوانین بڵێین ئەم لقانەی خوارەوە دەگرێتەوە: تیۆری سیاسەت،دامەزراوە سیاسەکان، حزب و رێکخراوە سیاسییەکان،رای گشتی،سیاسەتی نێودەوڵەتی و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان.

بەڵام جیاوازبوون و سەربەحۆبوونی ئەو زانستە، مانای ئەوەنییە کە زانستی سیاسەت هیچ پەیوەندییەکی بە زانستە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەوە نییە، چونکە ئەم سەربەخۆییبوونە جوزئییە نەک گشتگیری و هەمەلایەن.

لێرە بە کورتی چەند پێناسەیەک بۆ ئەو زانستە دەهێنینەوە بۆئەوەی خوێنەر باشتر روانین و بینینی فراوانتر ببێت، چونکە لە بنەڕەتدا وەک لە سەرەوەش ئاماژەم بۆیکردووە لە واقیعدا تۆژەرانی سیاسەت پێناسەی جیاوازیان بۆ زانستی سیاسەت پێشکەش کردووە،کە خۆی لە چەندین چەمک و پێناسەی جیاواز دەبینێتەوە، بەڵام ئێمە ئەم چەند پێناسەیەی خوارەوە ، بە نموونە دەهێنینەوە.

زانستی سیاسەت زانستی حکومەتەو لێکۆڵینەوەی پراکتیکی پەیڕەوکردنی سیاسەت دەکات و لێکۆڵینەوەی دامەزراوە سیاسییەکان و ڕەفتاری سیاسیی دەکات.

سیاسەت واتا زانستی حکومەت و هونەری پەیوەندییەکانی حوکمڕانی، ئەمەش لەسەر کۆمەڵێک کاروباردا جێبەجێدەکرێ کە دەوڵەت گرنگیان پێدەدات، یان ڕێگایەکە کە حوکمڕانی پێدا دەڕوات.

سیاسەت ڕێکخستنی بەڕێوەبردنی دەوڵەتە و کاروبارەکانی ڕێکدەخات،سیاسەت لە بنەڕەتدا خۆی زانستی دەوڵەت و هونەری حوکمڕانیکردن و سیاسەتە . بەپێی فەرهەنگی ڕۆبێر Robert سیاسەت واتا (هونەری بەڕێوەبردنی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی) هەروەها ئەندرێ لالاند Andre Laland ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە سیاسەت:واتا هەموو ئەو شتانەی پەیوەندی بە دەوڵەت و حوکمڕانیکردنەوە هەیە. هەروەها زانای ئەمریکی ئیستن D. Easton رای وایە کە زانستی سیاسەت بریتییە لە دابەشکردنی دەسەڵاتێکی ئیلزامی بۆ بەهاکان لە کۆمەڵگادا. هەروەها لە فەرهەنگی زانستی کۆمەڵایەتیدا کە لەژێر سەرپەرشتی یۆنیسکۆ ئامادەکراوە، نووسراوە سیاسەت: واتا پەیڕەوکردنی کردەوە مرۆڤایەتییەکان کە یارمەتیدەری بەدواداچوونی ململانێکانی نێوان بەرژەوەندی گشتی و بەرژەوەندی کۆمەڵەیەکی تایبەت دەکات، ئەمەش بەردەوام بەکارهێنانی هێز دەگرێتەوە یان هەوڵی بۆ دەدات.

بە کورتی و بەشێوەیەکی گشتی چوار (4) جۆرە پێناسەی جیاواز بۆ زانستی سیاسەت هەن کە ڕەهەندی جیاوازیشیان بە خۆیانەوە هەڵگرتووە، بە گوێرەی تێڕوانینی یەکەمیانەوە، زانستی سیاسەت بەستراوەتەوە بە حکومەت و دەوڵەت، کە پێیدەڵێن زانستی دەوڵەت، یان زانستی دەسەڵاتی

حکومەت، یان زانستێک کە لێکۆڵینەوە لە پەیوەندیی تاک لەگەڵ دەوڵەت دەکات، یان زانستێک کە پەیوەندی بە هەموو ئەو شتانەوە هەیە کە بە کاروبارانەی دەوڵەتەوە بەستراوەتەوە جا چ لەسەر ئاستی ناوەخۆ بێت یان پەیوەندی دەوڵەتەکەی لەگەڵ دەوڵەتانی دیکە بێت.

بەڵام تێڕوانینی دووەم بۆچوونیان وایە کە زانستی سیاسەت نابێت تەنیا لە حکومەت و دەوڵەت کورتی بکەینەوە،بەڵکو پێویستە بۆ هەندێک دامەزراوەی کۆمەڵایەتی و بازرگانیش درێژیبکەینەوە، بۆنموونە خێزان و قوتابخانەو یانەی رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و کارگەی پیشەسازی و بانکەکان و ..هتد، تێڕوانینی ئەم بیرۆکەیە لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە زانستی سیاسەت زانستی پەیڕەوکردنی هێزە یان زانستی دروستکردنی بڕیارەکانە، یان زانستی دەسەڵاتە (هێزو بنکەو دەسەڵات)، لەم روانگەوەیە زانای بەناوبانگی سیاسەت (رۆبەرت دۆل R.Dahl) پێیوایە بە زەرووڕەت پێویست ناکات سیاسەت تەنیا لەسەر ئەو بوارە گشتیانەی کە ملکەچن بۆ حکومەت و دەوڵەت کورتبکەینەوە، بەڵکو پێویستە سیاسەت بۆ هەموو ئەو شتانە درێژ بکرێتەوە کە پەیوەندییە مرۆییەکان دەگرێتەوە کە تیایدا رەگەزی هێزو بنکەو دەسەڵاتی تێدا بە شێوەیەکی روون دەردەکەوێت.بوونی هێزو بنکەو دەسەڵات لە پەیوەندی خێزانی و سەندیکاو کۆمپانیاکانی کارکردن و زانکۆو زۆری دیکەدا هەیە کە لەسەر چالاکییەکانی ئەو دەزگایانەدا بۆیەیەکی سیاسی هەیە.

تێڕوانینی سێیەم لەسەر بۆچوونی برۆفیسۆر (دیڤیدئیستن) کە لەروانگەی سیستەمی سیاسییەوە بونیاد نراوە، ئەم بۆچوونە لە لایەن زۆربەی زانایانی سیاسەت، هەڵوێستێکی مامناوەندیانەیە لە نێوان هەردوو بۆچوونەکەی یەکەم و دووەم کە لە سەرەوە، باسمان کردووە. بە پێی

ئەم تێڕوانینە بە وردی جەخت لەسەر پەیڕەوکردنی سیاسەت لەناو حکومەتدا دەکرێتەوەو، دوور دەکەوێتەوە لە چالاکی و پەیوەندییەکانی خێزان و قوتابخانەو یانەو کۆمپانیاکان و زۆریدیکە لە دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان کە لە بواری سیاسیشدان، تەنیا ئەگەر هاتوو بە بوارە گشتییەکانی کۆمەڵگا یان بە پرۆسەیەکی سیاسیدا رۆیشتن یان بە تێکەڵاوبوونی سیستەمی سیاسی لەگەڵ هەندێک دەزگادا کە جۆرێکن لە بەڕێوەبردنی دەسەڵات.

تێڕوانینی چوارەم پێیانوایە مانای سیاسەت بە بوونی جیاوازییەکانی مرۆڤایەتییەوە بەستراوەتەوە،مادام جیاوازی لە تێڕوانینی مرۆڤەکاندا هەیە، بێگومان جیاوازی لە سیاسەتیشدا هەر دەبێت هەبێت،گرنگترین جۆری جیاوازییەکانیش راستەوخۆ لە خودی سیاسەتەکانیانەوەیە، بۆنموونە دەکرێ ئاماژە بۆ جیاوازی عرقی و چینایەتی و جیاوازییەکانی باوەڕو هەروەها جیاوازی بەرژەوەندییەکان.سیاسەت بە گوێرەی ئەم بیرکردنەوەو تێڕوانینەی چوارەم رۆڵێکی بنەڕەتی و سەرەکی لە پرۆسەی رێکخستنەوەو کەمکردنەوەی جیاوازی لە بەرژەوەندییەکان دەبینێت.

### چەمکی دەروونزانی سیاسی

چەمکی دەروونزانی سیاسی وەک سەرچاوە وەکو ئەلتەرناتیڤێکی چالاک بۆ بۆچوونی کۆنی مەعریفەی ئەکادیمی لە دەروونزانیدا سەریهەڵدا. زیاتر لە لە کایەیەکی پێناسەکراوی مەعریفی، دەروونزانی سیاسی بووەتە ستراتیژیەتێک و ئامرازێک بۆ گرێدانی واقیعە جیاوازەکان. گوزارشت لەو رێگایە دەکات کە دەروونزانەکان دەیانەوێت ئاڕاستە زانستیەکانی پێ چاک بکەن لە تەواوی قەیراندا لە ناو گوتاری ناکۆک و پارچە پارچە بووی کۆمەڵگادا. بەم مانایە گۆڕین و ڕاستکردنەوەیەکی ڕێنوێنیکەرانەیە کە ڕێگە بە دەروونزانەکان دەدات زانست لە گۆڕانیدا بکەن بە شتێک کە بگونجێت لەگەڵ کۆمەڵگایەکدا کە پڕە لە داواکاری بەپەلە و داوای کۆمەڵایەتی. ئامانجی چارەسەرێکی کۆمەڵی و هاریکارانەیە بێ ناوهێنانی ئاینزای دەسەلاتی زانستی کۆن. وەک ڕێنوێنیکارێک، ئەو ڕۆڵە جێبەجێ دەکات کە گێرگن (1999) داویەتی بە دیالۆگ و ووتووێژ. لەکۆتایدا، لە پەیوەندی نزیکی خۆیدا بە واقیعی نوێی ئەو خەڵکانەوە کە خزمەتیان دەکات، دەروونزانی سیاسی وەک ڕێنوێنیکارێک بەڕادەیەکی بەرچاو دەرگای کایەی لێکۆڵینەوە و کرداری کردەوە.

رون و ئاشکرایە کە چالاکی و گرنگی دەروونزانە سیاسیەکان هەر تەنها پشت نابەستێت بە شوێنگەی جوگرافی و زانستیان، بەڵکو بەپێی کاتیش بەشێوەیەکی بەرچاو دەگۆڕێن. بۆیە، کات و شوێن دوو هاوتای گرنگن بۆ لێکدانەوەی هەردوو ناوەرۆک و مانا لە کایەی سایکۆلۆجیای سیاسیدا. لەم کۆنتێکستەدا، شتێکی بەسوودە کە جیاوازی لەنێوان دوو رێگادا بکەین بۆ تێگەیشتن لە دەروونزانی سیاسی. یەکەمیان وەکو کایەیەکی مەعریفی دەیناسێنێت و جەخت لەسەر لێکۆڵینەوەی ئەزموونی و

کەڵەکەبووی زنجیرەیک لە بیرۆکە دەکاتەوە. دووەمیان وەکو سەرچاوەیەکی چالاک دەیبینێت کە پەرە بە پەیوەندی نێوان توێژینەوەی دەروونزانی و مومارەسەی کۆمەڵایەتی، یان پرۆسەی دەروونزانی و کرداری کۆمەڵایەتی دەدات. لە گۆشەنیگای دووەمدا، دەروونزانی سیاسی دەبێتە خاڵێک کە دەروونزانی و کۆمەڵگا پێکەوە دەبەستێتەوە.

تا ئەم دواییانەش، دەروونزانی سیاسی بەشێوەیەکی سەرەکی کایەیەکی مەعریفی بوو کە پێکهاتبوو لە بەشێکی تیۆری، میتۆدۆلۆجیەکی بەرگریکار و زنجیرەیەکی سنوردار لە بابەت. تیۆر و توێژینەوە بەسەر مەسەلە سیاسیەکاندا جێبەجیدەکران لە ناو کۆمەڵگادا، بەڵام دەروونزانەکان بەزۆری خۆیان لە کرداری سیاسیدا هەڵدەقورتان و وا لە دەروونزانی گەیشتبوون کە شتێکی بابەتی و بێلایەنەیە و بەم شێوەیەش خۆی لەخۆیدا شێوەیەک نیە لە پاڵپشتی. بەڵام لەبەر چەندین هۆ شتێکی گران بووە کە ئەو بۆچوونە بهێڵدرێتەوە. یەکەم لەبەرئەوەی ئێمە لە مۆدێلی نەریتی زانستدا، بەتایبەتی ئەو بۆچوونەی کە بیردۆزە یان توێژینەوە نابابەتی بن لە قەیراندانین. هەروەها بەرەنگاریەکی زۆر هەیە بۆ مۆدێلی ستونی مەعریفە هەم لە جیهانی ڕۆشنبیران و هەم لە کۆمەڵگادا بەگشتی، کە کەمینەیەکی خاوەن پایە قسە بۆ زۆرینەیەک دەکەن کە لە پرۆسەیەک گلاون لە مەترسیدایە. لە کۆتایدا، چەمکی پۆلەکانی مەعریفەی داخراو، جیاکراوە لە یەکدی و هەروەها لە کۆمەڵگا، بە خێرایی دیارنامێنێت.

دەروونزانی سیاسی زانستێکە لێکۆڵینەوە لە پەیوەندییەکانی نێوان دەروونزانی و سیاسەت دەکات،لە دەروونزانی سیاسیدا تیۆرە دەروونییەکان بەسەر گرفتە سیاسییەکاندا جێبەجێدەکرێ. چونکە فیکری سیاسی و زانستی سیاسی هەردووکیان لە دیاردە سیاسییەکان

دەکۆڵنەوە،کە لە بنەڕەتیشدا دیاردەکان کۆمەڵایەتین.ئەمەش لە دەروونزانی نزیکماندەکاتەوە بەتایبەت لە دەروونزانی کۆمەڵایەتی بەو پێیەی تاک ئەندامێکی کارایە لەناو کۆمەڵگادا (کۆمەڵگا بە مانای دامەزراوەکان و چینەکان و دەوڵەت)هەر چالاکییەکی دەروونی تاکیش لە ژێر کاریگەری کۆمەڵدا رووبەڕووی گۆڕانکاری قووڵ دەبێتەوە. هەر وەک سیاسەتی رووتیش بە تەنیا سیستەمێکی کۆمەڵایەتی نییە، بەڵکو بە هەمانشێوە رەنگدانەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە.

دەروونزانی سیاسی ئامرازێکی گرنگە بۆ راڤەی سیاسی، دەروونزانی سیاسی جێبەجێکردنی دەروونزانی مرۆییە بۆ لێکۆڵینەوەی سیاسەت، سیاسەتیش وەک دەردەکەوێ دوا تاقیگەیە بۆ لێکۆڵینەوە لە دیاردە دەروونییە گشتییەکان.زانایان لەسەر ئەوە کۆکن تیۆرەکانی زانستی سیاسی و دەروونی لەسەر گریمانەکان چڕ دەبنەوە، لەبارەی ئەوەی کە خەڵک هەستیان چۆنەو چۆنیش بیردەکەنەوە.

ئەمە ئەوەمان پێدەڵێت کە دەروونزانی سیاسی هەوڵدەدات چارەسەری گونجاوی دیاردە نەخۆشەکان بکات کە لە بواری سیاسیدا بوونیان هەیە، بە تایبەت ئەو کۆمەڵگایانەی کە نەخۆشن، لە پێناوی فەراهەمکردنی ژینگەیەکی سیاسی پاک و خاوێن و بەدەر لە هەموو جۆرە نەخۆشییەکی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی.

دەروونزانی سیاسی یەکێک لەو لقە دینامیکیانەی کە لە لایەکەوە دەروونزانی و زانستی سیاسیەت بەیەکەوە دەبەستێتەوە، لە لایەکی دیکەیشەوە پەیوەندییەکی دیاریکراو لە نێوان سیاسەت و دەروونزانی کۆمەڵایەتی دەدۆزێتەوەو گەشە بەو پەیوەندیانەی دەدات.

دەروونزانی سیاسی کایەیەکی فرە پسپۆریی ئەکادیمییە،کە جەخت لەسەر رەهەندە دەروونییەکان لە ژیانی سیاسیدا دەکاتەوە، کە تیایدا پەیڕەوی لە پێکهاتە دەروونییەکانی وەکوو کەسایەتی، هەڵوێست، بیروباوەڕەکان، پێداویستییەکان، …هتد دەکات و لێکدانەوەش بۆ رەفتاری سیاسی و هەروەها بۆ پەیوەندی ئاڵۆزو ئاڵوگۆڕی نێوان سیاسەت و دەروونزانی دەکات.

زانایانی دەروونزانی سیاسی  پێیانوایە هەر رێکارێکی سیاسی بۆنموونە رێکاری رەفتاری مرۆیی گرفتێکە پەیوەندی بە ئەنجامی تێکەڵبوونی تاک لەگەڵ ژینگەکەیەتی، لێرە دەروونزانی سیاسی گرنگییەکی زۆر بە هۆکارە دەروونییەکانی تاک دەدات کە لەژێر کاریگەری چ ژینگەیەکدا ئەو رەفتارە سیاسییەی نواندووە .

تۆژینەوە لەسەر تاک مەبەست لێرە تاکی سیاسییە، بە شێوەیەکی راستەوخۆ دەروونزانی سیاسی دەگرێتەوە،بەتایبەت لەبواری دروستکردنی بڕیاری سیاسیدا کە زۆرترین گرنگی هەیە،چونکە واقیع بە تەنیا رەفتاری تاک دیاریناکات،بەڵکو ئەو هەڵوێست و ئەو بۆچوونانەش گرنگن کە تاک لەسەر واقیعەکە هەیەتی.بۆیە دەروونزانی سیاسی یاریزانانی بواری سیاسەت دەگرێتەوە، بەتایبەت لە دروستکردنی بڕیاری سیاسیدا کە دەبێ ئاخۆ چ بیرکردنەوەیەکی لەگەڵدا بووبێت، سەرکردەیەک هەر لە منداڵییەوە لە سۆزو خۆشەویستی دابڕابێ، کەسایەتییەکە پێویست بە لێکۆڵینەوەی دەروونزانی سیاسی دەکات، یان ژیانیان پڕە لە  سەرنەکەوتوویی و تێکشکان ودووچاری بارێکی دەروونی سەخت بوونەتەوە،ئەو جۆرە کەسانە کە دەسەڵات دەگرنە دەست ، هەوڵدەدەن قەرەبووی ئەو تێکشکانانە بکەنەوە بەتایبەت کە دوور بووە لە سۆزو میهرەبانی.بۆیە سیاسەتی کراوە

یان سیاسەتی داخراو ڕەنگدانەوەی باری دەروونی ئەو سەرکردەیەو کەسایەتی ئەو سەرکردەت بۆ دەستنیشاندەکات.

هارۆڵد لاسۆل کە یەکێک لە دامەزرێنەرانی دەروونزانی سیاسییە،بۆ یەکەمجار لە ساڵی 1930 کتێبێکی بەناوی (زانستی نەخۆشیە دەروونی و سیاسییەکان)ی نووسی، دواتریش چەندین تێژینەوەی تیۆری لەبارەی گرنگی چالاکی سیاسی نووسی، پێیوابوو ئەو سەرکردانەی شەیدای دەسەڵاتن و دەسەڵاتخوازن، زیاتر ئەو کەسانەن کە هەست بە نەشیاوبوونی خۆیاندەکەن، یان بە دیوەکەی دی لە نەشیاوبوونەوە سەرچاوە دەگرن،بۆیە دەیەوێت بەهۆی دەسەڵاتەکەیەوە ڕێزێک بۆخۆی بگێڕێتەوەو دەستەبەری بکات.چونکە ئەو هەستی بەو ڕێزگرتنە نەکردووە جا چ لەناو خێزانەکەی ئەو ڕێزەیان لێ نەنابێت، چ لەناو کۆمەڵگا (مەبەست لە کۆمەڵگا دەوروبەری نزیکی خۆی) ئەو ڕێزو خۆشەویستی و بەختەوەرییەیان پێی نەدابێت.

هەڵبەت دەروونزانی سیاسی لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا کاتێک لە پرسە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان دەکۆڵێتەوە،ناچارە بچێتە بنج و بنەوانی هەموو ئەو گرفتانەی کە پەیوەندیان بە دەروونزانی سیاسییەوە هەیە لە هەموو بوارەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و دەروونی و ئابوورییەوەو بە وردی لێیان بکۆڵێتەوە، لە پێناوی دۆزینەوەو هێنانەدی چارەسەرێکی گونجاو بۆ گرفتەکان و گرتنەبەری ئەو ڕێکارانەی کە دەیپارێزن لە نەخۆشی و گرفتەکان.

**مەعریفەی دەروونزانی سیاسی**

لێرەدا هیوادارم بتوانم تەنها سێ لە تایبەتمەندیەکانی دەروونزانی سیاسی وەک کایەیەکی مەعریفە ئاماژە پێبدەم. یەکەم، هەمیشە هەستیار بووە بەرامبەر بە مەسەلەکانی پێداویستی کۆمەڵایەتی. دووەم، هەر لەسەرەتایەوە هەوڵیداوە بیردۆزەی سایکۆلۆجی بە دیاردە سیاسیەکانەوە گرێبدات. سێیەم، وەک کایەیەکی نەریتی مەعریفە، هەم لە بیردۆزە و هەم لە میتۆددا، جیهانی بووە. بەمەبەست بووبێت یان بێ مەبەست، جەستەیەکی مەعریفی بووە کە سنوورە جوگرافیەکانی بەزاندووە.

دەروونزانی بەگشتی و بەتایبەتیش دەروونزانی سیاسی هەمیشە جەختی لەسەر کێشەیەکی کۆمەڵایەتی کردووەتەوە کە لە هەر کاتێکدا سەریهەڵداوە. وەکو کایەیەکی لێکۆڵینەوە، دەروونزانی سیاسی لەئەنجامی جێبەجێکردنی ئەو کردارەی هەوڵیداوە دیاردە دەروونزانییەکان بە واقیعی سیاسیەوە گرێبدات سەریهەڵداوە، هەروەکو چۆن روونکراوەتەوە لە ئیشە بەناوبەنگەکانی وەک کتێبی (کەسایەتی دەسەڵاتخواز)، ئیشەکەی میلگرام لەسەر گوێڕایەڵی بۆ دەسەڵاتدار، یان کتێبی (دەنگدەری ئەمریکی). بەهەمانشێوە لە ئیسپانیا، یونامینۆ (1998/1895) دەروونزانی کەسێتی باکارهێناوە بۆ باسکردنی ناسنامە و کەسێتی خەڵکی ئیسپانیا، لەهەمانکاتدا ئۆتێگا ی گاسێت، کە پێشرەوی سایکۆلۆجیای سیاسی ئێستایە لە ئیسپانیا، پەرەی بە بیرۆکەی سیاسەت وەک پەروەردە داوە بۆ ڕاڤەکردنی ڕووداوەکانی ئیسپانیا لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا.

ئەم بزووتنەوەیە لە دەروونزانی سیاسیدا پەرەی بە بۆشاییەکی هاوبەش لەنێوان دەروونزانی و سیاسەت داوە و هەروەها لە بیردۆزە زانستییەکانی دەروونزانیدا چەسپێنرا. ڕاڤەی دەروونزانی سیاسەت

گەشەیکرد و وردەوردە کایە شیکاریەکەی  زیاتر ناسرا. دەسپێکی کایەی لێکۆڵینەوەی دەروونزانی سیاسی جەخت لەسەر تایبەتمەندیەکانی کەسێتی سیاسی و بنەما دەروونزانییەکانی ئایدۆلۆجیا  کردووەو و بایەخ بە مەسەلەکانی وەکو بەشداری نا تەقلیدی و پەیوەندیە سیاسیەکان و توندوتیژی سیاسی داوە. پاشان بایەخ بەزۆری گۆڕایە سەر مەسەلەکانی کە لەلایەن زانا سیاسیەکانەوە پشتگوێخرابوون.

دەروونزانی سیاسی وەک کایەیەکی مەعریفە بووە دیسپلینێک کە سنوورە جوگرافیەکانی بڕی. مێژووەکەی دەتوانرێت بۆ سێ قۆناغ کورت بکرێتەوە بەبێ لەبەرچاوگرتنی شوێنێکی جوگرافیای تایبەت. یەکەم قۆناغ فەلسەفیە کە زیاتر بایەخ بە بیردۆزەی سیاسی دەدات و زۆربەی کات لکێنراوە بە نەبوونی پێناسە و هەمەچەشنی میتۆدۆلۆجی. قۆناغی دووەم زیاتر زانستیانە و سیستەماتیکە و لەگەڵ ڕێنماییە ئەکادیمەکان و دەرکەوتنی یەکەم گۆڤار و نامیلکەکان و ناساندنی کایەکە و ناساندنی چەند دامەزرێنەرێکی دیارکراو دەست پێدەکات. قۆناغی سێیەمی گەشە و چەسپاندن و بەرفراوانبوون  بووە هۆی کرانەوەیەکی زۆری ناوەڕۆک و بەرفراوانبوونی میتۆدەکان. ئەم قۆناغانە لە پەرەسەندنیدا بەهەمان شێوە لە باکوری ئەمریکا، ئەمریکای لاتین، فەرەنسا و چەندین شوێنی تری وەک ئیسپانیا ڕووی داوە.

سنوورەکانی  دەروونزانی سیاسی وەک کایەیەکی مەعریفە وردە وردە بە درێژایی ساڵان کاڵبوونەوە و هاوتەریبی قەیرانە ئیپیستیمۆلۆجیەکانی زانست بەگشتی و کێشە سەرهەڵدراوەکانی راستی مەعریفەی زانستی بوونەوە. کێشەی هێشتنەوەی جیاوازیەکی  ڕوون لەنێوان کایە جیاوازەکانی مەعریفە و زاڵنەبون بەسەر ناکۆکی لەنێوان میتۆد و ڕاستەقینە و هەروەها

داواکاریەکی زۆر بۆ زیاتر یەکسانخوازی و بایەخی کۆمەڵایەتی و لەسەروهەمووشیانەوە پراکتیکی کۆمەڵایەتی کەمتر دەستەبژێرانە، بووە هۆی لەچوارچێوەدانانەوەی نەریتی مەعریفەی دەروونزانی.

### قۆناخەکانی پەرەسەندنی دەروونزانی سیاسی لە ئیسپانیا

پەرەسەندنی دەروونزانی سیاسی وەک سەرچاوە لە حاڵەتی ئیسپانیادا لەلایەن دوو ڕێنوێنیکاری گرنگەوە یارمەتیدراوە کە ئەوانیش (لە کۆنتێکستکردن و بەراوردی هاوشێوەییە). لەدۆخی یەکەمدا، دەروونزانەکان بەباشیان زانیوە کە ڕووداوەکان لەناو کۆنتێکستی تایبەتی کۆمەڵایەتی مێژووی خۆیدا ببینن. بیروبۆچوون و بەهاکان و ئەجێندا سیاسیەکان و سیاسەتەکان و بنەما لۆجیکی و دامەزراوەکان و هتد، هەموو ئەمانە لەناو کۆنتێکستێکی تایبەتیدا گەشەدەکەن. بۆیە بۆ تێگەیشتن و قسەکردن لەسەر مەسەلەیەکی سیاسی دیاریکراو پێویستمان بە شیکاری مێژوویی و کۆمەڵایەتیە. لە حاڵەتی دەروونزانی خۆیدا، ئەگەر بۆچوونێکی مێژوویی لەسەر کۆمەڵگا وەربگرین، ئەوا دەتوانیین بەخێرایی لە پەیوەندی نێوان ڕێگاکانی سایکۆلۆجیا و قۆناغە جیاوازەکانی گەشەی کۆمەڵایەتی بگەین. بۆنموونە، گومانی تێدا نیە کە دەروونزانی هاندان-وەرام (stimulus-response) ڕەنگدانەوە و هاوتەریبی کۆمەڵگای پیشەسازیە کە پێی وایە مرۆڤ هۆکاری بەرهەمە (واتە هاندەدرێن تا بەرهەمبهێنن) لەلایەک و بەکاربەرە (واتە هاندەدرێن لەڕێی ریکلامەوە بۆ کڕین) لەلایەکی ترەوە. هەروەها دەتوانرێت پەیوەندی لەنێوان پێویستیەکانی کۆمەڵگای زانیاری و چەمکی نوێی مێشک وەک پرۆسەی ناوکۆیی (واتە لە رووی کۆمەڵایەتیەوە بەستراو) ببینرێت.

ئەم تێگەیشتنە کۆنتێکستییەی  بارودۆخە جیاوازەکان و باوەڕ و بەهاکان و ئەوانی تر دەتوانرێت بەسەر دەروونزانی سیاسیدا جێبەجێبکرێت. کاتێک تاکەکان وەک بەرهەم و باکاربەر پێناسە دەکرێن، ئەوا دەروونزانی سیاسی کە گونجاوە لەگەڵ مەزەندە و کۆنترۆڵی ڕەوشتی سیاسی پەسەندەکرێت. لەکۆمەڵگای زانیاریدا کە گرووپەکان بەخێرایی خۆیان دەناسێنن و ئەجێندای سیاسی بەرهەمدەهێنن و لەدژی باری هەنوکە خۆپیشاندەدەن، دەروونزانی سیاسی زیاتر بایەخ بە پەیوەندی سیاسی و گووتار دەدات.

وەکو گرنگی دووەمی ڕێنوێنیکار بۆ دەروونزانی وەک سەرچاوە، دەروونزانەکان بەتایبەتی شیکاری بەراوردکاری بەباش دەزانن. لێرەدا توێژەر دەگەڕێت بەشوێن هاوشێوەکان لەنێوان ڕاستی و ڕووداوەکان و بیردۆزەکاندا کە سەر بە کایەی جیاواز و بواری مەعریفەن و هەروەها بەشوێن چرکەساتە جیاوازەکان لە کاتدا. ئەم شێوەیە لە شیکاری گریمانەی هیچ پەیوەندیەکی هۆ یان ئەنجام ناکات و هیچ جەختێکی دیاری کراویش لەبەرچاوناگرێت. بەڵکو زۆرجار لە شێوەیەکی سەرەتایی شیکاری ناوکۆیی دەچێت. بۆ دۆزینەوە و دامەزراندنی ئەم جۆرە پەیوەندیانە، دەبێت ڕێسای بەراوردکاری و مێژوویی وا بنیاتبنێین کە وامان لێبکات چەند دیاردەیەکی دیاریکراو بناسینەوە کە لەچەندین بواری جیاوازدا هەن. سەبارەت بە پێشەنگە مێژوویەکان، بۆنموونە،کۆنت ئاماژە بەوە دەکات کە هەر قۆناغێک لە مەعریفەی مرۆڤ ڕەنگدانەوەی خۆی هەیە لە چەند بۆچوونێکی سیاسی دیاریکراودا، هەروەها سپێنگلەر  پەیوەندیەکانی نێوان کولتورە جیاوازەکان لە کاتە مێژوویە جیاوازەکاندا دامەزراند.  بۆیە بە جەختکردنەوە لەسەر ڕاڤەی بەراوردکاری و کۆنتێکستگەرایی، چیتر ئاماژە

به دیسپلینی پێناسەکراوی جیهانی ناکەین. بەڵکو ئەو دەروونزانی سیاسییە فرەلا و جیاوازەمان دۆزیوەتەوە که لەبارەی راستییە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی چرکەساتی ئێستادا لە کات و هەروەها لە پێگەیەکی جوگرافی دیاریکراو دەدوێت.

بۆ بەرزنرخاندنی تێبینیەکانی پێشوو، وا باشە بە وردی سەیری سەرهەڵدانی دەروونزانی سیاسی لە ئیسپانیادا بکەین. باسەرەتا ئەو خەباتە لەبەرچاوبگرین کە کراوە بۆ دامەزراندنی دەروونزانی سیاسی وەک دیسپلینی لیکۆڵینەوە. حاڵەتی ئیسپانی زۆر بەسوودە لەبەرئەوەی رێگا تایبەتمەندیەکانی و نامۆییەکەی لە بەکارهێنانی دەروونزانی سیاسی بەردەوام بووە لە هەوڵدان بۆ لاسایکردنەوەی جۆرە دامەزراوەکانی تری دەروونزانی سیاسی.

وەک کایەیەکی مەعریفی، سایکۆلۆجیای سیاسی لە ئیسپانیا تارادەیەک دیسپلینێکی نوێیە. بەهەوڵدان بۆ گونجانی بیرۆکەی دامەزراوەکانی پێشتر کە دەبێت دەروونزانە سیاسیەکان بایەخی پێبدەن دەستیپێکرد. لەو کاتەدا دەبوایە ڕەگە ئەکادیمی و زانستیەکانی لەلێکۆڵینەوە ئایدیۆلۆژیاکان و بەشداربوونی سیاسیەکان و توندوتیژی سیاسیدا بدۆزرابایەوە . بەلانی کەمەوە دەتوانرێت چوار قۆناخ لە پەرەسەندنیدا دیارییبکرێت.

قۆناغی یەکەم دامەزراندنی دامەزراوە ڕۆشنبیرییەکان بوو. تیۆرو وانە کۆمەڵایەتیەکانی ئەو کاتە، ئەوانەی کە یونامینۆ و ئۆرتێگای گاسێت بەناوبانگترینیانن، مۆدێلە سیاسیەکانی ئیسپانیای خۆیان لەسەر بنەمای تیۆرەی دەروونزانی کۆمەڵایەتیدا بنیاتنا، هەرچەندە هیچیان وەک دەروونزانی سیاسی ئاماژەیان پێنەدەدرا، بەڵام شیکارە سیاسیەکانی

ئیسپانیایان و ڕۆڵە نێودەوڵەتیەکانیان لەسەر بنەمای دۆزینەوە دەروونزانییەکانی هەم ئەوانەی لەدەسەڵات و هەم هاونیشتمانی ئاسایی بنیاتنرابوو. ئیشەکانیان لەو بوارەدا هەتا دوای ساڵانی پەنجا نەگواسترایەوە بۆ کەسانی تر تا جەنگی ناوخۆی ئیسپانیا و فرانکۆی دیکتاتۆر هێورنەبووەوە.

قۆناغی دووەم یەکێک بوو لە دەروونزانی سیاسی ئەکادیمی. لەم قۆناغەدا، چەند فەلەسوفێکی لەڕووی کۆمەڵایەتیەوە هەستیار و سایکۆلۆجیستێک پێکەوە دیسپلینێکی سایکۆلۆجی ئەکادیمیان داڕشت کە تیایدا بایەخە کۆمەڵایەتیە گرنگەکانی خەڵکی ئیسپانیایان تێدا بەدەرخست. ئەم قۆناغە هاوئاهەنگ بوو لەگەڵ پاش جەنگی ساڵانی شەست و پەنجاکان. هەندێک لەو کەسایەتیانە لە جیهانی کۆمەڵناسییەوە هاتن وەک (تۆریگرۆساTorregrosa )، هەندێکی تریان سەر بە قوتابخانەی دەروونزانی کۆمەڵایەتی ڕەخنەگر بوون وەک (بوریللۆ Burillo)،هەروەها هەندێکی تریشیان لە دەروونزانی گشتیەوە هاتن وەک (پینیللۆس و سیۆئانە Pinillos and Seoane). ئەوانەی سەر بە دەروونزانی گشتی بوون بەگشتی وەک تەوەری سەرەکی لە پەرەسەندنی بوارێکی تایبەتی دەروونزانی سیاسیدا دەبینران. هەرچەندە سەرەکی بوون بۆ ئەو پەرەسەندنانە، بەڵام ڕێبازەکانی پینیللۆس و سیۆئانە تەواو جیاوازبوون. پینیللۆس (1983، 1960)گرنگی بە کاریگەریەکانی سیستەمی کۆمەڵایەتی لەسەر دروستبوونی کەسایەتی دەدا، بەڵام سیۆئانە (1982، 1994، 1998) هەوڵیدەدا ڕاڤەی دەروونزانی تاک و زانینی بکات لەناو چوارچێوەی مەعریفەی مێژوویی و هاوبەشدا.

قۆناغی سێیەمی دەروونزانی سیاسی زانستی وەک بەرئەنجامی ڕاستەوخۆی ئەوەی دووەمیان پەرەیسەند. بە ناساندنی مەیدانی لێکۆڵینەوەکەی جیادەکرایەوە کەلەناویدا بابەتە جیاوازەکانی یەکخستنی دەروونزانی سیاسی ئیسپانی پەرەپێدرا. جەختی سەرەکی لێکۆڵینەوەی ئایدۆلۆژیاکان وبەشداری سیاسی و توندوتیژی سیاسی بوو. لە جیهانی سیاسیدا، ئەم قۆناغە لەگەڵ چەسپاندنی دیموکراسی لە ئیسپانیادا هاوتەریبە. لەماوەی ئەم قۆناغەدا، چەندین ڕەگەزی جوگرافیایی هەمەچەشن بەڕۆشنی پێناسەکران و دەروونزانەکان لە چەندین شوێنی جۆراوجۆری وڵاتدا سەرقاڵی پێویستییە کۆمەڵایەتیە سیاسیەکانی هەرێمە تایبەتیەکانی خۆیان بوون. هەر لەوسەردەمەدا بووکە یەکەمین دوو کتێب لەسەر دەروونزانی سیاسی بڵاوکرانەوە. یەکەمیان (دەروونزانی سیاسی) لە بەرگێکدا ئیشی چەندین تیمی جیاوازی زانایانی دەروونزانی کە سەرقاڵی بابەتە کەلەپوریەکانی دەروونزانی سیاسی بوون کۆکردووەتەوە. هەرچەندە بەشدارەکانی دانەری ئیسپانی بوون، بەڵام ناوەڕۆکەکەی لە واقیعی دیارکراوی ئیسپانیا زیاتر ڕۆچووە و دەتوانرێت دابنرێت بەیەکەم نامیلکە کە بڵاوکراوەتەوە لە ئیسپانیادا. هەروەها لە ساڵی 1990 دا سیۆئانە کتێبێکی بڵاوکردەوە کە بەشدارەکانی بابەتە سەرەکیەکان و چێژی ڕاستەقینەی دەروونزانی سیاسی هاوچەرخیان لە ئیسپانیادا تیادا کۆکردبووەوە و لەو مەسەلانە دوابوون کە بەشێوەیەکی زۆر ڕوون ئیشەکانی ئیسپانیا پێناسەدەکات و جیادەکاتەوە لە کارە جوانەکانی وڵاتانی دی.

قۆناغی چوارەم، لە ساڵانی نەوەدەکاندا ئەلتەرناتیڤێک بۆ بۆچوونی زانستی بەهێز دەبێت. لە سەرەتاکانی ئەم ماوەیەدا دەتوانین جۆرێک لە

دەروونزانی سیاسی سەربازی بناسێنین، بەو مانایەی کە جۆرێک لە پابەندبوونی کۆمەڵایەتی گەڕاندەوە بۆ دیسپلین. ئەم قۆناخە جەختکردنەوە و دووبارە ئاراستەکردنەوەی بابەتی دەروونزانی سیاسی بۆ دروستکردنی ریفۆرمی کۆمەڵایەتی و پرسە سیاسیەکانی بەخۆوە بینی. نەوەی نوێی دەروونزانە سیاسیەکان (وەک داڤیللا، فۆوسە، گوتێرێز، لیللۆ دی لا کروز، مارتین،1998)هەوڵیانداوە کەچوارچێوەتیۆرییەکانی بوارەکە گەڵاڵەبکەنەوەو هۆکارەکان بۆ چالاکیەکی پابەندو توند بۆ زانایانی دەروونزانی روونبکرێتەوە. بەشێوەیەکی زۆر، ئیشە ئەکادیمیەکە جەختی لەسەر کۆنتێکستی ناسنامەی هەرێمە جیاوازەکان کە ئیسپانیا وەک وڵاتێکی چەند هەرێمی سەربەخۆ پێکدەهێنن دەکاتەوە (وەک گالیسیا، وڵاتی باسک، کەتەلۆنیا، ئەندەلوسیا، ڤالانسیا، کاستیل و هەروەها لیۆن). ئەم بزووتنەوەیەی دواییان رێگەی بۆ سەرهەڵدانی دەروونزانی سیاسی وەک سەرچاوە خۆشکرد.

## گرنگی دەروونزانی سیاسی

لەماوەی سی(30) ساڵی رابردوودا،دەروونزانی سیاسی گرنگییەکی زۆری پێدراوە، بەتایبەت لای ئەو پسپۆرو زانایانەی کە بەشدارییەکی کارایان لە تۆژینەوەی سیاسیدا کردووە،ئەم گرنگیپێدانە بۆتە هۆی ئەوەی دامەزراوەی تایبەت بەو زانستە (دەروونزانی سیاسی)هەبێت، وەک کۆمەڵەی نێودەوڵەتی بۆ دەروونزانی سیاسی،هەروەها کۆمەڵەی زانستی سیاسی ئەمریکی بەشێکی بۆ دەروونزانی سیاسی تەرخانکردووە، لەگەڵ زۆر لە رێکخراوە فەرمی و نافەرمییەکان چ لەناو وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و چ لە دەرەوەی ئەو وڵاتە سوود لە پسپۆرانی ئەکادیمی تایبەت وەردەگرن و

دەیانهێنن بۆ دامەزراوەکانی تایبەت بەو بوارە  لەبارەی تێگەیشتن و قووڵبوونەوە سەبارەت بە چۆنێتی سیاسەتکردن و دیاردە دەروونییەکان لە ناوەوەی مرۆڤەکاندا.ئەم گرنگیپێدانە بە دەروونزانی سیاسی وایکردووە کە ئەمڕۆ گۆڤاری تایبەت بە دەروونزانی سیاسی هەبێت و لە هەردوو بواری دەروونزانی و زانستی سیاسەت و چۆنێتی ئاوێتە بوونی ئەو دوو زانستە تاوتوێدەکەن و لێکۆڵینەوەی پوخت پێشکەش دەکەن.

هۆکاری گرنگیپێدان بە دەروونزانی سیاسی ئەوەبوو، زانایانی ئەمریکی پێیانوابوو هەموو ئەو تیۆرانەی کە هەن و باڵان، بۆ لێکدانەوەو شیکردنەوەی ئەم هەموو گرژی و ئاڵۆزییە نوێیانەی کە دێنە پێشەوە بەس نین یان وردتر بڵێین ئەو زانستانەی کە هەبوون دادی ئەم هەموو دۆخە ئاڵۆزەیان نەدەدا،بۆیە زانایان پێیانوابوو،پێویست بە زانستێکی دیکە دەکات کە زانستیانەترو ئەکادیمیانە تر بچێتە بنج و بنەوانی گرژی و ئاڵۆزییەکان.چونکە ئیدراکی سیاسی و رەفتاری سیاسی و سۆزو عاتیفەو پاڵنەرەکان کاریگەری زۆریان بەسەر ژیانی سیاسییەوە هەیە، ئەمانە هۆکاری گرنگن بۆ پێداویستیبوون و زەرورەتبوونی دەروونزانی سیاسی بۆ لێکۆڵینەوەو شیکردنەوەی سیاسی. راستە هەڕەشەو رق لەیەکدی هەڵگرتن و بەکارهێنانی هێز، هیچکام لەوانە شاراوە نین، بەڵام گرنگی ئەم زانستە لەوەدایە هۆکاری ئەم بەکارهێنانی هێزو رق لەیەکدی هەڵگرتن و هەڕەشەلەیەکدیکردنانە شیبکاتەوە.چونکە وەزیفەی دەروونزانی سیاسی زیاتر لەگەڵ دەسەڵات و هێزو حوکمڕانیدایە. کە دروستکردنی بڕیاری سیاسی و...هتدیش دەگرێتەوە.

دەروونزانی سیاسی رەگەزێکی گرنگە لە شیکارە سیاسییەکان و سیستەمێکە لەناو زانستە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان. زانایانی سیاسەت

گرنگییەکی زۆریان بە دەروونزانی کۆمەڵایەتی و دەروونزانی مەعریفی داوە بۆ ئەوەی بتوانن باشترو روونتر لە دەروونزانی سیاسی تێبگەن. واتا دەروونزانی سیاسی لە لایەک لەناو منداڵدانی دەروونزانی کۆمەڵایەتی و لە لایەکی دیکەوە لەناو منداڵدانی هەردوو زانستەکە (زانستی سیاسەت و دەروونزانی)هاتۆتە دەرەوە .واتە منداڵێکە لە زانستی سیاسەت و دەروونزانی لەدایکبووە .روونتر بڵێین منداڵی شەرعی زانستی سیاسەت و زانستی دەروونییە .

دەروونزانی سیاسی بەشێکی نوێ و کاریگەرە لە زانستی سیایدا، چونکە جۆرو شێوازی دروستکردنی بڕیارو پرۆسەی پێگەیشتنی ئەقڵی لە زانستی سیاسیدا رۆڵی گرنگی خۆی هەیە،چونکە دەروونزانی سیاسی ئامرازێکی زۆر گرنگە بۆ لێکۆڵینەوەو خستنە رووی سیاسەتەکە .چونکە دەروونزانی سیاسی راپەڕاندن و جێبەجێکردنی هەموو ئەوانەیە کە لە بواری دەروونزانی مرۆییدا بۆ لێکۆڵینەوەی سیاسی دەناسرێ،بۆئەوەی بە هۆی دەروونزانی سیاسییەوە دەتوانین باشتر بزانین کە خەڵک چۆن بیردەکاتەوەو جەخت لەسەر کام گریمانە بکەینەوەو رەگ و ریشەی گرفتەکان لە کوێوە سەریانهەڵداوە .دەروونزانی سیاسی لەوبارەیەوە یارمەتی و هاوکارێکی باشی زانستە سیاسیی و تەنانەت کۆمەڵایەتییەکانیش دەکات.

زانایانی سیاسەت لەو بڕوایەدان کە زانستی سیاسەت لەسەر دوو بنەما وەستاوە، یەکەمیان جوولەی تاکە بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندییە کەسییەکانی، دووەمیشیان رەفتاری تاک و بڕیارەکانێتی کە لە ئەنجامی ئەقڵانیبوونییەوە رەفتار دەکات.

دەروونزانی سیاسی وەکوو زانستێکی ئەکادیمی تایبەتمەند و سەربەخۆ، لە ئەنجامی تێکەڵبوونی دەروونزانی و سیاسەتدا رووبەڕووی

چەند گرفت و کۆسپێکی هەستپێکراو بووەوە، کە دیارترینیان ئەم دوو خاڵەی خوارەوەیە.

1- سنوورداری لە بەکارهێنانی میتۆدی زانستی: مەبەست ئەوەیە لە زۆربەی رێکارە ئەزموونگەرییەکاندا ناتوانرێ ئەم میتۆدە (میتۆدی دەروونزانی سیاسی بۆ لێکۆڵینەوە لە واقیعی سیاسی) بەکار بهێنرێت.

2- دەستتێوەردانی چەمکەکانی دەروونزانی: بەهۆی پێشکەوتنی دەروونزانی و بەرفراوانبوونی ئەم زانستە نوێیە، کە چووە ناو چەندین زانستی دیکەوە، کە بە هەمانشێوە چووە ناو زانستی سیاسەتیشەوە، ئەمەش چەندین چەمکی دیکەی بەخۆوە بینی کە هەر یەکێکیان پەیوەندی بە ئەویدەیانەوە هەیە، بەڵام تا رادەیەک جیاوازیشن، ئەمەشیان گرفتێکی دیکەیە کە بە روونی هەستی پێدەکرێت.

بۆیە گرنگی دەروونزانی سیاسی لەوەدایە،کە فرە پسپۆرییە لە چوارچێوەیەکی زۆر فراواندا،لەگەڵ ئەوەی کە دەتوانرێ تیۆرەکانی دەروونی و چەمکەکانی بەسەر پرسە سیاسییەکاندا جێبەجێبکرێت بە جۆرێک کە درێژدەبێتەوە بۆ ئەودیوی دەروونزانی و زانستی سیاسی. چونکە دەروونزانی سیاسی میتۆدەکەی لە کۆمەڵناسی و تاوان و مێژووی لێکۆڵینەوەکانی ئافرەتان و فێرکردن و پەیوەندییەکان و مرۆڤناسی و ...هتد جێبەجێدەکرێ،تەنانەت لەمانەش دوورتر کاتێک بتەوی لە تیۆری کەسایەتی و دەروونزانی کۆمەڵایەتی بکۆڵیتەوە، پێویستیت بە میتۆدی دەروونزانی سیاسی دەبێت.

دەروونزانی سیاسی تا دێت گەشەی زیاتر بەخۆوە دەگرێت، چونکە زانستێکە سوودی لە زانستەکانی سیاسەت و دەروونزانی و کۆمەڵناسی و دەروونزانی کۆمەڵایەتی وەرگرتووە، بۆیە گرنگە لەوە بکۆڵینەوە کە چۆن لەناو سیستەمی بەهایەکدا بەجوانی دابنرێت و بچەسپێنرێت کە نە کۆن و بەسەرچوو بێت و نە ناڕۆشن. بەڵکو ئەو بناغەیە دەبێت وەک چارەیەکی داهێنەرانە کاربکات بۆ بەرەنگاربوونەوەی نموونەی نوێی زانستی— نموونەیەک کە جەخت لەسەر بەدیموکراتیزەکردنی مەعریفە و هەڵوەشاندنەوەی سنوورەکانی ئەکادیمیا و دابەشکردنی بەرفراوانی زانیاری بەناو تۆڕەکاندا بکاتەوە. بۆیە شەرعیەتێک بۆ دەروونزانی سیاسی نوێ ناکرێت لە سیستەمێکی بەهایی سەپێنراوی هەرەمی (وەک هیومانیزمی لیبرال و تیۆلۆژیای سەربەست و فەندەمێنتالیزمی ئاینی و هتد) دەربهێنرێت، بەڵکو لە بەشداری ئاسۆیی هاونیشتمانیان و دامەزراوەکان و تۆڕە هاوبەشەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی دەردەهێنرێت. بەپێی ئەم بۆچوونە، ناوەڕۆک و چالاکی سایکۆلۆژیای سیاسی بە کراوەیی و گۆڕاوی دەمێنێتەوە لە پەیوەندی لەگەڵ فاکتەرە پەیوەندارەکان لەهەر کاتێکی دیاریکراودا، لەناویاندا ڕۆڵی بزوێنەرەکانی (وەک ئەکادیمی و گرووپ و کۆمەڵگای مەدەنی) و کاریگەری فاکتەرە جوگرافیەکان. بەکورتی، سایکۆلۆجیای سیاسی وەک سەرچاوە دەتوانرێت بەباشی وا سەیربکرێت کە تۆڕێکی بەردەوام نوێ و پەرەسەندووی بۆچوونی ورد و بەهای لەبەرچاوگیراو و کرداری پەیوەندار و گرنگە.بەتایبەت کە دەروونزانی سیاسی وەک کایەیەکی مەعریفە سەیردەکرێت و دەناسرێت.

- **مێژووی دەروونزانی سیاسی**

بە درێژایی مێژوو، سیاسەت هەمیشە بەستراوەتەوە بە سایکۆلۆژیا،کە بۆ سەرەتاکانی هزری مرۆڤایەتی دەگەڕێتەوە، کە دەکرێت لە ئەرستۆوە ئاماژەی پێبکەین،کە گرنگی بەم پرسەداوە، مەبەست لەم پرسە پرسی سیاسەت، ئابووری ،دەروونی، ..هتد داوە.چونکە روونە ئاکار(اخلاق)زانستی تۆژینەوەی رەفتاری کەسییەو ئابووریش پەیوەندی بە بەڕێوەبردنی ژیانی خێزانییەو سیاسەتیش پەیوەندی بە جۆرو چۆنێتی بەڕێوەبردنی شار(دەوڵەت)ە .

دەروونزانی سیاسی لەماوەی نێوان هەردوو شەڕی جیهانی هاتە ئاراوە،کە زانستێک بوو تیایدا دەروونزانی و زانستی سیاسەتی بەیەکەوە کۆدەکردەوە،سەرهەڵدانەکەشی گوزارشت بوو لەو پێداویستییە کە بارودۆخە ناجێگیرو نا ئارامییەکەی ئەوکات سەپاندبووی کە بەهۆیەوە سیستەمی شمولی هاتبوونە ئاراوە وەک نازیزم لە ئەڵمانیاو فاشیزم لە ئیتالیا،کە لەگەڵیدا قەیرانێکی گەورەی ئابووریشی دروستکردبوو،ئیتر کۆمەڵگای رۆژئاوا بە ناچاری کەوتە ناو شەڕێکی نوێی وێرانکارەوە. لە دەوروبەری سەرەتای سالآنی چلەکان 1940 سەریهەڵدا، ئەوکاتەی تۆژەران ملکەچی شیکردنەوەی دەروونی بوون لەپەیوەندی بە سیاسەت و دەروونزانییەوە.لێرەوە بوو تۆژەران دەروونزانی سیاسیان بە پێویست زانی بۆ ئەو مەعریفەیەی کە لە کۆمەڵناسی و دەروونناسیدا هەیە بخرێتە جێبەجێکردن لە جیهانی سیاسەتدا.

زانایانی دەروونزانی سیاسی بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدان بەهۆی دەستەبەربوون و فەراهەمکردنی زانیاری وردو پڕبەها لە پەیوەندییە

کۆمەڵایەتییە سیاسییەکان.شیکارێکی ورد بۆ پاڵنەرە سیاسییەکان بکەن، دەروونزانی سیاسی وەکوو زانستێکی نوێ دەیەوێ بزانێت لەبەرچی ئەو رووداوە سیاسییە روویداوە،چونکە هەموو رووداوێکی سیاسی لە میتۆدی دەروونزانی سیاسیدا جێگای گرنگیپێدانەو،بۆیە رەگ و ریشەی دەروونزانی سیاسی بۆ چەندین بواری دیکەی سیاسی و کۆمەڵایەتی درێژدەبێتەوە بە کۆمەڵزانی و مرۆڤزانی و فەلسەفەو ئابووری و راگەیاندن و مێژوو پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانیشەوە، بۆ گەیشتن بە چەندین دەرئەنجامی دیاریکراو. چونکە دەروونزانی سیاسی بەتەنها لەسەر کەسایەتییە سیاسییەکان کورتناکرێتەوە، بەڵکو چاودێری هەموو جەماوەردەکات، بەومانایەی پشتگیری لە مافی هاوڵاتیان دەکات بەرامبەر بە بەرپرسانی حکومی،لەبەر ئەوەیە زانایانی دەروونزانی سیاسی یارمەتیدەرێکی باشن بۆ دروستکردنی رای گشتی ،یان سەرکەوتن لە هەڵبژاردنەکاندا، .......هتد.

دەروونزانی سیاسی لە ناوەڕاستی سەدەی رابردوودا بریتی بوو لە ئایدیۆلۆژیاو بیری نەتەوەیی و بەشداریکردنی سیاسەت و سیاسەتی رۆشنبیری، واتا دەروونزانی سیاسی پەیوەندییەکی ئۆرگانی و دیالەکتیکی هەبوو بە بزووتنەوە فیکرییەکان بەتایبەت لە ئیسپانیا.. لە ئەمریکاش لە سەرەتای ساڵانی هەشتاکانەوە تا لە کۆتایی نەوەدەکان نزیکدەبێتەوە، گرنگییەکی زۆر بەو زانستە (دەروونزانی سیاسی) دراوەو، لەم بوارەشدا سێ (3)گۆڤاریان دەرکردووەو گفتوگۆی جیدیان لەسەر ئەم پرسە کردووە.

دەروونزانی سیاسی تاک لە ئەمڕۆدا، تێڕوانینێکی نوێ و فرە پسپۆریی هێناوەتە ئاراوە، بەجۆرێک وێڕای جیاوازی لە بیروبۆچوون و تێڕوانیندا،هەر تیۆرێک کە لە هەناوی دەروونزانی سیاسییەوە سەرهەڵدەدا، گونجانێکی تەندروست بۆ لێکدانەوەو شیکردنەوەی سیاسی لە کاتی گونجاودا

فەراهەمدەکات، چونکە دەروونزانی سیاسی یارمەتیدەرێکی باشە بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارەی کە جەماوەر لەبارەی سیاسییەوە چۆن بیردەکاتەوە؟

سیاسەت، لەراستیشدا رووداوە سیاسیەکان چیتر تەنها لە ڕووی حکومەت و دەسەڵات و سەرکردە و ئایدیۆلۆژیەکان یان بەڕێوەبردنی سەرچاوەکانەوە نابینرێت. سیاسەت لە ئێستادا پرسگەلێکی زۆر فراوان لەخۆدەگرێت و لەڕاستیدا ناتوانرێت بە روونی لە ژیانی کۆمەڵایەتی بەگشتی جیابکرێتەوە. پرۆسەی سیاسی هەر بەتەنها لەناو ڕێکخراوە سیاسی و کرێکاریەکاندا نادۆزرێتەوە، بەڵکو لەناو خێزان و ڕێکخراوە ئاینی و خێرخوازیەکان و دامەزراوە ئەکادیمی و نەریتە کولتووریەکانیشدا هەیە. ئەم بە سیاسەتکردنەی ژیانی کۆمەڵایەتی و کەسیی بەو مانایە دێت کە چەمکی کۆنی دیسپلین بووەتە شتێکی بەسەرچوو و لەشوێنیدا نموونەیەک کە جەخت لەسەر بەدیموکراتیکردن و دابەشکردنی مەعریفە بکاتەوە پێویستە. بۆیە دەروونزانی سیاسی پرۆسەیەکی ناوکۆییە کە لەناو بوارە جیاوازەکانی مەعریفەدا، لەنێوان کۆمەڵگای دیموکراتی و کۆمەڵگەی زانستیدا، بەلەبەرچاوگرتنی چەند پرسێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو، کاردەکات.

بە گشتی هەر یەک لە (تارد)و(گوستاف لۆبۆن)و (ماکدوکال) و (گراهام والاس)و(بالدوین)،هەر لە سەرەتای سەدەی رابردووەوە لێکۆڵینەوەیان لەبارەی پەیوەندی نێوان زانستی سیاسەت و دەروونزانی کردووەو شرۆڤەو لێکدانەوەی دەروونییان بۆ هەموو گرفتە سیاسییەکان پێشکەشکردووە، لە لایەکی دیکەیشەوە لێکۆڵینەوەیان لە نێوان سیستەمی سیاسی و دەروونی گەلان کردووە، کە باری دەروونی و جۆری بیرکردنەوەی

گەلان پێویستی بە چ جۆرە سیستەمێکە.(والتەر بیگهۆت) لەمبارەیەوە لە کتێبی(فیزیاو سیاسەت)لێکدانەوەی بۆ سیستەمی دەستووری بەریتانی لە ژێر رۆشنایی دەروونزانی و دەروونزانیی گەلی بەریتانی کردووە. لەو کتێبەیدا والتەر بیگهۆت ئەوەی خستۆتە روو کە ناتوانرێ تۆژینەوەیەکی وردو زانستیانە ئەنجام بدەیت ئەگەر نەزانی ئەو خەڵکە کە تاکەکان و ئەندامەکانی لەو کۆمەڵگایەدا لەژێر چ کاریگەرییەکی لەیەک جیاوازن. ئەم کتێبە هاندەرێکی باش بوو بۆ ئەوەی (گراهام والاس)کتێبی (سروشتی مرۆڤایەتی لە بواری سیاسەتدا) بنووسێ، و چەندین هزرڤانی دیکە گرنگی زیاتر بە دەروونزانی کۆمەڵایەتی بدەن بۆ ئەوەی هزری دەروونزانی سیاسی باشتر گەشە بکات و پێشبکەوێت. دوای ئەمانە زۆرن ئەوانەی لە گرنگی دەروونزانیان کۆڵیوەتەوە بۆ سیاسەت، چونکە لێکۆڵینەوەی سیاسی بە خۆ بە دوورگرتن لە دەروونزانی ، لێکۆڵینەوەیەکی زۆر تەندروست و سەرکەوتوو نابێت، چونکە هەموو سەرکردەکان لە ژێر بارێکی دەروونی جیاواز لە یەکترین، پێویستە ئەو بارە دەروونییە جیاوازە بە روونی دەستنیشان بکرێت و رێگاچارەی گونجاوی بۆ دیارییبکرێت.

لەدەوروبەری سالآنی شەستەکاندا دەروونزانی سیاسی وەک کایەیەکی مەعریفە کە هەوڵیدابوو دەروونزانی زانستی و دیاردەی سیاسی پێکەوە کۆبکاتەوە پەرەپیێدرا . بەڵام بارودۆخە ئەکادیمی و کۆمەڵایەتیەکانی ئەمرۆ زۆر جیاوازن. بەشێوەیەکی بەرچاو دەروونزانی سیاسی هەم لە کۆنتێکستی ناوەکی دەروونزانی و هەم لە کۆنتێکستی دەرەکی پەیوەندی لەگەڵ جیهانی کۆمەڵایەتیدا بووەتە پاڵپشتیەکی گرنگ. بۆیە ئێستا دەروونزانی سیاسی وەکو سەرچاوەیەک دەبینرێت کە مەعریفەی دەروونزانی و مومارەسەی کۆمەڵایەتی پێکەوە دەبەستێتەوە. دەروونزانی سیاسی خاڵێکە

که کۆمەڵگە و دەروونزانی بەیەکەوە دەگەیەنێت. گەشەکردنی دەروونزانی سیاسی لە ئیسپانیا نموونەیەکمان دەخاتە بەردەست بۆ ئەو بۆچوونە جێگرەوەیە لە کایەکەدا.

بێگومان کاتێک لە مێژووی سەرهەڵدانی دەروونزانی سیاسی دەدوێین، پێویستە ئاماژە بۆ هزرڤانانی دیکەی دەروونزانیش بکەین، کە ئەوان بوون هەستیان پێکردبوو کە دەروونزانی پێویستە بچێتە ناو سیاسەتیشەوە، ئەوەبوو پێشرەوی دەروونزانان (فرۆید) کاتێک کتێبی (موسی والتوحيد-موساو یەکتاپەرستی)نووسی،ئاماژەیەکی روون بوو بۆ دەروونزانی سیاسی،ئەم کتێبە بە بنەمایەکی پتەو دادەنرێ بۆ ئەو زانستە (دەروونزانی سیاسی)،فرۆید دوای ئەم کتێبەی وتارێکی دیکەی گرنگی نووسی بەناوی (چەند بیرورایەک لەبارەی سەردەمی شەڕو مەرگ) کە زیاتر بەناخی پێویستبوونی ئەو زانستەدا چووەتە خوارەوە،دوای فرۆید (یۆنگ)چەند لێکۆڵینەوەیەکی لەبارەی ئەفسانەو نائاگایی کۆمەڵی و پەیوەندی بە نائاگایی تاکەوە بڵاوکردەوە،ئینجا ئەوانەی سەر بە قوتابخانەی فرۆید بوون و ئەوانەیش کە لە قوتابخانەکەی فرۆید جیابووونەوە، هەوڵیاندا هاوسەنگییەک لە نێوان دەروونشیکاری سیاسەت و بەتایبەت تیۆری مارکسیزم دروستبکەن. دەکرێ لەمبارەیەوە ئاماژە بۆ (گراهام والاس) بکەین کە لە ساڵی 1921 کتێبێکی بەناوی (سروشتی مرۆڤایەتی لە بواری سیاسەتدا)ی بڵاوکردەوە.

بەڵام تۆژینەوەی زانستی لە بواری دەروونزانی سیاسی دەتوانین بڵێین لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و لە گەرمەی شەڕی دووەمی جیهانی هاتۆتە ئاراوە. تۆژینەوەکان بە هاوکاری ئەو زانایانەی دەروونزانی بوو کە لە ئەوروپاوە کۆچیان بۆ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کردبوو، لە ترسی

ئەو شەڕەی کە نازیزم دایگیرساندبوو،بۆیە کۆتایی چلەکان و سەرەتای پەنجاکانی سەدەی رابردوو بە دەرکەوتن و سەرهەڵدانی دەروونزانی سیاسی دادەنرێ.

- **ئامانجەکانی دەروونزانی سیاسی**

ئامانج لە سەرهەڵدان و دروستبوونی دەروونزانی سیاسی تێگەیشتنی رەفتاری سیاسییە بە بەکارهێنانی رێگایەکی زانستیانە.کە ئەمەش یارمەتیدانێکە لەسەر زانیاری زیاترو متمانە بەخۆ بوون بە رێگایەکی زانستیانە بۆ ئەو خێراییەی لە پێشکەوتنی هۆیەکانی راگەیاندندا هەیە لە بواری پڕوپاگەندەدا، ئەم خێراییە لە پڕوپاگەندەکردندا بەهۆی هۆیەکانی راگەیاندنێکی پێشکەوتوودا ،بە پێویست زانرا زانیاری زیاتر بکەونە بەردەست بەتایبەت ئەوەی پەیوەندی بە پرۆسەی سیاسی و دەروونییەوە هەیە.چونکە کاریگەریی چالاکی دەروونزانی لە پڕۆسەی سیاسیدا وەک ئەوە وایە هێزی ئەقڵی سرووشتی دروستکردنی بڕیاری سیاسی دیاریبکات و کاریشی تێبکات،هەروەها بە هەمانشێوە سروشتی دروستکردنی بڕیاری سیاسی کاریگەری بەسەر هێزی ئەقڵییەوە جێدەهێڵێت، واتا هەردووکیان کاریگەرییان بەسەر یەکترەوە هەیە.

بە کورتی ئامانجەکانی دەروونزانی سیاسی دەتوانین لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا چڕ بکەینەوە:

أ- لێکدانەوەی رووداوە سیاسییەکانە لە رێگای دانانی گریمانەکان دەربارەی گرنگییەکانی مرۆڤ بە گوێرەی رێگایەکی زانستی و

ئەزموونکراو، واتا پشتبەستن بە شێوازەکانی تۆژینەوەی زانستی لە لێکۆڵینەوەی سیاسیدا.

ب- دانانی یاسا گشتییەکان بۆ رەفتاری تاک، کە دەتوانرێ بە هۆیەوەلێکدانەوەو پێشبینی لە رووداوە سیاسییەکاندا بکەیت.

ت- تێگەیشتن لە رەفتاری کۆمەڵەکان و رێگای بیرکردنەوەی کە چۆن بڕیار دروستدەکرێت (وەردەگیرێت).

ث- بەکارهێنانی دەروونزانی لە چاککردن و باشترکردنی پرۆسەی سیاسیدا، بە جۆرێک کە سوودی بۆ هەموو مرۆڤایەتی هەبێت.

**جۆرەکانی دەروونزانی سیاسی**

بە کورتی جۆرەکانی دەروونزانی سیاسی لەم چەند دێرەی خوارەوەدا چڕ دەبێتەوە:

أ- گرنگیپێدان بە لێکۆڵینەوەی تاک و رەفتارە سیاسییەکەی:

لە ئەنجامی لێکۆڵینەوە لە کەسایەتی وچۆنێتی پەیداکردنی زانیاری و شوناس و ئاراستەکان و بەهاکان لە لایەن تاکەوە، زۆر شتی دیکەی لەمجۆرە هەن کە کاریگەرییان بەسەر رەفتاری تاکی سیاسییەوە هەیە.

ب- گرنگیپێدان بە لێکۆڵینەوەی کۆمەڵەکان (المجموعات):

لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەی شێوەکانی کۆمەڵەکان،جیاوازی رەگەزی(التمیز العنصری)،جیاوازی عرقی و چۆنێتی وەرگرتنی کۆمەڵێک بڕیاری سیاسی ، کە هەموو ئەمانە کاریگەرییان بەسەر پرۆسەی سیاسییەوە هەیە.

ت- گرنگیپێدان بە لێکۆڵینەوەی کەسایەتییە سەرکردەکان:

ئەمەیان لە جۆری یەکەمیان زیاتر تایبەتمەندە، چونکە گرنگی بە لێکۆڵینەوەی نوخبەیەک دەدات کە کاریگەری زۆر وردی بەسەر دروستکردنی بڕیاری سیاسییەوە هەیە،تەنانەت توانای پێشبینیکردنی بە سروشتی بڕیارەکەوە هەیەکە سەرکردە دەتوانێ بڕیارەکە دروستبکات یان وەریانبگرێ، ئەگەر رووبەڕووی هەڵوێستێک یان رووداوێکی دیاریکراو بووەوە.

ث- گرنگیپێدان بە توندوتیژی سیاسی:

بەتایبەت تیرۆر کە چەمکێک یان لقێکی تا رادەیەک لەناو توندوتیژیدا نوێیە،چونکە لە ئەنجامی چەندین لێکۆڵینەوەی زۆر تایبەت بەتایبەتی لە دوای رووداوەکانی11ی سێپتەمبەر ئەم چەمکە پەرەیسەند، کە لەناوبردنی بە کۆمەڵ و پاکتاوی رەگەزی دەبوونەوە.

### سوودەکانی دەروونزانی سیاسی

چ شتێک وا دەکات دەروونزانی سیاسی بەهادار بێت و خەسڵەتێکی جیاکارەوەی هەبێت؟ یەکەم، لەبەر ئەوەی بە شێوەیەکی بەربڵاو زیاتر لە بوارێکی توێژینەوە لەخۆدەگرێت؟ئەگەرچی جەوهەرەکەی لە جێبەجێکردنی تیۆرە سایکۆلۆژیەکان و چەمکەکانی پرسە سیاسیەکاندا بەرجەستە دەبێت، مەوداکەشی سنووری یەکانگیربوونی دەروونزانی و زانستی سیاسەت تێدەپەڕێنێت. دەروونزانی سیاسی ئایدیا و جێبەجێکردنەکانی کۆمەڵناسی، پەروەردە، تاوانناسی، مێژوو، تۆژینەوەکانی پەیوەست بە ئافرەتان، پەیوەندیکردن و،ئەنترۆپۆلۆژیاش لەخۆدەگرێت.ئەم مەودایە پتر بەرفراوانتر

دەبێت، کاتێک توێژینەوەکە بوارەکانی دەروونزانی پێکەوە گرێ دەدات- بۆ نموونە، تیوری کەسایەتی و دەروونزانی کۆمەڵایەتی.

دووەم، زۆرێک لە کێشە هەستیارەکانی سیاسەت شیکردنەوەی بنیاتنراو لەسەر تێڕوانینە سایکۆلۆژیەکان دەخوازێت. ئەمانەش تەنها لە رووی تیورییەوە سوودیان نیە، چونکە بۆی هەیە شیکردنەوەی بنیاتنراو لەسەر بنەمای دەروونزانی سیاسی پتر قەناعەتپێهێنەر بێت بە بەراورد بە مۆدێلە بەرتەسکەکان، بەڵکو سوودی کرداریشیان هەیە، چونکە دەروونزانی سیاسی نەک تەنها کراوەیە بەسەر شیکردنەوەدا، بەڵکو بەسەر رێنمایی و ئاڕاستەکاریشدا. بەو پێیە، سیاسەت دارێژەران و توێژەرانیش سوودمەند دەبن.

یەکێک لە بەشداریکردنە رۆشنبیریە گەورەکانی دەروونزانی سیاسی ئەوە شیدەکاتەوە کە چۆن مەرجەعیەتەکان یان بەرژەوەندیەکان گەڵاڵە دەبن، چۆن ریزبەندی دەکرێن،تا چ ئاستێک بەتوندی پابەند دەبن پێیانەوە و، چۆن جێبەجێدەکرێن. لەوەش زیاتر، دەروونزانی سیاسی لەسەر ئاستی تاکەکەسی و ئاستی گروپەکان مامەڵە لەگەڵ ئەم پرسانەدا دەکات.

تیۆری بژاردەی ئەقڵانی گریمانەی ئەوە دەکات رەفتارەکان بە ئامانجی زیادکردنی سوود یاخود بەها ئەنجام دەدرێن. لەگەڵ ئەوەشدا، دیاریکردنی ئەو سوودە لە دەرەوەی مەودای ئەو تیۆرەیە، ئیدی بەرجەستەکردنی دەرئەنجامەکە لەدواتردا چەند وردو کارامە بێت. بە پێچەوانەوە، دەروونزانی سیاسی،بریارەکە دابەشدەکات.تێڕوانینەکە ئەوەیەدروستکردنی مەرجەعیەت دەرئەنجامی پرۆسەیەک بێت، نەک خاڵی دەستپێک بۆ شیکردنەوە. کەواتە دەروونزانی سیاسی ئەوە ڕووندەکاتەوە کە چ بژاردەیەکی ئەقڵانی یاخود تیورێکی ئابووری پیادە دەکرێت.

لەوەش زیاتر، دەروونزانی سیاسی ئەو رەفتارە روووندەکاتەوە کە بە شێوەیەکی ئاشکرا رەفتارێکی یارمەتیدەر یاخود خۆویستانە نیە. ئەمە بە مانای ئەوە نایەت کە دەروونزانی سیاسی تەنها جەخت لەسەر ئەو کردارانە دەکاتەوە کە بە شێوەیەکی ڕوون ئەقلانین، ئەگەرچی توێژینەوە لە لایەنگیریە جێگیرەکانی بیرکردنەوەی لۆژیکانە دەکات بەهۆی پرۆسەکانی دەرئەنجامە سایکۆلۆژیەکانی فێربوون و تێڕوانین و بیرکردنەوەی لۆژیکانەوە ، هەروەها لەسەر کاریگەریە سۆزداریە کەمتر پێشبینیکراوەکان لەسەر ڕەفتار. بەڵکو بە مانای ئەوە دێت کە دەروونزانی سیاسی مامەڵە لەگەڵ ئەو پرسانەدا دەکات کەتیۆری بژاردەی ئەقلانی بێ وەڵام جێیاندەهێڵێت. ئایدیای دەروونزانی سیاسی گریمانەی ناکات کە کاراکتەرێک ناتوانێت مەرجەعیەتی هەبێت یاخود ئەدای کارێک بکات کە گونجاو نەبێت لەگەڵ بەرژەوەندیە خودیە ماددیەکاندا. لەوەش زیاتر، دەروونزانی سیاسی بابەتیبوونی چەمکەکانی خود-بەرژەوەندی شیدەکاتەوە. بۆ نموونە، بیر لەوە بکەرەوە کە بۆچی تاکەکەسەکان هەوڵی بەدەستهێنانی خزمەتگوزاری گشتی دەدەن لە کاتێکدا دەتوانن بێ کۆشش یاخود بێ سەرکێشی بەدەستی بهێنن؟ بە تایبەتی، بۆچی دەستدەدەنە کردارێکی دەستەجەمعی یاخیگەرانە؟ لێرەدا تەنگژە کلاسیکیەکە لە ئاست مۆدێلی بژاردەی عەقلانیدا ئەوەیە کە ئەو رەفتارەی " عەقلانی"ە بۆ تاکەکەسێک رەفتارێکی "ناعەقلانی"یە بۆ دەستەجەمع. تاکەکەسێکی عەقلانی بەشداری لە شۆڕش یاخود ناڕەزایەتی دەربریندا ناکات، یاخود لە راستیدا هەر رەفتارێک کە سازدانی ژمارەیەکی زۆری خەڵک لە خۆبگرێت بۆ ئەوەی سەرکەوتوو بێت. تەنگژەکە ئەوەیە کە ئاشکرایە خەڵکی ئەو کارە دەکەن.

لەبری چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە لە رێی باسکردن لە بوونی چەند پاڵنەرێکی دەستنیشانکراوەوە یاخود درێژکردنەوەی چەمکی" سوود" یاخود خود-بەرژەوەندی بۆ مەودایەکی زۆر کە ببێتەهۆی لە دەستدانی ووردبینیە شیکاریەکەی، سایکۆلۆژیای سیاسی ڕاستەوخۆ ئاماژە بەو پاڵنەرانە دەکات کە زۆر دیاریکراو و جیاوازن بۆ بەشداریکردن لە بزوتنەوە توندوتیژەکانی بەرهەڵستکاری یاخود لە خۆپیشاندانە یاساییەکانی ناڕەزایەتی دەربڕین. مەیلە تاکەکەسی و کۆمەڵایەتیە جۆراجۆرەکان دەستنیشان دەکات لەگەڵ ئەو فاکتەرانەدا کە دەبنەهۆی رووداونی روداوەکان.

پێویستە تیوری بژاردەی عەقلانی گریمانەی ئەوە بکات کە هەموو کەس هەمان تێڕوانینی هەیە بۆ " چاکەی" گشتی، نەک تێگەیشتنە جیاوازەکان، و ئاستەکانی پابەندبوون و تێڕوانینەکانی بەهای ئەو ئامانجەی بەدەست دەهێنرێت. دەروونزانی سیاسی پێداگیری لەسەر ئەوە دەکات کە خەڵکی بەرژەوەندی سۆزداری (عاتیفی) جیاوازیان هەیە لە دەرئەنجامە سیاسیەکە و بیرکردنەوەی لۆجیکیانەی جیاوازیان هەیە.هەروەها پێشنیاری ئەوە دەکات تاکەکەس بەشداری دەکات

1- لەو چالاکیە سیاسیانەدا کە پێشبینی ئەوە ناکرێت سەرکەوتوو بن.
2- کاتێک کە مەرج نیە هەست بکەن لە رووی کەسێتیەوە کاران. ڕەنگە " سوودە پێشبینیکراوەکان"یان کەم بێت.

لەوەش زیاتر، دەروونزانی سیاسی پرسیاری ئەوە دەکات بۆچی رەفتارگەلێکی دیاری کراو(بە چەشنی ئینتیمابون بۆ گرووپێک، ئەنجامدانی کردەوەگەلێکی دڵڕەقانە و توندوتیژانە، تۆڵەکردنەوە لە کارێکی هەڵە، تەنانەت ئێش و ئازارچەشتن و قوربانیدان) دەبنەهۆی دەستەبەرکردنی

"پاداشتی دەروونی" لەبری ئەوەی تەنها ڕایبگەیەنن کە ئەو کارە ئەنجام دەدەن.

کێشەیەکی دیکەی پەیوەندیدار بە بژاردەی ئەقڵانی ئەوەیە کە بریتیە لە هەڵکشانی توندوتیژی بۆسەروو ئاستی خوازراو بۆ بەدەستهێنانی ئامانجێک ، ئیدی ئەو ئامانجە بریتی بێت لە یاخیبوون یاخود سەرکوتکردنی ناڕەزایەتی. هەمیشە کاولکاری ناکۆکیە ئیتنی-ناسیۆنالیستیەکان سنووری ئەو ئێش و ئازارە تێدەپەڕێنن کە پێویستن بۆ " بردنەوە" و بە زۆری دەرئەنجامی پێچەوانەیان لێدەکەوێتەوە. هاردین (1995)، کە ڕاست و دروست بوو لە ڕەتکردنەوەی بیرۆکەی "رق و قینی سەرەتایی-بدائی-"، هەوڵیدا " دیاردەی ناعەقڵانی" — کە لە ئاستێکی بەرزدا سەیردەکرا- شیبکاتەوە لەسەر ئەو بنەمایەی کە ئەوەی عەقڵانیە دەوەستێتەسەر ئەو مەعریفەیەی یاخود ئەو زانیاریەی کە کەسەکە هەیەتی. بە ئاشنابوون بەمە و هاوتا بە مەعریفەی گروپی کەسەکە ناسنامەی ئیتنۆ-ناسیونالیستی دێنێتەبەرهەم، بەو پێیە، بە شێوەیەکی حەتمی ناکۆکیش لەگەڵ ئەوانی دیکەدا دێنێتەئاراوە. هەروەک هاردین (1995) دەڵێت، " لە ناکۆکیەکی ئیتنی توندوتیژیدا ڕەنگە نەزانی، شێتێتی، مۆراڵ و ناسنامەی نائەقلانی گرووپ پێکەوە لە کاردابن لە پەیوەندیدا بە زۆرێک لە بەشداربوانەوە، بەڵام ئەوان دەستبەرداری گۆڕەپانی گەمەی خۆیان دەبن لە مەیلە تاکەکەسیە ئەقڵانیەکانەوە بۆ ناسنامەی گروپ". لەگەڵ ئەوەشدا هاردین دان بەوەدا دەنێت کە " توندوتیژی دیاردەیەک گۆڕانی کتو پڕ و گەڕانەوە بۆ ڕەفتاری پێشوو لەخۆدەگرێ، لەبەر ئەوە هەر کاتێک دەستیپێکرد، یاخود گەیشتە ئاستێکی تەواو بەرز، ئەوا خۆی خۆی دەچەسپێنێت". ئەو بەردەوام دەبێت، " بۆی هەیە ئەو جێگیریە گشتیەی لەبارەی پێشبینی ڕەفتاری

ئەقڵانی هەرەسبهێنێت..." هەروەها ئاماژە بە سەرکردە هەلپەرست و بێ مەبدەئەکان دەکات کە گەمە بە هەستی ئیتنی دەکەن لە پێناو دەستکەوتی شەخسیدا. هەرچۆنێک بێت، هیچ یەکێک لەم دیاردانە- هەڵکشانی توندوتیژی گروپێک کە مەودای "ماقوڵ" تێپەڕێنێت و بوونی سەرکردەگەلێک کە کاریان ئیستیغلالکردنە- پەیوەندی شوێنکەوتەیی- بێ چەمکەکانی دەروونزانی سیاسیش قابیلی ئەوەنین شیکردنەوەیان بۆ بکرێت.بۆ نموونە، بۆچی توندوتیژی ئەوەندە دڵڕەقانەبوو و کەسی لێ پارێزراو نەبوو، کە ژمارەیەکی زۆری قوربانی مەدەنی و کاری نامرۆییانەی قێزەونی لێکەوتەوە، لەزۆرێک لەکولتوور و شوێنە جیاوازەکاندا، جەزائیر، بۆسنیا،رواندا،سیرالیۆن،کۆسۆڤۆ،تەیموری ڕۆژهەلات؟ بۆچی سەرکردە تەماحکار و نامەبدەئیەکان، کە پەنا بۆ ورووژاندنی بیروباوەڕە پێشوەختەکانی- کە بە بەڵگە پشتڕاست نەکراوەنەتەوە- خەڵکی دەبەن، دەبنەهۆی سەرنجراکێشانی خەڵک؟ بۆچی کارێکی سوودبەخشە کە سیاسیەکان گەمە بە کارتی ئیتنی بکەن بۆ بەدەستهێنانی پشتیوانی؟ بۆچی تاکەکەسەکان ناسنامەیەک لە بری ناسنامەیەکی دیکە هەڵدەبژێرن؟ ئایا هەموان پێویستیان بە دوژمنێک هەیە بۆ پاراستنی ناسنامە و تەبایی ناوخۆییان؟

هەم شیکردنەوەی دەروونزانی و هەم ئایدیاکانی سۆسیۆ-سایکۆلۆژی وەڵامی جیاواز دەدەنەوە؟ شیکردنەوەکەی ڤۆلکان (1997) بۆ توندوتیژی ئیتنی جەخت لەسەر کاریگەریەکانی ترس و دڵەڕاوکێ و نیگەرانی دەکاتەوە. بوونی هەڕەشەیەکی هەستپێکراو لەسەر ناسنامە دەبێتەهۆی خستنەسەرپێی پرۆسەگەلێکی وەک داماڵێن دوژمن لە مرۆڤایەتی و زیندوکردنەوەی چیرۆکە تەقیلدیە مێژوییەکان، کە ڤۆلکان پێی دەڵێت

برینە هەڵبژێردراوەکان و شکۆ هەڵبژێردراوەکان، ئەویش بۆ پاساوهێنانەوە بۆ ئەنجامدانی توندوتیژی لە دژی یەکتری. لەلایەکی دیکەوە، رۆس (1993)، ناکۆکی بە کولتوورەوە گرێدەدات. ئەو جەخت لەسەر ئەو وێنانە دەکات کە لە رووی کولتووریەوە هاوبەشن، لەگەڵ تێڕوانین بۆ جیهانی دەرەوە کە بناغەی چوارچێوەیەکی ڕاڤەکاری پێکدەهێنێت کە کاریگەری دەبێت لەسەر کاردانەوەی تاکەکەس و گروپەکان لە بەرامبەر ئەوانی دیکە. ئەو ئەمە بە مەیلی سایکۆ-کولتووری ناو دەبات کە لەسەرەتای ژیانەوە فێری دەبین. ئەویش بە چەشنی ڤۆلکان سەرنجیدا کە دڵەڕاوکێ و نیگەرانی مەیلی پێشوەختە توندتر دەکەنەوە. هەروەک رۆس (1993) جەختی لەسەر کردەوە، تیۆرێکی لەم چەشنە هەم تاوتوێی پرسی توندی ناکۆکیەکە دەکات، کە مەودای بەرژەوەندیە بابەتیەکان دەبڕێت کە لە نێوان لایەنە شەڕکەرەکاندا هەن، و رەفتاری تاکەکەسی بە کردەوەی دەستەجەمعیەوە گرێدەدات. بەهەمان شێوە، شیکردنەوەی تیرۆریزم وەک لقێکی دیاریکراوی توندوتیژی سیاسی یاخودی کاری یاخیگەری پێویستی بە ڕێچکەیەکە کەبەرژەوەندیەکانی ئەو کەسانە ئاوێتە بکات کە لە توندوتیژییەوە تێوەدەگلێن، هەروەها ڕاڤەکردنەکانیان و چەمکەکانیان بۆ رکابەران، پشتیوانکاران و ئاینده. دەکرێت تیرۆریزم وەک رەفتارێکی لۆژیکی گروپگەلێک شیبکرێتەوە کە چەند بەدیلێکی کەمیان لەبەردەستدایە و بەلای ئەوانەوە تیرۆریزم ئامانجگەلێکی گرنگی روون دەهێنێتەدی .دەکرێت ئەم مشتومڕە راستکردنەوەیەکی بەسوود بێت بۆ شێوازی " دەمارگیری نائەقڵانی". دەکرێت تیرۆریزم گرنگ بێت بۆ هێنانەدی ئامانجەکە، تەنها دەرئەنجامی هەست و سۆزێکی سەرەتایی یاخود وەلائی " خێڵەکی" نیە. بە زۆری بەشێکە لە ستراتیجیەتێکی پێشوەخت حساب

بۆکراو و دروستبێت بۆ بەدەستهێنانی پشتیوانی، جەمسەرگیری کۆمەڵگە، زیادکردنی ئەو باجەی هێزە کۆڵۆنیاڵیەکان دەیاندا لەکاتی روبەڕووبونەوەیدا و بەدەستهێنانی سەرنجی نێودەوڵەتی. هەرچۆنێک بێت، پێویستە تیۆری گشتی پاڵنەرەکانی تیرۆریزم، شیکردنەوەی کۆمەڵایەتی سایکۆلۆژی لە خۆبگرێت، بەتایبەتی ئارەزوی تۆڵەسەندنەوە، بێزراوی لەنادادی هەستپێکراو، هاوسۆزی لەگەڵ گروپەکە، فشار و ململانێ لەگەڵ رکابەرەکان، لەبەر ئەوەی تیرۆریزم فۆرمێکە لە توندوتیژی کە ژمارەیەکی کەمی بەشداربوان لە خۆدەگرێت، شیکردنەوەی دەروونزانی پێکهاتەیەکی گرنگە بۆهەر شیکردنەوەیەک. لەوەش زیاتر، بۆی هەیە تیۆرە دەروونزانییە گشتیە جۆراوجۆرەکان و چەمکەکانی بەسەر تیرۆریزمدا جێبەجێبکرێت (کرێنشۆ، 1986، 1988، 1992).

دەروونزانی سیاسی بەتەنیا پەیوەست نیە بە هۆکار و پرۆسەکانی توندوتیژیەوە، بەڵکو پەیوەستە بە چارەسەرکردنی ناکۆکی و سیاسەتێکی کۆنکرێتی دیاریکردن و دەستنیشانکردنێکی وردەوە. بۆ نموونە، ڤۆلکان (1997)، وەسفی هەوڵەکان هاوکاریکردنی وڵاتان دەکات لە پرۆسەی گۆڕانکاریدا ( بۆ نمونە، پێکهاتەکانی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو)، کە دەبنەهۆی شێوەگرتنی ناسنامەی نوێ کە کەمتر مەیلی هەبێت بۆ پەیوەندی دوژمنکارانە لەگەڵ دوژمنەکانی پێشوودا. ڕۆس (1993) بە ئاشکرا مەودای ڕێچکەکەی خۆی درێژ دەکاتەوە بۆ مشت و مڕکردن لە بارەی پرۆسەکانی ئیدارەدانی بنیاتنەرانەی ناکۆکیەوە کە بنیاتنرابێت لەسەر بنەمای پێکەوەگونجاندنی بەرژەوەندی و ڕاڤەکاریەکان. ئەو هۆشداری دەداتە سیاسەت داڕێژەران کە ئەو پرسانەی لە رووی بابەتیەوە بە پرسگەلێکی کەمبایەخ دەردەکەون بەلای چاودێرە دەرەکیەکانەوە رەنگە

له ڕووی هەست و سۆزەوە پاڵنەرین بۆ بەشداربوانی ناکۆکیەک، سەرکەوتنی هەر پرۆسەیەکی چارەسەرکردنی ناکۆکی دەوەستێتەسەر دانپێدانان بەم وەبەرهێنانە سۆزداریانەوە. بەو پێیە رێچکە دەروونزانییەکان بۆ گفتوگۆکردن و میانگیری سەرودەریان لەگەڵ بناخە دەروونزانییەکانی بنیاتنانی متمانەدایە، بەهەمانشێوە لەگەڵ ئەرکەکانی هێنانەئارای سازشکردن لەسەر بنەمای بەرژەوەندی و دەستەبەرکردنی پابەندبوونەکان له ڕێی دامەزراوەکانەوە. سەرەڕای توندوتیژی و تیرۆریزمی ئیتنی-ناسیۆنالیستی، کێشەی هەستیاری سیاسەتی جیهانی هاوچەرخ بریتیە له بڵاوبوونەوەی چەکە ناوکی، کیمیایی و بایەلۆژیەکان. بۆچی دەوڵەت یان لایەنە غەیرە دەوڵەتیەکان خواستی بەدەستهێنانی چەکی کۆمەڵکوژیان هەیە؟ بەدەستهێنانی ئەم توانایانە چ سودێکیان هەیە؟ شیکردنەوەی ئەم تموحانە تەنها لەسەر بنەمای بەرژەوەندیە ماددیەکان کارێکی دژوارە. بۆ نموونە، بڕیاری هیندستان لەبەرچاو بگرە بۆ ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی ناووکی نهێنی له ساڵی 1998دا، واتە هەنگاوهەڵگرتن له تەمومژیەوە بۆ شەفافیەتی تەواو لەبارەی بڵاوبونەوەوە (ئەگەر دەستەواژەی توێژینەوە ئەمنیەکان بەکاربهێنین). لەم کەیسە و هەروەها له کەیسەکانی دیکەدا، دەبێت ئەم دو فاکتەرە لەبەرچاو بگیرێت. یەکەم پرس بریتیە له ناسنامەی نەتەوەیی له چوارچێوەی پەیوەندیەکانی دەسەڵاتدا. هەوڵەکانی دەوڵەتە ڕۆژئاواییەکان بۆ دامەزراندنی سیستمی ڕێگەگرتن له بڵاوبونەوە. هەرچەندە نیازەکیان باش بن، ئەو بێزراویەی له حکومەتێکی ناسیۆنالیستیەوە دەکەوێتەوە هەم مایەی هەستیاریە له ئاستی دەرەوەدا و مایەی تەحەددیە بۆ دەسەڵات له ئاستی ناوخۆدا. وادەرکەوت چەکە ناوکیەکان پرسێکی بنەڕەتی بێت بۆ ئەوەی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی وەک " هێزێکی مەزن"

دانی پێدابنرێت،ئەو پێگەیەی کەنوخبەکانی ئێران و خەڵکەکە پێشبینیان کرد و هەستیانکرد نەتەوەکەیان شایستەیەتی. فاکتەری دووەم لە شیکردنەوەی پرسی بڵاوبوونەوە بریتیە لە هەستکردن بە هەڕەشەکان. لە ڕوی بابەتیەوە، ئەوانەی بەرهەڵستی بڵاوبوونەوە دەکەن، مشت و مڕ دەکەن کە هیندستان هیچ شتێکی نیە لێی بترسێت نە لە پاکستان و نە لە چین.لەراستیدا،دەبێت مەترسی ئاگرخۆشکردنی پێشبڕکێیەکی پرچەککردن- کە باجێکی گرانی هەبێت و بە ئاراستەی قەیراندا بڕوات- زیاتر بێت لە هەر دەستکەوتێک کە لە بەدەستهێنانی سیستمێکی لاوازی هەڵدانی ناووکی بەدەست دەهێنرێت. هەرچۆنێک بێت، هەستکردنی هیندستان بە هەڕەشە و تێڕوانینی بۆ خودی ئاسایشی خۆی بابەتێکی خودیە. دەبێت سیاسەت دارێژەرانی ڕۆژئاوا کە هەوڵدەدەن کاریگەربن بەسەر بڕیاردروستکردنی هیندستانەوە ئەوە لەبەرچاو بگرن کە نوخبەکانی هیندستان دەتوانن باوەڕێکی دڵسۆزانەیان هەبێت کە بەدەستهێنانی چەکە ناوکیەکان سڵ پێکردنەوەیەکی کارا دەبێت دژی دەستڕێژیکردن نەک ڕەتکردنەوەی ئەم شیکردنەوانە وەک شیکردنەوەیەکی ڕواڵەتی و پاساوی خۆویستانە بۆ ڕەفتارێکی نابەرپرسیارانە. ئەمانە دو نمونەی بەشداری سایکۆلۆژیای سیاسین لە کێشەکانی جیهانی هاوچەرخدا. هەردو نمونەکە سەلمێنەری ئەو پێشنیارە سەرەتاییەن، کە گرنگیەکی بنەڕەتیان هەیە بۆ زانستی سیاسەت، کە چەمکی هێز نەک تەنها لەسەر توانا ماددیەکان بنیات بنرێت، بەڵکو لەسەر ئیعتیبارانە خودیەکانیش.

## کێشەکانی پەیوەست بە دەروونزانی سیاسی پیادەکراوەوە

لایەنی سلبی ڕێچکەی سەرەکی دەروونزانی سیاسی، بە تایبەتی کە بەراورد بکرێت بە بژاردەی عەقڵانی یاخود ئەو تیۆرەی پەیوەستە بە کرداری سیاسی و لەسەر بنەمای بەرژەوەندی دارێژراوە، ئەوەیە کە زانیاری ورد دەخوازێت لەبارەی ئەوەی چۆن تاکەکەس و گروپەکان دەگەنە بڕیارەکان و، جێبەجێیاندەکەن و کاردانەوەیاندەبێت لەئاست ڕەفتاری ئەوانیدیکەدا. بەزۆری بەدەستهێنانی ئەم مەعریفەیە کارێکی زەحمەتە، بە تایبەتی لە کاتی ناکۆکیە چالاکەکاندا.ڕەنگە بواری گەیشتن بە بڕیار دارێژەران نەبێت، ڕەنگە بیرکردنەوەیان لەبارەی رابردووەوە کەموکوڕی هەبێت. زەحمەتە پاڵنەرەکە دەستنیشانبکەین.

کێشەیەکی پەیوەندیدار کە بریتیە لە تیورە سایکۆلۆژیەکان لەلایەن زانا سیاسیەکانەوە تەبەنی کراوە بە زۆری لەسەر بنەمای زانیاریە مەیدانیەکان بنیاتنراون کە لەتاقیگەکانەوە بەدەستهێنراون نەک لە سیاقەکانی "جیهانی ڕاستەقینە".بۆ نموونە، زەحمەتە بەراوردی مەترسی لەدەستدانی بڕێکی کەمی پارە، یان کۆپێکی قاوە بکرێت- هەروەک ئەوەی ئەمە ڕەفتارێکی باوە لە ئەزمونەکانی کۆمەڵناسی سایکۆلۆژیدا، بەزۆری لە پەیوەندیدا بەو قوتابیانەی تەخەڕوجیان نەکردووە- بەمەترسی لەدەستدانی ژیانی هەزارەها کەس یاخود تەنانەت دۆڕاندنی هەڵبژاردنێک. سروشتی پڕبایەخی دەرئەنجامەکە لە سیاسەتدا جیاوازی لە بەرژەوەندیەکاندا دروستدەکات. بەو پێیە ئەم کۆت و بەندە عەمەلیانە لەسەر توێژینەوە ڕەنگە بەربەستی چەمکگەرایی بۆ بەکارهێنانی تیۆرە سایکۆلۆژیاکان دروستبکات.

ئەگەر ئەو زانا سیاسیانەی ئایدیا سایکۆلۆژیەکان بەکاریدەهێنن بە تەواوەتی لێیان تێنەگەن، ئەوا قابیلبوونی جێبەجێبوونی دۆزینەوەکانیان

پتر بەرەو پوکانەوە دەچێت. وەرگرتنی دەستەواژە و چەمکەکانی بۆی هەیە ئینتیقائی بێت و لە دەرەوەی سیاقەکە بێت، دەتوانێت گریمانە و چەمکەکان تێکەڵبکات کە لەسەر بنەمای گریمانەی تیوری پێکەوەنەگونجاو بنیاتنرابێت. هەروەها بۆی هەیە سەربکێشێت بۆ گشتاندنی تەم و مژاوی و دڵنیاییگەلێکی هەڵە.

لەلایەکی دیکەوە، پێویستە توێژینەوەی سایکۆلۆژی یاخود توێژینەوەی دەروونزانی سیاسی خۆی لابدات لەوەی نامێژویی بێت.پێویستە شیکردنەوە دەروونزانییەکانی رەفتاری تاکەکەس یان گروپێک ریشەی لە تێگەیشتنی سیاقە مێژوییەکاندا هەبێت. هەروەک رۆس لە (1993)دا سەرنجیدا، ئایدۆلۆژیا، بەها، نۆرم و بیروباوەڕ و وێنا و/یان چیرۆکە خەیاڵیە زاڵەکان پێشینەی کولتووری ڕاڤەکردنی تاکەکەسی پێکدەهێنن.هەروەها توێژەرانیش پێویستیان بەوەیە لەرۆڵی دامەزراوە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان و داینامیکیەتی پەیوەندیەکانی نێوان حکومەت و موعارەزەکان بڕوانن. هەموو ئەم فاکتەرانە کاریگەریان هەیە لەسەر فێربوون و بوونی تەواوی بەهرە و کارامەییەکانی بوارێک یان پیشەیەکی دیاریکراو.

## چەمک و دیبەتە ناوەندییەکان

چەمکگەلە سەنترالّیەکان پشت بەستوو بە دەروونزانی سیاسی چەمکگەلێکی هەمەڕەنگ و دەوڵەمەندن. ئەم گشتگیری و هەمەلایەنیە بایەخدارە، بەڵام هەندێ جار ئاڵۆزیەک دروست دەکات کە مایەی ناروونی و تەنانەت مایەی سەرلێشواندنە. لەوەش زیاتر، چارەسەرکردنی نزیکەی هەر کێشەیەک لەبارەی رەفتار یاخود کردەوە سیاسیەکان (بۆ نموونە، چ شتێک بەشدار دەبێت لە بیرکردنەوەی لۆجیکیانەی مۆراڵی یان ئەخلاقی یاخود لە

لێبوردەیی) ئاوێتەکردنی چەندین چەمک و تیۆری بناخەگەرایی دەخوازێت. پەیوەندیەکی سادەنیە لەنێوان کێشەی سیاسی یان کۆمەڵایەتی و شیکردنەوەی دەروونزانیدا.

به دەستپێکردن لە ئاستی تاکەکەسیەوە، چەمکە بنەڕەتیەکانی دەروونزانی سیاسی کەسایەتی،دەرئەنجامی دەروونزانی فێربوون، کاریگەری و پاڵنەرو، رەفتارو بیروباوەڕەکان دەگرێتەوە، لەگەڵ ئەوەی چۆن دەگۆڕێن. هەرچۆنێکبێت، بیرکردنەوە لەبارەی رەفتار یاخود بیروباوەڕەکان ئەوە پێویست دەکات هەنگاو لە ئاستی تاکەکەسەکەوە بۆ ئاستی گروپەکە یان کۆمەڵگەکە هەڵبگیرێت تائەوەندەی کە ڕەفتارەکان شێوەیان نەگرتبێت و بە دڵنیاییەوە بە دابڕاوی لە ڕەفتاری (یاخود ڕەفتاری هەستپێکراو) ئەوانی دیکە ناگۆڕێن. ئایدۆلۆژیا و چاوەڕوانیە کۆمەڵایەتیەکان کەوتنە ڕۆڵ ببینین. هەروەها، کەسایەتیش، بە کارلێکی سەرەتایی تاکەکەسەکە لەگەڵ ئەوانی دیکەدا و لە نێو خێزاندا شێوەدەگرێت. پاڵنەرەکانی پرۆسەکانی بەرئەنجامی سایکۆلۆژی فێربون بریتیە لە پێویستی مامەڵەکردن لەگەڵ زانیاریەکانی سەرچاوەگرتوو لە کەشە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکە. ئامانجی بیرکردنەوەی لۆجیکیانەی بەرئەنجامی سایکۆلۆژی فێربون بریتیە لە سادەکردنەوەی مامەڵەکردن لەگەڵ جیهاندا، دۆزینەوەی کورتەرێگای هزری، و کارلێککردن لەگەڵ ئەوانیدیکەدا هەم لە ڕێی تێگەیشتن لێیانەوە و هەم قەناعەت پێهێنانیان بە قبووڵکردنی " چوارچێوەدانیان" بۆ پرسێک. بەو پێیە، پێویستیەک هەیە بە ئەنجامدانی توێژینەوە لە پەرەسەندنەکان بەکارهێنانی زانیاری گشتی و لایەنگیریەکان، هەروەها گەڕاندنەوەی پاڵنەرەکان بۆ ئەوانی دیکەو تێڕوانینیان بۆ پێشبینیەکانیان. پێکهاتە گرنگەکانی توێژینەوە لە رەفتار و بیروباوەڕەکان، شێوازی ڕەفتارکردن و

بیروباوەڕەی پێشوەختەو جیاکاری لەدژی ئەوانی دیکە وەک شتێکی جیاواز لێیدەڕوانرێت. هەستو سۆز و پرۆسەکانی دەرئەنجامی سایکۆلۆژی فێربوون سەریانکێشا بۆ ڕق و لێبوردەیی.

تیوری ناسنامەی کۆمەڵایەتی پێویستە بۆ تێگەیشتن لەوەی بۆچی تاکەکەسەکان گروپێک بەدەست دەهێنێت، بنیات دەنێت یاخود ناسنامەی گروپێک هەڵدەبژێرێت لەبری گروپێکی دیکە. تەنانەت تاکەکەسەکان دەتوانن لە نێو ناسنامە بەردەستەکاندا هەڵبژاردن بکات، ئەویش لەسەر بنەمای ئینیتیما جیاوازەکان، بۆ نموونە، بە پێی ئاین، ئیتنیەت، جێندەر یاخود چینی کۆمەڵایەتی. ناسنامە چەمکێکە نەرمی هەیە لەبری ئەوەی بە شێوەیەکی هەمیشەیی جێگیر و نەگۆڕاو بێت. ناسنامەکان نەک هەر ڕەنگە فرەیی بن، بەڵکو ڕەنگە ناکۆک بەیەکیش بن. ڕەنگە تاکەکەسێک لەلایەن کۆمەڵگەوە یان لەلایەن گروپێکی کۆمەڵایەتی بەرهەڵستکارەوە ئاڕاستە بکرێت بەرەو ناسنامەیەکی هەڵنەبژێردراو یاخود تەنانەت نەخوازراو. ئەم پرۆسانە گرنگیەکی بنەڕەتیان هەیە بۆ تێگەیشتن لە، بۆ نموونە، ناکۆکی ئیتنی. هەستکردن بە هەڕەشەی سەرچاوەگرتوو لە گروپێکی جیاوازەوە بۆی هەیە تاکەکەسەکان ناچار بکات بەرەو ناسنامەگەلێک بڕۆن کە پێشتر وەک ناسنامەگەلێکی جیاواز و تەنانەت نەخوازراویش دەردەکەوتن. دەقگرتن بە خەسڵەتێکی دیاریکراوەوە بۆی هەیە سەربکێشێت بۆ ناسنامە (تەنانەت بۆ ناسنامەیەکی سلبیش). هەستکردن بە هەڕەشە لەسەر ناسنامە توندوتیژیەکی کاردانەوەئامێز یاخود پێشگرانە، بەو پێیە دەبێتەهۆی چالاککردنی تەنگژەی ئەمنی.

بە کۆمەڵایەتیکردن بە شێوەیەکی گشتی ناسنامە و ڕەفتارەکان دادەڕێژێت و ، بەکۆمەڵایەتیکردنی سیاسیش بە شێویەکی گونجاو بوارێکی

دامەزراوەو قبوڵکراوە لە بواری زانستی سیاسیدا. بۆ نموونە، هەڕەشەکان هاوسۆزی دروست ناکەن تەنها ئەگەر نۆرم و ئەزمونی هاوبەش و مەعریفەی هاوبەش هەبێت. (هەرچۆنێک بێت، پرسی ئەوەی مەودای ئەو یەکگرتوییەش پێویستی بە ئاشنایەتی پێشوەخت هەیە، بابەتێکە دەبێت توێژینەوەی لەبارەوە بکرێت.) پەیوەندی لە نێوان تاکەکەس و کۆمەڵگە و رۆڵی دامەزراوە کۆمەڵایەتیەکان کە ناسنامە و بیروباوەڕەکان دادەرێژن- خێزان، ئاین، پەروەردە، دەزگاکانی ڕاگەیاندن و حکومەت- رۆڵێکی زۆر گرنگن. بۆ نموونە، ئەگەر سیاسەت دارێژەران دەیانەوێت سەرکەوتو بن لە چارەسەرکردنی ناکۆکیدا ئەوا ناکرێت چاوەڕوێی سەرهەڵدانی توندوتیژی بکەن بۆ گۆڕینی ڕەفتاری دوژمنکارانە لە ئاست گروپی کۆمەڵایەتی.

توێژینەوەی داینامیکیەتی گرووپەکەو بڕیاردانی دەستەجەمعی گرنگیەکی بنەڕەتی هەیە بۆ دەروونزانی سیاسی. چۆن تاکەکەسەکان هەوڵدەدەن قەناعەت بەوانی دیکە بهێنن بۆ ئەوەی هاوڕابن لەگەڵیاندا و بەشداریان لەگەڵدا بکەن لە هەوڵێکی دەستەجەمعیدا؟ ئایا سروشتی کاریگەری کۆمەڵایەتی چیە؟ ئایا سروشتی سەرکردایەتی چیە؟ پێویستە دەروونزانی سیاسی چیرۆک و دەستنوس و خوازە و ڕێچکەکانی دیکە کە لە ڕێیانەوە واقیعەکە " بنیات دەنرێت" تاوتوێ بکات بۆ ئەوەی مانایان پێ ببەخشێت. چۆن چوارچێوەی کێشەکان یان پرسەکان دادەنرێت یان پێناسە دەکرێن؟ چۆن چوارچێوەدانان یاخود بنیاتنانی مەرجەعیەت دەرئەنجامە سیاسیەکە دیاری دەکەن؟ ئایا دەرسگەلێک یان بەراوردکاریەکی مێژویی دیاریکراو هێزیان هەیە لە ئاست بیرکردنەوەیەکی سۆزداریانە یان بیرکردنەوەیەک کە ئەنجامی پرۆسەیەکی دەروونزانی بێت؟

چ شتێک داهێنانکاری یان نوێکاری لە چارەسەرکردنی کێشەدا دیاری دەکات؟

ئەم پرسیارانە سیاسەتی نوخبەو سیاسەتی خەڵک پێکەوەگرێدەدات لەبەر ئەوەی گرنگیەکی بنەڕەتیان هەیە بۆدانانی ئەجێندا و بەشداری پێکردنی ڕای گشتی لەسەر پرسە سیاسیەکان. خستنەڕوی کێشە بەشێکە لە بڕیاردانی گروپێکی بچوک، هەروەها ئەمە بەشێکە لە پرۆسەی پەیوەندیکردن لە نێوان سەرکردەکان و خەڵکدا. خەمی سەرەکی سیاسەت بریتیە لە دانانی " راڤە"ی دروست لەسەر پرسەکان. دانانی ئەجێندای ململانێ لە خۆدەگرێت لەنێو کاراکتەرەکان لەبارەی چوارچێوەدانان بۆ کێشەکان. بۆ نموونە، پێناسەکردنی کێشەیەک بە زۆری ئەوە دیاری دەکات کە چ ئاژانسێکی حکومەت بەرپرسیارێتی دامەزراوە لە ئەستۆ دەگرێت ( یان ئۆباڵەکە). بۆ نموونە، ئەگەر تیرۆریزم شەڕ بێت و، بە تایبەتی ئەگەر گرێدرابێت بەبڵاوبونەوەی چەکی کۆمەڵکوژەکانەوە، ئەوا بواری ئاژانسەکانی ئاسایشی نەتەوەییە، لە نێویاندا وەزارەتی بەرگری. هەرچۆنێک بێت، ئەگەر تاوان بێت، ئەوا کێشەیە بۆ دەزگاکانی پۆلیس و جێبەجێکردنی یاسا.

مشتومڕی مەرکەزی لە بواری دەروونزانی سیاسی جەخت لەسەر دابەش بوونی نێوان سیاسەتی نوخبە و سیاسەتی خەڵک دەکاتەوە. هەروەها ئەمە لە ئەمەریکا لەو دابەشبوونەدا بەرجەستەبووە کەلە نێوان ئەو قوتابخانانەدا هەیە کە بایەخ بە رەفتاری سیاسی ئەمەریکا دەدەن (بۆ نموونە، رای گشتی یان دەنگدانی گشتی) و ئەو قوتابخانانەی گرنگی بە بڕیارسازی لە بواری سیاسەتی دەرەوەدا دەدەن.هەرچۆنێک بێت،ڕەنگەئەم جیاکردنەوەیە، جیاکردنەوەیەکی دەستکرد بێت. بۆچی ناکرێت جەختکردنەوەکەی هەردوکیان تەواوکاری یەکتر بن؟ بۆ نموونە، بڕیاردانی بواری سیاسەتی

دەرەوە، بە تایبەتی سەرۆک، بە ڕاستی بایەخ بە شەرعیەتی سیاسەت دەدەن و لەدەرئەنجامدا بە ڕای گشتیش. پێشبینیەکان لە بارەی کاردانەوەی ناوخۆیی دیاریکەرێکی گرنگی بڕیارەکانە. لەگەڵ بایەخدانی ڕوو لەزیادی نێو تیورزانانی پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان بەسەرچاوە ناوخۆییەکانی پرسە دەرەکیەکان، ڕەنگە کەلێنی رۆشنبیری نێوان توێژینەوە لەبڕیاردەرکردنی نوخبەو توێژینەوە لەسیاسەتی خەڵک پڕبکرێتەوە.

پرسێکی دیکە بریتیە لەوەی دەروونزانی سیاسی کە رووی لە کێشەیە یا " جێبەجێکراو" چۆندەبێت. یەکێک لەوپەڕی جەمسەرەکان بریتیە لە تیوری بنیاتنان و ڕێبازی تیۆری موجەڕەد بێ ئەوەی زەمینەیەکی عەمەلی هەبێت، یەکێکی دیکە لەوپەڕی جەمسەرەکان بریتیە لە جێبەجێکردنی هەڵەشە و سادەکارانەی تیورە ئاڵۆزەکان کە بە وورییاییەوە سنوردار کراون و پەیوەستن بە بابەتە " گەرم"ەکانەوە. پێویستە دەروونزانی سیاسی زەمینەیەکی هاوبەشی بە حەزەر بدۆزێتەوە.

**پرسەکانی ئایندە**

پەرەسەندنی دەروونزانی نێو کولتوورەکان گرنگیەکی بنەڕەتی دەبێت لە دونیای جیهانگەرایی و پشت بەیەک بەستوودا. زەحمەتە بیر لە پرسێکی هاوچەرخ بکەیتەوە کە پێویست بە تێگەیشتنێکی بەرفراوانی لەم چەشنە نەکات. ئەم پێویستیە نەک هەر تەنها کاریگەری قەناعەتپێهێنەری هەیە لەسەر پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان، بەڵکو لەسەر سیاسەتیش لە نێو ئەو وڵاتانەی کە بەشێوەیەکی ڕوو لە زیاد بەرەو فرەیی دەچن، و زیاتر پێکەوەگرێدراو دەبن و بەرەو جیهانی دەڕۆن. بۆ نموونە پرسەکانی

کۆچبەران و ئاوارەکان و بارگرژیە ئیتنی و ڕەگەزیە ناوخۆییەکان لەبەرچاو بگرە. بەو پێیە، پێویستە توێژینەوەی دەروونزانی سیاسی بە ڕاستی توێژینەوەیەکی نێودەوڵەتی بێت. ناکرێت تەنها کارێکی ڕۆژئاوا بێت و بەس. سنورداربوونی لەم ڕووەوە باجێکی زۆری دەوێت.

ئەم تێگەیشتنە جیهانیە گرنگیەکی بنەڕەتی دەبێت بۆ سیاسەتێکی دەرەکی کارای ئەمەریکا. ئەگەر پێگەی ئەمەریکا جیهانێکی تاکجەمسەری دروستکردبێت، کەواتە چۆن باقی جیهان کاردانەوەیان دەبێت؟ ئەگەر گریمانەی ئاشتی دیموکراتی وەک یاسایەکی جیهانی لە پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکاندا قبوڵبکرێت، ئیدی چۆن پەرە بە دیموکراسی دەدرێت ئەگەر ئەوانی دیکە ئەوە وەک فۆرمێکی باڵادەستی ڕۆژئاوا لێکبدەنەوە؟ بەرهەڵستی بەرژەوەندیەکانی ڕۆژئاوا یان ئەمەریکا فۆرمگەلێکی نوێ وەردەگرێت. بۆ نمونە، ڕەنگە ئەوەی پێی دەوترێت تیرۆریزمی ئاینی یان ئوسولگەرایی نەک هەر تەنها کاردانەوە بێت بۆ هێزی ماددی ئەمەریکا بەڵکو کاردانەوە بێت بۆ ئەو هەڕەشەیەی کە کولتووری یان بەهاکانی ڕۆژئاوایی هەڵگرین. لەوەش زیاتر، چۆن سەرکردەکانی ئەمەریکا قەناعەت بە ڕای گشتی دەهێنن بۆ پشتیوانیکردنی سیاسەتی بەشدار بوون، بە تایبەتی کاتێک ئەو سیاسەتانە باجێکی زۆری دەوێت هەم لە ڕووی خەرجی و هەم لە رووی ژیانەوە؟ ئایا بەشداربوونی جێگیر و بەردەوام لە کاروباری نێودەوڵەتیەکان مومکینە بە بێ بوونی رکابەرەکان، یاخود ئایا سەرکردە ئەمریکیەکان هەوڵدەدەن دوژمنی خەیاڵی دروستبکەن بۆ ئەوەی لەسەر ئاستی ناوخۆی کۆدەنگی دروست بکەن؟ سایکۆلۆژیای سیاسی دەتوانێت ئەم کێشانە چارەسەر بکات.

(بۆ نموونە، مولەر و ئۆپ (1986) پێشنیاری کرد کە تیوری "بەرژەوەندی تایبەت" بۆ پاڵنەرە هەڵبژێردراوەکان کە پاداشتی "دەروونی" و "تەرفیهی" لە خۆدەگرێت، هەروەها پاداشتی کۆمەڵایەتیش وەک ئینتیما و هاوسۆزی، وێنە، پێگە و چاوەڕوانی ئەوانی دیکە. هەروەها ئەوەیان زیادکرد کە ڕەنگە خەڵکی درک بە مەترسی کێشەی (بەدەستهێنانی کاڵا بێ بەرامبەر یاخود بە نرخێکی کەم و فرۆشتنەوەی بە نرخێکی زیاتر) بکەن، وەک دەرئەنجامی فێربوونی کۆمەڵایەتی. شیکردنەوەیان بە شێوەیەکی بەرچاو دووردەکەوێتەوە لە تیوری بژاردەی نەتەوەیی، ئەگەرچی وا خۆیان ئیعتیبار دەکەن کە تەنها چوارچێوەکەیان هەمواركردبێتەوە.)

( نمونەیەکی دیکە شیکردنەوەیەک کە ڕێچکەی دەروونزانی سیاسی بەکار نەهێنێت، بەڵام هەرچۆنێک بێت پشت بە فاکتەرە سایکۆلۆژیەکان دەبەستێت بریتیە لە مشت و مڕەکەی واڵتەر (1999) کە پێیوایە لایەنی سێیەم وەک زامنکارێکی ئاسایش گرنگیەکی بنەڕەتی هەیە بۆ چارەسەرکردنی شەڕی ناوخۆیی. ئەو بەو دەرئەنجامە دەگات، بۆ نموونە، کە پێویستە شەڕکەران "باوەڕ"یان هەبێت بەوەی ئاشتیپارێزەکان کارەکانی خۆیان ئەنجام دەدەن و ترس و نائارامی ئەوان وایان لێدەکات دودڵ بن لەوەی چەک فڕێ بدەن، گرنگ نیە چ زەمانەتێکی نێودەوڵەتی دەستەبەر دەکرێت لە پێناوی پاراستنیاندا.)

**بەشی دووەم :**

پەیوەندی دەروونزانی بە سیاسەتەوە

پەیوەندی دەروونزانی سیاسی بە دەروونزانی کۆمەڵایەتییەوە

پەیوەندی دەروونزانی سیاسی بە کولتووری سیاسییەوە

پەیوەندی دەروونزانی سیاسی بە کۆمەڵناسی سیاسییەوە

دەروونزانی سیاسی و کەسایەتی سیاسی

## بەشی دووەم :

### پەیوەندی دەروونزانی بە سیاسەتەوە

دەروونزانی و سیاسەت دوو شتی تەواو لە یەکدی جیاوازن، دوو جۆری جیاواز لە چالاکی و کارکردنیان، وەک ئەوەی بڵێی پەیوەندی لە نێوانیان ونە، بەڵام پێویستە بڕوانینە ئەو دینامیکییەی کە لە سیاسەتکردندا هەیە، بۆئەوەی هەست بە بوونی زنجیرەیەک لە هۆکارەکانی بکەین، بۆ نموونە هەستیاری و درکپێکردن و هەڵوێست و بەهاو ململانێکان ، هەموو ئەمانە جێگای گرنگی و لێکۆڵینەوەیە لە دەروونزانیدا.

بۆیە زۆرجار زانایانی سیاسەت تا ئەم دواییە خۆیان لە پەیوەندیبوونیان بە چەمکی دەروونزانی دەپاراست و زیاتر گرنگیان بە کاریگەری گوشاری ژینگە دەدات.بەڵام لەم دواییەدا زانایانی سیاسەت بۆیان دەرکەوت کە ئەگەر گرنگی زیاتر بە هۆکارە دەروونی و ژینگەییەکانی رەفتاری سیاسی

بدەن ئەوا شیکردنەوەو لێکۆڵینەوەی سیاسی وردترو تەندروستتر دەردەچێت.

بەڵام ئەگەر بمانەوێ زۆر بە سانایی لە پەیوەندی نێوان ئەو دوو زانستە (زانستی دەروونی و زانستی سیاسەت)بگەین، ئەوا دەڵێین لەسەرەتادا ئەم بوارە بوونی نەبوو، تەنها چەند گرنگیپێدانێکی لێکجیاواز هەبوون. کاری پێشەنگانەی لاسوێڵ (1930)، بوارەکەی دامەزراند کە سەنتەرێک بوو و ئەرکێکی دوانەیی جیددی هەبوو، یەکێکیان پایەی تیۆری و بەرچاوی هەبوو کە ڕیشەی لە دەروونزانیدا چەسپاندووەو، ئەوی دیکەیان ڕیشەی بە تۆکمەیی لە سیاسەتدا جێگیر کردووە. لەو کاتەوە، سەرکەوتنی دەروونزانی سیاسی بۆتە پرسێکی مشت و مڕهەڵنەگر. کەواتە لە بنەڕەتدا و زۆر بە پوختی دەتوانین بڵێین دەروونزانی سیاسی بە دەربڕینێکی زۆر سادە بریتیە لە پەیوەندی نێوان دەروونزانی و پرۆسەی سیاسیی.

دەروونزانی لە تۆژینەوە لە بارەی پێداویستیی تاک و تواناکانی و ڕێکخستن لە چوارچێوەی کەسایەتییەکەیدا دەکات،هەروەها لە سەرچاوەی پاڵنەرەکانی تاک لە چوارچێوەی پێکهاتەو دروستبوونی کەسایەتییەکەیدا دەکات.بەڵام زانستی سیاسەت گرنگی بە دوولق دەدات کە بریتین لە تۆژینەوە لە تیۆرەکانی سیاسەت لەگەڵ لێکۆڵینەوە لە کارگێڕی (الادارة)، لە زانستی سیاسەتدا بە هیچ جۆرێک ناچێتە سەر لێکۆڵینەوە لە رەفتاری سیاسی، بەڵکو تیۆرەکانی سیاسەت گرنگی بە لێکۆڵینەوەی ئەو هزرو بیروڕایانە دەدات کە پەیوەندی بەهێزیان بە حکومەت هەیە، ئەمەش هەر لە ئەفلاتونەوە ئەم باسە وروژێنراوە تا مایکاڤیلی و ڕۆسۆ و مارکس .

زانای دەروونزانی G . Le Bon لە کتێبیLa Psychologie ساڵی (1910) لەژێر ناوی (دەروونزانی سیاسی و داکۆکیکردنی کۆمەڵایەتی)

نووسیویەتی  پێویست بە پێشخستنی سیستەمی دەروونزانی کۆمەڵایەتی دەکات، چونکە هێشتا لێکۆڵینەوە و تۆژینەوەی زانستیانە لەمبارەیەوە یەکجار کەمە. چونکە لە گەوهەردا دەروونزانی سیاسی زۆر جیاوازە لە زانستی سیاسەت، زانستی سیاسەت زانستێکە وێنای بنچینەی راستەقینەی سیاسەتە.بەڵام دەروونزانی سیاسی  وەک G . Le  Bon ئاماژەی بۆ کردووە زیاتر لەبارەی دەروونزانی سیاسییەوە دەدوێ و قسەدەکات.

دەروونزانی سیاسی هەروەک زانای دەروونی  ئیسپانی E . Luis Andre بابەتێکی لە ساڵی 1906 بەناونیشانی (رەفتاری شانۆی ئیسپانی: وتارێکە لە دەروونزانی سیاسیدا) بڵاوکردەوە، ئەم زانایە   هەڵسابوو بە لێکۆڵینەوەی بیروباوەڕ(معتقدات)ی گەلی ئیسپانیا، کە هەوڵدانێک بوو بۆ گرنگیدانی بە پەیڕەوکردن و تابع بوونی ئەقڵیەتی کۆمەڵی کە هەیە.

دەتوانین بڵێین دەروونزانی سیاسی رابردوویەکی درێژو مێژوویەکی کورتی هەیە،دەکرێ بڵێین ئەم زانستە  لە لایەن مایکاڤیلییەوە جێگای گرنگیپێدان بووە، بەتایبەت لە کتێبی میر دا، چونکە لەم کتێبەیدا مایکاڤیلی چەندین تێڕوانینی خستۆتە روو دەربارەی چۆنێتی زاڵبوونی هەژموونی خۆت بەسەر ئەوانی دیکەداو، هەروەها چۆنێتی پاراستنی دەسەڵاتەکە، هەموو ئەمانە لە ناوەڕۆکدا دەروونزانییەکی روون و هەستپێکراوە کە لەناو سیاسەتدا بەرجەستەی کردووە. بۆیە بیرو‌راکانی مایکاڤیلی گرنگیپێدانە، چونکە تێڕوانینەکانی گرنگن و کاریگەریشی بەسەر دەروونزانی سیاسییەوە هەیە.

لە بنەڕەتدا ئەوەی تایبەتە بە بابەتی دەروونزانییەوە، دەتوانین جەخت لەوە بکەینەوە کە گرنگی ئەو زانستە لە راڤەکردن و لێکدانەوەی رەفتاری سیاسیداو تێگەیشتنی دیاردە سیاسییەکاندا خۆیدەردەخات. لە راستیشدا ئەمە لە گریمانەکانی دەروونزانی سیاسیی و راستییەکانێتی.

دەسەڵاتە داگیرکاریەکانی هاوپەیمانان تەنها بە بەڕێوەبردنی وڵاتە شکستخواردووەکان ڕازی نەبوون، بەڵکو دەیانویست بیانگۆڕن. بۆ بەدەستهێنانی ئەم ئامانجەش، هەوڵیاندا ئاڵو گۆڕ بە سەر دوو کۆمەڵگەدا بهێنن کە لە ڕووی کولتوورییەوە جیاواز بوون، ئەویش لە کۆمەڵگەی خۆسەپێنەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی دیموکراتی. هێشتا ئەو ڕوداوە مێژوییەی کە سەرچاوەی پەرەسەندن بوو لە ئایندەدا، بە تەواوەتی توێژینەوەی لەبارەوە نەکراوە، بەڵام دەرئەنجامە مەزنەکانی ئەو ڕۆڵەی کولتوور ڕووندەکاتەوە کە لە یەکتربڕی نێوان دەروونزانی و سیاسەتدا دەیبینێت.

لە بنەڕەتدا بابەتی دەروونزانی سیاسی گرنگییەکەی خۆی لە رەفتاری سیاسی و تێگەیشتنی دیاردە سیاسییەکاندا دەبینێتەوە، لێرە پێویستە ئاماژە بۆ کەسایەتی ئەکادیمی گەورە (سی.ای.مریام C.E.Merriam) بکەین کەکتێبێکی لە ساڵی 1925 بە ناونیشانی (رووخسارە نوێکانی سیاسەت) لەوێدا ئاماژەی بۆ ئەوەکردووە کە ئیتر پێویستدەکات زانستی سیاسەت بەسەر زانستەکانی دیکەدا بکرێتەوە، لەناو ئەو زانستانە دەروونزانییە. ساڵی 1923 W.Lippmann)) باسی لەوەکرد کە هەڵەیەکی کوشندەیە لە فیکری سیاسیدا باسی سیاسەت بکەیت، بەڵام مرۆڤەکان فەرامۆش بکەیت و میللەتانیش لەبیربکەیت. هەموو ئەو بیرو بۆچوونانەی پسپۆرو هزرڤانانی بواری سیاسەت سەرنجیان بۆئەوە راکێشا کە پێویستە دەروونزانی لەگەڵ رەفتاری سیاسی لێکبدرێت ، بۆئەوەی لە هەردوو بوارەکە تێڕوانینەکان زانستیانە ترو واقیعبینانە تر ببێت.

هەڵبەت رووبەڕووی گرفت و کۆسپی گەورەش دەبینەوە کاتێک باس لە دەروونزانی سیاسی دەکەینەوە، چونکە لێکگرێدانی ئەو دوو زانستە سەربەخۆیە، گرنگی و تایبەتمەندی و هەروەها گرفت و سوودی خۆی

هەیە،بە تایبەت تا ئەمڕۆش ئەو زانستە (دەروونزانی سیاسی) بە تۆژینەوەی زانستی و بە بەستنی کۆنگرەی زانستی ئەوەندە دەوڵەمەند نییەو تەنانەت سەرچاوەی زۆر کەم لەبەردەستدان، بە پێچەوانەی هەردوو زانستە سەربەخۆکە دەروونزانی و زانستی سیاسەت کە سەرچاوەی زۆر زانستی و دەوڵەمەند لەوبوارەوە هەن. بەڵام دەبێ ئەو راستیەش بە هەند وەربگیرێ کە دەڵێت هەموو سیاسەتێک دەروونییە. بە دیوەکەی دیدا دەروونزانی هەمیشە رەگەزێکی گرنگی شیکردنەوەی سیاسی بووە، بەڵام بە درێژایی مێژوو ئەو رەگەزە گرنگە نەدۆزرابۆوە، تەنانەت خودی دەروونزانی وەک زانستێکی سەربەخۆ کە دەرکەوت مێژووەکەی زۆر کۆن نییەو نوێیە، بۆیە نەدەتوانرا پەی بەو رەگەزە گرنگە ببردرێ لە دەروونزانیدا کە سیاسەتە، تەنانەت زانستی سیاسەتیش بە هەمانشێوەی دەروونزانی زانستێکە زۆر کۆن نییە زانایانی سیاسەت وەک زانستێکی سەربەخۆو جیاواز لە زانستەکانی دیکە ناساندوویانەو تۆژینەوەیان بۆیکردووە، ئەگینا ئەگەر هەزاران ساڵیش وەرنەگرین ،دەتوانین بڵێین چەندین سەدەیە لایەنێکی گرنگی سیاسەت دەروونییە، چونکە هەموو ئەو سیاسەتانەی وەک توندوتیژی کۆمەڵی (العنف الجماعی)، زەوتکردنی کۆمەڵی (اغتxاب الجماعی) لە بۆسنەو رواندا و لەناوبردنی کۆمەڵیی لە کەمبۆدیاو ڤێتنام. بۆیە سیاسەت لە بنەڕەتدا لەگەڵ بارودۆخ و ژینگەکەدا پەیڕەوو پیادە دەکرێ، کە باری دەروونی و هۆکارەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی کاریگەرییان بەسەر سیاسەتەکەوە دەبێت.ئەمە جگە لەوەی زانستی بۆماوەیی کاریگەری بەسەر رەفتاری سیاسییەوە دەبێت و لەگەڵیدا کاریگەری ژینگە (ئابووری، سیاسی، کولتووری، کۆمەڵایەتی)بەسەر سیاسەتەکەدا ماکی خۆی جێدێڵێت.

(رۆبەرت لین) جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە بەشی زۆری ئەوانەی تووشی سیاسەتێکی توندڕەوانە دەبن، ئەوکەسانەن کە لە رووی پێداویستی دەروونییەوە تێر نەکراون و ،گرفتی دەروونیان بۆ دروستبووەو،هەستدەکەن تووشی بێ باوەڕی و تەنانەت بێ توانایی بوونە، بۆیە ناچار پەنا دەبەنە بەر سیاسەتێکی توندڕەوانە.

## پەیوەندی دەروونزانی سیاسی بە دەروونزانی کۆمەڵایەتییەوە

لە سەرەوە ئاماژەمان بۆ ئەوە کردووە کە دەروونزانی سیاسی لە رەفتاری سیاسی دەکۆڵێتەوە، چونکە لە دەروونزانی سیاسیدا تیۆرە دەروونییەکان بەسەر گرفتە سیاسییەکاندا جێبەجێدەکرێن. بەڵام دەروونزانی کۆمەڵایەتی ئەو زانستەیە کە لە رەفتاری تاکی کۆمەڵایەتی دەکۆڵێتەوە،کە دیاردەکانی ئەو رەفتارە بەهۆی پەیوەندییەکانێتی بە هی دیکەوە. واتا دەروونزانی کۆمەڵایەتی پەیوەندی راستەوخۆی بەو ژینگەیەوە هەیە کە مرۆڤەکان تیایدا دەژین و ئەمەش پسپۆری و تایبەتمەندی زانستە کۆمەڵایەتییەکانە تۆژینەوەی لەسەر بکات، بۆ ئەوەی دەروونزانی کۆمەڵایەتی چارەسەری ئەو دیاردە کۆمەڵایەتی و ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتیانە بکات کە تیایدا گەشە دەکات، هەر لێرەوەیە کە رەفتاری تاک دەبێتە رەگەزێکی گرنگ لە پێکهاتەو دروستبوونی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان. کەواتە لێرە هەم زانستە کۆمەڵایەتییەکان بە شێوەیەکی گشتی و هەم زانستی سیاسەتیش بە شێوەیەکی تایبەتی ناتوانن خۆیان لە کاریگەری دەروونیی بە دوور بگرن و، رادەی ئەو کاریگەرییانەی کە بەهۆی

پەیوەندییەکانییەوە لەگەڵ ئەوانی دیکە رودەدات و لەگەڵیدا لەسەر زەمینەی واقیعی کۆمەڵایەتی کە تیایدا دەژیت تێکەڵ دەبێت.

هەر لە سەردەمی ئەفلاتونەوە تا ئۆگست کۆنت هەموو ئەو تیۆرانەی لە لایەن فەیلەسوفە جیاوازو جۆراوجۆرەکانەوە دەخرانە روو، باسیان لە سروشتی کۆمەڵایەتی مرۆڤەکان و پەیوەندی و گرێدانیان بە دەوڵەتەوە کردووە،بۆیە دەروونزانی سیاسی و دەروونزانی کۆمەڵایەتی تا رادەیەکی زۆر یەکیان تەواوکەری ئەیدیکەیانە.

دەروونزانی کۆمەڵایەتی گرنگی بە لێکۆڵینەوەی تاک و کۆمەڵ دەدات ئەمەش بونیادی کۆمەڵگایەکی باشترت بۆ دروستدەکات لەسەر بنەمای رەفتاری باش بۆ تاک و کۆمەڵ. دەروونزانی کۆمەڵایەتی زانستێکی زۆر بەرفراوانترو بەربڵاوترە لە دەروونزانی سیاسی، تەنانەت دەتوانین بڵێین دەروونزانی سیاسی لەناو هەناوی دەروونزانی کۆمەڵایەتییەوە هاتۆتە دەرەوە، چونکە دەروونزانی کۆمەڵایەتی یەک لەو لایەنانەی کە گرنگی پێدەدات، زانستی سیاسەتە. زانستیش کە پەیڕەو دەکرێت، بۆ تاک نییە بەڵکو بۆ کۆمەڵە، هەموو سەرکردە سیاسییەکان گوتارەکانیان رووبەڕووی کۆمەڵگا دەکەنەوە، بۆیە پەیوەندییەکی ئۆرگانی و دایلەکتیکی لەنێوان سیاسەت و کۆمەڵگا، هەروەها دەروونزانی و کۆمەڵزانی هەیە بەمەش ئەنجامەکەی دەبێتە پەیوەندی بەهێزی نێوان دەروونزانی سیاسی و دەروونزانی کۆمەڵایەتی. کە رای گشتی و سەرکردەو راگەیاندن (پرۆپاگەندە) و ژینگەو رەفتاری کۆمەڵ دەگرێتەوە.

## پەیوەندی دەروونزانی سیاسی بە کولتووریی سیاسییەوە

لە راستیدا کولتوور و دەروونزانی ئەوەندە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یەکتردەبڕن لەگەڵ هەڵسوکەوتە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکاندا وا دەکات ئەم بوارە لە هەناوی خۆیدا مایەی مشتومڕ بێت بۆ هەندێ کەس. کێشانی هێڵێکی جیاکەرەوەی بچووک لە نێوان شیکردنەوە و حوکمداندا، "هەڵوەشاندنەوەخوازەکان" و " پۆستمۆدێرنەکان" پرسیاری ئەوە دەخەنەڕوو ئایا مەعریفەی قووڵی ئەکادیمی دەتوانێت ئەدایەکی باشتری هەبێت لە بەها کەسییەکان؟ وەڵامەکەش ئەوەیە ناتوانێت. هەرچۆنێک بێت، هەروەک زانایان ئاماژەیان بۆیکردووە، ئەم زانایانە کە پتر ئامادەن چەمکی کولتوور بەکاربهێنن لە ئامانجە تەواو سیاسیەکانیاندا، خۆی لە خۆیدا گوزارشتێکی بێ پەردەیە لەسەر ئەو ڕەخنانەی کە ئاراستەی کەسانی دیکە دەکەن. دەکرێت هەمان ناسازی ببینرێت لە نێو هەندێ لە فرە کولتووریخوازەکاندا، ئەوانەی پێداگیری دەکەن لەسەر گرنگی دەروونزانی و باڵادەستی سیاسی ناسنامەی ڕەگەزی یاخود ئیتنی، لە کاتێکدا ڕەتیدەکەنەوە مەیلە کەمتر خوازراوەکانی گرووپەکە لەبەرچاوبگرن کە لە هەمان تەوژمی بەهێزەوە سەرچاوە دەگرن.

کولتوور سەبارەت بە سیستەمە کۆمەڵایەتی و کەسایەتییە هەمەجۆرەکان، فاکتەرێکی بابەتییە (Objective) هاوکات ئەندامانی کۆمەڵگا لە پرۆسەی چالاکییە جۆراوجۆرەکانی خۆیاندا بەشێک یان چەند بەشێک لە ژینگەی کۆمەڵایەتی و کولتووریی خۆیان دەگۆڕن،لە ئەنجامدا کولتوور وەکوو سیستەمێکی نۆرم و بەهاکانی کۆمەڵگا کاری خۆی دەکات ، گەشەدەسێنێت و دەگۆڕێت. بە شێوەیەکی تەقلیدی، بوارەکە لەسەر سێ دیسپلینی سەرەکی بنیات نراوە- ئەنترۆپۆلۆژیای کولتووری،دەروونزانی

، زانستی سیاسیی. له ساڵانی پەنجاکان و شەستەکانی سەدەی بیستدا، کۆمەڵناسی وەک سەرچاوەیەکی چەمکسازی و تیۆری بۆ بوارەکە جێی ئەنتروپۆلۆژیای گرتەوە، تا لە کۆتاییشدا بەرەو نەمان چوو. لە ڕۆژگاری ئێستادا، تەنها زانستی سیاسی و دەروونزانی وەک سەرچاوەی سەرەکی بوارەکەی ئێمە ماونەتەوە. ئەگەرچی لە ڕووی تێڕوانینەوە دەوڵەمەندن، بەڵام هەردوکیان ڕیشەیان لە دیدگایەکی بەرفراوانتردا نیە کە چوارچێوە بۆ ئەو پرسە گەورانە دابنێت کە گرنگی پێدەدەن.

دەروونزانی دەچێتە ناو ژیانی سیاسیەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، هەر یەکێکیان بە تەنها، و هەردوکیان پێکەوە، ڕۆچونەتە چەندین شوێنکەوتەی کولتووریەوە. ئێمە دەتوانین بە سادەیی و بە شێوەیەکی گشتی وا پێناسەی کولتوور بکەین کە تێگەیشتنگەلێکی هۆشیارانە و ناهۆشیارانەی بەدەستهاتووە، لەگەڵ هەستەکانی هاوشان بەو تێگەیشتنانە، کە ڕیشەی لە دەروونزانی ناوخۆیی تاکەکەسی و دامەزراوە کۆمەڵایەتیەکانی گروپە کولتووریەکە ( کۆمەڵایەتی، ئابووری و سیاسی)دا هەیە، لەگەڵ هەڵسوکەوت و بەرهەمە گشتیەکانیاندا. کە بەم شێوەیەش پێناسە بکرێت، ئەوا پەیوەندیداربوونی بە گرنگیدانە دەروونزانییە سیاسیەکانی مشت و مڕهەڵنەگر دەبێت. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەوەی مایەی دژ بە یەکە، ئەوەیە کە ئەگەرچی دەروونزانی سیاسی گەشەکردنی بەرچاوی کردووە لە ڕووی ناوەڕۆک و دامەزراوەییەوە لە ماوەی حەوت دەیەی ڕابردودا، ئەوا ئەندازەیەکی کەمی تیۆری بوارەکە و توێژینەوەکەی کولتووریان بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا تاوتوێکردووە. لە دەرئەنجامدا، لە ڕووی چەمک و تیۆرەوە، لە ڕەوشێکی خراپدایە، لە ئاستە- بێ پێشبینەکانی- پەیوەندی

و ناکۆکی نێوان کولتوورەکان کە لە ئێستادا ڕۆدەچێتە نزیکەی سەرجەم دەوڵەتە فرە ئیتنیەکانەوە. هەمیشە ئەمە کەیسەکە نەبووە.

کاتێک باسی کولتوور دەکەین بە مانا گشتییەکەی لە هەموو چەمکە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە فراوانترە، بە ئاسانیش دەستنیشان ناکرێت، چونکە کۆمەڵێک کاریگەریی ژینگەیی و بۆماوەیی و مێژوویی و ئینجا دەروونی و کۆمەڵایەتی و...هتد بەسەریدا چالاک و کاران،بەکورتی کاریگەری بەسەر تەواوی ئاسەواری مرۆڤایەتی لە سرووشتدا هەیەو هەر لەو روانگەوەیە کە (کلۆد لیڤی شتراوس)ی ئەنترۆپۆلۆژیست، کولتووری لە بەرامبەر سرووشتدا داناوە.واتا سرووشت بریتییە لە کەرەستەی خاو، کۆمەڵگای مرۆڤایەتی هەر کۆمەڵگایەک بەپێی ئارەزووی خۆی، خۆی لەگەڵ دەگونجێنێ و هەر کۆمەڵگایەک بە جۆرێک کولتوورێکی لێ بەرهەمدەهێنێت، ئا لێرەدا بە قسەی شتراوس سرووشت مادەیەکی خاوەو کولتوورەکەش بەرهەمهاتووەکەیە لە سرووشتەکە، ئەوەتا کولتووری هەر کۆمەڵگای وڵاتێک یان هەر نەتەوەیەک لە ئەویدیکە جیاوازە. لێیورد بنەوە ئەم سرووشتە چەند دەوڵەمەندو چەند بە بەرەکەتە.دڵی هەموو گەلانی دونیای بۆ خۆی بردووە.

لە راستیدا چەمکی کەلتور، چەمکێکە "پێناسەکردنی دژوارە، بەڵام قابیلی دەستلێهەگرتن نیە" لە زانستە کۆمەڵایەتیەکان و دەروونزانی سیاسیدا، بەردەوامیەکەی، سەرەڕای ئەوەی پێناسەکردنی دژوارە، پشتیوانی لەو بۆچوونەی سەرەوە دەکات. لەکۆتایی چلەکانی سەدەی بیستدا، لەیتێس (1948) ڕێبازێکی دەروونشیکاری دادەڕشت بۆ لێکۆڵینەوە لە کاریگەریی کولتوور لەسەر دەروونزانی هەڵسوکەوتە سیاسیەکان. لوتکەی هەوڵەکانی بریتی بوو لە کۆدی پەیوەست بە پرۆسە یاخود

زنجیرەیەک کردار بۆ بەدەستهێنانی دەرئەنجام کە ئێستا بۆتە کارێکی تەقلیدی.

لە هەردوو زانستی دەروونزانی سیاسی و کۆمەڵناسیدا، کولتوور گرنگی بەرچاوی هەیە، چونکە کاریگەری کولتوور بەسەر ئەو سایکۆلۆژیایانەوە هەیە کە پەیڕەوی سیاسەت دەکەن، ئەمەش ڕەنگدانەوەی بەسەر کۆمەڵگادا دەبێت. سیاسەتیش بەشێکە لە کولتوور، چونکە لەناو چالاکییە سیاسییەکاندا هەندێک لە بەهاکان و هەندێک لە شێوازەکانی ڕەفتاریش بەدیدەکرێن.کولتووریی سیاسیش بەرهەمی پەرەسەندنی مێژوویی کۆمەڵێک لە ئەزموونی کەسی و دامەزراوەی مێژووییە، لەبەرئەوەیە کولتووریی سیاسی بۆ کەسێک لەبەشداریکردنیدا جیاوازە لە هی کەسێکی دیکە یان لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی دیکەی جیاواز. واتا بە پێی هەلومەرج و بارودۆخی هەر وآتێک شێوازی جۆراوجۆر بەخۆیەوە دەگرێت.چونکە تێڕوانینی هەموو ئەزموونێکی خێزانی، قوتابخانەیی، کۆمەڵایەتی و سیاسی لەژێر ئاوێتە بوون و تێکەڵبوونی ئەو بنەمایانەیە کە کار دەکەنە سەر ڕۆشنبیری و سەر سایکۆلۆژیاو سەر ئەو پەیڕەوکردنە سیاسییەی کە پێکدەهێندرێت. لەبەرئەوەیە کولتووریی سیاسی بە درێژایی مێژووی خۆی بە ڕێگاو شێوازی جۆراو جۆرەوە هاتووەتە نێو کایەکانی زانستەوە، کە لە هەندێکیان بە شێوەیەکی فراوان کاریگەری بەسەر ئەو زانستەوە هەبووەو لە هەندێکی دیکەیشدا بە شێوەیەکی بچووک و لاواز کاریگەریی خۆی بەسەر ئەو زانستدا ڕەنگڕێژ کردووە.لێرە جیاوازییە کولتوورییەکان لە کات و شوێندا، ڕێگەمان پێدەدات لەوە تێبگەین کە بۆچی هەندێک سیستەمی سیاسی لەگەڵ بارودۆخێکدا گونجاون،کەچی لە بارودۆخێکی دیکەی جیاوازدا هەرەسیانهێناوە.

پەرەسەندنە تیۆریەکانی سەرەتا لەبارەی کولتوور و ئەنترۆپۆلۆژیای کەسایەتی تەنها چەند ساڵێک کەوتنە پێش دەستپێکی جەنگی جیهانی دووەمەوە. هەر لە سەرەتای ساڵی 1939ەوە، ئەنجومەنی ئاکاری نەتەوەیی پشتیان بە دەروونزانان و ئەنتریۆلۆژیستەکان بەست بۆ تۆژینەوە لە بارەی درێژەدان بە-بەرزڕاگرتنی- مەعنەویاتەکان لە کاتی شەڕدا. دوای (پێرل هاربۆر)، پەرەسەندن و جێبەجێکردنی ئەنترۆپۆلۆژیای کولتووری و دەروونزانی بوونە بابەتێکی سەربازی بە پەلە، هەروەک بوونە بابەتی تیۆری ئەکادیمی. (روس بەنەدێکت، کلایدا کلوچۆن) و ئەوانی دیکە کارێکیان کرد واشنتۆن هاوکاری تۆژینەوە و پلاندانانی پەیوەست بە شەڕەوە بکات. هاوپەیمانەکان بە وردی تۆژینەوەی لەبارەی کولتووری یابانیەکان،ئەڵمانیاو نازی و (دواتر سۆڤیەت) کرد بۆ مەبەستی لێتێگەیشتن و سوودلێوەرگرتنی.بەدڵنیاییەوە، لە کۆتاییدا، دەرکەوت هێزە سەربازیەکان یەکلاکەرەوەن، نەک بەکارهێنانی سیاسی کولتووری دەروونزانی. بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجدانە ئەوەیە لە کاتێکدا ئەوەی یەکەمیان لەشەڕدا سەرکەوتوو بوو، بەڵام نەدەکرا ئاشتی بە بێ دەستەبەرکردنی ئەوەی دواییان بەدی بێت

تۆیژینەوەکانی سەرەتا کە تاوتوێی یەکتربڕینی دەروونزانی، کولتوور و سیاسەتیان دەکرد بە توندی کەتبوونە ژێر کاریگەری ئەنترۆپۆلۆژیای کولتوورییەوەو بە شێوەیەکی دیاریکراوتر لەلایەن " کولتوور و کەسایەتی" کە گرێدەدەرێتەوە بە چەند هزرڤانێکی دەروونزانی سیاسی وەک بەنیدێکت (1934). مێد (1939)، کلوچکۆن و مورەی (1953)، و چەندانیدیکە. ئەو پێشەنگانە تۆژینەوەیان لەسەر ئەو کۆمەڵگەیانە کردووە کە تا ڕادەیەک بچووک و یەکڕەنگن و بە ڕەوتێکی لەسەرخۆ گەشەدەکەن، بۆ ئەوەی

لەلایەکەوە ڕایەڵگەلێک لە نێوان کولتوور و بە کۆمەڵایەتیکردن و کەسایەتیدا دروستبکەن و،لەلایەکی دیکەشەوە تۆژینەوە لەسەر بەردەوامی گردبوونەوە کۆمەڵایەتیەکان بکەن (کە ڕیشەیان لە دامەزراوە سیاسی، ئابووری و ئاینی و کۆمەڵایەتیەکاندا) هەیە. بەلەبەرچاوگرتنی جۆری ئەو کۆمەڵگایانەی کە تۆژینەوەیان لەبارەوە کردووە، ئەوا ڕەنگە مایەی سەرسوڕمان نەبێت، کە ئەو ڕایەڵانە وەک ڕایەلگەلێکی پتەو دەرکەوتن. هەرچۆنێک بێت، بە دڵنیاییەوە ئەوانەی تۆژینەوەیان لەبارەی ئەو کۆمەڵگایانەی کە کۆمەڵگەی گەورە و هەمەڕەنگن کردووە، کە بە ڕەوتێکی خێرا گەشەدەکەن پاساویشیان هەیە بۆ ئەوەی بپرسن ئایا ئاکامە سوودبەخشەکانی ئەم ژانرە کە بۆ ئەوانەی دەستەبەر دەکات چین.لەوەش زیاتر، بە زۆری ئەندامانی قوتابخانەی کولتووری- کەسایەتی سەرەتا وایان نووسی وەک ئەوەی کەسایەتی -کولتوور فۆرمێکی بەهێز و ڕوون بێت و ئەوەی یەکەمیان لە ڕوانگەی تیوری دەروونشیکاری بەهێز، بەڵام بە دەگمەن پوختکراوی سەرەتا، بینی. ئەوانەی نائاسوودە بوون لەگەڵ ئەو دیدگایەی پێیوایە دەروونزانی ناوخۆیی شتێکی زیاترە لە بۆتەیەک لە خواست و ئارەزوو کە بە شێوەیەکی کۆنکرێتی و لە شێوەی غەریزەدا بۆ ژیان بنیاتنراون، هەروەها کولتووریش وەک بەرگریکارێک لێیان، پرسیاری ڕەوایان هەبوو بۆ ئەوەی بیکەن. لە دەرئەنجامدا، دەرکەوت پارادایمی کولتوور- و-کەسایەتی نەگونجاوە بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەی لە ئەنجامی یەکتربڕینی کولتوور، دەروونزانی و سیاسەتەوە دروستدەبن لەو کۆمەڵگەیانەدا کە لەلایەن زۆرینەی دەروونزانە سیاسیەکانەوە توێژینەوەیان لەبارەوە کرا، کە بە شێوەیەکی گرنگیش ئەم کارە کرا.

لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو پارادایمەی سەرەتا کۆمەڵە تێگەیشتنێکی لە خۆگرتبوو لەبارەی کولتوور و کاریگەریەکانی لەسەر هەڵسوکەوتە کۆمەڵایەتیەکان. هەروەها هێنانەوە یادی ئەمانە کارێکی شایستەی ئەوەیە بیکەین لەبەر ئەوەی بناخەیەک دەستەبەر دەکەن بۆ گەڕان بە دوای کاریگەری کولتوور لەسەر دەروونزانی و هەڵسوکەوتە سیاسیەکانی ئەو کۆمەڵگایانەی گەورەترن و لە ڕووی کولتوورییەوە یەکرەنگن.

کاتێک باس لە چەمکی کولتوور دەکەین، دەبینین زیاتر لە (250) پێناسەی جۆراوجۆری بۆ کراوەو هەر یەک لە زانایان و تۆژەرانی کۆمەڵناسی و دەروونزانی و ئەنثرۆپۆلۆژی پێناسەو لێکدانەوەی تا رادەیەک جۆراوجۆرو جیاواز لە یەکدییان بۆیکردووە، تەنانەت کۆمەڵناسێکی ئەمریکی بەلای کەمەوە (500)مانای بۆ چەمکی کولتوور دۆزیوەتەوە،رەنگە هەر لەبەر ئەوەش بووبێت دەستنیشانکردنی چەمکی کولتوور بە زەحمەت ماوەتەوە.لە کۆنگرەی گشتیی کولتووریی حکومەتەکانی ئەوروپای رۆژهەلات، کە یۆنسکۆ لە وڵاتی فینلەندا لە هیلینسکی لە حوزەیرانی ساڵی 1972سەرپەرشتی دەکرد بەسترا،سەرباری گرنگیدانیان بە پارێزگاریکردن لە ناسنامەی کولتووری ئەوروپا، بەڵام نەتوانرا لەسەر یەک پێناسەی دیاریکراو رێکبکەون، چونکە کولتوور زیاتر لە چەند پێناسەیەکی جیاواز بەخۆوە هەڵدەگرێت. بەڵام لە بنەڕەتدا پێناسەکردنی کولتوور زیاتر لە هەر زانستێکی دیکە پەیوەندی بە ئەنثرۆپۆلۆژیاوە هەیە،چونکە چەمکێکی ناوەندی و سەرەکییە لەئەنثرۆپۆلۆژیا، بەڵام ئێمە لە خوارەوە هەوڵدەدەین چەند پێناسەیەک بۆ کولتوور دەهێنینەوە، لەو روانگەی کە پەیوەندی بە دەروونزانی سیاسییەوە هەیە، واتا ناچینە ناو وردەکاری هەموو ئەو

پێناسانەی کە بۆ کولتوورو رەگەزەکانی کولتوورو خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی کولتوور کراون.

راستە بەشێوەیەکی گشتی، کولتوور لەسەدەی هەژدەمەوە لە لایەن (ولیامز Williams)ەوە رەگەکەکەی بۆ ئەنثرۆپۆلۆژیا دەگێڕێتەوە،کە لێرەدا مەبەست لە کولتوور: شێوازی ژیانی تایبەتە کە کۆمەڵێک ماناو بەهای تایبەت لێ سەرهەڵدەدا،نەک تەنیا لە هونەرو پیشەدا، بەڵکو لە دامەزراوەکان و رەفتاری ئاساییشدا دەردەکەوێ. لە بنەڕەتدا کولتوور (الثقافة) لە وشەیەکی لاتینی وەرگیراوە کە کولتوور( Cultura)ە. کولتوور سەرەتا و پێش هەموو شتێک، دەستکردی دەستی مرۆڤەکانەو، پیادەکردنەکانی تەواو هەمەڕەنگن. کولتوور جێگیرە لە نێو گردبوونەوە مرۆییەکاندا، بەڵام ناوەڕۆکەکەی لە نێو گروپێکی دیاریکراودا جیاوازە. بەو پێیە، دەبێت لە هەر گروپێکدا فێری کولتوور بین و کاریگەریەکەی لەسەر هەڵسوکەوتەکانی گرووپەکە پەیوەندیدارە بە ناوەڕۆکەکەیەوە. بە دۆکیۆمێنتکردن و بەراوردکردنی ڕێکخراوە کولتووریەکان و تێگەیشتنەکان لە هەوڵدانێکدا بۆ شوێنهەڵگرتنی کاریگەریەکانیان لەسەر دەروونزانی ئەندامانی گروپەکەو هەڵسوکەوتی نێوانیان و هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتیان پاڵنەری بنەڕەتی بوو بۆ بوارەکە.

هەڵبەت ڕێکخراوە حکومی و ئایینی و ئابووریەکان کە پاڵنەری ئەوەیان هەیە پاساو بۆ ئیستیغلالکردن یاخود دەستێوەردانی کولتووری بێننەوە، جەختیان لەسەر جیاوازی لە نێوان کولتووری " شارستانی" و "سەرەتایی"ەکان کردەوە. هەرچۆنێک بێت، لەلایەن کەسایەتە دیارەکانی بوارەکەوە پشتیوانیان نەکرا، نە لە ڕووی ناوەڕۆک و نە لە ڕووی سیاسیەوە. بە پێچەوانەی هەندێ لە فرە کولتووریستەکانەوە،

ئەنترۆپۆلۆژیستەکانی کولتوور و کەسایەتی هەمیشە ڕەگەز بەکاردەهێنن بۆ شیکردنەوەی هەڵسوکەوتە لۆژیکی و ڕەفتارەیەکان.

ئەنترۆپۆلۆژیستە کولتووریەکانی سەرەتا یەکگرتو بوون لە تێڕوانینیاندا کە کولتوور دەرئەنجامی کرداری زۆری لێدەکەوێتەوە. کاریگەریەکانی لە هەڵسوکەوتە کۆمەڵایەتیە ئاسایی و هەرە هاوبەشەکاندا بەدیدەکرێن، هەروەها، لەتێگەیشتنێکی بەرفراوانتری سەرەکیدا کە ژیانی کۆمەڵگە دادەرێژێت.بە جۆرێک یان تا ئەو رادەیەی لە هەندێ کولتووردا پێکەنین ئیحراجبون دەگرێتەوە، لەهەندێکیدیدا، ڕەنگدانەوەی ڕۆحی گاڵتە و گەپە. لە هەندێ کولتووردا، سەیرکردنی ڕاستەوخۆی کەسێک ئاماژەیە بۆ ڕێزگرتن، لەهەندێکیدیدا سەیرنەکردنی ڕاستەوخۆیان کارێکی ڕێزدارانەو نیشانەی ڕێزگرتنە.ئەمە مرۆڤێکی باشە کە هەستێکی بەهێزی هەیە لەبارەی سوکایەتیەکان هەروەک چۆن هەستێکی بەهێزی هەیە لەبارەی ئەو سوودانەی پێیدەگات.

کولتووریش دووجۆرە رەگەز یان توخم دەگرێتەوە، توخمی مادی و توخمی مەعنەوی. کولتووری مادی بریتییە لە هەموو ئەو شتانەی کە لە لایەن مرۆڤەوە بەرهەمهاتووەو دەهێنرێت،کە بە هەستکردنیان پەی پێدەبەین، واتا کولتووری مادی هەندێک شتی وەک تەلارو شوێنەواری مێژوویی،شاری دێرین، تەکنۆلۆژیا،ئامرازەکانی بەرهەمهێنان، جلوبەرگ،کەرەستەی ناوماڵ،خانوو،هۆیەکانی گواستنەوەو گەیاندن، ئامرازەکانی کار، مۆسیقا،کەلوپەلی ناوماڵ،ئۆتۆمبێل، خانوو، و...هتد دەگرێتەوە. بە کورتی کولتووری مادی هەموو ئەو بەرهەم و دەستکەتە مادی و تەکنۆلۆژیانە دەگرێتەوە کە لە هەر کۆمەڵگایەکدا هەن.هەر لەناو کولتووری مادیدا، هەندێک لە توخمەکانی کولتووری مادی گۆڕانیان

بەسەردادێت، یان هەندێکیان لە هەندێکی دیکەیان پێشکەوتووترن، وەک تیڤی رەنگاوڕەنگ لە بەرامبەر تیڤی رەش و سپی....هتد. بەڵام کولتووری مەعنەوی ، هەموو ئەوشتانە لەخۆ دەگرێ کە مادی نین وەک تەواوی بەرهەمی ئەدەبی، هونەر، هزرو فەلسەفە،فۆلکلۆر،دابونەریت، ئاکار، بیروباوەڕ،پەروەردە،بەهاکان، ئایدیۆلۆژیا،یاسا،ئایین،ئەفسانە، هەموو ئەوشتانەی کە باوەڕت پێیەتی،...هتد دەگرێتەوە. واتا کولتووری مەعنەوی راستەوخۆ لە واقیعی ژیاندا دەرناکەون. بەڵام بە ئاوێتە بوونی کولتووری مادی و مەعنەوی گۆڕانکاری دروستدەبێت، بە دیوەکەی دیدا، هەر گۆڕانکارییەک لە هەر لایەکی کولتووری مادیدا روو بدات، رەنگدانەوەی بەسەر لایەنێک یان چەند لایەنێکی کولتووری مەعنەویشدا دەبێت و گۆڕان لەویشدا دێتە ئاراوە.

بەگشتی چەمکی کولتوور رەگەزێکە تەواوی کارو پەرچەکردارەکان (افعال وردود افعال)ی تاک و ژینگەکەی دەگرێتەوە کە لێیدەژی.

کولتوور هەموو ئەو رەفتارە وەرگیراو و فێربوانە دەگرێتەوە، دوور لە نموونەی رەفتاری بۆماوەیی و غەریزی. واتا کولتوور رەنگدانەوەی رەفتاری گشتی هەر تاکێکە کە رەگەکەی لە چالاکییە دەروونیەکانیدایە. هیچ کەسێکیش ناتوانێ دوور لە کۆمەڵگاو کولتوور بژی، کولتووری هەر تاکێکیش لە کەسایەتی تاک و رەفتارەکەیدا دەردەکەوێ،هیچ کەسێکیش بە بێ کەسایەتی و رەفتار نییە. بۆیە زۆربەی پێناسەکانی بواری ئەنترۆپۆلۆژی و تەنانەت کۆمەڵناسی و دەروناسیش جەخت لەوە دەکەنەوە کە کولتوور هۆکاری سەرەکی و بنەڕەتییە بۆ دیاریکردنی کەسایەتی تاک.چونکە کولتوور بەرهەمی وشیاری کۆمەڵایەتی مرۆڤەکانە. کەواتە کولتوور لە ئەنترۆپۆلۆژیاو کۆمەڵناسیدا هەر تەنیا ریفۆرمکردن و

پێشکەوتنی زانست و مەعریفەو ئەو دیدانە ناگرێتەوە کە دەدرێنە پاڵ ڕۆشنبیرو نوخبەی ڕۆشنبیر، بەڵکو هەر لەگەڵ سەرهەڵدانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی، ئەوە بە هۆی کولتوورەوەیە کە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لە کۆمەڵگای ئاژەڵان جیا دەکرێتەوە، نەریت و بیروبۆچوون و ئاراستەکانی کۆمەڵگا لە مێژوو وەردەگیرێن و وەک کەلەپوورێکی کۆمەڵایەتی بۆ نەوەکانی دوایی دەگوێزرێتەوەو زمانیش فاکتەری سەرەکی ئەو گوازتنەوەو گەیاندنی کولتوورەکانە بۆ نەوە نوێکان.ئەم پرۆسەیە بەردەوام لە نوێبوونەوەو بەردەوامبووندایە.

کولتوور پێکهاتەیەکی لە ڕەفتاری وەرگیراو لە نێو ئەندامانی کۆمەڵگا لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە دەگوازرێتەوە . کەوابێ کولتوور وێنای شێوازی ڕەفتاری تاک دەنەخشێنێ و ئاستی ئەقڵانیەتبوونی تاک دیاریدەکات، کەواتا ئەو پێناسەیە زۆر گونجاوە کە دەڵێت، کولتوور لە بنەڕەتدا ڕەفتار و شێوازی ڕەفتاری تاک دیاریدەکات بەرامبەر بە ئەوانی دیکە.

بەڵام هەندێک پێیانوایە چەمکی کولتوور ئەو هەموو کارو کردەوانەی مرۆڤەکانە کە پەیوەندی بە کەسایەتی نیشتمانییەوە هەیە، واتا چەمکی کولتوور ئەوەندە بەرفراوان دەکەن بە جۆرێک تەواوی کۆمەڵگا بگرێتەوە،وەک کەسایەتی، بەهاکان، دامەزراوەکان، بەڵام لەبنەڕەتیشدا کولتوور لەم شتانە بەدەر نییە، چونکە جگە لەوەی بەکارهێنانی کولتوور لەسەر ئاستێکی زۆر بەرفراواندایە، هاوکات کولتوور ڕێگایەکی زۆر گرنگیشە بۆ تێگەیشتن لە تەواوکاری (التکامل)ی کۆمەڵایەتی بۆ کۆمەڵگا، واتا ئاستی جیاوازی کۆمەڵگاکان بەهۆی کولتوورەوە لە یەکدی جیادەکرێنەوە، چونکە بەکارهێنانی کولتوور ئاماژەیەکە بۆ هەموو ئەو

ڕەگەزە جیاوازانەی  لە ڕێکخستنی کۆمەڵایەتیدا بەدیدەکرێن.لەبەرئەوەیە هزری سیاسی یەکێکە لە پێکهێنەرەکانی کولتوور،بەجۆرێک هەر بەرهەمێکی فیکری وەک پێکهێنەرێک لە پێکهێنەرەکانی کولتوور بواری ئەوەی هەیە ڕۆڵێکی گرنگ ببینێت لە پێکهێنانی وشیاری کۆمەڵایەتی،چونکە کاتێ بمانەوێ لە پرۆژەیەکی سیاسیدا بیخەینە کارەوە، هەمیشە ئەو پێکهێنەرەی کولتوور لەو پێناوەدا بەکاردەهێنرێت.

تێگەیشتن لە ئاڵ و گۆڕی مۆدێرنی نێوان کولتوورەکان بەرجەستەکاری تێکەڵبوونی ئەم دوو سەرچاوەی گۆڕانە کولتووریانەیە. بەدڵنیاییەوە، لە جیهانێکدا کە زیاتر و زیاتر پێکەوەگرێدەدرێت، خۆلادان لە پەیوەندی کولتووری بژاردەیەکی واقیعی نیە. بەو پێیە، سەرنجدان لە سەر گۆڕانکاری لە دەرئەنجامی خۆتێهەڵقورتاندنی کولتوورییەوە شایەنی ئەوەیە درێژەی پێبدرێت. هەرچۆنێک بێت، گرنگیدان بە " ئیمپراتۆریای" کولتووری و جێگرەوە پۆست مۆدێرنەکەی و لەبارەی نەخشەسازی هەژمونگەرایی، ستایشێکی کەمتری مانەوەی دابو نەریتە کولتووریەکان لە پێگەی هێزدا دەکات، ئیدی بە چ ناوێکەوە کە ئەوان دەڵێن قسە دەکەن. توانای دابو نەریتە کولتووریە بەهێزەکان بۆ سەرکوتکاری و سنوورداری و تەنانەت میانڕەویکردن و هەموارکردن و پێداچوونەوە و ئاڵوگۆڕپێکردنی دابونەریتەکانی ئەوانی دیکە بۆ بەکارهێنانی خۆیان لە ڕووی گرنگیەوە، توخمێکی سەرەکی دیکەیە لە سایکۆلۆژیای سیاسی کولتووری و نێو کولتوورەکاندا.

کاریگەری کولتوور لەسەر دەروونزانی سیاسی لە یەکتربڕی ئەزموونە دەروونزانی و مێژووییە ڕاستەقینەکانی گرووپە کولتووریەکەدا بەدیدەکرا. هۆکاری ئەو ڕەفتارانەی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی سۆڤیەت، دەیانکرد،

به تەنها و ڕەنگە بە شێوەیەکی سەرەکی، بۆ باوکە دڵڕەقەکان یاخود دایکە دووردەستەکان نەدەگەڕایەوە. لەبری ئەوە، ئەوە منداڵی ئەوان بوو کە بە باشی ئامادەسازی دەکران بۆ ئەوەی جیهانی سیاسی لە دیدگایەکی بەهێزی مێژووی سیاسی دڵڕەق و پیلانگێری خۆیانەوە ببینن.

هەنگاوی لۆژیکی دووەم، پەرەسەندنی کولتوور وەک بیروباوەڕێک لە پەیوەندیدا بە هەڵسوکەوتی سیاسیەوە، بریتی بوو لە کارەکەی ئەلمۆند و ڤێربای بوو( 1963)، تۆژینەوەی پێنج-نەتەوە لەبارەی کولتووری سیاسیەوە. کە یەکێک لە کاریگەرترین کتێبەکانی زانسی سیاسەت بوو لەشەستەکاندا. ئەوان پشتیان بە ڕووماڵە نەتەوەییەکان بەست و جەختیان لەسەر کولتوور کردەوە کە ڕیشەی لەو بیروباوەڕ و تێڕوانینانەدا هەبوو کە پشتیوانی هەڵسوکەوتە سیاسیە جیاوازەکانیان دەکردەوە. بە گەڕانەوە بۆ قوتابخانەی کولتوور و کەسایەتی، ئەوان کولتووری سیاسیان وەک دەرئەنجامی ئەزمونگەلێکی مێژوویی و دامەزراوەی و کەسایەتی پێکەوەگرێدراو دەبینی. کولتوورە سیاسیە " بابەتی" و "بەشداربووە"کان جیاواز بوون لەبەر ئەوەی لە هەر خێزان و قوتابخانەیەکدا، ئەزموونی کۆمەڵایەتی و دواتر سیاسی شێوەی تایبەتی خۆی وەردەگرێت

کولتووری سیاسی بۆ یەکەمین جار لە لایەن فەیلەسووفی ئەڵمانی (ئی.هێردەر) لە سەدەی هەژدە بەکاریهێناوە،بەڵام لە سەدەکانی نۆزدەو بیست، ئەم چەمکە لە لایەن قوتابخانە فیکری زانستییە جۆراوجۆرەکانەوە بەشێوەیەکی لابەلا بەکارهاتووە، بەڵام زیاتر قووڵبوونەوە لە ناوەرۆکی کولتووری سیاسی ئەوا زانای ئەمریکی (گابریل ئەلمۆند)لە ساڵی 1956 لە کتێبێکیدا (بەراوردکرنی سیستەمە سیاسییەکان)بە وردی

ئەم چەمکەی بەکارهێناوە. واتا وەک رەهەندێک لە رەهەندەکانی شیکردنەوەی سیستەمی سیاسی بەکاریهێنا.

کولتووری سیاسی تایبەتمەندییە چۆنایەتییەکانی هەموو ژیانی سیاسی رەنگدەداتەوە، بۆیە نابێت کولتوور بە تەنیا هەندێک لە دیاردەکانی ئەم بوارەی ژیانی کۆمەڵایەتی ببەستینەوە.

کولتووری سیاسی بریتییە لە کۆمەڵێک داب و نەریت و بیروبۆچوون و ئاراستەی زاڵ و جێگیرن کە پەیوەندییەکی توندو راستەوخۆیان بە کاروباری سیاسەت و حوکمڕانی و دەوڵەت و دەسەڵاتەوە هەیە، واتا بە تێڕوانینی هاووڵاتیان بۆ دەسەڵات بەستراوەتەوە،بۆیە کولتووری سیاسی کاریگەری بەسەر پەیوەندی هاووڵاتیان بە دەسەڵاتەوە دەنەخشێنێت.چ لە بارەی رۆڵ و چالاکی لە دەسەڵاتەکەدا، چ لە رووی ئەو ئەرکەی بۆی دیاریدەکرێت وەک هاووڵاتیەک کە پێیهەڵبسێت. واتا کولتووری سیاسی بەتەواوی لایەنگیری و ئینتیماو شەرعیەتپێدان و بەشداریکردن لە سیاسەتدا دەگرێتەوە. واتا سیستەمێکە لە بیروباوەڕو هێماکان (الرموز)و بەهای دیاریکراو بۆ چۆنیەتی بینینی کۆمەڵگایەکی دیاریکراو، کە رۆڵی بۆ حکومەت و رێکخستن و دەستبەسەرداگرتنی و ئەو پەیوەندییەی کە لەنێوان حوکمڕانان و هاووڵاتیاندا دروستدەبێت. واتا کولتووری سیاسی بە دەوری ئەو بەهاو ئاراستەو ئەو بڕواپێبوونە درێژخایەنە دەخولێتەوە کە بەتایبەت لە دیاردە سیاسییەکاندا دەبینرێن، هەموو کۆمەڵگایەکیش کۆمەڵێک هێماو بەهاو نەریتی بنچینەیی خۆی هەیە کە لە تاکەکانەوە بۆ میللەتەکەی دەگوازێتەوە.

بەگشتی کولتووری سیاسی سیستەمێکە بەهاکان و چەمکەکان و دابونەریتەکانە لە رەفتاری سیاسیماندا رەنگدەداتەوەو دەگرێت و بەهۆی

ئەو بەهاو نەریت و هێمایانەیە کە  لە رەفتاری سیاسیماندا کۆنترۆڵماندەکات.

کولتووری سیاسیی کۆمەڵێک بەهاو پێوەری رەفتارەکانە کە بە تاکەوە بەستراوەتەوە لە پەیوەندی لەگەڵ دەسەلاتی سیاسی. کولتووری سیاسیی بەشێکی دانەبڕاوە لە کولتووری گشتی کۆمەڵگا.کە بەها کۆمەلایەتییەکان بەهۆی پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەلایەتییەوە دەگوازرێنەوە چ لە ولاتێکەوە بۆ ولاتێکی دیکە، یان لە نەتەوەیەکەوە بۆ نەتەوەیەکی دیکە دەگۆڕێت و جیاوازە.هەروەها کولتووری سیاسی لای نوخبە جیاوازە لەگەڵ رۆشنبیری سیاسی لای جەماوەر.بەهەمانشێوە رۆشنبیری سیاسی شار جیاوازە لە هی لادێ و .هتد. چونکە هەر توێژێکی کۆمەلایەتی رۆشنبیرییەکی سیاسی تایبەت بە خۆی هەیە کەلە هی توێژێکی دیکە جیاوازە.کەواتە ئەو شتانەی رۆشنبیر نیگەران دەکەن، جیاوازن لەو شتانەی کە کەسێکی ئاسایی نیگەران دەکات،کولتووری سیاسی لای خەڵکی گوندی جیاوازە لەگەڵ خەڵکێکی شارنشینی، کولتووری سیاسی لای گەنج و لاوەکان جیاوازە لەگەڵ ئەوەی پیرو بەسالاچووەکان،لای نوخبە جیاوازە لەگەڵ جەماوەر، واتا هەر یەک لەم چین و توێژانە کولتوورێکی سیاسی تایبەت بە خۆیان هەیە، کە تەواو جیاوازە لەگەڵ چین و توێژێکی دیکە،هەرچەندە هەموو ئەو چین و توێژانەش لە یەک نیشتمان و تەنانەت لە یەک کۆمەڵگاشدا دەژین، بەلام سەرچاوەی نیگەرانی هەر یەک لەم دوو لایە تەواو لە یەکدی جیاوازە. جیاوازییەکە وەک ئەوە وایە باڵەخانە بڵندەکانی نیویۆرک و پەکین و ئیماراتی عەرەبی تا رادەیەکی زۆر هاوشێوە دەرکەون، بەلام مەرج نیە بەها و تێڕوانینە کولتووریە جەوهەریەکان کەسانی نیشتەجێبوی نێویان لە هزرو بیروباوەڕو کولتوورییاندا وەکوو یەک بن..

کولتووری سیاسی لە دەوری بەهاکان و ئاراستەکان و تەواوی دیاردە سیاسییەکانەوە دەخولێتەوە.هەر کۆمەڵگایەکیش کۆمەڵێک هێماو بەهاو نەریت و..هتد بۆخۆی بەرهەمهێناوەو پەیڕەوی لێدەکات. کولتووری سیاسی پەیوەندی راستەوخۆی بە کاروباری سیاسەت و حوکمڕانییەوە هەیە، وەک دەوڵەت و دەسەڵات و ئینتیماو بەشداریکردنی سیاسەت و .هتد.چونکە کولتووری سیاسی خۆی کۆمەڵێک سیستەمە کە بەهاکان و چەمکەکان و زانستەکان بەخۆیەوە دەگرێت کە رەفتارمان بەرامبەر سیستەمی سیاسی توند رێکدەخات.

بونیادی کولتووری سیاسی بریتی نییە لە توخمەکانی وشیاری سیاسی، بەڵکو توخمی رەفتاریی زۆر گرنگیشی هەیە کە خۆی دەردەبڕێ لە بەشداریکردنی وشیارانەی هاووڵاتیان لە گفتوگۆکردن لەسەر پرۆژەو بەڵگەنامەکانی حکومەت و حیزبە سیاسییەکان لە هەڵبژاردنی نوێنەرانی دەسەڵاتەکانی یاسادانان، جێبەجێکردن و دادوەری،کارکردن لە دەزگا جۆراوجۆرەکانی دەوڵەت و رێکخراوە کۆمەڵایەتی-سیاسییەکان (جا لە ئاستی ناوچەیی بێت یان گشتی بێت)لە چالاکییە شێوەکانیتری کۆمەڵایەتی – سیاسی،کۆمپانیا،کاروباریتر، ئەندامەتیی لەناو پارتە سیاسی و رێکخراوەی و بزووتنەوە کۆمەڵایەتی – سیاسییەکاندا.

لە وڵاتانی پێشکەوتوودا کولتووری مەدەنی جێگای کولتووری سیاسی گرتۆتەوە، چونکە کولتووری سیاسی خۆی لە خۆیدا تێکۆشانە بە ئاراستەی پێشخستنی کۆمەڵگاو بە ئاراستەی چارەسەرکردنی گرفتە سیاسییەکان و گەشەپێدان بە مافەکانی مرۆڤ.

کولتووری سیاسی کاریگەری بەسەر سیستەمی سیاسی و،هەروەها کاریگەری بەسەر پەیوەندییەکانی تاک هەیە لە کاروچالاکی سیاسیدا،بە

دیوەکەی دیدا کولتووری سیاسی کاریگەری بەسەر تێڕوانینی هاوڵاتیاندا هەیە بۆ دەسەڵات، بۆیە هەموو سیستەمێکی سیاسی پێویستی بە کولتوورێکی سیاسی هەیە،تا بتوانێ پێگەی شەرعیبوونی خۆی بەهێزتر بکات.

کولتووری سیاسی بریتییە لەو دەوروبەرە فیکری و ئەقڵییەی کە سیاسەتی لێپێکدەهێنرێت و لێکدانەوەی بۆ دەکرێت و حوکمڕانی بەسەردا دەدرێت. یان بریتییە لە مەعریفەو بیروباوەڕو بەهای تاک و کۆمەڵگا و هەڵوێستیان بەرامبەر بە حکومەتی سیاسی . ناکرێ کەسێک خۆی بە سیاسی یان بە سەرکردەیەکی سیاسی بزانێت، کەچی ئاستی رۆشنبیری نزم و لاواز بێت، هەموو ئەو سەرکردانەی ئاستی رۆشنبیرییان لاوازو نزمە، ناتوانن بەشێوەیەکی تەندروست و سەرکەوتوو پەیڕەوی لە سیاسەت بکەن، چونکە رۆشنبیری دونیابینی مرۆڤ فراوانتر دەکات و واقیع وەکوو خۆی دەبینێ و بەرنامەڕێژیشی بۆ ئایندە تۆکمە تردەبێت.بە دیوەکەی دیدا، سەرکردەیەک خاوەن رۆشنبیرییەکی بەرفراوان بێت، ئاستی ئەقڵانیبوونی باڵاتر دەبێت، بەم پێیە سۆزو عاتیفەی رووت یان هەڵچوونی دەروونی کەمتر کاریگەرییان بەسەر سیاسەتکردنەکەیدا دەبێت. بۆیە دەروونزانی سیاسی پەیوەندییەکی توندی بە کولتوورەوە هەیە.

ئاراستەی کولتووری سیاسی بەریتانی بەرەو ئەوەیە کە خەڵک حیزبە سیاسییەکان هەڵبژێرن نەک سەرکردەی سیاسی. لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی ئەمریکادا خەڵکی بەرەو کەسایەتی پاڵێوراو ئاراستە دەکرێن، بۆ ئەم پۆستە نەک بەرەو حیزبە سیاسییەکەی، بە کەسایەتیکردنێکی (Personification)بەهێزی دەسەڵات لەکولتووری سیاسی هیندستاندایە، لەوێ حیزبە سیاسییەکان خەڵکی ناودارەکەن کە

پاڵێوراوی خۆیان، بەتایبەتیش نمایشکارانی سینەما. واتا توخمێکی بونیادی و سەرەکی کولتووری سیاسی لە ئاراستەی گشتیی کولتووری: جیهانبینی،هەڵوێست بەرامبەر بە دەسەڵات و بەرامبەر بە هەندێک دیاردەی سیاسی پێکهاتووە.جۆرو تایبەتمەندی ئاراستە کولتوورییەکان شوێنی دیاردە سیاسییەکان لەناو بونیادی بەهاکانی کەسایەتی،گرووپ و کۆمەڵگا دەردەخەن. کەواتە کولتووری سیاسی لە پرۆسەی گەشەکردنی خۆیدا ئەرکێکی یەکجار گشتی جێبەجێدەکات، کە ئەویش ئەرکی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی سیاسیانەی تاکە.گرنگترین دەزگاکانی پێگەیاندنی سیاسیی مرۆڤیش بریتین لە:خێزان، سیستەمی پەروەردە،راگەیاندن،رێکخراوەی فەرمی و حیزبی و ئایینی.

لە بنەڕەتدا سێ جۆر کولتووری سیاسی هەیە، یەکەمیان، کولتووری سیاسی شوانکارەییە (واتا تابعە)،ئەمەیان لەگەڵ بونیادی سیاسی نەریتی دەگونجێ،هاوڵاتی بە بوونی حکومەتی ناوەندی بەختەوەر دەبێت و پێیوایە پێویست بەو ناکات تا بەشداری لەو حکومەتەدا بکات.دووەمیان،کولتووری سیاسی ملکەچکارانەو خۆبەدەستەوەدانە،کە خۆی لەگەڵ بونیادی سیاسی دەسەڵاتخوازییەکەدا دەگونجێنێت،هاووڵاتیانیش شوێنکەوتەن و دەسەڵاتەکەش دەپارێزن و بەشداریشی تێدا ناکەن.سێیەمیان کولتووری سیاسی بەشداریکردنە، کە لەگەڵ بونیادی سیاسی دیموکراسیدا دەگونجێ، هاووڵاتیان بەشداری سیاسی لە کاروباری سیاسی و حوکمڕانیدا دەکەن و خۆیانی لێ دوورە پەرێز ناگرن.

هاوتەریبکردن و بچوککردنەوەی تێگەیشتنی قووڵ و ئەکادیمی لەبارەی دەروونزانی سیاسی هاوچەرخەوە کە کولتوور بە جیدی دەیگرێتە خۆی، ڕەوتگەلێکی سیاسین و هەڕەشەی ئەوەشدەکەن نەک تەنها زاڵ دەبن

بەسەر تیۆرە ناکولتوورییەکاندا، بەڵکو بەسەر خودی کولتوور خۆیشی. کێشەکە لەلایەن دو ووتەی سەرۆک کلینتۆنەوە بە باشی بەرجەستە بووبوو کاتێ وتی: ڕەنگە شتێکی مەزن بێت بۆ ئەمەریکا کە ئێمە بەرەو فرەئیتنی بچین.....بەڵام ڕەنگە بەرمیلێکی باروت بێت لە دڵشکاندن و دابەشبوون و لەدەستچوونیش. بە راستی چۆنیەتی ئیدارەدانیشی لەلایەن ئێمەوە ئەوە دیاریدەکات کە تەنها ئەو پرسیارەش مەزنترین دیاریکەر بێت بۆ ئەوەی کە ئێمە پەنجا ساڵی دیکە چۆن دەبین... و مناڵانی ئەو کەسانە بە پەرۆشەوە بۆ چی دەڕوانن. (کلینتۆن، 1997)تا ئەو رادەیەی وتی:ئایا دەتوانین ئەوە دیاری بکەین کە ئەمەریکی بوون بە مانای چی دێت، نەک تەنها لە ڕووی ئەو هێمایەی پیشانیدەدات کە ئێمە ئەسڵێکی ئیتنیمان هەیە، بەڵکو لە ڕووی دڵسۆزی سەرەکیمانەوە بۆ ئەو بەهایانەی کە ئەمەریکا لە پێناویاندا وەستاوەتەوە و ئەو بەهایانەی لە پێودانگی ئەوانەوە دەژین؟ (کلینتۆن، 1997).

ئەمانە پرسیاری بێبایەخ نین. لە بەشێکیداو، لەم سەدەیەدا، بەهۆی ئەو ژمارە بێ پێشینەی کۆچبەرانی نوێیەوە، زیاتر تاویان سەندووە، ویلایەتە یەکگرتوەکان بە شێوەیەکی دراماتیکی بەرەو فرەیی زیاتر دەچێت– لە ڕووی نەژادی، ئیتنی و کولتوورییەوە. ژمارەکان ئەوە پیشان دەدەن کە ئەو کۆچبەرانەی لە وڵاتە یەکگرتووەکاندا دەژین نزیکەی سێ ئەوەندە بوونە لە ساڵی 1970ەوە، لە 9.6 ملیۆنەوە بۆ 26.3 ملیۆن کەس زیادیان کردووە لە ئێستادا و لە ڕووی زیادبوونیشەوە زۆر پێش ئەو خەڵکانە کەوتون کە لە وڵاتەکەدا لە دایک بوونە.

لە زۆر ڕووەوە پەیوەندیە نەژادیەکان بەرەوپێشچوون، بەڵام ئەوەی مایەی دژیەکیە خراپتر بوون. هەندێ کەس بیرکردنەوەیەکی میسالیانەیان

هەبوو لە ئاست کۆچبەراندا، تەنانەت کە ئاستە بەرزەکانی کۆچبەریش بە ترس و گومانەوە سەیرکرا لەلایەن زۆر کەسی دیکەوە. پێناسەکردنەکانی خێزان و پەیوەندیەکانی نێوان پیاو و ئافرەت، لە ماڵ و لە شوێنی کار، بە شێوەیەکی دراماتیکی گۆڕانیان بەسەردا هات، بەڵام پرسیاری ئەوە مایەوە کە ئایا ئەوانە بەرەوپێشچوونە. بە کورتی، لە کاتێکدا ئەوەی مایەی نکوڵی لێنەکردنە ئەمەریکا لەئێستادا لە هەر کاتێکی دیکەی مێژووی وڵاتەکەی فرەییترە، پێدەچێت ئەمەریکیەکان پتر دابەشبووبێتن، گۆشەگیرتر بن و جەمسەرگیرتر بن.بەڵام ئایا سروشتی ئەو کولتوورە چیە کە ئەمریکییەکان دەیانەوێت کۆچبەرانیان تیا هاوشێوەی یەک لێبکەن؟ سالینس (1997) مشتومڕی ئەوەی کرد مەسەلەکە چارەسەر دەبێت ئەگەر بێتو کۆچبەران بەردەوام بن لە فێربوونی ئینگلیزی، و پابەندبن بە ئەخلاقی کارەوە، و شانازی بکەن بە ناسنامەی ئەمەریکیەوە، باوەڕیان بە بنەماکانی یەکسانی و لیبراڵ دیموکراتی ئەمەریکا هەبێت. رەنگە گرفتە بنچینەییەکە لەوەدا بێت کە ئەو کۆمەڵگایانەی کە پەیوەستن بە هاوچەرخترین بەرژەوەندیەکانەوە کۆمەڵگەی گەورە و فرەیین. لەبەر ئەوەی گروپی کولتووری جیاواز تێیاندا نیشتەجێن، ئەوا زیاتر و زیاتر زەحمەت دەبێت کە گریمانەی هەڵسوکەوتە بە کۆمەڵایەتیکردنی هاوبەش، و دەروونزانی هاوبەش بکەین، یاخود تەنانەت تێگەیشتنی هاوبەشیش. دەرئەنجامەکە لەسەرتاسەری جیهاندا ئاشکرایە. بەو پێیە، پرسیارێکی بنەڕەتی بریتیە لەوەی چۆن دەکرێت دابو نەریتە کولتووریە فرەییەکان ئاوێتەبکرێن لە یەکە سیاسیەکاندا کە تێیاندەپەڕێنن. ئەمە تەنگژەیەکی بنەڕەتی دەوڵەتە مۆدێرنە فرەئیتنی و فرەکولتووریەکانەو، پێویستە بایەخدانێکی سەرەکی

بێت بە دەروونزانی سیاسی. بەڵام پرسی گرنگی پێکەوەگرێدراوی دیکەش هەن.

ئەنترۆپۆلۆژیستەکانی سەرەتا کولتووریان وەک یەکەگەلێکی ئاوێتەکراو دەبینی کە بەشەکانی لایەنی خۆگونجاندن و ئەرکگەلیان بەرهەمهێنا. جێی گومانی زۆرە کە ئایا ئەم چەمکسازیە بە تەواوەتی وەک چەمککسازیەکی سوودبەخش مابێتەوە. کێشەکە تەنها ئەوە نیە دابو نەریتێکی بەهێز و فرەیی و کولتووری بە ئاڕاستەی جیاوازدا دەڕۆن، ئەگەرچی بە دڵنیاییەوە ئەوە ڕاست و دروستە. کێشەکە، هەروەک بێڵ (1954)لە کتێبەکەیدا ئامازەی پێکردووە، دژیەکیە کولتووریەکانی سەرمایەداری، ئەوەیە کە هەندێ لە هەڵسوکەوتە کولتووریە ڕیشەقووڵەکان دەتوانن لە حاڵەتی نەبوونی پابەندیدا چوارچێوەی کولتووری یان سیاسی سنووردار دەکەن و، بناغەکانی خۆیان لاواز دەکەن.

ئەنترۆپۆلۆژیستە کولتووریەکانی سەرەتا گۆڕانی کولتووری وەک بەرەوپێشچوونێک بینی نەک وەک شۆڕش. لەو کۆمەڵگەیانەی ئەوان توێژینەوەیان لەبارەوە کرد کۆنتاکتە کولتووریەکان پچڕ پچڕ و سنووردارن و تەنانەت کاتێکیش سەپێنران، ئەوا بە فلتەری بناخەی هاوبەشی بەربڵاوو پتەوی ئەزموونی کولتووریدا تێپەڕین. یەکێک لە هۆکارەکان ئەوەبوو کە کولتوور و خەڵکەکەی بە ڕادەیەکی گەورە لە شوێنی خۆیاندا مانەوە، پارێزگاریان لە ڕایەڵەکان کرد لەگەڵ ئەزموونی مێژوویی کولتووریدا.لە چەند روویەکی گرنگەوە، " کۆنتاکتی کولتووری" وا دەردەکەوێت تەواو جیاواز بێت. هۆکارەکانیش تەنها ناگەڕێتەوە بۆ بوونی دونیا بە گوندێکی جیهانی و ڕۆچوونی کولتووری، کە هۆکارەکانی پەیوەندیکردنی هاوچەرخ ئاسانکاریان بۆ کردووە.

ئەندازەی بێ پێشینەی کۆنتاکی مۆێردنی نێو کولتوورەکان لە ڕێی کۆچ و کۆچبردنەوە دێنەئاراوە. ئەمەش پرسگەلێکی تەواو جیاواز دروستدەکەن، یاخود بەلای کەمەوە ئەو پرسیارانەی پێویستە چارەسەر بکرێت لەسەر مەودایەکی تەواو جیاواز و گەورەتر لەوەی پێشووتر.

چی بەسەر بناغەی کولتووری گرووپەکەدا دێت کاتێک لە نێو سیاقێکی نوێی کولتووری جیاواز- لە ڕووی ناوەڕۆکەوە-دا دەچێنرێت؟ چی بەسەر ئەو دابونەریتە کولتووریە بالادەستانەدا دێت کاتێک هەوڵی ئەوە دەدرێت کە ئاوێتە بکرێت لەگەڵ دابونەریتە فرەییە و ڕەنگە ناتەبا و کولتووریە دەرەکیەکاندا؟ ئایا جیاوازی هەیە لە نێوان ئاوێتەکردنی کولتووری قووڵ و ڕواڵەتیدا؟ ئایا پرۆسەی گۆڕانی کولتووری و نێو کولتوورەکان چیە لەو هەلومەرجانەدا کە دوو یان زیاتر لە دوو دابونەریتی کولتووری گەورە هەمان پانتایی فیزیکی و سیاسیان هەیە؟ چ مۆدێلێکی چەمکگەرایی یارمەتیدەرمان دەبێت بۆ تێگەیشتن لە پرۆسەکانی چونیەککردنی کولتووری، پشت بەیەکبەستن، یاخود ئۆتۆنۆمی؟

کەسایەتیە سەرەکیەکانی بواری ئەنترۆپۆلۆژیا کولتوورییەکان، یەکبوونیان لەو کولتوورانەدا بینی کە تۆژینەوەیان لەبارەوە کرد، -ئەمەش- هیچ دەرئەنجامێکی بەدینەهێنا لەبارەی شایستەیی ڕێژەیی هەڵسوکەوتە کولتووریەکاندا. کولتووری -لێگەڕێت کار بکات- دەنگدانەوەی هەیە لەو پێداگیریە مۆدێرنەی کە دەبێت سەرجەم هەڵسوکەوتە کولتووریەکان هەمان ڕێزیان لێبگیرێت، تەنانەت کاتێک تێگەیشتن و دابو نەریت کولتووریە قووڵەکانیش پێشێلیدەکەن، چۆن کولتوورەکان دەتوانن ڕێز لەو دابو نەریتانە بگرن و تەنانەت لە خۆیان بگرن کە تەواو جیاوازن لەگەڵ بناغە کولتووریەکانی خۆیاندا؟ ئەمە پرسیارێکە گرنگیەکی کەمی لە دیموکراسیە

مۆدێرنە فرەکەلتورەکاندا نییە. فیش(1998) سکاڵای لەوە هەبوو کە کولتووری ئەمەریکی لێبوردەیی بڵاو دەکاتەوە، " بەڵام بەرهەڵستی هێزی ئەو کولتوورو تێگەیشتنە دەکات دەقا و دەق لەو خاڵەدا کە مایەی گرنگیە بۆ ئەو ئەندامانەی پایەندبوونێکی بەهێزیان هەیە" ئەمەش دەقاودەق ڕاست و دروستە. هەرچۆنێک بێت، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا دەکرێت پێچەوانە بێت. دەکرێت دیموکراسی ڕێز لە دابونەریتی کولتووری دژ بەدیموکراتی بگرێت و بیگرێتەخۆی و دیموکراتیانە بمێنێتەوە؟

ئایا سەرجەم دابو نەریتە کولتووریەکان بە هەمان ئەندازە شایستەی ئەوەن ڕێزیان لێبگیرێت و لە خۆبگیرێن؟ وەک سوێڵ ئاماژەی پێکردووە، تەنانەت کولتووری ڕۆمانی ئیپمریالیزم باڵادەست خۆیی لەگەڵ سیستمی ژمارەی عەرەبیدا گونجاند لەبەرامبەر سیستمە قورسەکەی خۆیاندا، لەبەر ئەوەی لە ڕووی ئەرکەوە باڵاتر بوون. لە کولتووری ئێمەدا، دەرئەنجامە تێکشکێنەرەکانی تەڵاق لەسەر منداڵان بە باشی دۆکیومێنت کراوە، هەروەها بە شێوەیەکی گشتی ئەو ئەزموونە ئیجابیەیان دۆکیومێنت کردووە کە گەشەکردن لەخێزانێکی گەرم و گوڕ و پشتیوان و تێکنەشکاودا دێتەئاراوە. ئایا پێویستە ئێمە بەو دەرئەنجامە بگەین کە یەکەمیان خوازراوترە بۆ پەروەردەکردنی منداڵ، ئەگەر ڕێز لە پێویستی بژاردە بگرین لە پێکهێنان و پارێزگاری کردن لە پابەندبوونە هاوسەرگیریەکاندا؟

پرسیارگەلێک هەن پەیوەندیدارن بە ناسنامەوە، کە دەبێت دەروونزانی سیاسی کولتووری و کولتووری نوێ دەستوپەنجەی لەگەڵدا نەرم بکات. تێڕوانینە دیاریکەرەکەی ئەریکسۆن ئەوەبوو کە دەبێت دووبارەی ناسنامە بگونجێنرێت. دەبێت بگونجێت لەگەڵ سایکۆلۆژیای ناوخۆی تاکەکەسەکاندا- تموح و کارامەیی و بەها و پەیوەندیەکانی لەگەڵ ئەوانی

دیکەدا+ هەروەها پێویستە ئاسوودەییەک دروستبکات لەو کۆمەڵە پانتاییەی کە هەر کولتوورێک بۆ ئەندامانی دەستەبەریدەکات.

لەبەر چەند هۆکارێکی ڕوون، بەرەوپێشچوونی ناسنامەیەک کە لە ڕووی سایکۆلۆژیەوە پتەو بێت و لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە پشتیوانی لێبکرێت، ئیدی ئەو ناوەی لێبنرێت یان نا، لایەنێکی بە کۆمەڵایەتیکردنە لە هەر کولتوورێکدا کە قابیلی ژیان و گەشەکردن بێت. ناسنامە پەیوەندیەکی ستراتیژی و دوولایەنە دەستەبەر دەکات بۆ تاکەکەس و کولتوور. ناسنامەیەکی گونجاو هەستکردن بە شوێن و بە ئامانج دەستەبەر دەکات بۆ تاکەکەس. تاکەکەسەکان لەگەڵ ئەو ناسنامانەی دەگونجێت لەگەڵیاندا، کولتووری خۆیان پتەو دەکەن- تێگەیشتن و دامەزراوە و هەڵسوکەوتەکان و هەروەها خۆشیان. ئەنترۆپۆلۆژیستە کولتووریەکانی سەرەتا لێکۆڵینەوەی ئەو کولتوورانەیان کرد کە پرسەکانی ئەوەی کە تاکەکەسەکان کێن، و چۆن خۆیان دەگونجێنن، جێی مشتومڕ یان بژاردەیەکی شەخسی بەرفراوان نەبوون. دەقا و دەق پێچەوانەی ئەمە ڕاستە لە کۆمەڵگە هاوچەرخەکاندا. کە تێکەڵەی ناسنامەی پیشەیی و نەتەوەیی و سیاسی و ئاینی و ئیتنی و نەژادی و سایکۆلۆژی و بایەلۆجیەکان بە شێوەیەکی ڕوو لە زیاد لەو کۆمەڵگەیانەدا دەخرێنەڕوو کە هەمەڕەنگن، ئەمەش دەرفەتگەلێکی بێ پێشینە دروست دەکات بۆ بژاردە و ناکۆکی و سەرلێتێکچوون.

ناسنامە زیاتر وەک دروشمێکی سیاسی گەشەی کرد نەک وەک دەستەواژەیەکی خودان ناوەڕۆک. بەکارهێنان و خراپ بەکارهێنانی سیاسەتی ناسنامە زیاتر ڕوون بۆوە لە ماوەی دو دەیەی ڕابردودا. هەرچۆنێک بێت، بەرەوپێشچوونی تیۆرەکانی سایکۆلۆژیای بەراوردکاری پێکهاتن و چەسپاندنی ناسنامە زۆر پاشکەوت. بۆ نموونە، مومکینە،

ناسنامەیەکی نەتەوەیی نوێ بۆ نیوزلەندا پێکبهێنرێت، لە هەمان کاتدا، گروپە سەرەکیە نا-ئینگلیزیەکەی، ماوریسەکان، لە نێو جەرگەی بوژانەوەیەکی کولتووریدان و لە پرۆسەی چەسپاندنی ئاڵوگۆڕن لە ناسنامەی خێڵەکیەوە بۆ ناسنامەی ماوری؟ دەرئەنجامەکانی ناسنامە نەتەوەییەکان چین کاتێک گرووپە ئیتنیە جیاوازەکان پێداگیری دەکەن لەسەر ئۆتۆنۆمی کولتووری و سیاسی خۆیان؟ ئایا پیاوێکی هاوڕەگەزباز، کە بە شێوەیەکی سەرەکی مەیلە سێکسیەکەی ناسنامەکەی دیاریدەکات، دەتوانێت کەسێکی نیشتیمانپەروەر بێت لە وڵاتێکدا کە بەردەوام بێبەشی دەکات لەوەی بە شێوەیەکی یاسایی مۆڵەت هاوسەرگیری پێبدات، یاخود توانای ئەوەی هەیە خزمەت بکات لە هێزە چەکدارەکاندا ئەگەر هاتوو بە ئاشکرا باس لە مەیلەکانی خۆی بکات؟ ئایا پێویستە ناسنامەیەک کە بە شێوەیەکی سەرەکی لەسەر بنەمای نەژاد بنیاتنرابێت لە ڕووی نەتەوەییەوە مایەی دابەشبوون بێت؟ ئایا ئەم ناسنامە بە زەرورەت" نەژادپەرستن"؟ کاتێک تاکەکەسەکان بە شێوەیەکی سەرەکی ناسنامەی خۆیان لە چوارچێوەیەکی ڕەگەزیدا (یاخود ئیتنی، جێندەر، یاخود ئەوانەی دیکە کە گشتگیر نین) دیاری دەکەن، ئایا ناسنامە مومکینەکانی دیکە چۆن لە ڕووی سایکۆلۆژیەوە ڕێکدەخرێن؟

ئەمانە پرسیارگەلێکی بێ کەڵک نین. وەڵامەکانیان ئاکامی بەرچاویان هەیە بۆ تاکەکەس و کۆمەڵگەکان کە ئەوان بەشێکن لێی. هەرچۆنێک بێت، هێشتا لە ڕووی ناوەڕۆکەوە بناخەیەک هەیە بۆ ئەوەی لەسەر بنەمای ئەوانە چارەسەریان بکەن.هەشتاوپێنج ساڵ پێش ئێستا، لاسوێڵ (1930) سەرنجیدا، " زانستی سیاسی بە بێ بایۆگرافی شێوەیەکە لە تاکسیدێرمی". پەرەسەندنە سیاسیە مۆدێرنەکان ئێمەیان گەیاندە ئەو خاڵەی کە ڕەنگە

ئەمەی خوارەوە بۆ سەرنجەکانی لاسوێڵ زیاد بکەین: شیکاری دەروونزانی سیاسی کە دابڕابێت لە بناخە کولتووریەکانی بە چەشنی پێشبرکێیەکی گەورەیە بێ ئەوەی ئامرازی پێشبڕکێیەکت هەبێت. دەکرێت ئەمە ئەنجام بدرێت، بەڵام ئەگەری ئەوە نیە مەسافەیەکی تیۆری و عەمەلی ببڕێت.

لە روانگەی ئەم لێکۆڵینەوەیەی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە هەموو کولتوورێک پاشخانێکی هزری هەیە، هزریش واتا ئەقڵ،کەواتا کولتوور لەو کاتەوە دروستبووە کە مرۆڤ لەسەر زەوی نیشتەجێبووەو بەپێی رۆژگارەکان ئەقڵی بەکارهێناوە، تا سیستەمێکی کولتووریی بۆخۆی رێکخستووەو جێگیریکردووە، کەواتا کولتوور بەردەوامدەبێت و هەر دەمێنێت تا ئەو رۆژەی مرۆڤایەتی کۆتایی دێت.بەم مانایە کولتوور کۆگایەکی مەعریفی هەر کۆمەڵگایەکە، ئەم کۆگا مەعریفیانەش چەقبەستوو سەهۆڵبەند ئاسا نین بەڵکو جۆرێک لە نەرمونیانیان تێدایە،وردە وردە شتی نوێ کە مرۆڤایەتی بەرهەمیدەهێنێ دێتە ناو ئەو کۆگایە، بۆئەوەی کۆمەڵگا لەو هەموو پێشکەوتنانەی مرۆڤایەتی وەدەستیدەهێنێت دانەبڕێت.

لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێین لە دوای کولتووری سیاسی هەر دەوڵەتێک و، لە دوای هەر تیۆرێکی کولتووری سیاسی و، لە دوای هەر تیۆرێکی چەمکەکان و، لە دوای هەر چەمکێکی فیکری،بێگومان کولتووری سیاسی دەبێتە گرنگترین فیکری هەر کۆمەڵگایەک،چونکە روخسارو تایبەتمەندی دەوڵەت دیاریدەکات ، ئەوکاتەی ئەو پرسیارە دەکرێت و دەپرسن ئێمە کێین.

پێکهاتەکانی کولتووری سیاسی بە کورتی لەمانەی خوارەوە پێکدێت:

1- مەرجەعیبوون:واتا چوارچێوەیەکی فیکری- فەلسەفی تەواو، یان مەرجەعێکی سیاسی بۆ کاری سیاسی ،کە لێکدانەوەی مێژووی سیاسی دەکات و، ئامانج و دونیا بینینی ئایندەی سیاسی دەستنیشاندەکات و، پاساوی هەڵوێست و پەیڕەوکردنی سیاسەت و..هتد دەگرێتەوە.

2- ئاراستەکردنی کاری گشتی: واتا هەستکردن بە بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی بەرامبەر کۆمەڵگا، ئەمەیان گرنگترین پێکهاتەکانی رۆشنبیری سیاسییە.چونکە هەستکردن بەو بەرپرسیارێتییە هاووڵاتی بەرەو کاری باش هاندەدات بەرامبەر بە هەموو ئەو پرسانەی کە لە خزمەتی بەرژەوەندی گشتیدایە.

3- هەستکردن بە شوناس:هەندێک کەس وای بۆدەچن، هەستکردن بە ئینتیما لە گرنگترین باوەڕەکانی سیاسییە،چونکە هەستکردنی تاک بە لایەنگری و دڵسۆزی بۆ سیستەمە سیاسییەکە، یارمەتی دەدا لەسەر شەرعیەتپێدانی سیستەمەکەو مانەوەی سیستەمەکەو قورتاربوونی لە قەیران و ئەو کۆسپ و سەختیانەی کە رووبەڕووی دەبنەوە.

4- ئاراستەکردنی سیستەمی سیاسی: هەموو رۆشنبیرییەکی سیاسی لەسەریەتی چوارچێوەی گشتی بۆ کاری سیاسی و، سنووری نێوان ژیانی سیاسی و ژیانی گشتی دیارییبکات.بەمەیان هەر تاکێک بەشداریکردنی لە کاری سیاسی و ئەرکەکانی لە دامەزراوە سیاسییەکان تا رادەیەکی زۆر دیاریدەکرێت، تەنانەت جیاوازی

رەگەز و تەمەن و پێگەی کۆمەڵایەتی و بارودۆخی خێزانیشی دەزانرێت و لەبەرچاودەگیرێت.

### پەیوەندی دەروونزانی سیاسی بە کۆمەڵناسی سیاسییەوە

کۆمەڵناسی سیاسی تا چلەکانی سەدەی رابردوو وەک زانستێکی تەواو سەربەخۆ دەرنەکەوتبوو،پێداویستییەکانی کۆمەڵگاو تێکەڵاوبوونی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان بە دیاردە سیاسییەکان و وایکرد ئەم زانستە بێتە ئاراوە. واتا کۆمەڵناسی سیاسی بۆ لێکۆڵینەوەی بارودۆخەکەو گۆڕاوە کۆمەڵایەتییەکان هاتۆتە ئاراوە کە کاریگەرییەکی راستەوخۆو ناڕاستەوخۆی بەسەر رووداوە سیاسییەکاندا هەیەلە کۆمەڵگادا. مۆریس جانویتز M.Janowitz پێیوایە کۆمەڵناسی سیاسی لە بنەڕەتدا زانستێکە گرنگی بە لێکۆڵینەوەی هەموو ئەو بنچینە کۆمەڵایەتیانەی هێز The Power دەدات لە هەموو کەرتە سیستەمییەکان کە کۆمەڵگای تێدایە.

تۆم بۆتۆمۆر T.Bottomore پێیوایە کۆمەڵناسی سیاسی زانستێکە لێکۆڵینەوەی هێز Power دەکاتلە چوارچێوەی کۆمەڵایەتیدا.مەبەستیشی لە هێز واتا توانا Ability ی هەریەک لە تاکەکان یان توانای هەر یەک لە کۆمەڵە کۆمەڵایەتییەکانەکە پەیڕەوی لە ئەنجامدانی کارێک دەکەن،لە پێناوی بڕیاروەرگرتن و جێبەجێردنی بڕیارەکە.بەڵام مۆریس دۆڤرجیە M.Duverger پێیوایە کۆمەڵناسی سیاسی لێکۆڵینەوە لە هەموو پرسەکانی سیاسی دەکات و چارەسەرێکی سۆسیۆلۆژیانەشی دەکات، بە بەکارهێنانی میتۆدی شیکردنەوەوشیکردنەوەی ناوەرۆک و بەراوردکاری کە زانایانی کۆمەڵناسی ئەو میتۆدانە بەکاردەهێنن.

له كۆمەڵناسی سیاسیدا، دامەزراوە سیاسییەكان بە گشتی ( بە هەموو دامەزراوەكانی حزب و دەوڵەت)دەگرێتەوە، هەروەها كۆمەڵەی گوشار و حیزبەكان و ئایدیۆلۆژیای سیاسی و ..هتد دەگرێتەوە كە لە كۆمەڵگادا سەرهەڵدەدەن و پەیوەندییەكی پتەوی بەو كۆمەڵگایەوە هەیە كە لەگەڵیدا ئاوێتە دەبێت. بۆیە كۆمەڵناسی سیاسی زانستێكە لێكۆڵینەوەی سروشتی بارودۆخ و هۆكارە كۆمەڵایەتییەكان دەكات كە كاریگەرییان بەسەر رووداوە سیاسییەكانی ناو كۆمەڵگاوە هەیە.هەروەها لێكۆڵینەوە لە كاریگەری رووداوە سیاسییەكان لە بونیادی كۆمەڵایەتی دەكات.لێرە بونیادی كۆمەڵایەتی هەموو هۆكارو گۆڕاوە كۆمەڵایەتییەكان دەگرێتەوە، وەک گۆڕاوی ئابووری،ئایینی،بەهاكان،سەربازی و ئایدیۆلۆژی و كەلەپوورو..هتد كە لە پشت رووداوە سیاسییەكان و بڕیارە سیاسییەكانەوەن كە سەركردە لە كۆمەڵگادا پێیدەگات. بۆیە كۆمەڵناسی سیاسی هەوڵدەدا هۆكارو دیاردە كۆمەڵایەتییە جیاوازەكان دەستنیشان بكات كە لەودیوی رووداوە سیاسییەكان و شۆڕشەكان و كودەتا سەربازییەكان و خۆپیشاندان و شەپۆلی ناڕەزایی خەڵک(مەبەست و ناوەرۆكی سیاسی هەبێت)و رێككەوتننامەكان و هەموو رووداوێكی توندوتیژی سیاسییەوە بێت.

كەواتە پەیوەندی دەروونزانی سیاسی بە كۆمەڵناسی سیاسییەوە، پەیوەندییەكی ئۆرگانی و دیالەكتیكییە، چونكە هەردوو زانستەكە پەیوەندی بە سەركردەو دامەزراوە سیاسییەكان و دیاردە سیاسییەكانەوە هەیە، بەڵام دەروونزانی سیاسی ئەو كایە مەعریفییەیە كە كاریگەری دەروونی بەسەر دامەزراوە سیاسییەكان یان بەسەر دیاردە سیاسییەكان دیاردەكات،بەڵام كۆمەڵناسی سیاسی لەو دیاردە كۆمەڵایەتیانە دەكۆڵێتەوە كە لەناو هەر كۆمەڵگایەكدا هەن و كاریگەری راستەوخۆیان بەسەر

ئاراستەی سیاسی دامەزراوە سیاسییەکان و دیاردە سیاسییەکانەوە هەیە.چونکە هەموو دیاردەیەکی سیاسی هەر لە خۆپیشاندانەوە تا دروستکردنی بڕیاری سیاسی خۆی لە خۆیدا کاریگەری دەروونی بەسەرەوە هەیە، هەروەها کاریگەری باری کۆمەڵایەتی کۆمەڵگاکەیشی بەسەرەوەیە.لێرە باری دەروونی و بارودۆخی کۆمەڵگاکە پەیوەندییەکی توندیان بەیەکەوە هەیە، چونکە باری دەروونی هەر کۆمەڵگایەک لە هی کۆمەڵگایەکی دیکە جیاوازە، پێگەی کۆمەڵایەتی و ئاستی پێشکەوتنی هەر کۆمەڵگایەکیش لە کۆمەڵگایەکی دیکە جیاوازترە.بۆیە ئەگەر دەروونزانی سیاسی لە هەوڵی ئەوەدابێ گرفتە دەروونییەکان (نەخۆشییەکان)بدۆزێتەوەو چارەسەری بکات، ئەوا بێگومان کۆمەڵناسی سیاسی لە هەوڵی ئەوەدایە، دەردو نەخۆشییەکانی تەواوی کۆمەڵگاکە بدۆزێتەوەو چارەسەری بکات، کەواتە هەردوو زانستەکە تەواوکاری یەکترین، بەهۆی هەردوو زانستەکەوە کۆمەڵگایەکی تەندروست و بە دەروونی تەندروستەوە ، دەستەبەردەبێت. چونکە هەموو ئەو دیاردانەی کە دەروونزانی سیاسی لێیدەکۆڵێتەوە لە بنەڕەتدا دیاردەکان کۆمەڵایەتیشن، بۆیە ئەم دوو زانستە زۆر لە یەکدی نزیک دەبنەوە.

- **دەروونزانی سیاسی و کەسایەتی سیاسی**

کەسایەتی بە مانا نوێکەی بۆ یەکەمجار ساڵی 1795 بەکارهێنراوە، پێشتر کەسایەتی بە مانای تاکەکەس Individuality یان بوونەوەر – ئادەمیزاد – دروستکراو Character بەکارهاتووە.

کاتێک قسە لەسەر کەسایەتی دەکەین، واتا راستەوخۆ دەمانەوێ لە رەفتاری کەسەکان بدوێین، چونکە رەفتارو گوفتاری مرۆڤەکە کەسایەتی دەردەخەن،کەسایەتیش کۆمەڵێک تایبەتمەندی خۆی هەیە،کە تایبەتمەندی جەستەیی و پێگەی کۆمەڵایەتی و..هتد هەریەکەیان بە جۆرێک تەواوکەری یان پێکهێنەری کەسایەتی مرۆڤن. زانایانی دەروونزانی لە پێناسەکردنی کەسایەتی بیروبۆچوونی جیاوازیان هەیە، وەک (کوردون والبورت)باسیکردووە، دەڵێت زیاتر لە پەنجا (50)پێناسەی جیاواز بۆ کەسایەتی کراوە، هەر یەک لەو پێناسانەش لە روانگەیەکی زۆر تایبەتەوە پێناسەکەی کردوە،واتا پەیوەندی ئەو فرە پێناسانە لە روانگەی خۆبەستنەوەی بە تیۆرێکی دیاریکراوە لەبارەی کەسایەتییەوە، هەندێکیان دەڵێن کەسایەتی کۆمەڵێک تایبەتمەندی جەستەیی و ئەقڵی و هەڵچوونی و کۆمەڵایەتییە کە لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی تاک سەرهەڵدەدات، کە لە ئەویدیکە جیایدەکاتەوە. یان دەڵێن کەسایەتی کۆمەڵێک رەفتارو بیروباوەڕو پاڵنەرو ئاراستەکردن و شێوازی بیرکردنەوەو هەستیاری و بڕیاروەرگرتنە کە جۆری کەسایەتییەکەی پێ جیادەکرێتەوەو لە هەندێک کاتی دیاریکراودا تا رادەیەک جێگیرە. بەڵام کەسایەتی لە روانگەی هیگڵەوە بەستراوەتەوە بە وشیاری خود لە چوارچێوەی کۆتایی گشتی و رەهایی بزووتنەوەی بووندا. بەڵام لە زانستە مرۆییەکاندا کەسایەتی بە سێ (3) سیستەمی بنچینەیی دیاریدەکرێت کە بریتین لە:

أ- سیستەمی کەسیی: مەبەست لەو سیستەمە نیشانەو تایبەتمەندییە جیاوازەکانی هەر مرۆڤێکە وەک ئەندامە بایۆلۆژییەکانی و توانایی بوون و دروستبوونی بەرپرسیارێتی ئاکاری و یاسایی و کۆمەڵایەتی.

ب- سیستەمی سایکۆلۆژی: مەبەست تێڕوانینە لە مرۆڤ کە ژیانی دەروونیی تێیدا گەشەدەکات و لەبەر دەرئەنجامەکانی بابەتی و خودی گۆڕانی تێدەکەوێت و ،بەهۆی کەڵەکەبوونی ئەزموون و شارەزاییەکانی لەسەر رەفتارەکانی مرۆڤ و ژیانی تاک رەنگدەداتەوە .

ت- سیستەمی سۆسیۆ کولتووریی: مەبەست لە تێڕوانینی تاکە کە لەگەڵ دەوروبەرە کۆمەڵایەتییەکەیدا ئاوێتە دەبێت،وەک (دامەزراوەکان، سیستەمە کۆمەڵایەتییەکان، ئامێرەکان...).

هەڵبەت بەشداریکردنی سیاسەت دۆخێکی تایبەت و جیاکراوە نییە لە کەسایەتی مرۆڤەکان، چونکە هەموو رەفتارێکی سیاسی دەبێتە بەشێک لە پێکهاتەی کەسایەتی سیاسی. هەروەها لێکۆڵینەوە لە کەسایەتی دەریدەخات کە کەسی تاک چۆن کاریگەریی بەسەر رەفتاری سیاسییەوە هەیە، چونکە کەسایەتی پێکهاتەیەکی ئاڵۆزەو پەیوەندییەکانیشی بەناویەکداچووی هەیە کە بە کۆمەڵێک سیستەمی تایبەتی لە سۆزو هیواو تێکشکان و سەرکەوتن و هەروەها کۆمەڵێک ئەزموونی رابردووی هەیە،وێڕای ئەو وزە غەریزەییەی کە هەندێکیان لە واقیعدا جێبەجێدەبێت و هەندێکیشیان جێبەجێ نابێت، ئەوانەی جێبەجێ نابێت لەسەر بارگەیەکی پڕ لە هەڵچوون دادەنرێت کە رەنگدانەوەی کارو پەرچەکردارەکانی تاکە.

له بنەڕەتدا کەسایەتی زۆر گرنگە بۆ لێکۆڵینەوە لە رەفتاری سیاسی، بەڵام نابێت کەسایەتی لەگەڵ نەخۆشییە دەروونییەکان Patholgy تێکەڵ بکرێت،چونکە ئەم تێکەڵکردنە بەرەو ئەنجامێکی خراپمان دەبات. لێرە ئەو پرسیارە خۆی قووتدەکاتەوە، ئایا کەسایەتی سیاسی دەتوانێ رۆڵی لە بونیادی کەسایەتییەکەی و کاریگەری قووڵی لە کۆمەڵگادا هەبێت ؟، لە راستیدا ئەزموونێکی زۆر لە کەسایەتییەکان بە خستنە رووی پەیوەندی کەسایەتی سیاسیی بە واقیعی کۆمەڵگا ، دەرکەوتووە کە کەسایەتی سیاسی جۆرێک لە وشیاری پۆزەتیڤی هەبووە، چونکە هەموو کەسایەتییەکی سیاسی، شێت و شەیدای کورسی نین تا هەموو هەوڵەکانیان بۆ گەیشتن بە کورسی چڕ کردبێتەوە، بەڵکو بەشێک لە کەسایەتی سیاسی وەرگرتنی کورسیان رەتکردۆتەوەو لە گۆڕەپانی خەبات و تێکۆشانی سەخت لە پێناو مرۆڤایەتی ماونەتەوەو، داوای گۆڕینی ئایدیۆلۆژیایەکی دیاریکراویان کردووەو کاریگەرییان بەسەر کۆمەڵگادا هەبووە، لەکاتێکدا زۆرن ئەوانەی خەباتی خۆیان بۆ کورسی چڕ کردۆتەوە، بەڵام نەیانتوانیوە هیچ کاریگەرییەکیش بەسەر کۆمەڵگادا بنوێنن. یان هەشبووە بەهۆی شەیدابوونی بۆ دەسەڵات، رۆڵێکی نێگەتیڤی لەناو کۆمەڵگاکەیدا دیوە.

هیتلەر ئەوروپای بەهۆی سیاسەتی دەرەوەی داگیرساند،سەرچاوەی داگیرساندنەکە خۆی لە شڵەژانی کەسایەتیی خۆیدا دەبینییەوە،هەر وەک چۆن بیل کلینتۆن نەیتوانی یان روونتر بڵێین زاڵبوون بەسەر خۆی و دەروونی خۆیدای ون کردبوو، کاتێک دەستکەوتەکانی کورسی سەرۆکایەتی خستە بەردەم مەترسییەوە، بەهەمانشێوە ئوسامە بن لادن ئەو رقە ئەستوورەی خۆی کە لەناخیدا هەڵیگرتبوو، گواستییەوە بۆ ناو ویژدانی

محەمەد عەتا ی توندرەو کە لە رێگای فرۆکە شاردراوەکانەوە بەرزترین بورجی جیهانی لە ئەمریکا تەقاندەوەو کارەساتێکی نوێی لێ خولقاند.ئەم شەڕە نوێیە تەواوی کۆمەڵگای ئەمریکی بەرامبەر بە شەڕی دژە تیرۆر گۆڕی و چاوپێداخشاندنەوەیەکیش بوو بە سیاسەتی دەرەوەیاندا. لێرە کەسایەتی مرۆڤەکان و پێداویستی و ترس و دڵەراوکێ لە کەسایەتییەکانی مرۆڤ کە دەستنیشانی نا ئەقڵانیبوون و ئاستی ئەقڵانیبوونی کەسەکان لە کاتی راپەڕاندن و جێبەجێکردنی کاروکردەوەکانیاندا دیاریدەکات. چونکە هەمیشە ئامانج و تواناو خاڵی لاوازی کەسەکان لە سیاسەت و توانای ستراتیژییان یەکلاکەرەوە دەبێت. چونکە کاتێ کەسانێکی سەرکردە لە ناخەوە پاڵنەرێکی شەڕخوازو پیلانگێڕییان تێدا بەدیدەکرێ، بێگومان رەفتاری دوژمنکارانە لەگەڵیدا سەرهەڵدەدات و خۆی نیشاندەدات و کاریگەریشیان بەسەر ئەوکەسانەوە دەبێت کە زێدەڕۆییدەکەن لە بواری سیاسەت و سەرکردایەتیکردندا، بۆنموونە ئەو رەفتارە دوژمنکارانەی کە هیتلەر بەرامبەر بە جوولەکەکان هەیبوو، ئەنجام مەرگەساتی هۆلۆکۆستی لێکەوتەوە، ئەنجامدانی کارێکی پڕ مەرگەساتی لەوجۆرە تەنیا بە هیتلەر نەدەکرا، ئەگەر هیتلەر کاریگەری کەسایەتی شەڕخوازانەی خۆی نەخستبایە ناو ویژدانی خەڵکێکی زۆر لەوانەی کە سیاسەت دەکەن و کاریگەری کەسایەتی هیتلەریان بەسەردا زاڵنەبوایە،بێگومان هیتلەر نەیدەتوانی ئاوەها شەڕانگێزی ناخی خۆی بەسەر مرۆڤایەتیدا قڵپبکاتەوە...هیتلەر توانی وەزیری راگەیاندنێک دروستبکات، پاساو بۆ شەڕخوازییەکەی هیتلەر بهێنێتەوە، سەدام حوسێن، توانی عەلی حەسەن مەجید (عەلی کیمیاوی)یەک دروستبکات، کە بەشێک لەبەرنامەکەی خۆی بەو بسپێرێ و بۆی جێبەجێبکات. ئوسامە بن لادن دەیان ئەیمەن

زەواهیری و موسعەب زەرقاوی و... دروست نەکردبایەو کاریگەری کەسایەتی شەڕخوازانەی خۆی بەسەریاندا زاڵ نەکردبایە، بن لادن نەیدەتوانی ڕێکخراوێکی تیرۆریستی دروستبکات کە مەترسی بەسەر هەموو دونیاو تەواوی مرۆڤایەتییەوە هەبێت و...هتد.

هەندێک لە تیۆرزانان پێیانوایە کەسایەتی تەنیا لەتایبەتمەندی و پاڵنەرەکانەوە پێکدێت، هەندێکی دیکە پێیانوایە نەخێر کەسایەتی مرۆڤ لە چەندین جۆر گۆڕاوی جیا جیا پێکدێت، کەزیاتر چوار گۆڕاوی بنەڕەتی و گەوهەرین وەک: پاڵنەرەکان ، خەسڵەت یان تایبەتمەندی، زانیاری و شارەزایی،بەدواداچوونی کۆمەڵایەتی. کەسایەتی کە بە ڕەفتارەکانی دەناسرێتەوە، لە بنەڕەتدا لە مەعریفەو زانین و زانیارییەوە پێکدێت، واتا مەعریفە ڕەگەزێکی چالاکە لە ڕەگەزەکانی پێکهێنانی کەسایەتی، بێگومان مەعریفەش لە لایەک هەموو بەهاو بیروباوەڕو ئایین و ..هتد دەگرێتەوە، لە لایەکی دیکەیشەوە بونیادی مەعریفی هەر مرۆڤێک هەڵدەستێت بە ڕێکخستنی ئەو بیروباوەڕو بەهایانە، واتا هەر مرۆڤێک بەپێی ئاستی ڕۆشنبیری و ئاستی تێگەیشتنی خۆی ڕێکیاندەخات.بۆیە پێکهاتەی مەعریفەی هەر مرۆڤێک یەکێک لە زۆرترین تایبەتمەندییەکانی بونیادی یان شێوازییە لە کەسایەتیدا.

کەسایەتی سیاسی بەرهەمێکی ئەندازیاری، یان بۆ ماوەیی نییە، بۆی مابێتەوەو ئۆتۆماتیکی کاریگەری بەسەر کۆمەڵگادا هەبێت بۆ گۆڕینی، بەڵکو کەسایەتی سیاسی خاوەنی هێزێکە کە لە ئەنجامی کارلێکردنی خۆی لە ژیانی ڕۆژانەیدا بەرهەمیهێناوەو، بەهۆی ڕاستگۆییشی لەگەڵ کۆمەڵگاو جەماوەر، تێڕوانینی پرۆژەیەکی ڕوونی بۆ دروستدەبێت کە بەکۆمەڵگا ببەخشێ، بۆ گۆڕینی.

کەسایەتی سیاسی هەمیشە چەندین کاری گرنگ و دیاریکراوی دەکەوێتە ئەستۆ کە دەبێت جێبەجێی بکات،بۆنموونە دەبێت کاری جیدی بکات بۆ ئەوەی لە هەڵبژاردنەکاندا دەربچێت،یان چەندین گرنگی دیکەی جیاواز،لەبارەی نوخبەی سیاسی و ئایندەی سیاسی و ناووناوبانگی سیاسیی و ..هتد. هەروەها کەسایەتی سیاسی لە زۆربەی زۆری دۆخەکاندا، دەبێت لەگەڵ داخوازییە کۆمەڵایەتییەکانی جەماوەر بگونجێ، ئەمەش بێگومان هەست بە چێژ وەرگرتنی هێزەکەی دەکات بۆ دیاریکردنی هیوا کۆمەڵایەتییەکان و پشتبەستن بەو داخوازییە کۆمەڵایەتیانەی کە بە بەهاکانی مرۆڤایەتی بەستراونەتەوە.ئەگەر کەسایەتی سیاسی کاروکردەوەکانی لەگەڵ هیواو ئاواتە کۆمەڵایەتییەکانی جەماوەر بوو، ئەو کەسە سیاسییە لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا دەنگی خۆیانی پێدەدەن، ئیتر ئەو کەسایەتییە سیاسییە رۆژ لە دوای رۆژ باشتر دەردەکەوێت و پێگەی سیاسیشی بەهێزتر دەبێت، لەهەمان کاتدا دەبێت کەسایەتی سیاسی کەسێکی سادە بێت و تێکەڵی خەڵک بێت و هەوڵی چارەسەرکردنی ئازارو گرفتەکانی بدات، نەک خۆی دوورە پەرێز رابگرێت و پێیوابێت ئەو لە سەرووی خەڵکەوە. چونکە کەسایەتی سیاسی نموونەیی ئەوانەن کە سادەن و کەسێکی تا رادەیەکی زۆر کۆمەڵایەتین بە جۆرێک کە لەگەڵ زۆربەی وێنا پۆزەتیڤەکانی زیهنی خەڵکەکە یەکدەگرێتەوە.بەمە دەبێتە کەسایەتییەکی بەهێز و زیرەک .لێرە کەسایەتی سیاسی رۆڵی باوک دەبینێت، هەروەک (فرۆید)زانای دەروونزانی پێیوایە جەماوەر بە سادەیی پێویستی بە سەرۆکێک یان رابەرێک هەیە، هەروەکوو چۆن خێزانێک پێویستی بە باوکێک هەیە، چونکە باوکەکە گرەنتی پاراستن و جێگیری و ئارامبوونی خێزانەکەیە. کەواتا کەسایەتی سیاسی زۆر کاریگەرە، بەڵام ئەو

کاریگەریبوونەی بەسەر کۆمەڵگادا، لەم سێ خاڵەی خوارەوەدا چڕ دەبێتەوە:

أ- کەسایەتی پاڵێوراو :

مەبەست لە کەسایەتی پاڵێوراو ئەوەیە خەڵک لە زۆربەی کاتەکاندا بە کارو کردەوەی پاڵێوراوەکە نازانێ،ئەمەش زیاتر لە وڵاتانی دواکەوتوودا زیاتر باوە، وەک رابەر، پاشا، میر، سەرۆک، شێخ...هتد.

ب- چۆنێتی پێشخستنی بە هۆی هۆیەکانی گەیاندنەوە

ت- رووداوە مێژووییەکان و کۆسپە سەختەکان کە لەو سەردەمەدا رووبەڕووی کەسایەتی سیاسی دەبنەوە.

لێرە زۆرجار سەرکردە رۆڵێکی ناکۆک (متناقض)دەبینێ، لە ژیانی سیاسیدا، زۆر شت کە پێشتر بڕوای پێبووە نایکات و زۆر شتیش بڕوای پێی نییە دەیکات، جا هۆکارەکان مانەوەی بێ لە دەسەڵات یان هەر هۆکارێکی دیکە بێت.

بە گشتی کەسایەتی سیاسی پەیوەندییەکی قووڵی بە دەروونزانی و دەروونزانی سیاسییەوە هەیە، چونکە هەموو تاکێک کارو کردەوەکانی رەنگدانەوەی کەسایەتییەکەیەتی، زۆرجاریش لەکاتی سۆزداری و بێئاگایی رەفتارەکانی دەنوێنێ، کە گوزارشت لە کەسایەتی حەقیقی تاک دەکەن. هەموو تاکێک لە هەندێک کاتیدا دەکەوێتە ژێر گوشاری پاڵنەرە دەروونییەکانی، بەتایبەت کەسایەتی سیاسی لە پەیڕەوکردنی سیاسەتدا دووچاری دەبێتەوە.

**بەشی سێیەم:**

دەروونزانی سیاسی و رەفتاری سیاسی

سەرهەڵدانی قوتابخانەی رەفتاریی

شێوەکانی رەفتاری سیاسی

دەروونزانی سیاسی و رەفتاری سیاسی و سیاسەت.....

بەکۆمەڵبوونی فیزیکی و کارلێکەکان

پێوەر لە رووی فیزیکییەوە

بەکۆمەڵبوونی دەروونزانی (کاتی) و دەروونزانی سیاسی

بەکۆمەڵبوونی چەمکی

توانای مەعریفی

هەست و سۆز

دەرئەنجام

**دەروونزانی سیاسی و ڕەفتاری سیاسی**

مرۆڤ بوونەوەرێکی زیندووی فرە لایەنە،بە تایبەتمەندییەکانی خودی کە بۆماوەیی و وەرگیراون، کە لەگەڵ ژینگەی دەوروبەری تێکەڵدەبێت و کۆمەڵێک کارلێک ڕوودەدات و بەهۆیەوە کاریگەری لە ژینگەکە دروستدەکات. لەم چوارچێوەیەشدا مرۆڤ لە ڕەفتارو پێشبینییەکانیدا (التصرفات والتصورات) شێوەی فرەیی دەبێت و هەندێک لەو ڕەفتارانە ئاشکران و دەتوانرێ بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ تێبینی بکرێت، هەندێکیشیان شاراوەن، دەتوانرێ تێبینی لەسەری بکرێ لە ڕێگای ئامرازەکانی لێکۆڵینەوە ، لە شێوەی مامەڵەکردنی لەگەڵ ژینگەکەی کە وردە وردە دەردەکەوێت چونکە مرۆڤ خۆی لە خۆیدا کۆمەڵێک ئاراستەی هەیە، وەک بەهاکان، درکپێکردن،وێنای زیهنی، هەروەها کۆمەڵێک لە ڕەفتاری دیکەش...

ڕەفتاری سیاسی شێوەیەک یان جۆرێکی گرنگە لە شێوەو جۆرەکانی ڕەفتاری کۆمەڵایەتی.چونکە جەخت لەسەر ئەو چالاکیانە دەکاتەوە کە بە حوکمڕانی و ڕێکخستن و سەرکردایەتی و یەکخستنی کۆمەڵگاو وەدیهێنانی تەواوی ئامانجەکانەوە بەندە کە کۆمەڵگاپێویستی پێیەتی بۆئەوەی لەگەڵ داخوازی و خواستەکانی بێتە دی، کە لەگەڵ سروشتی سیستەمی

کۆمەڵایەتی کە هەوڵدەدا ڕێپێدراو و یاسا بۆ دانراو بێت، کە سەرکردایەتی بەهێزیدەکات و دەیپارێزێت لەهەر مەترسی و هەڕەشەیەکی ناوەکی و دەرەکی . لە هەمانکاتدا هەوڵدەدا ئەم شێوە رەفتارانە لەناو سیستەمە کۆمەڵایەتییەکە گەشە پێبدات و بەهێزتری بکات. کەواتا رەفتاری سیاسی بریتییە لەو چالاکیانەی کە تاک یان کۆمەڵ و گرووپ پەیڕەوی لێدەکەن و رۆڵێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو دەبینن و دەتوانن بە هۆیەوە رێکخستنی ژیان لە کۆمەڵگا ببینن و ناوەندی هێز تیایدا دیاریبکەن و رێکخستنی پەیوەندییەکانیش لەنێوان سەرکردایەتی و کۆمەڵگا رێکبخەن.

دەتوانین بڵێین رەفتاری سیاسی هەر بە تەنیا بنەمای زانستی سیاسەت نییە، بەڵکو بنەماو بنچینەی دەروونزانی سیاسیشە، چونکە دەروونزانی سیاسی بەهۆی رەفتارە سیاسییەکانەوە دەردەکەوێت،بەتایبەت لەم هەموو رووداوە سیاسییانەی کە بە درێژایی مێژوو روویانداوەو تا ئەمڕۆش بەردەوام روودەدەن،وەک لایەنگیری لە حوکمڕانی یان بەرهەڵستکاری حوکم، خۆبەدەستەوەدان و کوشتارگە، میانڕەوی و توندوتیژی لە سیاسەتدا، هەموو ئەمانە رەنگدانەوەی رەفتاری سیاسی دیاریکراون، کە پەیوەندییەکی توندیان بە دەروونزانی سیاسییەوە هەیە.

لە زانستی سیاسەتدا رەفتاری سیاسی رەنگدانەوەی کاریگەری ژینگەو هۆکارە دەرەکییەکانیەتی، بەڵام لە دەروونزانی سیاسیدا، رەفتاری سیاسی رەنگدانەوەی پاڵنەرە دەروونییەکانێتی، دەکرێت بڵێین هەردووکیان تەواوکەری یەکترین.

رەفتار سیماو رووخساری دیاری تاکە، کە رەنگدانەوەی دەروون و هەست و سۆزو تەنانەت ناگاییەکەشیەتی (لاشعور). رەفتاری سیاسی وەڵامدانەوەیەکی خێراو بە پەلەی پەیوەندیی کەسایەتییەکانە.

لە نێوان هەموو جوولەو رەفتارێک و وێناکردنێکی مرۆڤانە، ئەوە رەفتارە بە تەنیا کە ملکەچی لێکۆڵینەوەی ئیمپریقیانەیە (مەبەست لە ئیمپریقی Empiricism ئەوەیە قابیلی تێبینیکردن و لێکۆڵینەوە بێت،بە کورتی ئیمپریقی مەرجێکە لە مەرجەکانی شیکردنەوەی زانستیانە)،چونکە دەبێ ئەو راستییە بزانرێ، هیچ بیروباوەڕو بەهایەک گرنگیان نییە تا لە رەفتارەکانمانا رەنگنەدەنەوە، بیروباوەڕو بەهاکان ئەوکاتە جێگیر دەبن کە لە رەفتارەکانماندا رەنگدەدەنەوەو بۆ بزووتنەوەیەکی کۆمەڵی دەگوازرێنەوە، کە گۆڕانکارییەکی دیاریکراو و بەرچاو لە ژینگەی دەوروبەری مرۆڤەکان دروستدەکەن. کەواتە ئەوە رەفتارەکانمانە کە بەرەو گۆڕانکاریمان دەبات، بەڵام بە پشتبەستن بە سەرچاوە هزرییەکانمان، کە جوولە بە رەفتارمان دەکات.

رەفتاری سیاسی جەوهەری بنەڕەتی زانستی سیاسەت و پاساوی بوونیەتی، چونکە سیاسەت لە دواجاردا راستیەکانی دەرناکەوێ، تەنیا لە رێگای ئەو تاکانەوە نەبێت کە ئاراستەی دەکرێن. کەواتە ئەگەر بپرسین رەفتاری سیاسی چۆن دیاریدەکرێت، وەڵامەکەی بەدەر نابێت لەوەی کە رەفتاری سیاسی تاک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و دەروونی وتەنانەت ئابووری و مێژووییشە، نەک بە تەنیا وەک دیاردەیەکی کەسیی و گۆشەگیر سەیر بکرێ، لەبەرئەوەی راستە بڕیاری سیاسی بە شێوەیەکی گشتی دواجار هەر بۆ کۆمەڵگا دەگەڕێتەوەو سەرکردە سیاسییەکانیش کە بڕیارەکە دەردەکەن بەدەر نین لە کۆمەڵگەی خۆیان و دەوروبەرەکەیان. بەڵام ئەوەش روونە هەموو پاڵنەرە دەروونییەکان و هەموو پەشۆکانی دەروونی لە ئەنجامی کارلێکی لەگەڵ کۆمەڵگا و دەوروبەرو ژینگەکانەوەیە دروستدەبێت.

ڕەفتاری سیاسی جەخت دەكاتە سەر ئەو چالاكیانەی كە پێوەندی ڕاستەوخۆیان بە حوكمڕانی و سەركردایەتی و ڕێكخستن و...هتد هەیە. ڕەفتاری سیاسی ئەو چالاكیە پڕ جموجوولەیە كە تاك یان كۆمەڵە تاكێك (گرووپ)كار لەسەر بینینی ڕۆڵێكی سیاسی دیاریكراو دەكەن، تا بتوانن لەو ڕێگایەوە ژیانێكی سیاسی لە كۆمەڵگا ڕێكبخەن و ناوەندەكانی هێز (مراكز القوی) دیاریبكەن، كە تیایدا پێوەندییە سیاسییەكانیانی نێوان سەركردەو جەماوەر ڕێكدەخات.

**مەرجەكانی ڕەفتاری سیاسی لەم گۆڕاوانەدا هەن:**

1- بوونی ڕۆڵێكی كۆمەڵایەتی یان چەند ڕۆڵێكی كۆمەڵایەتی كە بەهۆیەوە بڕیاری بە بەرهەم وەربگیرێت.

2- بوونی پەیوەندی كۆمەڵایەتی قووڵ لە نێوان ڕۆڵەكانی (الادوار) یاسادانان كە بڕیارەكان و ڕۆڵەكانی ڕاپەڕاندن كە ڕایدەپەڕێنێت و ڕۆڵەكانی جەماوەریش كە پەیڕەوی لێدەكەن بە یاسایی دەكات.

3- بوونی كۆمەڵێك ئەحكام و یاسای نووسراوو نەنووسراوە كە چۆنیەتی گەیشتن بە بڕیارەكەو چۆنیەتی جێبەجێكردنی لە ماوەی پەیوەندی شێوەو ناوەڕۆكی بڕیارەكە و كە پێویستی و داخوازی كۆمەڵگاكەیە دیاریدەكات.

4- هەمەلایەنی و ڕەوایی و ئەقڵانیەتی ئەو بڕیارەی كە یاسادانەرەكە وەریدەگرێ.

شێوەو ناوەڕۆكی ڕەفتاری سیاسی بۆ بڕیارەكان كە ئەوانەی ڕۆڵی یاسادانان دەبینن لە كۆمەڵگایەكی گەورەدا وەریدەگرن، پێویستە شێوەكان و بیركردنەوەی كۆمەڵایەتی گونجاوبن لەگەڵ هۆیەكانی كارگێڕی

هاویەش کە لە ئەنجامی رۆڵەکانی راپەڕاندن و جێبەجێکردندا لەسەر ئاستەکانی پسپۆری وەزیفی بەرهەم دێن، لەهەمانکاتدا ئاست و مەودای بەدەمەوە هاتنی رۆڵەکانی جەماوەر دیاریدەکرێ بۆ رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی ئەویش بە ئەرێنی بێت یان نەرێنی لە واقیعی ژیانی کۆمەڵگا دەبێت لە رێگای هەڵسانی ئەو کۆمەڵگایانەی مەدەنی بە دابەشکردنی فۆڕمی راپرسی بۆ را وەرگرتنی ئەوانەی کە لایەنگیری ئەو رەفتارە سیاییەن یان بەرهەڵستاکرن، ئەمەش بە دەنگی زۆرینەو کەمینە لە رای گشتی بۆ ئەو کۆمەڵگایەی کە تایبەت و هاوپەیوەندە بەو پرسەوە بە رێگای زانستی کە لە دونیا پەیڕەوی لێدەکرێ ،بەرامبەر ئەنجامی هەر بڕیارێک کە بە یاساییدەکرێت و ئینجا جێبەجێدەکرێ، بە گوێرەی کۆمەڵناسی سیاسی بەمشێوەیە دەبێت.

**سەرهەڵدانی قوتابخانەی رەفتاریی**

قوتابخانەی رەفتاریی Behaviorist School لە دەروونزانیدا بۆ ساڵانی بیستەکانی سەدەی رابردوو دەگەڕێتەوە،کە لەسەر دەستی زانای بەناوبانگی ئەمریکی واتسن هاتە دامەزراندن ، ئەم قوتابخانەیە لە ئەنجامی رەتکردنەوەی قوتابخانەی رامانی شاراوەی خودی (التأمل الباطني الذاتي) بۆ دیاردەکانی دەروونی هاتە دروستبوون.چونکە ئەم رامانە نابێتە هۆی هێنانەدی مەعریفەی زانستی، پشتبەستن بە رێساو بنەما روون و ئاشکراکان،دەتوانرێ ئەمە بهێنرێتە دی.جگە لەمەش ئەم قوتابخانەیە (مەبەست لە قوتابخانەی رەفتارییە)جەخت لەوە دەکاتەوە کە، رەفتار بریتییە لە یەکێتییەکی ئاشکرا کە قابیلی تێبینیکردنە، بەتایبەت

شیکردنەوەی زانستیانە، هەروەها پێویستە رەفتاری مرۆیی وەک کوورەیەک وابێت بۆ گرنگیدان بە تەواوی زانستە کۆمەڵایەتییەکانەوە، بە جۆرێک تۆژینەوەی رەفتاری لە تەواوی بوارە جیاوازەکانی بایۆلۆژی و دەروونی و کۆمەڵایەتی بگرێتەوە. واتا ئەو قوتابخانەیەی واتسن دایمەزراند، وا سەیری مرۆڤەکان دەکات وەک ئەوەی بە ئامێرێکی میکانیکی ئاڵۆزی بچوێنێ و وایدەبینێ کە ژینگە تاکە بەرپرسیارە لە پێکهاتنی رەفتاری تاک، چونکە بە رای واتسن تاک هەموو رەفتارێکی لەو ژینگەیەی وەردەگرێت کە تیایدا سەریهەڵداوەو لێی دەژیت، ئیدی رۆڵی بۆماوەیی بێ بایەخ و فەرامۆشدەکات و پێیوایە رەفتار کۆمەڵێک پێکهاتەی ئاڵۆزە کە لە ئەنجامی بەسەربردنی ژیانیدا تاک وەریدەگرێت.

قوتابخانەی رەفتاری لە چەند گریمانەیەکی بنەڕەتییەوە سەرچاوە دەگرێ، بە کورتی ئەمانەن:

1- رەفتاری تاک کە یەکبوونی شیکاری پێکدەهێنێت جا لەسەر ئاستی وەسفکردنی ئەو رەفتارەی بێت، یان دیاریکردنی سەرچاوەی رەفتارەکە بێت، یان پێشبینیکردنی ئایندەی بێت، ئەم قوتابخانەیە زیاتر جەخت لەسەر لەسەر ئەو هەوڵانە دەکاتەوە، کە بۆ تێگەیشتنی سەرچاوەکانی رەفتاری تاکن، بۆنموونە: لەبەرچی ئەو تاکە دوژمنکارانەیە، کەچی ئەو تاکەی دی ئاشتیخوازانەیە،یان لەبەرچی ئەوکەسە گرنگی بە سیاسەت دەدات، کەچی ئەوکەسەی دی بەهیچ جۆرێک گرنگی پێ نادات، ......هتد.

2- رەفتاری تاک بەرهەمی کارلێکی نێوان خودی تاک و ژینگەی کۆمەڵایەتی دەوروبەریتی، بەڵام لقەکانی قوتابخانەی رەفتاریی جیاوازیان هەیە لە کێشی رێژەیی کە دەیبەخشێتە خود یان ژینگەکەی.

3- هەموو رەفتارێکی تاکی قابیلی تێبینیکردنە ، بۆیە پێویستە ئامرازە جیاوازەکانی ئەمپریقی بۆ لێکۆڵینەوە لە رەفتار بەوانەی کە ئامرازەکانی ئەزموونی و کردارەکین بەکار بهێنرێن. زۆربەی ئەوانەی پەنا دەبەنە بەر خاوەنانی ئەو قوتابخانەیە پێیانوایە لێکۆڵینەوەی رەفتاری ئاژەڵان لێکۆڵینەوەیەکی کردارەکییەو سوودی ئەو ئەنجامەش ئەو لێکۆڵینەوەیە کە لە رەفتاری مرۆڤ دەکۆڵێتەوە یان راڤەی دەکات.

کەواتە دەبێت رەفتار چی بێت؟؟

مەبەست لە رەفتار هەموو جوولەو هەڵس و کەوتێکی جوولەییە جا بە گوتن بێت یان بە کارو کردەوەی ئاشکراو دیاریکراو بێت کە لە شوێن و کاتێکی دیاریکراویش بێت لە نێوان بوونەوەرە زیندووەکاندا بە ئاراستەی خود بێت یان بە ئاراستەی ژینگە بێت بۆ بەدیهێنانی پرۆسەی جیاکردنەوەی نێوان خودو ژینگە.

## تایبەتمەندییەکانی رەفتار

أ- رەفتار جوولەی بوونەوەرە زیندووەکانە کە لە دۆخێکەوە بۆ دۆخێکی دیکە دەگوازرێتەوە، واتا رەفتار گوازتنەوەیە لە بارودۆخێکەوە بۆ بارودۆخێکی دیکە، بەجۆرێک گوازتنەوەی بۆ دۆخێکی نوێ جیاوازە لەگەڵ دۆخەکەی رەفتاری پێشووی.واتا رەفتار بە زەرووەرەت گۆڕانکارییەک بەخۆوە دەگرێت، چونکە هەموو بوونەوەرێکی زیندوو رەفتارەکەی گوزارشت لە بوونی (بوونە زیندووەکەی)دەکات،هەر کاتێکیش توانای لەسەر جوولەکردنەکەی کەمبووەوە یان نەما، ئەوکاتە رەفتارەکەیشی کەمدەبێتەوە یان نامێنێت.

ب- رەفتار کە دەبێتە رەفتارێکی گوفتارو گوتن، یان کە دەبێتە رەفتارێکی کردارەکی. شێوەی یەکەمیان بریتییە لە گوزارشتکردنێکی قسەو وتن،بەڵام شێوەی دووەمیان بریتییە لە جوولەیەکی مادی.

ت- رەفتار هەڵسوکەوتێکە (ئاشکرا)یان دەتوانرێ ببینرێت و تێبینی لەسەر هەبێت،بەڵام ئەو جۆرە رەفتارە پێوەری دۆخێکی ئەقڵی و هزری لێکۆڵینەوەیی نییە. راستە رەفتار لە ئەنجامی ئەو دۆخەوە سەرهەڵدەدات، بەڵام ئەگەر دۆخێکی هزری نەبێتە هۆی هێنانەدی گۆڕانکارییەکی قسەو وتن یان دۆخێکی مادی، بێگومان رەفتار سەرهەڵنادات ، بەڵام بۆ ئاراستەکانی ناوەوە کە دیارنین دەگەڕێتەوە، لەکاتێکدا رەفتار خۆی لە خۆیدا هەڵسوکەوتێکی ئاشکرای زەقە .

ث- ڕەفتار هەڵسوکەوتێکە بە کات و شوێنێکی دیاریکراوەوە. واتا هەموو ڕەفتارێک لە شوێنێکی دیارکراو ڕوودەدەن و سەرەتاو کۆتاییەکەشی لە کاتێکی دیاریکراو بە جیاوازی ڕەفتارەکەو جۆری ڕەفتارەکەوەیە.

ج- ڕەفتار ڕەفتاری بوونەوەرە زیندووکانەو لە هەموو بوونەوەرێکی زیندوودایە، چونکە ڕەفتار پەیوەندی بە جوولەوە هەیە جوولەش پەیوەندی بە بوونەوەری زیندوو هەیە نەک مردوو،بۆیە ئاژەڵ و باڵندەو مرۆڤ و هەموو بوونەوەرە زیندووەکانی دیکە ڕەفتاریان تێدا دروستدەبێت.

ح- هەموو ڕەفتارێک گوزارشتکردنە لە ئامانجێکی دیاریکراو کە بوونەوەرەکە هەوڵدەدات ڕەفتارێک بنوێنێت بۆئەوەی بگاتە ئامانجەکەی، گەیشتن بە ئامانجەکە خاڵی کۆتایی ئەو ڕەفتارەیەتی.

خ- ڕەفتار هەندێکجار ئاراستەکەی ڕووی لە خودە، هەندێکجاریش ئاراستەکەی ڕووی لە ژینگەکەیەتی. ئەوەی ڕووی لە خودە بۆ نموونە خۆکوژی (الانتحاری)، هەندێکجاریش ئاراستەکانی ڕووی لە ژینگەکەیەتی و کاریگەری ژینگەی دەکەوێتە سەر.

ڕەفتاری سیاسی شێوەیەکە لە شێوەکانی ڕەفتاری مرۆڤ، کە هەموو ڕەفتارەکانی مرۆڤی لەسەر جێبەجێدەکرێت، جگە لەو ڕەفتارە کۆمەڵایەتیانەی کە بە دیاریکراوی دەردەکەون،ئەو ڕەفتارانەش دەگرێتەوە کە لەسیساسەتدا ڕوودەدەن و بە زەروورەت دەتبەن بۆ ناو سیاسەتێک کە ڕەفتاری سیاسی لێ پێکدەهێنرێت. چونکە سیاسەتیش خۆی لە خۆیدا

بریتییە لە گردبوونەوەی مرۆڤەکان لە شوێنێکی دیاریکراودا.کە تیایدا بیروبڕوای جیاوازی لێ دێتە بەرهەم.

## شێوەکانی رەفتاری سیاسی

دەتوانین بە کورتی شێوەکانی رەفتاری سیاسی بەمشێوەیەی خوارەوە دیاریبکەین:

1- **رەفتاری هەڵبژاردن:**

مەبەست ئەوەیە چۆن و و لەبەرچی دەنگ بە تاکی پاڵێوراو یان بە حیزب یان سەندیکا یان رێکخستنێکی دیاریکراو دەدەیت،یان چۆن و لەبەرچی دەنگ بە دەوڵەتێک لە رێکخستنە نێودەوڵەتییەکان لەسەر پرسە جیاوازەکان دەدەیت کە خراونەتە روو. بۆچی تاک بەشداری هەڵبژاردن دەکات و لەبەرچیش بەشداری تێدا ناکات،...هتد.

2- **رەفتاری یاسادانان** (التشریعی):

ئەمەیان رەفتاری ئەو ئەندامانەی دەستەی یاسادانان دەگرێتەوە، کە بە چۆنێتی و هۆکاری دەنگدانی ئەو ئەندامانەوە پەیوەندە کە لەسەر چەند یاسایەک دەردەکەن و،چۆن دەگەنە پرۆسەی تەوافوق لە نێوان بیروبڕوای بەرهەڵستکاران کە ئەندامی ئەو دەستەیەی یاسادانانن.

3- **رەفتاری حکومی:**

ئەمەش رەفتاری جێبەجێکردن دەگرێتەوە کە بە رێگای سیاسی و کارگێری جێبەجێدەکرێت.کە رێساو بنەماکانی یاسا جێبەجێدەکات.وەک بڕیاری

حکومەت بۆ دروستکردنی شارێکی نوێ، یان کەمکردنەوەی رسوماتی گومرگ،یان چڕکردنەوەی هەڵمەت دژ بە بازرگانانی مادەی بێهۆشکەر، هەموو ئەمانەو زۆری دیکەش نموونەی رەفتارە سیاسییەکانی حکومەتە .

### 4- رەفتاری دادوەری:

رۆڵی دادوەری تەنیا لە جێبەجێکردنی یاساکان لەکاتی ململانێدا کورت ناکرێتەوە، بەڵکو دادوەری رۆڵ لە راڤەکردن و لێکدانەوەی یاساکانیش دەبینێت،هەروەها رۆڵی ئیجتیهادکردن لە شێوازی جێبەجێکردنیشیدا دەبینێ،بەتایبەت لەسەر ئاستی دادگای باڵاکان و دادگاکانی دەستووری و هەموو راڤەو لێکدانەوەو ئیجتیهادەکان لەژێر کاریگەری ئایدیۆلۆژیای جیاوازو بیروباوەڕی دادوەری دەبێت. لەم چوارچێوەیەشدا رەفتاری دادوەری لە بواری دەرچوونی حوکم بۆ بونیادی ئیجتیهادات و راڤە دیاریکراوەکان دەگەڕێتەوە .

### 5- رەفتاری حیزبی:

مەبەست لە رەفتاری حیزبی هەوڵدانە بۆ گەیشتن بە دەسەڵات و پاراستنی.ئەویش بە راکێشانی لایەنگرانی پاڵێوراوان جا چ ئەوانەی چووبنە نێو پرۆسەی هەڵبژاردنەکە، یان هەر تەنیا هەندێک خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتیان پێشکەش بە هاووڵاتیان کردبێت.هەروەها رەفتاری حیزبی رەفتاری حیزبەکان بەرامبەر بە یەکدی(وەک هاوپەیمانی و ئیئتیلاف دروستکردن لە نێوان خۆیاندا)دەگرێتەوە .

6- ڕەفتاری ڕێکخراوە مەدەنییەکان لە پرسە گشتییەکاندا:

ئەو کۆمەڵگایانەی دەگەنە ئاستێکی دیاریکراو لە پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی، ڕێکخراوی مەدەنی تێدا دروستدەبێت و سەرهەڵدەدات.

7- ڕەفتاری سیاسی نێودەوڵەتی :

هەموو ڕەفتارێک کە یەکێتی نێودەوڵەتی وڵاتە جوداکان دەگرێتەوە، وەک ڕێکخستنی نێودەوڵەتی و تاکەکان کە گرنگی دەدەن بە پرسە سیاسییەکان لە هەوڵیان بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانیان لە بواری نێودەوڵەتیدا، وەک ڕاگەیاندنی شەڕ بۆسەر وڵاتێکی دیکە، یان بەخشینی هاوکاری و یارمەتیدانی ئابووری بە وڵاتێکی دیکە،....هتد.

## دەروونزانی سیاسی و ڕەفتاری سیاسی و سیاسەت: پرسەکانی کۆمەڵبوون و ماوەی هۆیی و چێژ

باوەڕی سیاسی و بۆچوون و ڕەفتاری هاونیشتمانیانی ئاسایی بەشێکی باش لە سەرنجی زانستی سیاسی مۆدێرنی ڕاکێشاوە. وەک مەزەندەیەک دەتوانین بڵێین بووەتە بابەتی زیاتر لە چارەکی ئەو وتارانەی کە لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا بڵاودەکرێنەوە. جا لەبەرئەوەی ئەم بابەتەی ئێمە لقێکە لە بابەتە سەرەکیەکە لەلایەک و هەروەها بێزارکەریشە بۆ هەندێکیان، یان لەبەر چەند هۆکارێک کە دوایی لێیان دەدوێین، ئەوا ڕەخنەگری زۆرە. بێ لە مەسەلەی بێزاریەکەی و دژەزانستیەکەی، زۆربەی گلەییەکان لەسەر ئەوەیە کە بەپێی پێویست سیاسی نییە.

ئەمەش راستە بەتایبەتی کاتێک کە بابەتەکانی لێکۆڵینەوە ئەوەندە ئاشناو لەرووی سایکۆلۆژیەوە هەمەچەشنن وەک ئالۆزییە سیاسیەکان و پارتایەتی و دەنگدانی فرە لایەنی (split-ticket voting) کە مەیدانی بوارەکە بە رەفتاری سیاسی ناسراوە. راستیشە کاتێک ئەوەندە کەمتر دەرکەوتووەو لە ڕووی سایکۆلۆژیەوە سنووردارە وەک پشتبەستن بە (on-line versus memory-base processing) و کاردانەوە جەماوەریەکان بۆستراتیژیەکانی ئیدارەی لۆمەی سیاسیەکان و حەزی ڕێنوێنی بۆ دانانی کاندیدەکان لەسەر مەسەلەکان کە بوارەکەی ئێستا، مەعریفیانە کاریگەری کردووەتە سەر سایکۆلۆژیای سیاسی.

بێگومان ئەم بوارانە تێکەڵبوون هەروەک چۆن هەندێک لە نوسەران دەیسەلمێنن. وەک بابەتێکی بونیادی کۆمەڵایەتی نەک سیاسی، دەروونزانی

سیاسی بەشێوەیەکی سەرەکی بەشێکە لە ڕەفتاری سیاسی چونکە زۆربەی سایکۆلۆژیستە سیاسیەکان لە سیاسەتی جەماوەری (mass politics) دەکۆڵنەوە. بەڵام بەشێوەیەکی لۆژیکیانە مەسەلەکە ڕێک بە پێچەوانەوەیە: ڕەفتاری سیاسی (هەروەها هەموو زانستی سیاسەت) وەک دەروونزانی جێبەجێکاری (applied psychology) حسابی بۆ دەکرێت، بەڵام لەم بەشەدا "دەروونزانی سیاسی"، هەرچەندە نادادگەرانەشە، وەک ئاماژەیەک بۆ لێکۆڵینەوەی سیاسەتی جەماوەری مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێ.

**جیاوازی نێوان ڕەفتاری سیاسی و دەروونزانی سیاسی** لێرەدا گرنگە راڤەی بکەینەوە، لەبەرئەوەی هەموو گومانەکانی بەکارهێنانی سایکۆلۆژیای سیاسی لە گۆشە هەرە دوورەکانی بابەتەکەوە نەهاتووە. لە ڕاستیدا ڕەخنەگرە هەرە ساردەکان زۆرجار بیروبۆچونێکی دڵفراوانتریان هەیە لەسەر سایکۆلۆژیای سیاسی وەک لەسەر رەفتاری سیاسی. بەلانی کەمەوە نهێنی دیسپلینێکی زۆر پێشکەوتوتری هەیە. نەخێر هەموو گومانەکان لە پۆستمۆدێرنیستەکان و ئینستیتیوشنەلیستە کەللەڕەقەکان یان ئاراستە و بایەخە جیاوازەکانەوە نەهاتوون، هەندێکیان بەلانی کەمەوە روبەرووی چەند فشارێکی سایکۆلۆژیای سیاسی، لە ڕەفتاری سیاسیەوە هاتوون.

من بۆخۆم لە رەفتارگەرایەکی سیاسی زیاتر لەو گومانانەدا بەشدارم، بەڵام دەمەوێت لەم دێڕانەدا لە گرنگی دەروونزانی سیاسی و هەروەها تاڕادەیەکی بەرچاو لە رەفتاری سیاسی بدوێم، بەتایبەتی لە گرنگی لێکۆڵینەوەی گۆڕاوە پێویستەکانی ئەو بوارانە لەسەر ئاستی تاکی سروشتی خۆیان دەدوێم. هەروەک لە ئاماژەکەمدا بۆ "چێژ" لە ناونیشانەکەدا هاتووە، ئارگومێنتەکە تاڕادەیەک گونجاوە و لە تیۆریشدا زۆر قورسە بەرەنگارییبیتەوە.

هەڵبەت "لە تیۆریدا" لەبەرئەوەی قەناعەت مەحەکی ڕازیبوون نیەو لێکۆڵینەوە سایکۆلۆژیەکان هۆکاری ئەوەیان پێداوین کە گومان لە تێروانینەکان بۆ شوێنکەوتنی ڕەخنەگرە هەرەباشەکان بکەین. بەهەند وەرنەگرتنی سایکۆلۆژیای سیاسی و ڕەفتاری سیاسی ڕەگی لە بەهاکان و چێژەکان و ئایدۆلۆژیەکاندایە (weltanschauungen) ئەمە جگە لە بەرژەوەندییە پیشەیی و دامەزراوەییەکان. تاڕادەیەک بەشێکە لە ململانێ لە دژی پێوەرەکان و،لەڕووی کامپی پۆستمۆدێرنەوە، دژی زانست. بۆیە بەلانی کەمەوە شتێکی بەسوود دەبێت بۆ ئێمە کە شیکاری سیاسەتی جەماوەری دەکەین، لە بەهاکانی ئەو پرۆژەیە بەوردی بدوێین.

**رەفتاری سیاسی و دەروونزانی سیاسی و سیاسەت**

بەلانی کەمەوە هەمووممان تاڕادەیەک سنووری بیرکردنەوەکانمان تەسکە. زانا سیاسیەکان بەگشتی بایەخ بە سیاسەت دەدەن، بەڵام ئەوەی تاچەند دەبێت ئێمە پابەند بین بە پێوەرەکانی پەیوەندی سیاسیەوە، پشت دەبەستێت بەوەی "ئێمە" کێین. دەروونزانە سیاسیەکان نایانەوێت بەو خاڵە قایلبن کە پشتبەستن بە on-line versus memory-based processing (لەسەر ئینتەرنێت بەرامبەر چارەسەرێکی تەواوی یادگاری-میمۆری)و ئەوانی تر شایەنی لێکۆڵینەوەیە لەخۆیدا بۆ لەبەرچاوگرتنی لێکەوتەکانی ئەو سیستەمە سیاسیەی کە تیایدا ڕوودەدەن.

لەپێناو ئارگومێنتەکەماندا با لێرە بەدواوە وای دابنێین کە هەموومان دەروونزانی سیاسین و ئەوە دەکەین کە کرۆسنیک ناوی ناوە "زانستی سایکۆلۆژیای سیاسی". بۆیە گرنگی بۆ سیاسەت بووەتە شتێکی زیندوو. بۆیە ئەو دیسپلینە بەس نیە کە بڵێین، هەر وەک سنیدەرمان لە 1993 دا وتویەتی، کە سیاسەت پڕە لە سیاسەتی هاونیشتمانیانی ئاسایی. گرنگترین پرسیار ئەوەیە کە چۆن و لە چ ڕێگایەکەوە دووەمیان کار لە یەکەمیان دەکات و دەبێتە مەرج بۆی.

هەرچەندە دەستخستنە سەر هۆکارەکانی ئەو کاریگەرییە وەک بەرەنگاریەک دەمێنێتەوە، بەڵام بوونی هەندێ کاریگەری گرنگ ئینکار ناکرێت و گومان هەیە و تەنانەت ئەوانەی کە حەزیشان کەمە لە ڕەفتاری سیاسی و دەروونزانی سیاسی، نکوڵی لێدەکەن. بەلانی کەمەوە بەشێوەیەکی گشتی، ئەوەی هاونیشتمانیانی ئاسایی بیری لێدەکەنەوە و هەستیپێدەکەن سەبارەت بە سیاسەت بەڕوونی بۆ نوخبەو دامەزراوەکان و سیاسەتەکانی دیکە بەرهەمیدەهێنن و سیستەمی سیاسی لە گۆڕانی

بەردەوامدایە. تەنانەت رژێمە هەرە توندەکان پێویستیان بە ڕێککەوتنی ترسێنەر یان تورەیە بۆ مانەوەیان. تەنانەت لە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی سەپێنراودا، ئاراستەی سیاسەت تارادەیەک بە هەستی خەڵکیدا ئاراستە دەکرێت، بەوەی کە ڤی ئۆ کی (1967) ناوی ناوە "سنوورەکانی بیروڕا". لە وڵاتە دیموکراسیەکاندا بەهۆی هەڵبژاردنە مانادارەکانەوە، پشتبەستن بە پەسەندیی جەماوەری هێشتا لەبرەودایە. سەرەڕای بەرەوپێشچوون و هەندێکجاریش لە هەندێک شوێندا هاتنەدواوە لە پەیوەندیەکاندا، سیاسەتە نەتەوەیەکان بەئاراستەی پەسەندیی جەماوەری دەڕوات. لەسەر ئاستی دەوڵەتیش لیبرالترین هەڵبژاردنەکان لیبرالترینی سیاسەتەکان بەدەستدەهێنێت.

ئاراستە و یان بەلانی کەمەوە کاریگەرییە سنوردارەکانی بیروڕای سیاسەتە کۆمەڵیەکان و بژاردەی دەنگدانەکان روون و ئاشکران. هەروەها گرنگی دیاریکردنی پارت کە بەشداریان زیاتر پەیوەندی بە جیاوازی و ئامرازی بەشداری دەنگدانی پارتەکان لە هەڵبژاردنەکانەوە هەیە و لێرەشەوە بەو سیاسەتە تێکەڵانەی دادەنرێن و هەروەها چەندجارە و لاوازی حکومەتە ئیئتلافیەکان و مەترسی "پارتە فاشیەکان" وەک پۆوجادیستەکانی فەرەنسا و ۆلاسەیتەکان و پیرۆتیستەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. هەموو ئەمانە زەمینەی زۆر باون و پاساویان نییە.

با لەسەر دووشت کەمێک بوەستین کە پەیوەندیان زۆر ڕوون نین. لەناو ئەو باشیانەی کە بەباڵای دیموکرسیدا براون ئەوەیە کە پرنسیپی حوکمی زۆرینە، "ئۆتۆنۆمی" کۆمەڵی زیاد دەکات، واتە توانایی هاونیشتمانیان بۆ هەڵسەنگاندن و شوێنکەوتنی بەرژەوەندیەکانیان. ئەو بەرژەوەندیانەش

ئەوانە ناگرێتەوە کە تەواو خۆپەرستین، کەواتە تەنها "دیموکراسی ناحەزان" (adversarial democracy) نییە کە تیایدا گوزارشت و پاڵاوتەی بەرژەوەندیەکان سەرەکین.

لە رەفتاری سیاسی و دەروونزانی سیاسیدا، بەرژەوەندیە کەسیەکان وەک بەها دەردەکەون. زۆر نووسراون لەسەر پەیوەندی خەڵک بە بەها دیموکراسیەکانەوە بەتایبەتی ئەوانەی پەیوەندیان بە لێبوردەیی سیاسیەوە هەیە.گومان لەوەدا نییە نییە، سەرەڕای لاوازی ئەو بەهایانە لەسەر زۆرینەی خەڵکی و، هەمەجۆری لە بەشی خەڵکی کە بۆ بەهاکان هەیانە، کاریگەری لەسەر ناواخنی ژیانی سیاسییش دەکات. هەروەها لەسەر پشتبەستنی بۆچوونێکی سیاسی دیاریکراو لەسەر بەهایەکی دیاریکراو زۆر نووسراو هەن ، بەتایبەت سەبارەت بە هەمەجۆریەکانی بیرۆکەی ئازادی و یەکسانی. بێگومان بڵاوبوونەوەی ئەو بەها سەرەکیانە کاریگەری دەخاتە سەر ئەنجام و گەرموگوڕی دیبەیتە سیاسیەکان. شتێکی لە خۆڕا نییە کە وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا، بەو مەیلە تاکگەرا تایبەتیەی خۆی، حکومەتێکی بچووکتر و باجی کەمتر و بەرنامەی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی کەمتر لە وڵاتانی تر هەیە.

ئەوەی پێویستە جەختی لێبکرێتەوە بوونی جیاوازی بارودۆخی و تاکە لە ڕاستی و دروستی ئەوەی کە خەڵکی پێگەیەکی سیاسی گونجاو هەڵدەبژێرن و بەلەبەرچاوگرتنی بەهاکان دەنگدەدەن. ئەوەی پەیوەندی بە دەنگدانەوە هەیە،ئەگەر پێشبڕکێی ئازاد و پاکی بەرژەوەندیەکان لەپلەی سەرەوەی سەرەکیترینی هۆکاری دیموکراسی بن، ئەوا ئەو جیاوازییە پلەییەی کە خەڵکی لێوەی دەتوانن سیاسەتەکان دیاریبکەن و دەنگبدەن بەو بژاردەیەی کە زۆر گونجاوە لەگەڵ بەها و بەرژەوەندیەکانیان لێکەوتەی

زۆر جیددی بۆ تیۆری دیموکراسی دەبێت و،پشتبەستن بە پەسەندیی بەهاکان زۆر گرنگ نابێت.

ئەم گفتوگۆ جیاوازانە لە بەهێزی پەیوەندی بەها-پەسەندی دەمانباتە ناو ئاڵۆزی سیاسییەوە، واتە بەکورتی بڕ و ڕێکخراوی زانیاری خەزنکراوی سیاسی کەسێک. بەلەبەرچاوگرتنی ئەو پەیوەندیە نزیکەی لە نێوان بڕ و ڕێکخراودا هەیە و هەروەها لەنێوان بڕ و ڕاستی و دروستیدا هەیە، ئەوا ئەمەش بەتەواوی هەمان جیاوازیە وەک زانیاری، بەو مانایەی کە زانیاری پێشتر هەبووە و رێکخراوی لابردووە، هەرەوەها وەک مەعریفە کە رێکخراوی لابردووە و بەڵام پێویستی بە ڕاستی و دروستی دەبێت. چەندین هۆکار هەن بۆ ئەوەی وا تێبگەین ئاڵۆزی گرنگە، بەڵام گرنگیەکەی لە پرۆسەی هەنگاو بەهەنگاوەکەیدایە، لە پەیوەندی نێوان بەهاکان و سیاسەت و پەسەندیی کاندیدەکاندایە کە پێشبینی دەکرێت توندتر بێت لە نێو ئاڵۆزترینەکاندا. بەلەبەرچاوگرتنی پەیوەندیەکانی ئاڵۆزی لەگەڵ تایبەتمەندیەکانی دیکەی وەک پەروەردە، دەوڵەمەندی و کۆنزێرڤاتیزمی ئابووری، ئەم پرۆسە هەنگاوبەهەنگاوەی پەیوەندی نێوان پەسەندی-بەهاکان لێکەوتەی دەبێت لەسەر پاکیی پێشبڕکێی نێو بەرژەوەندیەکان.

هەمان ئارگومێنت دەتوانرێت درێژبکرێتەوە بۆ کەم ئەزموون کراوەکان بەڵام لەهاوشێوەی پەیوەندی ناسەقامگیری نێوان بەهاکان و بەرژەوەندیە بابەتیەکان. لێرەدا ئەو ناسەقامگیرییە "هۆشیاری ساختەیە". بەدڵنیاییەوە ئەوەی هۆشیاری راستەقینە پێکدەهێنێت یەکلانەبۆتەوە، هەر لەبەرئەوەشە ئەم پەیوەندیە سەرنجی کرداریی کەمی بەلای خۆیدا ڕاکێشاوە. بەڵام بە گرتنی بەرژەوەندیە بابەتیەکانی کەسێک بۆ ئەوەی ئێمە دەیکەین، دەبێت

بەهاگەلێکی سیاسی وا بنیاتبنێت کە بگونجێت لەگەڵ خۆیان، تا چەند بیربکاتەوە و لەبارەی سیاسەتەوە بزانێت.

ئەم چەند نموونەیە بەدڵنیاییەوە هێڵەکانی پەیوەندی نێوان سیاسەتی جەماوەری و سیاسەت کاڵدەکاتەوە. دەتوانرێت چیرۆکی هاوشێوەی بەرئەنجامە سیاسیەکان سەبارەت بە گۆڕانکاریەکانی تر لە نیگارە پێوەریەکە بگێڕێتەوە. زۆربەی ئەوەی کە لەبارەی رەفتاری سیاسی و دەروونزانی سیاسییەوە دەیخوێنین بۆ مەسەلە بایەخدارەکان لێکەوتەی خۆی دەبێت لەسەر دامەزراوە گەلیخوازەکان و شارەزایانی سیاسی و بەراوردکاران و تیۆریستەکان.

کەواتە چۆن دەروونزانی سیاسی و رەفتاری سیاسی، چەندین ئاماژە لە چەندین سەرچاوەی دەمەزراوەیی و مێژوویی و فەلسەفی ڕووندەکاتەوە؟ بە بەلاوە خستنی کینەکان لەدژی پێوەر و زانستەکان، من سێ هۆکاری گرنگ دەبینم: یەکەم، بێسەبری لەگەڵ روونکردنەوەکانی ئەو گۆرانی پشتپێبەستووی کایانە لەسەر ئاستی تاکی و زگماکی خۆیان. دواجار کاریگەریان لەسەر سیاسەت بەشێوەیەکی گشتی ئیجمالییە. دووەم، پەسەندی گۆڕانە ناسایکۆلۆژیەکان کە زۆربەی جار سوودی سنوورە بیرۆکییە زیاتر لەسەر ڕێکەوتووەکان و پێوەریی وردی هەیە. هۆکاری یەکەم زۆر لە هۆکاری دووەمەوە نزیکە و گرێدراون بەیەکەوە لەبەرئەوەی روونکردنەوە لەسەر ئاستە ئیجمالیەکان، لەلایەکەوە بەزەروورەت، کەمتر سروشتێکی سایکۆلۆژی هەیە، ئەمەش لەبەرئەوەیە کە بەشێوەیەکی سادە پێوەرە سایکۆلۆژیەکان لەوانەیە بەردەست نەبێت بۆ ژمارەیەکی تەواو لە ئیجمالی پەیوەندار؛ تۆژینەوە نیشتمانیەکان بەشێوەیەکی گشتی دابەشنابن بۆ دەوڵەتی تەواو و ناوچەی کەمتر و نموونەکان؛ تۆژینەوە زنجیرەییە

زەمەنیەکان کورتن و تەنها لە چەند شتێکی کەمدا قەتیسماوە؛ لێکۆڵینەوە وردە بەراوردکاریەکان بەگشتی لە زیاتر لەچەند وڵاتێکدا و لەکاتێکی دیاریکراودا ئەنجامنەدراون؛ هتد.. بۆیە نموونە ئیجمالیەکان لە گۆشەنیگای سایکۆلۆژیەوە شێوەیەکی کورتکراوەیە و لەقاڵبی سۆسیۆدیمۆگرافی و ژینگەیی و گۆراوەکانی دی دراوە. سێیەم، خۆلادان لە شوێننەکەوتنی زنجیرەی پەیوەندیە هۆکاریەکان و گەڕانەوە بۆ بیروڕا و بەشدارییە هەموویەکان کە ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسیاسەت دەکات. دەتوانین هەستبکەین کە ئەمانە پێویستن وەک فاکتەری بەرچاوروونی بێ ئەوەی بمانەوێت زیاتر لەسەر پێشینەکانی لەبەرانبەردا بزانین. ڕێگاکە بۆ هەر دیسپلینێک وەک بۆ هەر دراسەیەک دەبێت لەشوێنێکەوە دەستپێبکات.

سیاسەت و کۆمەڵبوون

وەک پێشتر باسمانکرد، مەسەلەی چۆن سیاسەت، سایکۆلۆژیای سیاسی و رەفتاری سیاسی چین و دەبێت چۆن بن، بەڕادەیەکی زۆر دەگۆرێن بۆ جیاوازی لەبارەی ئاستەکانی ئیجمالی کە سەرنجراکێش و گرنگ و پرشنگدارن لە گۆشەنیگای سیاسەتەوە. لە چ ئاستێکدا سەرنجراکێشی یان گۆڕاوە ناسەربەخۆ گرنگەکان ئامادەیە؟ لە چ ئاستێکدا دەتوانرێت بەشێوەیەکی باش ڕوونبکرێنەوە؟

چەندین جۆر لە کۆمەڵبوون دێتەئاراوە کە سیانیان لەرووی هەرەمیەوە پەیوەندارن بەیەکەوە. کۆمەڵبوونی سایکۆلۆژی سەرەکیترینیانە و باسی ڕەهەندی ناوخودی دەکات کە لە سەرەوە دەسپێدەکات بە تەنۆچکەی لە ئەتۆم بچوکتر تا دەگاتە نیورۆن و تۆڕە نیورۆنیەکان و بۆ "نیورۆنی ئەبستراکت" ی مۆدێلە هاوتەرییە دابەشبووە چارەسەریەکان و بۆ تۆڕە لێکدراوەکان و بۆ کیانە مۆلیەکانی وەک بیروباوەڕ و بۆچوون و بەها و

هەستەکان. سایکۆلۆژیای سیاسی کە تەنها جۆرێکە لەگەڵی ڕاهاتووین پێی بڵێین بەکۆمەڵبوون، باسی ڕەهەندی لەدەرەوەی خود دەکات کە لە تاکەوە دەستپێدەکات بۆ گروپە تەواو گشتگیرەکان. دوو ڕەهەندی یەکەم لە رووکەشدا بەیەکدەگەن. سێیەم ڕەهەند کە زۆر ئەبستراکتە بەکۆمەڵبوونی پەیوەستیە، ئەمە زیاتر خەڵک دەگۆڕێت ئیتر تاک بن یان گروپەکان بۆ کیانە پەیوەستیەکانی وەک دامودەزگا و ڕووداوەکان .

لێرەدا پێویستە جەخت لەسەر بەکۆمەڵبوونی فیزیکی و سایکۆلۆژی بکەینەوە، بەڵام دوو جۆری تریش دەردەکەوەن. بەکۆمەڵبوونی کاتی، کە مەسەلەیەکی "کاتیە"—رانەبردوو یان رابردوو لەبەرامبەر رابردووی تەواو—باسی ئەو ڕەهەندانە دەکات کە لە سەرەوە لە ڕووداوە راگوزەرەکانەوە دەستپێدەکات بۆ کەڵەکەکانی ژیان یان پاشماوەکان. گۆڕاوە ناسەربەخۆکانی ئەزموون، تاڕادەیەک بە زەرووری، بەشێوەیەکی کاتی لەیەکتر جیادەبنەوە و ئەوانەی کە بەباشی لەلایەن دراسە ئاسایەکانەوە هەڵسەنگێنراون بەشێوەیەکی کاتی یەکدەگرن. بەکۆمەڵبوونی چەمکی ئەوەیە کە چۆن گۆڕاوی یەکێک، لە هەرئاستێکی فیزیکی، سایکۆلۆژی، پەیوەستی یان کاتیدا بێت دەکێشرێت. بۆ نموونە پایەی کۆمەڵایەتی-ئابووری زیاتر شێوەیەکی کۆمەڵبووی چەمکی پەروەردە و داهات و پیشەیە. بەکۆمەڵبوونی کاتی و چەمکی، بەتەواوی تەنها تا ڕادەیەک پەیوەندارە بە جۆرەکانی تری وەک فیزیکی و سایکۆلۆژی و پەیوەستی.

جیاوازی گەورەی نێوان موماریس و ڕەخنەگرانی سایکۆلۆژیای سیاسی و ڕەفتاری سیاسی لە جیاوازی پەسەندیانە بۆ بەکۆمەڵبوونی فیزیکی و پەیوەستی. گۆڕاوە ناسەربەخۆکان و مۆدێلە وەسفیەکانی سایکۆلۆژیای

سیاسی و ڕەفتاری سیاسی لە بنەڕەتدا ئاستی تاکین. گۆڕان یان جیاوازیەکان لە دیاریکردنی بەشە هەموویەکان و ئاڵۆزە سیاسیەکان، یان بژاردەی دەنگدان گرنگن بەڵام لە گۆڕانە ئاست تاکیەکان یان جیاوازیەکان و میکانیزمە تەواو ئاست تاکیەکان کە وەسفیان دەکەن دێن. بەڵام سیاسەت بۆ ڕەخنەگران لە شوێنێک، لەسەروو ئاستی تاکی، ئامادەیە. زیاتر لە رووی فیزیکی پەیوەستیەوە پێکەوەن و بۆشاییەکە دەبینن لە نێوان تایبەتمەندیە بەبایەخەکانی ڕەفتاری سیاسی و سایکۆلۆژیای سیاسی و سیاسەت.

بەهەمانشێوە، زیاتر کەنارگیریە ناوەکیەکان سەبارەت بە سایکۆلۆژیای سیاسی نوێ، کە جیادەکرێتەوە لە ڕەفتاری سیاسی، دەچێتەوە سەر مەسەلەکانی بەکۆمەڵبوون، تەنها لە حاڵەتی جۆرە سایکۆلۆژی و کاتیەکاندا. لە گۆشەنیگای بەگومانەکانەوە ئەم دیاردەیە وەک پرۆسێسینی ئۆن لاین ڤێرسەس مێمۆری بەیسد و بنەما وردەکانی پلانی سیاسی تاکەکان لەرووی سایکۆلۆژی و هەندێجار لە رووی کاتیەوە زۆر هەڵوەشاون—زۆر دوور لە بەشی وەسفی و ئاڵۆزی سیاسی و هاوشێوەکانی و هەندێجار زۆر کورترە لەوەی کە شتێک لەسەر رەفتاری سیاسی دەربخات، جا چ جای، لەڕێ ئەوەی دواییانەوە سەبارەت بە سیاسەت.

## بەکۆمەڵبوونی فیزیکی و کارلێکەکان

لەبەر چەند هۆکارێک کە هەر زوو دەردەکەون، شتێکی گرنگە بزانین لەسەر ئاستی تاکی زۆربەی کاریگەریەکانی سەر گۆڕاوە ناسەربەخۆکانی سایکۆلۆژیای سیاسی و ڕەفتاری سیاسی کارلێکدەکەن (نازیادکراون). بۆ ماوەیەکی زۆر، مامەڵەمان بۆ کارلێکەکان یان هەمووی بوو یان هیچ شتێک. "هەموو" لەلایەن پراکتیسی سڕەوە پێشکەش دەکرێت، لە شیکاری هەمەچەشنەکان، لە هەڵسەنگاندنی هەر کارلێکێکی گریمانەیی هەر نیزامێکی ئەگەری—کۆکردنەوەی داتا لە خراپترین حاڵەتدا. (ئەبێت ئاماژە بەوە بکەین، شیکاری هەمەچەشنەکان خۆی تاڕادەیەک سڕکەرە؛ مۆدێلە هەڵگەڕاوەکان لەگەڵ هەڵگەڕاوە دووبارەکان بەتەواوی وەکیەکن و بەتەواویش دوورن لەیەکەوە.) "هیچ شتێک"، کە زۆر باوە، لەلایەن مۆدێلە هێڵیەکانی (بەمانای وشەکە خۆی، هێڵی و زیادکراو) شێوە لەسەرپشتە هەڵگەڕاوەکانەوە پێشکەشدەکرێت.

ئەمە لەکۆتایدا دەگۆڕێت، ئەگەر بەشەکانی ئەم کتێبەو بەرگەکانی تری دەلالی بن. بەتایبەتی من خۆشحاڵم کە دەبینم ئاڵۆزی سیاسی، کە خۆشترین و یەکەمین شتە لای من لە ناو گۆڕاوەکاندا، لە زۆر لە بەشەکاندا وەک فاکتەرێکی گونجاوی سەرەکی هەڵبژێردراوە. ئالۆز و نائاڵۆز دەتوانرێت لەبەرچاوبگیرێت بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ زانیاری سیاسی بەشێوەیەکی زۆر جیاواز. پێشتر نموونەیەکمان بینی لە گونجاوی ئاڵۆزی پەیوەندی بەها-پەسەندیەکان. ئەوی تر کارلێکە لەنێوان ئاڵۆزی و جۆری نامەیی لە پەیوەندیی قایلکەر: داواکاریە زۆر عەقڵانیەکان لەگەڵ زیاتر

ئالۆزەکاندا سەرکەوتوو دەبێت و ئەوانەی کە زیاتر سیمبولین لەگەڵ کەمتر ئالۆزەکاندا. لە فیوگ لەبارەی گفتوگۆکەی زالەر (1992) و ماکگوێر (1968،1969) دابەشکردنەکانی بیروباوەڕ لە لای خەڵکی عام زۆر تا کەم لاسایی ئەوانەیە لەناو دەستەبژێراندان یان بەخێرایەکی کەمتر و نزیکیەکی کەمتر وەک وەزیفەی ئاڵۆزی.

فاکتەرێکی گونجاوی تر موودە هەر وەک چۆن مارکوس و ماککوێن لەبارەی دڵەڕاوکێوە پیشانیان داوە و لەسەری دوواون. لە گێڕانەوەکەی مارکوس و ماکوێندا دڵەڕاوکێ ڕۆلی "پەرۆشی ئامادە" زیاددەکات و پێگە ڕەفتاریەکانی وەک مەیل لە دیاریکردنی پەسەندی ئامادەکان کەم دەکاتەوە. بەشێوەیەکی گشتی، هەستە خراپەکان سەرنجی زیاتر رادەکێشن و چارەسەری جدی و فێربوونی زیاتر دەسبەردەکەن لەوەی کە لە ئامەدەنەبونیاندا روودەدات. بەختیاری تەواو وا دیارە جەهالەت بێت.

هێشتا نازیادکراوەکانی تر، قوبڵکراو یان دامەزراوەکان، گۆڕاوە گونجاوەکانی تر دەگرێتەوە و بەزۆری هەن. ماستەرس (1989،2001) پێیَ وایە کاردانەوە هەستیەکانی کە لەڕێی شێوەی رووی سەرکردەکانەوە دەردەخرێن لە ژنەوە بۆ پیاو جیاوازن. کوکلینسکی و هورلەی (1994) ئەوە دەخەنە روو کە ڕەش و سپیەکان بەشێوەیەکی بنەڕەتی جیاوازن لە شێوەی گوزارشتی وتەکانیان کە تایبەتە بە قسەکەری سپی یان ڕەش. ستۆکەر (2001) ئەو پلەیە پیشاندەدات کە پەیوەندی بە ڕەفتارە تایبەتیەکانی وەک هۆمۆسێکشوالتی یان کوشتن بۆ ڕەوینەوەی ئازارەوە هەیە وەک ئالیکی نائەخلاقی پاڵپشتی بۆ قەدەغەکردنیان و پشتدەبەستێت بە ئیلتیزامەکانی سەربەخۆیی تاک و هتد.

کارلێکە باوەکان کاریگەری گەورەی هەیە لەسەر ویستنی بەکۆمەڵبوونی فیزیکی. هەرچەندە بەشێوەیەکی بنەڕەتی لە سەرئاستی تاکیە، بەڵام گۆڕاوە ناسەربەخۆکانی رەفتاری سیاسی و سایکۆلۆژیای سیاسی بەشێوەیەکی گشتی کاریگەری وایان هەیە کە تەنها بە گشتی هەستی پێدەکرێت. هەر وەک ماککوێن و ئێریکسۆن و ستیمسۆن (1989) بۆ نموونە لەبارەی لایەنداریەوە ئاماژەیان پێداوە، ئەویش ئەوەیە کە ئەوە کیانی سیاسیە— یان دابەشکردنی بازنەی هەڵبژاردنی فراوانی لایەندارانە کە کاردەکاتە سەر ئەگەری سەرکەوتنی هەڵبژاردنەکان و شیمانەی فلاش پارتیەکان و هتد. لەبەر ئەم هۆیەش و هەروەها بۆ دەربازبوون لە قرەی پێوانەی ئاست-تاکی، ژمارەیەک لە لێکۆڵینەوە چاویان خستووەتە سەر شێوە کۆمەڵیەکانی ئەو گۆڕاوە ئاست تاکانە کە بە رۆشتنی کات دەگۆڕێن یان باناو یەکە سیاسیەکاندا.

ئەم ستراتیژییە خراپی خۆی هەیە. بەسەیرکردنێکی لێکەوتەکانی رەفتار و هەست و بیرکردنەوەکانی هاوڵاتیان بۆ سیاسەت، تا ڕادەیەک پێویستی بە کۆمەڵبوونە. پرسیارەکە ئەوەیە کەی. کاتێک تەنها پێوانە کۆمەڵیەکان بەردەستبن (وەک ئەوەی هەندێک جار لە حاڵەتی بژاردەی دەنگ و تێکڕای بەشداری هەڵبژاردندا هەیە) ئەوا دەبێت یان بەکاریان بێنین یان شیکاریەک بەجێبهێڵین. جی کەی چێستێرتۆن جارێکیان وتبووی " ئەگەر شتێک شایەنی کردن بێت، ئەو شایەنی ئەوەیە کە بەخراپیش بکرێت" لەوە باشترە کە هەر نەکرێت. بەڵام ئەگەر داتا ئاست-تاکیەکان بەردەستبن، ئەوا بەگشتی واباشترە کۆیانکەیتەوە پاش لەقاڵبدان و هەڵسەنگاندنی لەسەر ئاستی تاکی.

هۆکارەکە "سەفسەفەی ئیکۆلۆجی" کلاسیکی بەکارهێنانی داتای کۆبووەوە نیە بۆ لێدوان لەسەر پەیوەندیە ئاست–تاکیەکان.

**پێوەر لەرووی فیزیکیەوە**

ئێمە تا ئێستا مەترسی بەکۆمەڵبوون پێش هەڵسەنگاندن لە باسکردنەکانی گۆڕاوە ناسەربەخۆ تاکیەکانی وەک سایکۆلۆژیای سیاسی و رەفتاری سیاسی لەبەرچاوگرتووە. خەوشە پەیوەندارەکان لە پێوەرە کۆمەڵبووەکاندایە.

پێوانی گۆڕاوە ئاست تاکیەکان بەشێوەیەکی جەوهەری بەشێوەی کۆمەڵی (بەرامبەر بە پێوانە ئاست تاکیە کۆمەڵیەکان) ڕێ تێکدەرە، بەڵام لەڕاستیدا نەریتێکی باش دامەزراو هەیە، کە بەلانی کەمەوە دەگەڕێتەوە بۆ کۆنڤێرس (1964)، بۆ لەبەرچاوگرتنی زانینی سیاسی بە شێوازی بەکارهێنانی وەرامی لێیکۆڵینەوەکان. شێوازەکەی کۆنڤێرس، کە زۆر بەکارهاتووە، قالبێکە بۆ هاوپەیوەندی لەنێو بڕگەکانی بۆچوونی سیاسی. پوختەکردنە کۆنەکان بۆ رونکردنەوە لە پێوانە رەمەکیە هەڵەکان راستکرانەوە، بەڵام هەوڵە زۆر ئاڵۆزەکان جەخت لەسەرمۆدێلە بونیادیەکانی هاوگۆڕانی هاوکۆلکەیەکان دەکات و بڕگەکانی بۆچوونی سیاسی وەک پێوەر وەردەگرێت.

بەشێوەیەکی گشتی، ئەم مۆدێلانە بایەخ بە کاریگەریەکانی "بۆچوونە ڕاستەکان" لەسەر "بۆچوونە ڕاستەکانی" تر دەدەن. تابلۆی یەکەم لە وێنەی 7.1 زۆر بەجوانی پیشانیداون لەڕووی تەنها دوو بۆچوونی راستەوە، هەرچەندە بەگشتی دوو کەس زیاتر لەخۆ دەگرێت. تایبەتمەندیان لە کەسێکدا بەشێوەی هەرەمیە: واتە ڕێدەدات بە بۆچوونە زۆر ئەبستراکت و

گشتیەکان کە کاربکەنە سەر بۆچوونە تەسک و بەرجەستەکان، بەڵام بە پێچەوانەوە نابێت. هەروەها ڕێگەنادات ئەوانەی کە لەهەمان ئاستی گشتێتی و ئەبستراکتدان کار بکەنە سەریەک. پەیوەندیە یەک ئاڕاستەیەکانی نێوان بۆچوونی ێ و ب، کە یەکەمیان ئەبستراکت و گشتی ترە، ئەو هەرەمە پیشاندەدەن.

مۆدێلە بونیادیەکانی هەردوو قالبە هاوپەیوەندیەکان و هاوگۆڕاوەکان لە دوو پێوەری بەڵگەنەویست و ئامانجدا هاوبەشن. ئامانجێکیان بونیادی زانینە. پەیوەندیە هاوبەش و هاوکۆلکەکان وەک پەیوەندیە زانینیە گەشاوەکان وەردەگیرێن. لەم ڕۆڵەدا، مۆدێلە بونیادیە گۆڕاوەکان وەک نەخشەی تۆڕە پەیوەندیەکان دەبینرێن. ئامانجەکەی تر زانینی ڕێکخراوە، واتە ئاڵۆزی. بەشێوەی کۆمەڵی، قەبارەکانی پەیوەندیە هاوبەشەکان و هاوکۆلکەکان وەک رەنگدانەوەی ئاستی زانینی ڕێکخراو یان "کۆت و بەند" وەردەگیرێن.

یەکێک لەو شتانەی کە جێێ بایەخ نییە سەبارەت بەو ئامرازانە ئەوەیە سەرەرای پێویستی داتای ئاست تاکی، ئەوا تەنها ئەنجامی کۆمەڵی دەدەن بەدەستەوە. ئەمەش بێگومان کێشەی پێوانی بونیادی زانینە. بۆ نموونە با تێڕامانەکانی پێفلی و هورویتز لەبارەی ئەوەی ئاخۆ پەیوەندی زانین لەنێوان بۆچوونی سیاسەتی دەرەوەی سەرەکی و ناسەرەکی بەشێوەیەکی سەرەکی نیمچە لۆجیکیە یان نیمچە ئاکامیە وەربگرین. پرسیارەکە لێرەدا بێگومان زۆر سادەیە. هەموو کەسێک بەهەمان شێوە بۆچوونی فراوانی نیە؛ هەموو کەسێکیش هەمان بۆچوونی لەسەرهەمان سیاسەت نیە؛ هەموو کەسێکیش لەو بۆچوونە دیاریکراوانەوە بۆ هەمان بۆچوونی سیاسی

بیرناکاتەوە؛ هەمووانیش لەسەرەوە بۆ خوارەوە بیرناکاتەوە لەبەرانبەر ئەوانەی لەخوارەوە بۆ سەرەوە بیردەکەنەوە بەهەمان ڕادە.

هەروەها ئەوەش بۆ ڕێکخراویی پێوانی زانین کێشەیە. لەباشترین حاڵدا، پەیوەندیەکان لەبارەی ئالۆزی سیاسی هەموو خەڵک یان گروپێکی دیاریکراو لەناویاندا شتێک دەڵێن. بەڵام گۆڕانە ئاست تاکیە فراوانەکان و سنورداریە ترسناکەکان دەشارنەوە بەهۆی بەشی پێشوو.

بەهەمان شێوە بەسەر مۆدێلی بونیادی گۆڕاوی جیاوازدا کە ئامانجی هەڵسەنگاندنی گرنگی یان ڕوونکردنەوەی بۆچوونێکی دیاری کراوە جێبەجێ دەکرێت. کە بەڕوونی لە پیشاندانی دوو شەپۆلدا ئاسانکراوە. لێرەدا جێگیری هاوکۆلکەکان، بۆچوونە ڕاستەکان بە ئەوانی ترەوە دەبەستێتەوە کە وەک ڕەنگدانەوەی ئەوەی تا چەند بۆچوونەکان وەک زیاتر لە "نابۆچوون" وەرگیراون. بەڵام خەڵکی بەنایەکسانی ناسراون و بۆیە بەنایەکسانی بۆچوونی ڕاستی جێگیریان هەیە و بەنایەکسانیش وەڵامی پڕ لە هەڵە دەدەنەوە. وەک ئەوەی برادی پیشانیداوە، زۆر قورسە کە هەرشتێک هەڵبهێنجێنی سەبارەت بە ئاستی مەزەندەکان (نابۆچوونەکان) لە جێگیری پێشبینیکراو و ڕاستی هاوکۆلکەکان لە مۆدێلەکانی ئەم جۆرەدا.

خاڵی سەرەکی لێرەدا بیرتیژیە: بۆ پێوانی کۆمەڵی زانینی ئاست تاکی قبووڵە؟ پێوانەکانی ئاست تاکی ڕێکخراوی زانین و جێگیریی بۆچوون بەشێوەیەکی ئامادەکراو لە هەمان یان داتای هاوشێوە وەرگیراون. سەرەڕای ئەوەش، وەک من دەڵێم، پێوانە ئاست تاکیەکانی بونیادی زانین کارێکی زۆر زۆر پێویستە و کاریگەریەکەی زۆری تێ ناچێت و

هێڵەسەرەکیەکانی زانینی تاکی زۆر بێهۆترە لەوەی کە بەهەر شتێکی تر بێجگە لە ئاستی تاکی لەقەڵەم بدرێت.

لەپێناو ئارگومێنتەکەدا، با ئەم پێوانانە وەک خۆیان وەربگرین. واتە وای دابنێ کە ئێمە بە پێوانی کۆمەڵی ڕازین، هەرکاتێک باوەرییپێهێنرا. ئێستا چوار کێشەی تر سەرهەڵدەدات.

یەکەم، ئەوەیە کە هەر پێوانێک لەم جۆرە دەبێت بەشێوەیەکی حەتمی پارچەیەکی گەورە لە نموونە لەدەست بدات. لەگەڵ فلتەرێکی شیاودا، وەڵامدەرێکی زۆر بەگشتی داتا وون دەکەن لەبارەی بڕگەیەک یان ئیتر. لەپێویستی نیوەی نمونەکان کەمدەبنەوە. جەد و میلبێرن (1980) دوو لەسەر سێی ئەوانەی خۆیان لەدەستدا. ئەو بیرخەرەوەیەی کە ئەو پێوانانەی پێ حساب دەکرێت بەدڵنیایەوە زۆر ئاڵۆزترە لە نمونەکان بەگشتی. هێندەی پەیوەندی بە ڕێکخراوەوە هەبێت، ئەو پێوەرانە کاریانتێدەکرێت.

لەچەشنی داتا وونبووەکان، کارێکی مەحاڵە بتوانین بڵێین چ هاوپەیوەندیەک یان کۆلکەیەکی هەڵسەنگێنراو بۆ هەموو نمونەکە چۆن دەبێت، بەڵام پێوانە ئاست تاکیەکان کە پێگەیان لە نەزانینەوە وەردەگرن بەڕووکەش دەتوانن ئەو مەیلە تێوەگلاوە روون بکەنەوە. بۆ ئەو مەبەستە، گۆڕاوێکی دووانیم دروست کرد لە شەش بڕگەی سیاسی لە ناوەندی دراسەی هەڵبژاردنی نیشتمانی. ئەو گۆڕاوە وەڵامدەرەوەکانی جیادەکردەوە کە وەڵامی گرنگیان بۆ هەر شەش دانەکە هەبوو، لێرەشەوە خرابوونە ناو هەڵسەنگاندنی مۆدێلە بونیادیە هاوگۆڕاوەکان لەسەر بنەمای ئەو بڕگانە لەوانەی کە نەدەکران و نەدەبوون. سەرنج بدە کە شەش بڕگە زۆر کەمە:

مۆدێلی بونیادی هاوگۆڕاوی ڕاست، که بڕگەی زۆرتری تێدایه، نموونەیەکی زۆر لەدەستدەدات.

ئەم پرسیارانەم هەڵبژاردووه بۆ ئەوەی ڕێ لەبەیەکداچوون بگرم لەگەڵ ئەو یانزەیەی که پێشتر بەکارم هێنابوو له دروستکردنی پێوانەیەکی مەعرییفیی ئاڵۆزی سیاسی. ئەو پێوانەیه (که به دی ناونراوه له لەسکین 1987) ژمارەیەک مەسەله که وەڵامدەر دوو پارتی سەرەکی بەشێوەیەکی ڕاست داناوه ژماردووه، که له حەوت له یانزده وەڵامی ڕاست ئەوەیه که دیموکراتەکانی داناوه له لای چەپی کۆماریەکان. بۆ دوو مەسەله، دیاریکردنەکانی کەهەمان خاڵی پێوانەیی هەیه وەک ڕاست حسابی بۆکراوه، بۆ دووانەکەی تر هەر دانانێک دەبێت.
ناوەندی نموونەی ئەو پێوانه مەعریفیەی ئاڵۆزی تەنها 5.53 یه، کەمتر له ناوەندی 6.14 بۆ دانیشتوانێک که بەشێوەیەکی ڕەمەکی لەسەر هەر بڕگەیەک را دەدەن. ئەو هۆکارەی وای کردووه که ناوەندی نموونەکه کورتبێنێ لەبەرانبەر ناوەندی ڕەمەکی ئەوەیه که زۆربەی ئەوانەی جێگەی پارتەکان نازانن بایەخ به ڕاکه نادەن. لەوانه بوو له 6.14 بەرزتربووایه ئەگەر هەموویان ڕایان بدایه. بۆیه ڕاستکردنەوەی خەمڵاندنەکه دەیهێنێته خوارەوه. ئەمه زۆر ئەنجامدانێکی لاوازه، گرنگ نییه چۆن بەشداری تێدا دەکەیت. زۆر نیه که بزانی دیموکراتەکان لەلای چەپی کۆماریەکانن له مەسەله سیاسیه سەرەکیەکاندا. دوو بڕگه هەر زۆر "ئاسانن"، تەنها پێویستیان بەوەیه که وەڵامدەرەکان خۆیان پارتەکانیان دابنێن، ئیتر گرنگ نییه له کوێ.

مەبەستی ئەم شیکارییه جیاوازییه له نێوان ئەوانەی که وەڵامی گرنگیان داوەتەوه بۆ هەر شەش پرسیاره سیاسیەکه و ئەوانەی که دەخرێنه ناو

شیکارییە بونیادییە گۆڕاوەکانی کە پشتیان پێ بەستوون، هەروەها ئەوانەی کە وەڵامیان نەداوەتەوە و ئەوانەی ناخرێنە ناوەوە. یەکەمیان ناوەندەکەی 6.12 یە، دووەمیان 4.88 ە. ئەم جیاوازیە لە ڕووی ئامارییەوە گرنگە. ئەگەر پێوانی ئاڵۆزی گۆڕا بۆئەوەی دیموکراتەکان لە لای چەپی کۆمارییەکان لە هەر یانزدە بڕگەکەدا دابنرێن، جیاوازی ناوەندەکەیان زیاد دەکات لە 1.25 وە بۆ 1.50.

کێشەی دووەم، لە مۆدێلەکانی بونیادی هاوگۆڕان و هاوپەیوەندیەکانی کە بۆ روونکردنەوە راستکراونەتەوە، لابردنی هەڵەیە. جێگەی سەرسوڕمانە کە "بۆچوونە ڕاستەکان" ی لە هەڵە بێبەرین، زۆر سەقامگیرن یان پەیوەندارترن بەیەکەوە لە پێوانە بینراوەکان. پرسیارەکە ئەوەیە کە چۆن ئەو هەڵەیەی لابراوە حساب بکەین. ئەگەر بەڵگەیەکی زۆری هەبێت، ئەوا دەبێتە فرمانی وەڵامدەری بێئاگا، فاکتەرە هەرە روونەکان جێگیری یان هاوکۆلکە بۆچوونە ناوەکیەکان نین بەڵکو گۆڕاوە هەڵەییە پێوانەییە گەورەو دووبارەکانن. بۆ هەڵسەنگاندنی رێکخراویی، لەبەرانبەر بونیاددا، پلەکانی مۆدێلە تەواو بونیادیەکان، بێ هاوکێشە پێوانەیەکان، لەڕاستیدا پەسەند دەبێت.

کێشەی سێیەم، لە مۆدێلەکانی بونیادی گۆڕاودا، ناساندنە. لەباشترین حاڵەتدا خەسڵەتە هەرەمیەکان جێێ مشتومڕن. بێگومان خەڵکی هەم شت هەڵدەهێنجن و هەم پێی دەگەن، لەسەرەوە بۆخوارەوە و لە خوارەوە بۆ سەرەوە بیردەکەنەوە. بێگومان ئاسۆیانەش بیر دەکەنەوە. پێگەی کەسێک لە کورتهێنانی بودجەدا کاردەکاتە سەر پێگەکەی لە سیاسەت، باج یان بەپێچەوانەوە. لە سەرئاستی زۆر ئەبستراکدا، پابەندی کەسێک بە تاکایەتیەوە کاردەکاتە سەر پابەندیەکەی بۆ یەکسانی و بە پێچەوانەشەوە.

لەوانەیە ڕەش پێستانی ناو شارەکان دژی سزای لەسێدارەدان بن و لەگەڵ سیاسەتی خۆشگوزەرانی لیبرالدا بن، بەڵام سپی پێستانی دێنشین لە دژی هەردوکیان بن. گەر هەردوکیان پێکەوە لە یەک شوێن دانێن، ئەوا هاوگۆڕاومان دەستدەکەوێت، هەتا ئەگەر هیچ کەس لە هەر گروپێک هەرگیز بیری لە خۆی کردبێتەوە— یان بیرکردنەوەی کەسی تری وەرگرتبێت.

راستیەکەی، بێ کۆنترۆڵی گۆڕاوە ژینگەیەکان، تا رادەیەک پلە بونیادیەکان گۆڕاوە دەرەوەی مێشکیەکان دەنوێنن لە ئەزموون و خاڵە سەرچاوەیەکانی کە بەشدارن بەڵام جیاوازن لەنێو شوێنە کۆمەڵایەتیەکاندا. هێنانی ئەو گۆڕاوانە بۆ ناو مۆدێلەکان یارمەتیدەرە، بەڵام چونکە هەموو گۆڕاوەکانی تر لەئەگەری کارکردنە سەر بۆچوونیەکانن، بۆیە دیارکردن هەر بە گرفتاری دەمێنێتەوە.

### بەکۆمەڵبوونی دەروونزانی (کاتی) و دەروونزانی سیاسی

هۆکارێک کە وایکردووە من لەبارەی بەهاکان و ئالۆزیەوە بدوێم ئەوەیە کە خاڵی یەکتربڕی ڕەفتاری سیاسی و سایکۆلۆژیای سیاسیان داگیرکردووە و بەشدارن لە حاڵەتی پەیوەندی سیاسی هەردووکیان. بەشێوەیەکی گشتی، گۆڕاوەکانی ناو سایکۆلۆژیای سیاسی کە کاریگەری ڕوون و راستەوخۆیان هەیە لەسەر سیاسەت، وەک بەها و ئالۆزیەکان، بەشێوەیەکی ڕێژەیی مۆلین و لەگەڵ ڕەفتاری سیاسیدا هاوبەشن. بەڵام بواری سایکۆلۆژیای سیاسی ناوەڕۆکەکانی بونیادی مەعریفی کە بە "سکیما" ناسراون، کە پرۆسەی هەڵسەنگاندنی سیاسی و ئەوانەی لەڕووی سایکۆلۆژیەوە زیاتر دیاردەی بچووکن دەگرێتەوە.

بەلانی کەمەوە بەشێوەیەکی ئەگەری شۆڕدەبێتەوە بۆ هەندێ پلەی سایکۆلۆژیای پەرتبوو. ژمارەیەکی بێشوماری دوودەیەی شایەنی پەرەسەندن لە سایکۆلۆژیای مەعریفی هەرگیز سەرکەوتونەبووە لە چوونە ناو سایکۆلۆژیای سیاسی. شەپۆلی یەکەمی لەڕووی مەعریفیەوە کاریگەر لەسەر سایکۆلۆژیای سیاسی زۆر کەم جورئەتی ئەوەی هەبووە ئەو دیو "بیردۆزەی سکیما" بکەوێت و هەرچەندە زۆر لە ئیشە نوێیەکان دەستیان کردووە بە بڵاوبوونەوە، بەڵام زۆربەی بەشەکانی سایکۆلۆژیای سیاسی هەر بە بەکارهێنراوی ماونەتەوە.

شتەکان دەستیان بە گۆڕان کردووە. "بیردۆزەی سکیما" بەخێرایی داگەڕاوە و بیرچۆتەوە. ڕۆژەکانی لە سایکۆلۆژیای سیاسیدا لە سەرەتای نەوەدەکانەوە تەواو بووە. من و کوکلینیسکی و جۆن بۆلاند ئەو لیکۆڵینەوانەی کە بانگەشەی "بیردۆزەی سکیما" لەسەر چەند بنەمایەک دەکەن خستووەتە بەر ڕەخنە، ئەویش بەگشتی لەبەرئەوەی پێمان وابووە کە بەکارهێنانەکەی ئارایشتی و بیردۆزەکەی ناپێویستی بووە. "پێوانە سکیما" ییە ڕاگەیەندراوەکان دەرکەوت کە تەنها دەرەوەیان دەپێون: جا یا مەیلی سەرەکی، لەسەر چەند ڕەهەندێکی دیاریکراو، هی ناوەڕۆکە مەعریفیەکەیان (کە بەئاسانی دەتوانین بڵێین باوەڕەکان و هەست و پێکهاتە مەعریفیەکانی بۆچوونە پەیوەندارەکان) و مەیلی سەرەکی لەسەر چەند ڕەهەندێکی پۆزەتیف و نێگەتیفی ناوەڕۆکە کاریگەرەکانیان (کە بەئاسانی دەتوانین بڵێین پێکهاتەی کاریگەری بۆچوونە پەیوەندارەکان)، یاخود ئاستی "پەرەسەندنیان" (کە دەتوانین بەئاسانی بڵێین "بونیادی بیروبۆچوون" یان "پسپۆڕی بابەت دیاریکراو"). پێوانەکان لە خۆیاندا

زۆرجار جیاناکرێنەوە لە بۆچوونەکان. بەگشتی، ئەمە تەنها رای گشتی ستاندارد و لێکۆڵینەوەی دەنگدانە بە گۆڕاوی.

لەڕێگەی چەسپاندنی ناڕاگەیەندراوەوە، هەموو پرینسیپەکان لەم شەپۆلە دواکەوتوەی "بیردۆزەی سکیما" ئێستا بۆ ماوەیەک دەبێت چووە بۆ بەکارهێنانە راستەقینە و بەبەهاکانی بیردۆزەی سایکۆلۆژی. ئەوەی پەیوەندی بە بەرگریەکانی لۆج و ماکگرۆ(1991) و کۆنۆڤەر و فێلدمان (1991) و میللەر (1991) بۆ هەوڵەکانیانەوە هەیە، ئامۆژگاری من ئەوەیە کە بایەخ بەوە بدەن کە کردویانە نەک ئەوەی وتوویانە.

جۆرێکی پێوانە کە سەرنجراکێش و نوێیە جۆرێک نەخشەی ئاست تاکی مەعریفیە کە لەلایەن لۆج و ماکگرۆ کێشراون (1991). بەداخەوە، هەرگیز لەراستیدا بەئەنجام نەگەیەندران. دایەگرامەکەی لۆج و ماکگرۆ هەر بە گریمانەیی مانەوە. هۆکارەکەشی، بێگومان، ئەوەبوو کە کاتێکی زۆری دەبرد تا زیاتر لە گۆشەیەکی بچووکی زیاتر لە هەندێک مەعریفەی سیاسی تاک بەو شێوەیە بکێشرێت. بۆیە تابەر و لۆج و گلاتەر (2001) عاقڵانە پێشنیاری پێوانەی خشتەییان لە پەرژەوەندی لاسایکردنەوە کرد.

هێشتا گومانێکی زۆر لەسەر ئەوەی تا چەند ئێمە وەک سایکۆلۆژیستی سیاسی دەبێت لە خشتە ڕوونکراوەکانی مەعریفەی سیاسی بەدەستبهێنین هەیە. دووبارە پرسیارەکە یەکێکە لە پرسەکانی بەکۆمەڵبوونی سیاسی. زانینی ناوەڕۆک و بونیادی ووردی مەعریفەی سیاسی کەسێک لەوانەیە بەسوود تر بێت بۆ تێگەیشتنی ئەوەی چۆن کەسێک بیردەکاتەوە، هەستدەکات، یان کارێک دەکات لە بارەی سیاسەتەوە تا "زانینی پێکهاتەی کیمیایی مرەکەبێک بۆ خوێندنەوەی رۆژنامەیەک. هەرچەندە وەک

سایکۆلۆژی سەرنجڕاکێشە، بەڵام لەوانەیە زۆرلەوە دوورتر بێت لەسیاسەتەوە کە سەرنجراکێش بێت وەک سایکۆلۆژیای سیاسی.

پرسەکانی تر پەیوەندی بە بەکۆمەڵبوونی کاتیەوە هەیە. گۆڕاوە ناسەربەخۆکانی ئەزموونە زانیاریە پرۆسێسیەکان— تێگەیشتن و کاردانەوە ی پاڵنەرێکی تاڕادەیەک دواکەوتووی تایبەت—بەشێوەیەکی سەرەکی لە ساتێکدا هەیە. ئەگەر ئەو ساتەی وتمان لە یەکێک بچێت لەکاتی یان پێش چوون بۆ سندوقی دەنگدان یان لەکات یان پێش دیداری هەڵبژاردن، ئەوا ئەو گۆڕاوانە زۆر گرنگ دەبن. بەڵام بۆ زۆر لە مەبەستەکان، ئەوە کەڵەکەبوون یان ماوەی (باقیات) ئەو وەڵامە چرکەساتیانەیە کە وادەردەکەوێت کاریگەری بکاتە سەر ئەو گۆڕاوانەی نزیکن لە سیاسەتەوە، وەک بۆچوون و بژاردەی دەنگدان.

هەمان بارودۆخ بە دڵنیایەوە لکاوە بە زۆر لە سایکۆلۆژیای مەعریفی ترەوە، زۆربەیان لەڕووی سایکۆلۆژیەوە ئەگەر هەمیشە کاتی نەبێت هێشتا زۆر بچوکن. گومانم هەیە کە تێگەیشتن لە فرمانی دەماری یارمەتیدەربێت. هەروەها گومانم هەیە کە "شوێنکەوتوانی بیردۆزەی ڕەفتار" یان مۆدێلە دابەشبووە پرۆسێسینە تەریبەکان، کە زیاتر پێکەوەن و بەڵام هێشتا زۆر لەسەروو ئاستی دەماریەوە نین، یارمەتیدەر بێت.

لەلایەکی ترەوە، تایبەتمەندیەکی زۆری سایکۆلۆژیای سیاسی دەمێنێتەوە کە زۆر بچووک دیارنین و بەڵام هێشتا کەم بەکارهێنراون. نوسینەکانی کاهینمان تڤێرسکی لەبارەی بیردۆزەی شیمانە و ئیستدلال مامەڵە لەگەڵ ئەوە دەکات کە چۆن خەڵک ئەگەرەکانی دەرئەنجام هەڵدەسنگێنن و دەنرخێنن، دێت بە مێشکماندا. شتێکی قورسە کە بیر لە هەر ئیشێکی تر بکەینەوە کە زۆر جار بەپەرۆشی وەک سەرچاوە ئاماژەیان پێدراوە، بەڵام

—له سایکۆلۆژیای سیاسیدا بەهەرحاڵ—له ڕاستیدا زۆر بەکەمی بەکارهاتوون. تایبەتمەندیە لاوازەکانی تر له ئیشەکانی تاجفێل (1981) و تورنەر (1987) ئەوانی تر له بارەی کاتەگۆریە کۆمەڵایەتیەکان، هەروەها ئیشە نوێیەکانی گرەی لەسەر هەستەکان (1987) و فریجدا و ئۆرتۆنی و کلۆر و کۆلینس و ئەوانی تر، خۆی دەبینێتەوە.

بەهەمان شێوە،ڕیزبەندی تەواوی ئامرازە پێوانەییەکان له مەعریفە و سایکۆلۆژیای سیاسی کاریگەر لەرووی مەعریفیەوە بەسنورداری بەکارهاتووە. چەندین جۆر ئیجرائاتی کاتی وەڵامدانەوە بەشێوەی ئەگەری دەردەکەون. بۆ نموونە، بۆ هەڵسەنگاندنی ستریۆتایپەکان، هەڵسەنگێنەر دەتوانێت بابەتەکان پێشکەش بکات بە لیستێک له ئاوەڵناوە تایبەتمەندەکانەوە، کاتێک یەکەمجار چەند کاتەگۆریەکی کۆمەڵایەتی وەک دەرخستنی نەژادی له ڕێی پرسیاری پێشوەوە دروست دەکات، پاشان پرسیاری ئەوەیان لێدەکات تا چەند ئاوەڵناوەکان دەویسترێن و جیایان دەکاتەوە له وشە بێمانا تێکەڵ و پێکەڵەکان، یان بەسادەیی بە دەنگی بەرز دەیانڵێت. تا کاتی وەڵام کورتر بێت، پەیوەندی نێوان ئاوەڵناوەکە و ستریۆتایپەکە بەهێزتر دەبێت. ئیشەکانی دۆڤیدیۆ و گائێرتنەر لەسەر بیروبۆچوونە نەژادیەکان نموونەمان دەداتێ له مەسەلەی کۆمەڵایەتی نزیک له سایکۆلۆژیای سیاسی.

## بەکۆمەڵبوونی چەمکی

دەبێت کەمیک لەبارەی بەکۆمەڵبوونی چەمکی بڵێم، بەڵام سەرنج بدە کە، هەر وەک جۆرەکانی تری کە سەیرمان کردووە، مەترسی زۆری و کەمی هەیە، هەروەها پێوانەکەی زالەر بۆ "هۆشیاری سیاسی" بەبۆچوونی

من نموونەیەکی گرنگە بۆ زۆری. زالەر ئالۆزیەکانی تێکەڵ کردووە، کە وا دەردەکەوێت ئەوە لە مێشکیدا بێت، بە پەروەردە و پەرژەوەندی سیاسی و بەکارهێنانی میدیا و بەشداری سیاسی. ئەگەر ئەمانە هەمووی هەمان گۆڕاو بن، کاتێکی دژوارمان دەبێت کە هەندێکیان بەکاربهێنین بۆ روونکردنەوەی ئەوانی تر. بەڵام بەشێکی زۆر لە بیست جووتە داواکراوەکە کە دەتوانرێت لەو پێنج گۆڕاوە پێکبهێنرێت دەبێت هاوتای کاریگەری سفری بێت. ئایا پەروەردە کاردەکاتە سەر ئاڵۆزی؟ پێموانیە بتوانێت زۆر، بەڵام چۆن بزانین کە بەشێوەیەکی سەرەکی لێکجیانابنەوە؟ بەدڵنیایەوە پەرژەوەندی کاردەکاتە سەر ئاڵۆزی و بە پێچەوانەشەوە. بەدڵنیایەوە پەرژەوەندی و ئاڵۆزی کاردەکەنە سەر بەشداری. ئەمانە گریمانەی ستانداردن. لە مۆدێلەکەی زالەر خۆیدا، ڕەگەزە گرنگەکانی "هۆشیاری سیاسی" جیاوازە لە هاوکێشەیەکەوە بۆ هاوکێشەیەکی تر. پێم وایە قبووڵکردنی مانا فرمانی ئاڵۆزیە، بەڵام وەرگرتنی مانا فرمانی پەرژەوەندیە. ئەمەشە نازانین بەبێ هەڵوەشاندنی "هۆشیاری".

**چی پێویستە فاکتەری دەرەکی بێت؟ پرسەکانی ماوەی هۆیی — و چێژ**

وەک تائێستا روونە، هۆکاری ئەوەی ئەو جۆرە هەمەچەشنانەی بەکۆمەڵبوون پەیوەندارن بە مەسەلەی پەیوەندی سیاسی ئەوەیە کە زۆربەیان پەیوەندارن بە ماوەی هۆیی گۆڕاوەکان لە سیاسەتەوە. پرسیارەکە هەمیشە ئەوەیە، لە دیاریکردنی هەندێک لەوانەی کە دەبێت وەک ڕاستی دوبارەبوو وەریگرین، تاچەند شیکاریەکە درێژدەبێتەوە. هەندێک جار، گۆڕاوە دەرەکیەکان دەبێت بە دەرەکی جێبهێڵدرێن. بەڵام لەکوێ؟ گۆڕاوە ناسەربەخۆکانی رەفتاری سیاسی و سایکۆلۆژیای سیاسی،

هەرچەندە لەوانەیە سیاسی نەبن، کاردەکاتە سەر سیاسەت، بەلانی کەمەوە بەگشتی، هەروەها تەواو ڕاستەوخۆ تا وایان لێبکات قورس بێت فەرامۆشکردنی. پرسیارەکە، لەگۆشەنیگای سایکۆلۆژیای سیاسیەوە، ئەوەیە کە ئاخۆ بەلای خۆیانەوە تەواو سەرنج ڕاکێشە کە شایەنی ڕوونکردنەوە بێت لەبەرانبەردا.

وانەیەکی کۆزمۆلۆجی هەتاوە بیرم کە کۆتایەکەی ئەندامێکی ئاسایی بینەر بوو کە وانەبێژەکە خراپ لێێ حاڵی بوو. ووتی کە هەموو گەردوون لەسەر پشتی کیسەڵێکی گەورەیە، وانەبێژەکە ویستی گاڵتەی لەگەڵ بکات، پرسیارئەوەی کرد کە ئەی کیسەڵەکە لەسەر چیە. ووتی لەسەر کیسەڵیکی تر. وانەبێژەکە پرسیاری کردەوە ئەی ئەم کیسەڵەی تریان لەسەر چییە. ووتی دانەیەکی تر. وانەبێژەکە جارێکی تر پرسیاری کردەوە بەڵام ئەو بەمە کۆتایی پێهێنا: خۆت هیلاک مەکە مامۆستا تاخوارەوە هەمووی هەر کیسەڵە.

کاتێک یەکێک هێڵێک دەکێشێت ئەمە دواجار مەسەلەی چێژە. دەوترێت "روون کردنەوە" ئەو شوێنەیە کە مێشک پشووی تیا دەدات. گۆڕاوەکانی رەفتاری سیاسی و سایکۆلۆژیای سیاسی بێگومان لە ڕوونکردنەوەی سیاسەتدا یارمەتیدەرن. بەڵام مەحاڵە ئەو بانگەشەیە رەت یان دابمەزرێت کە سەرنج ڕاکێشنین و بۆیە شایەنی ئەوە نین خۆیان روون بکەنەوە.

بەشێوەیەکی سەرەکی هەمان شت دەتوانرێت لەسەر زۆر لە گۆڕاوە لە رووی سایکۆلۆژیەکانەوە بڵاوەبوو کە جیاوازن لە سایکۆلۆژیای سیاسی کە پەیوەندی هەیە بە بەکۆمەڵبووە سایکۆلۆژیەکان و بەشدارن لەگەڵ رەفتاری سیاسی بووترێت. یەکەمیان دووەمیان روون دەکاتەوە، بەڵام لە چ

ئاستێکی سایکۆلۆژیای پەرتەوازە پێویستە کاری روونکردنەوەی یەکەم واز لە سایکۆلۆژیستە ناسیاسیەکان بهێنرێت؟

یەکێک لە چارەسەرەکان ئەوەیە بزانین کە هەموو کەس پێویست ناکات هێڵەکە لەهەمان شوێن بکێشێت. دیارەدەکانی حەزی کەم لە لێکۆڵەرەوەیەکی دیاریکراو گرنگە بۆ دیسپلین بەگشتی. هەر وەک ئەنترۆپۆلۆژیستی کولتوری رۆبێرت رێدفیلد جارێکیان لە سیاقێکی تردا وتی (لەدژی رێژەگەرایی کولتوری)، پێویستە کتێبخانەی هاوسەنگمان بوێت نەک بەزەرووری کتێبی هاوسەنگ. پێویستناکات زۆر حەزت لە روونکردنەوەی ناساندنی پارتێتی و ئاڵۆزی سیاسی یان پشتبەستن بە ئۆن لاین ڤێرسەس مێمۆری بەیسد پرۆسێسین بێت بۆ زانینی حەزی ئەوانی تر کە دەیکەن.

**بەئاراستەی داهاتوودا**

لە پێداچوونەوەی حاڵەتی سەبدیپلین چەند ساڵێک لەمەوبەر، کیندەر جەختیکردەوە لە گۆڕینی چەند خەڵک بیر لە سیاسەت دەکەنەوە بۆ چۆن خەڵک بیر لە سیاسەت دەکەنەوە پێشنیار کرد—لە ڕادەوە بۆ سروشتی مەعریفەی سیاسی، چەندین بەرگی ئەدەبیات، بە جیاوازی پلەی سەرکەوتنیانەوە، داواکەیان وەڵامدایەوە. بەکارهێنانە کۆنەکانی بیردۆزەی سکیما، بۆ نموونە، دەتوانرێت وەک هەوڵێکی بێ ئەنجام بۆ ئەو دێڕانە ببینرێت.

بەبۆچوونی من، جەختکردنەوەی تارادەیەک جیاواز—لەسەر روونکردنەوە نەک تەنها وەسفکردنی باش—زۆر بەسوود دەبێت. جا "چەند" یان "چۆن" ی مەعریفەی سیاسی لەبەرچاوبگرین یان نا، ئەوا

پێویسته هەوڵبدەین ڕوونی بکەینەوە و بەکاریبهێنین بۆ ڕوونکردنەوەی شتی تر. ئەم تێگەیشتنە پرسیارەکانی ئەوەی سروشتی چ شتێک بیرکەدنەوە ڕێکدەخات ڕوودەدات دەگرێتەوە. بەڵام هەروەها پرسیارەکانی سەر هۆ و ئەنجامیش دەگرێتەوە.

لە رابردووی تەواودا، ئەم گۆڕاوەی کۆتا ئاڵۆزییە، کە گرنگی تا ئێستا پێویستە روون بێت. کەواتە با ئەم بەشەی پێش کۆتا تەرخانبکەم بۆ دیاریکردنی چەند بابەتێکی تر کە پێم وایە شایەنی لێکۆڵینەوەیە. هەڵبژاردنەکەم بۆ سیاسەتی لەرووی سایکۆلۆژیەوە کۆمەڵبوو و نزیکە و ڕەنگدانەوەی تێگەیشتنمە لە کیسەڵی ڕەهەندە گۆڕاوەکان. چەند پێشنیارێک لەگەڵ چەنی پرسیارێک دەکەم.

### پرۆسێسینی جدی لەبەرانبەر ئیرتجالی

بابەتە لە رووی سایکۆلۆژیەوە زۆر پەرتەکان بایەخ بە جیاوازی نێوان زانیاری پرۆسێسینی جدی و ئیرتجالی دەدات، کە ئەویش من وەک تێرمێکی گشتی خستومەتەروو کە ژمارەیەکی زۆر جیاوازی دیاریکراو کە هەر هەبووە لەخۆدەگرێت. وە سیەرس نوسیویەتی پرۆسێسین لەسەر هێڵی چونیەک بەڵام لەیەکنەچوو دابەشکراون بۆ ئۆتۆماتیک لە بەرانبەر کۆنترۆلکراو، ئۆن لاین لەبەرانبەر مێمۆری بەیسد، بنەمای جۆری لەبەرانبەر هەنگاو بەهەنگاو، ڕێنمایکەر لەبەرانبەر سیستەماتیک، پەراوێزی لەبەرانبەر ناوەندی. وەک پێتی و کاسیۆپۆ دەڵێن، هەروەها لەسەر هێڵی چونیەک بەڵام لەیەکنەچوو دابەشکراون بۆ ناسیمانتیک لەبەرانبەر سیمانتیک، بێهەوڵ لەبەرانبەر هەوڵدەر، بێمانا لەبەرانبەر بەمانا. بەدڵنیایەوە یەک

ئەرک لەبەرانبەرماندا ئەم جیاوازیانە دەێنێتە خوارەوە بۆ هەر شتێک کە لەرووی چەمکیەوە ڕەهەندی سەربەخۆی تێدایە.

بەتایبەتی بەهۆی لۆچ و ماکگرۆ و سترۆچ ەوە، ئەوە جیاوازی ئۆن لاین لەبەرانبەر مێمۆری بەیسد ە کە بەزۆری چووەتە ناو سایکۆلۆژیای سیاسیەوە، کە زیاتر جەخت لەسەر پرسی ئەوە کراوەتەوە کام مۆدێل زیاتر باوە. ئەنجامەکانی لۆچ و ماکگرۆ و سترۆچ ئەوە دەردەخەن کە زۆربەی زۆری پرۆسێسینەکان ئۆن لاینن، لەکاتێکدا مۆدێلەکەی زالەر بۆ وەڵامی دراسە پرۆسێسینی مێمۆری بەیسد دادەنێت. پێم وایە کە ئەم موناقەشەیە سود بەو روونکردنەوە چەمکیە دەدات کە من پشتگیریم کردووە.

پرسیاری هەرە گرنگ، هەرچیەک رووبدات، ئەوەیە کێ لە چ جۆرێک پرۆسێسین لە چ هەلومەرجێکدا و چ گۆڕانکاریەک بەسەر یاساکان، یاد، گۆڕانی بۆچوون و گۆڕاوە کاریگەر و مەعریفیەکانی تر کە لێکەوتەیان بۆ سیاسەتی گشتی هەیە دێنێت گلاوە. دانەرەکانی کە بەرپرسیارن لەم جیاوازیانە چەند وەڵامیکیان پێشتر خستووەتە روو، کە بەشێکی لەلایەن سیەرسەوە کێشراوە، بەڵام زۆریش ماوە کە بکرێت.

با لێرەدا خۆم سنوردار بکەم بە خستنەرووی ئەوەی کە هەردوو پرۆسێسینی جدی و ئیرتیجالی لە هەردوو بڕیاردان و ئەنجامەکاندا زۆر جیاوازن. ئایا پرۆسێسینی ئیرتیجالی پیادەکردنی رۆتینە جوان رێکخراوەکانە بەهۆی زۆر ئاڵۆزیەوە یان پیادەکردنی رێکارە باوەڕپێنەکراوەکانە بەهۆی نائاڵۆزییەوە؟ ئایا پرۆسێسینی جدی لێکۆڵینەوەی نائومێدی رەفە بەتاڵەکانە یان شتێک نزیک لە لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی؟ چەند چرکریەکی کەم بیرکردنەوەی وورد بەهۆی ئاڵۆزی و

نائالۆزیەوە بێگومان هەمان شتە. هەمان شت بۆ بیرکردنەوەیکی کەمی خێرا دەبێت. لەڕاستیدا دەتوانین جیاوازی بکەین لەنێوان زانیاری پرۆسێسینی بەرز و نزمی هەر جۆرێک، هەرچەندە چارەسەرێکی پاکتر ئەو مۆدە پرۆسێسین و ئالۆزیە وەک گۆڕاوی جیاواز کە کارلێکیان لەگەڵ بڕیاری ئەوانی تر کردووە دەپارێزێت.

نیوەی دووەمی ئەو پێشنیارە، کە لە جەوهەردا هاوشێوەی پێتی و کاسیپۆیە، ئەوەیە کە هەڵبژاردنی مۆدە پرۆسێسینەکە پێویستە پشت بە ئالۆزی ببەستێت، لەم حاڵەتەدا بەکارلێکی لەگەڵ قورسی بابەتەکان و هاندەرەکان باشترینی لێ دەست دەکەوێت. بۆ ئەوانەی کە زۆر ئالۆزن، بابەتە ئاسانەکان ئیرتجالی رێکدەخرێن، بێ لەبەرچاوگرتنی هاندەرەکان؛ بابەتە قورسەکان جا جدی یان ئیرتیجالی بن، پشت بە هاندەرەکان دەبەستێت. بۆ زۆر ئالۆزەکان، هاندەرە لاوازەکان پرۆسێسینە ئیرتیجالیەکان ڕووندەکەنەوە، بێ لەبەرچاوگرتنی قورسیان؛ هاندەرە بەهێزەکان جا چ پرۆسێسینی جدی یان ئیرتیجالی، پشت بە قورسی دەبەستن.

مەرجە سنوردارەکانی من سەبارەت بەم بابەتە بایەخ بە بەکۆمەڵبوونی کاتی دەدات ئەم گۆڕاوە پرۆسێسینانە، ئەو پرۆسێسینە ئەنجامانەی کە وادەردەکەوێت کاریگەربن، هەروەها زۆر لە هۆکارەکانی دیاردەی ڕاگوزەرن. چەندمان دەوێت بۆ ئەو پارچە ڕاگوزەرانەی پرۆسێسین؟ ئەمە پرسیارێکی بەلاغی نییە—کەیسێک هەیە بکرێت بۆ گۆڕاوە کاتیە پەرتەکان——بەلام شایەنی باسە کە مۆدی پرۆسێسین دەتوننرێت بەکاتی کۆمەڵبکرێن بۆ گۆڕاوە جیاوازیە تاکیەکان. خەڵک تایبەتمەندی تێکەڵی مۆدە

پرۆسێسیەکانیان لە بواری سیاسەتدا هەیە و تێکەڵیکە بەلانی کەمەوە پەیوەندارن وەک ئەو بارە دیاریکراوەی من.

### توانایی مەعریفی

دووەم بابەت کاریگەری توانایی مەعریفیە، کە لەگەڵ هەموو ئەو سەرنجانەی بۆ پرۆسێسینی مەعریفی، هەر بە پشتگوێ خراوی ماوەتەوە. بەردەوام ڕۆڵێکی شەرمنانە لە پەروەردەدا دەگێڕێت و هەروەها بەڕادەیەکی کەمیش بۆ ئالۆزی. بەڵام شتێکی قورسە کە بڵێین کە پرۆسێسینی مەعریفی و دەرئەنجامەکانی—ڕەفتار و بۆچوون و کەلەکەبونی مەعریفی و ئەوانی تر—مەرجدارنەکراون تارادەیەک بە ووردی و خێرایی و توانایی ئەو هاردوێر و سۆفتوێرەی بەشداربوون. بەڵگەی زۆر هەیە لە سایکۆلۆژیدا کە دەریدەخات بەو شێوەیەن.

هۆکارێک بۆ ئەو فەرامۆشیە پراکتیکەڵە. زۆربەی لێکۆڵینەوەکان ئەزموونی پەیوەندایان تێدا نیە، تەنها بێجگە لە دراسەی کۆمەڵایەتی گشتی سەنتەری لیکۆڵینەوی بۆچوونی نیشتمانی لە زانکۆی شیکاگۆ نەبێت کە ئەزموون ووشەیەکی دە بڕگەیی گالۆن ترۆندیکی لەزۆربەی سەردانە سالآنەیەکانیدا هەیە. هۆکارێکی تر ئایدۆلۆژیە. جا لەبەر تەوازوع، ناسەقامگیریی، یان یەکسانی لەڕادەبەدەر، زۆربەی ئەکادیمیەکانی دەرەوەی تایبەتمەندێتیە پەیوەندارەکان لە سایکۆلۆژیدا بەتوندی ئینکاری بوون و تێبینیکردنی جیاوازیە تاکیەکان لە توانایی مەعریفی دەکەن. هەر ئاماژەیەک بۆ "زیرەکی" ڕقلێبوونەوەیەکی دیاریکراو بەدای خۆیدا دەهێنێت.

بۆیە من بە هەندێک ڕەشبینیەوە گۆڕاوە گرنگەکان پشتگیری دەکەم. پێشنیاری ئەوە ناکەم کە زۆر پێویستن، وەک لە موبالەغەکەی هێرنستەین و مووری. زۆر شتی کەم لەم جیهانەدا بەتایبەتی یان بەگشتی لە ڕێی زیرەکیەوە دیاریدەکرێت. هاندان و جێبەجێکردن زۆر گرنگن. هەروەها توانایەکانی تریش. هەروەها مەعریفەش. هەروەها ستایل و موودیش. هەروەها بەداخەوە شێوە و روخسار و سامان و پەیوەندیەکان. هەروەها دەرفەتەکان. بەڵام زیرەکی کاریگەری دەکاتە سەر زۆر شت، ئەگەر وەک فاکتەرێک لەنێو زۆری تردا بێت.

گرنگە لەم باسەدا جیاوازی لەنێوان زیرەکی و پەروەردە و ئاڵۆزیدا بکەین، کە بەشێوەیەکی زۆر گرنگ بەیەکەوە گرێدراون. لە رووی چەمکی و جێبەجێکاریشەوە ئەمانە گۆڕاوی جیاوازن. ئاڵۆزی مەسەلەی مەعریفەیە، پەروەردە مەسەلەیەک پەیوەندی بە قوتابخانەوە هەیە، زیرەکیش مەسەلەی تواناییە. نوسینەکەی من و جۆو تێن بارج ئەوە دەخاتە روو کە ئەم سیانە تارادەیەک کاردەکەنە سەر شێوەی جیاوازی گۆڕاوە سیاسیەکان.

ئەوەی جێی بایەخە پێشبرکێی نێوان زیرەکی و پەروەردەیە لە روونکردنەوەی ئاڵۆزیدا. دوو کتێبی نوێ هێشتا هەن جەخت لە رۆڵی پەروەردە دەکەنەوە. بەڵام دێلی کارپین و کیتەر جەخت لە زیرەکی ناکەنەوە، لەکاتێکدا نیل و جون و ستێهلیک باری، کە جەختی لێ ناکەنەوە، پەروەردە وەک متمانەی کۆتایی بۆ کاریگەریەکەی دادەنێن، لەسەر ئەو بنەمایەی کە پەروەردە کاردەکاتە سەر زیرەکی بەڵام بەپێچەوانەوە نا. کاریگەریە راستەوخۆکانی پەروەردە لەسەر ئاڵۆزیە سیاسەکانی وەک گۆراوەکان لە ئەنجامەکانی نی و ئەوانی تر بەگشتی زۆر

کەمە—و زیاتر کەمکراوەتەوە و تاڕادەیەک سڕاوەتەوە بە جەختکردنەوە لەسەر پەرژەوەندی سیاسی کە نی و ئەوانی تر لەبەرچاویان نەگرتووە.

نوسینەکەم بە مۆدێلێکی روونکراوەوە لەناویاندا پەرژەوەندی وەک گۆراوێکی ناوەکی لەگەڵ ئالۆزی پیشانیداوە کە کاتێک پێوانەیەکی بەدیلی زیرەکی خرایە ناو هاوکێشەیەکی ئالۆزی، کاریگەری پەروەردە دیارنامێنێت. لاوازیە روونەکانی ئەم پێوانەیە، رێژەی چاوپێکەتووانی وەڵامدەری "زیرەکی دیار" گومانی باشی دروستکردووە، بەڵام تێن بارج و من بەم دووابییانە مۆدێلێکی هاوشێوەمان هەڵسەنگاند بەبەکارهێنانی پێوانەی سایکۆمێتریکی زیرەکی و هەمان شتمان بۆ دەرکەوت. کاتێک زیرەکی دەخرێتە ناو مۆدێلەکە، کاریگەری پەروەردە دەچێتە لاوە. پەرژەوەندی سیاسی لەهەردووکیان کاریگەرترە، بەڵام لە نێوان پەروەردە و زیرەکیدا، ئەوە دووەمیان کە کاریگەری راستەوخۆی هەیە. بۆ مەبەستی ئێستا، پرسیاری کاریگەری ناراستەوخۆ جێدەهێڵین، بێجگە لەوەی کە سەرنج دەدەین لەوەی هەر مۆدێلێک زیرەکی بکاتە ناوەکی بەڵام پەروەردە بە دەرەکی ئەوا بە راشکاوی جوان دیارینەکراوە.

پێشنیارم بۆ هەموو ئەمانە ئەوەیە کە پەروەردە زۆربەکارهاتووە و موبالەغەی تیا کراوە، زیرەکیش کەم بەکارهاتووە و کەمتەرخەمی تیا کراوە. بەنێو مەودای فراوانی گۆڕاوە ناسەربەخۆ سیاسیە سایکۆلۆژیەکاندا، هەردووکیان بێگومان گرنگن، بەڵام ئێمە بایەخمان بەیەکیان داوە و ئەوی ترمان فەرامۆش کردووە. بەهەمان شێوە دەڵێم شتێکی سەرتێکدەرە کە پەروەردە بخەیتە جێێ زیرەکی یان ئالۆزی و نەویستراویشە کە ئەمانە گۆڕاوەکانی تر کۆکەیتەوە و بیخەتە ناو پێوانە تێکەڵەکانی "هۆشیاری سیاسی" و "تێوەگلانی سیاسی" و شتی وەک ئەوانەوە.

**هەست و سۆز**

بابەتی سێیەم هەست و سۆزە. هەتا لەسەردەمی "ئیمپریالیزمی مەعریفی" کە ئێستا بەسەرچووە، کارێکی قورس بوو کە موناقەشەی ئەوە بکەیت کە هەستوسۆز بەلانی کەمەوە لە مەعریفە گرنگتر نیە. مشتومڕەکانی زاجۆنس کە دەڵێت هەستوسۆز لە سیستەمێکی جیاوازی سایکۆلۆجی سەرهەڵدەدات وەک لە مەعریفە و لەپێشینەکان هەموو بەڵام مەعریفە زۆر سەرەتاییەکان زۆر دەردەکەون ئەگەر راست بن. هەندێک هەستوسۆز پرۆسێسینی زیاتر تیایە لە ئەوانی تر، بەڵام هەموویان لیمبیک سیستەمی تێدایە، بەتایبەتی ئەمیگدالا و ئەنتێریۆر سینگولەیت. مشتومڕەکەی زاجۆن کە دەڵێت هەستوسۆز زاڵە بەسەر مەعریفەدا لە زۆربەی سیاقە هەڵسەنگێنراوەکاندا ڕاستە.

ڕۆڵی هەستوسۆز لە هەڵسەنگاندنی سیاسی و بڕیارداندا، هەر بە کەشف نەکراوی ماوەتەوە. چ هەستە سۆزێک گرنگە بۆ سیاسەتی جەماوەری و چۆن؟ لەدیاریکردنی ڕۆڵی جیاوازی دڵەڕاوکێ و پەرۆشی، مارکوس و ماککوێن پێشکەوتنێکی باشیان بەدەستهێناوە. بەڵام پرسیارە بنەرەتیەکان هەر ماونەتەوە. مۆدێلی سێرکومپلێکس سەرنجراکێشترە ئەگەر روونتر ببینین چۆن شەبەنگی تەواوی هەستوسۆزە زۆر باوەکان—خۆشی، دڵنیایی، سوپاسگوزاری، ترس، پەشیمانی، ئازار، ئەوانی تر— وەک یەکگرتنی ئەو دوو ڕەهەندە راڤە بکرێن.

پرسیارێکی تر بایەخ بە بەکۆمەڵبوونی کاتی دەدات. ئایا زەمەنی ئەو هەستوسۆزانە و ئەوانی تر کە دەچنە ناو پرۆسێسینی زانیاری سیاسی و بڕیاردانەوە ڕانەبردووە یان ڕابردووی تەواوە؟ ئایا ئەوە وەڵامدانەوەی

هەستوسۆزە لە چرکەساتی هەڵبژاردندا لەسەر سندووقی دەنگدان یان هەندێک پاشماوەی کەڵەکەبووی هەستوسۆزی کاتی بانگەشەکانە کە گرنگن؟ (ئایا هەردووکیان وەک یەکن؟) وەڵامەکان گۆڕانێکی گەورە لە گۆڕاوەکانی کە ئێمە سەیری دەکەین و لێێ دەکۆڵینەوە دروستدەکات.

**تەلەفیزیۆن**

لەرووەی سایکۆلۆژیەوە و ڕاستەوخۆ بەکۆمەڵبووترین بابەتێکی سیاسی کاریگەر میدیای ئەلکترۆنیە، بەتایبەتی تەلەفیزیۆن، لە سیاسەتدا. بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی ئەمریکیەکی ئاسایی ئەو کاتەی بەسەری دەبات لەسەیرکردنی تەلەفیزیۆن لەجیاتی ئەوەی هەر شتێکی تر بکات بێجگە لە کار و خەو، زۆر کەم کاریگەری تر هەن کە ئاوا بڵاوبێت. هەروەها ئەوە گومانێکە کە تەلەفیزیۆن زۆر زۆر تێکەڵبووە لە ژمارەیەک لە ئاڕاستەی بێزارکەر. پارتایەتی نزمە و کەسی پاڵێوراو بەرز لە کاریگەریەکانی سەر بژارەدەی دەنگدان. ژمارەی دەنگدان نزمە، بێزاری لە سیاسەت و حکومەت بەرز. ئەمەش تەنها لە وڵاتە یەکگرتووەکان. دیموکراتیە رۆژئاواییەکانی تر هەمان شتن، تەنها تۆزێک لە دوواوەن.

رۆلی تەلەفیزیۆن لەمەدا چییە؟ لەوانەیە بەشێکی پەیوەندی بە رەسم کێشانێکی بێزارکەری سیاسەت بێت لە هەواڵی تەلەفیزۆندا. بێگومان ئەم لایەنگیریە لەگەڵمان بووە لە پێش مارکۆنیەوە، بەڵام زیاتر بووە لە سەردەمی تەلەفیزیۆندا. لەوانەیە بەشێکی تریشی پەیوەندی بە روونی و دەستپێگەیشتن و گەیشتنی بینەر بێت بۆ ناو ناوەندەکە. ڕێێ تێدەچێت، بۆ شتێک، کە کاندیدەکان بناسین بە شێوەیەکی باشتر، کە لەبارەیەوە پەندێک هەیە. ئێستا دەبینین چۆن هەواڵەکانی تەلەفیزێۆن، ریکلامە سیاسیەکان، بەرنامەکانی تر کاردەکاتە سەر تێگەیشتنمان بۆ سیاسیەکان،

تێگەیشتمان لە مەسەلەکان، پێگەی مەسەلەکان و دەنگدان. لێرەدا زۆر شتی تر ماون کە بکرێن.

### دەرئەنجام

چۆن بزانین شتێک شایەنی لێکۆڵینەوەیە؟ بۆ لە سیاسەت دەکۆڵینەوە، با واز لە سایکۆلۆژیای سیاسی و ڕەفتاری سیاسی بێنین؟ وەڵامەکان پێویستە بخرێنە چوارچێوەی کاریگەریەکانی سیاسەتەوە—لەسەر جۆرێتیە کۆمەڵایەتیەکانی وەک دادگەری، لەسەر خۆشی و ناخۆشیەکانی ژیانی ڕۆژانە. بەکورتی، دەبێت بزانین سیاسەت بەرئەنجامی هەیە و بۆ شتێکە کە بەبەهایە.

هەم دەرئەنجام و هەم بەهاکان هەمیشە بەدڵنیایەوە ناکۆکن، بەڵام ئەگەر سیاسەت شایەنی لێکۆڵینەوە بێت، ئەوا ڕەفتاری سیاسی و سایکۆلۆژیای سیاسیش، تا ئەو ڕادەیەی کە کاردەکەنە سەری شایەنیانە. تایبەتمەندی پەرتبووی ئەو بوارە گۆڕاوە ناسەربەخوانە—بەرجەستە لە هەردوو، سایکۆلۆژی و کاتی لە دووەمیاندا—بە کراوەی دەیانهێڵێتەوە بۆ بەرپرسیاری پەیوەندیە سیاسیە کەموکورتەکان، بەڵام لە هیچ حاڵەتێکدا ئەو بەرپرسیارانە پاساو نادرێنەوە. بەلایەنی کەمەوە بەگشتی گۆڕاوەکانی ڕەفتاری سیاسی پەیوەندارن بەیەکەوە. بە سروشتی حاڵ، زۆر لە رووی سایکۆلۆژیەوە گۆڕاوی گەورەی سایکۆلۆژیای سیاسی، لەگەڵ ئەوانەی ڕەفتاری سیاسی بەناویەکتردا چوون.

ئەوە ڕاستە کە پەیوەندی بە سیاسەتەوە، لەسەر ئاستی کۆمەڵیە، پێگەیەک کە بەرگریکەرو نابەرگریکەرە وەک هەر یەکێک بۆ کاڵکردنەوەی مۆدێلەکانمان لەوێ، بەگرتنی دابەشکردنی کۆمەڵی هزری سیاسی،

هەستەکان و رەفتارەکان وەک روونکردنەوە نەک ئیکسپلانانداـ بەڵام فزولیەتمان بەم روونکردنەوە رێژەییە نزیکەییە تێر نابێتـ بۆئێمە کە دراسەی سایکۆلۆژیای سیاسی و رەفتاری سیاسی دەکەین، ئەوە گرنگە کە لە گۆڕاوەکان بکۆڵینەوە کە کاردەکەنە سەر بیرکردنەوەی سیاسی خەڵک، هەستەکانیان، رەفتارەکانیان،هەر بۆیە لە دووریەوە، پرۆسەکە و ئەنجامەکانی سیاسەت لە بەرانبەردا.

ئەمە بەس نیە بۆ روونکردنەوەی—یان پێوانەی—ئەم دیاردانە بەتەواوی لەسەر ئاستی کۆمەڵیـ دیاردەکان خۆیان لە بنەمادا لەسەر ئاستی تاکین کە بەرێژەیەکی بەرچاو نەک بەزۆری رەگی ئاست تاکین، زۆربەیان بەسێوەی نازیادکراو پێکەوە گرێدراون، وەک بەشداریە زۆرەکانی کوکلینسکی جەختی لێدەکەنەوە. لەژێر ئەو بارودۆخەدا، وەک خستومەتە روو، لەباشترین حاڵدا مۆدێل و پێوانە ئاست کۆمەڵیەکان کاریکاتێرین. لێکەوتە کۆمەڵیەکان بەگرنگی دەمێننەوە، بەڵام دەبێت لە مۆدێل و پێوانە ئاست کۆمەڵیەکان دەریان بهێنین.

کاتێک دێتە سەر سایکۆلۆژیای سیاسی، وەک شتێکی جیا لە رەفتاری سیاسی، پرسیارەکان سایکۆلۆژی و کاتین نەک بەشێوەی سایکۆلۆژی و کاتی پەرتبوو، لێرەشەوە دوور تر لە سیاسەت لەوانەی رەفتاری سیاسی. بەڵام چەند ئەمە ناخۆشە، پشت دەبەستیت بە دیدگای ئەکادیمی کەسێک. هەندێک لە زانایانی سیاسی زۆربەی سایکۆلۆژیای سیاسی زۆر دوور لە سیاسەت دەبینن. هەر هیچ نەبێت بۆ خۆیان. بەلام نەک بۆ هەموو کەسێک. لەکۆتایدا، گەورە پیاوان، مناقەشە ناکەن ( de gustibus non est disputandum).

بۆ دڵنیایی، سنوریش هەن. لەرووی میتۆدۆلۆجیەوە، بەتایبەتی، هەموو شتێک نابێت. فانتاسیا سیمیۆتیکەکانی سەر "کولتوری سیاسی"، کە لە میتافۆر و کینایە دا وا بەزیرەکی دەخولینەوە کە هیچ نوسەرێک هەرگیز نەیکردوون و هیچ هاونیشتمانیەکی ئاسایی هەرگیز لێی تێگەیشتوون، بێسوودن. هەڵسەنگاندنی بەشداریەکان، سەرچاوەکان، کاریگەری سەر بەهاکان و باوەڕ و بۆچوونەکان پێویستی بە ووردبوونەوەی سیستەماتیکی هەیە لە فۆرمی ئەزموون و دراسەو هاوشێوەکانی؛ گشتی دەبن ئەگەر گریمانەی مەرجی بن؛ هەروەها ئەزموونە ئەزموونیەکان. لە مەملەکەتی ئەزموونیدا، هیچ شتێک لەدەرەوەی زانست نیە (il n'y a pas de hors-science). پەروەردە رەگەزێکی پۆل و پێگەی کۆمەڵایەتیە کە کاریگەری سەرەکیان دەکاتە سەر گۆڕاوە راستەوخۆکان وەک بژاردەی دەنگدان کە زیرەکی و ئاڵۆزی نیانە. لێکەوتەی میتۆدۆلۆجی حەزی پێشکەشکردنی زانیاریە لە شێوەی ئۆدیۆڤیژوەڵدا. بۆ نموونە، قۆناغە زانیاریەکانی لاو و ریدلاوسک، هەرچەندە زۆر باشن، هەموو ئیشارەتە بینین و پارالینگویستیەکانی کە زۆر گرنگن بۆ چیرۆکە نوێیە تەلەفیزۆنیەکان فەرامۆش کردووە—ئەمەش ماونەتەوە بەوەی ئاخۆ چیرۆکەکە لەبارەی چیەوەیە یان نا.

**بەشی چوارەم**

بەرەنگارییەکانی دەروونزانی سیاسی

گرنگی سیاسی و درکپێکردنەکانی کاندید

گریمانەی دەرکەوتن

بەکارهێنانی داتای بەش بەش لە تۆژینەوەدا

شیکارییەکانی داتای شێوەی هێڵی درێژی (داتای سەرانسەری)

کێشەی پێوانەی یەکگرتنە شێوە هێڵەکیەکان

ئەجێندای دەروونزانی سیاسی

کێشەکانی پەیوەست بە دەروونزانی سیاسی پیادەکراوەوە

پرسەکانی ئایندە

کۆتایی

**بەرەنگارییەکانی دەروونزانی سیاسی:**
**ئەو وانانەی دەبێت فێری بین لەلێکۆڵینەوە لەسەر هەڵوێستی درکپێکردن**

دەروونزانی سیاسی بابەتێکی تازە و پرۆژەیەکی کرداریە و مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو توێژینەوانەی کە تەکنیکەکانی چەندیەتیەکانی لەخۆ گرتووەو ئەو تەکنیکانەش لێکۆڵینەوە لە نموونە و تاقیکردنەوەی تاقیگەکان دەگرێتەوە. دەروونزانی سیاسی لێکۆڵینەوە لە مێژووە دوور درێژەکەی بوارەکانی کیمیا و فیزیا و گەردوونناسی ناکات. تەنانەت سەرەنجی ئەوە بدە کە جێبەجێکردنی میتۆدەکانی شیکاری چۆنیەتی وەکو لێکۆڵینەوە لە بارودۆخ و شیکاری دۆکیومێنتی، مێژووی ڕێکخستنەکەیان لە کاتی لاوێتی و تازەپێگەیشتندایە.

وەکو ڕەنگدانەوەی بەشێک لە ئەنجامی کاتی لاوێتی و تازە پێگەیشتنی بابەتەکەمان،ڕووبەڕووی ئەوگۆڕانە دیارانە نەبووینەتەوە کە زانستەکانی تر ڕووبەڕووی بوونەتەوە.لە کاتێکدا بوارەکانی تری لێکۆڵینەوە، هەڵکشان وداکشانی ڕوانگەتیۆریە ڕێکخراوە سەرەکیەکانیان بینیوە. تا ئێستا هیچ ئاماژەیەکمان بەوە نەداوە بەوەی کە بیروبۆچوونە کۆنەکان لە پێناوی دیدە نوێیەکان ڕەتبکەینەوە. هیچ گۆڕانێکی بەرچاویش

له مێژووی دەروونزانی سیاسی نەبووە سەبارەت بەو میتۆدانەی کە بۆ هەڵسەنگاندنی گریمانە کرداریەکانمان بەکاریاندەهێنین. ئەمە مانای ئەوە نیە کە میتۆدەکان بە شێوەیەکی یەکانگیر لەلایەن لێکۆڵەرەوانەوە لە تەواوی بوارەکاندا جێبەجێدەکرێن، بەڵام وا پێدەچێت لە بارودۆخی ئێستا دا زیاتر فرە میتۆدی پەیڕەوبکرێت لەوەی کە بە شێوەیەکی جیهانی هەندێک میتۆد سەلماندوویانە کە سوود بەخش نین، لە کاتێکدا میتۆدەکانی تر بە شێوەیەکی جیهانی سوود بەخشن.

سەرەڕای ئەوەش تێڕوانینێکی وردتر لە مێژووی توێژینەوەی هەندێک لایەنی دەروونزانی سیاسی پێشنیازی ئەوە دەکات کە هێشتا هەندێک وانەی سوودبەخش هەن کە فێریان بین دەربارەی بەهای چەند میتۆدێکی دیاریکراو. بۆماوەیەکی دوور و درێژ چەند بابەتێکی کەمی بەرچاوی دەروونزانی سیاسی چەقی چەندان لێکۆڵینەوەی کرداری بووە.هەروەها ڕێبازەکانی تری تاقیکردنەوەش بەچەندان شێوازی سیستەماتیکی گۆڕدراون. سەرەتا لە هەربارێکدا وادەرکەوت ئەو میتۆدانەی بەکارهێنراون بە پێی پێویست نین و لە قۆناغەکانیدی توێژینەوەدا چەند ڕێبازێکی ڕێکوپێکتر بەکارهێنران.

لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا،کاتێک گریمانە نوێیەکان بۆیەکەمجار تاقیدەکرێنەوە، ئەوا لە سەرەتادا هەمان میتۆدەکانی لێکۆڵینەوە بەکاردێن. تەنیا بۆ قۆناخی شیکاری پڕ لەزانیاری نەبێت کە دواتر ڕێبازی جیاوازتری بۆ بەکاردێت. لە بڕی ئەوەی ئەو میتۆدانەی کە پڕ لە زانیاری نین بە سەریاندا بازدەین و ڕاستەوخۆ بچینە سەر بەکارهێنانی سوودە بەخشەکان، هەموو جارێک بەردەوامدەبین لەسەر دەستپێکردن لە هەمان کات و شوێن. لە ژێر ئەم ڕۆشنایەدا، پێدەچێت کە سوودبەخش بێت بۆ ئەوەی لە

کارەکانی داهاتوودا بەرەوپێشچوونە باوەکان تۆمار بکەین وەکو ڕێگایەک بۆ خێرا کردنی بەرەو پێشچوون لەو ڕێبازانەی کە کەمتر زانیاریان تێدایە بۆ ڕێبازی زیاتر پڕ لە زانیاری.

ئەم بەشە تیشک دەخاتە سەر تۆمارکردنی لێکۆڵینەوە لە یەکێک لە گریمانە دیارەکانی دەروونزانی سیاسی،کە گریمانەی دەرکەوتنە. بە کورتی، ئەم گریمانەیە پێشنیازی ئەوەدەکات هاوڵاتیە دیموکراتەکان بە شێوەیەکی سیستەماتیکی درککردنەکانیان دەگۆڕن سەبارەت بە شوێن پێگەکانی کاندیدە کێبرکێیەکان لەسەر کێشە گفتوگۆ هەڵگرەکانی سیاسەتی گشتی. ڕەگوڕیشەی ئەم بۆ بیرۆکەیە بۆ تیۆرە دەروونزانەکانی کۆتایی ساڵانی 1950 کان دەگەڕێتەوەو بە شێوەیەکی نا ئاسایی هانی ژمارەیەکی زۆر لە تاقیکردنەوەکانی دەروونزانی سیاسی داوە.

### گرنگی سیاسی و درک پێکردنەکانی کاندید

بیردۆزەکانی هەڵبژاردنی هەڵسوکەوت بە جۆرێک دەڕوانێتە درک پێکردنەکانی هاوڵاتیە کاندیدکراوەکان کە لە کێشەکانی سیاسەتی گشتیدا ڕۆڵێکی گرنگیان لەبڕیارەکانی دەنگدەراندا هەبێت.بە گوێرەی ئەم تێڕوانینە، دەنگدەران کاندیدەکان هەڵدەسەنگێنن لە ڕێگەی هەڵسەنگاندنی گونجانی نێوان هەڵوێستە سیاسیەکانی خودی خۆیان و هەڵوێستی سیاسی هەر کاندیدێک. هەڵوێستی سیاسی و پێگەی ئەو کاندیدەی کە نزیکترینە لە پێگەو هەڵوێستی سیاسی دەنگدەر، ئەوا ئەو کاندیدە زۆرترین ئەگەری هەیە بۆ بەدەست هێنانی پاڵپشتی ئەو دەنگدەرە. بەڕاشکاوی بڵێین کە لێکدانەوە و ژمارکردنی لەم چەشنە ناتوانێت جێبەجێبکرێت تاوەکو ئەو کاتەی کە دەنگدەران توانای ئەوەیان نەبێت کە دەستنیشانی ئەو

سیاسەتانە بکەن کە کاندیدێک حەزیپێدەکات و کام کاندیدیش دژایەتیدەکات.

لە مێژە شیکەرەوانی بواری هەڵبژاردن ئەوەیان ناساندووە کە لەوانەیە کاندیدەکان وا بۆیان باشتر بێت کە بۆ هاوڵاتیان زەحمەت بکەن کە چ هەڵوێستێکی سیاسیان هەیەو چۆن پێگەکانیان دەگۆڕن. داونس (1957)، پاچ(1976، 1978)،شێپسڵ (1972) وەهەروەها بارتێلس (1988) جەختیان لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە کاندیدەکان هاندەدرێن بۆ ئەوەی ڕوون نەبن دەنگی زیاتر بەدەست دەهێنن لەڕێگەی ئەو ڵێلیەوە، نەوەک بەهۆی ڕوونکردنەوەی پێگەو لایەنگیری کردنی سیاسیان. لێڵی زیاتر لە ناوازەبوون شتێکی بنچینەییە لەبەر ئەوەی کاندیدەکان زۆر بەدەگمەن هەڵوێست و پێگەی خۆیان سەبارەت بەکێشەکان دەخەنەڕوو.زۆر جار کانددیەکان ئارەزووی ئەوەدەکەن کە باسی کۆتایی بارودۆخەکان بکەن، وەکو ئاشتی و سەرکەوتن، بەڵام زۆر بەدەگمەن باسی ئەو سیاسەتە دەکەن کە بە هۆیەوە دەگەنە کۆتای ئەو بارودۆخانە.

ئەو لێڵیە بۆماوەییەی لە هەڵسوکەوتی کاندیدا هەیە بەرەنگاریەک نیشانی دەنگدەران دەدات. ئەو هاووڵاتیانەی کە حەزدەکەن لەسەر بنەمای هەڵوێستەکانی کاندیدەکان دەربارەی کێشەسیاسیەکان کاندیدەکان هەڵبسەنگێنن، ئەگەری زۆرە کە دابمرکێندرێنەوە ئەگەر بێتو بەدوای زانیاری ڕاستەوخۆی کاندیدەکان دا بگەڕێن. بەم شێوەیە دەبێت ئەو دەنگدەرانە هەڵوێستەکان لە ڕێگەی ڕێنماییکردنی خۆیانەوە هەڵبسەنگێنن. ئەمەش واتای ئەوەیە کە ئەگەری زۆرە درکپێکردنی کاندید کارێکە لەبەردەم دەنگدەران و دەبێت دەنگدەران بچنە ئەو دیوی زانیاریە دراوەکان. تیۆرەکانی دەروونزانی پێشنیازی ژمارەیەکی زۆری پرۆسیجەری

هەمە جۆردەکات کە لەوانەیە هاوڵاتیان لە ئەنجام بۆ دەرکەوتنەکانی لەم چەشنەدا بەکاری بێنن، وەهەروەها گریمانەی بۆ دەرکەوتنیش یەکێکە لەو پرۆسیجەرە پێشنیازکراوانە.

### گریمانەی دەرکەوتن

بە گوێرەی تیۆری لەگەڵ یەک نەگونجانی توانای مێشک ی (فیستینگەر1957)، تیۆری هاوسەنگی (هایدەر 1958)و تیۆری لەگەڵ یەک گونجانی (ئۆسگود و تێنەن بوم 1955)، خەڵک لەبەردەوامبوونی لەیەکچووە دەروونییەکان بە باشدەزانن. لەیەک نەچوونەکانیش دەردەکەوێت کاتێک دوو درکپێکردن لەگەڵ یەک ناگونجێن، ئەمەش واتا یەکێک لە درکپێکردنەکان شوێنی ئەویتریان ناکەوێت. لەیەک نەچوونە گرنگ و سەرەکیەکانی نێوان درک پێکردنەکانیش نا ئاسوودەییە و لەوانەیە ئەو نا ئاسوودەیەش تاکەکان هانبدات بۆ ستراتیژیەتەکانیان چاکبکەنەوە. بایەخ و گەورەیی ئەو نا ئاسوودەییە ئەرکی کەسی تاکەکانە لە دوو هەستپێکردنەکە دا (لە دوو درک پێکردنەکەدا) (فێستینگەر 1957، نیۆکۆم 1961 و سینگەر 1968). تاوەکو ئەو دوو درک پێکردنە گرنگترین، نائاسوودەیی زیاتر دەبێت،تا ئەو دوو درک پێکردنە لە ڕووی گرنگیەوە لەیەکچووبن، نا ئاسوودەیی زیاتر دەبێت. ئاسانترین ڕێگا بۆ چارەسەرکردنی کێشەی لەگەڵ یەک گونجان ئەوەیە کە یەکێک لە درکپێکردنە نەگونجاوەکان بگۆڕین، هەرچەندە ئەگەر هەردوو هەستپێکردنەکە بە شێوەیەکی بە هێز لەلایەن هەستپێکردنەکانی تر پاڵپشتی بکرێن، ئەوا لەوانەیە ستراتیژیەتەکانی وەکو پاڵپشتی و

جیاوازیکردن یان بڵندی لەڕادە بەدەر پەیڕەو بکرێن (ئبێلسن 1959، فێستنیگەر و ڕیکن و سکێتەر 1956).

دەتوانرێت ئەم وتوێژو شێوەی بیرکردنەوەیە بە شێوەیەکی ئامادەکراو لە شیکاری کاندیدێکی سیاسی جێبەجێبکرێت. سەرەنجی ئەم سێ بەشەی هەستپێکردن بدە: هەڵوێستی دەنگدەر سەبارەت بە سیاسەتی حکومەتێکی دیاریکراو، هەڵوێستی دەنگدەر سەبارەت بە دەنگدەرێکی دیاریکراو، درکپێکردنی دەنگدەر سەبارەت بە هەڵوێستی کاندیدێک لەسەر سیاسەت. لەگەڵ یەک گونجانی درک پێکردن دەردەکەوێت کاتێک هەڵوێستی سیاسی دەنگدەر دەگونجێت لەگەڵ هەڵوێستی سیاسی کاندیدێک. وەهەروەها لەگەڵیەک گونجانی درکپێکردن دەردەکەوێت کاتێک هەڵوێستی سیاسی خودی دەنگدەر دژی هەڵوێستی سیاسی کاندیدێکی حەزلێنەکراوە دەوەستێتەوە. ئەگەر دەنگدەر باوەڕی وابێت کە هاوڕانیە لەگەڵ هەڵوێستی سیاسی کاندێکی حەزپێکراو، وەیان هاوڕایە لەگەڵ هەڵوێستی سیاسی کاندیدێکی حەزپێکراو، ئەوا لەگەڵیەک نەگونجان دەردەکەوێت. وادەدەنرێت کە لەگەڵیەک نەگونجان دەبێتە شتێکی سەرەکی و گرنگ کاتێک:

1- ئەگەر تاکێک قایل بکرێت بەوەی کە وابیربکاتەوە لەگەڵیەک نەگونجانێکی هەیە لە درکپێکردنەکانی سەبارەت بە سیاسەتی کاندیدێک

2- ئەگەر هەڵوێستی تاکێک سەبارەت بە کاندیدێک یان سیاسەتێک بگۆڕێت، بەم جۆرە دەبێتە هۆی قایل کردنی لەگەڵ یەک نەگونجان

3- یان ئەگەر تاکێک ڕووبەڕووی زانیاریەک بۆوە کە هەڵوێستی کاندید دەردەخات لەسەر کێشەیەکی سیاسی، بەم جۆرە لەگەڵ یەک نەگونجان قایل دەکات.

بەیەکێک لەم ڕێگایانە دەتوانرێت بە ئاسانترین شێوەیە لەگەڵ یەک نەگونجان چارەسەر بکرێت: یەکەم، دەتوانرێت سۆزو هەست بەرامبەر کاندیدێک بگۆڕدرێت ئەم پرۆسەیە پێیدەوترێت هەڵسەنگاندنی لەسەر سیاسەتی جێگیر. دووەم، دەتوانرێت هەڵوێستی خودی دەنگدەر سەبارەت بە سیاسەت لە ڕێگەی ڕازیکردنەوە بگۆڕێت. ئەمەش واتا لەوانەیە دەنگدەر هەڵوێستی سیاسی کاندیدێکی حەزپێکراو پیادە بکات، وەیان لەوانەیە هەڵوێستی سیاسی کاندیدێک ڕەتبکاتەوە. ئەگەر سۆزداری دەنگدەرێک بەرانبەر بە کاندیدێک بە شێوەیەکی توندو تۆڵ لەسەر بنەماکانی تر دامەزرابێت، ئەوا تاڕادەیەکی زۆر هەڵوێستی سیاسی دەنگدەرەکە بەرگەی گۆڕان دەگرێت و دەنگدەرەکە خۆی زانیاریەکی کەمی لەسەر هەڵوێستی سیاسی کاندیدەکە هەیە. دەتوانرێت لەگەڵ یەک نەگونجان چارەسەر بکرێت بە گۆڕینی درک پێکردنی دەنگدەر بەرانبەر بە هەڵوێستی سیاسی کاندید، پرۆسەیەکە پێی دەگوترێت دەرکەوتن. ئەمەش واتا لەوانەیە دەنگدەر باوەڕی وابێت کە کاندیدێکی حەزپێکراو هەڵوێستی خۆی ڕادەگەیەنێت بەرانبەر بە سیاسەتێک (پرۆسەیەکە پێیدەڵێن دەرکەوتنی ئەرێنی)،یان لەوانەیە کاندیدێکی حەزپێنەکراو بە لایەنە باشەکانی سیاسەتێک ڕازی نەبێت (پرۆسەیەکە پێیدەڵێن دەرکەوتنی نەرێنی).

دەرکەوتن تەنیا بەهۆی سۆزداری بەرانبەر بەکاندیدەکانەوە ڕێکنەخراوە. بە گوێرەی تیۆری بالانسی هایدەر، دەرکەوتن بەهۆی "یەکە پەیوەندیەکان" لەگەڵ کاندیدەکانە ڕێکخراوە. یەکەیەکی پەیوەندی

دەستنیشانی ئەو ڕادەیە دەکات کە بەهۆیەوە دەنگدەر بە کاندید بەستراوەتەوە یان تێکەڵ بەکاندید بووە،بەبێ لەبەرچاوگرتنی حەزپێکردن. پەیوەندیەکی شیاوەی نێوان کاندیدێک و دەنگدەرێک دەستنیشاندەکرێت بەهۆی باوەڕی دەنگدەر بەرانبەر ئەو کاندیدەی هەڵی دەبژێرێت (کیندرە 1978). ئەو دەنگدەرانەی وادەبینین کە ئەگەری زۆرە کاندیدێک هەڵبژێردرێت ئەوا ئەو دەنگدەرانە یەکەیەکی پەیوەندیان دەبێت ئەمەش وادەکات ئەستێکی تایبەتیان بەرانبەر دەرکەوتنی ئەرێنی هەلۆێستە سیاسیەکانی کاندیدەکە هەبێت. هەروەها ئەو دەنگدەرانەی وادەبینین کە ئەگەری کەمە کاندیدێک هەڵبژێردرێت، ئەوا ئەو دەنگدەرانە یەکیەتی پەیوەندیان لەگەڵ کاندیدەکە نیەو لەوانەیە هەڵوێستی کاندیدەکە بە دوور لە هەڵوێستی خودی خۆیان بزانن.

لەلایەکی ترەوە، لەوانەیە یەکەیەکی پەیوەندی دابمەزرێت بەهۆی ئەندامێتی پارتێکی سیاسیەوە، هاوبەشیکردنی ناسنامەی نەتەوەیی، یان هاوبەشیکردنی هەندێک تایەبتمەندی. بە گوێرەی تیۆری لەگەڵ یەک نەگونجان، دەرکەوتن ڕێکخراوە بەهۆی دەرفەتەکانی وەکو بڕیارەکانی دەنگدان. کاتێک دەنگدەر بڕیاری دا کە دەنگ بە چ کاندیدێکی دیاریکراو بدات، ئەگەری زۆرە کە دەرکەوتنی ئەرێنی بەرزبێتەوە بەمەبەستی کەمکردنەوەی لەگەڵ یەک نەگونجان کە لەوانەیە سەر هەڵبدات. بە هەمان شێوە لەوانەیە دەنگدەران ئەو کاندیدانە بخەنەلاوە کە بڕیاریانداوە دەنگیان بۆ نەدەن.

**میکانیزمەکانی دەرکەوتن**

ژمارەیەک میکانیزم هەیە کە بە هۆیانەوە دەرکەوتن سەر هەڵبدات. یەکەم، لەوانەیە میکانیزمەکانی دەرکەوتن سەرهەڵبدەن بە هۆی "سەرنج هەڵبژاردنەوە" کاتێک تاکەکان زانیاری نوێیان دەربارەی کاندید بۆ دەخرێتە ڕوو. لەوانەیە دەنگدەران سەرنجێکی زۆر بدەن و زۆربەی بیرکردنەوەکانی خۆیان بۆ ئەو وتانە تەرخانبکەن کە بۆچوونە پەسندەکانیان دەربارەی هەڵوێستی کاندید بەهێزتر دەکات. لەوانەیە دەنگدەران سەرەنج و بیرکردنەوەیەکی کەمیان بۆ ئەو وتانە تەرخانبکەن کە بەرەنگاری بۆچوونە بەباش زانراوەکانیان دەبێتەوە سەبارەت بە کاندیدەکان. دووەم، لەوانەیە دەرکەوتن وەکو دەرهاویشتەی "سەرنج هەڵبژاردنەوە" بێتە ئاراوە. لەوانەیە هاوڵاتیان بەشێوەیەکی ستراتیژی ئەو زانیاریانە لە بیربکەن کە بەرەنگاری ئەو درک پێکردنە بەباش زانراوانەیان دەبێتەوە کە بەرانبەر هەڵوێستی کاندیدێک هەیانە. هەروەها لەوانەیە هاوڵاتیان ئەو زانیاریانەیان بیربکەوێتەوە کە ئەو درکپێکردنە بەباش زانراوانەیان بەهێزتر بکات کە بەرانبەر هەڵوێستەکانی کاندیدێک هەیانە. سێیەم، لەوانەیە دەرکەوتن لە ڕێگەی "بەهانە بۆهێناوە" بۆ هەڵسوکەوت و بڕیارەوە دەربکەوێت. کاتێک دەنگدەرێک زانیاریەک دەربارەی هەڵوێستی کاندیدێک وەردەگرێت و ئەو زانیاریە ناگونجێت لەگەڵ بیرو باوەڕەکەی، لەوانەیە دەنگدەرەکە بە شێوەیەکی نائاسایی کاتێکی زۆری خۆی بەسەر ببات بە لێکدانەوەی زانیاریەکە ئەو کات زانیاریەکە لەگەڵ ئەو هەڵوێستەی کە دەنگدەرەکە بە باشی دەزانێت دەگونجێت.

**نارێکی**

پێشبینی تیۆرەکانی لەگەڵ یەک گونجانی توێژینەوە سەرەتاییەکان بەڵگەی ئەوەیان دەرخستووە کەنارێکی لەکاریگەریەکانی سۆزداریدا هەیە. توێژینەوە مەیدانی و تاقیگەکانی ڕێککەوتن و سەرنجدان ئەوەیان دەرخستووە ئەگەرچی بە شێوەیەکی ئاشکرا خەڵک ئەوە بە باشدەزانن زیاتر هاوڕابن لەگەڵ ئەوانەی کە حەزیان پێدەکەن، نەک دژیان بوەستنەوە، ئەوەندەش نیگەران نین دەربارەی ئەوەی کە هاوڕانەبن لەگەڵ ئەوانەی کە حەزیانپێناکەن.نیوکۆم دەڵێت ئەمە دێتە ئاراوە لەبەرئەوەی خەڵک کەمتر پەیوەستن بەوانەی کە حەزیان پێناکەن و بەمشێوەیە کەمتر ئاگادارن و کەمتر هەراسان دەبن بەو لەگەڵ یەک نەگونجانانەی کە هەڵوێستەکان و درکپێکردنەکانی ئەو تاکانە دەگرێتەوە. ئەمە بەهانە بۆ هێنانەوەو ڕوونکردنەوە تیۆریەکەی "گریمانەی نارێکی"ە لە درکپێکردنی کاندیدا، کەدەڵێت دەرکەوتنی ئەرێنی کاندیدە حەزپێکراوەکان بەهێزتر دەبێت و پرۆسەیەکی باوترە لە دەرکەوتنی نەرێنی کاندیدە حەزپێنەکراوەکان.

**بەکارهێنانی داتای بەش بەش لە توێژینەوەدا**

نزیکەی هەموو گریمانە هۆیەکانی گرنگی دەروونزانی سیاسی کە لەسەرەتادا تاقیدەکرێنەوە داتای بەش بەشیان تێدا بەکاردێت. لێکۆڵەرانیش ئەو داتایانەیان بەئاسانی دەستدەکەوێت،بەتایبەتی لە ڕێگەی میکانیزمەکانی وەکو توێژینەوەی هەڵبژاردنی نیشتیمانی(NES). هەموومان

دەزانین کە هاوپەیوەندی بە هۆداریی هەژمار ناکرێت، ئەگەرچی لە کاتە جیاوازەکاندا ئارەزووی ئەوە هەبووە کە هاوپەیوەندی بە هۆداریی هەژمار بکرێت، بە تایبەتی کاتێک تیایدا یەکگرتنی بەرژەوەندی شێوەیەکی نمیچە هاوپەیوەندیانەی هەبێت (بۆ نموونە بڕوانە سیمبوڵی نەژاد پەرستی کیندەرو سێرس 1981، سێرس لو و تایلەر و ئەلن 1980). سەرەڕای ئەوەش دەرخستنی ئەوەی کە هۆیەک پەیوەندی بە ئەنجامێکی پێشبینیکراوە وە هەیە، هەنگاوێکی پێویستە لە بەرجەستە کردنی بەڵگەی زانستی لە جیاتی پڕۆسەی گریمانە کراو.

ئەوەی لە ئەدەبیاتی گریمانەی دەرکەوتن دا هەیە، شتێکی ئاسایی دەروونزانی سیاسیە بەوەی کە بەشێوەیەکی گشتی لە تاقیکردنەوە سەرەتاییەکاندا داتای بەش بەش بەکارهێنراوە. هەرچەندە کاتێکی زۆری دەوێت بۆ ئەوەی لێڵیەکانی ئەم جۆرە بەڵگانە بناسێندرێن و توێژینەوە بەش بەشەکان تا ئێستا هەندێکجار وەکو بە دۆکیومێنتکردنی پڕۆسەی گریمانە لێکدەدرێنەوە. تا ئێستاش وەکو ئەوەی کە دەیبینین، چەندان لێکدانەوەی جێگرەوەی تر بۆ ئەم جۆرە بەڵگانە هەیە و هەندێک لەو لێکدانەوانەش دانیان پێدانراوە و هەندێکی تریش لەو لێکدانەوانە دانیان پێدا نەنراوە.

هەندێک لە تاقیکردنەوە بەش بەشەکانی گریمانەی دەرکەوتن شیکاریان کردووە لەسەر پەیوەندی نێوان سۆزداری بەرانبەر کاندیدێک و پەیوەندی نێوان هاوڕای نێو بەشداربووان و درک پێکدرنی ئەو بەشداربووانە سەبارەت بە پێگەی کاندیدەکە (بێرلسن و لازەرس فێلد و کاکفی،برێنت و گرانبێرگ، شافێر،شێرۆد).لەم توێژینەوانەدا ڕازیبوون لە ڕێگەی کۆمپیوتەرەوە هەڵسەنگاندنی بۆ کراوە لەسەر جیاوازی نێوان

هەڵوێستی خودی دەنگدەر و دەستنیشانکردنی هەڵوێستی کاندیدەکان لەلایەن دەنگدەرەکەوە سەبارەت بە هەمان ڕەهەند. وادەرکەوت ئەو دەنگدەرانەی کە کاندیدێک پەسند ناکەن و پشتگیری ناکەن ڕازیبوون لە نێو هەڵوێستەکانینان دا نەی، وە ئەو دەنگدەرانەش کە کاندیدەکە پەسەند دەکەن و پشتگیری دەکەن زیاتر ڕازیبوون لە نێو هەڵوێستەکانیان دا هەیە. وەک ئەوە پێشبینی دەکرا، ڕازیبوون زیاتربوو لە نێوان ئەو دەنگدەرانەی کە کە هەستێکی بەهێزتریان هەبوو لە بەباش زانینی کاندیدێک.

ژمارەیەکی زۆر لە توێژینەوە بە دواگەڕانیان بۆ کاریگەریەکانی دەرکەوتن لەسەر درکپێکردنەکانی هەڵوێستە سیاسیەکانی پارتە سیاسیەکان و حوکمەتە فیدڕاڵیەکان کردووە. هەروەها کاریگەریکەکانی دەرکەوتن لەسەر درکپێکردنی دەنگدەرانی تر. لەبەر ئەوەی ئەگەری زۆرە کە جموجۆڵی ئەو درک پێکردنانە بە شێوەیەکی بەرچاو جیاوازبێت لە جموجۆڵەکانی درکپێکردنەکانی کاندیدەکان، لەم بەشە دا ئەم جموجۆڵانەی درک پێکدرن لەبەرچاو ناگرین.

هاوتا لەگەڵ گریمانەی نارێکی، لادان و دورکەتنەوە لە ڕازیبوون گەورەتر بۆ کاندیدە حەزپێکراوە لە کاندیدە حەزپێنەکراوەکان.

هەرچەندە زۆرینەی ئەو توێژینەوانەی دەرکەوتن کە داتای بەش بەشیان بەکارهێناوە، لەڕێگەی کۆمپیوتەرەوە پێکەوە بەستنی شێوە هێڵی نێوان هەڵوێستە سیاسیەکانی خودی دەنگدەران و درک پێکردنەکانیان بەرانبەر پێگەی کاندیدێک پێوانە کردووە و کردوویانە بەچەند گروپێک دەنگدەر، کە ئەو گروپە دەنگدەرانە لە ڕووی سۆزداریانەوە جیاوازبن یان لە ڕووی یەکەکانی پەیوەدنیەوە جیاوازبن لەگەڵ کاندیدەکە (کۆنۆڤەر و

فێڵدمان 1982، ئینلۆ و هینیچ 1985، فرانکلین 1991، گرانبێرگ 1985، گرانبێرگ و برێنت 1974 و 1980، گرانبێرگ و هاریس و کینگ 1981، گرانبێرگ و هۆڵم بێرگ 1986، گرانبێرگ و جێنکس 1977، گرانبێرگ و کاسمەر و نانمەن 1988، گرانبێرگ و سیدێڵ 1976، کیندەر 1978، کینگ 1977 و 1978، پاچ 1978، پاچ و برۆدی 1972، شافێر 1981). ئەم توێژینەوانە بە بەردەوامی پەیوەندیەکی بەهێزی ئەرێنیان دەرخستووە لە نێوان پێگەکانی خودی وەڵامدەرەوەکان و درک پێکردنەکانیان سەبارەت بە پێگەکانی کاندیدە حەزپێکراوەکان و ئەمەش وەکو ئەنجامێکی پاڵپشتیکەر بۆ گریمانەی دەرکەوتنی ئەرێنی تێڕوانینی بۆکراوە. هەروەها هاوتا لەگەڵ ئەو گریمانەیە، ئەم یەکگرتنە ئەرێنیە باشتر کرا لە نێو ئەو دەنگدەرانەی کە وایاندادەنا کێشەیەک لە ڕووی کەسیەوە زۆر گرنگە.سەرەڕای ئەوەش یەکگرتنی ئەرێنی لە نێوان هەڵوێستە سیاسیەکانی دەنگدەران و درکپێکردنەکانیان سەبارەت بە هەڵوێستەکانی کاندیدە حەزپێکراوەکان، لە نێوان ئەو دەنگدەرانە بەهێزتر بوو کە هەرزوو پێشتر بڕیاریان دابوو دەنگ بە کێ دەدەن، بە بەراورد بەو دەنگدەرانەی کە درەنگ بڕیاریان دا دەنگ بەو کاندیدە بدەن. ئەو ئەنجامەش هاوتایە لەگەڵ ئەو بانگەشەیەی کە یەکگرتنی ئەرێنی دەرهاویشتەی ئەو دەرکەوتنەیە کە بە تێپەڕبوونی کات گەشەدەکات. بە پێچەوانەی گریمانەی یەکەی پەیوەندی، کە تیایدا پەیوەندی ئەرێنی دوای هەڵبژاردنەکە بە هێزتر نەبوو لە پێش هەڵبژاردنەکە.

هاوتا بە پێشبینیەکان، ئەو توێژینەوانە هاوپەیوەندی نەرێنیشیان دەرخستووە لە نێوان هەڵوێستەکانی دەنگدەران و درک پێکردنەکانیان سەبارەت بە هەولێستی کاندیدە حەزپێنەکراوەکان و بە باش نەزانراوەکان.

هەرچەندە تێکڕای بەهای ئەو هاوپەیوەندیە نەرێنیانە بچوکتربوو لەو هاوپەیوەندیە ئەرێنیانە کە دۆزرانەوە لە درک پێکردنەکانی کاندیدە حەزپێکارەکان یان بە باش زانراوەکان. سەرەڕای ئەوەش گەورەیی و بایەخی ئەو هاو پەیوەندیە ئەرێنیانە کە دۆزینەوەی گرنگی کەسیانە نەبوو، پەیوەستیش نەبوون بە کێشەی سیاسی دەنگدەر. ئەو دەرئەنجام و دۆزینەوانەش وەک بەڵگەیەک لێکدرانەوە کە دەریدەخات دەرکەوتنی نەرێنی کاندیدە حەزپێنەکراوەکان لاوازترە لە دەرکەوتنی ئەرێنی کاندیدە حەزپێکراوەکان، ئەمەش هاوتایە لەگەڵ گریمانەی ناڕێکی.

**ئەو ڕەخنانەی کە لە شیکاریەکانی داتای بەش بەشکراو دەگیرێن**

ئەگەرچی دەرئەنجامەکانی ئەو توێژینەوانە هاوتایە لەگەڵ دەرکەوتن و گریمانەی ناڕێکی، لەهەمان کاتدا ڕوونکردنەوەی جێگرەوەی تر بۆ ئەو ئەنجامانە هەیە: (1) کاریگەریەکانی بیرو بۆچوون، (2) هەڵسەنگاندن و رازیکردنی لە سەر بنەمای سیاسی، (3) گۆڕان لە هەڵوێستی کاندیدەکان، (4) بنەمای ڕازیبوون. لەبەرئەوەی ئەگەری زۆرە کە ئەو کاریگەریانە ببنە هۆی نانەوەی کێشە لە چەندان توێژینەوەی ڕای گشتی و هەڵوێستە سیاسیەکان، بۆیە شتێکی سودبەخشە کە لێرەدا پێداچوونەوەیەک بۆ ئەو کاریگەریانە بکەین.

**کاریگەریەکانی بیروبۆچوون:** کاریگەریەکانی بیروبۆچوون لەسەر هەڵوێستەکان دەردەکەون لەبەرئەوەی خەڵکەجیاوازەکان بە شێوەی جیاواز پێناسەی خاڵە کۆتایەکانی پێوەری هەڵوێست دەکەن.ئەو پێوەرەش لە حەوت خاڵی پێوانی هەڵوێستەکان پێکهاتووە. کاتێک بەشداربوان خۆیان لەسەر پێوەرێکی لەم چەشنە پێوەردەکەن ، دەبێت ئەو بەشداربوانە لە

ڕووی فکریەوە پێناسەی هەریەکێک لە خاڵەکانی پێوەرەکە بکەن بۆ ئەوەی بڕیار بدەن کە کامە خاڵ بەباشترین شێوە لەگەڵ هەڵوێستەکانیان دەگونجێت.بەگوێرەی ئەوەی تائێستا لەبەردەستدایەدەربارەی کاریگەریەکانی بیروبۆچوون، بەشێکی گرنگ و سەرەکی پرۆسەی پێناسەکردنە و دەستنیشانی ئەوەکات کە خاڵەکانی کۆتایی پێوەرەکە چەندە زەحمەتە. ئەو پێناسانەش ئەوانەن کە پێیان دەگوترێت بیروبۆچوونەکانی بەشداربووان.

ناوەڕۆکی ئەم توێژینەوەی ڕوونیکردۆتەوە بەشداربووە جیاوازەکان بیروبۆچوونی جیاوازیان دەربارەی هەڵوێستەکان دەبێت. ئەمەش واتا ئەو بەشداربووانە دەگەنە دەرئەنجامی جیاواز دەربارەی خاڵی ئەو پەڕی کۆتایی پێوەرەکە. هەندێک لەبەشداربووان واهەستدەکەن کە دەبێت یەکێک هەڵوێستێکی زۆر توندی سەبارەت بە کێشەیەک هەبێت بۆ ئەوەی بەبەر یەکێک لە خاڵە کۆتاییەکانی پێوەرەکە بکەوێت. هەندێکی تر لە بەشداربوان خاڵە کۆتاییەکانی پێوەرەکە وادەبینن کە هاوتابن بەهەڵوێستێکی مامناوەندی سەبارەت بەکێشەیەک. تەنانەت ئەگەر دوو تاک هەڵوێستی لێکچوویان هەبێت، بە شێوەیەکی جیاواز خۆیان پلەبەند دەکەن ئەگەر لێکدانەوەی جیاوازیان بۆ واتا و خاڵەکانی سەر پێوەرەکە هەبێت. تاوەکو تاکێک خاڵەکانی کۆتایی پێوەرەکە بەتوند دابنێت، ئەوا ئەو تاکە ئەوەندە خۆی بە مامناوەندی پلەبەند دەکات لەسەر پێوەرەکە.

کاریگەریەکانی بیروبۆچوون تەنیا دەتوانێت کاربکاتە سەر خاڵەکانی کۆتایی لایەکی پێوەرەکە. لەم حاڵەتانەدا کۆمەڵە خەڵکێک هەموویان هەمان واتا دەدەن پاڵ لایەکی کۆتایی پێوەرەکە، بەڵام ئەو خەڵکانە لێکدانەوەکانیان جیاوازە دەربارەی لایە کۆتاییەکەی تری

پێوەرەکە. بۆ نموونە، لەوانەیە خەڵک هەموو هاوڕابن لەسەر ئەوەی کە بەرژەوەندی دەستبەجێی کشانەوەی هێزی سەربازی وڵاتەیەکگرتووەکان لە بۆسنا بە تەواوی واتای چیە، بەڵام لەوانەیە بیروبۆچوونەکانیان جیاواز بێت لەسەر ئەوەی کە بەرژەوەندی مانەوە و گیرۆدەبوونی هێزی سەربازی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە بۆسنا. تاوەکو ڕادەی مانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە بۆسنا زیاتر توند بێت لەلایەکی پێوەرەکە، ئەوەندەش هەڵوێستی ئەوانی تر دەربارەی کشانەوەی ئەو هێزانە بە هێزتر دەبێت لەلایەکەی تری پێوەرەکەوە.

لە بەرانبەردا ئەو بەشداربووانەی کە پێناسەی خاڵەکانی کۆتایی دەکەن بەوەی کە نیشاندەری هەڵوێستە زیاتر مامناوەندیەکانن، ئەوا ئەو بەشداربووانە ئارەزووی ئەوەدەکەن پێوانەکردنەکانیان زیاتر لە نزیک خاڵەکانی کۆتایی دابنێن. ئەمەش هاوپەیوەندیەکی ئەرێنی لە نێوان پێوانەکانی تەواوی تاکەکان دەردەخات. بەم شێوەیە هەمەجۆریەتی لە نێوان تەواوی بەشداربووان سەبارەت بەو بۆچوونانەی، کە دەبنە هۆی ئەوەی بە شێوەیەکی ئەرێنی پێوانەکردنی هەڵەکان هاوپەیوەست بن، لە دوو هەڵوێستی بە ڕیپۆرتاژکراو لەسەر هەمان پێوەر دەردەکەون.

ئەمەش چەند پێشنیازێکی گرنگی هەیە بۆ توێژینەوەی دەرکەوتن. لەهەموو توێژینەوەکانی ڕابردوودا پرسیار لە دەنگدەران کراوە کە هەڵوێستی خۆیان و درکپێکردنەکانی کاندیدەکەیان دیاریبکەن لە سەر هەمان پێوەر. بەم شێوەیە هاوپەیوەندی ئەرێنی لەنێوان پێوانەکردنەکانی خودی دەنگدەران و پێوانەکردنەکانی کاندید لەلایەن کاریگەریەکانی بیرو بۆچوونەوە دیاریکراوە، ئەوکاریگەریانە بە شێوەیەکی سەرەکی و بەردەوامیش هاوپەیوەندی نێوان ئەو پێوانەکردنانە دیاریدەکات. بەم جۆرە

کاریگەریەکانی بیروبۆچوون دەتوانێت ناڕێکی دەرکەوتنی ئەرێنی و نەرێنی باشتر بکات ئەگەر بێتوو هەردوو پرۆسەکە دەربکەون. ئەمەش واتا کاریگەریەکانی بیرو بۆچوون ئەو هاوپەیوەندە ئەرێنیە پێشبینیکراوانە گەشە پێدەدات کە لە نێوان ئەوخەڵکانەدا هەیە کەحەز بە کاندیدێک دەکەن، فشار دەخاتە سەر ئەو هاوپەیوەندیە نەرێنیە پێشبینیکراوانەش کە لە نێوان ئەو دەنگدەرانەدا هەیە کە حەز بەکاندیدێک ناکەن. وەهەروەها کاریگەریەکانی بیروبۆچوون هاوپەیوەندیەکی ئەرێنیش دیاریدەکات لە نێوان ئەو خەڵکانەی کە هەڵوێستێکی بێ لایەنەیان هەیە بەرانبەر بە کاندیدێک. وەیان کاریگەریەکانی بیرو بۆچوون دەتوانێت دەرکەوتنێکی ئەرێنی لە نێوان دەنگدەران دروست بکات، تەنانەت ئەگەر هیچ دەرکەوتنێکیش لە نێوان بەشداربواندا بوونی نەبێت.

**دووەم:ڕازیکردن و هەڵسەنگاندنی لەسەر بنەمای سیاسی:** ڕوونکردنەوەی جێگرەوە بۆ ئەنجامە جۆراوجۆرەکان کاریگەریەکانی درکپێکردنەکانی کاندید لە سەر هەڵوێستەکانی خودی دەنگدەرەکان دەگرێتەوە. دەنگدەران هەڵسەنگاندنەکانیان بەرانبەر کاندیدەکانی سەرۆکایەتی لەوەوە وەردەگرن کە تا چەند ئەو دەنگدەرانە لەگەڵ کاندیدەکان لەسەر کێشە سیاسیەکان هاوڕان یان جیاوازن.ئەم پرۆسەیە پێیدەگوترێت "هەڵسەنگاندن لەسەر بنەمای سیاسی"، یان "سیاسەتی دەنگدان". وەهەروەها ژمارەیەکی زۆر لە تاقیکردنەوە سایکۆلۆژیەکان پێشنیازی ئەوەدەکەن کە ئەگەری زۆرە ڕازیکردن ببێتە دیاریدەیەکی باو لە ژیانی ڕۆژانەدا..هەروەها ڕازیکردنی دەنگدەران لەلایەن کاندیدە سیاسیەکان و کاندیدەکانی سەرۆکایەتی و لەلایەن حوکومەتەوە بەڵگەنامەی باشن، لەم رووەوە دەیان سەرچاوەی زانستی و باوەڕپێکراو لەبەر دەستماندان.

گرانبێرگ و هۆڵم بێرگ دەڵێن بەکارهێنانی جۆرەکانی وەڵامی زارەکیانە دەبێتەهۆی زاڵبوون بەسەرکێشەی کاریگەریەکانی بیرو بۆچوون. واپێدەچێت کە جۆرەکانی وەڵامە زارەکیەکان کەمتر لێل بن لە جۆرەکانی وەڵامی ژمارەیی و ڕەنووسی، بۆیە لەوانەیە کاریگەریەکانی بیروبۆچوون تاڕادەیەک کەم بێتەوە لە باری بەکار هێنانی جۆرەکانی وەڵامە زارەکیەکان. هەرچەندە ئۆستڕۆم و ئۆپشاو لەمیانەی هەژمارکردنێکی تیۆریانەی کاریگەریەکانی بیروبۆچوون پێشنیازی ئەوە دەکەن کە ئەگەری زۆر کەمە ئەو کاریگەریانەی بیرو بۆچوون دیارنەمێنن لە باری بەکارهێنانی جۆرەکانی وەڵامی زارەکیانە.

رازیکردنێکی لەم چەشنە، ڕێگا بۆ هاوڵاتیان خۆشدەکات کە پەیڕەوی سیاسەتێک بکەن کە لەلایەن ئەو کاندیدانەی یان ئەو سەرۆکەی کە حەزی پێدەکەن پێشنیازکراوە. وەهەروەها پەیڕەوی ئەو سیاسەتەش بکەن کە دژی خواستی ئەو کاندیدانەیە کە حەزیان پێناکەن. لە داتای بەش بەشکراو دا، دەرکەوتن شێوێندراوە و تێکەڵ بە ڕازیکردن و هەڵسەنگاند لەسەر بنەمای سیاسی کراوە. بەم شێوەیە وا پێدەچێت کە شیاوترین تێڕوانین ئەوە بێت سیاسەتی دەنگدان و ڕازیکردن بە شێوەیەک لە بارچاوبگرین کە تێکەڵ کردنێکی گونجاوە لە هەموو توێژینەوەیەکی دەرکەوتن دا، ئەو میتۆدە شیکاریانە بەکار بێنین کە سیاسەتی دەنگدان و ڕازیکردن هەژماردەکات.

رازیکردن و هەڵسەنگان لەسەر بنەمای سیاسی هەریەکەیان یەکگرتنێکی ئەرێنی لە نێوان هەڵوێستەکانی دەنگدەران لە سەر کێشەیەک لەگەڵ ئەو پێگەیەی کە ئەوان بۆ کاندیدە حەزپێکراوەکەیان داناوە دروستدەکات. بەهەمان شێوە ڕازیکردن و هەڵسەنگاندن لەسەر بنەمای

سیاسی هێزی یەکگرتنی نەرێنی نێوان هەڵوێستەکانی دەنگدەران لەگەڵ درک پێکردنەکانیان بەرانبەر بە هەڵوێستی کاندیدە حەزپێنەکراوەکان بەرزدەکاتەوە. بەرزکردنەوەی ڕادەی ئەرێنی ئەو هاوپەیوەندیە لەگەڵ بەرزکردنەوەی سۆزداری دەرئەنجامی دەرکەوتنێکە کە لەوانەیە بەم شێوەیە نەگونجاو بێت.

ئەگەری زۆرە کە گەورەیی و بایەخی ڕازیکرن و هەڵسەنگان لەسەر بنەمای سیاسی بگۆڕێت بەگوێرەی گرنگی کەسی کێشە سیاسیەکان بەلای دەنگدەرەوە. ئەو هەڵوێستە سیاسیانەی کە لە ڕووی کە سیەوە بۆ دەنگدەر گرنکە بەرەنگاری گۆڕان دەبنەوە، بۆیە ڕازیکردن گەورەترین ئەگەری هەیە بۆ ئەوەی دەربکەوێت کاتێک هەڵوێستێکی سیاسی بۆ دەنگدەر گرنگ نیە،لەو لاشەوە، هەڵسەنگاندن لەسەر بنەما سیاسی گەورەترین ئەگەری دەرکەوتنی لەبەردەمە کاتێک دەنگدەرێک هەڵوێستە سیاسیەکەی خۆی زۆر بە گرنگ دەزانێت.بەمشێوەیە زۆربوونی ئەو هاوپەیوەندیەی کە سەرەنجدراوە لە نێوان هەڵوێستە سیاسیەکانی دەنگدەران لەگەڵ درک پێکردنەکانی کاندیدەکەیان لەهەڵ و مەرجە زۆر گرنگەکاندا، لەوانەیە ڕەنگدانەوەی زیاتربوونی هەڵسەنگاندن لەسەر بنەمای سیاسی بێت، لەبری ڕەنگدانەوەی زیاتربوونی دەرکەوتن بێت.

سەرەڕای ئەوەش دەتوانرێت بەڵگەی ناڕێکی بۆ ڕازیکردن بگێردرێتەوە و بیردۆزەوانانیش (بۆ نموونە فیستینگەر 1954) دەڵێن کە بەڵگەی کرداری لەم بارەیەوە هەیە. (ئۆسگود و تانێن بۆم 1955) ئەوەیان دەرخستووە کە ڕازیکردن بەرانبەر بەو خەڵکانەی کە حەزیان پێدەکرێت بەهێزترە لەو خەڵکانەی کە حەزیان پێناکرێت. هەربۆیە یەکگرتنی نێوان هەڵوێستەکانی دەنگدەران لەگەڵ درک پێکردنەکانی

کاندیدەکەیان لە تاقیکردنەوە تقلیدیەکانی دەرکەوتن لەوانەیە بە شێوەیەکی فراوانتر دەرکەوتن بێت بەرانبەر بە کاندیدە حەزپێکراوەکان لەبەر ئەوەی ڕازیکردن لەم بارەدا بەهێزترە.

**سێیەم: گۆڕان لە هەڵوێستی کاندیدەکان:** ڕوونکردنەوەی گونجاو بۆ دۆزینەوەکانی پێشووتر بریتیە لە گۆڕان لە وتە و هەڵوێستەکانی کاندیدەکان. ژمارەیەک لە چاودێران جەختیان لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە کاندیدەکان هەڵوێستی جیاواز بۆدەنگدەرە جیاوازەکان دەردەبڕن.بۆ نموونە، بەڵگەی پشتڕاستنەکراوە دەریدەخات کە لە هەڵمەتە هەڵبژاردنیەکەیساڵی 1980 دا ڕۆناڵد ڕێگن گۆڕانکاری لە وتەکانی و هەڵوێستە سیاسیەکانی دادەکرد بۆ ئەوەی لەگەڵ ئارەزووی ئامادەبوان دا بگونجێت (ویلیامس 1980). سەرەڕای ئەوەش میلەر و سیگڵ مان (1978) دۆزیویەتیانەوە کە لیندن جۆنسن هەڵوێستەکانی دەگۆڕێت لەسەر بەشداریکردنی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ڤێتنام، گۆڕانی هەڵوێستەکانیشی دەوەستێتە سەر ئەو ئامادەبوانەی کە قسەیان بۆ دەکات. لیندن جۆنسن هەڵوێستی زیاتر ئاشتیانە بۆ ئامادەبووە ئاشتیخوازەکان دەردەبڕی، هەڵوێستی شەڕانگێزیانەی بۆ ئامادەبووە شەڕخوازەکان دەردەبڕی. گوگن (1984) ئەوەی دۆزیەوە کە هەمان ئەو شێوازانەی کە جۆنسن سەبارەت بە تەواوی کێشەکان دەری دەبڕی، لە هەڵوێستەکانی ڕۆناڵد ڕێگنیش دا تۆمار کراوە. پاچ(1978)بەڵگەی هاوشێوەی ئەوانەی دۆزیەوە لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی و وەهەروەها ڕایت و بێرکمان(1986) لە نێوا هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنی سیناتۆرەکاندا دۆزیەوە.هەروەها توێژینەوەکانی تاقیگەکان سەبارەت بەهەڵوێست دەربڕین ئەوەیان دەرخست کە خەڵکە

کاندیدکراوەکان بەشێوەیەکی ڕۆتینی دەیانەوێت هەڵوێستەکانیان لەگەڵ هەڵوێستی ئامادەبوەکانیاندا بگونجێت..

ئەگەر کاندیدەکان هەڵوێستە سیاسیەکانیان بە شێوەیەکی جیاواز دەرببڕن کاتێک قسە بۆ ئامادەبووی جیاواز دەکەن بۆ بەرزکردنەوەی ڕێژەی دەنگدەرانیان، ئەوا هاوپەیوەندیەکی ئەرێنی دەردەکەوێت لەنێوان هەڵوێستە دەربڕدراوەکان و هەڵوێستی ئامادەبواندا. ئەمەش هاوپەیوەندیەکی ئەرێنی دروستدەکات لە نێوان هەڵوێستەکانی دەنگدەران و درک پێکردنەکانیان بەرانبەر هەڵوێستی کاندیدێک. ئەم هاوپەیوەندیەش هێزی ئەو هاوپەیوەندیە ئاشکرایە زیاتر گەشە پێدەکات کە لە باری کاندیدە حەزپێکراوەکان دا هەیە.هەروەها ئەو هاوپەیوەندیە بە شێوەیەکی ئاشکرا هێزی ئەو هاوپەیوەندیە نەرێنیانەی کە لە باری کاندیدە حەز پێنەکراوەکان دا هەیە دادەمرکێنێتەوە و کپدەکات. بەمشێوەیە دەتوانرێت تاقیکردنەوە تقلیدیەکانی دەرکەوتن بشێوێندرێت بۆ ئەوەی دەرکەوتنی نارێکی بەرهەم بێنێت.

لەڕاستیدا، دەکرێت ئەو شێواندنە لەئەنجامی میکانیزمێکی دیکەوە بێتە ئاراوە. تەنانەت ئەگەر کاندیدەکان بە شێوەیەکی ناستراتیژی وتە و هەڵوێستیان دەربڕن، ئەگەری زۆرە کە دەنگدەران ڕووبەڕووی وتەیەکی کاندیدێک ببنەوە کە هاوڕان لەگەڵی. بە هەمان شێوە، ئەگەری زۆر کەمە دەنگدەران ڕووبەڕووی وتەیەکی کاندیدێک ببنەوە کە هاوڕانین لەگەڵی. ئەو جۆرە بەریەک کەوتنە هەڵبژاردەییە لەلایەن ئارەزووی دەنگدەرەوە نایەتە ئاراوە بەمەبەستی دوورکەوتنەوە لە هەڵوێستی بەرەنگاربوونەوە، بەڵکو بەرهەمی بەریەک کەوتنی زانیاریە. جارێکی تر ئەنجامی ئەمە هاوپەیوەندی ئەرێنیە لە نێوان هەڵوێستە سیاسیەکانی خودی دەنگدەران لەگەڵ درک

پێکردنەکانیان سەبارەت بە هەڵوێستە سیاسیەکانی کاندیدەکان، ئەگەرچی ئەم هاوپەیوەندیە ئەرێنیە نابێتە بەڵگەی دەرکەوتن.

**چوارەم:بنەمای رازیبوون(کاریگەری کۆدەنگی هەڵە):** ڕوونکردنەوەی گونجاو بۆ دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکانی دەرکەوتنی پێشووتر بریتیە لە کاریگەری کۆدەنگی هەڵە. کاتێک پرسیار لە تاکەکان دەکرێت بۆ ئەوەی وەسفی هەڵوێستەکانی کۆمەڵە خەڵکێک بکەن، ئەوا ئەو تاکانە ئارەزووی ئەوەدەکەن کە هاوڕابن لەگەڵ کەسانی تر، بەبێ لەبەرچاوگرتنی سۆزداریان بەرانبەر بەو کۆمەڵە. ئەم درکپێکردنە گەورەکراوەی تێڕوانینەکانی کەسێک دوو هێندەکراوە "کاریگەری کۆدەنگی هەڵە". هەندێک لە هۆکارە گونجاوەکان بۆ هەبوونی ئارەزووی کۆدەنگی هەڵە بریتیە لە هەبوونی هاندانی کەسێتی. بۆ نموونە لەوانەیە خەڵک حەز بەوە بکەن کە هاوڕابن لەگەڵ خەڵکانی تر، نەوەک هاوڕا نەبن لەگەڵیان، لەبەر ئەوەی هاوڕابوون زیاتر ڕەوایی دەداتە بیرو بۆچوونەکانی کەسێک. لە کاتێکدا هاوڕانەبوون بەرەنگاری بیرو بۆچوونەکانی کەسێکت دەکاتەوە.چەندان ڕوونکردنەوە پێشکەشکراوە، یەکێک لە وانەیە دیفاکتۆرە (امری واقیع) ە. خەڵک ئارەزووی ئەوەدەکەن کە پەیوەندی لەگەڵ ئەوانەدا ببەستن کە هەمان بۆچوونی ئەوانیان هەیە، هەوڵیش دەدەن دوورکەنەوە لە پەیوەندی بەستن لەگەڵ ئەو خەڵکانەی کە بۆ چوونەکانیان زۆر لە بۆ چوونی ئەوان جیاوازە (بێرشێد و وۆڵستەر 1978، نیوکۆم 1961). کەواتا لەوانەیە بۆ خەڵک ئاسانتر بێت لەگەڵ ئەو کەسانەدا هەڵبکەن کە هاوبیریانن، نەک لە گەڵ ئەو کەسانەی کە هاوڕانین لەگەڵیان.

ئەوەی لێرەدا پێشنیازدەکرێت ئەوەیە کە دەنگدەران لایەنگیری ئەو کاندیدانە دەکەن کە هاو هەڵوێستن لەگەڵ دەنگدەران، بە بێ لەبەر چاو

گرتنی ئەوەی کە حەز بەو کاندیدە دەکەن یا خود نا. ئەگەر ئەمە ڕاست بێت، ئەوە وەک چۆن هاوپەیوەندی پێوانەکردنی هەڵەو گۆڕان لە وتە و هەڵوێستەکانی کاندیدەکان پشتگیری بۆ چوونی هاو هەڵوێستی دەکات، پێشبینیەکانی دەرکەوتنیش پشتگیری هاو هەڵوێستی نێوان دەنگدەران و کاندیدان دەکات. ئەمەش واتا ئەو هاو هاوڵوێست بوونە دەبێتە هۆی بەرز بوونەوەی ڕادەی ئەرێنی، لە هەمان کاتیشدا پێشبینیە تقلیدیەکانی دەرکەوتنی نەرێنی والێدەکات کە زیاتر نەرێنی دەربکەون.

### زاڵبوون بەسەر کێشەکانی بەکارهێنانی داتای بەش بەشکراو

ڕاستکردنەوە بۆ پێوانەکردنی هەڵەی هاو پەیوەست. بەمەبەستی زاڵبوون بەسەر کێشەکانی پێوانەکردنی هەڵەی هاو پەیوەست، جود (1983) شێوازێکی فرە دەرخەری دەستنیشان دەکات کە ڕێگە بەهەڵێنجانی پێوانەکردنی هەڵەی هاو پیوەست دەدات لە پێشبینیەکانی یەکگرتنی نێوان هەڵوێستەکانی دەنگدەران و درک پێکردنەکانی کاندید.

ئەم شێوازە لەسەر داتای بەش بەشکراو جێبەجێکرا لە هەڵبژاردنی ساڵ (1968) دا. وەک ئەوەی کە پێشبینی دەکرا، جود بۆی دەرکەوت کە پێوانەکردنی هەڵەی هاو پەیوەستی گرنگ و بەرچاو لەو داتایە توێژینەوەی هەڵبژاردنی نیشتیمانی (NES) دا هەیە کە لێکۆڵینەوەیان لەسەر کردووە. هاوتا لەگەڵ دەرکەوتنی ئەرێنی، جودی ئەوەشی بۆ دەرکەوت کە یەکگرتنی گرنگی ئەرێنی هەیە لە نێوان هەڵوێستەکانی دەنگدەران و درک پێکردنیان بەرانبەر هەڵوێستی کاندیدەکان. وەهەروەها هاوتا لەگەڵ دەرکەوتنی نەرێنی، جود ئەوەشی دۆزیەوە کە یەکگرتنی نەرێنی کەمێک لاوازتر هەیە لە نێوان هەڵوێستەکانی دەنگدەران لەگەڵ درک پێکردنیان

بەرانبەر هەڵوێستی کاندیدە حەز پێنەکراوەکان. جود دەڵێت دەتوانرێت زاڵبین بەسەر کاریگەریەکانی هەمەجۆریەتی لە هەڵوێستی کاندیدەکان لە ڕێگەی تاقینەکردنەوەی بایەخی تەواوی ئەو هەڵوێستانە. وەهەروەها دەشڵێت لە بڕی ئەمە دەبێت توێژەرەوان تاقیکردنەوە لەسەر شێوە هێڵەکی بوونی پەیوەندی نێوان سۆزداری لەگەڵ هەڵوێستە نا ستاندەرەکان بکەن و پێشبینی کاریگەری هەڵوێستی دەنگدەران لەسەر درک پێکردنەکانی هەڵوێستەکانی کاندیدەکان بکەن. جودی گانگەشەی ئەوەش دەکات کە پەیوەندیەکی خێرای شێوەی ئەرێنی پشتڕاستی گریمانەی ناڕێکی دەکاتەوە، لەبەرئەوەی پەیوەندیەکە شێوە هێڵەکی بوو، جود (1983) گەیشتە ئەو دەرئەنجامەی کە گریمانەی ناڕێکی پشتڕاست نەکرایەوە.

میتۆدەکانی جود هەندێک لایەنی باشتری لە میتۆدە تقلیدی و سادەکان هەیە. هەرچەندە ڕێبازەکەی جود دەرکەوتن تێکەڵ بە ڕازیکردن و هەڵسەنگاندن لەسەر بنەمای سیاسی دەکات. کەواتا ئەگەر بەڵگەی جود هاوتایە لەگەڵ دەرکەوتنی ئەرێنی و نەرێنی دا، وەهەروەها نا هاوتایە لەگەڵ گریمانەی ناڕێکی، بەڵام هێشتا تێکەڵی سەر لێشواندنی تری هەیە کە دەبێت لاببردرێن. ئەو یەکگرتنە ئەرێنیەی کە جود وەکو دەرکەوتنی ئەرێنی تێڕوانینی بۆدەکرد، لەوانەیە ئەو یەکگرتنە بە شێوەیەکی بەرچاو دابەزێت و کەم بێتەوە. سەرەڕای ئەوەش جود تاقیکردنەوەی بۆ درک پێکردنەکانی دەنگدەران بەرانبەر بەو هەڵوێستانەی کە کاندیدەکان هەیانە لەسەر کێشەکان نەکرد. بەڵکو توێژەرانی وەک جود تاقیکردنەوە لەسەر درک پێکردنە شاراوەکانی ئایدۆلۆژیای کاندیدەکان دەکەن لە ڕێگەی هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ هەڵوێستەکانیان بەرانبەر بەشداری کردنی

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ڤێتنام و بەرانبەر میتۆدەکانی کەمکردنەوەی نا ئارامی شار. ژمارەیەکی زۆر لە بەڵگە پێشنیازی ئەوە دەکەن کە ئایدۆلۆژیا تەنیا بە شێوەیەکی زۆر لاوەکی پەیوەندی بە کێشە دیاریکراوەکانەوە هەیە. هەربۆیە لەوانەیە دۆزینەوەکانی جود بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ جێبە جێ نەبێت لەسەر درک پێکردنەکانی کاندیدەکان بەرانبەر بە کێشەکان.

راستکردنەوە بۆ کۆدەنگی هەڵەو هەڵوێستە ڕاستە ڤینەکانی کاندیدەکان. ئۆتاتی و فیش بێن و میدڵ ستات (1988) وە بارتڵس (1988) وا پەسند دەکەن کە لایەنگیریکردنە شاراوەکە لەلایەن کاریگەری کۆدەنگی هەڵە لە توێژینەوەی دەرکەوتن دا ڕوویداوە. هەر بۆیە توێژینەوەکانی ئەم لێکۆڵەرەوانە خەملاندی بۆ ئەو کاریگەریە دەکات لەو شیکاریە ئامارییەکەیاندا، کە داتای بەش بەشکراویان بەکارهێناوە. وەک ئەوەی کە پێشبینی دەکرا، هەردوو توێژینەوەکە ئەوەیان دەرخست کە بەڵگەی هەبوونی کۆدەنگی هەڵە و هاوڕابوون لەگەڵ کاندیدەکان هەیە، بەبێ ڕەچاوکردنی لایەنی سۆزداری بۆ ئەو کاندیدانە. پاش چاککردنەوەی ئەوکاریگەریە، هەردوو بەڵگەکە گرنگیان سەبارەت بە دەرکەوتن بە دەستەوە دا.

لە شیکاری ئۆتاتی ساڵی (1988) دا، ناڕێکی پێشبینیکراو لەو دەرکەوتنی ئەرێنی و نەرێنی دا دەرکەوت، تەنانەت کاتێک کۆدەنگی هەڵەش کۆنترۆڵکرا. هەرچەندە ئۆتاتی هەنگاوێک زیاتر ڕۆیشت و هەوڵی دا ڕادەی ناڕێکی بپێوێت لە ڕێگەی بەراورد پێکردنی درک پێکردنەکانی دەنگدەران بە هەڵوێستە راستە ڤینەکانی کاندیدەکان سەبارەت بە کێشەکان. ئەمەش جێبەجێکرا لە ڕێگەی هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ تێکڕای

درک پێکردنەکانی کاندیدێک لە نێو تەواوی دەنگدەران دا، وەک هەڵوێستی ڕاستەقینەی کاندیدەکە. کاتێک ئەو کارە ئەنجامدرا، کاریگەری ئەو ناڕێکیەی، کە پێشووتر دەردەکەوت، نەما.

لەبەرئەوەی ئەم ڕێبازە چەندان لایەنگیری کردنی شاراوە پشت گوێدەخات لەو درک پێکردنانەی کە کاندید کۆنترۆڵ نەکرابوون، وەلەبەر ئەوەی ئەم ڕێبازە گۆڕان لە هەڵوێستە دەربڕدراوەکانی کاندیدەکان پەراوێز دەخات، لەوانەیە تەواو سەرکەوتوو نەبێت لە گەیشتن بە ئامانجەکەی. سەرەڕای ئەوەش هەردوو توێژینەوەکەی ئۆتاتی (1988) و بارتێلس (1988) شکستیان هێنا لەوەی کە خۆیان لەگەڵ کاریگەری پێوانەکردنی هەڵە هاو پەیوەندەکان و ڕازیکردن و هەڵسەنگاندن لەسەر بنەمای سیاسی بگونجێنن.

چاککردنەوە بۆ ڕازیکردن و هەڵسەنگاندن لەسەر بنەمای سیاسی. چەند توێژینەوەیەکی کەم هەوڵیانداوە تێکەڵاوبوونی نێوان دەرکەوتن لەگەڵ ڕازیکردن و هەڵسەنگاندن لەسەر بنەمای سیاسی لاببەن. بۆ نموونە پاچ و جۆنس (1979)شێوازێکی گشتگیری پێکهاتەییان دیاریکردووە بۆ پەیوەندیەکانی نێوان ئەو گۆڕاوانەی کە وا دانراون دەرفەتی پێش هەڵبژاردن بن.ئەم شێوازی گریمانەکردنە وادەکات هەبوونی هەڵسەنگاندنێکی زیاتر ئەرێنی بۆکاندیدێک زیاتر لەکاندیدەکانی تر، ڕێگا بۆ دەنگدەران خۆشدەکات کە وابزانن هەڵوێستە سیاسیەکانی کاندیدە بەباش زانراوەکەیان زیاتر هاوشێوەی هەڵوێستە سیاسیەکانی خودی خۆیانە، نەک هەڵوێستە سیاسیەکانی کاندیدە بە باش نەزانراوەکە. وەکو بیرۆکەی هەڵسەنگاندن لەسەر بنەمای سیاسی، کە زووتر تێڕوانین بۆ هەڵوێستەکانی کاندیدەکان دەکات، پێدەچێت بە شێوەیەکی سەرەکی لێکچوون لە نێوان

دەنگدەر و کاندید وەربگیرێت. هەروەها وەک ئەوەی کە گریمانەی دەرکەوتن پێشبینی دەکات، کاریگەری سۆزداری لەسەر درک پێکردن گەورەترو ئەرێنی تربوو، وە لە ڕووی ئاماریشەوە گرنگتربوو.

دیسانەوە ئەم شیکاریەش کێشەی هەبوو، بەشێوەیەکی سەرەکی لەبەر ئەوەی دەرئەنجامی ئاڕاستەکانی پەیوەندیە هۆداریەکانی نێوان گۆڕاوەکان هەمیشە زەحمەت بووە بە متمانەوە لە داتای بەش بەشکراو وەربگیرێت. لە حاڵەتی پاچ و جۆنس دا، ڕەوایەتی دەرئەنجامەکانی کۆتایی دەوەستێتە سەر ڕەوایەتی ئەوگریمانانەی کە کراوە دەربارەی گۆڕاوەکان لە شێوازە شکاریەکاندا. پێدەچێت ئەو گریمانانەش زۆر لاواز بن.گرنگترین شت لەو گریمانانەش ئەو گانگەشەیە یە، کە پەروەردە و داهات و تەمەن و نەژاد و ڕەگەز و ئایدۆلۆژیا دەگرێتەوەودەڵێت ئەو گۆڕاوە دیمۆگرافیایانە هیچ کاریگەریەکی ڕاستەوخۆی لەسەر بە باش زانینی کاندید نەبووە. لە بڕی ئەمە پاچ و جۆنس وادادەنێن کە ئەو گۆڕاوانە تەنیا بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ کاردەکەنە سەر هەڵسەنگاندنی کاندید لە ڕێگەی ڕێکخستنی درک پێکردنی لێکچوو لە نێوان هەڵوێستە سیاسیەکانی دەنگدەرەکان و کاندیدەکان، وەهەروەها لە ڕێگەی ڕێکخستنی ناسنامەی پارتی سیاسی دەنگدەران.

لە هەندێک لە کۆنترین توێژینەوە چەندیەتیەکانی دەگدان دا (لازارس و فێلد و بێرێڵسن و گۆدێت ، وەهەروەها بڕوانە بێرێڵسن نیشانیان داوە کە گۆڕاوە دیمۆگرافیەکان بە هێزن و ڕۆڵی بە هێزیش دەگێڕن لە بەباش زانینی کاندید. سەرەڕای ئەوەش پێشبینی کردنی بە باش زانینی کاندید لەگەڵ ژمارەیەک گۆڕاوی سایکۆلۆژی (ناسنامەی پارتی سیاسی، سیاسەتی بە باش زانین، هەڵسەنگاندنی ئابووری نیشتیمانی، ئایدۆلۆژیا و

دیموگرافی) چەند کاریگەریەکی ڕاستەوخۆ و سەربەخۆ و گرنگ دەردەخەن (بۆ نموونە بڕوانە کیندەر و ئادەمس و گرۆنک بەم جۆرە لەبەرئەوەی گرنگترین شیکاریەکانی پاچ و جۆنس ناڕوابن، ڕەوایەتی دەرئەنجامەکانیان سەبارەت بە دەرکەوتن جێگەی پرسیارە.

تەنانەت ئەگەر گریمانەکانی پاچ و جۆنس گونجاوتربان، دەکرا کاریگەری سۆزداری لەسەر ئەو لێکچوونەی کە تۆمارکراوە ڕەنگدانەوەی ڕازیکردن بێت لە بڕی دەرکەوتن. بەم شێوەیە تا ئێستاش تیکەڵاوبوون بوونی هەیە و ڕێگری لە لێکدانەوەی ڕۆشن دەکات.

گرانبێرگ و هۆڵم بێرگ هەوڵیانداوە ئەو تێکەڵاویە لاببەن کە لە نێوان دەرکەوتن لەگەڵ ڕازیکردن و هەڵسەنگاندن لەسەر بنەمای سیاسی هەیە لە داتای بەش بەشکراو دا (1986، 1988 وە گرانبێرگ 1987). شیکاریەکانی ئەو دوو لێکۆڵەرەوە جەخت لەسەر دوو هاو پەیوەندی دەکاتەوە. هاوپەیوەندی یەکەم بریتیە لە پێشبینی کردنی ئاسایی دەرکەوتنی ئەرێنی: هاوپەیوەندی نێوان هەڵوێستەکانی خودی دەنگدەران و لەسەر کێشەیەک و درک پێکردنەکانیان سەبارەت بە هەڵوێستی کاندیدێکی حەزپێکراو لەسەر هەمان کێشە. گرانبێرگ و هۆڵم بێرگ ئەوە دەناسێنن کە سەرەڕای هەبوونی دەرکەوتن، ئەم هاوپەیوەندیەی ئەم دوو لێکۆڵەرەوە پێیان دەڵێن (گونجانی کەسێتی)، ئەم هاوپەیوەندیە ڕەنگدانەوەی ڕازیکردن و هەڵسەنگاندنە لەسەر بنەمای سیاسی. هاوپەیوەندی دووەم بریتیە لە هاو پەیوەندی نێوان هەڵوێستە سیاسیەکانی خودی دەنگدەران لەگەڵ تێکڕای هەڵسەنگاندنەکانیان بەرانبەر بە کاندیدێک. گرانبێرگ و هۆڵم بێرگ دەڵێن کە هاو پەیوەندی دووەم (ئەم دوو لێکۆڵەرەوە پێی دەڵێن دیموکراتی هۆشیاری) و تەنیا ڕەنگدانەوەی ڕازیکردن و هەڵسەنگاندنی سیاسیە.

سەرەڕای ئەوەش ئەم لێکۆڵەرەوانە جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە ئەوەی دەمێنێتەوە پاش دەرکردنی هاوپەیوەندی دووەم لە هاو پەیوەندی یەکەم، نیشاندانی بڕی دەرکەوتنە. گرانبێرگ و هۆڵم بێرگ (1986، 1988 وە گرانبێرگ 1987) ئەوەیان دۆزیوەتەوە کە دوای ئەو لێدەرکردنە، ئەو هاوپەیوەندیەی کە دەمێنێتەوە ئەم دوو لێکۆڵەرەوە بە بەڵگەی هەبوونی دەرکەوتنی دادەنێن.

لەوانەیە ئەم ڕێبازە فریودەربێت لەبەر سێ هۆکار: هۆکاری یەکەم گونجانی کەسێتی ژمێردراوە بەهۆی بەکارهێنانی داتا تەنیا لە نێوان ئەو دەنگدەرانەی کە حەز بە کاندیدێک دەکەن. لەبەرانبەردا هاوپەیوەندی دیموکراتی هۆشیاری هەژمارکراوە لە ڕێگەی بەکارهێنانی داتا لەنێو سەرجەم دەنگدەران دا. ئەگەر گریمانەی ناڕێکی ڕاست بێت لە پێشبینی کردنی دەرکەوتنی کەمتر لە نێوان ئەو دەنگدەرانەی کە حەز بە کاندیدێک ناکەن، زیاتر لەوەی لە نێوان ئەو دەنگدەرانەی کە حەز بە کاندیدَک دەکەن، ئەوا گونجانی کەسێتی دەبێتە بەزیادەوە خەمڵاندنێک بۆ ئەو بڕەی دەرکەوتنەی کە لە نێوان کاندیدە حەزپێکراو و کاندیدە حەز پێنەکراوەکان دا هەیە. هەربۆیە لەوانەیە جیاوازی لە نێوان گونجانی کەسێتی و دیموکراتی هۆشیاری دەرئەنجامی ئەو بەزیادەوە خەمڵاندنە بێت.

دووەم کێشەی ئەو ڕێبازە، وەکو ئەوەی کە جود (1983) ئاماژەی پێکردووە، ئەوەیە کە گونجانی کەسێتی ڕەنگدانەوەی بیرو بۆچوونە و گوڕانی وتەو هەڵوێستی کاندیدەکانە، سەرەڕای هەبوونی دەرکەوتن، ڕازیکردن، هەڵسەنگاندن لەسەر بنەمای سیاسی. بەم شێوەیە ئەوەی دەمێنێتەوە پاش لێدەرکردنەکانی گرانبێرگ و هۆڵم بێرگ (1986، 1988 وە گرانبێرگ 1987) لەوانەیە کاریگەریەکانی بیرو بۆچوون بنوێنێت، وەیان

گۆڕان لە وتەکان و هەڵوێستەکانی کاندیدەکان بنوێنێت، لە بڕی دەرکەوتن.

سێیەم هۆکار، لەوانەیە دیموکراتی هۆشیاری بەکەم سەیری هەڵسەنگاندن لەسەر بنەمای سیاسی بکات. بە گوێرەی شێوازی تیۆرەکانی دەنگدان بێت (بۆ نموونە ئینلۆ و هینیچ 1984)، هەڵوێستی دەنگدەرێک بەرانبەر بە کاندیدێک ئەرکی مەودای نێوان هەڵوێستی خودی دەنگدەرەکەیە سەبارەت بە کێشەیەکی سیاسی لەگەڵ درک پێکردنی ئەو دەنگدەرە بەرانبەر بە هەڵوێستی کاندیدەکە لە سەر هەمان کێشە. هەڵوێستە سیاسیەکانی کاندیدەکان هەرگیز لە سنوور بەدەر نابێت (پاچ 1978). ئەم بۆ چوونە پێشبینی پەیوەندیەکی ناچۆنیەک دەکات لە نێوان هەڵوێستە سیاسیەکانی خودی دەنگدەران لەگەڵ هەڵسەنگاندەکانیان بەرانبەر بەکاندیدێک. بەبەراورد لەگەڵ ئەو دەنگدەرانەی کە دژی اختیاری سیاسین، دەبێت بەرزکردنەوەی ڕادەی ئەرێنی اختیاری سیاسی تێکەڵ بەڕادەی بەیەکەوە بەستنەوە بکرێت بۆ کاندیدێک تاوەکو ئەو خاڵەی هەڵوێستە سیاسیەکانی دەنگدەران و هەڵوێستە سیاسیەکانی کاندیدەکان لەگەڵ یەکتر دەگونجێن و ئەم خاڵە بەستنەوەکە بگاتە لوتکە. لەم خاڵە بەدواوە، بەرزکردنەوەی ڕادەی ئەرێنی دەنگدەران بەرانبەر سیاسەتێک دەبێت یەکبگرێت لەگەڵ بەیەکەوە بەستنەوەی نزمکراوەی کاندیدەکە.

لەبڕی خەملاندنی هێزی ئەم پەیوەندیە ناچۆنیەکە، هاوپەیوەندی دیموکراتی هۆشیاری گرانبێرگ و هۆڵم بێرگ بە شێوەیەکی سادە خەملاندن بۆ پەیوەندی شێوە هێڵی نێوان هەڵوێستە سیاسیەکانی خودی دەنگدەران لەگەڵ هەڵسەنگاندنی کاندیدەکەیان دەکات. هەر بۆیە لەوانەیە ئەم بەیەکەوە دەرکەوتنە بە تەواوەتی ئەو بڕە هەڵسەنگاندنەی کە لەسەر

بنەمای سیاسی هەیە نەگرێتەوە. بەم شێوەیە ئەوەی کە دەمێنێتەوە پاش لێدەرکردنی گرانبێرگ و هۆڵم بێرگ هەروەها گرانبێرگ ئەوا لەوانەیە برِی دەرکەوتن هەڵسەنگاندن لەسەر بنەمای سیاسی نیشان بدات.

گرانبێرگ و هۆڵم بێرگ کۆمەڵە شیکاریەکی تریان ئەنجامدا کە تیایاندا داتای بەش بەشکراویان بەکارهێنابوو، بە هەمان شێوەی شیکاریەکانی تر، ئەم کۆمەڵە شیکاریەش کێشەداربوون. ئەم دوو لێکۆڵەرەوە هەردوو کۆمەڵە شیکاریەکەیان بەراورد کرد. کۆمەڵە شیکاریەکیان سەبارەت بە هەڵسەنگاندنی کاندیدی دەنگدەران لە سەر لێکچوون لە نێوان هەڵوێستە سیاسیەکانی دەنگدەران و هەڵوێستە سیاسیەکانی کاندیدەکان بوو. کۆمەڵەکەی تریشیان سەبارەت بە لێکچوون لە نێوان هەڵوێستە سیاسیەکانی دەنگدەران لەگەڵ ئەو هەڵوێستە سیاسیانەی کە کاندید هەیەتی لەسەر هەڵسەنگاندنەکانی دەنگدەران. گرانبێرگ و هۆڵم بێرگ (1986) بە جۆرێک لەم دوو شیکاریە دروانن کە رێگەیان پێدەدات هەڵسەنگاندن بۆ هێزی هەردوو پرۆسەکە هۆدارەکە بکەن. هەرچەندە لەبەر ئەوەی ئەو داتایەی کە بەکاریان هێنابوو بەش بەشکراو بوو، دیاریکردنی ئەوەی کە کام نەگۆڕ سەربەخۆیە و کام نەگۆڕناسەربەخۆیە، رێگا بە جیاوازکردن لە نێوان هۆیە ئاڵوگۆڕپێکراوەکان نادات لە نێوان دووانەیەکی گۆڕاودا (کینی 1979). سەرەڕای ئەوەش هەرکاریگەریەکی ڕوون لەسەر لێکچوونی کاندید-دەنگدەر دەکرێت، ڕەنگدانەوەی خۆگونجاندنە جا چ لەلایەن خودی دەنگدەران وەیان درک پێکردنەکانی کاندیدەکانەوە ئەو خۆگونجاندنە ئەنجام درابێت. بەم جۆرە ئەم دوو شیکەرەوەیە ڕوونکەرەوە و ڕۆشن نین دەربارەی قەبارەی کاریگەریەکانی دەرکەوتن.

هەوڵەکانی پاچ و جۆنس و هەوڵەکانی گرانبێرگ و هۆڵم بێرگ و گرانبێرگ ، هەوڵی زۆر نایاب و سەرنج ڕاکێشن و وەتیایاندا ڕێبازی شیکاری ئاڵۆز بەکارهاتووە، وەکو هەوڵێک بۆ نەهێشتنی تێکەڵاوی لە پرۆسە هۆییە جۆراو جۆرەکاندا، بەڵام بە داخەوە هەردوو شیکاریەکە ئەنجامی وەها بەدەستەوە دەدەن کە زۆر بەئاسانی دەتوانرێت بەرنگاری بکرێت و هەربۆیە هەردوو شیکاریەکە بەو شێوەیە ڕوون نین کەلەوانەیە یەکێک هیوای بۆ بخوازێت. بەم شێوەیە لێکۆڵەرەوان لەم بوارەدا سەرەنجەکانیان بۆ سەر داتای شێوە هێڵی درێژی گۆڕی، بە ئومێدی ئەوەی کە کات بواریان بدات چارەسەرێکی باشتر بۆ ئەو هۆکارانە بدۆزنەوە کە چی وا لە مێشکی دەنگدەران دەکات ئەو هۆیانە لەمێشکیان گوزەر بکات.

هەرچەندە ئەم گفتوگۆیە سەبارەت بە حاڵەتی هەڵوێستە سیاسیەکانی دەنگدەران دەربارەی کاندیدێک داڕێژراوە، بەڵام دەکرێت بەیەکسانی لەسەر هەموو ئەو حاڵەتانە جێبەجێبکرێت کە دەنگدەران کاندیدێک لە کاندیدەکانی تر بە باشتر دەزانن.

پوختە. ئەو چوار ڕەخنە سەرەکیەی لە لە تاقیکردنەوەی دەرکەوتن دەگیرێت کە داتای بەش بەشکراویان بەکارهێناوە، ئەو چوار ڕەخنەیەن کە لەلایەن زۆربەی لێکۆڵەرەوانەوە ئاماژەیان پێکراوە. وەهەروەها توێژینەوە جۆراوجۆرەکان هەوڵیانداوە تێکەڵاویەک یان زیاتری ناو تقلیدیە شیکاریەکان لاببەن، هەرهەموو توێژینەوەکان ئەوەیان دەرخستووە کە تێکەڵاویەکان ڕاستەقینەن و بوونیان هەیە لەشیکاریەکاندا، بەڵام هیچکام لە توێژینەوەکان هەموو تێکەڵاویەکانی لانەبردووە. لەوانەیە بەشێکی زۆری لانەبردنی هەموو تێکەڵاویەکان لەبەر ئەوە بێت کە زۆر زەحمەتە دەرکەوتن

له ڕازیکردن و هەڵسەنگاندن لەسەر بنەمای سیاسی جیابکرێتەوە لە ڕێگەی بەکارهێنانی داتای بەش بەشکراو. هەرچەندە، وەکو چۆن ژمارەیەک لە لێکۆڵەرەوان دەریان خستووە، دەکرێت ئەم لەیەک جیاکردنەوەی دەرکەوتن لە ڕازیکردن و هەڵسەنگاندن لەسەر بنەمای سیاسی بە شێوەیەکی سەر کەتوو بە هۆی بەکار هێنانی داتای شێوە هێلی درێژ ئەنجام بدرێت.

**شیکاریەکانی داتای شێوەی هێلی درێژی (داتای سەرانسەری)**

لۆژیکی شیکاری سەرانسەر. شیکاری سەرانسەر بەهادارە لەبەرئەوەی دەرفەت دەرەخسێنێت بۆ چارسەر کردنی کرداریانەی پرۆسە هۆییەکان. بەتایبەتی شیکاریەک کە لە گۆڕانی سەربەخۆ دەکۆڵێتەوە و هەوڵی پێشبینیکردنی ئەو گۆڕانانە دەکات کە تیایدا ڕوودەدات. ئەمەش لەسەر بنەمای بەهای هەڵسەنگێندراوی گۆڕاوە نەسەربەخۆکان بناغەی بەستووە. تاوەکو گۆڕاوە ناسەربەخۆکان پێش کاتی گۆڕانەکانی گۆڕاوە سەربەخۆکان بپێوین، بۆمان دەردەکەوێت کە ئەگەری ئەوە زۆرکەمە کە گۆڕاوە سەربەخۆکان بووبنە هۆی ڕوودانی گۆڕاوە ناسەربەخۆکان.لە توێژینەوەی سەبارەت بەدەرکەوتن ئەو ڕێبازە ڕێگە بەوە دەدات کە زاڵبین بەسەر ڕازیکردن، هەڵسەنگاندن لەسەر بنەمای سیاسی و پێوانەکردنی هەڵە هاوپەیوەستەکان، ئەمەش لەڕێگای پێوانەکردنە بەراییەکانی کاندیدە بەباش زانراوەکەی دەنگدەران، بەمەبەستی پێشبینیکردنی گۆڕانەکانی دواتر لە درک پێکردنەکانی کاندیدەکان دەربارەی کێشەیەک یان لێکچوونی کاندیدو دەنگدەر.

پێشبینیکردنی هەڵوێستەکانی کاندید. ئەگەرچی داتای سەرانسەری لە چوارچێوەی توێژینەوە سەبارەت بە گۆڕان دەمێنێتەوە، مارکەس و

کۆنڤێرس داتای لەم چەشنەیان بەکارهێناوە وەک هەوڵدانێک لەیەک جیاکردنەوەی تێکەڵاوی دەرکەوتن لەگەڵ ڕازیکردن، بەڵام ئەم دوو لێکۆڵەرەوە توێژینەوەیان دەربارەی گۆڕان نەکرد. بەڵکو ئەم لێکۆڵەرەوانە زیاتر پێشنیازی مۆدێلێکی پێکهاتەدار دەکەن بۆ هەڵبژاردن، کە درک پێکردنەکانی کاندیدەکان بە شێوەی ئەک هاوکێشەی خوارەوە دەردەبڕێت:

ئەم هاوکێشەیە بەجۆرێک دەڕوانێتە درک پێکدرنەکانی هەڵوێستەکانی کاندیدێک کە هەڵوێستی ڕاستەقینەی کاندیدەکە بن. لەوانەیە درک پێکدرنەکانی کاندید گونجێندرابن بەمەبەستی کەمکردنەوەی مەودای نێوان هەڵوێستی سیاسی دەنگدەرێک لەگەڵ درک پێکدرنی بەرانبەر هەڵوێستی سیاسی کاندیدەکە. سەرەڕای ئەوەش ئەم گونجاندنە پێشنیازکراوە بۆ ئەوەیە ببێتە سۆزداریەکی گەورەتر بەرانبەر ئەو کاندیدەی کە زیاتر دەبێتە ئەرێنی. مارکەس و کۆنڤێرس ئەوەیان دۆزیوەتەوە کە b1 بچووکە، بەڵام لە ڕووی ئامارییەوە گرنگە بۆ هەریەکێک لە و پێنج کێشە سیاسیە کە ئەوان توێژینەوەیان لەسەر کردبوو، وەکو بەڵگەیەک لێکدانەوەیان بۆ کرد پاڵپشتی گریمانەی دەرکەوتن دەکات. هەرچەندە لەبەرئەوەی هەڵسەنگاندنەکانی کاندید پێوانەی بۆ کراله کاتی (t) له برِی کاتی (t -1)، b1 یان ڕەنگدانەوەی گۆڕانەکانە لە درک پێکدرنەکانی کاندیدەکان کە لە ئەنجامی دەرکەوتنەوە پەیدابووە، وەیان ڕەنگدانەوەی گۆڕانەکانە لە هەڵوێستەکان بەرانبەر بە کاندیدەکان کە لە ئەنجامی هەڵسەنگاندن لەسەر بنەما سیاسی پەیدابووە. ئەمەش واتا لەوانەیە دەنگدەران هەڵسەنگاندنی کاندیدەکانیان گونجاندبێت لە نێوان کاتی (t -1) لەگەڵ کاتی (t) بەمەبستی بەرزکردنەوەی ڕادەی بەیەکەوە بەستنەوەی کاندیدەکان لەگەڵ ئەو دەنگدەرانەی کە هاوڕان لەگەڵیان، وەهەروەها کەمکردنەوەی ڕادەی

بەیەکەوە بەستنەوەی کاندیدەکان لەگەڵ ئەو دەنگدەرانەی کە هاوڕانین لەگەڵیان. ئەم پرۆسەیەش b1 ێکی گرنگ بەرهەم دێنێت، هەروەک چۆن گونجادنەکانی درک پێکدرنەکانی کاندید لە نێوان (t-1) و (b1 (t ێکی گرنگ دروستدەکات. کاتێک هەڵسەنگاندنەکانی کاندید پێوانەکرا لە کاتی (t -1)، دەکرێت ئەم ڕوونکردنەوە جێگرەوەیە ڕێگری لێبکرێت.

مارکەس وکۆنڤێرس(1979)بەجۆرێک رەفتار لەگەڵ ئەو هەڵسەنگاندنانەی کاندیدەکان دەکەن کە لە کاتی (t) پێوانەکراوە کە لە ناوەوەی سیستەمی هاوکێشەکانیان دا بێت. لەوانەیە لەسەرەتا دا ئەمە وادەربکەوێت ئەو کێشەکان لاببات کە لەو هەڵسەنگاندانانە دا هەیە کە لەکاتی (t) پێوانەکراوە لە بڕی کاتی (t -1). بەم شێوەیە پێدەچێت زۆر گونجاوبێت کە بڵێین ئەم ڕێبازە بە تەواوەتی کێشە چارەسەر ناکات، وە ئەوەی بە شێوەیەکی کاریگەر کێشە چارەسەر بکات هەڵسەنگاندنەکانی کاندیدە کە کاتی (t -1) بۆ بەکارهاتووە.

پێشبینیکردنی لێکچوونی نێوان کاندید و دەنگدەر. گرانبێرگ و کینگ (1980) شیکاری لەم چەشنەیان ئەنجامدا لە تاقیکردنەوەی ئەوەی کە سۆزداری ئەرێنی ڕێگا بۆ لێکچوونی هەست پێکراو خۆشدەکات. لێکچوونی هەڵوێستی سیاسی هەست پێکراو پێوانەکراوە لە کاتی (t) لەگەڵ سۆزداری بەرانبەر بە کاندیدێک کە لە کاتی (t -1) پێوانەکراوە، ئەوە دەردەخەن سۆزداری بۆتە هۆی ڕوودانی گۆڕانەکان لە لێکچوونی هەست پێکراو. لەوانەش کاندیدە حەزپێکراوەکان بە جۆرێک هەستیان پێکرا کە بە تێپەڕ بوونی کات زیاتر هاو شێوە دەبن لەگەڵ دەنگدەران.

سویندڵ و میلەر شیکاریەکی هاوشێوەی ئەوەی گرانبێرگ و کینگ ئەنجام دا و گەیشتنە دەر ئەنجامی هاوشێوەی ئەوانیش. سویندڵ و میلەر

ئەوەیان بۆ دەرکەوت کە ئەو بەشداربوانەی دەنگیان بۆ کاندیدێک داوە، هەستیان بەوە کردووە کە هەڵوێستی کاندیدەکە نزیکترە لە هەڵوێستەکانی خۆیان. بەڵام ئەو بەشداربوانەی کە دەنگیان بەو کاندیدە نەدابوو ئەو هەستەیان نەبوو. شێوازی ئەو هەست پێکردنەش بەهێزتربوو لە نێو ئەو دەنگدەرانەی کە هەر زوو لە هەڵمەتەکە بڕیاریان دابوو دەنگ بە کێ دەدەن، ئەمەش هاوتایە لەگەڵ ئەو بۆ چوونەی کە دەڵێت ئەم شێوازو مۆدێلە بۆ گریمانەی دەرکەوتن دەگەڕێتەوە. لەمیانەی هەڵمەتەکە، هەڵوێستەکانی بەشداربووان زیاتر نزیک بونەوەی بە خۆیەوە بینی لەگەڵ هەڵوێستەکانی کاندیدە بە باش زانراوەکان. وەهەروەها هەڵوێستەکانی بەشداربووان زیاتر جیاوازی بە خۆیەوە بینی لەگەڵ هەڵوێستەکانی ئەو کاندیداەی کە بە باشیان نازانن. بە پێچەوانەی گریمانەی ناڕێکی، بەرز بوونەوەی ڕادەی لەیەکنزیکبوونەوە لەنێوان دەنگدەران و کاندیدە حەزپێکراوەکان یەکسان بوو بەنزمبوونەوە و دابەزینی ڕادەی لێکچوون لە نێوان دەنگدەران و ئەو کاندیدانەی کە بە باشیان نازانن. وادەرکەوت کە ئەو گۆڕانانە دەبنە گەورەترین شت بۆ تاکەکان و وەکو دواین هەواڵی هەڵمەتەکە ئەو گۆڕانانەیان دێتە بەردەم. ئەمەش پاڵپشتی ئەو گانگەشەی دەکات کە ئەم گۆڕانانە کەمتر دەبنەوە ئەگەر بێتوو دەنگدەران بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ زانیاری زیاتریان سەربارەت بە هەڵوێستەکانی کاندیدەکان هەبێت.

بەڵگەی گرانبێرگ و کینگ و سویندڵ و میلەر هاوتایە لەگەڵ گریمانەی دەرکەوتن. هەرچەندە ئەو گۆڕانانەی کە ئەو لێکۆڵەرەوانە لە یەک نزیک بوونەوەی نێوان دەنگدەر و کاندید تۆماریان کردووە، دەکرێت ڕەنگدانەوەی ڕازیکردن بێت لەبڕی گریمانەی دەرکەوتن. ئەمەش واتا لەوانەیە

هەڵوێستەکانی خودی دەنگدەران گۆڕانیان بەسەر داهاتبێت، لە کاتێکدا درک پێکردنەکانی کاندید بەردەوام وەک خۆی دەمێنێتەوە. هەر بۆیە جارێکی تر ئەم توێژینەوانە ناڕۆشنن سەبارەت بە گریمانەی دەرکەوتن.

پێشبینیکردنی گۆڕان لە درک پێکردنەکانی کاندید. کاریگەرترین ڕێگا بۆ زاڵ بوون بەسەر ئەو کێشانەی کە لەلایەن ڕازیکردن و هەڵسەنگاندن لەسەر بنەمای سیاسی هێنراوەتە ئاراوە ئەوەیەکە کاریگەریەکانی هەڵوێستەکانی دەنگدەران لەسەر گۆڕان لە هەڵوێستەکانی کاندیدەکان تاقیبکرێنەوە بەهۆی بەکار هێنانی داتای سەرانسەری، کە ئەو داتایەش بە تێپەڕبوونی کات لە بە شداربوانەوە وەرگیراوە. دەتوانرێت ئەو گۆڕانانەی کە لە درک پێکردنەکانی کاندیدا ڕوودەدەن پێشبینیبکرێت لەلایەن پێوانەکردنی پێشووتری هەڵوێستەی سیاسیەکانی دەنگدەران، ناتوانرێت هەڵسەنگاندنەکانی کاندید بە هۆی ڕازیکردن و هەڵسەنگاندن لەسەر بنەمای سیاسی ڕوونبکرێتەوە.

لەوەش زیاتر، کاریگەری هەڵوێستەکانی دەنگدەران کە پێوانەکراوە لە کاتی (t) لەسەر درک پێکردنەکانی کاندید لە کاتی (t) ڕەنگدانەوەی پێوانەکردنی هەڵە هاوپەیوەستەکانە لە نێوان هەڵوێستەکانی دەنگدەران لە کاتی (1- t) لەگەڵ درک پێکردنەکانی کاندید لە کاتی (t) کە ئەگەری زۆرە کە میانگیری بکرێت لەلایەن درک پێکردنەکانی کاندید لەکاتی (t). هەربۆیە شیکاری داتای سەرانسەری بەم شێوە ڕێگە بە لێکۆڵەرەوان دەدات کە زاڵ لە توێژینەوەیەکی تردا، فێڵدمان و کۆنڤێرس (1986) دا ڕێبازێکی هاو شێوەی ئەوەی پێشووتریان بەکارهێنا بۆ تاقیکردنەوەی گریمانە ناڕێکی، ئەمەش ئەنجامدرا لە ڕێگەی تاقیکردنەوەی کاندیدە حەزپێکراوەکان و کاندیدە حەزپێنەکراوەکان بە شێوەیەکی جیا .

بەمشێوەیە دۆزینەوەکانی مارتینز زۆر جیاوازە لە دۆزینەوەکانی فێڵدمان و کۆنڤێرس (1983، 1986، 1989). هەرچەندە دەرئەنجامی مارتینز وەکو دەرئەنجامی پاچ و جۆنش (1979) ڕاست بوو، ئەو گریمانەی مارتینز کە دەڵێت ناسنامەی پارتی سیاسی و دیموگرافیا کاریگەری ڕاستەوخۆیان لەسەر گۆڕاوەکان نیە لەهاوکێشەکە دا، بەڵام ئەو گریمانەیە گریمانەیەکی لاواز بوو. لەوانەیە ئەمەش تاڕادەیەک جیاوازی نێوان دۆزینەوەکان ڕوون بکاتەوە.

لە هەموو ئەو هاوکێشانەی کەکاریگەری سەرەکیان تێدا هەیە، وەکو هاوکێشەی سێیەم، ئەوا کاریگەریەکان یەکسانن بە سفر، لابردنی ئەو کاریگەریە سەرەکیانە هیچ کێشەیەک دروست ناکات لە خەملاندنی کارلێکردنەکان دەرکەوتن. هەرچەندە فێڵدمان و کۆنڤێرس (1983، 1986) و ماتینز (1988) هیچ بەڵگەیەکیان بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەم حاڵەتە نەخستۆتە ڕوو. لە توێژینەوەی ساڵی (1989) یان دا هەردوو لێکۆڵەر فێڵدمان و کۆنڤێرس کاریگەریە سەرەکیەکانیان خستە ناو هاوکێشەی هەڵوێستەکانی دەنگدەران، بەڵام ئەو کاریگەریە سەرەکیانەیان بۆ هەڵسەنگاندنەکانی کاندید لابرد. ئەم دوو لێکۆڵەرەوە دەڵێن کاتێک دووبارە خەملاندنیان بۆ هاوکێشەکە کردەوە و کاریگەریە سەرەکیەکانیشان خستە ناو هاوکێشەکەوە بۆ هەڵسەنگاندەکانی کاندید، ئەوا بۆیان دەرکەوت کە ئەو کاریگەریە سەرەکیانە بۆ هەڵسەنگاندنی کاندید لە ڕووی ئاماریەوە هەرگیز بەهای گرنگیان نیە.

خستنە ڕووی تاقیکردنەوەکان لەگەڵ دەرخستنی گرنگی کاریگەریە سەرەکیەکان، لەوانەیە بەس نەبێت بۆ ئەوەی ڕێگە بە خۆمان بدەین کە ئەو کاریگەریە سەرەکیانە لاببەین کاتێک خەملاندن بۆ کارلێکردنەکان

دەکەین. ئەگەر ئەو کاریگەریە سەرەکیانە کە لە کارلێکردنەکان دا هەن تاقیکرانەوەو خرانە هاوکێشەکانەوە، ئەوا ئەو کاریگەریە سەرەکیانە بە شێوەیەکی ڕاست و دروست تاقیکراونەتەوە.لە هاوکێشەیەکی لەم چەشنە دا، کاریگەری سەرەکی بە شێوەیەکی سادە و ساکار کاریگەری گۆڕاوەکان دەردەخات لە ئاستێکی دیاریکراوی هەر یەکێک لەو گۆڕاوانەی کە کارلێک دەکەن. لەحاڵەتی شیکاری فێڵدمان و کۆنڤێرس دا، کاریگەریە سەرەکیەکان تەنیا لەسەر ئەو بەشداربوانە جێبەجێکرا کە هەڵسەنگاندنی کاندیدەکەیان بێلایەنانەبوو. تاقیکردنەوەی کاریگەریە سەرەکیەکان لە هەڵ و مەرجی سنووردار دا ناتوانێت سودێکی ئەوتۆی هەبێت بۆ ئەوەی بگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە کاریگەری سەرەکی گرنگ نیە کاتێک بە تەواوی ئاستەکانی هەڵسەنگاندنی کاندیدەوە دەبەسترێتەوە.

تەنانەت ئەگەر ئەو کاریگەریە سەرەکیانە کە تاقیکرانەوە لە هاوکێشەکەدا هیچ کارلێکردنێک لە خۆنەگرن، ئەوا تەنیا پشت بەستن بە تاقیکردنەوەی ئاماری لەوانەیە کێشە بێنێتە ئاراوە. ڕەچاوی ئەو حاڵەتە بکە کە تیایدا کۆمەڵێک گۆڕاو هەریەکەیان کاریگەری سەرەکی لاواز و بێ هێزە، بەڵام سەرەڕای ئەوەش دەتوانرێت ئەو کاریگەریە سەرەکیانە تێکەڵ بکرێن و ئەنجامی ئاماری گرنگ و بەرچاو بەدەستەوە بدەن. بە هەمان شێوە کاریگەریەکی سەرەکی کە بچوکە و گرنگ نیە و لابردراوە ئەگەر تێکەڵ بە کارلێکردنێکی بچوک و ناگرنک بکرێت، ئەوا بەیەکەوە بە شێوەیکی ئاشکرا کاریگەریەکی گرنگ بە دەستەوە دەدەن و ئەو کاریگەریە گرنگەش دەدرێتە پاڵ کارلێکردنەکە. هەربۆیە گونجاوترین ڕێباز بۆ تاقیکردنەوەی دەرکەوتن بە بەکارهێنانی داتای سەرانسەریە کە هەموو کاریگەریە سەرەکیەکان دەگرێتەوە لە خەملاندنی هەر هاوکێشەیەک دا. ئەم

خاڵەش لەم ساڵانەی دوایدا چەندان جار لە لایەن پسپۆڕانی شیکاریەوە خراوەتەڕوو لەبەر ئەوەی لێکۆڵەرەوان زۆرجار لەوتوێژینەوانەی کە بڵاویان دەکەنەوە تووشی هەڵە دەبن سەبارەت بەم بابەتە.

کۆنڤێرس و فێڵدمان ئەوەیان دەرخست کە دانانی کاریگەریە سەرەکیەکان لە هاوکێشەکاندا بۆتە هۆی ئەوەی هەڵە ستاندەرەکان بەرز بێتەوە. ئەمەش لەوانەیە ئەوە بگەیێنێت کە هەندێک لەوکاریگەریانەی دەرکەوتن کە پێشووتر گرنگی ئاماریان هەبوو، چیتر گرنگ نین. ئەمەش ئەوە ڕووندەکاتەوە کە ئەم دوو لێکۆڵەرەوە وای بەباش دەزانن کە ئەو کاریگەریە سەرەکیانە لاببەن لە هاوکێشەکەیان. گفتوگۆیەکانی پێشووتریش ئەوەیان دەرخست کە بەرزبوونەوەی ڕادەی هەڵە ستاندەرکان ئەگەری زۆر کەمە ببێتە هۆی کێشە، بەڵکو ڕەنگدانەوەی ئەو ڕاستیەیە کە خەمڵاندنی زیاتر بۆ ئەو کاریگەریانە شتێکی پێویستە. بەم شێوەیە کەمکردنەوەی ژمارەی ئەو کاریگەریانەی دەرکەوتن، کە گرنگن لە ڕووی ئاماریەوە، لەوانەیە بوبێتە هۆی دروست بوونی خەمڵاندنی ووردتر.

هەڵسەنگاندن لەسەر بنەما سیاسی لە تێکەڵاو بوونەکە لابردرا. سەرەڕای ئەوەش لەبەر ئەوەی مارکەس لەو گۆڕانانەی کۆڵیەوە کە لە درک پێکردنەکانی کاندیدا ڕوودەدەن هەر لە سەرەتای هەڵمەتی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ساڵی 1980 تاوەکو ئەو پەڕی کۆتایی هەڵبژاردنەکە، هەربۆیە ئەگەر زۆر کەمە کە مارکەس هیچ بڕێکی دەرکەوتنی لە دەست چووبێت.
مارکەس هەندێک بەڵگەی دەرکەوتنی دۆزیەوە، لەو 32 دەرکەوتنەی کە مارکەس خەمڵاندنی بۆکردبوو، هەشت لەو دەرکەوتنانە بچوک بوون و لە ڕووی ئاماریشەوە گرنگ بوون. سێ لەو دەرکەوتنانە ڕەنگدانەوەی کاریگەریە ئەرێنیەکانی هەڵوێستەکانی دەنگدەران بوون لەسەر درک

پێکردنی کاندیده حەزپێکراوەکان،هەروەها پێنج لەو دەرکەوتنانە ڕەنگدانەوەی کاریگەری نەرێنیەکانی هەڵوێستەکانی دەنگدەران بوون لەسەر درک پێکردنی کاندیده حەزپێنەکراوەکان. کەواتا کاریگەری نەرێنی بۆ کاندیده حەزپێنەکراوەکان زیاتر باو بوو لە کاریگەری ئەرێنی بۆ کاندیده حەزپێکراوەکان، ئەمەش پشتڕاستی گریمانەی ناڕێکی ناکەتەوە. بە شێوەکی گشتی ئەو شیکاریانە هەندێک دەرکەوتنی ئەرێنی و هەندێک دەرکەوتنی نەرێنیان خستەڕوو.

یەکێک لە کێشەکانی ڕێبازە شیکاریەکەی مارکەس ئەوە بوو کە هەژمار هەمەجۆریەتی نەکردبوو کە لە هەڵوێستەکانی کاندیدەکان دا هەیە. وەک جود (1983) دەڵێت هەمەجۆریەتی ئەگەری زۆرە ببێتە هۆی باشترکردنی دەرکەوتنی ئەرێنی و دەرکەوتنی نەرێنیش دەمامکدار بکات. هەربۆیە لەوانەیە دەرکەوتنی نەرێنی بەهێزتر بێت لەو بەڵگەیەی کە مارکەس خستیەڕوو، وە دەرکەوتنی ئەرێنیش زیاتر بێ هێز بێت لەو بەڵگەیەی کە مارکەس پێشنیازی دەکات. هەرچەندە، وەک ئەوەی دواتر دەیبینین، میتۆدەکەی مارکەس و هەموو ڕێبازەکانی تری توێژینەوەی لە داتای سەرانسەری بەدەست کێشەی ترەوە دەناڵێنن.

**کێشەکانی پێوانەی یەکگرتنە شێوە هێڵەکیەکان**

توێژینەوەکەی مارکەس (1982) و نزیکەی هەموو توێژینەوەکانی تری ڕابردوو سەبارەت بە کاریگەریەکانی دەرکەوتن پێوانەکانی یەکگرتنی شێوە هێڵیان بەکارهێناوە لە نێوان هەڵوێستەکانی دەنگدەران و درک پێکردنەکانی کاندید، بەهای ئەو توێژینەوانەش دەوەستێتە سەر ڕادەی ئەو یەکگرتنە. تێڕوانینی وورد بۆ تایبەتمەندیەکانی پێوانەی یەکگرتنە شێوە هێڵیەکان و گریمانەی دەرکەوتن ئەوە دەردەخەن کە ئەو پێوانانە ناگونجاوە بۆ تاقیکردنەوەی گریمانە. ئەگەرچی پێوانەکانی یەکگرتنە شێوە هێڵیەکان زۆر گونجاوە بۆ خەملاندنی قەبارەو بەهای دەرکەوتنی ئەرێنی بەرانبەر کاندیدە حەزپێکراوەکان، بەڵام هەڵسەنگاندنی دەرکەوتنی نەرێنی بە هۆی پێوانەکان یەکگرتنە شێوە هێڵیەکان بە تەواوەتی شتێکی نەگونجاوە.

سەرەتا ڕەچاوی ئەوە بکە بۆچی میتۆدی یەکگرتنی شێوە هێلەکی بۆ تاقیکردنەوەی دەرکەوتنی ئەرێنی گونجاوە. وا دابنێ هەڵوێستی دەنگدەرێک بەرانبەر کێشەیەک و درک پێکردنی ئەو بەشداربووە بەرانبەر هەڵوێستی کاندیدێک لەسەر هەمان کێشە هەردووکیان لەسەر خاڵی ژمارە 7 ی هەمان پێوەر پێوانە کراوە. ئەگەر بێتو دەرکەتنی ئەرێنی بەتەواوی دەربکەوێت، ئەوا هەر بەشداربوێک وا هەست دەکات کە کاندیدێکی حەزپێکراو هەمان هەڵوێستی ئەوی هەیە. هەر بۆیە تا ئەوەندە گۆڕان لە هەڵوێستەکانی خودی دەنگدەران هەبێت، هاوپەیوەندی نێوان دوو گۆڕاوەکە دەبێتە +1. ئەگەر دەرکەوتنی ئەرێنی تەواو نەبێت، ئەوا لە هەر بەشێکدا کە هەڵوێستی بەشداربوو لە هەڵوێستی ڕاستەقینەی کاندید دوور بێت، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو بەشە بە بەشێکی دەرکەوتنی ئەرێنی

بەستراوەتەوە، ئەوا هێشتا هاوپەیوەندیەکە دەبێتە +1. لە هەربارێکدا ئەگەر نرخەکە کەتر لە 1 دەربچێت، ئەوا ڕەنگدانەوەی ناتەواوەتی دەرکەوتنی ئەرێنیە. هەربۆیە پێوانەیەکی گەورەی ئەرێنی یەکگرتنە شێوە هێڵەکیەکان، وەک ئەوەی لە ڕووی تیۆریەوە وادادەنرا، دەرکەوتنی ئەرێنی نیشاندەدات.

دواتر دەرکەوتنی نەرێنی. لە پێداچوونەوەی هەموو توێژینەوەکانی پێشووتر کە پێوانەکردنی یەکگرتنە شێوە هێڵەکیەکانیان لە ڕێگەی کۆمپیوتەرەوە بۆ کرابوو، بەشێوەیەکی گشتی وادانرا کە کە هاوپەیوەندیەکی نەرێنی نێوان هەڵوێستی خودی بەشداربوو لەگەڵ درک پێکردنی ئەو بەشداربووە بەرانبەر بە هەڵوێستی کاندیدێکی حەزپێنەکراو دەرکەوتنی نەرێنی دەردەخات. لە ئاستێکی زۆر گشتی دا ئەوە شتێکی دروستە بۆ ئەوەی دەرکەوتنی نەرێنی دەربکەوێت، ئەو بەشداربوانەی کە حەزبە هەبوونی هەندێک یاسادانان دەکەن، واهەست دەکەن کە کاندیدەکە دژی ئەوەیە. هەرچەندە لەبەرئەوەی زۆربەی جار هەڵوێستەکان و درک پێکردنەکان لەسەر پێوەرەکە پێوانەیان بۆ دەکرێت، دەرکەوتنی هاوپەیوەندی نەرێنی پەیوەندیەکی زیاتر پاکراو دەردەخات.(هەموو گفتوگۆیەکانی ئەم بەشە بە شێوەیەکی یەکسان لەسەر ئەو پێوانانەی یەکگرتن جێبەجێدەبێت کەشێوەی هێلەکی نین و داتای ژمارەی بەکاردێنن).

ئەمەش ئەوە دەردەخات کە ئەو بەشداربوانەی کە هەڵوێستەکانیان زیاتر دوورە لە هەڵوێستی ڕاستەقینەی کاندیدێک، ئەوا کاندیدەکە دەشێوێنن زیاتر لەو بەشداربوانەی کە هەڵوێستەکانیان لە هەڵوێستی ڕاستەقینەی کاندیدەکە نزیکە. بەم جۆرە بەها کەم دەبێتەوەو ئەوەش دەردەخات کە

ئەو بەشداربوانەی کە لە کۆتایی پێوەرەکەن ئەو کاندیدانە دەبینن کە دەکەونە کۆتاییەکی تری پێوەرەکە، وەهەروەها ئەو بەشداربوانەی کە لەناوەڕاستی پێوەرەکەن ئەو کاندیدانە دەبینن کە دەکەنەوە ناوەڕاستی پێوەرەکەوە.

هەرچەندە تیۆرەکانی لەگەڵ یەک گونجان چاوەڕوانی هیچ پەیوەندیەکی لەم چەشنە ناکات، بەڵکو زیاتر پێشبینی زۆر جیاوازتر لەو پەیوەندیانەی کە دەرکەوتوون دەکات. وادادەنرێت ئەو خەڵکانەی کە حەز بە کاندیدێک ناکەن نا ئاسودە دەبن ئەگەر هەست بکەن کە هاوڕان لەگەڵ ئەو کاندیدە. هەربۆیە ئەو خەڵکانەی کە حەز بەکاندیدێک ناکەن و کاتێک وا هەست دەکەن کە هاوڕان لەگەڵ ئەو کاندیدەش، ئەوا واچاوەڕوان دەکرێت کە ئەو بەشداربوانەی هەڵوێستی خۆیان لابدەن لە هەڵوێستی ڕاستەقینەیان. ئەو خاڵکانەش کە حەز بەکاندیدێک ناکەن و واهەست دەکەن کە هاوڕانین لەگەڵ ئەو کاندیدە، ئەوا هیچ هۆیەک و بیانوێک نیە بۆ ئەوەی لە هەڵوێستی خۆیان لابدەن. تاوەکو هەڵوێستی بەشداربوێک لە هەڵوێستی کاندیدێکی حەزپێنەکراو دوورتر بێت، ئەوا ئەو بەشداربووە ئەوەندە کەمتر هەڵوستی خۆی دەشوێنێت و لێی لادەدات. بەم شێوەیە لە نێوان ئەو خەڵکانەی کە سۆزداریان لە ئاستێکی دیاریکراو دایە بەرانبەر بەکاندیدێک، وا باوە کە ئەوانەی هەڵوێستەکانیان لە هەڵوێستی ڕاستەقینەی کاندیدەکەوە نزیکە واهەست دەکەن کە ئەوان زیاتر هاندەدرێن بۆ ئەوەی لە کاندیدەکە دووربکەونەوە، زیاتر لەو کەسانەی کە هەڵوێستەکانیان لە کاندیدەکەوە دوورە. ئەمەش بۆ ئەوەدەگەڕێتەوە ئەوانەی کە هەڵوێستەکانیان لە هەڵوێستە ڕاستەقینەکانی کاندیدەکەوە دوورە ئەوا پێشووتر بڕی پێویست نا هاوڕایان هەیە لەگەڵ کاندیدەکە و پێویستیان بە

هیچ شواندن لادانێک نیە نەلە درک پێکردنەکانی خۆیان و نە لەهی کاندیدەکەش. ئەمەش پێشنیازی ئەوەدەکات کە دەرکەوتنی نەرێنی پەیوەندیەکی شێوە هێڵی نەرێنی بەرهەم ناهێنێت لە نێو ئەو خەڵکانەی کە حەز بەکاندیدێک ناکەن. لەبڕی ئەمە دەبێت ئێمە پێشبینی پەیوەندیەکی پچڕپچڕ بکەین، کە شێوەی ئەو پەیوەندیە بەشێکی دەوەستێتە سەر هەڵوێستی ڕاستەقینەی کاندیدەکە.

بەگوێرەی تیۆری لەگەڵ یەک گونجان، پەیوەندی پێشبینیکراو لە نێو ئەو خەڵکانەی کە حەز بەکاندیدێک ناکە بە شێوەی کەوانەیی دەکێشرێت کاتێک هەڵوێستی ڕاستەقینەی کاندیدەکە لەخاڵی ناوەڕاستی پێوەرەکە دایە. ئەو بەشداربوانەی کە لە پلەی دووەمن لەسەر پێوەرەکە زیاتر لە هەڵوێستی ڕاستەقینەی کاندیدەکە نزیکترن لەو بەشداربوانەی کە لە پلەی یەکەمن لەسەر پێوەرەکە، هەربۆیە بەشداربوانی شوێنی دووەم یان بڵێین پلەی دووەمی سەر پێوەرەکە پێشبینی ئەوەیان لێدەکرێت کە زیاتر شوێن و هەڵوێستی کاندیدەکە بگۆڕن. بەهەمان شێوە ئەوبشداربوانەی کە لە پلەی سێیەمن لەسەر پێوەرەکە زیاتر لە هەڵوێستی ڕاستەقینەی کاندیدەکە نزیکترن لەو بەشداربوانەی کە لە پلەی دووەمن لەسەر پێوەرەکە، هەربۆیە بەشداربوانی پلەی سێیەم دەبنە هۆی گۆڕانی زیاتری شوێن و هەڵوێستی کاندیدەکە. ئەم گفتوگۆیە بەهەمان شێوە لەسەر بەشداربوەکانی شوێنەکانی پێنجەم و شەشەم و حەوتەمی سەر پێوەرەکە جێبەجێدەبێت.

لەوانەیە وا دەربکەوێت ئەو شێوە کەوانەییەی هەیە ئەوە بگەیێنێت کە ئەو بەشداربوانەی لە پلەی چوارەمی سەر پێوەرەکەن هیچ کاریگەری نەکەنە سەر گۆڕانی هەڵوێست و پێگەی کاندیدەکە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەو خەڵکانەی کە نزیکترینن لە هەڵوێست و شوێنی ڕاستەقینەی کاندیدەکان،

ئەوا پێشبینی ئەوەیان لێدەکرێت کە زۆرترین کاریگەری بکەنەسەر گۆڕانی هەڵوێست و شوێنی کاندیدەکە لەسەر پێوەرەکە. هەرچەندە ئەو ئاڕاستەیە ڕوون نیە کە دەبێت بەشداربوان گۆڕانەکەی تێدا بکەن. ئەگەر وا دابنێین نزیکەی نیوەی ئەو بەشداربوانە هەڵوێست و شوێنی کاندیدەکەی سەر پێوەرەکە دەگۆڕن،ئەوا ئەنجامی تێکڕا لە نێوان سەرانسەری بەشداربوان دەبێتە خاڵی ناوەڕاستی پێوەرەکە، ئەمەش شوێنی ڕاستەقینەی کاندیدەکەیە لەسەر پێوەرەکە.

ئەگەر شوێنی ڕاستەقینەی کاندید بە شێوەیەکی بەرچاو لە خاڵی ناوەڕاستی پێوەرەکە دووربکەوێتەوە، ئەوا دەبێت کەوانەیەکی شێوە جیاواز دەربکەوێت. نموونەیەک بۆ ئەو کاندیدەی کە شوێنە ڕاستەقینەکەی دەکەوێتە نێوان پلەکانی پێنجەم و شەشەم لەسەر پێوەرەکە،تاوەکو شوێنەکانی بەشداربوان لە شوێنی ڕاستەقینەی کاندیدێکی حەزپێنەکراو نزیکرت بێت، ئەوا ئەو بەشداربوانە زیاتر هاندەدرێن بۆئەوەی شوێنی کاندیدەکە لە خۆیان دووربخەنەوە. بەشداربوانی پلەی دووەم لەسەر پێوەرەکە لە بەشداربوانی پلەی یەکەم ی سەر پێوەرەکە زیاتر هەوڵی دوورخستنەوەی شوێنی کاندیدەکە دەدەن، بەشداربوانی پلەی سێیەمی سەر پێوەرەکە زیاتر لە بەشداربوانی پلەی دووەمی سەر پێوەرەکە هەوڵی دوورخستنەوەی شوێنی کاندیدەکە دەدەن، بەشداربوانی پلەی چوارەمی سەر پێوەرەکە زیاتر لە بەشداربوانی پلەی سێیەمی سەر پێوەرەکە هەوڵی دوورخستنەوەی شوێنی کاندیدەکە دەدەن. هەرچی بەشداربوانی پلەکانی پێنجەم و شەشەمن دەبێت شوێنی کاندیدەکە بۆ ئاڕاستەی پێچەوانەی شوێنەکانی خۆیان بگۆڕن بەمەبەستی بەرزکردنەوەی ڕادەی جیاوازی لە

نێوان شوێنەکانی خۆیان و شوێنی ڕاستەقینەی کاندیدەکە لەسەر پێوەرەکە.

هەرچەندە گرنگ نیە شوێنی ڕاستەقینەی کاندیدەکە دەکەوێتە کوێ، نابێت هیچ هاوپەیوەندیەکی نەرێنی دەربکەوێت. ئەگەر هەر هاوپەیوەندیەک دەرکەوێت، دەبێت هاوپەیوەندی ئەرێنی بێت ئەمەش تەنیا کاتێک دەردەکەوێت کە شوێنی ڕاستەقینەی کاندیدەکە بگاتە کۆتایی.

بەم شێوەیە بەڵگەی دەرکەوتنی نەرێنی کە لەو توێژینەوانەی پێشووتر هەبوو کە داتای بەش بەشکراویان بەکارهێنابوو (بەواتایەکی تر هاوپەیوەندیە بێ هێز و نەرێنەیەکانی نێو ئەوخەڵکانەی کە حەز بە کاندیدێک ناکەن) لە ڕاستیدا ناهاوتایە لەگەڵ تێڕوانینی دەرکەوتن. کەوایە ئەی بۆچی ئەو پەیوەندی نەرێنیانە هێندە زۆر دەردەکەوتن؟ زۆرترین ئەگەر ئەوەیە کە ئەوانە پرۆسەی تر بن لەگەڵ دەرکەوتن دا بگوزەرێن، وەیان دەرکەوتنی نەرێنی بن لە هەندێک شێوەی تردا دەردەکەون.

ڕوونکردنەوەیەکی شیاو پەیوەندیە گرنگەکانی نێو هەڵوێستەکان و هەڵوێستی کۆتایی و هەستیاری بەرانبەر نا هاوسەنگی دەگرێتەوە. پیشاندانێکی تیۆریانەی تیۆرەکانی لەگەڵ یەک گونجان پێشنیازی ئەوەیانکردووە کە چەند هەڵوێستێک بەلای کەسێکەوە گرنگ بێت، ئەوەندە زیاتر ئەو کەسە هەستیار دەبێت بەرانبەر بەو هەڵوێستە و ئەگەر نەگونجانێک هەبێت، دووبارە هەوڵی چارەسەری بۆ دەدات (زاجۆنک)ئەو بەڵگە کرداریانەی کە تاقیکردنەوەیان لەسەر کاریگەریەکانی دەرکەوتنی ئەرێنی (گرانبێرگ و سیدێڵ) و هەڵسەنگاندسان بۆ شوێن وتەکان هەڵوێستەکان کردووە (جود و هەراکویزیچ) وە تاقیکردنەوەیان لەسەر درک پێکردنەکانی هەڵوێستەکانی ئەوانی تر کردووە (جود و جۆنسن) هەر

هەموویان لەگەڵ ئەم بیرۆکەیە دەگونجێن کە چەندە هەڵوێستێک بەلای کەسێکەوە گرنگ بێت، ئەوەندەش ئەو کەسە هەستیار دەبێت بەرانبەر ئەو هەڵوێستە و لەئەگەری بوونی هەر نەگونجانێک هەوڵی دووبارە چارەسەرکردنی دەدات ئەمەش لەبەر گرنگی ئەو هەڵوێستە لەلای. سەرەڕای ئەوەش لەبەر ئەوی لە نێوا تاکەکان دا بۆ کێ هەڵوێستێک ئەو پەڕی گرنگی هەبێت، ئەوا ئەو کەسە ئارەزووی ئەوەدەکات کە تا زۆرترین ڕادە پشت بەو هەڵوێستە ببەستێت، نەک ئەو کەسانەی کە هەڵوێستەکە کەمتر گرنگی هەیە بەلایانەوە (جود و کرۆسنیک). دەبێت ئەو بەشداربوانەی کە دەکەونە کۆتایی پێوەرەکە بە شێوەیەکی بەرچاو کاندیدێکی حەزپێنەکراو لە پلەکەی خۆی لاببەن بە بەراورد لەگەڵ ئەو بەشداربوانەی کە دەکەونە ناوەڕاستی پێوەرەکەوە.

ئەو تاکانەی پشت بەشوێنەکانی کۆتایی لەپێوەرەکە دەبەستن ئارەزووی ئەوە دەکەن کە شوێنی کاندیدەکە لاببەن و ئەمەش هاوپەیوەندیەکی نەرێنی لاواز بەرهەم دێنێت کە توێژەرەوان لە ڕابردوو دا دۆزیویانەتەوە.تێکڕا پێشبینیەکانی ئەو بەشداربوانە کە لە پلەی چوارەمن لەسەر پێوەرەکە ناگۆڕێت، بەڵام ئەو بەشداربوانەی پلەکانی تر سەر پێوەرەکە هەریەکەیان بە گوێرەی نزیکی لە شوێنی کاندیدەکە هەوڵی گۆڕینی شوێنی کاندیدەکە دەات. ئەم گونجاندنانەش کەوانەیەک دروستدەکەن کە لێژیەکی نەرێنی هەیە. ئەگەر هاوپەیوەندی نێوان کۆتایی پێوەرەکەو گرنگی هەڵوێست کەمتر بەهێز بێت لەوەی کە دانراوە، ئەوا ئەو کەوانانەی کە درک پێکردنەکان بەیەکەوە دەبەستنەوە زیاتر ئاسۆیی دەبن.

بە کورتی، پێوانەکردنی یەکگرتنی شێوە هێڵەکی نێوان شوێنی هاووڵاتیەک سەبارەت بە کێشەیەک و درک پێکردنەکانی ئەو هاووڵاتیە

بەرانبەر بە وشوێنی کاندیدەکە، شتێکی گونجاوە بۆ تاقیکردنەوەی دەرکەوتنی ئەرێنی، بەڵام بۆ تاقیکردنەوەی دەرکەوتنی نەرێنی ناوگونجێت. هاوپەیوەندی نەرێنی و لاوازی نێو ئەو خەڵکانەی کە حەز بە کاندیدێک ناکەن، بە شێوەیەکی ئاسایی وەکو بەڵگەی نارێکی لێکدەدرێتەوە، کە لەوانەیە ئەو هاوپەیوەندیە نەرێنی و لاوازە لە دەرئەنجامی ئەوە وە دروست بوبێت کە ئەو خەڵکانەی لە کۆتایی پێوەرەکەن زیاتری ئارەزووی گۆڕینی شوێنی کاندیدەکە دەن لە خەڵکانی تر. هەربۆیە توێژینەوەکانی تری دەرکەوتنی نەرێنی کە پێوانەکانی یەکگرتنی شێوە هێڵەکیان بەکارهێناوە تەنیا زانیاری لێل و ناڕۆشن بەرجەستە دەکەن سەبارەت بە ڕەوایەتی گریمانەی دەرکەوتنی نەرێنی. لە ڕاستیدا، هاوپەیوەندیە نەرێنەیەکان، کە بەشێوەیەکی ئاسایی بە بەڵگەی دەرکەوتنی نەرێنی دادەنرێن، لە ڕووی بیرکردنەوەوە لەگەڵ گریمانەکە ناگونجێن.

توێژینەوەکانی داتای سەرانسەری کە پێوانەی شێوە ناهێڵەکیان بەکارهێناوە

تەنیا سێ توێژینەوە ئەو گۆڕانانەیان تاقیکردۆتەوە کە بە تێپەڕبوونی کات لە درک پێکردنەکانی کاندید روودەدات، ئەوانیش بەبێ بەکارهێنانی پێوانەی یەکگرتنی شێوە هێڵەکی بوون. ئەوەی خاڵی بەرچاو بێت ئەوەبوو کە هیچ کام لەم توێژینەوانە بەڵگەی دەرکەوتنیان بەدەستەوە نەدا. لە توێژینەوە چوار شەپۆلیەکەی ئەندەرسن و ئاڤێری (1978) کە توێژینەوەیەکی سەرانسەری بوو، هەڵوێستە سیاسیەکانی بەشداربوان و کاندیدە بە باش زانراوەکەیان زۆر بە جێگیری مانەوە، بۆیە ڕازیکردن و هەڵسەنگاندن لەسەر بنەمای سیاسی بە ڕادەی بەرچاو دەرنەکەوتن. بۆ نزیکەی لە سەدا سی و حەفتی نموونەکان درک پێکردنەکانی شوێنی

کاندیده بە باش زانراوەکە نزیکتر بۆوە لە شوێنی بەشداربوەکان، وەهەروەها درک پێکردنەکانی ئەو کاندیدانەی کە شوێنیان پێچەوانەی شوێنی دەنگدەران بوو، زیاتر لە شوێنی دەنگدەران دوور کەوتەوە. ئەم شێوازە جوڵە کردنەش بە شێوەیەکی ئاشکرا لەگەڵ گریمانەی دەرکەوتن دەگونجێت. هەرچەندە ئەوەندەی کە بەشداربوان هەست بکەن کە شوێنی کاندیدەکان لێیان دوور دەکەونەوە، ئەوەندەش کاندیدەکان هەست دەکەن لە شوێنی بەشداربووەکان نزیک دەبنەوە. بەهەمان شێوە ئەوەندەی بەشداربوان وا هەست بکەن کە کاندیدە بە باش زانراوەکەیان لێیان دووردەکەوێتەوە، کاندیدەکەی تر لە ئاڕاستە پێچەوانەکەی پێوەرەکە زیاتر لێیان نزیک دەبێتەوە. بەم شێوەیە ئەم داتایانە ڕێگە بەڕەتکردنەوەی ئەو گریمانەیە نادات کە تیایدا وا دەردەکەوێت کە شێوەکە تێکەڵ بەدەرکەوتن بووە زیاتر لەوەی پێشبینی دەکرێت لەلایەن ئەو جوڵانەوەی کە لەدرک پێکردن دا هەیە. (بۆ نموونە پێوانەکردنی هەڕەمەکیانەی هەڵە).

شافێر (1981) لێکۆڵینەوەیەکی هاوشێوەی ئەنجام دا و دەرئەنجامی هاوشێوەشی بەدەستەوە دا. شافێر شێوەیەکی سێکوچکەیی دروست کرد بۆ هەریەکێک لەبەشداربووەکان و ژماردنی بۆ ڕێژەی هاوسەنگی ئەو بەشداربووانەکرد، وەهەروەها تاقیکردنەوەی لەو گۆڕانانەکرد کە بە تێپەڕبوونی کات لە سێکوچکە هاوسەنگ و نا هاوسەنگەکان ڕوودەدەن. نزیکەی لەسەدا 42 ی ئەو بەشداربوانەی کە ناهاوسەنگ بوون لە کاتی (1) دا، هاوسەنگیان بەدەستهێنا لە کاتی (2) دا بەهۆی گۆڕینی درک پێکردنەکانیان بەرانبەر بە هەڵوێستەکانی کاندیدەکان. هەرچەندە ڕێژەی هاوشێوەی ئەم تاقیکردنەوەیە هاوسەنگیان بەدەستهێنا لە ڕێگەی ڕازیکردن یان هەڵسەنگاندن لەسەر بنەمای سیاسی. لەوەش گرنگتر، ڕێژەی ئەو

دەنگدەرانەی کە خۆیان هاوسەنگ بوون، بە تێپەڕبوونی کات ڕێژەی ئەو بەشداربوانە زیادی نەکرد. بەم شێوەیە وادەردەکەوێت کە هیچ جوڵەیەکی ڕێکخراو سیستەماتیکی بەرانبەر باری هاوسەنگی بوون ڕوونەداوە بە هۆی دەرکەوتنەوە.

کرۆسنیک تاقیکردنەوەیەکی جۆراوجۆری ئەنجامدا و داتای سەرانسەری بەکارهێنا، پێش تاقیکردنەوەکەش هەڵسەنگاندنی بۆ هەڵوێستەکانی خودی دەنگدەران کردبوو بەرانبەر بە کاندیدەکان، دواتر کرۆسنیک پێشبینی گۆڕانکاری دەکرد لە درک پێکردنەکانی دەنگدەران بەرانبەر کاندیدەکان. لەبەرئەوەی وا دەگونجا، دەرکەوتنی ئەرێنی وەک نموونەی یەکگرتنی هێڵەکی دانرا، دەرکەوتنی نەرێنیش وەک یەکگرتنی هێڵەکی دانرا لەسەر بنەمای داڕشتنی درک پێکردنەکانی بەشداربوێک بەرانبەر کاندیدێک. کرۆسنیک هیچ بەڵگەیەکی دیاری نەبۆ دەرکەوتنی ئەرێنی نەبۆ دەرکەوتنی نەرێنی نەدۆزیەوە لە تەواوی هەردوو کاندیدەکە دا (ڕێگان و مۆنداڵ)، وە سێ کێشەکەش (خەرجی حوکومەت، بەشداربوونی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە ناوەڕاستی ئەمریکا، ئەوکارانەی کە گەرەنتیان کراوە).

شیکاریەکانی ساڵی (1990)ی کرۆسنیک چەقی جەختکردنەوەکەی تەنیا خستبووە سەر ئەو گۆڕانانەی کە لە درک پێکردنەکانی کاندید ڕوودەدات لە ماوەی نێوان چاوپێکەوتنەکانی پێش هەڵبژاردن لەگەڵ چاوپێکەوتنەکانی دوای هەڵبژاردن، کاتی تێکڕای نێوان ئەم دوو ماوەیەش 47 ڕۆژبوو لە توێژینەوەکەی دا.

یەکێک لەو بەرەنگاریانەی کە لە تاقیکردنەوەکەی کرۆسنیک (1990) هەبوو دەستنیشانکردنی شوێنە ڕاستەقینەکانی کاندید بوو. کرۆسنیک ئەو

تاقیکردنەوەی ئەنجامدا بە بەکارهێنانی کۆمەڵێک ئەگەری جۆراو جۆر و جیاواز و ئەوەی دۆزیەوە کە هیچ گۆڕانێک لە دەرئەنجام و پێشنیازە سەرەکیەکانی شیکاریەکانی ڕوو نادات. هەربۆیە وا پێناچێت کە دەرئەنجامە کۆتاییەکانی پشت بەو لایەنەی شیکاریەکەی ببەستێت.

ئەم ماوەیەی کرۆسنیک تاقیکردنەوەکەی تیادا ئەنجامدا ماوەیەکی کورت بوو، لەوانەیە یەکێک بڵێت کە کاتێکی زۆر کەم بووە بۆ ئەوەی کاریگەریەکان بپشکنێت. لەوانەشە کاریگەریەکانی دەرکەوتن هەلەسەرەتای هەڵمەتی هەڵبژاردنەکەوە دەرکەوتبێت و درک پێکردنەکانی کاندید لە ناوەڕاستی هەڵمەتەکەوە تاکۆتایی بی جێگیری مابێتەوە. بەم جۆرە کرۆسنیک لە تاقیکردنەوەکەی ساڵی (1990) چەقی شکاریەکەی خستبووە سەر نیوەی دووەمی هەڵمەتەکە بۆیە لەوانەیە ئەو دەرکەوتنەی لەدەست چووبێت کە زووتر دەرکەوتووە.

کێشەیەکی شاراوەی تری ڕێبازەکەی کرۆسنیک (1990) ئەوەبوو کە کرۆسنیک هاوپەیوەندیە ئەرێنیەکانی نێوان شوێنە دەربڕدراوەکانی کاندید لەگەڵ شوێنەکانی خودی بەشداربووان پشت گوێ خستبوو. ئەگەر هاوپەیوەندیەکی لەم چەشنە پەرەی پێدرابووایە لە ماوەی تاقیکردنەوەکە، لەوانەیە لەوکاتەدا ئەو هاوپەیوەندیانە بەشێوەی کاریگەریەکانی دەرکەوتنی نەرێنی ڕووبەندکراو دەرکەوتبان. هەرچەندە ئەگەر هەمەجۆریەتیەکی ڕێکخراو لە هەڵوێستە دەربڕدراوەکانی کاندیدەکان درک پێکردنەکانی دەنگدەرانی بەرانبەر ئەو کاندیدانە گۆڕی با، لەوانەیە یەکێک پێشبینی دەرکەوتنی هاوپەیوەندی ئەرێنی کردبا لە تاقیکردنەوە سەرتاسەریەکانی دەرکەوتنی ئەرێنی دا. لە ڕاستیدا دەرنەکەوتنی ئەو هاوپەیوەندیە ئەرێنیانە لە توێژینەوەکەی کرۆسنیک لە (1990) پێشنیازی ئەوە دەکات

که هەڵە هاو پەیوەستەکان پەرەیان پێنەدراوە و ئەو هەڵانەش ڕووبەندێک دروست ناکەن وەک بەڵگەی دەرکەوتنی نەرێنی.

بەمشێوەیە هەر سێ توێژینەوەکە سەروکەتوو بوون لە جیاکردنەوەی دەرکەوتن لە رازیکردن و لە هەڵسەنگاندن لەسەر بنەمای سیاسی، وەهەرسێ توێژینەوەکەش دوورکەوتنەوە لە پێوانەکردنی یەکگرتنی شێوە هێڵەکی لەبەر ئەوەی هیچ بەڵگەیەکی نەدەرکەوتنی ئەرێنی وە نەدەرکەوتنی نەرێنی نادا بەدەستەوە.

## کۆتایی

## بۆ دەرکەوتنە گشتیەکان

ئەگەر ئێمە لەکارکردن داین بۆئەوەی بەڵگەی هاوتا لەگەڵ گریمانەکان دروست بکەین، ئەوا ئەوەندەی لە ئەدەبیاتی دەرکەوتن لەبەر دەستمان دایە بە شێوەیەکی ئاشکرا بەجێهێنانێکی پتەو نیشان دەدات. لەهەمان کاتدا زانایانی سیاسی و دەروونناسان چەندان دۆزینەوەیان بەدەستهێناوە کە لەگەڵ گریمانەی دەرکەوتن دەگونجێن. هەرچەندە زۆربەی ئەوبەڵگانە بەمان شێوە هاوتان لەگەڵ ئەو گریمانانەی تر کە لەسەر بنەمای تیۆری دانرون. وەکاتێکیش ئەو گریمانانە یان پرۆسانە بە شێوەیەکی پاک و خاوێن تاقیدەکرێنەوە، ئەوا ئەو گریمانانە بە شێوەیەکی ڕێک و پێک پاڵپشتیان لێدەکرێت. بەم شێوەیە لابردنی کاریگەری هەموو ئەو پرۆساکانی لەم چەشنە شتێکی پێویستە بەمەبەستی بەرجەستەکردنی تاقیکردنەوەیەکی ناچاری دەرکەوتن و ئەمەش هێشتا بەئەنجام نەگەیەندراوە.

بۆچی کارێکی تێکەڵ نەکراو و یەکلاکەرەوەی لەم شێوەیە تا ئێستاش ئەنجام نەدراوە؟ یەکەم لەبەرئەوەی کارێکی لەم شێوەیە کاتێکی زۆری لێکۆڵەرەوان دەبات تاوەکو پرۆسە تێکەڵاو هەمەجۆرەکان بناسێنن، وەگەشەسەندن و بڵاو بوونەوەی زانستیش بەو شێوەیە خێرا نیە کە ئێمە حەزی پێدەکەین. دووەم لەبەرئەوەی وادادەنرێت لەیەک جیاکردنەوەی ئەو پرۆسە جۆراوجۆرانە بڕێکی زۆری بەرەنگاری فکری دەوێت. ئەگەر کارێکی یەکلاکەرەو لەیەک جیاکەرەوە هێندە ئاسان بووایە، ئەوا بەدڵنیایەوە لێکۆڵەرەوان پێشووتر ئەنجامیان دابوو. سێیەم ئەگەرچی پێدەچێت کە داتای پانێڵی چارەسەری زیاتری کێشە سەرەکیەکان بکات، بەڵام ئیشکردن لەسەر داتای پانێڵی زەحمەتترەو وە شیکاریکردنیشی لە داتای بەش بەشکراو زەحمەتترە. لە کۆتاییدا، بیرۆکەی دەرکەوتن زیاتر شتێکە تایبەتە بەبیر و بیرکردنەوەوە، لەوانەیە خەڵک دووره پەرێز بن لێی و گومانیان لە ڕاستی و دروستی هەبوونی پاڵپشتی کرداریانە هەبێت بۆی. لەوانەیە هەندێک لە چاودێران ئەم بیرۆکەیە بە شتێکی باش و ڕاست دابنێن.

کۆسپێکی تری بەردەم تاقیکردنەوەکانی دەرکەوتن شکست هێنانی بووە لە نیشاندانێکی تیۆریانەی ڕێک و پێکی گریمانەکان بووە، بەتایبەتی لە نیشاندان بە زارەوەو زمانی بیرکاریانە. گومان لەوە دانیە کە پشت بەستنی نەریتیانەی زانایانی کۆمەڵایەتی بە تەکنیکە ئاماریەکان ئەوەبووە کە گریمانەیان بۆ پەیوەندی هێڵەکی کردووە لە نێوان گۆڕاوەکان. لەبەرئەوەی بەرنامەی کۆمپیوتەری زۆر لەبەر دەست دایە بۆ شیکاری شێوە هێڵەکی و لەبەرئەوەی زۆر ئاشناین بە بەکارهێنانی، حەزی یەکەممان پەیوەست بوونە بەو شتانەی کە دەیانزانین. وەکاتێکیش توێژینەوەکانی سەرەتا ئەنجامی وایان بەرهەم هێنا کە پێدەچوو گونجاو

بن، وادادەنرێت کە تەنانەت شیکەرەوەکان کەمتر ئارەزووی ئەوەیان دەکرد کە گریمانەکانی هاوتای ئەوانە تاقی بکەنەوە.

ئەگەر بمانەوێت بەڵگەی باوەڕپێکراو سەبارەت بە دەرکەوتن یان سەبارەت بە هەر پرۆسەیەکی تری سایکۆلۆژی لە سیاسەت دا، ئەوا دەبێت ئەو بە هەڵە داچوونانەی کە لێرە دەستنیشانکراون دووربکەوینەوە لێیان. بە شێوەیەکی ئاشکرا، کاتێک پێشنیازی تاقیکردنەوەی گریمانە هۆیەکان دەکەین، دەبێت جەخت لەسەر ئەوە بکەینەوە کە داتای بەش بەشکراو ئەنجامی پاڵپشتیکەری بۆ ئەو گریمانانە دەدا بەدەستەوە. لەسەردەمی ئێستا دا چەندان گریمانەی هۆیی لە سایکۆلۆژیای سیاسی دا لە ڕووی کرداریەوە بە ڕەوا دادەنرێن، سەرەڕای ئەوەی کە ئێستاش تەنیا بەڵگەی بەش بەشکراو لەبەردەست دایە. ئەگەر ئەو جەختکردنەوانە زۆر بەهێزانە وەک تێڕوانینی یەکلاکەرەوە وەربگیرێن، ئەوا دەبنە هۆی دواخستنێکی بەرچاو لە بوارەکەدا.

گومان لەوەدانیە کە دەکرێت داتای بەش بەشکراو پڕزانیاری بێت سەبارەت بە ڕاستی و ڕەوایەتی گریمانەیەکی هۆیی. ئەگەر هاوپەیوەندیەکی پێشبینیکراو شکستی هێنا لەوەی کە دەربکەوێت، ئەوا گومان دەخاتە سەر ئەو پرۆسە هۆییەی کە پێشنیاری پێشبینی کردنی ئەو هاوپەیوەندیەی کردبوو. بەڵام ئەگەر کاریگەری پێوانەکردنی هەڵە هاوپەیوەستەکان لانەبردرێت، ئەوا تەنانەت هاوپەیوەندیەکی پاڵپشتی کەریش زۆر پڕ لە زانیاری نابێت و زانیاری نابەخشێت. وەکاتێکیش نیشاندانێکی باوەڕپێکراوی هاوپەیوەندیەکی پاڵپشتی کراو بەرجەستەکرا، وا پێدەچێت کە پێویست بێت بۆ ئەوەی یان میتۆدە شیکاریەکانی داتای سەانسەری بەکاربێنین (کێسلەر و گرینبێرگ،وەیان میتۆدە تاقیکاریەکان بەکاربێنین

(کیندەر و پاڵفرەی 1993) بەمەبەستی دەسنیشانکردنی ماقولیەتی و پەسندیەتی گریمانەیەک بە شێوەیەکی کاریگەرتر. سەبارەت بە گریمانەی دەرکەوتن و چەندان لایەنی تر لە سایکۆلۆژیای سیاسی دا، وا پێدەچێت شتێکی داداپەروەرانە بێت کە بڵێین کە تائێستاش کاری پێویست ئەنجام نەدراوە.

## لە گریمانەی دەرکەوتن دا چیمان بۆ دەردەکەوێت

دەربارەی بیرۆکەی گریمانەی دەرکەوتن، لەوانەیە گونجاوترین شت ئەوە بێت کە بگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە ئەگەرچی ئەو پرۆسە بە گریمانەکراوە لە وانەیە بەشێوەیەکی باش لە درک پێکردنی کاندیدە سیاسیەکان دەربکەوێت، بەڵام سەرەڕای ئەوەش دەبێت هێشتا بە شێوەیەکی باوەڕپێکراو بخرێتە ڕوو. هەرچەندە سەرەرای ئەو دەرئەنجامەش، مەبەستم سست کردن و هان نەدان نیە بۆ ئەوەی لە داهاتودا توێژینەوە لە سەر گریمانەی دەرکەوتن ئەنجام نەدرێت. وەلەوەش زیاتر شتێکی بێ مانایە ئەگەر بڵێین هەرگیز ناتوانین هیوا بۆ لێکدانەوەی ڕوون ستاندەرد بخوازین لە گریمانەی دەرکەوتن دا. بەڵام بە دڵنیایەوە ئەوە شتێکی ڕوونە کە دەتوانین بە شێوەیەکی باشتر کار لە سەر ئەو داتایەانە بکەین کە لەئێستا دا لەبەر دەست دان و شیکاری باشتریان بۆ بکەین بۆ مەبەستی بەرزکردنەوەی ڕادەی باوەڕپێکراویەتی و دڵنیایی ئەو دەرئەنجامانەی کە لە توێژینەوەی گریمانەی دەرکەوتن دەردەکەون.

لەوانەیە هەرگیز تاکە توێژینەوەیەک نەتوانێت بە شێوەیەکی باوەڕپێکراوی کۆتایی گریمانەی دەرکەوتن بخاتەڕوو، لەبەرئەوەی لەوانەیە چەندان لێکدانەوەی گونجاو جێگرەوە بۆ هەر خستنەڕوێک دەربکەوێت.

هەرچەندە بەڵگەکان جیاوازن لەوەی کە تا چ ڕادەیەک باوەر بە خوێنەران دەهێنن، هەربۆیە توێژینەوەکانی داهاتوو کە هەوڵدەدەن چەندان لێکدانەوەی ڕوونتر و ماقولتر بۆ کاریەگەریە سەرەنجداروەکان بخەنەڕوو، دەتوانن لە واتای دەرئەنجامی توێژینەوەکانیان خوێنەران لە بارێکی کەمێک دڵنیاتر جێبهێڵن. ئەم توێژینەوانەی داهاتووش بارێکە کە زیاتر خۆزگەی بۆدەخوازرێت، ئەگەرچی لەوانەیە لێکدانەوە شیاو جێگرەوەکان هەرگیز بە تەواوی ون نەبن و کۆتاییان نەیێت.

زیاتر لە ساردکردنەوە و سستکردن، هیوادارام ئەم بەشە دووبارە توێژینەوەی دەرکەوتنی چالاک کردبێتەوە. توێژینەوە هەبووە لەم بوارەدا، بەڵام لەم ساڵانەی دوایدا لە ناوچوون، وادادەنرێت کە لەبەرئەوە بێت زانایانی و پسپۆڕانی سیاسی بەو جۆرە تێڕوانینیان بۆ گریمانەی دەرکەوتن کردبێت کە بە شێوەیەکی باوەڕپێکراوی کۆتایی ڕاست و ڕەوابێت. ئەوەی کە زۆرجار ئەو کارانەی دوای لەخۆیان دەگرن ئەوەیە کە هەمان میتۆدی شیکاری دووبارەو چەند بارە لە سەر داتایە نوێیەکان جێبەجێ دەکەن بەبێ ئەوەی پرسیار لە ڕاستی و ڕەوایەتی کارەکەیان بکەن. لەبڕی ئەمە دەبێت بە هۆی میتۆدە شیکاریە نوێیەکان کار لەسەر داتا کۆنەکان بکەین. هیوادارم ئەم بەشە تیشکی خستبێتە سەر ئەو بەرەنگاریانەی کە لەوانەیە سەرنجی توێژەرانی لەم بوارەدا ڕاکێشابێت بۆ ئەوەی کاری سودبەخشتر و بنیاتنەر بکەن.

لەوانەیە تاڕادەیەک شتێکی نابەجێ بێت کە بەشێک بخوێنینەوە پڕبێت لە ڕەخنە و هیچ دەرئەنجامێکی کۆتایی و کۆنکریت و پێشنیازی بنیاتنەری تێدا نەبێت سەبارەت بە چارەسەری ئەو کێشانەی کە خراونەتەڕوو. هەرچەندە کە ئەو کێشانەی گفتوگۆیان لەسەر دەکەین تا

ئەوپەڕی ئاڵۆزن و پێویستیان بە شیکاری زۆر پێشکەوتووی فکری هەیە. بەمەبەستی هاندانی لێکۆڵەرەوان تاوەکو گفتوگۆ لەسەر ئەو کێشانە بکەن، پێدەچێت گونجاوترین شت بێت تاوەکو لەم خاڵەدا بە تێرو تەسەلی باسی تیشک خستنەسەر و گرنگی ئەو هەوڵ و تاقیکردنەوە و شیکاریانە بکرێت کە هەر لە مێژەوە تا ئێستا بۆ گریمانەی دەرکەوتن دەکرێن، ئەمەش وادەکات کە ئێستا ئەو گریمانەیە شایستەی توێژینەوەیەکی ووردتر بێت.

هەرچەندە لەوەش گرنگتر ئەوەیە کە نابێت لەبەر زۆر قوڵبوونەوەمان لە بابەتەکە ڕۆڵی درک پێکدرنی کاندید لەبیربکەین. لەوانەیە گرنگترین و سەرەکیترین پرسیار ئەوە بێت کە درک پێکردنانە چەند دەقیق و تەواو و دروستن. ئەگەر دەرکەوتن کاریگەریەکی دیارو زاڵ بەکاربێنێت، ئەوا کەواتا نابێت پێشبینی ئاستە بەرزەکانی دیقە و دروستی بکەین و وەهەروەها دەنگدەرانیش ئەو توانایەیان نیە کە وەکو هاوڵاتی دیموکرات کاربکەن. بەڵام کرۆسنیک ئەوەی نیشاندا کە ئەو نموونانەی کە لە هەرزەکارە ئەمریکیەکان وەرگیراون بە شێوەیەکی بەرچاو دروستی و دیقەیان پێوە دیاربوو لە درک پێکردنەکانیان بەرانبەر هەڵوێستەکانی کاندیدەکان لەسەر کێشە سەرەکیەکانی ساڵی. لەوەش زیاتر درک پێکردنەکان بە تایبەتی لە نێو ئەو هەرزەکارە ئەمریکیانە دا تەواو و دروست بوون کە زۆر لە سیاسیەت تێوەگلابوون، ئەمەش وادادەنرێت کە لەبەرئەوە بێت ئەو هەرزەکارانە بە شێوەیەکی ئاسایی زانیاری زۆریان دەربارەی کاندیدەکان هەبێت لە ڕێگەی میدیاوە بێت. لارسن ئەنجامێکی هاوشێوەی بە دەستەوە دا کە دەنگدەران دەتواننبە شێوەیەکی دروست شوێنەکانی کاندیدەکان فێربن ئەگەر شوێن و هەڵوێستەکانی ئەو کاندیدانە لەڕێگەی میدیاوە بگوازرێنەوە و نیشان بدرێن. بەم شێوەیە وا پێدەچێت کە نا دروستی لە

درکپێکردنی کاندید بەپرسیارەیەتی میدیا بێت بەوەی کە بە شێوەیەکی پێویست ئەو کێشانەی نەگرتۆتە خۆ و تیشکی نەخستۆتە سەریان (پاترسن و ماککلور 1976)، نەوەکو ئەو نادروستیە لە درکپێکردنی کاندید بەهۆی ناتەواوی سایکۆلۆژیانەی دەرکەوتن بێت لە چوارچێوەی مێشکی مرۆڤ دا.

**بەشی پێنجەم:**

دەروونزانی سیاسی و دروستکردنی بڕیاری سیاسی

بڕیاری سیاسی چۆن دروستدەکرێت (وەردەگیرێت)؟

ناساندنی هەڵوێستەکان یان دەستنیشانکردنی کێشەکە

-دیاریکردنی ئامانج

قۆناخی دیاریکردنی جێگرەوە (بەدیل)

وەرگرتنی بڕیار

جێبەجێکردنی بڕیار

هەڵسەنگاندنی دەستکەوتی بڕیارەکە

چاوپێداگێڕانەوە بە بڕیارەکە

**دەروونزانی سیاسی و دروستکردنی بڕیاری سیاسی**

پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری سیاسی شوێنێکی دیاری لە شیکردنەوەی سیاسی هاوچەرخدا گرتووە،چونکە ئەو پڕۆسەیە بەردەوام هەمیشە بە وێناکردنی ئامانج و پێکهاتەکانی ئەو ئامانجە بەستراوەتەوە .

تا ئێستاش پێناسەیەکی دیاریکراو بۆ دروستکردنی بڕیاری سیاسی دانەنراوە،بە شێوەیەک کە تەواوی زاناو پسپۆرو تۆژەرانی بواری سیاسەت لەسەری کۆک و تەبا بن، بەڵام تا رادەیەک پێیانوایە کە پڕۆسەی دروستکردنی بڕیاری رێگایەکە بەهۆیەوە لەقۆناخێک بۆ قۆناخێکی دیکەی سیاسی دەگوازرێتەوە، بەڵام زۆربەشیان لە هەنگاونانەکانی دروستکردنی بڕیارەکەو شیکردنەوەی شێوازو وەرگرتنی بڕیارەکە جیاوازن.بەڵام بە گشتی دەتوانین بڵێین: پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری سیاسی ، پرۆسەیەکی دینامیکییە و لە کۆمەڵێک توخم و رەگەزو رەهەندو قۆناخ پێکدێت، لە چوارچێوەی کاریگەرییەکان و مەرج (قیود)وسنوور بۆدانراوە فرەو جیاوازەکان، هەروەها هەموو رەفتارو ئاوێتەبوونی دامەزراوەو ئەو رەفتارانەی پەیوەستن بە دروستکردنی بڕیارەکە دەگرێتەوە .

له بنەڕەتدا پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری سیاسی ،پرۆسەیەکی سیاسی و هونەری و دەروونی و ئابووری و کۆمەڵایەتیشە،بە لەبەرچاوگرتنی ژینگەو دەوروبەری دروستکاری بڕیارەکە. دروستکردنی بڕیاری سیاسی تەنیا بۆ وەرگرتنی بڕیارەکە نییە، بەڵکو بۆ جارێکی دی ڕێکخستنەوەو هەنگاونان بۆ بەرەو پێشەوەچوونە.

پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری سیاسی ، پەیوەندییەکی توندی بە هێزو هەژموون(القوة والنفوذ)ەوە هەیە،ئینجا ئاستی پێگەیشتنی ئەقڵانیەت لەچوارچێوەی بەهای کۆمەڵدا، ڕۆڵی خۆیاندەبینن،کە هەموویان تێکەڵ بە یەکدی دەبن و ئەنجام بڕیارێکی لێ دێتە ئاراوە، کە گوزارشت لە دابەشبوونی هێزو دەسەڵاتخوازی بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکان دەکات. بێگومان کۆمەڵێک هۆکاری کاریگەریش هەن کە کاریگەریان بەسەر دروستکردنی بڕیاری سیاسییەوە هەیە، بەر لە هەموویان سەرکردە یان سەرۆک و کەسایەتی ئەو سەرۆک یان سەرکردەیەو ئاستی پاوانخوازییەکەی و هەروەها پێکهاتە ئابووری و کۆمەڵایەتی(بە دەروونییەکەیەوە)ڕۆڵی هەرە گرنگ دەبینن لە دروستکردنی هەر بڕیارێکی سیاسیدا، ئینجا حیزبە سیاسییەکان و کۆمەڵەی بەرژەوەندخوازەکان و سروشتی سیستەمی سیاسی و...هتد. واتا پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری سیاسی دەکەوێتە ژێر کاریگەری باری دەروونی و ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی.

هەڵبەت دەبێت ئەوەش لەبەرچاو بگیرێ پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری سیاسی لە سەرکردەیەکی دیموکراتی جیاوازە لە سەرکردەیەکی نادیموکراتی، سەرکردەی سیاسی دیموکراتی، بۆ تەواوی ئەو کەناڵانە دەگەڕێتەوە کە پێویست بە بەشدارکردنیان دەکات لە بڕیارەکە، بەڵام

سەرکردەی نادیموکراتی، بۆ کەناڵە جۆراوجۆرەکان ناگەڕێتەوەو راستەوخۆ بڕیارەکە دەردەکات، ئەنجامەی هەر چییەک بێت.

دروستکردنی بڕیاری سیاسی بە لەبەرچاوگرتنی دوو تێڕوانینەوە دێتە بەرهەم، یەکەمیان تێڕوانینێکی بابەتیانەیە، ئەم تێڕوانینە پڕۆسەی دروستکردنی بڕیاری سیاسی لە گۆشەنیگای ژینگە سیاسی- کۆمەڵایەتی- ئابووری-کولتوورییەکەوە شیدەکاتەوە، ئینجا ئەنجامیدەدات، دووەمیشیان، تێڕوانینی سەرکردەی سیاسی فەرمانڕەوا خۆیەتی، کە لە گۆشەنیگای ژینگەی دەروونی خودی سەرکردەکەوە چڕ بۆتەوە، ئینجا بۆ چەند کەسێکی کەمی نوخبەی سیاسی کە لە دەوروبەری سەرۆک یان سەرکردەکەن، درێژ دەبێتەوە.

زۆرجاری وا هەبووە، ئەوانەی بڕیارەکە جێبەجێدەکەن، بەشدارییان لە دروستکردنی بڕیارەکە نەکردووە،لە سیستەمە نادیموکراتییەکاندا، تەنها یەک سەرکردە بڕیارەکەی داوەو تەنانەت سەرکردەکانی دەوروبەریشی پەروێز خراون، ئەمە لەکاتێکدا دروستکردنی بڕیاری سیاسی درێژبوونەوەی بزاڤی سیاسییە لە چوارچێوەی ژیانی گشتیدا. دروستکردنی بڕیاری سیاسی لە بنەمادا خاڵی بەیەکگەیشتنی نێوان گۆڕانکارییەکانی رابردوو ئایندەیە، واتا بڕیاری سیاسی لە نێوان کۆتایی گۆڕانکارییە سیاسییەکان و دەسپێکی گۆڕانکاری سیاسی دیکەیە. هیچ بڕیارێکی سیاسیش ئامانج نییە، بەڵکو ئامرازێکە بۆ وەدیهێنانی ئامانجە دیاریکراوەکە.بە دیوەکەی دیدا، هەر بڕیارێکی سیاسی کە دەسەڵاتی حوکمڕان لە کۆمەڵگا دەریدەکات، جگە لە دەزگاکانی جێبەجێکار لەسەر ئاستە جۆراوجۆرەکان و دەزگای تایبەتمەند بۆ ئەو جێبەجێکردنە، هاوکات ئەوەش دەستنیشاندەکرێت کە ئاخۆ ئەو بڕیارە تا چ ئاستێک لە نێو رۆڵەکانی ئەو کۆمەڵگایە پێشوازی

لێدەکرێت بۆ جێبەجێکردنەکەو کاریگەری ئەو بڕیارەش لەسەر هێنانەدی ئاوات و ویست و خواستەکانی هەر تاکێک لە پێناوی زیاتر ئاسوودە بوونی چەندە، چونکە هەر بڕیارێکی سیاسی تەنانەت ئەگەر کۆمەڵایەتیش بێت، دوور بێت لە خواست و هیوای کۆمەڵگا، ئەوا ئەو بڕیارە لە بەجێگەیاندنی پەیامەکەی خۆی سەرکەوتوو نابێت و تووشی جۆرێک لە چەقبەستوویی یان پاشاگەردانیش دەبێت، لەبەر ئەوەیە گرنگە بڕیارەکان لە چوارچێوەی ئەو سیستەمە کۆمەڵایەتییەش بێت و بۆ بەرژەوەندی ئەو کۆمەڵگایەش بێت و هەر تاکێکی ناو کۆمەڵگا هەست بکات ئەو بڕیارە بۆ سوودو بەرژەوەندی ئەو هاتۆتە دروستبوون.

- **بڕیاری سیاسی چۆن دروستدەکرێت(وەردەگیرێت)؟**

پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری سیاسی یەکێک لە گرنگترین توخمە چالاکەکانی پرۆسەی بڕیاری سیاسییە.چونکە پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری سیاسی شوێنێکی گرنگ و کاریگەری لە شیکردنەوەی سیاسی هاوچەرخدا هەیە،چونکە هەمیشە بڕیاردروستکردن پەیوەندی بە وێنای پێکهاتەی ئامانجەکانەوە هەیە،هەروەها بە هۆی دروستکردنی بڕیاری سیاسییەوە، لە قۆناخێکەوە بۆ قۆناخێکی دیکە دەگوازێتەوە، بەڵام هەنگاوەکانی دروستکردنی بڕیار لە زۆر کاتدا لە سەرکردەیەکەوە بۆ سەرکردەیەکی دیکە دەگۆڕێت، چونکە شێوازی وەرگرتنی بڕیارەکەیان جیاوازە.بڕیار دەربڕینێکە لە هەڵبژاردنی نێوان کۆمەڵێک بەدیل بۆ چارەسەر کە دەخرێنە روو بۆ کێشەکە،پرۆسەی دروستکردنی بڕیار، بەشێکی گرنگە لە کارو کردەوەی دروستکارانی بڕیارو پرۆسەی دروستکردنی بڕیارەکان.

پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری سیاسی پرۆسەیەکی ئاڵۆزەو بە چەندین قۆناخدا رەتدەبێت،کە کاریگەریان بەسەر هۆکارە دەروونی و ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و تەنانەت رۆشنبیریشەوە هەیە،چونکە دروستکردنی بڕیاری سیاسی لە بنەڕەتدا وەرگرتنی کۆمەڵێک رێکاری ئاڵۆزە، کە سازش و گفتوگۆو رێگای ئاشتیانە دەگرنە بەر بۆ گەیشتن بە چارەسەرێکی مامناوەندی و تەوفیقی. لە راستیدا دروستکردنی بڕیاری سیاسی یان بڕیاردان لە پرۆسەیەکی سیاسیدا دەربڕینێکی دابەشکردنی هێز و هەموو ئەو دەسەڵاتانەی لەبەردەستدا هەن دەگرێتەوە،بۆ ئەوەی بە باشترین و سەرکەوتووترین شێوە ئامانجی خۆی بپێکێ.

بێگومان کۆمەڵێک هۆکاریش هەن کە کاریگەریان بەسەر دروستکردنی بڕیاری سیاسییەوە هەیە، بۆنموونە: رۆڵی سەرۆک و کەسایەتییەکەی و چاوتێبڕینەکانی (تموحاتەکانی)، هەروەها پێکهاتەی ئابووری و کۆمەڵایەتی و، رای گشتی و حیزبە سیاسییەکان و،کۆمەڵەی بەرژەوەندخوازەکان و ، سروشتی سیستەمی سیاسی و...هتد.

بڕیاری سیاسی بە چەندین قۆناخی جیاوازو بەیەکەوە گرێدراو تێپەڕدەبێت، هەندێکیان تەنیا بۆ چوار قۆناخی جیاوازی دەگێڕنەوە، کە بریتین لە: دیاریکردنی ئامانج لە بڕیارەکە، خستنە رووی چەند جێگرەوەیەک (بدائل) بۆ بڕیارەکە،دەستکەوت لە بڕیارەکە، ئامرازەکان و بەرپرسیارێتی لە جێبەجێکردنی بڕیارەکە.. بەڵام بە گشتی دروستکردنی بڕیاری سیاسی بەم قۆناخانەی خوارەوەدا رەتدەبێت:

ناساندنی هەڵوێستەکان یان دەستنیشانکردنی کێشەکە

- دیاریکردنی ئامانج
- قۆناخی دیاریکردنی جێگرەوە (بەدیل)

- وەرگرتنی بڕیار
- جێبەجێکردنی بڕیار
- هەڵسەنگاندنی دەستکەوتی بڕیارەکە
- چاوپێداگێڕانەوە بە بڕیارەکە

**ناساندنی هەڵوێستەکان یان دەستنیشانکردنی کێشەکە**

کێشە یان گرفت، بە واتای لادان یان نا هاوسەنگی دێت لە نێوان بوونەوەرەکان، یان لە نێوان ئەو شتانەی کە هەن،ئەمەش یەکەمین هەنگاوە بە ئاراستەی دروستکردنی بڕیاری سیاسی و لە هەمووشیان مەترسیدارترە، چونکە دەستنیشان نەکردنی وردی گرفتەکە، دەبێتە هۆی بەسەرچوونی کاتێکی زۆرو ماندووبوونێکی زۆریش کە هەمووی بە فیڕۆ دەڕوات، بەتایبەت لە کاتی ڕوودانی قەیرانێکی قووڵدا. بۆیە لەو قۆناخەدا داڕێژەرانی بریار هەوڵدەدەن بچنە بنج و بناوانی کێشەو گیروگرفتەکان، بۆ ئەم مەبەستەش سەرجەم لایەنە پەیوەندارەکان دیارو دەستنیشان دەکەن، هێزو توانای ئابوری سیساسی و سوپاییان هەڵدەسەنگێنن و،هەموو ئەگەرەکانی کاردانەوەو بەرپەچدانەوەیان لەبەرچاو دەگرن.

لەم قۆناغەدا دەزگاکانی زانیاری کۆکردنەوە، دەزگای دیپلۆماسی دەوڵەت، دیدی سەرکردایەتی سیاسیی وڵات بۆ ئایندەی روداوەکان، رۆڵی گرنگ و یەکلا کەرەوە دەگێرن، هەموو هەڵوێستەکیش لە رووی سروشتیەوە دوو رووی تەواو جیاوازو ناکۆک لەگەڵ یەکتری پێکدەهێنن روویێک سازو ئامەدە کردنە – التعبئة – لەو هەڵوێستەی کە لە واقیعی ئێستادا هەیە، رووەکەی تریش لایەنی دەروونیە، واتە ئەو هەڵوێستەی کە

لەلایەن دروستکەرانی بریارەکەوە تێیدەگەن و لێکیدەدەنەوە، ئەوەی پەیوەندی بە هۆکاری یەکەمەوە هەیە کۆکردنەوەی زانیاریەکانەو گواستنەوەیەتی بۆ بڕیار بەدەست یاخود دروستکاری بڕیار بە مەبەستی سود وەرگرتن لەو زانیاریانە.

هەڵبەت زانیارییەکان پێویستە زۆر راست و دروست بن، دەستەیەکیش بە چاودێریکردن و بەشداریکردنی بڕیار بە دەستەکان یا دروسکەری بڕیارەکەوە بۆ هەڵسەنگدانانی ئەو زانیاریانە دابنرێت و زانیاریەکان باش تاوتوێبکەن، چونکە ئەم زانیاریانە وەک بنەمایەک ڕۆڵی خۆیان لە پێناساندن و زانینی هەڵوێستەکەدا دەگەڕێن، جێگای ئاماژە بۆ کردنە هەڵسەنگێنەرانی زانیاریەکانیش لەسەریان پێویستە کە ئێجگار وردو بابەتی بن و زۆر جاری وا هەیە،پێویست دەکات ئەو زانیاریانەی کە لەبەردەستدان بەس نەبن بۆ پێناسەکردن و ناساندنی هەڵوێستەکە، بۆیە دەبێت چاوەروانی یاخود داوای زانیاری فرەتر بکەن، چونکە کۆکردنەوەو هەڵسەنگاندنی ئەو زانیارییانە بنەمایەکن کە کۆمەڵێک هەڵوێست و بەدواداچوونی دیکە لەئامێز خۆی دەگرێت، بەم پێیە ناساندن و زانینی هەڵوێستەکان بە قۆناخی خۆیاندا تێپەر دەبێت تا ئەو جۆرە هەڵویستە وەردەگیرێ یاخود دێتەکایەوە کە پێشوەخت بە درکپێکردن و هەستپێکردنەوە خۆی گەڵاڵە دەکات. زۆر جار وا دەبێت ئەو هەستپێکردنە لەلایەن دوو کەسەوە بەهۆی جیاوازیان لە ئەزمون و کەسایەتی و شێوەو باری دەروونی و هتد لە پشتبەستنیان بەو زانیاریانیەی کە لەبەر دەستیاندا هەیە بەشێوەی جیاواز ڕەهەندەکانی ئەنجامەکانی.. هتد ،هەڵدەسەنگێندری و لێکدەدرێتەوە.

له کاتی نەبوونی زانیاری یان له کاتی کەمی زانیاری لەسەر کێشەو قەیرانەکە،دروستکەری بڕیار زیاتر پشت به تێڕوانینی خۆی بۆ قەیران و گرفتەکە دەبەستێ،ئەو تێڕوانینە له ئەنجامی شارەزایی و ئەزموونی کەسیی خۆیەوە دێتە دی، که ئەو سەرکردەیە تا چەند پشت به سۆزو عاتیفە دەبەستێ له کاتی وەها گرنگدا، یان تا چەند پشت به پەرچەکردار دەبەستێ، چونکه به نەبوونی تەواوی زانیارییەکان بۆ کێشەکە، تەواوی ڕەهەندەکان و هەڵوێستەکان و..هتد به وردی لەبەرچاو ناگیرێن.

**دیاریکردنی ئامانج**

مەبەست له ئامانج حاڵەتێکی ئایندەییە که دروستکەری بڕیار له ڕێگای چالاکیەکانیەوە بۆی دەچێت بەرەو ڕێکخستنی دەرەوەی سنووری سیاسی دەوڵەتەکەی. خزمەت کردنی ئامانج بەستراوەتەوە به بەرژەوەندی نیشتیمانی یاخود نشتیمانی و نەتەوەیی،هەموو دروستکردنی بریارێکی سیاسی ڕەنگدانەوەو کاردانەوەیەکی ڕاستەوخۆی بەسەر بەرژەوەندی نشتیمانی و نەتەوەیی و کارتێکردنێکی کاریگەرانەی بەسەر دیاریکردنی ئامانجەوە هەیە، بۆیە هەموو بەرژەوەندییەک له دروستکردنی بڕیاری سیاسیدا دەبێت بەرژەوەندی لەدیاریکردنی ئامانج و کارتێکردنی بەسەر بەرژەوەندی نیشتیمانی و نەتەوەیی خۆیدا بکات.

کریبندوف، بەردەوامبونی سیستەمی سیاسی که دروستکردنی بریار نوێنەرەکەیەتی به بەرژەوەندی نیشتیمانی دەبەستێتەوە وایدەبینێت که بەرژەوەندی دروستکردنی بریار واتە بەرژەوەندی نیشتیمانی .بەڵام زۆر بریاری سیاسیش که لەلایەن چینی فەرمانڕەواوە دەردەچێت مەرج نیە مەبەستیان له دیاریکردنی ئامانجەکانیان بەرژەوەندی هەموو دانشتیوانی

وڵاتەکەیان بێت، بەڵکو زۆر جاری وا هەبووە تەنها حسێبیان بۆ بەرژەوەندی چینی فەرمانڕەواو چینی سەرمایەدار کردووە و هیچ بەرژەوەندیەکیان بۆ خەڵکی ژێرەوە کە هەمیشە بەش خوراوەکەیە نەهێشتۆتەوە یا ناهێڵنەوە، تەنانەت زۆر جار بڕیاری سیاسی ناوەخۆ کە لەلایەن چینی دەساڵاتی فەرمانڕەواوە دەردەچێت،لە پێناوی ئەوەیە زیاتر خەڵکە هەژارەکەی خۆیان بچەوسێننەوە، ئەمە نەک هەر لە سیاسەتی ناوخۆو بڕیاری سیاسی ناوەخۆدا، بگرە زۆرجار لەسیاسەتی دەرەکیشدا رەنگڕێژێکی تۆخی ئەو چەوساندنەوەیەی هەڵگرتووە. داڕێژەرانی بڕیاری سیاسی دوای ئەوەی ئامانجەکان دەستنیشاندەکەن هەوڵدەدەن پێداویستییەکانی گەیشتن بەو ئامانجانەش دیاریبکەن.

- **قۆناخی لێکۆڵینەوە لە دیاریکردنی بەدیل**

دوای ئەوەی قۆناخی دیاریکردنی ئامانج تەواو دەبێت، قۆناخی کردەنی دەستپێکردنی لێکۆلینەوە لە بەدیلەکان یا (خیارات) دێتە پێشەوە .مەبەست لەو قۆناخە کردەنییە لێکۆڵینەوە لەو دارشتنە تایبەتییەیە کە هەموو بەدیلەکان دێنێتە پێش بۆ لێکۆڵینەوەیەکی ورد لەسەر هەر یەک لەو بەدیلانە، ئینجا لە روانگەی کۆمەڵێک هۆکارەوە باشترین بەدیل هەڵدەبژێردرێت، واتا ئەو بەدیلەی کە هەڵبژێردراوە دەبێت باشترین و سەرکەوتووترین بەدیل بێت و لە هەموو بەدیلەکانی تر شیاوتر بێت لە دروستکردنی بڕیارە سیاسییەکە. کە دەستنیشانکردنی بەدیلەکەش کرا، دەرگا لەسەر تەواوی بەدیلەکانی دیکە داناخرێت،رەنگە لە هەندێ جاردا دوو بەدیل دیاریبکرێن و پاش مشتومڕێکی زۆرو شیکردنەوەیەکی ورد ئینجا یەکلاییبکرێتەوە،ئەمەش لەو روانگەوە دەبێت کە ئەو بەدیلەی

دیاریدەکرێت، دەبێت لە هەموو بەدیلەکانی دیکە زیاتر خزمەت بەو دەسەڵاتە یان ئەو حزبە یان ئەو دەزگا سیاسییە بکاتک ە بڕیارەکەیان پێ وەرگرتووەو کەمترین زیانیش بە بەرژەوەندییەکانیان بگەیەنێت.

لە دیاریکردنی هەر بەدیلێکیشدا کۆمەڵێک هۆکار هەن کە کارتێکردن و کاریگەریی خۆیان هەیە،لەوانە سەرکردایەتی، واتا ئاستی توانای ئەو سەرکردایەتییەی کە بەدیلەکە دەستنیشاندەکات، کە تا چەند توانیویەتی شتێکی نوێ لە دەستنیشانکردنی بەدیلەکە بدۆزێتەوەو کۆششەکەی کۆششێکی داهێنەرانە بێت.

راستە سەرکردە بە پێی ئەو زانیارییانەی کە لەبەردەستیدان بەدیلەکە دیاریدەکات،بەڵام جیاوازی لە پێکهاتەی کەسایەتی و ، جیاوازی لە باری دەروونی هەر سەرکردەیەکداو، جیاوازی لە کاریگەریی سەرکردەکان لە دەستنیشانکردن و هەڵبژاردنی بەدیلەکان و هاوکات لەگەڵ خوێندنەوەی جیاوازی ئەزموون و لێکدانەوەو هەستکردنیان، کە لە جیاوازی کەسەکانەوە هەڵدەقووڵێت، بەدیلەکەش دیاریدەکرێت.

زۆرجاری وا هەبووە، بارودۆخێکی زۆر ئاڵۆزو خێرا هاتۆتە پێشەوە، سەرکردەش نەیتوانیوەهەڵوێستی روونی خۆی تێیدا بەدیبکات،چونکە گۆڕانکارییەکان تا رادەیەک ناکاوو بە پەلە بوونەو لەژێر بارودۆخێکی ئاڵۆزو تایبەتیشدا روویانداوە، بۆیە هەڵوێست دیاریکردنیش لەکات و ساتی لەمجۆرەدا ئاسان نەبووە، بێگومان لەو جۆرە کاتانەدا، دیاریکردنی بەدیلەکانیش ئەوە هەر زەحمەتتر. سرووشتی سایکۆلۆژی سەرکردایەتی یان روونتر بڵێم سەرۆک لە هەڵبژاردنی بەدیل دا، رۆڵ و کارتێکردن و کاریگەریی خۆی هەیە.

- **وەرگرتنی بڕیار**

دوای ئەوەی دیاریکردنی بەدیلەکان و شیکردنەوەی سەنگی بەدیلەکان و بەراوردکرنی ئەنجامەکان تەواو دەبێت، دروستکەری بریار بەرەو کاری وردو باشتری نێوان دوو بەدیل (بەلایەنی کەم) دەچێت  کە هەردوو بەدیلەکە دوای هەڵسەنگانێکی زۆر بە باشترین بەدیل دادەندرێت و لە نێوان ئەو دوو بەدیلەشدا ئەو بەدیلە هەڵدەبژێردێ کە زۆر ترین دەستکەوتی بە کەمترین زیان و زەرەر هەبێت، دیارە لەو هەڵبژاردنی بەدیلەدا دەبێت سەرجەم هۆکارەکانی ئابووری، سوپای ئەمنی،جوگرافی، کۆمەڵایەتی..هتد لەبەرچاو بگیرێن.چونکە بەبێ لەبەرچاوگرتنی هەموو هۆکارەکان بەدیلێکی لاواز دەستنیشاندەکرێت و بڕیار وەرگرتنەکەش لەسەر بنەمای ئەو بەدیلە بە قازانجێکی کەم و زەرەرێکی زۆر تەواو دەبێت .وەرگرتنی بریارەکەش دەکەوێتە ئەستۆی سەرۆکی حزب یا سەرۆکی دەوڵەت یا هەر ناوێکی تر کە بەرپرسی یەکەمە لەم سیستەمە یا ئەو رێکخستنەدا. بەڵام کۆمەڵێک ئەندامی باڵا لە دەوری ئەو سەرۆکە دان کە بەدیلەکانی دەخەنە بەر دەست و دەستنیشانکردنی بەدیلەکەش بۆ تاوتوێکردن و ئاسان دەکەن. هێندێ جاری وا هەیە بڕیارەکە وەرناگیرێت.چونکە بۆچوونێکی یەکگرتوو لەسەر یەک بەدیل دروست نابێت.جاری واش هەیە بە وەرگرتنی بڕیارەکە کێشەکە کۆتایی دێت.هەندێ جار بڕیارەکە وەرگیراوە، بەڵام کاری پێناکرێ .بەڵکو راگیراوە یان دواخراوە واتە(تەئجیل) کراوە ئەویش لەبەر دوو خاڵ .یەکەمیان وای لێکدەدەنەوە جێبەجێکردنی ئەو بڕیارە لەو کات و ساتەدا لە بەرژەوەندیان نیە،بۆیە پێویستە پەلەی لێنەکەن .بەڵکو تەنها مەبدەئی قبووڵیان کردووە، دووەمیان:دوای مشتومڕێکی زۆر لە

هەڵسەنگاندنی بەدیلەکان،ناگەنە هەڵوێستێکی تەواوو یەکگرتوو تا بڕیارەکەی پێ وەربگرن، بۆیە بە هەڵپەسێردراوی دەمێنێتەوە، جاری واش هەیە، بڕیار وەرگرتنەکە زۆر خێرایەو بە وردی لێی نەکۆڵدراوەتەوە، ئەویش زیاتر لە بواری سەرکوتکردن و بەکارهێنانی توندوتیژیدا روودەدات کە مەبەستیان پاکتاوکردنی ئەوی بەرامبەریانە. لە هەموو بڕیار وەرگرتنێکیشدا سێ جۆرە بڕیار هەیە، بڕیاری ستراتیژی، تاکتیکی و راپەڕاندن.

## - جێبەجێکردنی بڕیار

دوای ئەوەی بریارەکە لەلایەن سەرۆکی دەوڵەت یاخود بەرپرسی یەکەمەوە وەردەگیرێت راستەوخۆ بیر لەو ئامرازانە دەکرێتەوە کە بریارەکەی پێ جێبەجێبکەن ئەو ئامرازانەی کە بڕیارەکەشی پێ جێبەجێدەکرێ زۆر گرنگە، چونکە دەکرێ بڵێین گرنگترین کار لە جێبەجێکردنی بریارە وەرگیراوەکە دایە.گری\نگی جێبەجێکردنەکەش هەر تەنها چۆنیەتی گواستنەوەی بڕیارەکە لە دۆخێکی تیۆری بۆ دۆخێکی کردەنی —عملی-نییە بەڵکو مەبەست لە جۆرو چۆنیەتی جێبەجێکردنی هێنانەدی ئامانجەکەیە.لەبەر ئەوە گرنگی بڕیارەکە تەنها لە جۆرەکەیدا نیە، بەڵکو لەسروشتی هۆیەکەیە بۆ سەرکەوتن لە جێبەجێکردنیدا، چونکە ئەگەر هۆیەکان زۆر یاریدەدەر نەبن بۆ وەر گرتن و جێبەجێ کردنی بڕیارەکە ئەوا جێبەجێکردنی بڕیارەکە رووبەڕووی کۆسپ و تەگەرەی سەخت و دژوار دەبێتەوە،کە زیانی زۆر تردەبێ لە دەسکەوتەکانی.هەر بریارێکیش کە وەردەگیرێت بۆ ئەوە وەردەگیرێت کە مەبەستە دیاریکراوەکەی وەک دەستکەوتێک بهێنێتە دی نەک بە پێچەوانەوە.

جێگای بۆ ئاماژەکردنە لە سیاسەتی دەرەوەشدا بەکارهێنانی دیبلۆماسی گرنگترین ئامرازی ئاشتیخوازانەیە بۆ جێبەجێکردنی بڕیاری سیاسیی، ئەگەر چی ئەمڕۆ کاری دیبلۆماسیش بەهۆی پێشکەوتنی ئامێرەکانی ڕاگەیاندن و بەشداریکردنی زۆرتر لە جارانی خەڵک لە سیاسەت بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە سیاسەتکردندا زیاتر کارەکان ئاشکراترن.بەڵام بۆ گیروگرفتە ناوخۆییەکان ئەم جۆرە سیاسەتە کە کاری دبلۆماسییە زەمینەی کەمتری بۆ ڕەخساوەو زیاتر جێبەجیکردنی بڕیارەکان لە ڕێگای گوتاری سیاسی یا توندوتیژیەوە دەبێت.

- **هەڵسەنگاندنی دەسکەوتی بڕیارەکە**

هەموو بڕیارێک کە وەردەگیرێ و جێبەجێدەکرێ داڕێژەران و دروستکەرانی بڕیارەکە دەستکەوتنی بڕیارەکە هەڵدەسەنگێنن کە لە سەدا چەند سەرکەوتنی بەدەستهێناوە هەندێ جار هەندێ بڕیار بە شێوەیەکی گشتی—کلي- سەرکەوتن وەدەستدەهێنێ، هەندێ جاریش —جزئی-یە جاری واش هەیە وەرگرتنی بڕیارەکەو جێبەجێکردنی زیان و زەرەری زۆر زیاتر دەبێت لە دەستکەوتەکانی و کاردانەوەی نێگەتیڤی بۆ سەر جێبەجێکردنی بڕیارەکەش دروستدەکات، لە هەڵسەنگاندنی بەرهەمی بڕیارەکەدا یا ئەوەتا دەسکەوتێکی گرنگ وەدەست دەهێندرێت کە دەبێتە مایەی سوود پێگەیاندن بە نەتەوەو دەوڵەتەکە، یان ئەوەتا بە پێچەوانەوە زیان و زەرەری زۆری پێدەگات و، وا لەدروستکەری بڕیارەکە دەکات کە پێداچوونەوەیەک بە بڕیارەکان و بە جۆری سیاسەتەکەی خۆیدا بکات تا جارێکی تر لە وەرگرتن و جێبەجێکردنی بڕیاری سیاسیدا ڕووبەڕووی نەهامەتی نەبێتەوە.

- **چاوپێداگێرانەوە بە بریارەکە**

ئەم قۆناخە پەیوەندی بە قۆناخی وەرگرتنی بڕیارکەو قۆناخەکانی پێشووەوە هەیە هەرچەندە خودی ئەم قۆناخە قۆناخێکی تەواو جیاوازیشە لە قۆناخەکانی پێشوو. لەم قۆناخەدا هەڵسەنگاندنێکی ورد بە چۆنیەتی تێکراری قۆناخەکانی پێشوودا دەکرێ،هەر لە ناساندن و زانینی هەڵوێست تا دەگاتە وەرگرتنی بڕیارەکەو جێبەجێکردنیشی. ئینجا لێکۆڵینەوە لەو دەستکەوتانەی وەدەستهاتوون یان ئەگەر دەستکەوتەکان زۆرین، لەوانەیە لێکۆڵینەوەی وردو چاوپێداگێڕانەوەیەکی زانستیانە بە قۆناخەکەدا نەکرێت،بەڵام ئەگەر بە پێچەوانەوە زیان و زەرەری زۆری هەبێت،ئەوا بە وردی هەڵدەسەنگێندرێت و تەنانەت لە بەدیلەکانیش دەکۆڵدرێتەوەو ئەم هەڵسەنگاندن و چاوپێداگێڕانەوەیە وا لە داڕێژەران و دروستکەرانی بڕیاری سیاسی دەکات کە لە هەر بڕیار وەرگرتنێکی دیکەدا وردتر بن.

هەڵبەت دەبێ ئەوەش بوترێ، کە جیاوازی هەیە لەنێوان دروستکردنی سیاسەت و دروستکردنی بڕیاری سیاسی ،چونکە بڕیاری سیاسی بەشی دوایی یان بەشی کۆتایی دروستکردنی سیاسەتە، لە چوارچێوەی فیکری بزاڤە سیاسییەکە، واتا بەمشێوەیە: جوولانەوە،نەخشەکێشان، بڕیار. واتا بڕیار ئەداتێکە لە ئەداتەکانی جێبەجێکردنی سیاسەتی دروستکراو.

**بەشی شەشەم:**

بونیادنانەوەی دەروونزانی سیاسی:

کۆسپە هەنووکەییەکان و ئاراستەی نوێ

ئاراستەی شیکاری نوێ

بەرەو دەروونزانییەکی سیاسی گشتگیر و  یەکگرتوو

سەختی زاڵبوون بەسەر کەمکردنەوە

بەرەو یەکگرتنێکی راستەقینەی دەروونزانی سیاسی و کۆمەڵایەتی

راستی و بەها لە دەروونزانی سیاسیدا

هەڵسەنگاندنی سیاسی و دەروونزانی باش

تێڕوانینە فەرمییەکان:

گفتوگۆی کەسی نوێکار(مۆدێرنێتە) بەرامبەر کەسی پۆست مۆدێرنێتە

پراگماتیکی پێکهاتەیی:

بنەمایەکی مەعریفەناسی بۆ دەروونزانی سیاسی

دروستکردن

دروستکردنی دوانەیی

کۆتایی

**دووباره بونیادنانەوەی دەروونزانی سیاسی: کۆسپە هەنووکەیەکان و ئاڕاستەی نوێ**

دەروونزانی سیاسی، شان بە شانی سەرجەم زانستە کۆمەڵایەتیەکانی تر، لە دووڕیانێکدایە. بەشێکی ئەو کێشە ناوەخۆی و لە دووڕیانبوونەدا دەرئەنجامی شەکەتبوونە لە وێنەو شێوەکانی ئێستای دەروونزانی سیاسی. بەرهەمی بەتیۆریکردنی دەروونزانیانەو کۆمەڵناسیانەی سەرەتاو ناوەڕاستی سەدەی بیستەم، ئەو شێوەو وێنانەی توێژینەوەکانە کە بەباری دەروونزانی سیاسی ئاشنا بوون لەماوەی پەنجا ساڵی ڕابردوودا. بەتیۆریکردنی دەروونزانیانەو کۆمەڵزانیانەی توێژینەوەکان بۆیە هاتەئاراوە چونکە ئەو توێژینەوانە دەربارەی بیری سیاسی و رەفتاری سیاسی ئەنجامی بەرچاو گرنگیان بەدەستەوە دا. هەرچەندە ئێستا ڕادەی هۆشیاری لەبەرزبوونەوە دایە سەبارەت بەوەی کە زۆربەی ئەو شتانەی پێویستیان بەئەنجامدانە لە چوارچێوەی ئەم بوارەدا، بەسەرکەوتوویی ئەنجامدراون. لەبەرانبەردا گانگەشەیەک هەیە بۆ ئاڕاستەی نوێ کە لە دەروونزانی سیاسیەوە هاتۆتە ئاراوە. هاوبەشیکردنەکانی لێکۆڵەرەوان (ڕۆبەرت لەین) و (دەیڤد وینتەر) و (کرێستن مانۆر) نموونەی باشی ئەو ئاراستە نوێیانەن.

هاوکات دەروونزانی سیاسی بەرەنگاریدەکرێت لە ناوەوەی خودی بوارەکە و لە دەرەوەی بوارەکەشدا. ئەمەش لە دوو شتەوە سەرچاوەی گرتووە. ڕاستەوخۆترین بەرەنگاری دەروونزانی سیاسی، بەرەنگاری تیۆری کۆمەڵایەتی هاوچەرخە. ئەمەش لە قۆناغی دوای پێکهاتەخوازی فۆکەڵت

(1979 و 1980) دەستپێدەکات و بەردەوامدەبێت تا قۆناخی پۆست مۆدێرنێتەی سالآنی 1980 کان و 1990 ەکان (بۆ نموونە، دێریدا 1978، لیۆتارد 1984).هزرڤان و تیۆریستانی بەرەنگاری هەندێک لەگریمانە بنەڕەتیەکان بوونەتەوە کە بەشێوەیەکی گشتی زانستە کۆمەڵایەتیەکان و بەتایبەتیش دەروونزانی سیاسیان لەسەر بنیاتنراوە.دەگوترێت بیرۆکەکانمان دەربارەی ئەوەی کە چ ڕاستە و ڕاستەقینەیە کەمتر دەرئەنجامی ڕاستەخۆی هەندێک ئەزموونی جیهانە، بەڵکو بیرۆکەکانمان زیاتر دەربارەی بابەتی کولتوورە. ڕاستی بابەتیانە ئەوەیە کە بنیاتنانێکی کۆمەڵایەتی بێت، ئەم بنیاتنانەش هاوتایە لەگەڵ ئامانجی بنیاتنانی گروپە دیاریکراوەکانە یان کۆمەڵگا دیاریکراوەکانە. ئەوەی لەرووی بڕوا پێبوونەوە بەراست دادەنرێت، وەکو زانست تێروانینی بۆناکرێت، بەڵام وەکو هێز تێڕوانینی بۆدەکرێت. لەژێر ئەم ڕۆشناییەدا، زۆربەی دەروونزانی سیاسی ئێستا بە گوماناوی دادەنرێت. نیگەرانی سەرەکی ئەو گوماناویەش ئەوەیە کە چەقی توێژینەوەکانی دەروونزانی لەرووی سیاسیەوە هاندەدرێن. بە شێوەیەکی زیاتر بنەڕەتیانە، میتۆدەکانی توێژینەوە خۆیان چیتر وەکو شتێکی پێویست و بێلایەن تێڕوانینیان بۆناکرێت. لە بری ئەمە میتۆدەکانی توێژینەوە بەدەربڕینی هێزی زاڵی گروپە کولتووریەکان دادەنرێت لە کۆمەڵگای ڕۆژئاواییدا. کۆمەڵێکی کەم لەدەروونزانانی سیاسی و کۆمەڵایەتی وەڵامی ئەو نیگەرانیانەیان داوەتەوە جا چ بە ڕەتکردنەوەی ئەو نیگەرانیانە بێت، یان بە ڕەخنەگرتن بێت لێیان.

تێگەیشتنی ئەو بەرهەڵستیە ئەکادیمیە بۆ جێبەجێکردنی ئێستای دەروونزانی سیاسی ڕێگا بۆ تێگەیشتنێکی تر خۆشدەکات، کە لەوانەیە بەرەنگاریەکی بنەڕەتی تر بێت. لەکاتێکدا لەوانەیە هەندێک بڵێن تیۆرەکانی

پێکهاتەخوازی و پۆست مۆدێرنە لە رووی رواڵەتەوە ڕاست بن. ئەمەش رەخنەیەکە شکستدەهێنێت لەبەر جەستەکردنی جێگرەوەی کارپێکراو بۆ ئەو تیۆرانە، هەروەها گەشە و گێتیبوونی ئەم تیۆرانە لەماوەی پەنجا ساڵی ڕابردوودا شتێکە نکۆڵی لێناکرێت.پرسیار ئەوەیە بۆچی؟بە دڵنیایەوە بە تیۆریکردنی پۆست مۆدێرنەیی ڕەنگدانەوەی سەردەم و کاتەکانی خۆمانە، کات و سەردەمانێک کە تیایدا تاڕادەیەکی زۆر رێگاکانی تێگەیشتنمان بۆ جیهان هاوبەشە. برێکی زۆر لە تێگەیشتن بۆ جیهان هەیە، هەندێکیان ڕەگ و ڕیشەیەیان لە ئاینە کۆن و نوێیەکان داکوتاوە، هەندێکی تریش تر لە کولتوور چەقیان بەستووە. بەو پێیە، خەڵکانێک پاڵەپەستۆیان دەخرێتە سەر بۆ ئەوەی بۆ پەناگە کولتووری و شۆڤێنیەکان پاشەکشە بکەن، یان ئەوەتا ئەو خەڵکانە لە جیهانێکی پۆست مۆدێرنەی لێڵ و نا ڕێکوپێکدا جێدەهێڵدرێن کە تیایدا سەرجەم بەها و زانیاریەکان شتێکی ڕێژەییانەن. بەرەنگاری شاراوەی دەروونزانی سیاسی ئەوەیە کە تێگەیشتن و بنچینەی ئاراستەکان بەرجەستە بکەن.

دواتر، ئەو بەرەنگاریانە ئەوانەن کە دەبێت دەروونزانی سیاسی دووبارە بونیاتنراوە لەگەڵیدا بگونجێت و هەڵبکات. ئەو دەروونزانیە سیاسیە دووبارە بونیاتنراوەش دەبێت بنەمایەکی شیکاری نوێ بەرهەم بێنێت بۆ ڕێنمونی کردنی زیاتری بە فکریکردنی توێژینەوەکان، هەروەها لە دووبارە بونیاتنانەوەی دەروونزانی سیاسی دەبێت ئەم ئەرکە دووانەییەی تێدا بێت: گفتوگۆکردن لەسەر رەخنە توندەکانی کە لێیانگیراوە لەلایەن کەسە پۆست مۆدێرنێتەکانەوە، لەگەڵ بەرجەستەکردنی ئاراستەیەکی سیاسی و کولتووری جیهانێکی زیاترو زیاتر فرەکولتووری. لەم گفتوگۆیەی خوارەوە وێنەی ئەو ئاڕاستەیە دەکێشم کە خۆم باوەڕم وایە دەبێت

دەروونزانی سیاسی بەدوایدا بڕوات و پەیڕەوی بکات بەمەبەستی هەڵکردن لەگەڵ ئەو بەرەنگارییانە.

**ئاراستەی شیکاری نوێ**

**بەرەو دەروونزانیەکی سیاسی گشتگیرو یەکگرتوو**

لەرووی مێژووییەوە،دەروونزانی سیاسی بەنیشاندانێکی لەلاوەی رووناکبیری دانراوە. قۆناغی سەرەکی لەلایەن دەروونزانی کۆمەڵایەتی داگیرکرابوو، ئەو دەروونزانیە کۆمەڵایەتیەش لەململانێ دابوو لەگەڵ بوارەکانی توێژینەوەی دەروونزانی و کۆمەڵزانی. لەکاتێکدا جەنگەکە بۆ ئەوەبوو کە ڕێبازێکی دوو لقی توێژینەوە بەیەکەوە دابنرێت،ئەو کێشانەی هاتنە ئاراوە و کۆسپەکان هاتنە بەردەم ئەم جەنگە بەشێوەیەکی سەرەکی لەدەوری دەروونزانی سیاسی دەخولانەوە.لەماوەی کۆتاییهاتنی سەدەی نۆزدە، جەنگی توێژینەوەی دوو لقی زانستی بەیەکەوە دەستیپێکرد بۆ دەستنیشانکردنی ئەوەی کەچۆن بەباشترین شێوە مانا بەژیانی کۆمەڵایەتی ببەخشرێت. کارەکەی کارل مارکس بە ناوی (The Grundrisse Capital) لە ساڵی (1967-1971) بە شێوەیەکی بەهێز تێگەیشتنی کۆمەڵزانیانەی بۆ کاروباری مرۆڤ بنیاتنا، کەتیایدا ژیانی کۆمەڵایەتی لەلایەن هێزە بە کۆمەڵیەکانەوە پێکدەهێندرێت. بیروباروەڕو حەزەکانی تاک، بەشێوەیەک تێگەیشتنیان بۆ دەکرا، کە زۆر یان کەم بەرهەمی ڕاستەوخۆی ئەو بارودۆخانەن کە لەرووی کۆمەڵایەتیەوە پێکهێنراون. خستنە پلەی نزمتری ئاستی تاک لە تیۆرە کۆمەڵزانیەکانی دواتردا، شێوەیەکی زیاتر روون و ئاشکرای وەرگرت. نموونەیەکی کلاسیکی ئەم چەشنە یاساکانی میتۆدی کۆمەڵزانی دورکایم (1982)ە.تا ڕادەیەک هاوکات بوو لەگەڵ سەرهەڵدانی

دەروونزانی جێگرەوە.بۆنموونە لەشیکاری دەروونزانی فرۆید، هەست جولێنەری هەستپێنەکراوی ژیانی تاک وەکو هێزی سەرەکی لە کاروباری ژیانی مرۆڤ دادەنرێت. لەکارەکانی لەم شێوەیەدا ( Civilization and its discontents) "شارستانێتی و نیگەرانییەکانی"(1930)ی فۆرید زۆر روونیدەکاتەوە کەچۆن فۆرمە کولتووریەکان و ڕێکخستنە کۆمەڵایەتیەکان بە باشترین شێوە تێگەیشتنیان بۆدەکرێت،نەک وەکو هۆیەکانی رەفتاری تاک، بەڵکو وەکو دەرئەنجامەکانی رەفتاری تاک.

لەگەڵ دەرکەوتنی سەدەی بیست، هەردوو بواری دەروونزانی و کۆمەڵزانی یەکیان گرت لە زانکۆیەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ژێر ناوی بەشەکانی دەروونزانی و کۆمەڵزانی. هەر لەو چوارچێوەیە دابوو کە هەوڵ بۆدامەزراندنی دەروونزانی کۆمەڵایەتی درا.بەلای زۆربەی پسپۆرانی کۆمەڵایەتیەوە، تەنیا پێگەی دەروونزانی یان کۆمەڵزانی بە تەنیا شتێکی ناتەواوەو کەمە. کارەدەروونزانیە سەرەتاییەکان لەبارەی کەسایەتی و هەستپێکردن و گەشەسەندنی توانای مێشک و دەرخستنی بە هێزییان بەرجەستە کرد سەبارەت بەوەی کە لایەنە گرنگەکانی هەڵسوکەوتی مرۆڤ ناتوانرێت وەکو بەرهەمێکی سادەی هێزە کۆمەڵایەتیەکان ڕوونبکرێتەوە. ئەوە شتێکی ئاشکرابوو کە کۆمەڵزانی بەتەنیا نەیدەتوانی گفتوگۆ لەسەر بابەتەکانی وەکو رەفتاری مرۆڤ بکات. لە جیهانێکدا کە پڕبوو لە هەوڵی شکستخواردوو دەربارەی گۆڕانکاری، ئەوە شتێکی روون بوو کە کۆمەڵزانی نەیدەتوانی رەچاوی ئەوە بکات کە چۆن تاکەکان لەوانەیە هاوبەشی ژیانی کۆمەڵایەتی بکەن، جا چ لە ڕێگەی بەرهەڵستیکردنی بنەما کولتووریە زاڵەکان بێت، یان لەرێگەی هاندانی ئاراستە شیاوەکان بێت لە گۆڕانی کۆمەڵایەتی. لەهەمان کاتیشدا ئەوەش روونبوو کە دەروونزانی پێدەچوو

وادابنێت کە مێشک و کارتێکردن یان ئەوەتا خۆ دامەزرێنەرن یان لە رووی بایۆلۆژیەوە دیاریدەکرێن، ئەمەش شتێکی ناتەواوە و کەم و کورِی هەیە. چەند ئاماژەیەک هەبوون سەبارەت بەوەی کە سروشتی مرۆڤ لەلایەن بارودۆخە مێژوویی و کۆمەڵایەتیەکانەوە کاری تێدەکرێت لە ژیانیان دا. ئەمەش نەک هەر تەنیا دەچێتە ناو ناوەڕۆکی بەهاو بیروباوەڕە دەربرِدراوەکان، بەڵکو دەچێتە ناو پێکهاتە و پرِۆسەکان کە لێیانەوە تێگەیشتنەکان و کارتێکردن بنیات دەنرێت.

لەماوەی نێوان جەنگی یەکەم و دووەمی جیهانی دا، ئەم پۆلێنکردنە بەرز بوونەوەی بە خۆیەوە بینی و گفتوگۆی زۆری لەسەرکرا سەبارەت بە ئەگەر و سروشتی ڕاستەقینە دوو بواری توێژینەوە بەیەکەوە، یان بەشێوەیەکی گونجاوتر بڵێین بواری یەکگرتووی دەروونزانی کۆمەڵایەتی. هەندێک لە لێکۆڵەرەاوانی وەکو ئۆڵ پۆرت (1924) دەڵێن دەروونزانی کۆمەڵایەتی درێژەپێدان و فراوانکردنی دەروونزانیە، لەبەرئەوەی لەسەر بیرو رەفتاری کۆمەڵایەتی جێبەجێکرا. هەندێکی تر دەڵێن پێویستی هەبوونی دەروونزانی کۆمەڵایەتی یەکگرتوو لە ئەنجامی سنوورەکانی بیرو بۆچوونەکانی زانستە کۆمەڵایەتیەکانی پێشووتر هاتۆتە ئاراوە. لەوانەیە دیارترین لێکۆڵەر لەنێو هەموویان لێکۆڵەر مید (1934،1925،1924) بێت. لەبەرئەوەی تیۆری رەوشتگەرایی و جەختکردنەوەی لەسەر کارلێکردنی کۆمەڵایەتی هەیە و هەوڵیداوە زەمینەیەکی لەبار برەخسێنێت کە تیشک بخاتە سەر کارلێکردن و پێکداچوونی نێوان مێشک و کۆمەڵگا لە بنیات نانی کۆمەڵایەتی خود و دامەزراندنی دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی. ئەوەی لێرەدا پەیوەست بەبابەتەکەمانە، دەروونزانی کۆمەڵایەتی (مید)ە کە بۆدەرکەوتن و

پێشنیازی ڕاستەوخۆی هەیە بۆدەروونزانی سیاسی و شیکاری دیموکراسی (بۆ نموونە دوی 1916، مید 1934).

### سەختی زاڵبوون بەسەر کەمکردنەوە

هەوڵی دامەزراندنی دەروونزانی کۆمەڵایەتی یەکگرتوو هەرگیز بە تەواوی سەرکەتوو نەبوو. ئەمەش بەشێکی لەلایەن ئەو ڕاستیەوە پاڵپیشتی دەکرێت کە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا، ئەوەندەی کە من بزانم، تەنیا یەک بەشی دەروونزانی کۆمەڵایەتی لەو وڵاتانەیە کە بە زمانی ئینگلیزی دەدوێن هەیە (مەبەست تا ساڵی 2002 دەگەیەنێ کە تا ئەوکاتە تەنیا یەک بەشی دەروونزانی کۆمەڵایەتی لەو وڵاتانەیە کە بەزمانی ئینگلیزی دەدوێن) ،جگەلەمەش، دەروونزانی کۆمەڵایەتی برداروەتە بەشەکانی دەروونزانی و بەڕادەیەکی کەمتریش بردراوەتە بەشەکانی کۆمەڵزانی. ئارەزووی ئەو دەروونزانە کۆمەڵایەتیانە گوێڕایەڵبوونی ئەو پێویستی و داخوازیانە بووە کە لەبەشی دەروونزانی هەیان بووە و لەتوێژینەوە کۆمەڵایەتیەکان جێبەجێیان کردووە. بەم شێوەیە دەروونزانانی کۆمەڵایەتی کەلە بەشەکانی کۆمەڵزانین جەختیان لەسەر بە کۆمەڵایەتیکردنی پرۆسەکان کردۆتەوە و بەشێوەیەکی سەرەکی پشتیان بە تەکنیکەکانی توێژینەوە بەستووە، هەروەها ئەو دەروونزانانە کۆمەڵایەتیانەی کەلەبەشەکانی دەروونزانی کاردەکەن، کاری بنەڕەتی لەسەر هەستپێکردن و کارتێکردن جیبەجێدەکەن و بە شێوەیەکی سەرەکیش پشت بە میتۆدە تاقیکاریەکان دەبەستن. لەم چوارچێوەیەدا کاری دەروونزانانی کۆمەڵایەتی بە لاوەکی یان ناگرنگ دانراوە.

لەوانەیە لەوەش گرنگتر کە نەتوانراوە دامەزراوەی سەربەخۆ بۆ هەریەکێک لەم دوو بوارە بەدەستبهێندرێت، ئەوە بێت کە دەروونزانانی کۆمەڵایەتی شکستیان هێناوە لەبەرهەمهێنانی چوارچێوەیەکی کاری تیۆریانەی پێویست، کە بە هۆیەوە دەتوانرێت دەروونزانیەکی کۆمەڵایەتی یەکگرتوو بنیاتبنرێت. لەکاتێکدا چەندان هەوڵدراوە، بەڵام ئەو یەکگرتنە نموونەی و ئاساییە کەبەدەستیان هێناوە،یان لەسەرحیسابی کەمکردنەوەی تێڕوانینە بەکۆمەڵەکان بووە بۆ تێڕوانینەکانی تاک، یان لەسەر حیسابی کەمکردنەوەی تێڕوانینەکانی تاک بووە بۆ تێڕوانینە کۆمەڵەییەکان. نموونەیەکی باشی کەمکردنەوە و یەکگرتنی دەروونزانیانە (بە دڵنیایەوە یەکگرتنێکە کە بە شێوەیەکی زۆر کاریگەربووە لە زانستی سیاسیدا) ئەو یەکگرتنە دەروونزانیەیە کە لەلایەن ئابووریزانی کلاسیکیانەوە بەرجەستە کراوە.گریمانەی بنەڕەتی و دیاریکراوە دەربارەی درکپێکدرنی،هەستپێکردن، هۆشیاریەتی و هەڵبژاردنی تاکەکانە، دواتر ئەمانە لە شیکردنەوەی ئەنجامە کۆمەڵیەکانی کارلێکردنی تاکەکان بەکاردەهێندرێن. کەمکردنەوەی دەروونزانیانەی ئەم ڕێبازە لە دوولاوە بەڵگەیە: یەکەم، ئەم ڕێبازە، دیاردە کۆمەڵیەکان ڕووندەکاتەوە لە ڕێگەی ئاماژەدان بە ئاستی تاکەوە، کە لەم بارەدا هەڵبژادنی تاکە. دووەم، ئەگەرچی ئەم ڕێبازە پێشنیازی ئەوەدەکات کە بارودۆخەکانی تاک کاردەکاتە سەر ناوەڕۆکی هەڵبژاردنەکانی تاکەکان، هیچ پێشنیازێکیش نیە پرۆسە دەروونزانیە بنەڕەتیەکانی وەکو درک پێکدرنی، هەستپێکردن و بڕیاردانی ژیرانە بە شێوەیەکی بەرچاو لەلایەن کولتوور یان بارودۆخە مێژووی و کۆمەڵایەتیەکانە کاری تێبکرێت.

ئەم ویستە بەرانبەر کەمکردنەوەی دەروونزانیانە لە چەندان شوێن نموونەی پێهێنراوەتەوە لەم چاپەدا. بۆ نموونە ئەگەرچی مانۆڕی هەوڵی

بەرجەستەکردنی تیۆرێکی سەرنجڕاکێشی ژیرانە دەدات،بەڵام لەبنەڕەتدا تیۆرە جێگرەوەکەی ئەم لێکۆڵەرەوەیە، دەروونزانیانە بوو. لە تیۆرەکەیدا جەختکردنەوەی ئەم لێکۆڵەرەوەیە لەسەر تاکەکان و درکپێکدرنەکانیان و نواندنەکانیان و بونیادنانی خودبوو.ئەگەرچی ناوەڕۆکی ئەو درکپێکردنانە و نواندنانە بەشێکی لە رووی کۆمەڵایەتیەوە دیاریدەکرا، لەبەرئەوەی تاکێک چۆن بەشتێک دەزانێت و هەستیپێدەکات، ئەو کەسە چۆن دەزانێت ئەزموونی خۆی نیشانبدات و ئەزمووندارێتی خۆی بنوێنێت، ئەمانە هەمووی لەبنەڕەتدا وەکو پرۆسەی دەروونزانیانە تێگەیشتنی بۆ کرا، کە ئەرکە بنچینەییەکەی تاڕادەیەکی زۆر کارتێنەکراوە لەلایەن هەلومەرجی کۆمەڵایەتیەوە. حاڵەتێکی تر هەوڵەکەی(لەین)ە، کە هەوڵیدا پێناسەی کارنامەیەکی نوێ دەروونزانی سیاسی دابڕێژێت. ئەگەرچی هەوڵەکەی لەین لە چوارچێوەی ئەوەبوو جەخت بکرێتە سەر کۆتاییەکانی کردەوەکە، نەوەک هۆیەکانی کردەوەکە، لەگەڵ ئەوەشدا رێکخستنەکەی لەین دەروونزانیانە دەمێنێتەوە. مەبەست لە شیکردنەوەی کۆتاییەکان تەنیا کۆتایی کردەوەی تاکەکانە، کە شتێکی خۆیی و گەشەسەندنی کەسیە. لەین ئەو بنەمایانە دەناسێنێت کە بەهۆیانەوە ئەو کۆتاییانەی کردەوەکانین پێ پێناسەدەکرێت، ئەو بنەمایانەش کولتوورین، بەڵام ناوەڕۆکی هاوبەشی کردنەکەی لەین و پێناسەی کۆتاییەکان تەنیا جەخت دەکاتە سەر ئاستی تاک. لەبنەڕەتدا هیچ تێڕوانینێک بۆ کۆتاییە کۆمەڵەیەکانی وەکو یەکگرتنی کولتووری و گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی لە کارەکەی لەین دا نیە.

تەواوکردنی ئەم ویستە بەرانبەر بە کەمکردنەوەی دەروونزانی، هاوتایەکی کۆمەڵزانیە،کەتیایدا تێڕوانینێکی روون بۆدیاردە درەوونزانیەکانی وەکو هەستپێکردن و کەسایەتی هەیە، ویستەکە ئەوەیە کە بەزاراوەی

کۆمەڵزانیانە مانا بەبەر ئەو دیاردانەدا بکەین. نموونەیەکی باشی لەم چەشنە، نموونەی کارەکەی پارسۆنە کە لە زۆربەی زانستیە سیاسیەکانی ئەمریکا پەسند کراوە (پارسۆن 1964، پارسۆن ە بەیڵس 1955). پارسۆن زنجیرەیەک سوود لە پێکهاتەی کەسایەتی دەردەخات، هەرچەندە پارسۆن باوەڕی وایە کە ئەو پێکهاتەیەی کەسایەتی لێکچووە لەگەڵ بەرهەمی پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی گەورەتر کە ئەو تاکەش بەشێکە لێی. لەگەڵ ئەوەشدا کارەکەی پارسۆن بە سەیر و نائاسایی دادەنرێت. بە شێوەیەکی زیاتر باو، کەمکردنەوەیەکی کۆمەڵزانیانەی دەروونزانی سیاسی یان کۆمەڵایەتی بیرۆکەیەکی کەمتر گشتگیری بەرابنەر بە تاکەکان هەیە. بەڵکو لە بڕی ئەمە، وایدادەنا کە هەموو تاکەکان تەواو یەکگرتوون.

لەژێر ئەم ڕۆشنایەدا، جەختکردنەوە لەسەر ئەم تایبەتمەندیانەی تاکەکان هەیە کە لە رووی کۆمەڵایەتیەوە دیاریدەکرێن، ئەمەش لەبەر ئەو رۆڵانەی کە تاکەکان دەیانگێڕن و ئەو گوتارانەی کە بەشداریان تێدادەکەن. کێشەی سەرەکی ئەوەیە چۆن بەکۆمەڵایەتیکردن (بەشێوەیەکی گشتی بەسەرکەتوو دادەنرێت) دەردەکەوێت. ئەم کێشەیەش لە میانەی دەروونزانی سیاسیدا زۆر زاڵبوو لە جەختکردنەوەی توێژینەوەکانی کۆتایی سالآنی 1950 کان تا سالآنی حەفتاکانی سەدەی رابردوو.

لە کۆتاییدا دەمەوێت بە کورتی باسی ئەو هەوڵانە بکەم کە تا ئێستا دراون بۆ پارێزگاریکردن لە یەکگرتنی هەریەکە لەبوارەکانی دەروونزانی و کۆمەڵزانی، لەهەمان کاتیشدا هەریەکە لەم هەوڵانە بەجۆرێک لە جۆرەکان سنوورەکانی بوارەکەی خۆی تێپەڕاندووەو چووەتە ئەو دیوی سنووری بوارەکەی خۆیەوە. وەهەروەها ئەوەش ناسێندراوە کە هیچ تاکە بوارێک بە شێوەیەکی یەکسان و پێویست و تەواو نیە کە ئاڵۆزیەکانی

کردەوە کۆمەڵایەتیەکان بگرێتەخۆ، لێرەدا پێشنیارەکە ئەوەیە کە ئەو کەسانەی بەداواداچوون بۆ ئەو باسە دەکەن با گەشبین بن کە دیاردەی زیاتریش روونده‌کرێتەوە. نموونەیەکی باشی لەم شێوەیە لەلایەن (دەیڤد وینتەر)ەوە بەرجەستەکراوە کە دەبێت دەروونزانی سیاسی وێنەی هەردوو، دەروونزانی بەوردبینیە سەرەکیەکان و میتۆدیەکانیەوە،لەگەڵ زانستی سیاسی و سەرەنجەکانی زانستی سیاسی بۆبواری گفتوگۆ و کاریگەریەکانی دامەزراوە، بکێشێت. هەڵوێستە کاسۆلیکیەکەی دەیڤد وینتەر فراواندەبێت بۆ توێژینەوە مێژوویی و ئەدەبیەکانی، ئەمەش لەبەرئەوەی ئەو هەڵوێستە کاسۆلیکیانە هاوبەشی تایبەت بەرجەستە دەکەن سەبارەت بەیەکخستی ئەم دوو بوارە.

لەراستیدا ئەم ستراتیژیەتە هەمەڕەنگەی دەیڤد وینتەر سەرکەوتوو بوو لەوەی کە بچێتە ئەو دیوی سنوورەکانی شیکاری هەریەکێک لە تاکە بوارەکان، هەرچەندە ئەم ستراتیژیەتە زیاتر لەوەی چارەسەری بکات، کێشەی دەروونزانیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی یەکگرتووی هێنایە ئاراوە. ستراتیژیەتەکەی وینتەر بە باشترین شێوە دەتوانێت ئەنجام بەدەستەوە بدات بەوەی کە گریمانە و بەڵگەی هەمەجۆر و جیاوازی لە خۆگرتووە. دواتر پرسیارەکە ئەوەیە کە چۆن ئەم ئەو پارچە لەیەکتر جیاوازانە بەیەکەوە دەگونجێندرێنەوە. سەرەڕای ئەوەی کە ئەم ستراتیژیەتە هەمەجۆرە، بەڵام کێشەی یەکگرتنێکی لەم چەشنە خۆی لێ لانادرێ. لەوانەیە ژمارەیەک روونکردنەوەی ئاماژە پێدەرو شیاو هەبێت، کۆمەڵێک هۆکاری هەمەجۆریش هەبێت،هەروەها چەند دەرئەنجامێکیش هەبێت، بەڵام ئەو راستیەی کە دەمێنێتەوە ئەوەیە گوتار و کارلێکردنی کۆمەڵایەتی یەک تاکە دیاردەن. لەوانەیە چەندان هێز هەبن رۆڵ بگێرن، بەڵام ئەو هێزانە

یەکدەخرێن و یەکدەگرن بۆ ئەوەی یەک تاکە کاریگەری کارلێکردنی کۆنکریتی یان گوتار دروستبکەن. لەوەش زیاتر، ئەو تاکە کاریگەریە دواتر دەبێتە هۆکارێک بۆئەوەی کاریگەری تری جیا جیا بەرهەمبێت. بەم شێوەیە پێویستیەک هەیە بۆ ئەوەی لە هاوپەیوەندی نێوان ئەو بۆچوونانەی، کە پەیرەو دەکرێن لە بوارێکدا، بگەین.هەروەها تێگەیشتن بۆ هاوپەیوەندی نێوان هۆیە دەروونزانی و هۆیە کۆمەڵایەتیەکان بکەین.

## بەرەو یەکگرتنێکی ڕاستەقینەی دەروونزانی سیاسی ـ کۆمەڵایەتی

وەکئەوەی پێشووتر پێشنیازکرا، زۆربەی هەرە زۆری هەوڵەکان چوونەتە ئەودیوی سنووری بوارەکانی دەروونزانی و کۆمەڵزانی، ئەمەش ڕێگای بۆ بانگەشەیەکی زیاتر کاسۆلیکیانە خۆشکردووە بۆ کێشەکانی کەمکردنەوەی بوارێکیان لەسەر حیسابی بوارەکی تریان، لەم بانگەشەیەش دا ڕێبازێکی یەکخراو وێنەی هەردوو بوارەکە دەکێشێت، یان یەکگرتنێکی ڕاستەقینە تیایدا بەرجەستەدەکرێت. ئەمەش پرسیارێکی تر دێنێتە ئاراوە، بۆچی زۆربەی هەوڵەکانی یەکخستنی تێڕاوانینە دەروونزانی و کۆمەڵزانیەکان بەکەمکردنەوەی یەکێکیان لەسەر حیسابی ئەوەی تریان کۆتای پێهاتووە؟ بەبڕوای من بەربەستی سەرەکی ڕێکخستنی گریمانەکەیە کە ڕێنیشاندەرێتی ئەو هەولانە دەکات، هەروەها یەک تاکە سەرچاوەی واتاو بەها هەیە لە ژیانی کاروباری مرۆڤدا. بەلای دەروونزانیەوە، دەبێت واتاو بەها لە توانای مێشک و سۆزداری تاکەکاندا بدۆزرێتەوە. بەمشێوە هەموو کێشەکانی زانستی کۆمەڵایەتی بەکارلێکردنی کۆمەڵایەتی و گوتارو دامەزراوە سیاسیەکان و بیری کەسێتی و کردەوەی کەسی دەبێت لەرێگەی ئاماژەدان بە کاریگەری و هەستپێکردنی تاکەکانەوە وەسفبکرێن و لێکدانەوەیان بۆ

بکرێت.بەلای کۆمەڵزانیشەوە، سەرچاوەی بەها و واتا لە ژیانی کۆمەڵایەتی دا لە کولتوور دەدۆزرێتەوە (یان کولتوور وەک سیستەمێکی بەهاو واتا دادەنرێت شانبەشانی زمانو گوتار)،یان بەهاو واتا لەپێکهاتەی کۆمەڵایەتیدا دەدۆزرێنەوە. بەمشێوەیە دەبێت کەسێتی و کردەوەی کەسی و کارلێکردنی کۆمەڵایەتی و دامەزراوەی سیاسی لە رێگەی ئاماژەدان بە کولتوور شان بەشانی زمان و گوتار لێکدانەوەی بۆبکرێت. دوای ئەوەی ئەو دامەزراوە مەعریفیەتناسیەمان خستەڕوو، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە هزرڤانانی کۆمەڵایەتی بنەمایەکی تیۆریانەیان بۆ چوارچێوەی کارەکەیان نیە کە توانا ببەخشێتە هزرڤانەکان شتی زیاتربکات لەروونکردنەوەی ژیانی کۆمەڵایەتی. بەمشێوەیە زاراوەکانی کەمکردنەوە یان ئەوەتا کەمکەرەوەی کۆمەڵزانیە (کە تیایدا بەها و واتا کۆمەڵەین)،یان کەمکەرەوەی دەروونزانیە (کە تیایدا واتا و بەها کەسین).

ئەم گفتوگۆیەی سەرەوە پێشنیازی ئەوەدەکات بۆ ئەوەی بچینە ئەودیو سنوورەکانی رێبازە هاوچەرخەکانی دەروونزانی سیاسی و کۆمەڵایەتی، پێویستیان بە رێکخستنێکی تیۆریانەی نوێ هەیە. رێکخستنێکی لەم چەشنەش دەبێت ژیانی کۆمەڵایەتی بە پێکهاتەیەکی دوانەیی بناسێنێت، لەلایەک دەبێت بیرکردنەوەو هەستی تاکەکان بناسێنێت، لەلایەکی تریش دەبێت بە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و دامەزراوەی گروپی بناسێنێت، هەردوو لایەنیش (تاکی و گروپی) سەرچاوەی نیمچە سەربەخۆی بەهاو واتان. لەوەش زیاتر کەم نەکەرەوەیەکی کۆمەڵایەتی یان دەروونزانی سیاسی دەبێت لەوانەیە بە شێوەیەکی بەرچاو ئەم سەرچاوانە بە ڕێگای جیاواز بەکار بێنێت. بەواتایەکی تر بە تیۆری کردن دەبێت پێشبینیکراو بێت و ناسینەوەی بەهاو واتای ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی بە دوو شێوەی جیاواز

**دروستبكرێت**.(ئەو ئاماژەدانە بەژیانی کۆمەڵایەتی بەوەی کە دەبێت بە دووانەیی پێکبهێندرێت، نابێت تێکەڵ بەو شیکاری پەیوەندی پێکهاتەی بریکاری بکرێت کە لالایەن گیدێنس (1984)بەرجەستەکراوە .ئەگەرچی گیدنس ڕەخنەگری کەمکردنەوەی کۆمەڵزانیانەیە، بەڵام بەدڵنیایەوە پێشنیازی ئەوەدەکات کە بریکار جۆرێک لە داهێنانی هەیە کە دەیخاتە ناو ژیانی کۆمەڵایەتی. هەرچەندە لە مێژووی گیدنس دەرفەتێکی کەم هەیە بۆ ئەوەی بە تێرو تەسەلی باسی سروشت و شێوازی ئەو زانیاری خستنە ناو ژیانی کۆمەڵایەتی بکات. بەم شێوە پێکهاتە و ڕێکخستنی کرەوە وەکو دیاردەیەکی کۆمەڵەیی دەمێنێتەوە، لە کاتێکدا بریکار وەکو شتێکی نادیار و لێڵ دەمێنێـەوە کە لە کۆتاییدا کەمدەکرێتەوە و بەهۆیەوە پێکهاتە دەردەکەوێت. ئەو ڕێبازەی من پێشنیازی دەکەم، کە پەیوەستە بە بیرۆکە کەی گیدنسەوە، بەوە دەستپێدەکات کە کە بیرۆکەی پێکهاتەی بریکاری زیاتر ڕوونبکاتەوە، بەڵام ئەو بریکاریە کە کەم ناکرێتەوە بۆ ئەو پێکهاتەی کۆمەڵایەتیەی کە گیدنس پێشنیازی کردووە).

بۆ نیشاندانی ئەو پێکهاتە دووانەییە، با ئەزموونی خۆمان لەبەرچاوبگرین لە پێشکەشکردنی سیمینارێکی زانکۆ. لێرەدا شتێکی نائاسایی و سەیر نیە کە قوتابیان بە تیۆرێکی نوێ ئاشنا دەبن، گفتوگۆیەکی واتادار دروستدەبێت سەبارەت بەلایەنەکانی تیۆرەکە یان ئەو کێشەسیاسیانەی کەتیۆرەکە ڕووندەکاتەوە .لەراستیدا لەوانەیە گفتۆگۆکەیان بە شێوەیەکی زۆر باوو یەکگرتوو بمێنێـتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا هاوکات بابەتەکان بە شێوەیەکی بەرچاو گۆڕانیان بەسەردادێت ئەگەر یەکێک لە قوتابیەکان پرسیار لە قوتابیەکی تر بکات بۆئەوەی ئەو وتەی یان ئەو گانگەشەی تازە کە تازە کردی روونیبکاتەوە کە مەبەستی چی بووە. لەوبارەدا لەوانەیە قوتابیەکە نەتوانێت ڕوونکردنەوەیەکی بەڵگەدار و ئاشکرا بدات. هەندێک جاریش قوتابیەکە زۆر بە ڕاشکاوی دان بەوە دەنێت کە خۆی بە تەواوی لە وتە یان گانگەشەی کەخۆی تێنەگەیشتووە.

چ له جەختکردنەوەی دەروونزانیانە بێت لەسەر تێگەیشتنی کەسیانەی یان جەختکردنەوەی کۆمەڵزانیانەی بێت لەسەرگوتار، ئەوا دەرئەنجامەکەی تێکەڵ و پێکەڵە. بەلای دەروونزانەوە، گریمانەکە ئەوەدەبێت کە توانای قوتابیەکان بۆبەشداریکردنیان لەگفتوگۆکە دەربارەی تیۆرەکە لەلایەن توانای مێشکی خۆیان و تێگەیشتنی کەسیانەی خۆیان سنووردار دەکرێت. چۆنیەتی بەشداریکردنی قوتابیان لە گفتوگۆدا، ڕەنگدانەوەی توانا و سنوورەکانی تونای بنچینەی خۆیانە. بەلای کۆمەڵزانیشەوە، گریمانەکە ئەوەدەبێت جۆری ئەو گوتارەی کە خەڵکەکە دەتوانێت بەشداری تێدا بکات ،دەتوانێت تێگەیشتنی کەسیانەیان دروستبکرێت. بەم جۆرە بەشداربووان یەکتری ڕادەکێشنە ناو گفتوگۆکە بە شێوەیەکی مۆدێلانە پرسیاردەکەن و وەڵامدەدەنەوە. لەهەریەکێک لەبارەکاندا جیاکردنەوەی نێوان کوالیتی ئەو گوتارەی کە لەرووی کۆمەڵایەتیەوە پێکهێنراوە لەگەڵ ئەو کوالیتیە کە تێگەیشتنی کەسیانەیە بۆ تاکە بەشداربووەکان، بەم چەشنە تاکەکان لە ئاستێکن کە دەکەوێتە ئەودیوی تێگەیشتنی خۆیان و روونکردنەوەی ئەم بارەش ئاسان نیە. لەباشترین باردا دەکرێت هەوڵێکبدرێت بۆ کەمکردنەوەی گرنگی ئەم جۆرە بارودۆخە، ئەمەش لە ڕێگەی ئەو گانگەشەیەی کە دەڵێت ئەم بارودۆخە شتێکی نا ئاسایی و کاتیە، نەوەک ڕاستەقینە بێت. هەرچەندە من دەڵێم ئەو جیاکردنەوەیە باوەو سیمایەکی ڕاستەقینەی ژیانی کۆمەڵایەتیە. لەوەش زیاتر پێشنیازی ئەوەدەکەم کە پێویست ناکا ئەو جیاکردنەوەیە تێکەڵبکرێت، بەڵکو لەراستیدا دەکرێت بەو شێوەی کە هەیە تێگەیشتنی بۆ بکرێت ئەویش بەوەی یەکێک بە گریمانەی مەعریفییەوە دەستپێبکات کە واتاو کردەوە بە دووانەیی پێکهێنراون. ئەو نموونەی پێشووتر جەخت لەسەر بوارە سنووردارەکانی گفتوگۆی ناو پۆل دەکاتەوە.

بۆئەوەی روونکردنەوەکە تەواو بکەین، لەوانەیە توێژینەوە لە سنوورەکانی بواری گفتوگۆی کۆمەڵگا هەوچەرخە ڕۆژئاوایەکان بکەین، بەتایبەتی کۆمەڵگای ئەمریکی. لەماوەی چەند دەیەیەکی ڕابردوودا تاڕادەیەکی زۆر پسپۆڕانی کۆمەڵایەتی و کەسانی ئەکادیمی لەسەر قەیرانی یان ئاریشەی پۆست مۆدێرنێتە دواون. گفتوگۆی بنەڕەتی ئەوەیە کە هاتنی سیستەمی سەرمایەداری، گەشەی خێرای تەکنۆلۆجیا، فرەکولتووری، جیهانگەرایی و، ستەمکاری، جێگیری و فۆرمە هاوچەشنە کولتووریەکان هەموو ئەمانە پەکیان کەوت. بەربەستی جیاوازیی و ئاڵۆزی و حەزکردن بە گۆڕانی ژیانی هاوچەرخ هاتنە بەردەم، خەڵک پرسیاری ئەوەی لێدەکرا بۆئەوەی بە شێوەیەکی کار بەشداری لەگەڵ خەڵکی تر بکات لەپێناسەکردنی ناسنامەکانی خۆیان و خەڵکانی تر،هەروەها خەڵک داوای ئەوەشیان لێدەکرا کە بەشداری پێکهێنانی یاساکان و بەهاکان بکەن کە بەهۆیانەوە و لەوێوە کارلێکردنەکانیان ڕێکدەخرێت. قەیرانەکە ئەوەبوو، کە پێدەچوو تاکەکان سەرچاوەکانی هەستپێکردن و سۆزداریان نەبێت بۆئەوەی بەم شێوەی کەپێویستە وەڵامبدەنەوەو بەشداربن.پێدەچوو تاکەکان لەوەنەگەیشتبن کە دەبێت چۆن بەشداری بکەن و چ لەسەریان پێویستە و چۆن بەردەوام بن و بەرەو پێش بچن. دەرئەنجامەکەشی زۆربەی کات نائاسودەیی و پاشەکشە، یان دەرئەنجامەکەی فۆرمە لاوەکیەکانی نەخۆشیزانی دەروونی بوو. لە ئاستێکی کۆمەڵەییدا، ئەمە لە ژمارەیەک دیاردەدا ڕەنگیدایەوە لە گروپە خۆیەکانەوە بگرە تا دەگاتە گەشەی خێرای بزووتنەوەو جموجۆڵە کۆمەڵایەتیەکان، کەتیایدا نەژادپەرستی و نەتەوایەتی و تقلیدگەرایی بەشێوەیەکی کارا وەکو ئاراستەکانی ژیانی پۆست مۆدێرنێتە ڕەتکرانەوە.

لەباری سنووری ئەم گفنوگۆیە ئێستا سیمایەکی سەرنجڕاکێشی قەیرانەکە سەختی روونکردنەوەیەتی.لەروانگەی پەیڕەوکردنی زانستی کۆمەڵایەتییەوە، یەکێک وادادەنێت واتاو بەها بنیاتنانێکی کۆمەڵایەتین. بە لەبەرچاوگرتنی سەردەمی پۆست مۆدێرنێتە، کەسێکی کۆمەڵزان هەوڵی دیاریکردنی ڕێگایەکی جیاوازدەدات بۆ بنیادنانی بەها و واتا و هەوڵی ڕوونکردنەوەی ئەو بنیادنانە دەدات لەڕێی ئاماژەدان بەگۆڕانەکانی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی یان فۆڕمەکانی گوتارەوە. بۆجێبەجێکردنی ئەوەش،لەوانەیە هەژمارکردنێکی یەکگرتوو بەرجەستە بکرێت دەربارەی ئەوەی کە لە ئاستێکی کۆمەڵەییدا دەگوزەرێت، بەڵام هێشتا ئەوەش مەودایەکی تیۆریانە بۆ سروشتی قەیرانەکەی ئێستا بەدەستەوە نادات. لێرەدا کێشە ئەوەیە کە قەیرانی پۆست مۆدێرنێتە لە بنەڕەتدا کێشەی دژایەتی و پێچەوانەبوونی ناوەخۆی نێو هێزە کۆمەڵایەتییەکان نیە (وەکو ئەو جۆرە قەیرانەی کەلەلایەن مارکسەوە پێشنیازکرا). بەڵکو لەبنچینەدا دژێتی و پێچەوانەی نێوان ڕێکخراوە کۆمەڵەییەکان لەگەڵ پێناسە کولتووریەکانی لەخۆگرتووە، لەلایەکی تریشەوە دژایەتی نێوان ڕێکخستنەکانی کاریگەری کەسێتی لەگەڵ تێگەیشتنە کەسەکانی لەخۆگرتووە. بەشێوەیەکی ئاسایی کۆمەڵزانێک وادادەنێت کە بیرو بەهاکانی تاکەکان بەرهەمی بەکۆمەڵایەتی کردنن، بەم شێوەیەش بیرو بەهاکان بەشێوەیەکی کۆمەڵەیی دیاریدەکرێن. زەحمەتیەکە لێرەدا ئەوەیە کەیەکێک لە قەیرانەکانی پۆست مۆدێرنێتە ئەوەیە کە پێدەچێت بەکۆمەڵایەتی کردن شکستی هێنا بێت و بەها و بیری تاکەکان بە شێوەیەک بنیات بنرێت کە بەرهەڵستی دەستنیشانکردنی کۆمەڵایەتی

بکات. پێدەچێت سروشتی قەیرانەکە نکۆڵی لە گریمانە بنەڕەتیەکانی کۆمەڵزانی بکات و هەربۆیە ناتوانرێت تێگەیشتنی بۆ بکرێت.

دیدە دەروونزانیەکە زۆر باشتر نیە لە دیدە کۆمەڵزانیەکەی. وەک کەسێکی کۆمەڵزان، کەسی دەروونزانیش سنووردارەدەکرێت بۆ یەک ئاستی شیکاری. ژیانی کۆمەڵایەتی بەهۆی ئاماژەدان بە بنیادنانی کەسیانەی بیر و بەهاکانی تاکەکانەوە روونەدەکرێتەوە،هەروەها لە رێگەی ئاماژەدان بە کردەوەی لە رووی کەسیەوە ئاراستەکراوەوە ڕووندەکرێنەوە. لەژێر ئەم رۆشناییەدا، قەیرانەکە وەکو قەیرانێکی تاکی یان نەخۆشی دەروونزانی تێگەیشتنی بۆدەکرێت، ئەمەش پەک کەوتن یان بەردەوام نەبوونی خودی تاکە.

دواتر ئەمە بنەمایەک بۆ ئەو تێگەیشتنە بەرجەستەدەکات کە چۆن لەوانەیە تاکەکان رەفتاربکەن بەهەڵە ڕابێن لەسەر ڕێگا وێرانکارەکانی خود . کێشەی ئەم رێبازە ئەوەیە کاتێک جێبەجێدەکرێت لەسەر قەیرانی پۆست مۆدێرنێتە قەیرانەکە قەیرانی نەخۆشی زانی دەروونی نیە، لەناوبردن و وێرانکردنی خود ناگرێتەوە. بەڵکو قەیرانەکە رەگی لە هەوڵ و تێکۆشانی تاکەکانە بۆ بەردەوامبوونی خۆیان لە رووبەڕووبوونەوەی ئەو رێگایەی ژیانی پۆست مۆدێرنێتە کە هەڕەشە لەو یەکێتیە دەکات کە خود بنیات دەنێت. لێرەدا کێشەی بنچینەی هەڵوەشاندنەوەی خود نیە، بەڵام جیاکردنەوەی نێوان خودێکی یەکگرتوو لەگەڵ پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی زاڵە یان گوتارێکی کولتووری زاڵە. دوای خستنەڕووی ڕێبازی توێژینەوەی تاکێتی و کوالیتی وەرگیراوی ژیانی کۆمەڵایەتی، دەروونزانان ناتوانن لەسەر ئەو جیاکرنەوەیە بدوێن. بە پێچەوانەوە کاتێک گفتوگۆ لەسەر سروشتی ژیانی کۆمەڵایەتی دەکرێت، ویستەکە ئەوەیە کە وادابنرێت ژیانی کۆمەڵەیی

تۆپەڵەیەکی هۆیەکانی تاکەو بەمجۆرە ژیانی کۆمەڵایەتی رەنگدانەوەی تێگەیشتن و پێویستیەکانی تاکە .ئەمەش شتێکی روونە لەشیکاری سنووری کۆمەڵایەتی فرۆید یان لە شیکاریە زۆر تازەکانی کولتووردا (لە ڕێبازە زیاتر دەروونزانیەکان دا، هەستپێکردنێکی ئاشکرای کۆمەڵەیی و تۆپەڵەیی تاکەکان هەیەو لەوانەیە دەرئەنجامی نەویستراو بەرهەم بێنێت. ئەمەش لەوانەیە نەگونجانێک لەنێوان ئارەزووەکانی تاکێک لەگەڵ بەهای دەرئەنجامە کۆمەڵەییەکان دروست بکات. بەگوێرەی بیروبۆچوونی من، دوو سنوور بۆ شیکاری جیاکردنەوەی نێوان تاکەکان لەگەڵ کۆمەڵیی بوون هەیە: یەکەم، ئەو جیاکردنەوەی لە تیۆری ئابووری کلاسیکی نوێدا پێناسەکراوە، زیاتر جیاکردنەوەیەکی سەرەکیەو بابەتی هەڵسەنگاندنە جیاوازەکانی دەرئەنجامە دیاریکراوەکانە .ئەوجۆرە جیاکردنەوەی پێشنیازی دەکرێ بۆ واتاو بۆ سیستەمی ڕێکخستنی کردەوە زیاتر دیاردەیەکی گشتیە. دووەم،پەیوەندی بە سنووری یەکەمەوە هەیە، جیاکردنەوەی سەرەکی نێوان حەزەکانی تاک لەگەڵ دەرئەنجامەکانی کۆمەڵە ئەگەری زۆرە کە شتێکی خۆ راستکردنەوەی بێت. تاکەکان لە سروشتی نا ئاسودەیی بەرهەمە کۆمەڵەیەکان تێدەگەن، بۆیە دەیانەوێت دەرفەتی باشتریان هەبێت لە سود وەرگرتنەکانیان. ئەو پێشنیازەی من ئاماژەی پێدەکەم واتای جیاکردنەوەیەکی گشتی ئەو دیاردەی دووانەییە تاکی و کۆمەڵەییە، بەمشێوەیە بنیات نانەکان لە ئاستێکدا بە شێوەیەکی گشتی لێڵن، هەربۆیە وا هەست دەکەم بەشێوەیەکی ئاسایی تاکەکان بە شێوەیکی ڕێکوپێک لەبارودۆخی کۆمەڵەیی یان دامەزراوەی کردەوەکانیان نەگەیشتوون، بۆیە ناتوانن بە شێوەیەکی کاریگەر وەڵامیان بۆی هەبێت و بەشداری کاریان تێدا هەبێت).

لە نموونەکەی پێشتووتری پۆل، قەیرانی پۆستمۆدێرنێتە ئاسانتر تیشکی خرایە سەر لە ڕوانگەیەکی زیاتر دەروونزانیانەی کۆمەڵایەتی بنیات نانی دووانەییەوە. لەم ڕوانگەیەوە، جیاکردنەوەی شیاوی نێوان بنیاتنانە کۆمەڵەیەکانی واتا لەگەڵ بنیاتنانە تاکیەکانی واتا یان کردە ڕێکخراوەیەکان لەسەرەتاوە دادەنرێت. بەمشێوەیە چێوارچێوە بنەڕەتیەکان قەیرانی پۆست مۆدێرنێتە یەکسەر تێگەیشتنیان بۆ دەکرێت. ئەگەری جیاکردنەوەیەکی لەم چەشنە پێویستی بەڕوونکردنەوە نیە. بەڵکو

جیاکردنەوەیەکی لەم چەشنە زیاتر پێویستی بەوەیە کە شیکاری دەستپێبکات و هەوڵبدرێت بۆ دیاریکردنی ئەو جیاکردنەوەی ئێستا بەهۆی وەسفکردنی کوالیتی بنیات نانەکان لە هەرئاستێکدا، وەهەروەها وەسفی سروشتی جیاوازیەکان و لەگەڵ یەک نەگونجانەکانی نێوانیان بکرێت.

دواتر دەرگایەک دەکرێتەوە بۆ ئەوەی هەوڵبدرێت کە تێگەیشتن بکرێت کاتێک ئەگەری ئەوە زۆرە کە جیاکردنەوەکە زیاتر یان کەمتر روونبێت، یان کەمتر یان زیاتر دەربخرێت، یان کەمتر یان زیاتر ئەنجامدار و گرنگ بێت جا چ بۆ تاکەکان بێت یان بۆ ڕێکخراوە کۆمەڵایەتیەکان و ئەو گوتارە کولتووریانە بێت کە بەشداری تێدادەکەن. لەکۆتاییدا لەوانەیە تێڕوانینێکی زۆر زیاتر سودبەخش دەربارەی ئەو قەیرانەی ئێستا پێشکەشبکرێت. ئەگەرچی ئەوەی گرنگە ئەوەیە گریمانەی بنیادنانی دووانەیی پێویست و تەواو نیە بۆگەشەپێدانی دەروونزانیەکی کۆمەڵایەتی یەکگرتوو و یەکخستوو . دەبێت گریمانەی جیاوازیکردن و جیاکردنەوەی بنیادنانی بەهاو واتای کۆمەڵەیی لەگەڵ بنیادنانی بەها و وتای تاکی زیاتر بکرێت بۆئەوەی گەشەی پێبدرێت و تەواو بکرێت، ئەمەش بەهۆی ئەو ناسینەوەی کە ئەو بنیادنانانە لە بنەڕەتدا تێکئاڵێندراون. ئەگەرچی بنیادنانە کۆمەڵیی و بنیادنانە تاکیەکان لەیەکتر جیاوازن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەبنەڕەتدا بنیادنانە تاکی و بنیادنانە کۆمەڵەییەکان لەسەر ئەو بنەمایە هاوبەشە دەردەکەون کە خەڵک دەتوانێت چ بکات یان چ بەیەکتر بڵێن. لەئەنجامدا هەریەک لە بنیادنانێک کار لەوەکەی تریان دەکات و بەریەککەوتن روودەدات.

بۆ ئەوەی باشتر ڕوونیبکەینەوە، بانموونەیەکی دیاریکراوی پۆست مۆدێرنێتە وەربگرین کە هاوسەرگیرییە. لە پێناسەیەکی تقلیدیانەی

هاوسەرگیریدا، رۆڵەکان و رەفتارە یەک بەدوای یەکدا هاتووەکانی پیاوەکە و ئافرەتەکە پێناسەکراوە. لەچەمکە پۆست مۆدێرنێتەکاندا، هاوسەرگیری بەجۆرێک تێگەیشتنی بۆ دەکرێت کە وەکو پەیوەندیەکی نێوان دوو خود و خۆ ئاڕاستەکردنە و هەریەکێکیان لەوانەیە هێز و پێویستی زۆر جیاوازی لەوەی تریان هەبێت. لەم چوارچێوەیەدا هاوسەرگیری چیتر پێناسەی تاک ناکات و هیچ رێگایەکی تایبەت بۆ کارلێکردنیان ناسەپێنێت. لەبڕی ئەمە دەبێت پەیوەندیەکە بنیاتبنرێت بەهۆی بەشداربووانیەوە بە جۆرێک کە لەگەڵ سروستی هەریەکە لە هاوسەرەکان دەگونجێت. ئێستا با وا دابنێین کە ئافرەتێک هاوسەرگیری دەکات، بەڵام تەنیا دەتوانێت بە شێوازێکی کۆنکریتی هەست بەپەیوەندیەکە بکات ئەمەش لەمیانەی پێناسە تقلیدیەکان جێگەی دەبێتەوە. ئەنجامی ئەمەش جیاکردنەوەیە لە نێوان تێگەیشتن و رێکخستنەکانی تاک لەگەڵ ئەو پەیوەندیەی کە لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە پێکهێنراوە. ئافرەتەکە هاوسەرەکەی دەئاڵێنێتە بارێکەوە کە بگونجێت لەگەڵ تێگەیشتنە کۆنکریتیەکەی خۆی و چاوەڕوانی ئەوەشی لێدەکات کە هاوسەرەکەی بەهەمان شێوەی ئەو بەدەمیەوە بێـت و وەڵامی بداتەوە. لەهەمانکاتدا کوالیتی کارلێکردنی نێوان دوو تاکەکە رەنگدانەوەیی پێکهاتە کۆمەڵایەتی و پێناسە کولتووریەکانە. ئەمەش ئەوە دەردەخات کە تاکەکان بە هەستیاریەوە بەشداری بنیادنانی ئەو پەیوەندیە دەکەن. ئەنجامەکەشی سەرەڕای نیازو پێشبینیەکانی ئەو ئافرەتە، پەیوەندی ئەو تاکە لەگەڵ هاوسەرەکەی زۆربەی کات زیاتر ئاڵۆزو گۆڕانکاری تێدا دەبێت زیاتر لەوەی کە ئەوئافرەتە پێشبینیدەکات. لە هەمانکاتدا هاوپەیوەندی نێوان هاوسەرەکان لەوانەیە زۆربەی جار کەمتر رەنگدانەوە و پێکهێنانێکە کە لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە پێویستە هەبێت. بەشێوازێکی زیاتر

ئەبستراکتیانە، ڕێنمایەکانی کارلێکردن و ئەو گوتارەی کە لەلایەن یەکێک لەسەرچاوە پێکهێنەرەکان پێکهێنراوە (تاکی یان کۆمەڵەیی) هەردەم بابەتی بونیادنانەوەی هەیە لەلایەن سەرچاوە پێکهێنەرەکەی ترەوە، لەبەرئەوەی هەردووکیان بنەمای دەرکەوتنی هاوبەشیان هەیە لەوەی کە خەڵک چ دەکەن یان چی بەیەکتری دەڵێن.

لەلایەک دەبێت دەروونزانیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی یەکگرتووی ڕاستەقینە ئەو پەیوەندیە ئاڵۆزە وەربگرێت کە لەنێوان پێکهێنانی تاکیانەی واتا و کردەوە هەیە، لەلایەکی تریشەوە دەبێت پێکهێنانی کۆمەڵییانەی واتا و کردەوە وەربگرێت وەکو خاڵی جیابوونەوەیان.

ئەگەری زۆرە ئەو پەیوەندیە وەکو هێزێک بێت لەسەر بنیادنانی کەسی و کۆمەڵەیی کردەوە.سەرەتا ئەگەری ئەوەش زۆرە ئەو پەیوەندیە سنوورەکانی فۆرمە کەسی و کۆمەڵەییەکان وەربگرێت، لەبەرئەوەی بنیادنانە تاکی و کۆمەڵەییەکان بوارێک بەرجەستە دەکات بۆ دەرکەوتنی هەریەکێک لە بنیادنانەکان.بەشێوەیەکی ئاشکرا ئەو دەرفەت و داخوازیانەی کە ژینگە کۆمەڵایەتیەکان لەسەر کالێکردنەکانی تاک لەگەڵ کەسانی تر دادەنێت، دەستنیشانی جۆرەکانی تێگەیشتنەکان دەکات کە ئەو ئافرەتە بنیادی دەنێت هەروەها دەستنیشانی ئەو ستراتیژیەتانەی کردەوە دەکات کە ئەو ئافرەتە بنیادیدەنێت. ئەمەش کێشەی گرنگ سەبارەت بە ڕەهەندە سیاسی و کولتووریەکانی هەستپێکردن و کاریگەری دێنێتە ئاراوە. توانای تاکەکان لە دروستکردنی پەیوەندیەکانی هەستپێکردن و بەدەمەوە هاتنی داخوازیەکان دەستنیشانی جۆری ئەو گوتارانە دەکات کەدەتوانرێت بنیاد بنرێت بۆڕێکخستنی کارلێکردنی تاکەکان.ئەم دوا لایەنەی پەیوەندی دەرگایەک دەکاتەوە بۆ دەروونزانی سیاسی و کۆمەڵایەتی بۆ ئەوەی لەسەر

ئەو پرسیارە سەرنجراکێشانە بدوێن کە دەربارەی ڕەهەندەکانی دەروونزانی کۆمەڵایەتین و سیاسەتێکی کاریگەر بنیاد دەنێت. پەیوەندی نێوان بنیاتنانی ژیانی کۆمەڵایەتی تاکی و بنیادنانی ژیانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵەیی گۆڕانی شاراوەیان تێدایە. سەرەڕای سنووردارکردنی ئەگەرەکانی یاسا کولتووریەکان، لەوانەیە تاکەکان پاڵەپەستۆ دروستبکەن بۆ گۆڕینی یاسا کۆمەڵەیەکان. تاوەکو توانای تاکەکان لە هەستپێکردن و دەستنیشانکردنی کردەوەکان توانای دامەزراوە کۆمەڵایەتیەکان تێپەڕێنێت لە پێناسەکردن و ڕێکخستنی کردەوەکان، ئەوا تاکەکان بەجۆرێک لە یاسا کۆمەڵایەتیەکان دەڕوانن کە هەڕەمەکی بن. ئەنجامەکەشی ئەگەری زۆرە شکست بهێنێت لە یاسا کۆمەڵایەتیە کاریگەرەکان و هاوبەشی لەدروستکردنی پاڵە پەستۆ لەسەر گۆڕانی کوالیتی لە بنیات نانی ژیانی کۆمەڵەیی بکات. هەروەک چۆن لەوانەیە تاکەکان لەخوارەوە پاڵەپەستۆ بۆگۆڕانی کۆمەڵایەتی دروست بکەن، بەهەمانشێوە لەوانەیە دامەزراوە و گوتارە کۆمەڵایەتیەکانیش لەسەرەوەڕا پاڵەپەستۆ بۆ گۆڕانە تاکیەکان دروستبکەن. کاتێک تاک ڕووبەڕووی جێبەجێکدرنی ئەرکەکان دەبێتەوە کە ناتوانێت بە شێوەیەکی باش لە ئەرکەکان بگات بەڕێوەیان ببات، ئەوا بڕی پێویستی بنیادنانی خودی تاکە بۆ واتاو بەها گەری زۆرە کە پرسیاری هەڵگرێت. ئەگەری زۆرە ئەمەش گۆڕانێکی کوالیتی لەخۆبگرێت لە کردەوەدا. ئەم ڕەهەندە گۆڕاوەی پەیوەندی نێوان تاک و کۆمەڵە دەرگایەک بۆ شیکاریەکی سەرنج ڕاکێشی بارودۆخەکان دەکاتەوەو سنوور بۆهەردوو گۆڕانی دەروونزانی و کۆمەڵایەتی دادەنێت. ئەوەی لێرەدا پێشکەش کراوە، ئاراستەیەکە بۆ توێژینەوە دەروونزانیە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی داهاتوو. ئەگەر بگەڕێینەوە سەر ئەو کێشانەی کە یەکەمجار لەتوێژینەوەی دەروونزانی کۆمەڵایەتی هاتنە

ئاراوه،دەبینین ئەم ڕێبازە ڕێبازێکە بۆ هەبوونی یەکگرتنێکی ڕاستەقینە. لێرەدا ئامانج ئەوەیە نیە کە هەوڵبدرێت بۆ هەبوونی تیۆرێک یان میتۆدێک بۆ یەکێک لەبوارەکان، ئینجا ئەو تیۆرە یان میتۆدەکانی ئەم تیۆرە لە توێژینەوە کرداریەکان جێبەجێبکرێت لەسەر حسیابی بوارەکەی تریان.

هەروەها بانگەشەی ئەوەش نیە کە بەیەکەوە بەستنەوەی دوو یان زیاتری بواری توێژینەوەیە بەیەکەوە، ئەم بەیەکەوە بەستنەوەش لە نێوان بوارە جیاوازەکانی دەروونزانی و کۆمەڵزانی و دەروونزانی سیاسی بەڵکو ئامانجە زیاتر بۆ بنیاتنانی تێگەیشتنە لە دووبواری توێژینەوە بەیەکەوە لە ئاستی تاک و ئاستی کۆمەڵەیی لە ژیانی سیاسی و ژیانی کۆمەڵایەتی دا. گریمانەکە ئەوەیە کە پێشبینی و میتۆدەکانی بوارەکانی دەروونزانی و کۆمەڵزانی و دەروونزانی سیاسی دەبێت دووبارە پلانیان بۆ دابڕێژرێت لە ژێر رۆشنای ئەم تێگەیشتنە.

وەک ئەوەی لەسەرەتادا پێشنیازکرا،گەشەسەندنی دەروونزانیەکی سیاسی یان کۆمەڵایەتی ڕاستەقینەی لەم چەشنە، پێویستی بەپێگەیەکی مەعریفەتناسیانە هەیە کەبتوانێت کارئاسانی بۆ بەتیۆریکردنی سەربەخۆی کرداریانەی کولتوور و سروشتی ژیانی کۆمەڵایەتی بکات، کە ئەو ژیانە کۆمەڵایەتیە بە شێوەیەکی دووانەیی بنیاتنراوە. ئەو پێگە مەعریفەتناسیانەی کە ئێستا هەن ناتوانن ئەمە بکەن. بەمشێوەیە هەوڵدان بۆ بنیادنانی دەروونزانی سیاسی دەبێت گەشەسەندنی مەعریفەتناسیەکی ڕێک و پێکی تێدا بێت. لەسەر ئەم بنەمایە دەکرێت ڕێنمونیکردنی روونتر بۆ بەتیۆریکردن و توێژینەوەی کرداری دروستبکرێت. وەکو هەنگاوێک بەم ئاراستەیە، باسەرەتا ڕەچاوی ڕاستی و بەهاو هێز بکەین،لەبەرئەوەی هەرسێکیان پەیوەندیان بە تیۆرو توێژینەوەی دەروونزانی سیاسیەوە هەیە.

**ڕاستی و بەها لەدەروونزانی سیاسی دا**

لێرەدا دەچینەوە سەر ئەو بەرەنگاریانەی کە لەناوەوە و دەرەوە ڕووبەڕووی دەروونزانی سیاسی دەبنەوە. یەکێک لە بەرەنگاریەکانی پۆست مۆدێرنێتە، سەرەڕای ئەوەی کە دەروونزانی سیاسی پێچەوانەو دژیەتی، ئەوەیە کە ناکرێت دەروونزانی سیاسی زانستێکی کۆمەڵایەتی دوولایەنە بێت.لەم ڕوانگەیەوە،میتۆدەکانی توێژینەوەی دەروونزانی سیاسی ئەوەندەی بابەتی توێژینەوەی دوولایەنی ڕاستیە بابەتیەکان نین، ئەوەندە بابەتی گفتوگۆیە زاڵەکانی کۆمەڵگان. بەمشێوەیە دەروونزانی سیاسی، وەکو زانستە کۆمەڵایەتیەکانی تر، بەشێوەیەکی زۆر گشتی دەربارەی ڕاستی نیە، بەڵکو دەربارەی جەختکردنەوەی بەهایە لەلایەن هێزەوە.بەرەنگاریەکەیتر کە زۆر جیاوازە لەلایەن ژیانی کۆمەڵایەتی هاوچەرخەوە هێنراوەتە ئاراوە، ئەویش ئەوەیە کە ئەگەرچی دەروونزانی سیاسی سەرچاوەی بەها نیە، بەڵام دەبێت سەرچاوەی بەها بێت. کۆمەڵگای ئەمریکی بەشێوەیەکی ئاشکرا لە قۆناغی گواستنەوە دایە. کاتێک بنچینەو پێناسە کولتووریەکان دەکەونە ژێر پرسیارەوە و ڕەتدەکرێنەوە لەبەرئەوەی ناتەواون، دەبێت بنچینەو پێناسەی نوێ ڕێکبخرێت. لەهەردوو ئاستەکانی تاک و کۆمەڵگایی دا داخوازی بۆ ئاراستەی نوێی سیاسی هەیە.

زۆربەی کات دەروونزانانی سیاسی هاوچەرخ هەردوو بەرەنگاریەکەیان پشتگوێ خستووە یان ڕەتیانکردونەتەوە. گریمانەی باو ئەوەیە تیۆرەکانی توێژینەوەکانی دەروونزانی سیاسی لە ڕووی بەهاوە بێلایەنە.(لە چوارچێوەی ئەم گوتارە تیۆریەدا پێدەچێت جەختکردنەوەکان بە هێزبن و تایبەت نەبن بە خەڵک یان تەنانەت دامەزراوەکان، بەڵکو لێرەدا ئەو جەختکردنەوانە ئاماژە بە گوتارە زاڵەکان یان گوتاری کۆمەڵگاکان دەکەن).

لەسەر ئەم بنەمایە گانگەشەکانی لایەنگیری کردنی بەها یان داواکاریەکانی ئاراستەی بەها بەشێوەیەکی ئاسایی رەتدەکرێنەوە، لەبەرئەوەی ئەو داواکاریانە یان گانگەشانە دەکەونە ئەو دیوی سنووری توێژینەوەی دەروونزانی سیاسی (بەدڵنیایەوە بڕێکی زۆر لە توێژینەوەکانی دەروونزانی سیاسی خزمەتی کۆتاییە بەهادارەکان دەکەن، بەڵام ئەو کۆتاییانە وادادەنرێن کە بکەونە دەرەوەی تیۆر و میتۆدەکانی ڕێنموونیکردنی توێژینەوە.بەمشێوەیە دەتوانرێت نموونە جیاوازەکان ستراتیژیەتەکانی هەمان توێژینەوە بەکاربهێندرێت بۆئەوەی دەرکەوتنە جیاوازەکان تەنانەت بەها دژ یەکەکانیش بگرێتەخۆ). لەکاتێکدا لەوانەیە وەڵامێکی لەم شێوە لە رابردوودا بەس بووبێت، بەڵام پێم وانیە بۆ کاتی ئێستا ئەو وەڵامە بەس بێت. ڕاستی/بەها یان زانست/ئایدۆلۆژیا بە هێزی تەواو پێویستەوە پرسیاریان لێدەکرێت لەلایەن ژمارەیەکی تەواو لەهاوکارانەوە، بەمەش وەڵامێکی زیاتر لەبەرچاوگیراو بەپێویست دەزانرێت.سەرەڕای ئەوەی ئەو کاتانەی ئێستا تیایاندا دەژین ناجێگیرین.جیهانگەرایی و فرەکولتووری و گۆڕانی خێرای کۆمەڵایەتی پێناسە و بەها کۆنەکانیان کەمکردۆتەوە. پێناسە و بەهای نوێ پێویستن بەمەبەستی بڕیاردان لەسەر ئەو پرسیارانەی کەدەبێت دیموکراسی چ شێوازێک وەربگرێت، دەبێت قوتابخانەکان چ وانەیەک فێری منداڵانمان بکەن، دەبێت چ بەهایەک ڕێنموونی رەفتارەکانمان بکات لە ژیانی کەسیماندا. لەم ژینگەیەدا رەتکردنەوەیەکی سادەی بەرەنگارەیەکان یان رەخنەکان، لە رووی سیاسیەوە نابەرپرسیاریەتیە.

جیا لە سیاسەتی پراکتیکی، پێموایە دەتوانرێت بڕێکی باش لەم بەرەنگاریە جدیانەوە فێربین.وەکو ئاریشەی یەکخستنی دووبواری توێژینەوە ، کێشەی بەها لەتوێژینەوەی سیاسیدا ئاراستەیەک بۆدووبارە بنیادنانەوەی دەروونزانی سیاسی بەرجەستە دەکات. لەراستیدا تێڕوانینمان بۆ کێشەی

یەکەم یارمەتی روونکردنەوەی کێشەی دووەم دەدات. لێرەدا بە دوو شێوە لەکێشەی یەکەم نزیکدەبینەوە: سەرەتا لەو رێگا سەرەکیانەوە دەدوێم کە تیایاندا راستی و بەها بە شێوەیەکی ئاسایی تێکەڵ بەیەککراون و بەیەکداچوون لە هەردوو شیکاری سیاسی و دەروونزانیدا. گانگەشەی سەرەکی لەو مەرجانەی خوارەوە سەرچاوەی گرتووە کە لەلایەن تێروانینەکانی دەروونزانی سیاسیەوە بەرەوپێش براون. بەم پێیە رەچاوی کێشەیەکی زۆر زەحمەتر دەکەم لە پەیوەندی نێوان توێژینەوەی شیکاری لەگەڵ توێژینەوەی بنچینەیی کۆمەڵایەتی. لێرەدا هەوڵێک هەیە بۆ کێشانی وێنەی پەیوەندی نێوان توێژینەوەی کۆمەڵزانی و توێژینەوەی دەروونزانی، بۆ ئەوەی لەسەر ئەوبەهایە بدوێت کە بۆتە سەرچاوەی سەرەکی هەڵقولانی پسپۆرانی کۆمەڵایەتی و رەخنەکانی کەسانی پۆست مۆدێرنێتە. ئامانجەکە هەرتەنیا باشتر تێگەیشتنی گفتوگۆیەکە نیە، بەڵکو بەکارهێنانی گفتوگۆیەکەشە لە دەستنیشانکردنی رەهەندە بنچینەیەکانی دەروونزانی سیاسی یەکگرتوو.

### هەڵسەنگاندنی سیاسی و دەروونزانی باش

سەرەرای گانگەشە بڵاوەکانی بێلایەنیەتی بەها کە لەلایەن دەروونزانان و زانایانی سیاسیەوە دەکرێت، ئەوە شتێکی ئاشکرایە کە هەوڵە شیکاری و کرداریەکانی هەریەکێک لەبوارەکانیش کاردەکاتە سەر گانگەشە بنچینەیەکانی خۆی و ئەو گانگەشانە بنچینەیانەش کە توێژینەوەی کرداری و شیکاری رێکدەخەن.

له دەروونزانیدا، نموونەیەکی باش لەلایەن گەشەسەندنی توانای مێشکەوە بەرجەستەکراوە. لەلایەک توێژینەوەی کرداری لەسەر توانای مێشک لەمنداڵیەوە بۆقۆناخی کۆتایی هەرزەکاری کراوە، کەتیایدا هێڵکاری پەرەسەندنی بیرکردنەوەی چالاکیەکی پارچە پارچەکراوو کۆنکریت و سادە بۆ پەرەسەندنێکی یەکگرتوو و ئەبستراکتی و ئاڵۆز دەگۆڕێت، ئەو کارەش خزمەت بەپێناسەکردنی بنەماستاندەرەکانی گەشەسەندنی ڕێکوپێک کردووە لەهەر یەکێک لەقۆناغەکانی ژیانی کەسێکدا لەتەمەنی 15 تا 17 ساڵی. ئەو بنەما ستاندەرانەش ڕێنموونی هەڵسەنگاندنی منداڵان دەکات و دەتوانێت ڕێگا بۆ چاکبوونەوەی سروشتیانەی ئەو منداڵانە خۆش بکات کە ناتوانن وەکو منداڵانی هاوتەمەنیان گەشە بکەن. لەو لاشەوە توێژینەوەی کرداری لەلایەن پێناسە بنچینەیەکانی توانای مێشکێکی باش کارکردوو ڕێکدەخرێت. بیرو بۆچوونەکانی پێشووتر لەسەرئەوەی کە بیرکردنەوە لە بنەڕەتدا چیە، دەبێت بکرێتە ڕینموونیکار بۆ توێژینەوە یەک بەدوا یەکدا هاتووەکانی تر. نموونەیەکی باشی لەم چەشنە بەکارهێنانە زووەکەی (پیاژێ)یە،کە پێناسە فەلسەفیەکەی (کانت) ی بەکارهێنا دەربارەی ڕەهەندەکانی بیری هەرزەکاربوو، (پیاژێ) بۆیە ئەو کارەی کرد تا بزانێت چ لایەنێکی بیری منداڵ دەبێت لەڕووی کرداریەوە لێکۆڵینەوەی لێبکرێت (پیاژێ1970__1973).نموونەیەکیتر بەکارهێنانەکەی کۆڵبێرگە کەبیرۆکەی دادپەروەرییەکی لیبراڵی ڕاستڕەو بەکاردەهێنێت لە توێژینەوەی گەسەندنی ڕەوشت (کۆڵبێرگ 1984).

بەکارهێنانی ستارتیژیەتی بیرۆکە بنچینەیەکانی لەڕێنموونیکردنی توێژینەوەی کرداری شتێکی ئاشکرایە لەزۆربەی توێژینەوەکانی هەستپێکردن و فێربوونی هەرزەکاراندا. لێرەدا توێژینەوەکە جەخت لەسەر

ئەوە دەکاتەوە کە چ وەکو بەشە سەرەکی و گرنگەکانی بیرکردنەوەی باش دادەنرێت. نموونەکانیش تواناکانی جەختکردنەوە بەهێز دەکات و ئاڵۆزی و ئەبستراکتی و هۆشمەندیەتی دەگرێتەخۆ. ئەو لایەنانەی کە بەناگرنگ و نەویستراو دەردەکەون، لایەنەکانی کوالیتی گاڵتەجاری و توانای بیرکردنەوە لەژمارەیەک شت لە هەمان کاتدا، یان هەستیاری بەرانبەر ئەزموونگەریەکی بەهێز کەمێک یان هەر بایەخی پێنادرێت.

هاوپەیوەندی نێوان شیکاری راستیەکان و دەستنیشانکردنی ئەوەی کە چ بە بەهادار دادەنرێت زۆر ئاشکرایە لە دیاریکردنی کەسایەتیدا. لێرەدا گانگەشە بنچینەیەکان و توێژینەوەی کرداری تێکئاڵێندراون لە دەستنیشانکردنی بنەما ستاندەرکانی کەسایەتی ئاسایی و تەندروست. زۆربەی کات سروشتی کەسایەتی تەندروست زۆر بە ئاسانی دیاریدەکرێت. لەژێر ئەم ڕۆشنایەدا زۆربەی جار وادادەنرێت کە ئەم رەهەندانەی لە خۆگرتبێت:جێگیری بە بە تێپەڕبوونی کات، گونجان لەگەڵ خواستە کۆمەڵایەتیە باوەکان، توانای سەربەخۆیی بوون و خۆ ئاراستە کردن. دواتر توێژینەوەکە جەخت لەسەر هاوپەیوەندی و هۆیەکانی نێوان ئەو ڕەهەندە جۆراو جۆرانەی کەسایەتی تەندروست دەکاتەوە. لەژێر ئەم ڕۆشنایەدا، سەرنجدانی کرداریانە دەتوانێت ڕێگا بۆ بنچینەکانی هەڵسەنگاندنی تەندروست خۆشبکات. ئەو تەندروست بوونەش لەیاسا کۆمەڵایەتیە دەرکەوتووەکان و شێوازە ئاساییەکانی ڕەفتار کردندا هەیە. تێکەڵ کردنێکی هاوشێوەی ئەمە لە نێوان تێڕوانینە بنچینەیەکان و تێڕوانینە کرداریەکان هەیە لەتوێژینەوەی کەسایەتیدا، ئەمەش پشت بە بنەمای گروپی دەبەستێت بۆ ڕێکخستنی گەشەسەندنی ئامرازەکانی هەڵسەنگاندن. لێرەا ستراتیژیەتی کرداری بۆ هەڵبژاردنی بنەمای گروپەکان ئەوەیە کە

کۆکراوەکانی ئەو تاکانەی کە ئەوەدەردەخەن کە چ کوالیتیەک ویستراوە و چ کوالیتیەکیش نەویستراوە. دواتر لایەنەکانی سۆزداری و هەڵوێست و هەڵسو کەتی ئەو کەسانە توێژینەوەی لەسەر دەکرێت بۆئەوەی دەربکەوێت کە کام لایەن هاوپەیوەندی لەگەڵ ڕەفتاری تەندروست هەیە. بە شێوەیەکی مێتافۆریانە سەربەخۆی و هەڵسەنگاندن و شیکاری لە توێژینەوەی کەسایەتی دا لە زاراوەیەکی دووانەیی دا دەخرێتە بەرچاو کە ئەوانیش کرداری ئاسایی و بنەما ستاندەرە ویستراوەکانە.

سەربەخۆیی هەڵبژاردن و شیکاریش ئاشکرایە لە زانستی سیاسیدا. لە تیۆری سیاسیدا، شتێکی نەریتی زۆر کۆن هەیە لەوەی کە چی راستە لە دیاریکردنی ئەوەی کە چ باشە. ئەمەش لە ڕێبازەکەی هۆبس و لۆک.لێرەدا شیکاری لەگەڵ سەرەنجدانی سروشتی مرۆڤ دەست پێدەکات. ئەمەش ڕێگا بۆ ئەو دەرکەوتنانە خۆشدەکات کە لەکاتی دانانی تاکەکان لەپەیوەندی لەگەڵ یەکتریدا کێشە دێننە ئاراوە. بۆ ئەوەی لەم کێشانە بدوێین، گەیشتنە بڕیار ئەنجام دەدرێت و توێژینەوەی کرداری جێبەجێدەکرێت بۆئەوەی باشترین ڕێگاکان بدۆزینەوە بۆ ڕێکخستنی بەڕێوەبردنی خەڵکەکە. بەم شێوەیە شیکاری کرداری ئاراستەی بنچینەیی بەدەستەوە دەدات. ستراتیژیەتێکی کرداری لەم چەشنە زۆر ئاشکرایە و زۆر جیاوازیشە لەرێبازەکەی دورکایم. تاکگەرایەتی هۆبس و لۆک و دورکایم پێشنیازی ئەوەدەکات کە باشیە کۆمەڵایەتیەکان بە شێوەیەکی بۆماوەیی کۆمەڵەیین. ئەمانەش تەنیا دەتوانرێت لەرێگای تاقیکردنەوەی کوالیتیەکانی کۆمەڵگا کارکردەوەکانەوە بزانرێت. لەرێگەی سەرنجدانی ئەوەی کە چی باوە لە نێویاندا، یەکێک دەتوانێت تێگەیشتن بۆ جۆرەکانی ئەو بەها و باوەڕ و رەفتارانە بکات کە بەشێوەیەکی بنەڕەتی کاردەکەن لەنێو ئەو

کۆمەڵگایەداو بەمشێوەیە دەتوانرێت بزانرێت کە ئەو بەها و باوەڕ و ڕەفتارانە ئاسایین یان باشن.دورکایم چەند نموونەیەکی ڕەوانی لەمشێوەیە لە شیکاریەکەی دەخاتەڕوو کە بەشێوەیەکی ئاسایی چ ڕەفتارێک بە نەویستراو دادەنرێت، بۆ نموونە وەکو تاوان (1982)، خۆکوشتن (1951). لە شیکاریە نەریتییەکەی کارل مارکسدا پەیوەندی نێوان ڕاستی و ویسترا و هەنگاوێک زیاتر وەردەگیرێت. بێگومان پەیوەندی نێوان ڕاستی و بەها لە زانستی سیاسیدا بابەتێکی وا سادە نیە لەدەستنیشانکردنی ئەوەی کە ڕاستی چ بنچینەیەک بەرجەستە دەکات بۆ دەرکەوتنی ئەوەی کە چ باشە. هەروەها دەتوانرێت پەیوەندیەکە بەپێچەوانەوەش بێت. ئەم پێچەوانەبوونە لە ئاراستەی کاریگەریدا بەشێوەیەکی ورد درێژەی پێدراوە لەشیکاری ئایدۆلۆژیای مارکسی دا. لەم سۆنگەیەوە، چ لە ڕووی ناوەڕۆکەوە بە ڕاست دادەنرێت و چ لە ڕووی ڕێبازەکانەوە بە ڕاست دادەنرێت، کە بەگونجاو دەزانرێت بۆ لێکۆڵینەوەی ڕاستی ئەو دەربڕینانەی کە بەهێزترین تواناي پەیوەندیان هەیەو پەیوەستیشن بە بەها کولتووریەکانەوە (نموونە باشەکانی شیکاری کە پێشنیاری ئەوەدەکەن هەڵسوکەوتی ئاسایی تاکەکان لە کۆمەڵگایەک دا زانستی نەخۆشی ناسی یان نا ئاساییە، ئەمەش هەڵاتنە لە ئازادی فرۆمەوە (1941) و کەمترین ئاستی خودە.

نموونەیەکی ئەم بابەتە، لەوانەیە بیرۆکە زاڵەکانی زانیاری بێت کە لە سەدەکانی ناوەڕاستەوە لەگەڵ کلێسای کاسۆلیکی ئەروپی ئاوێتەبووە. ئەو بەهێزی و زاڵەیش لە دیاریکردنەکەی خۆیدا دەربڕدراوە کە ڕاستی زانراو لە بنەڕەتدا ڕاستی ڕوحیە و ڕێبازی زانینی ئەو ڕاستیەش بابەتێکی روحی و باوەڕە. ڕێبازەکانی تری لێکۆڵینەوە (بۆنموونە ئەوانەی مەتریەلیستی "ماددەخوازی" و زانستی کردارین) سەرەتا بە نەگریس دادەنران دواتریش بە ناڕاست دادەنران. لە دیدی مارکسیەوە، ئەم تێگەیشتنەی سروشتی

زانیاری و ڕێگاکانی زانین جێگیر و هاوتان لەگەڵ بەردەوامبوونی دەسەڵات و هێزی کڵێسا.

نموونەیەکی زیاتر هاوچەرخ، تۆژینەوەی سیاسیە، کە خۆی وەکو بەهایەکی بێ لایەن نیشاندەدات. ئەوکارەی توێژینەوەی هاوچەرخ گانگەشەی ئەوەدەکات کەخۆی سنوردار کردووە بەروونکردنەوەو وەسفکردن کە بێ بەشن لە ڕەخنە، هەروەها ئەو ڕێبازانەشی قبوڵ کردووە کە بەشێوەیەکی تایبەتی بنیاتنراون لەلایەن بنچینە پشتپێبەستراوەکانی سەرنجدانەوە. لەژێر ئەم رۆشناییەدا، شیکاریە ستاندەرەکان بە نابەجێ دەبینرێن و بابەتی گفتوگۆیەکی بێ کۆتایین. هەر ڕێبازێکی کرداری کە ئاوێتەیە لەگەڵ ئەم شیکاریە (بۆنموونە سەرنجدانێک کە پێویستی بە لێکدانەوەی ڕەخنەگرانە هەیە یان دەستێوەردان و بەژداریکردن دەگرێتەوە) بە گوماناوی دادەنرێن. بەمشێوەیە، شتێکی ڕێپێدراوە پرۆسەکانی بە دیموکراسیەتکردن شیکار بکەین، بەڵام شتێکی نایاسابیە یان بەلایەنی کەم دەکەوێتە ئەودیوی سنووری توێژینەوەی کرداری کە ڕەخنە لە ئارەزووی دیموکراسیەت بگرین،یان ڕەخنە لەخودی دامەزراوە دیموکراتیەکان بگرین. بەهەمان شێوە، شتێکی ئاساییە ئەوە شیبکەینەوە کە بۆچی خەڵک دەنگدەدات، بەڵام شتێکی نایاساییە بۆ توێژینەوەی کرداری کە چ ڕەخنە لە دەنگدان بگرێت وەکو فۆرمێکی سنورداری بەشداریکردن،یان هەوڵبدرێت بۆ گۆڕینی هەڵوێستەکانی ئەو دەنگدەرانەی کە توێژینەوەیان لەسەرکراوە. لە شیکاری مارکسی دا، ئەو بەها بێلایەنە کۆمەڵایەتیە بەسوودەو زانستی سیاسی دەربڕینێکی تەواوی پرۆسە بنیاتنراوەکانی رۆنانی زانیارییە بۆ درێژەپێدانی هێزی پەیوەندییەکانە لەکۆمەڵگایەکی بە تەکنۆلۆجیا بنیاتنراو و چیندار.

رەخنە سەرتاسەریەکانی دوو بواری توێژینەوە. لەپێشووتر، سەربەخۆی راستی و بەها (یان شیکاری و هەڵسەنگاندن)مان لە زانستی سیاسی و دەروونزانیدا روونکردەوە. شتێکی ئاشکرایە لە هەربارێکدا گەڕان بەدوای راستی لەلایەن گانگەشەی بنچینیەیەوە بنیاتنراوە، هەڵسەنگاندنە بنچینەییەکانیش لەلایەن گانگەشە هەقیقەتەکانەوە بنیاتنراون. لەروانگەی دەروونزانی و سیاسی و کۆمەڵایەتی یەکگرتوو دا، شتێکی روونە کە شیکاری بە شێوەی بنچینەی بنیاتنراوی هەریەکێک لەم بوارانەی توێژینەوە تووشی کێشە بووە، کاتێک بەجیا بەدواداچوونی بۆدەکرێت.ئەمەش دەبێتە بەڵگە کاتێک گرنگیەکانی بوارێک دەخرێنە ناو تێڕوانینەکانی بوارێکی تر. ئەگەرچی بەتەواوی یەکخراو نیە،هەوڵی دوو یان زیاتری بواری توێژینەوەی لەمجۆرە بەقۆناخێک دادەنرێت بۆ یەکخستنی دوو یان زیاتری بواری توێژینەوە کەزیاتر راستترە.سەرەتا رەچاوی ئەوە بکە کە چۆن پێناساندنی زانستی سیاسی پەیوەست بە توێژینەوەی دەروونزانی بۆماوەیی لایەنگرانی سیاسی و کولتووری لەتوێژینەوەی دوایدا دەردەخات.لە باری گەشەسەندنی دەروونزانیدا، ئەمە لە توێژینەوەکانی هەردوو توێژەر (کۆڵبێرگ) و (پیاژێ) دا روونە، کە لەسەر توانای مێشک ئەنجامیان داوە. لەباری توێژینەوەکەی (پیاژێ)دا،لەوانەیەپێناسەی کارپێکردنە فەرمیەکان، لەگەڵ جەختکردنەوەیان لەسەر واتایی بوون و یەکخستن و وەکو دوا ئامانجی گەشەسەندن، کاردانەوەی ئەو بۆچوونەی توانای مێشک بێت کە لەلایەن کۆمەڵگا پیشەسازیە پیاوسالاریە ڕۆژئاواییەکانەوە هانبدرێت. لەوانەیە رەخنەیەکی هاوشێوەی ئەمەش لە کارەکەی کۆڵبێرگ بگیرێت. بەمجۆرە، ڕەفتار لە روونکردنەوەی کۆڵبێرگ، کە ئامازە دادپەروەری و یەکخستنی تاکەکان دەدا، بەو تایبەتمەندیە ناسراوە کە وەکو کۆنکریتی و تایبەت بە

پیاوانە. هەروەها ئەو رەخنە سیاسیە لەسەر ئەو بیرۆکانەش جێبەجێدەبێت کە دەروونزانی توانای مێشک بنیاددەنێن. لێرەدا تێبینی ئەوە دەکرێت کە جەختکردنەوەکە لەسەر ئاڵۆزبوون و واتاییبوون و چارەسەر کردنی کێشەیە و لەو لایەنانەی بیرکردنەوە دەدوێت کە زۆر گرنگە بۆ بەرجەستەکردنی داواکاریەکانی بەشداریکردنێکی کاریگەر لە جیهانی زۆر رێکخراوی نوێی بازرگانی نێودەوڵەتی و بەیەکەوە ژیانی شارستانیانەی پیاوسالاریدا. فۆرمەکانی توانای مێشک، کە هاوتان بە نەریت و پارێزگاریکردن و مێینەی یان تێگەیشتنە روحیەکانی جیهان، بەشێوەیەکی سروشتی پشت گوێدەخرێن یان لە بەهایان کەمدەکرێتەوە.

ئەو توێژینەوەی کە پێشووتر باسمان کرد، لەسەر بنەمای هاوشێوەی ئەمانە رەخنەیان لێگیراوە.لەین(1960)رەخنە لەتێگەیشتنی تەندروستیی دەروونزانی پزیشکی دەگرێت بەوەی کە بەشێوەیەکی بۆماوەیی ستەمکارانەیە. لەم سۆنگەیەوە، لەین دژی ئەوەیە کە بارە کەسایەتیەکانی وەکو شیزۆفرینیا (شکستە خۆیی) دەستنیشان بکرێت، لەین بەرگری لەوەدەکات کە بارە کەسیەکان و بیرکردنەوەی ئازاد ناکۆمەڵایەتین. لەروانگەیەکی هاوشێوەی ئەمە،ساز(1961) پزیشکە دەروونیەکان بەوە تاوانبار دەکات کە هیچ نین جگە لە بەرگریکەرانی بەیەکەوە ژیانی کۆمەڵگا و "پۆلیسی کولتوورن". بەپەیرەو کردنی بۆچوونێکی کەمتر ئاژاوە خوازانە، یەکێک دەتوانێت بارە کۆمەڵایەتیەکان و کولتووریەکان بە دیاریکردنی ناڕێکی و ناتەواویە کەسیەتی دابنێت. هەربۆیە، لەوانەیە یەکێک تێبینی ئەوە بکات دیاریکردنی ناتەواوی کەسێک هەر لەسەرەتاوە (کاتێک یەکێک لە رووی سۆزداریەوە زۆر پشت بەکەسێکی تر دەبەستێت)، لە کۆمەڵگا زۆرتاکگەرایەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئەڵمانیا سەرهەڵداوە.

لەراستیدا بەشێوەیەکی چاوەڕوانکراو، لەکۆمەلگا زیاتر کۆمۆنیستیەکانی وەکو یۆنان و پۆڵەندا یابان دا، کە گومانیان لە بیرو باوەرە نەریتیەکان هەیە، ئارەزووێکی کەمتر بەدیدەکرێت سەبارەت بە دیاریکردنی ناتەواوی لە هەندێک کەسدا. بەهەمان شێوە، پێدەچێت کە بارەکە وەکو دیاریکردنی ناتەواوی کەم دەرامەتیە، کە لەوانەیە ئاوێتە بووبێت لەگەڵ زۆر قەرباڵغ بوون کە ئێستا باوە لە قوتابخانە گشتیەکانی ئەمریکا. یەکێک دەتوانێت بڵێت کە لەپۆلی گەورەتر لەمانە زەحمەتی دێتە ئاراوە بەوەی کە پێویست بەوەدەکات ئەو قوتابیانە لاببردرێن کە بەجۆرێک لەجۆرەکان کەمتر دەگونجێن لەگەڵ داواکاریە زۆر سنووردارکراوەکانی ڕێکخستنی پۆل. بەگشتی، لێرەدا پێشنیارەکە ئەوەیە کە کە ئەوەی دەروونزانان بە باشی دەزانن، بەلایەنی کەمەوە بەشێکی تایبەتی داواکارییە سیاسی و کولتووری و کۆمەڵایەتیەکانە. لەبەر سنووردارێتی بواری توێژینەوەیان، بەشێوەیەکی سروشتی دەروونزانان سەرنجی تەواو نادەنە بنەما کولتووریەکان وەکو ئەوەی کە سیفەتە ویستراو ئاساییی و سەرەکیەکانی توانای مێشک و سروشتی مرۆڤ چین.

بێگومان زانستی سیاسی شیاوە بۆ ئەو رەخنەی دوو بواری توێژینەوە. نموونەیەکی لەم جۆرە، ڕێبازە پێشنیارکراوەکەی (لەین)ە، لەم بەرگەو لە کارەکەی پێشتووتری لەسەر کۆمەڵگای بازاری (لەین، 2000). لەین لە بنەڕەتدا پێشنیازی ئەوە دەکات کە بەها سیاسیەکان بابەتی سەلماندنی دەروونزانی کرداری و رەخنەی شیاون. بەم شێوەیە، لەین بەهاکانی دیموکراسی و یەکسانی و ئازادی بەوجۆرە دەناسێت کە زۆر دیارن لە کولتووری هاوچەرخی سیاسی رۆژئاواییدا.هەروەها ئەو بەهایانە هاوتان لەگەڵ داواکارییە ڕێکخراوەیەکانی ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی

هاوچەرخ لە کۆمەڵگا پیشەسازییە مۆدێرنەکاندا (بەتایبەتی قۆناخی پاش پیشەسازی). بەشێک لەهەڵسەنگاندنی ئەو فۆرمانەی ژیان، کە یەکسانی و دیموکراتی و ئازادین، بۆ ئەوەیە کە ئەو بەهایانە بۆ تاکەکانیش باشن. ئەو فۆرمانە بۆ دەرکەوتنەکانی سروشتی مرۆڤە، ئەگەرچی لەوانەیە هەندێکجار لە ڕووی سیاسیەوە بشێوێندرێت یان کپکرابێت. لەین دەڵێت بە شێوەیەکی بنەڕەتی لە هەموو بارێکدا وانیە، کە ئەو راستیە سیاسیانە بۆ تاکەکان باشبن.بەلایەنی کەمەوە، لێکۆڵینەوەی دەروونزانیانە پێویستە بۆ دەستنیشانکردن و بینینی ئەوەی ئایا ئەو خەڵکەی کە ئازادی و یەکسانی و دیموکراتیان هەیە لە رووی تاکیەوە باشترن لەوانەی کە نیانە (سودفێڵد توێژینەوەی دەروونزانی ئامادەدەکات بۆ ئەوەی لە دژی توێژینەوەو بیری سیاسی باڵی چەپ بدوێت. هەربۆیە، سودفێڵد پێشنیاری ئەوە دەکات کە ڕژێمی زۆردارەکی وەک ئەوەی لە ڕاستڕەوەکان بەربڵاوە لە چەپڕەوەکانیش بەربڵاوە و لەڕاستیشدا نەژاد پەرستی لە دابەزین دایە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا).

بەشێوەیەکی بنەڕەتی، لەوانەیە ئەم ڕێبازە دەروونزانیە بۆ کێشە سیاسیەکان فراوانبکرێت بۆ گانگەشەکانی پۆست مۆدێرنێتەیەکان سەبارەت بە سروشتی واتا و بەها. تەواو کردنی ئەو بۆچوونەی کە واتا و بەها بە بێسەروبەری بنیاتدەنرێن و لە کولتوورێکەوە بۆ یەکێکی تر جیاوازە،ئەمەش گانگەشەیەکی دەروونزانیانەیە کە توانای مێشکی تاکەکان و کاریگەریان شتێکی وەرگیراوە. بەشێوەیەکی ئاساییانە تر، پێشنیارەکە لێرەدا ئەوەیە کە بیرکردنەوەی تاک و خودی کارکردنی تاک لەسەر بەشی جیاجیاکانی یەکێک لەو بنیات نانە، کە لە ڕووی کتووریەوە پێناسەکراون و ناوەڕۆک و پەیوەندیەکانیانیش بە شێوەیەکی کۆمەڵایەتی ڕۆنراوەن (دووبارە چەند نموونەیەک هەن لەوانەی کەپەیرەوی وێنەیەکی زۆر سیاسی کۆمەڵایەتی دەکەن، وا دادەنێن کە توانای مێشک یان کەسایەتی،پێکهاتەی هەیە. لەگەڵ ئەوەش ئەو پێکهاتەیە بەرهەمێکی

سادەیی ڕێکخستنی پێکهاتەیی کۆمەڵایەتیە. نموونەیەکی تری ئەم جۆرە کارە هی پارسۆنسە کە پێشوتر گفتوگۆی لێوەکرا. هەرچەندە کەسانی پۆست مۆدێرنێتە بۆچوونێکی لەم چەشنە وەرناگرن). دەروونزانێک دەتوانێت ڕووبەڕووی ئەم تێگەیشتنە ببێتەوە بە بەرجەستەکردنی پێکهاتەی سەربەخۆی توانای مێشک یان کەسایەتی. بەشێوەیەکی ئاسایی، ئەمە لەڕێگەی پێشکەشکردنی کرداریانە ئەنجامدەدرێت کە پێناسە کۆمەڵایەتیەکان دووبارە بنیاتدەنرێنەوە بە گوێرەی کوالیتی بەڵگە هێنانەوەو شێوەی بیرکردنەوەی تاکێک، بەم پێیە ئەو تاکە واتایەکی دیاریکراو جیاوازتری دەبێت کە لە ڕووی دەروونزاتنیەوە دیاریکراوە (نموونەکانی تری ئەم جۆرەی توێژینەوەی دەروونزانی پێکهاتەدار، شیکاری بێ ئاگایی مێشک کە لەلایەن فرۆیدەوە کراوە (بۆنموونە فرۆید، 1955 و فرۆید، 1966) وەهەروەها شیکاری گەشەسەندنی پێکهاتەی بیر (بۆنموونە، پیاژێت، 1973 و کۆڵبێرگ 1984).. بەڵگەیەکی لەم جۆرە، ئەو بنەمایانەی بەرەنگاربوونەوەی نەریتی کۆن، تیۆری کۆمەڵایەتی بەرجەستە دەکات،کەدەروونزانی پشت گوێدەخات هەر لە دورکایم وە لەسەرەتای بیستەمەوە بۆ لیۆتارد و بۆدریلارد لە کۆتایی سەدەی بیستەم.

بەکورتی، ئەو پیتاندنەی دوو بواری توێژینەوەی نێوان زانستی سیاسی و دەروونزانی بەسوودە لەبەرجەستەکردن و ڕۆنانی هەندێک بیروبۆچوون لەسەر ئەو گریمانانەی کە شیکاریەکان و هەڵسەنگاندنەکان لە هەربوارێکی توێژینەوەدا ڕێکیدەخەن.

تێڕوانینی دووبواری توێژینەوە لە سنوورەکانی ڕێکخستنی هەڵسەنگاندنی دەروونزانی لەلایەک، زانستی سیاسی لەلایەکیترەوە، دەرئەنجامەکانی کەمکردنەوەی یەکێک لە فۆڕمەکان دەردەخات. هەرچەندە دەبێت تێبینی ئەوە بکرێت ئەو چاوپێداخشاندنەوەی دوو بواری توێژینەوە، یەکخستن دروست ناکەن لەنێوان زانستی سیاسی و دەروونزانیدا، بەڵام زیاتر

پێچەوانەکردنەوەیەکی سادەی ئاراستەی کەمبوونەوەکەیە. بەمشێوەیە سەرەتا گریمانەکانی بنیاتنانی دەروونزانی کرابوونە بابەتی تێڕوانینە سیاسیەکان لەئاستێکی بەرزدا، دواتر گریمانەکانی بنیاتنانی زانستی سیاسی ببوونە بابەتی تێڕوانینە دەروونزانیەکان لە ئاستێکی نزمدا. ئەگەر یەکێک ئارەزووی کردبا، دەیتوانی ئەو کەمکردنەوەیە دووبارە پێچەوانە بکاتەوە بە بەرجەستەکردنی رەخنەیەکی تر دژی دوو بواری توێژینەوە. لە کۆتاییدا هەموو ئەوەی پێشکەش دەکرێت، بریتیە لە روونکردنەوەیەکی تری سەربەخۆ کەئەو ڕوونکردنەوەیەش هەر روودەدات لەو دوو بوارەی ئەکادیمی توێژینەوەدا، کە بە شێوەیەکی ئاسایی خۆیان بە دوو بواری سەربەخۆ دادەنێن.

لەژێر ئەم رۆشناییەدا، شتێکی ئاشکرایە لە شیکاری دوو بواری توێژینەوە، کەتیایدا گرنگیدانە سەرەکیەکانی بوارێک دووبارە لەبەرژەوەندی ئەو بوارە تێڕوانینی بۆ دەکرێتەوە و رووندەکرێتەوە، بەڵام لەکۆتاییدا ئەو شتێکی ناتەواوە. ئەمجۆرە شیکاریە دیمەنی هەر یەکێک لە بوارەکان نیشاندەدات کە بەشێوەیەکی دەقاودەق پشت بە بوارەکەی تر دەبەستێت و دەتوانێت بەشێوەیەکی رەخنەییانە گریمانەکانی بوارەکەی تر روونبکاتەوە. لە ڕێگەی وەرگرتنی دوو یان سێ لەو دووبارەکردنەوانە دەردەکەوێت، ئەم شیکاریە پێشنیاری زیاتری تێدایە، نەک هەرچوونە پێشوپاش لە دیمەنێکەوە بۆ یەکێکی تر، لەوانەیە باشتر بێت هەردوو دیمەنەکە دەقاو دەق وەک خۆیان لەبەر چاو بگیرێن، ئەمەش پێویستی بە وەلاوە نانی ڕێبازەکانی ئەو دوو بواری توێژینەوەیە هەیە لە پێناو ڕێبازێکی دەروونزانی سیاسی یەکگرتوو کە پێشتر پێشنیارکرا. لە دەروونزانییەکی سیاسی لەم چەشنەدا، شیکاری و هەڵسەنگاندن لەلایەن گریمانەوە ڕێکخراوە کە

پێکهاتەی دەروونی واتاو بەها هەردووکیان کارپێکراو کاریگەرن، هەر یەکێک لەو کار پێکردنانەش پەیوەندی بەوەی ترەوە هەیە، بەڵام لەهەمان کاتیشدا سەربەخۆیە لەوەی تریان. ئەمەش پێویستی بە گۆڕانێکە لە ستراتیژیەتی هەڵسەنگاندن، کە دووربێت لەو گریمانانەی کە دەکرێت جا چ دەربارەی بنەمای سروشتی مرۆڤ یان دەربارەی داخوازیە بۆماوەیەکانی ڕێکخراوە کۆمەڵایەتی (یان سیاسی)ە، بۆ ستراتیژیەتێک کە لەسەر بنەمای تێگەیشتنی پەیوەندی نێوان واتا و بەها بنیاتنرابێت. لە ڕێبازی دەروونزانی سیاسیدا، پەیوەندیەکە پەیوەندیەکی کەسی و نێوان کەسەکان نیە،بەڵکو پەیوەندیەکە لەنێوان بنەڕەتیبوون و دیاریکردندایە.

ئەم پەیوەندی ڕێکخستنە، چەقی تیشک خستنەسەری شیکاری و هەڵسەنگاندن دەگۆڕێت.سەرەتا پێشنیاری ئەوە دەکات ئەوە لەبەرچاو بگیرێت کە چۆن پێویستیەکان یان داخوازیەکانی یەکێک لە بوارەکان سنووری ڕۆنانە شیاوەکانی بەها و واتای بوارەکەی تریان دادەنێت. دەتوانرێت ئەمەش فراوانبکرێت بۆ ئەو شیکاریەی کە چۆن گۆڕانەکانی پێکهاتە لەئاستی بوارێکیان (کەسایەتی و توانای مێشک لەلایەک و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و کولتووریش لەلایەکی ترەوە) لەوانەیە دژایەتی بکرێت یان لەبەهای کەمبکرێتەوە لەلایەن پێکهاتەی ئاستەکەی بوارەکەی تریانەوە. دەتوانرێت ئەم کێشەیەی پۆست مۆدێرنێتە، کە پێشتر گفتوگۆی لێوەکرا،دووبارە لەژێر ئەم ڕۆشناییەدا بە شێوەیەکی سوودبەخش تێڕوانینی بۆ بکرێتەوە. پێویستە ئەم جەختکردنەوەی سەر پەیوەندی نێوان سنوور و بەرهەڵستی تەواوبکرێت لەلایەن تێروانینی ئەو کاریگەریە گواستراوەو شاراوەی، کە لەوانەیە بنیاتنانە کەسیەکانی بەهاو بنیاتنانە کۆمەڵەییەکانی بەها لەسەر یەکتریان هەبێت. تێڕوانینێکی لەم چەشنە دوو شت دەدات

بەدەستەوە، یەکەمیان، روونکردنەوەی گۆڕانە هەنووکەیەکان، دووەمیشیان روونکردنەوەی ڕاپۆرتەکانە بۆ گۆڕانەکانی داهاتوو. بەمجۆرە ئەم تێڕوانینە دەتوانێت ئەوە روونبکاتەوە کە تاکەکان چۆنن و دەبێت چۆن بن و، کۆمەڵگا ئێستا چۆنە و دەبێت چۆن بێت. لە ژێر ئەم چەمکانەدا، دەروونزانیەکی سیاسی یەکگرتوو، نەک هەرتەنیا بەرەو پێشبردنێکی فکری دروستدەکات کە دەچێتە ئەودیوی سنووری هەوڵەکانی دەروونزانی و زانستی سیاسی، بەڵکو دەروونزانیەکی سیاسی یەکگرتوو لەگەڵ کۆمەڵزانی دا بنەمایەکیش بەجەستە دەکات بۆ وەڵامدانەوەی داخوازیە هەنووکەیەکانی ئاراستەی کەسی و ئاراستەی سیاسی.

**تێڕوانینە فەرمیەکان:**

**گفتوگۆی کەسی نوێکار (مۆدێرنێتە) بەرانبەر کەسی پۆست مۆدێرنێتە**

لە تەوەری پێشووتر، لێکۆڵینەوەم لەو رێگا سەرەکیانە کرد کە تیایاندا تێڕوانینەکانی راستی و بەهالەزانستی سیاسی و دەروونزانیدا تێکئاڵێندراون ، گەیشتمە ئەو دەرئەنجامەش کە نە زانستی سیاسی و نە دەروونزانیش زانستێکە لە رووی بەهاوە بێ لەلایەن بێت. هەروەها ئەوەشم روونکردەوە کە چۆن هەوڵە شیکاری و هەڵسەنگێنەرەکانی هەریەکێک لە بوارەکان پشت بە گریمانە سەرەکیەکانی بوارەکەی تریان دەبەستێت، هەربۆیە دەڵێم دەروونزانیەکی سیاسی یەکگرتوو بنەمای باشتر پێشکەش دەکات بۆ هەڵسەنگاندنی سیاسی و هەڵسەنگاندنی دەروونزانیانە. لەم تەوەرەشدا بەردەوام دەبم لەسەر ئەو کێشە فەرمی و سەرەکیانە کە لەلایەن ڕەخنەی کەسانی پۆست مۆدێرنێتە هێنراونەتە ئاراوە بەرانبەر بە دەروونزانی و زانستی سیاسی کەسانی مۆدێرنێتە (کەسانی نوێکار). بەدڵنیایەوە ئەو

کێشانەی کە هاتوونەتە ئاراوە کێشەی ئاڵۆز و هەمەجۆرن. لێرەدا تەنیا خۆزگەی ئەوەدەخوازم کە ڕەچاوی ئەوە بکەم کە چۆن ئەو کێشانەی لەم گفتوگۆیەوە هاتوونەتە ئاراوە تێکەهەڵکێشراوی ئەو کێشانەن کە لە بنیاتنانی دەروونزانی سیاسیەوە دێنە ئاراوە. ئەمەش هێز دەخاتە سەر تێڕوانینێکی ڕاستەوخۆی بناخە مەعریفەتناسیە گونجاوەکانی دەروونزانی سیاسی. ئەوەی لەم گفتۆگۆیەدا روون نیە ئەو گانگەشەیە کە بنیاتنانی دەروونزانیەکی سیاسی یەکگرتووی راستەقینە پێویستی بە پێکهاتەیەکی تیۆری هەیە بۆ پاڵپشتی کردنی هەوڵێکی لەم چەشنە.

لەچوارچێوەی ئەم گفتوگۆی ئەکادیمیەی ئێستا، مۆدێرنێتەکان بە کۆمەڵێک گریمانەی ماریفەتناسیانە جیادەکرێنەوە کە پەیڕەوی دەکەن. گریمانەی بنەڕەتی ئەوەیە کە بیر تایبەتمەندی تاکەکانە و ڕەنگدانەوەی چالاکیە کەسیەکانە. زۆربەی کات بیر بە جۆرێک تێروانینی بۆ دەکرێت کە دوولایەنی هەیە: لەلایەک بیر نیشاندانی وێنەییە. بیر ئاوێنەیە و ڕەنگدانەوەیە بۆیە بە راستیەکی بابەتیانەی دەرەکی بەستراوەتەوە کە بەهۆیەوە تاکاکەن دەخرێنە ڕوو. لەلایەکی تریشەوە بیر ئاوێتەییە یان تێکەڵەیە. بیر پەیوەندی نێوان بەشەکانی راستی دروستدەکات بەهۆی خستنە پاڵی یەکتری ئەو بەشانەوە. ئەمەش لەوانەیە ڕەنگدانەوەیەکی چالاک لەخۆبگرێت یان لەوانەیە نواندنێکی زۆر سست لە خۆبگرێت کە دەریدەخات چۆن ئەو بەشانە لە راستیدا تێکەڵ بەیەککراون. لەسەر ئەو بنەمایەش توێژینەوەی کۆمەڵایەتی مۆدێرنێتە دادەمەزرێت. ئەمەش جەختدەکاتەوە لەسەر تاکەکان و بەجۆرێک لە کۆمەڵەیی دەڕوانێت وەک ئەوەی کە تۆپەڵەو تێکەڵکراو بن، هەربۆیە تاڕادەیەکی زۆر شەفافە بۆ سەرنجدان. بەم جۆرە هەوڵە کرداریەکان تەرخاندەکرێن بۆ داتا راستەقینە

و کۆمەڵەیی و پشت پێبەستراوەکان. هەوڵە بنچینەیەکان جەختدەکاتەوە لەسەر روونکردنەوەی سروشتیە بنەڕەتیەکانی تاکەکان و ئەو سروشتە بنەڕەتیانە بە ئەبستراکتی دەدانرێن. دواتر پێویستی هەبوونی ئەو سروشتە ئەبستراکتیەش پێناسەی بەهاکانی جیهانی مرۆڤ دەکات.

کەسانی پۆست مۆدێرنێتە هێرش دەکەنە سەر لایەنگیری کردنی مەعریفەتناسیانەی توێژینەوەی کرداری کەسانی مۆدێرنێتە. بەمشێوەیە کەسانی پۆست مۆدێرنێتە جەخت لەسەر رەتکردنەوەی کەسانی مۆدێرنێتە دەکەنەوە کە دەڵێن بیر شتێکی کەسیەو بە راستیەکی بابەتیانەوە بەستراوەتەوە. لە بڕی ئەمە، کەسانی پۆست مۆدێرنێتە پێشنیازی ئەوەدەکەن کە بیر شتێکی نێوان کەسەکانە و ئاماژە پێکەری خۆییە. لە دیدی کەسانی پۆست مۆدێرنێتەوە، بیر (یان واتا) بە شێوەیەکی گفتوگۆ ئامێز بیناتنراوە.بەمشێوەیە بیر لەرووی ئەرکیەوە کەمتر بەراستی بابەتیانەوە بەستراوەتەوە، بەڵکو زیاتر بەرهەمێکی نێوان دانوستانی کەسەکانە، یان شتێکە لە رووی کولتووریەوە دیاریدەکرێت. کەسانی پۆست مۆدێرنێتە دەڵێن بیر لە راستی دەرەکی پچڕێندراوە،بەو مانایەی کەلە رووی کۆمەڵایەتیەوە رۆنراوە راستی کەسیانەی خۆی دروستدەکات (بەیەکەوە لەگەڵ ئەو مانایەی کە لە نێوان کەسەکانەوە بنیانراوە گەڕان و بەدواداچوون بۆ ڕاستی دەکەن). ئەوەی لەو گریمانەکانی مەعریفەتناسیەوە ڕێکدەخرێت ئەوەیە، لەلایەن کەسانی پۆست مۆدێرنێتەوە لەو شتانەی دووردەکەونەوە کە ڕاستی و زانیاری تەواو نیشاندەدەن لە بەرژەوەندی زمان و واتا و تێگەیشتنی پەیوەست.

لە چوارچێوەی ئەم ئاماژە پێدانە، توێژینەوەی کرداری دەبێتە هەوڵێکی کەمتر ڕێکخراو لەسەرەنجدان و ڕێزبەند کردنی زانیاریدا، بەڵکو توێژینەوەی

کرداری زیاتر دەبێتە هەوڵێک بۆ لێکدانەوەی واتا لە ڕووی کولتوورییەوە. ئەو پەیوەندیەی کە لەلایەن کەسانی مۆدێرنێتەوە دادەنرێت لە نێوان سەرنجدان و بنیاتنانی تیۆر، لەلایەن کەسانی پۆست مۆدێرنێتەوە پێچەوانە دەکرێتەوە. بەلای کەسانی پۆست مۆدێرنێتەوە چیتر سەرنجدان لە ئەزموونی راستیەوە رەگی دانەکوتاوە، هەر بۆیە ئەمە دەبێتە بنەمایەک بۆ ڕەتکردنەوەی زانیاری کۆن یان ڕۆنانی زانیاری نوێ. بەڵکو راستی زیاتر وەکو خستنەڕووێکی مانا بیناتنراوەکان دەردەکەوێت. لە ژێر ئەم ڕۆشنایەدا تیۆرەکان و میتۆدە کرداریەکان و ڕێکخستنە بنچینەیەکانی زانستە کۆمەڵایەتیەکان وەکو دەربڕینە زاڵەکانی گوتار هەژماردەکرێن، بەم شێوەیە هەموویان لە ڕووی کۆمەڵایەتی و مێژوویەوە پەیوەستن بەیەکەوە. لە کاتێکدا ئەو تیۆرو میتۆدە کرداریانە بۆ ئەوە هێنراونەتە ئاراوە تاوەکو پاڵپشتی گروپ و گوتارە بێ هێزەکان بکەن. ئەنجامەکەشی باشترکردن و بەرهەمدارترکردنی گفتوگۆکان نەبوو، بەڵکو زیاتر جەختکردنەوەبوو لەسەر هێزی گوتارێک یان کولتوورێک لەسەرگوتارێک یان کولتوورێکیتر (بەم شێوەیە ، پۆست مۆدێرنێتە دەچێتە ئەو دیووی سنوورەکان و لە کۆتاییدا فیکری مارکسیزم ڕەتدەکاتەوە .ئەگەرچی مارکسیزم درک بە ئایدۆلۆژیا دەکات، بەڵام بەردەوامیش جیاوازی لەنێوان ڕاستی و بەها دەکات. دواجار ئەمەش ئەرکی زانستە- هەروەک چۆن مارکس پێناسەی دەکات ـ. لە دیدی پۆست مۆدێرنێتەوە راستی و بەها لەیەکتری جیادەکرێنەوە. لەگەڵ ئاماژەدان بە جەختکردنەوە لەسەر گوتار و زمان، پەیوەندی نێوان رۆنانی واتا لەگەڵ راستی دەرەکی لەیەکتر دەکرێنەوە .بەمشێوەیە ئەو راستیە دەرەکیەی لە رووی کولتوورییەوە یان ئایدۆلۆژیاوە بنیاتنراوە وندەبێت. لەم جیهانە سەربەخۆیەی نێوان کەسەکان واتا کێ بڕکێکەرەکان لەگەڵ بەها و واتا دادەڕمێن، لەبەرئەوەی راستی و بەها دەبنە دەربڕێنێک کە هاوتەریبی هەمان گوتاری زاڵن).

ئەگەر لە ڕوانگەی دەروونزانێکی سیاسیەوە تێڕوانینی بۆ بکرێت، هەردوو لایەنی ئەم گفتوگۆیەی ئێستا تێگەیشتنی گرنگ دەدەن

بەدەستەوە. تێڕوانی کەسانی مۆدێرنێتە سوودی ئەوەی هەیە گرنگی پەیوەندی نێوان بیر و واتا دەناسێنێت. ویستی کەسانی پۆست مۆدێرنێتەش سڕینەوەی ئەم بەیەکەوە بەستنەوەو پەیوەندیەی نێوان بیر و واتایە. لێرەدا لەوانەیە ژمارەیەک تێڕوانینی بەیەکەوە گونجاندنی ئەو دوولایەنە بێنە ئاراوە. بۆ نموونە، تاڕادەیەک پێشنیازێک هەیە تەنانەت ئەگەر ئێمە ڕازیش بین لەسەر ئەوەی کە دەتوانین بە ناو دیوارێکدا بڕۆین، لەوانەیە دواتر بۆمان دەرکەوێت کە ناتوانین. لە چێوەرچێوەی ئاماژەپێدانی پۆست مۆدێرنێتەوە، بۆ روونکردنەوەی ئەوەی کەچۆن لەوانەیە زمانێک وا بکات تێگەیشتنەکان بۆ قسەکەرێک بنیاتبنرێن، شتێکی تاڕادەیەک روون و رەوانە. هەرچەندە بۆ بیرکردنەوە لەوەی کە چۆن ئەو کەسەی زمانێک نازانێت، ئەو زمانە بەرێکوپێکی بەکاردێنێت، ئەوەیان شتێکی زەحمەتترە. نابێت ئەوەشمان لە بیر بچێت کە هەموو بەشداربووانی گوتارەکان لە تێنەگەیشتنی زمانەکانەوە دەستپێدەکەن (کاتێک منداڵن). ئەمەش پێشنیازی ئەوە دەکات کە سیفاتێکی باوی هەموو زمانێک ئەوەیە کە ئەو تاکانەی تێگەیشتنەکانیان لە رووی زمانەوانیەوە میانگیرانە نیە، ئەمەش مانای هەبوونی بەیەکەوە بەستنەوەیەک یان بنەمایەکی هاوبەش لە نێوان زمان و شتێکی دەرەکی دەگەیێنێت. ئەوەش شتێکی ئاشکرایە کە دەبێت ئەو بەیەکەوە بەستنەوەیە ئەو بەشانە لەخۆ بگرێت کە تەنیا دەتوانرێت ناویان بنرێت کەسی یان لە کاتی ئاسایی و سروشتی دا بابەتین.

تێڕوانینی کەسانی مۆدێنێتە سودێکی تریشی هەیە ئەویش ناساندنی ئەوەیەکە بە دڵنیایەوە خەڵک بیردەکەنەوە و واتا و تێگەیشتنەکان بنیات دەنێن. بەهۆی پێشنیازکردنی ئەوەی کە تاکەکان هاوبەشیکاری گرنگ نین لە بنیاتنانی واتا، کەسانی پۆست مۆدێرنێتە دەخرێنە پێگەیەکی بێ

پاڵپشتی لە گریمانەکردنی ئەوەی کە خەڵک تێدەگەن چی دەڵێن بە شێوەیەک کە هاوتایە لەگەڵ پێناسەی نێوان کەسەکان بۆ ئەو شتانەی کە دەیڵێن.هەر کەسێک بەشداری گفتوگۆیەکی فراوانکراو بکات، کە دەربارەی بابەتێکی گرنگی کەسیە، ئەو کەسە دەبێت بەپەلە گانگەشەی ئەوە بکات کە تەنیا ئەو واتایانەی کە بە هۆی قسە دەربڕاندنەوە رۆنراون، لە ڕووی نیشاندان و خستنە ڕووەوە ڕاست نین. شتێکی تر کە لەوانەیە پەیوەست بێت بەمەوە، دانپێدانانی ئەوەی کە ئەو واتایانەی هی قسە دەربڕاندنن، لەوانەیە لە ڕووی کەسیەوە شێوێندراو بن، بەڵام ئەمە ئاکام و دەرئەنجامی هیچ شتێکی کۆمەڵایەتی نیە. خستنەڕووی بەهەڵە تێگەیشتنەکان و شێواندنەکان بە شێوەیەکی ئاسایی دەرئەنجامی گواستنەوەو جوولەی یەک بەدوای یەکیان دەبێت لە گفتوگۆدا یان کارو کردەوەی دواتردا.

هەرچی تێڕوانینی پۆست مۆدێرنێتەیە، تێگەیشتنێکی گرنگ بۆ لایەنە پڕگماتیکی و بنیاتنەرەکانی بیر پێشکەش دەکات. مۆدێرنێتە گانگەشەی ئەوەدەکات کە بیر تێکەڵە یان ئاوێتەیە، ئەمەش ئەوە دەگەیێنێت کە ئەگەرچی ناوەڕۆکی بیرکردنەوە لە کەسێکەوە بۆ کەسێک دەگۆڕێت، کوالیتیە بنەڕەتیەکانی بیرکردنەوە ناگۆڕێت. بۆ هەریەکێک کە لە پۆلێکی کۆلێژ وانەی گوتۆتەوە، حاڵەتەکە بەمشێوەیە روون و ئاشکرانیە. نەک هەرتەنیا زانینی شتەکان لەلایەن قوتابیەکانە شتێکی گۆڕاوە، بەڵکو ئەو کوالیتی زانینی شتەکان/کوالیتی زانینەکەش گۆڕاوە. هەندێک لە قوتابیەکان بە شێوەیەکی ئاشکرا توانای بیرکردنەوەیان لە زانیاری هەیە بە شێوەیەکی ئەبستراکتی و یەکگرتووی و ڕەخنەگرانە. هەمان زانیاری بدە هەندێک قوتابی تر، سەرەڕای توانای بیرکردنەوەیان و هەوڵدانیان، ئەو قوتابیانە بە شێوەیەکی کۆنکریتی و بچڕبچڕکراو شێوازێکی

ناڕەخنەییانە بەپرۆسەی بیرکردنەوە زانیاری دروستدەکەن.ئەگەر بیرکردنەوە تەنیا نواندان و نیشاندانی زانیاریەکان بوایە، ئەوا زۆر زەحمەت دەبوو تێگەیشتنی بۆ بکرایە. ئەوە شتێکی مانادارترە ئەگەر بیرکردنەوە چالاکیەکی بنیاتنەر بێت و جۆرەکانی نیشاندان و تێکەڵەییەکان بەرهەم بێنێت. ئەم دیدە پراگماتیکیانەی بیرکردنەوە وەکو چالاکیەکی بیناتنەر تێڕوانینێکی ئاڵۆزتر دروستدەکات لەسەر پەیوەندی نێوان کەسی و بابەتی، پەیوەندیەک کە کەسی و بابەتی هاوبەشی پێناسەکردنی کوالیتی پەیوەندیەکە دەکەن و هاوبەشی پێناسەکردنی ئەو بەشانە دەکات کە جیاوازی لە نێوان شێوازە تایبەتیەکانی بیرکردنەوە دەکات.

لەگەڵ جەختکردنەوەی لەسەر بنیاتنانی کۆمەڵایەتی واتا، رەخنەی پۆست مۆدێرنێتە بیروبۆچوونی کەسیانەی مۆدێرنێتە بە شێوەیەکی ئاشکرا راستدەکاتەوە. وادادەنێت کە بیر تەنیا کەسیە و مۆدێرنێتە جێدەهێڵدرێت بۆ ئەوەی بگاتە ئەو دەرئەنجامەی کە هەر گۆڕانێک لەکوالیتی بیرکردنەوە، بەڵگەی فیسیۆلۆژیایەکی دەماری شێواو و نا رێکوپێکە. هەژمارکردنی جیاوازیەکانیش پرسیارێکی بایۆلۆژیانەیە. لادان لە پراگماتیستە سەرەتاییەکانی وەک (چارڵس ساندەرس پیرس و ویلیەم جەیمس)، پۆست مۆدێرنێتەکان وادادەنێن کە پەیوەندی پراگماتیکیانەی سەرەکی، پەیوەندیەکی نێوان کەسەکانە و لە رووی قسە هەڵدانیشەوە پەیوەندیەکی میانگیریانەیە. ئەگەر پەیڕەوی ئەو دیدە پۆست مۆدێنێتەییە بکەین، بەڵام نەک بەو شێوەی کەسانی پۆست مۆدێرنێتە خۆیان کردیان، کەسیەتی لاببەین، ئەوا شتێکی روونە کە کوالیتی کەسیەتی، کە کوالیتیەکی بیرکردنەوەی تاکەکانە، بە شێوەیەکی بەرچاو لەلایەن ئەو وتە ئاڵوگۆڕ کراوانە دەستنیشاندەکرێت کە کەسی قسەکەر بەشداری تێدادەکات.

ئەمەش پێشنیازی ئەوەدەکات کە جیاوازیەکانی بیرکردنەوە لەسەرانسەری تاکەکان لەوانەیە لەڕێگەی ئاماژەدان بە دیاریکراوە زمانەوانی و کولتوورە کۆمەڵایەتیەکانە هەژماربکرێت. ئەمەش پێویستی بە جەختکردنەوەیە لەسەر دیاردە کۆمەڵەیی و لەسەر شیکردنەوەی جیاوازی شێوازەکانی گوتار،هەروەها پێویستی بەجەختکردنەوەیە لەسەر کوالیتی واتا کولتووریەکان و جەختکردنەوە لەسەر ئەو هەڵسەنگاندنانەیە کە تیکەڵی ئەو واتا کوالیتیانەن.

پەیوەستی پۆست مۆدێرنێتەوە بەبەرهەمهێنانی کۆمەڵەیی واتاوە، ڕێگامان بۆ خۆشدەکات بچینە ئەو دیوی جەختکردنەوەی جیاوازیەکان لە ناوەڕۆکی بیرو باوەڕو بەها کولتووریەکان، ئەو بیروباوەڕو بەها کولتووریانەش تایبەتمەندی هەوڵەکانی مۆدێرنێتەیە کە لەسەر جیاوازیە کولتووریەکان دەدوێت. ئەمەش لە دوولایەنەوە شتێکی راستە. یەکەم، ئەو بیروباوەڕو بەهایانە وەها تێگەیشتنیان بۆ دەکرێت کە تێکەڵی گێرانەوەکان ببن و بەمشێوەیە لە ڕووی پڕاگماتیکیەوە پێناسە دەکرێن. هەربۆیە ئەو بیروباوەڕو بەهایانە ناتوانرێت یەک بەیەک بەتەنیا لێکدانەوەیان بۆ بکرێت. بەڵکو زیاتر دەبێت ئەو بیروباوەڕو بەهایانە لە ژێر رۆشنایی گوتارێکی فراوانتر لێکدانەوەیان بۆبکرێت کەخۆیان لەم گوتارانە دەردەبڕدرێن (بەراوردی نموونەکانی مۆدێرنێتەی (ئەڵموند و ڤێربا 1963، ئنگلهارت 1990) لەگەڵ کەسانی پێکەهاتەگەرایی دوایی وەکو (مێژووەکانی پەنابەر یان سزدانی فۆکاڵت 1965، 1979) بکە. کە ڕوونکردنەوەو بە تایبەتمەندیکردنی جیاوازیە کولتووریەکانە. بۆ سەرنجدانی هەوڵێکی بەرچاو کە هەندێک ڕەخنەی کولتووری و پڕگماتیکی و پێکهاتەیی مۆدێرنێتە لە خۆدەگرێت، ئەگەرچی هێشتا هەناسەیەکی مۆدێرنێتانەی هەیە، بڕوانە هابێرماس (1987). هەوڵەکانی هابێرماس بۆ ڕوونکردنەوە و بەتایبەتمەندیکردنی شێوەکانی گوتار لێرەدا بابەتێکی تایبەتی و پەیوەستە).

دووەم دیدی مۆدێرنێتەی وادادەنێت کە بیروباوەڕو بەها کولتووریەکان یەکدەگرن و بە شێوەیەکی بەرفراوان لە نێوکۆمەڵگادا بەشدەکرێت. دیدە پۆست مۆدێرنێتەیەکە نکۆڵی لەو یەکگرتنەی بیروباوەڕو بەها کولتووریەکان دەکات. لەگەڵ دەرکەوتنی پێکهاتەگەرایی وەکو دوا ئامانجی مۆدێرنێتە، پۆست مۆدێرنێتە جەخت لەسەر ململانێی نێوان گوتارەکانی بەرهەمهێنانی واتا دەکاتەوە، هەروەها لێکۆڵینەوە لەپەیوەندیەکانی ئەو هێزە دەکات کە لە نێوان گوتارەکانی بەرهەمهێنانی واتادا دێتە ئاراوە.

لەم چوارچێوەیەدا، دەتوانین باسی دەرکەوتنەکانی گانگەشە مەعریفەتناسیەکان بکەین بۆ تێگەیشتنێکی باشتری بەها. بەلای مۆدێرنێتەوە، تاکگەرایی مەعریفەتناسیانە هێز دەخاتەسەر تاک گەرایی ڕەوشتی. وەکو زانیاری، بەهاش ڕەنگدانەوەی پەیوەندی نێوان تاک و ڕاستیە. هەرچەندە لێرەدا پەیوەندییەکە پێچەوانەیە. لە پەیوەندی بەهادا، کوالیتیەکانی تاک، لەبەرئەوەی تاک پەیوەندی بە راستیەوە هەیە، دەستنیشاندەکرێن. بەمشێوەیە پێویستییە بنەڕەتیەکانی تاک بە بەها ڕاستەقینەکان دادەنرێن، لەبەرئەوەی ئەو پێویستییانە تایبەتمەندییەتی تاکەکانە، ئەو بەهایانەش بەجیهانی و ڕۆنانی کولتووری دادەنرێن، لەڕێگەی ئاماژەدان بە بەجیهانیبوون و کولتووریبوونی ئەو بەهایانە هەڵسەنگاندنیان بۆ دەکرێت. پۆست مۆدێرنێتەش ئەم تاکگەرییە ڕەتدەکاتەوە و پێشنیازی ئەوەدەکات کە بەها، وەکو واتا، بە ڕاستیەوە نە بەستراوەتەوە. بەم جۆرە بەها بنیاتنانێکی کولتووریە و بەرهەمێکی کۆمەڵەییە کە هەستی کەسی تاکەکان ڕێکدەخات بەوەی کە پێویستیەکانی ئەو تاکە چین.

تێڕوانینمان بۆ مۆدێرنێتەو پۆست مۆدێرنێتەی مەعریفەتناسی پێشنیازی ئەوەدەکات کەهەردوو هەڵوێستەکە تاڕادەیک یەکتری

ڕاستدەکەنەوە. دیدی پۆست مۆدێرنێتە، زیاتر لە دیدی مۆدێرنێتە، هەستیارترە بەرانبەر گۆڕانە کولتووری و مێژووییەکانەوە لە پێناسەکردنی بەهادا. لەلایەکی ترەوە، ئەو دیدە مۆدێرنێتەییەی کە ڕەگی لەوەوە داکوتاوە بەها پەیوەستە بە ڕاستیەوە، بنەمایەک بۆ ڕەخنەی ڕەوشتی بەرجەستەدەکات. لە بیریێکی پۆست مۆدێرنێتەییدا، بەها بەتەواوی دەستکردەو گوتاری ڕەوشتیش تەنیا دەتوانێت کە جەخت لەسەر هێزی گوتارێکی کۆمەڵگا لەسەر گوتارێکی تری کۆمەڵگا بکاتەوە. لەژێر ئەم ڕۆشنایەدا، تەنانەت دووپاتکردنەوە فرە کولتووریە هاوچەرخەکانی بەهای ڕەوشتیش ڕێگە بەوەدەدات کە گوتاری هەر کۆمەڵگایەک هەوڵێکی دەمامکدارەو دەیەوێت جەخت لەسەر هێزی خۆی بکاتەوە لەسەر گوتارەکانی تری کۆمەڵگا. بۆ دەستکەوتنەوەی بەیەکەوە بەستنەوەیەک ڕاستیە کەسی و کۆمەڵەییەکان، مۆدێرنێتە بنەمایەک پێشکەش دەکات کە لەوانەیە ئاڵۆزتر بێت بۆ گوتارێکی ڕەوشتی لەوانەیە زیاتربێت لە پەیڕەوکردن لە هێزدا.

بەکورتی، هەردوو لایەنی گفتوگۆیەکەی نێوان مۆدێرنێتەیەکان و پۆست مۆدێرنێتەیەکان تێگەیشتنێکی بەرچاو پێشکەش دەکەن و هەریەکێک لەلایەنەکانی گفتوگۆیەکە کەمو کووڕیە دیارەکانی لایەنەکەی تریان ڕاستدەکاتەوە. هاوبەشیکردنە سەرەکیەکانی لایەنی مۆدێرنێتە: (1) سەرنجدانیەتی بۆ کوالیتی کەسیەتی، (2) جەختکردنەوەیەتی لەسەر یەکگرتووی بنیاتنانە کەسیەکان، (3) ناساندنی پەیوەندی نێوان بنیاتنانە کەسیەکان (یان بنیاتنانە کولتووریەکان)لەلایەک لەگەڵ ڕاستیە کۆنکریتیەکان لەلایەکی تر.ئەو هاوبەشیکردنە سەرەکیانەی لایەنی مۆدێرنێتەش بنەمایەک بۆ گوتاری ڕەخنەیی بەرجەستەدەکات. هاوبەشی

کردنە سەرەکیە مەعریفەتناسیەکانی لایەنی پۆست مۆدێنریتەش: (1) جەختکردنەوەیەتی لەسەر پەیوەندی نێوان کەسەکان و گوتار، (2) سەرنجدانیەتی لەسەر ململانێی نێوان گوتارەکان، (3) ناساندنی ئەوەی کە واتا ئامازەپێکەرێکی خۆییە. ئەمانەش بنەما بەرجەستە دەکەن بۆ ناساندنی جیاوازیە بنەڕەتیەکانی نێوان گانگەشە رەوشتیەکان لەگەڵ رەهەندە سیاسیەکان و ئەو ململانێیانەش کە لە نێوانیاندا هەیە.

دوای ناساندنی هەردوو کۆمەڵە هاوبەشیکردنەکەی لایەنی مۆدێرنێتە و پۆست مۆدێرنێتە، وا پێدەچێت کە شتێکی گونجاو بێت کە بەردەوام بین لەسەر گفتوگۆی نێوان مۆدێرنێتە و پۆست مۆدێرنێتە لە چوارچێوەی ئەو چەمک و زاراوانەی کە خۆیان بەکاریانهێناوە، بەم شێوەیە لەو هەڵبژاردنە ناقایلکەرە دووردەکەوینەوە کە هەڵبژاردنی لایەنێکیان لەسەرلایەنەکەی تریان. رێبازێکی سوودبەخشتر ئەوەیە ڕەچاوی گفتوگۆیەکە بکەین وەکو خاڵی لەیەکجیابوونەوە بۆ بنیاتنانی مەعریفەتناسیانەو بنیاتنانی رەوشتیانە، ئەمەش بۆ شیکاری سیاسی و کۆمەڵایەتی زۆر پێویستە. لە پەیڕەوکردنی ئەم رێبازە شتێکی ئاشکرایە دەبێت هەوڵبدرێت بۆ لە خۆگرتنی تێگەیشتنەکانی هەردولایەنەکە. هەرچەندە دەبێت وریا بین لەوەی کە ئەو پێگانەی ئەو لایەنانە دژی یەکترین و جیاوازن و بۆیە تێگەیشتنەکانی ئەو پێگانە و هەردوو لایەنی مۆدێرنێتە و پۆست مۆدێرنێتە ناتوانرێت بە ئاسانی بەیەکەوە ببەسترێنەوە. بەڵکو دەبێت زیاتر جێگرەوەی سێیەم پەرەپێبدەین. ئەمەش بە شێوەیەکی کاریگەر بنەمایەک بەرجەستە دەکات بۆ دووبارە بنیاتنانەوەی تێگەیشتنی مۆدێرنێتە و پۆست مۆدێرنێتە و بەم شێوەیەش ئەم دووبارە بنیاتنانەوەیە کارئاسانی دەکات بۆ لە خۆگرتنی گانگەشە پێچەوانەکان. لە کۆتاییدا لە جێبەجێکردنی ئەم

ڕێبازە مەعریفەتناسیە دەبێت ئەوەمان لەبیرنەچێت ئەوەی تێڕوانینەکانی پێشووتر فێری بووین سەبارەت بەپەیوەندی نێوان دەروونزانی و تۆژینەوەی زانستی سیاسی.

**پڕاگماتیکی پێکهاتەیی: بنەمایەکی مەعریفەتناسیانە بۆ دەروونزانی سیاسی**

لەم دوا بەشەدا، لەسەر گفتوگۆی نێوان مۆدێرنێتە و پۆست مۆدێرنێتە بەردەوام دەبین بەمەبەستی دەرخستنی بنەما مەعریفەتناسیەکانی دەروونزانیەکی سیاسی یەکگرتوو. سەرەتا بیرۆکەی پێکهاتەداری وەکو هۆیەک بۆ بنیاتنانی واتا دەخرێتە روو. وەکو ئەوەی کە گفتوگۆی لەسەرکرا، واتا لەرووی ناوەوە ڕووندەکرێتەوە (وەک ئەوەی لە ئاخاوتنەکانی پۆست مۆدێرنێتەدا هەیە)، واتا لەرووی ئاماژەدانەوە (وەک ئەوەی لە ئاخاوتنەکانی مۆدێرنێتەدا هاتووە).دواتر دووبارە چەمکی پێکهاتەی دووانەیی دەناسێنمەوە. ئەمەش قۆناغێک دروستدەکات بۆ تێڕوانینی زیاتری ئەم پرسەو پەیوەندی نێوان سەرچاوەکانی ئەم پێکهاتانە. گەیشتمە دەرئەنجامێکی بنەڕەتی و مەعریفەتناسیانەی تیۆری بۆ ئەم بنەمایە بۆئەوەی دەروونزانی سیاسی جێبەجێ بکەم.

**دروستکردن**

وەک ئەوەی کە پێشووتر سەرنجمان دا، پۆست مۆدێرنێتە پێشنیازی ئەوەدەکات کە، واتا، لە رووی ناوەوە بونیاد دەنرێت و ڕووندەکرێتەوە. لەم روانگەیەوە، واتا سیستەمێکی پەیوەندی ناوەکیە. تێگەیشتنە مەعریفەتناسینەکە لەلایەن تیۆری زانستی سیاسی و دەروونزانیەوە بەهێز کرایەوەو فراوانکرا. ئەو دیدانەی کە کۆمەڵزانین پێشنیازی ئەوەدەکەن کە

ئەو واتایانەی کە لە رووی کولتووریەوە رۆدەنرێن، لەوانەیە لە چەندان رووەوە لە کۆمەڵگایەوە بۆ کۆمەڵگایەکی تر جیاوازبێت. لەوەش بە هێزتر، دیدە دەروونزانیەکان دەریدەخەن کە ئەو واتایانەی کە لەرووی کەسیەوە بنیاتنراون، لەوانەیە بە چەندان شێواز لە تاکێکەوە بۆ تاکێکی تر جیاواز بێت. دیدە یەکگرتووە پێشنیازکراوەکەش ئەوەیە کە دەبێت ئەوە بۆ ئاخاوتنەکانی ئەو گانگەشانە زیادبکرێت کەواتایەک کە لەرووی کولتووریەوە بنیاتنراوە لەوانەیە جیاوازبێت لەو واتایەی کە لەرووی کەسیەوە بنیات دەنرێت.

ئەم گانگەشەی دواتر سەرەتا پێشنیازی ئەوەدەکات کە واتا بنیات دەنرێت. جا ئایا بنیاتنانەکە کۆمەڵگاییانەیە یان تاکی و کەسیانەیە، خودی پرۆسەی بنیاتنانەکە بەشێوەیەکی چالاک تاکەکان بەشداری پێدەکات. ئەنجامەکەشی رێگایەکی کاریگەرە (یان کارلێکردنە لە ئاستی کۆمەڵەییدا)، ئەو کارکردنەش زیاتر شتێکی فیزیکی یان کردەی گوتاریەو رێگایەکە بۆ پێکهێنانی کارو کاردانەوەکانی کەسانی تر. ئەم شێوازە کارکردنە لەو چەندان نموونەیەدا شتێکی روونە لەبەشداریکردن بە شێوەیەکی کۆنکریتی وەکو رێگایەک بۆ دانانی لایەنەکانی کردەوەکە لە پەیوەندیەکی کرداری یان پراگماتیکی. بە تێپەڕبوونی کات ژمارەی ئەو پەیوەندیانە زیاد دەبێت و بەیەکەوە بەستنەوەکانیشیان بە تێروتەسەلی رووندەکرێنەوە .ئەنجامەکەشی پێکهاتەیەکە کە لەوتەو کردارە پەیوەستەکان دروستبووە و واتایەک یان تێگەیشتنێک بنیات دەنێت لە گوتاری کۆمەڵگایەک دا یان لە گوتاری تاکێکدا (لەم بۆ چوونەی دروستکردندا، پەیوەندیە ئاسایەکەی نێوان پێکهاتە و دروستکردن پێچەوانە دەکەمەوە. لەو پەڕی بیری دروستکردندا، پێکهاتەکان ماددەی زووتر دەرکەوتوون و بەم شێوەیە پێناسەی دەرخستنی ئەو راستیە دەکەن کە پێکهاتەکانی لەسەر کاردەکەن. بەم پێیە پێکهاتەکان بە شێوەیەکی بەرچاو

لەلایەن ڕاستیەوە کاریان تێدەکرێت. بە گوێرەی بیرۆکەی پێکهاتنی هاوشێوەی ئەوەی پیاژێ (1970)، لە ڕاستیدا پێکهاتەکان بەرهەمی پرۆسەکانی دروستکردنە. ئەمەش دەرگایەکی فکری دەکاتەوە بۆ ڕەچاوکردنی ئەو کاریگەریەی کە ڕاستی دەردەخات).

گرنگە تێبینی ئەوەبکەین ئەو پێکهاتە بنیاتنراوەی هەوا، ئاوا بە ئاسانی ڕێکخستنی بابەتیانەی هەوا دروستناکات. سروشتی بەشداریکردنی چالاکیش هەرتەنیا دەستنیشانی بارودۆخی ئەو پەیوەندیانە ناکات کە دەتوانرێت بنیاتبنرێت، بەڵکو دەستنیشانی بەشەکانی ئەو کارکردنانەش دەکات کە پەیوەندیان بەیەکەوە هەیە. ئەگەر یەکێک تەنیا بتوانێت بە شێوەیەکی کەسی و کۆنکریتی بەشداری کردەوە بکات، ئەوا بەشەکانی پێناسەیەکی ڕۆنراوی کەسی بۆ ڕاستی هەربەو گوێرەیە بنیاتدەنرێن.

ئەگەر یەکێک بەشداری کردەوەیەک بکات بە شێوەیەک ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆ و ئەبستراکتی، ئەوا بەشە بنیاتنەرەکانی بیری کەسێک بۆڕاستی فراوان دەکرێت بۆ گرتنەخۆی ئەوەی هەیە و ئەوەی کە نییە (ئەزموونی ڕابردوو)، ئەوەی کە هەرگیز نەبووە، بەڵام دەکرێت ببێت (ئەزموونی گریمانەی) و ئەوەی کە هەرگیز نەبووە و هەرگیزیش نابێت (ئەبستراکتی یان بەرجەستەنەکراو). ئەو نموونانەی کە نیشاندران، بیناتنانی واتا کردەیەکی زۆر داهێنەرانەیە.

ژمارەیەک دەرکەوتنی گرنگ لەم بۆ چوونەی بیناتنان دا هەیە. یەکەمیان ئەوەیە ژماریەک شێوەی جیاوازی بنیاتنان و دروستکردنی پێکهاتە هەیە. وەکو بەشداریکردن و کارکردنی هەر پرۆسەیەکی بیناتنان لە یەکێکی تر جیاوازترە، کوالیتیەکانی کردەوەکان و جۆرەکانی بەیەکەوە بەستنەوەکانی نێو کردەکان و وتەکان جیاوازیان هەیە. دەرئەنجامی ئەوەش هەبوونی چەند جیاوازیەکی گشتی چۆنیەتی و فەرمیە لە نێوان پێکهاتەکانی تێگەیشتن. بۆ نموونە کاتێک بیناتنانەکە جەخت لەسەر تاکە کردەوەیەک

دەکاتەوە، ئەوا ئەو بەشداریکردنە بیناتنەرانەیە پێناسەی کردەکانی تر دەکات، ئەنجامەکەشی ئەوەیە کە پەیوەندیە فکریەکان ئارەزووی ئەوە دەکەن تێکەڵبوونێکی شێوە هێڵەکی لەنێوان بەشەکان دروستبکات. ئەگەری زۆرە ئەم چەشنە بنیاتنانە تێگەیشتنێک بە دەستەوە بدات کە لە ناوەرۆکەوە کۆنکریتیە لە رووی پێکهاتەشیدا پارچە پارچەکراوە. لەوانەیە جۆرێکی تری بنیاتنان جەخت لەسەر ئەو پەیوەندیە شێوەیە هێڵەکیانەی نێوان کردەوەکان بکاتەوەو لەیەکتریان نزیکدەکاتەوە .لەم پەیوەندیە خستنە پاڵ یەکتریدا، بەیەکەوە بەستنەوەی واتادار رەگی لە خستنەپاڵ یەکتری پارچەکانی ناویەک پەیوەندی داکوتاوە،نەک پارچەکانی نێوان پەیوەندیەکان. ئەو خستنە پاڵیەکتریانەش لە نێو خودی خۆیاندا دەخرێنە پاڵ یەکتری و هەموویان بەیەکەوە شەپۆلێکی پەیوەندی بنیاتدەنێن لە چەندان ئاستی گشتیدا. ئەنجامەکەشی پێکهاتەی تێگەشیستن دێنێتە ئاراوە کە ئەگەری زۆرە وەکو ئەبستراکت و گریمانەی یەکگرتوو لێکدانەوەی بۆبکرێت .مەبەستەکە لێرەدا ئەوەیە،وەک چۆن شێوازەکانی بنیاتنان جۆراوجۆرن، کوالیتی ئەو تێگەیشتنانەی کە بنیاتیش دەنرێن هەمەجۆرن. ئەوەی لەم چەشنە گانگەشە مەعریفەتناسیەوە رێکدەخرێت ئەوەیە، دەتوانین تێگەیشتنێکی باشترمان هەبێت دەربارەی جیاوازیەکانی نێوان کولتوورەکان، نێوان تاکەکان، هەروەها نێوان تاک و ئەو کولتوورەی کە بەشداری تێدادەکەن.

دووەم بۆ دەرکەوتنی پەیوەست بەم بابەتەوە ئەوەیە کە واتا پێکهاتەی فەرەمی هەیە. پرۆسەی بنیاتنانی واتاش لە هەبوونی شێوازێکی گشتی دەستپێدەکات، کە تیایدا ژینگەو خەڵکەکە بەشداری و کارلێک لەگەڵ یەکتری دەکەن. ئەمەش ئەوە دەگەیێنێت ئەوەی لەم کارلێکردنەدا

هەیە بە گوێرەی بارودۆخە تایبەتیەکان دەگوڕێت، بەڵام چۆن ئەو کارلێکردنەی نێوان خەڵک و ژینگە جێبەجێدەکرێت، ئەمەیان شتێکی گۆڕاوە. لەئەنجامدا پەیوەندیە هەمەجۆرە تایبەتیەکان دەگوڕێن بە گوێرەی بارودۆخەکان و بەدڵنیایی ئەو پەیوەندیە تایبەتیە هەمەجۆرانە لە رووی ناوەڕۆکیشەوە لەیەکتر جیاوازن، بەڵام هەموو ئەو پەیوەندیانەش هەمان کوالیتی و فۆڕمی بنەڕەتیان هەیە. ئەگەر بگەڕێینەوە تێڕوانینەکانمان بۆ کۆمەڵگایەکان و تاکەکان،ئەوا پێشنیازەکە ئەوەیە بۆ کولتوورێکی دیاریکراو یان گوتاری کۆمەڵگایەک، ئەوا هەموو قسەو پەیوەندیە ئاڵوگۆڕکراوەکان و واتا بنیاتنراوەکان هەر هەموویان هەمان فۆرمی باویان هەیە.بەهەمان شێوە بۆ تاکێکی دیاریکراو، کوالیتی ئەو گانگەشە هەمەجۆرانەو ئەو پێشنیازانەی کە تاک دەیانکات، فۆرمێکی بنەڕەتی هاوبەشیان هەیە. ئەمەش پێشنیاری ئەوەدەکات بۆ هەر تاکێک یان گوتارێکی کۆمەڵگا،ناسنامەیەکی پێکهاتەیی یان فەرمی هەیە لەنێوان ئەو پەیوەندیە بنیاتنراوانەی کە تێگەیشتن دروستدەکەن لەگەڵ ئەو پەیوەندیە بنیاتنراوانەی کە هەڵسەنگاندن دروستدەکەن. ئەوەی لەو گانگەشە مەعریفەتناسیەی پێکهاتەوە رێکخراوە، دەتوانین تێگەیشتنەکانمان تەواوبکەین دەربارەی ئەوەی کە چ لە کەسێکەوە بۆکەسێکی تر یان لە کولتوورێکەوە بۆ کولتوورێکی تر جیاوازە، سەرەڕای ئەوەش دەتوانین لێکچوونە ناوەخۆیەکانی ناو کولتوورێک و یان بنیاتنانی کەسیانەی واتا بەرز بنرخێنین کە دەخرێنە روو.

سێیەم بۆدەرکەوتن رەنگدانەوەی گیرخواردنی تێگەیشتنی مۆدێرنێتەیە کە واتا رەهەندێکی بابەتیانەی بۆ هەیە. لێرەدا پێشنیازەکە ئەوەیە تەنانەت ئەگەر واتاش بە شێوەیەکی چالاک بنیاتبنرێت و پێکهاتەی بۆبکرێت و لە رووی ناوەوە بە تێر و تەسەلی روونبکرێتەوە، ئەوا لە هەمان

کاتدا ئەو واتایە راگرێک و پاڵپشتیەکی هەیە لە راستیەکی دەرکیدا. ئەگەرچی لەوانەی پێکهاتە کاربکات بۆ رێکخستن و پێناسەکردنی کردەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێکهاتە قەوارەیەکی راستەقینەیەو تەنیا لە دیاریکراوە کۆنکریتیەکان دەردەکەوێت. لەئەنجامدا، دروستکردنی واتا و کردەوە بەتەنیا دەستنیشانی خۆیان ناکەن،بەڵکو دەستنیشاندەکرێن لەلایەن ئەو شێوازە خستنە رووانەوە کە تیایاندا وتەکان و کردەوەکان لە ناوەوە بەیەکتریەوە بەستراون. لە ژێر رۆشنای ئەوەی کە دروستکردن خۆی دەستنیشانی خۆی ناکات و دەستنیشاندەکرێت، ئەوە دەردەخات کە پێکهاتە هەمیشە بە نادیاری شکستبارە بەرانبەر کاریگەریە بەردەوام دەرکەوتووەکانی دەرهاویشتە کۆنکریتیەکانی خۆی. ئەمەش پێشنیازی ئەوەدەکات دروستکردنی کەسیانەی واتا هەمیشە بابەتی ئەو رێگا ڕاستەقینانەیە کە تیایاندا گفتۆیان و کارلێکردنەکان،پەردەیان لەسەر لادەدرێت و دەردەخرێن.

**دروستکردنی دوانەیی**

لە روونکدرنەوەی چەمکی مەعریفەتناسیانەی دروستکردنی واتا، رەچاوی گوتاری کۆمەڵگاو گوتاری تاکەکانمان کردووە، بەڵام هەریەکەیانمان بە تەنیا لەوەی تر رەچاو کرد. ئێستا کاتی ئەوەیە زیاتر پەرە بەو چەمکە بدەین لەژێر رۆشنایی گانگەشەی پێشووتر کەهەردوو سەرچاوەی گانگەشەکە، کۆمەڵگایەکی یەکگرتوو و بیرکردنەوە، هاوپەیوەستن و بەیەکتری بەستراونەتەوە. خاڵی سەرەکی لەیەکتر جیابوونەوە لێرەدا ئەوەیە کە پێکهاتەکان راستەقینە و کارپێکراون. لەبەرئەوەی ئەو پێکهاتانە پێناسەی دەرخستنی راستی دەکەن بەهۆی کارپێکدرنی پێکهاتەکان لەسەر

راستی، ئەمەش واتا ڕێکخستنی شێوازە دیاریکراو کۆنکریتیەکان کە تیایاندا وتەکان و کردەوەکان بەڕاستەقینەی یەکتری بەستراونەتەوە (گیدنز (1984) چەمکی "دروستکردنی دووانەیی" بەکاردێنێت، بەڵام بۆچوونیەکەی گیدنس زۆر جیاوازترە لەوەی کە لێرە خراوەتەڕوو. وەک ئەوەی کە لێرەدا باسکراوە، گیدنس ئاماژە بە پەیوەندی نێوان پێکهاتەی راستەقینە لەگەڵ دەرکەوتنی دیاریکراو کردەوە دەکات. سنووورداری بیرۆکەی گیدنس لەوەدایە نەبوونی هیچ کوالیتیەکی پێکهاتەیی و فەرمی لە بیرۆکەیدا دەکرێت وەسف کردن بێت، نەک داهێنان بێت. ئەمەش وا لە پێکهاتەکان دەکات، کە گۆڕاوی کۆمەڵایەتی و دەروونزانین، تێگەیشتنیان ئەستەم بێت. وەکو کارەکەی گیدنس "کارکردن لەسەر هۆگریەتی" (1992)، گواستنەوەیەکی لەمشێوەیە لەکۆمەڵایەتی و دەروونزانیەوە بۆ تێگەیشتنێکی ئەستەم تەنیا دەتوانرێت سەرنج بدرێت، نەک بە شێوەیەکی ئامادەکراو روونکردنەوەی بۆ بکرێت).

خەملاندن بۆ ئەو بارەی کەتاکەکان و کۆمەڵگایەکان دووهێزی پێکهێنەرن ،پەیوەندیە ناوەکیەکەی نێوانیان دەتوانرێت وەکو یەک پەیوەندی تێگەیشتنی بۆ بکرێت کە تیایدا هەردوو پێکهێنەرە کارکەرەکە هەوڵدەدەن هەمان بنەمای هاوبەشی کۆنکریتی رێکبخەن. لەهەمانکاتدا کولتوورێک یان کۆمەڵگایەک هەوڵدەدات ئەوە رێکبخات کە چۆن گفتوگۆیە تایبەتیەکان و کردەوە نێوخۆیەکان دەربخرێن، ئینجا تاکەکانیش بەشداری ئەو هەوڵانە دەکەن لە ئاراستەکردنی ئەوەی کە تاکەکان چی دەڵێن یان چی دەکەن بۆ وەڵامدانەوەو کارلێکردنی لەگەڵ کەسانی تر. بەمشێوەیە کاتێک تاکێک ئاڵۆگۆڕپێکەری کۆمەڵایەتی هەڵدەوەشێنێتەوە و بە گوێرەی وەسفکرنەکانی خۆی دووبارە بنیاتی دەنێتەوە ، ئەوا کولتوور و کۆمەڵگایەکەش وەڵام و دەستپێشخەریەکانی ئەو تاکە هەڵدەوەشێننەوەو دووبارە بەگوێرەی وەسفی خۆیان بنیاتیدەنێنەوە. کاتێک پێکهاتە ڕاستەقینەکان نەک هەر تەنیا پێناسە و کالێکردنەکان رێکدەخەن، بەڵکو رەنگدانەوەی ئەوەشن کە چۆن ئەو پێکهاتە ڕاستەقینەیانە لەراستیدا دەردەکەون، کولتوورەکان و

بابەتەکانیش هەریەکەیان شکست بارە بەرانبەر کاریگەریەکانی دووبارە بنیاتنانەوەی ئەوەکەی تریان.لەمروانگەوە گەرچی سەرچاوەکانی دروستکردن لەیەکتری جیاوازن، لەگەڵ ئەوەشدا سەرچاوەکانی دروستکردن لە رووی کرداری و پراگماتیکی و لە رووی ئالۆزییەوە لەیەکتری ئالێندراون . ئەمەش سروشتی سنوورە دولایەنەکان دەردەخات و سروشتی ئەوەش روونەدەکاتەوە کە چۆن کاریگەری گواستراوەی تاکەکان و کۆمەڵگاکان کار لەیەکتری دەکەن.

ئەوەی گرنگە تێبینیبکەین ئەوەیە کە سەرەنجدانە دەروونزانی و کۆمەڵزانیەکان ئەم چەمکە مەعریفەتناسیە ئالۆزدەکەن. بەم شێوەیە ئەم دووانەییە کۆمەڵایەتی دەروونزانیە ئەدەوە دەگەیێنێت کە پەیوەندی نێوان هێزەکان، ئەگەرچی جیاوازیان لەگەڵ یەکتری هەیە، لەرووی ناوەوە هاوچەشنن و یەکن. دیدە پۆست مۆدێرنێتەیەکە لە مەترسی ئاگادارماندەکاتەوە. بە شێوەیەکی روون کۆمەڵگا قەوارەیەکی هەمەچەشنە و لە دامەزراوەو گروپ و لایەنی جۆراوجۆر پێکهاتووە. هەریەکێکیش لەمانە لەوانەیە کۆمەڵگایەکە وا دروستبکەن کە نەک لە رووی ناوەڕۆکەوە لە یەکتری جیاوازبن، بەڵکو لەرووی پێکهاتنیشەوە لەیەکتری جیاوازبن. وەک ئەوەی کە بۆچوونی پۆست مۆدێرنێتە پێشنیازی دەکات چۆن ئەو دامەزراوە و گروپ و لایەنانەی ناو کۆمەڵگا کار لەسەر یەکتری دەکەن، زیاتر پەیوەندی بە هێزە هەیە. ئێستا لەوانەیە ناسینەوە و جیاکردنەوەیەک بۆ ئەم گانگەشەیە زیاد بکەین لە کاتێکدا کە لەوانەیە گوتارەکان جیاکراوە یان دژی یەکتربن لە کۆمەڵگا دا، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو گوتارانە بابەتی یەکگرتنی شێوەکانن کە لەوانەیە لەڕووی کرداریەوە لەلایەن ئەو تاکانەوە

بسەپێندرێن کە بەشێوەیەکی کەسیانە دەستنیشانی یەکگرتنی شێوەکانی گوتارەکان دەکەن.

توێژینەوەی دەروونزانی و ئەزموونی ڕۆژانە پێشنیازی ئەوەدەکەن کە ئەگەرچی بابەتی تاکەکان لەوانەیە بەشێوەیەکی باو پێکبهێندنرێن، چەندان هەلو مەرج هەیە بۆجۆرە بیرکردنەوە جیاوازەکانی هەمان تاک بورووژێنێت. نموونەیەک بۆ ئەم بابەتە تێگەیشتنی دەروونزانی پزیشکیە لەوەی کە چۆن ئەزموونی قۆناخی منداڵی بە شێوەیەکی جیاواز لە ئەزموونی قۆناخی هەرزەکاری دروستدەبێت. ئەگەرچی هەرزەکارەکان بە شێوەیەکی ئاسایی ئاستی توانای مێشک و سۆزداری و ئەزموونگەری کاردەکات لە ئاستێکی پێگەیشتوودا، لەگەڵ ئەوەشدا لەوانەیە هەندێک بیرکردنەوەی شێوە منداڵانەیان هەبێت. ئەنجامەکەشی هەبوونی بۆ چوونێکی ئاڵۆزە لەسەر ئەم بابەتەی دروستکردنی ئەزموون وەکو سەرچاوەیەکی دروستکردن. لە چوارچێوەی ئەم دەقەی ئێستاماندا، ئەم بۆچوونە دەروونزانیانەی دروستکردنی ئەزموونی کەسی لەوانەیە تێگەیشتنێکی بۆ زیاد بکرێت کە پەیوەستە بە ژیانی ڕۆژانەی ئەو منداڵانە و ئەو بابەتانەی کە بەشداری تێدادەکەن، بەمشێوەیە ئەم دروستکردنی ئەزموون ڕێکدەخرێت لەلایەن ژمارەیەکی جیاواز لە گوتاری کۆمەڵگاکان. لەوانەیە ئەمەش ئاماژە بە شێوەی زۆر لەیەکتر جیاواز بکات لەبەشداری کردنی کەسایانەی دروستکردنتی ئەزموونەکان دا بەجۆرێک کە تائێستا ئەو شێوە دروست کردنە ئەزموونە پشت گوێخراوە لەلایەن دەروونزانانی گەشەپێدانی توانای مێشک.

**پێشنیارەکان بۆ جێبەجێکردنی دەروونزانی سیاسی**

تیۆری پێکهاتەپڕاگماتیکی و مەعریفەتناسیەکەی پێشووتر ئاراستەیەکی ڕوون بەرجەستە دەکات بۆ گەشەسەندنی تیۆر لە دەروونزانی سیاسیدا. سەرەتا پێشنیاری بەروونی دیاریکردنی پێکهاتەی فۆڕمە هەمەجۆرەکان دەکەم، کە دەتوانن کاربکەنە سەر ریزبەندی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی. بۆ ئەم کارە، بە شێوەیەکی ئاشکرا چەند رەهەندێکی کۆمەڵزانی و دەروونزانی هەیە. لە رووە دەروونزانیەکەوە، پێویستی بەروونکردنەوەیەکی قووڵی ئەو فۆڕمانەیە کە تێگەیشتنەکانیان و هەڵسەنگاندنەکانیان بە شێوەیەکی کەسیانە بنیاتنراوە. ئەمەش پێویستی بەفۆڕمەکانی یەکگرتنە کە دەبنە هۆی هەمەجۆریەتی لەچالاکی سۆزداری توانای مێشکی تاکێکی دیاریکراو دا (بۆ سەرنجدانی نموونەی لەم چشنە هەوڵانە، بڕوانە کارەکەی پیاجێ کە لەسەر قۆناغەکانی گەشەسەندنی توانای مێشکە (بۆ نموونە ئینهیڵدەر و پیاجێ 1958، کارەکەی کیگان کە لەسەر گشەسەندنی سۆزداریە (کیگان 1994،1982) وەهەروەها کارەکەی من کە لەسەر جۆرەکانی بیرکردنەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتیە (بڕوانە ڕۆزنبێرگ 1988، بەشی چوارەم، 2001، بەشی سێیەم تا حەوتەم).لەهەمانکاتدا، پێویستە ئەم بەدوا گەڕانە گشتیەی یەکگرتن پتەوبکرێت لەلایەن رادەی هەستیاری سەرچاوە جێگیر و شیاوەکانی بنیاتنان،کە لەوانەیە لەباری تاکێکی دیاریکراودا کاربکات. ئەمەشیان پێویستی بە تێڕوانینێکە کە چۆن تاکێک پاشماوەی کەسیەتی گڵدەداتەوە کە ڕێگەی پێدەدات وێنەی زیاتر لە فۆڕمێکی کەسیانە بکێشێت، چۆن دەتوانرێت پێکهاتەی واتایی تاکێک کاری لێبکرێت لەلایەن مەرجەکانی کارلێکردن، کە بەشێوەیەکی کۆمەڵایەتی بنیات نراون. لێرەشدا پێشنیازی بە بیردۆزەکردن دێتە پێشەوە، نەک تەنیا بۆ شێوازەکانی دیاریکردن و دروستکردنی پێکهاتەی واتایی بە شێوەیەکی

کەسیانە، بەڵکو بۆ ڕوونکردنەوەشە کە چۆن و کەی مێژووی کەسی و هێزە کۆمەڵایەتیەکان شێوازە جیاوازەکانی دیاریکردن دێننە بەرهەم، زیاتر لەوەی کە تاکێک بەشێوەیەکی ئاسایی چ بەکاردێنێت.

لە رووە دەروونزانیەوەکەشی، لەم لێکۆڵینەوەی پێکهاتە پێویست بەوە دەکات بەتێروتەسەلی ئەو فۆڕمە پێکهاتووانە روونبکرێنەوە کە لە کولتوورە بەیەکەوە بنیاتنراوەکان و رێکخراوە کۆمەڵایەتی (یان سیاسیەکان) وەریدەگرن. ئەمەش پێویستی بەدۆزینەوەی ئەو جۆرە بەیەکەوە بەستنەوە هەیە کە گوفتارەکانی کۆمەڵگایەک رووندەکاتەوە. دەبێت جارێکی تر گەڕان بەدوای بنیاتنانە ئاساییەکەی یان زاڵەکەی واتاو کردارەکە تەواوبکرێت لەلایەن تێڕوانینێکەوە کەچۆن دەتوانرێت کۆمەڵگا لە رووی ناوەوە لەیەکتر بکرێتەوە، کەلەوانەیە ژمارەیەک سەرچاوەی بنیاتنەری کۆمەڵایەتی و پێکهاتەی جیاوازو پێشبڕکێکار لەگەڵ یەکتری دروستبووبێت.هەروەها چۆن دەتوانرێت بنیاتنانە کۆمەڵایەتیەکەی واتا کاریتێبکرێت لەلایەن دووبارە بنیاتنانەوەی کەسی بۆئەو واتایە لەلایەن خودی کەسەکانەوە.بەمشێوەیە، پێویستە شیکاری پێکهاتنی کۆمەڵایەتی بگرێتە خۆ، کە لەوە دەدوێت چۆن و کەی گوفتارە جێگرەوەکانی ناو کۆمەڵگایەک یان لەوانەیە بەشداری کردنی کەسیانەی تاکەکانی رێگا بۆشێوازە جیاوازەکانی رێنماییە کۆمەڵایەتیەکان خۆشبکات، زیاتر لەوەی رێگا بۆ سیستەمە سیاسی و کۆمەڵایەتیە زاڵەکان خۆشبکات.

دەبێت روونکردنەوە تیۆریە تێرو پڕەکەی سیاسی و کۆمەڵایەتی یان پێکهاتە دەروونزانیەکان لە پەیوەندی نێوان سیاسەت و کۆمەڵگا بدوێت. ئەمەش روونکردنەوەیەک دەگرێتە خۆ کە چۆن ئەو دوو ئاستەی پێکهاتن سنووری کارکردنەکانی یەکتر دیاریدەکەن و بەمجۆرە کوالیتی هەر یەکێک

له پێکهاتەکان دروستدەبێت. ئەمانە زیاتر خاڵە سەرەکی و گشتیەکانن کە لەوانەیە لە رێگەی تێڕوانینێکی دیاریکراو روونبکرێنەوە کە چۆن و فۆڕمە جیاوازەکانی پێکهاتە کۆمەڵایەتیەکان یان دەروونزانیەکان بەریەکتری دەکەون. ئەوەش روون نیە کە بە شێوەیەکی بنچینەیی هەموو فۆڕمەکان هەمان کاریگەری هەڵوەشاندنەوەو دووبارە بنیاتنانەوەیان هەیە یان نا. ئەم تێڕوانینە لەسەر پەیوەندی نێوان پێکهاتە کەسیەکان و پەیوەندی دەروونزانیانەی نێوان کەسەکانە و هەریەکەیان لەو پەیوەندی پێکهاتەی کەسیانەو پەیوەندی دەروونزایانەی نێوان کەسەکان پێویستی بە دووبارە تێڕوانینی کوالیتی پێکهاتەکانی خۆیان هەیە. دەبێت هەر یەکێک لەسەرچاوەکانی پێکهاتن دووبارە لەژێر ڕۆشنایی تێخستنی ئەوەی تریانەوە بیری لێبکرێتەوە. بۆنموونە، دەبێت رێکخراوێکی کۆمەڵایەتی دووبارە تێگەیشتنی بۆبکرێتەوە، کە ئەو تێگەیشتنە دەتوانێت ئەو جیاوازیە دەرکەتووانە لە خۆبگرێت کە لە تواناکانی تاکەکانیدا هەیە بۆ بە دەمەوە هاتنی ئەو رێکخراوەو کارلێکدرنی لەگەڵی. بەهەمانشێوە، دەبێت دووبارە تێگەیشتن بۆ بیری کەسێک بکرێت کە وەکو پێکهاتەیەک لەرووی ناوەوە جیاوازی تێدایەو دەتوانێت ئەو جیاوازییە دەرکەوتوانە لەخۆبگرێت کە لە جۆرەکانی رێکخراوە کۆمەڵایەتیەکان یان گوفتارە کولتووریەکاندا هەیە، کە تاک بەشداری تیایدا دەکات.

دواخاڵی زۆر گرنگ و سەرەکی کە لێرەدا دێتە ئاراوە، پەیوەندی نێوان پێکهاتە کەسیەکانی واتایە،لەگەڵ پێکهاتە سیاسی وکۆمەڵایەتیەکانی واتا، لەدەوری کێشەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی دەخولێتەوە. ئامانجی یەکەم ئەوەیە تیۆرێک پێشکەش بکرێت ئەوە نیشان بدات چۆن و لە چ هەلو مەرجێکدا دروستکردنی جۆرێک لە پێکهاتە، ئەگەری زۆرە پێکهاتە

گواستراوەکان لە ئاستی ئەویتریان کەم بکاتەوە. نموونەیەک کە بە دوورو درێژی روونی بکاتەوە کە چۆن تاکەکان بەرهەڵستی گواستنەوەی یان لەوانەیە لەبەهای هەنووکەییە گوازراوەکانی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی یان کولتووری کۆمەڵگایەکی پۆست مۆدێرنی کەمبکەنەوە. دووەم ئامانجی هاوچەرخ بریتیە لە بەتیۆریکردنی ئەو هەلومەرجانەی کە تیایدا لەوانەیە یەک سەرچاوەی پێکهاتن زەبر لەگواستنەوەی پێکهاتەی سەرچاوەکەی تریان بکات. ئەمەش چەند پرسیارێک دێنێتە ئاراوە سەبارەت بە ئاراستەی گواستنەوەیەکی لەم چەشنەو ئەگەری پێویستی جیاوازیکردن لە نێوان گواستنەوە پێشکەوتنخوازەکان و گواستنەوە پاشەکشەییەکاندا. لەکاتێکدا لەوانەیە هەموو ئەو کێشانە بەشێوەیەکی زۆر گشتی قسەیان لێوەبکرێت، ئەوە ئاشکرایە دەبێت دەرئەنجامی ئەو تیۆرە روونبکرێتەوە لەرێگەی رەچاوکردنی ئەوەی چۆن ئەو کارلێکردنە داینامیکیانە بەشێوەی جیاواز تێگەیشتنی بۆبکرێت لە باری فۆرمە جیاوازەکانی پێکهاتەی دەروونزانی یان سیاسی-کۆمەڵایەتی. ئەو گواستنەوە یان بەرهەڵستیەی کە بەشێوەیەکی کاریگەر بەرهەمدێت لەکۆمەڵێک هەلومەرجی سنووردار لەرووی پێکهاتییەوە ، لەوانە نیە هەمان گواستنەوە یان بەرهەڵستی بێتە بەرهەم لە کۆمەڵە هەلو مەرجێکدا کە بەشێوەیەکی جیاواز دروستکراون.

میتۆد بەشێوەیەکی ئاشکرا، ئەو گریمانە دیاریکراوانەی کە توێژینەوەی دەروونزانی سیاسی رێکدەخەن، لەلایەن تیۆرێکی تایبەتی گەشەسەندوو دەسەپێندرێت. ئەمەش ئەو پرسیارانە دەگرێتەخۆ کە دەربارەی رەوایەتی ئەو گانگەشانەن سەبارەت بەوەی کە تایبەتمەندی دروستکردنێکی زاڵی یان ئاسایی کۆمەڵگایەک یان تاکێکی دیاریکراو چیە. هەروەها رێکخستنی گریمانەکانی توێژینەوەکەش رەنگدانەوەی پێویستیەکە بۆ سەلماندنی

هەموو فۆڕمەکانی جۆرناسی سیاسی-کۆمەڵایەتی یان دروستکردنی کەسیەکانە. لەکۆتاییدا،گانگەشەکانی سەبارەت بەچۆنیەتی سنووردارکردنی فۆڕمە کەسی و تایبەتیە سیاسی-کۆمەڵایەتیەکانی دروستکردن و گواستنەوەیان لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی تر توێژینەوەی لێدەکرێت.

ئەو میتۆدە کرداریانەی کە لە لێکۆڵینەوەی پرسیارەکان بەکاردێن، دەبێت پیشەگەری بن و لە ژێر ڕۆشنایی ئەو گانگەشە مەعریفەتناسیانە دابن کە لە ڕێنمونیکردنی توێژینەوەکە بەکاردێن. ئەو گانگەشەیەی کە دەڵێت واتا پێکدەهێندرێت پێشنیاری ورياکردنەوە دەکات کە ناوەڕۆک و واتای وتە یان کردەوە تەنیا دەتوانرێت لە چوارچێوەی ئەو سنوورە دەقیەی کە تیایدا دەردەکەوێت دیاریبکرێت. ئەمەش پێشنیاری ئەوە دەکات کە ناتوانرێت هەر لێکۆڵینەوەیەکی کردارییانەی وتە یان کردەوە پێشوەخت خەمڵاندنی بۆبکرێت بەوەی کە سروشتی پرسیاری لێکۆڵینەوەکان زانراوە. بەپێچەوانەوە، دەبێت میتۆدەکان پیشەییانە بن کە ڕێگا بە لێکدانەوەی کوالیتی و واتای وتەکان بدەن. ئەمەش پێویستی بە تەکنیکەکانی داتا کۆکردنەوەیە کە ڕێگە بەسەرنجدانێکی شێوە ئاشکرا دەدات، کە تیایدا ژمارەیەک لە وتەکان و کردەوەکان هاوپەیوەندیان هەیە لە دەرخستنی دەربڕینی کەسێک یان لە دەرخستنی کردەوەی ئامانجدار، یان لە دەرخستنی گوفتارەکانی کۆمەڵگایەکی دیاریکراو یان کارلێکی کۆمەڵایەتی. کاتێک داتا کۆکرایەوە، پێویستی بە هەوڵدانێکی خوڕاگرانە هەیە کە تیایدا چەند هەوڵیکی یەک بە دوا یەک ئەنجامدەدرێت بۆ (ا) تێگەیشتنی ئەو پێکهاتەیەی کە بنچینەی پەیوەندییە سەرنجدراوەکانە (ب) دواتر پشکنینی ئەو پێکهاتەیەی کە تێیگەیشتین و ئەو سەرنجانەی کە دەخرێنە سەری یان دەردەکەون لەوەی کە چۆن کردەوەکان ڕێگا بۆ

یەکتری خۆشدەکەن، (ج) بەمپێیە تێگەیشتنە سەرەتاییەکەی پێکهاتەکە بگونجێندرێت. نموونەیەکی باشی لەم چەشنەی میتۆدی کرداری بەرجەستە دەکرێت لەلایەن ئەوەی پێیدەگوترێت "تاقیکردنەوە پزیشکیەکان"، ئەم تاقیکردنەوانەش لەلایەن دەروونزانی تایبەت گەشەسەندنی توانای مێشکەوە ئەنجامدەدرێن،هەروەها هەوڵەکانی ئەو دەروونزانانە ئەوەیە گریمانەیەکی لێکدانەوە هەڵگر پێشکەش بکەن بۆ پێکهاتە بنچینەییەکەی سەرنجیان داوە لە بیرکردنەوەو بڕیارەکانیان.

دەبێت رەچاوی یەک رێبازی تر بکرێت لەیەکگرتنەکەدا لەگەڵ جەختکردنەوە لەسەر لێکدانەوە. لە توێژینەوە زیاتر تقلیدی و لێکدانەوە هەڵگرەکانی وەکو توێژینەوەی دەروونزانی گەشەسەندنی توانای مێشک یان شیکارە دەروونزانیەکاندا، یان توێژینەوەی کۆمەڵزانی پێکهاتە مارکسیەکان و بنیات گەرایەکاندا، کرداری لێکدانەوەی توێژەر بەشێوەیەکی ئاسایی بە کەسیانە هەژمار دەکرێت و بەرەنگدانەوەی خودی توێژەر دادەنرێت. لەروانگەی پێکهاتەیەکی پراگماتیکیانەدا، شتێکی ئاشکرایە کە ئەمە رەهەندێکی گرنگی چالاکی لێکدانەوەیە. هەرچەندە ئەمە تاکە بەشی بنچینەیی نیە و لێکدانەوەی تەواو پێویستی بە دوو توخمی بنچینەیی هەیە. لەوانەیە ئەوەش پێویستی بە گوتاری راستەوخۆی نێو توێژەران هەبێت لە رێنمونی کردنی لێکدانەوەکەدا. لە راستیدا، تەنانەت لەوانەیە پێویستی بە گوتاری هاوبەشی نێو توێژەران و ئەو خەڵکانە هەبێت کە لێکۆڵینەوەیان لەسەر دەکەن.

ئەم جەختکردنەوەی سەر لێکدانەوە رێگری ناکات لە توێژینەوەی زیاتر ستاندەر و توێژینەوەی تاقیکاریانە، بەڵکو زیاتر پێشنیاری ئەوە دەکات کە ناتوانرێت توێژینەوەی لەم چەشنە لەسەرەتادا بەکاربێت.

کێشەکە ئەوەیە لە توێژینەوەکەدا ئەو هاوپەیوەندیەی دۆزراونەتەوە یان ئەو پەیوەندیە هۆیەی دۆزراوەتەوە لەتاقیکردنەوەکەدا، ڕێگە بە لێکدانەوەی کوالیتیانە نادات لەو هاوپەیوەندیە یان پەیوەندیە هۆیەی کە سەرنجدراوە. لەبری ئەمە، واتا یان کوالیتی پەیوەندیەکە وادادەنرێت کە ڕۆشنە و هەریەکێک لە پەیوەندیە دۆزراوەکان لەسەر پێکهاتەکانی خۆی تێڕوانینی بۆدەکرێت. ئەو ماریفەتناسیەی کە ڕێنمونی توێژینەوەی دەروونزانی سیاسی دەکات،پێشنیاری ئەوە دەکات ئەم ڕێبازە و گریمانە بنچینەییەکەی ڕاست نین. ئایا ئەو هاو پەیوەندیە یان پەیوەندیە هۆییە تەنیا لەمێشکی کەسێکدا دەردەکەوێت یان پەیوەندی نێوان کەسەکانە. پێکهاتەیەکی پراگماتیگیانەی مەعریفەتناسی پێشنیاری ئەوە دەکات چۆنیەتی ئەو پەیوەندیە لە رووی کوالیتیەوە دیاریدەکرێت. ئەمەش بەشێوەیەکی بنەڕەتی هێزی پێکهێنانی چوارچێوەی دەقە کولتووریەکان و بەشداریکردنە کەسیەکانی تاکەکان دەگرێتەوە. تا ئێستا یەکێک لەو هێزانەی پێکهاتن پشتگوێخراوە و زۆربەی جاریش پەیوەندیە دۆزراوەکە بە هەڵە تێگەیشتنی بۆ دەکرێت، ئەمەش واتا سروشت و بەیەکەوە بەستنەوە بەدیاردەکانی ترەوە، بە شێوەیەکی دروست تێگەیشتنی بۆ ناکرێت. لە ئەنجامدا هەر هەوڵدانێک بۆ پێشبینیکردنی ئەو هەلومەرجانەی کە تیایدا پەیوەندیە سەرنجدراوەکە دەگۆڕێت، شکستدەهێنێت. ئەمەش ئەوەدەگەیێنێت کاتێک هەلومەرجە پێکهێنراوە دووانەیەکانی ڕەوشێکی سەرنجدراو یان کۆمەڵە بارودۆخێک تێگەیشتنیان بۆ دەکرێت، لەوانەیە پەیوەندیە تایبەتیەکان بە وردی لێکۆڵینەوەیان لێبکرێت بەبەکارهێنانی لێکۆڵینەوەی نەریتیانە یان میتۆدەکانی تاقیکردنەوە.

تێروانینە بنچینەییەکان. پێکهاتەیەکی پڕاگماتیکیانەی مەعریفەتناسیە و ئاراستە دیاریدەکات بۆبڕیاردان لەسەر مەبەستەکان و کۆتاییەکانی لێکۆڵینەوە بنچینەییەکان یان ڕەوشتیەکان. لە نموونەی هەردوو بارەکەدا، تێڕوانینەکان مەرجدارکراون لەلایەن ئەو گانگەشەیەی دەڵێت بەهاکان و هەڵسەنگاندنەکان لە ڕووی مێژووی-کۆمەڵایەتیەوەو لە ڕووی کەسیەوە بنیاتدەنرێن.

لە دۆخی دیاریکردنی کۆتاییەکانی لێکۆڵینەوە بنچینەیەکاندا،ئەم تێگەیشتنە پڕاگماتیکیانەی دروستکردن شیکاریەکە دەگۆڕێت لە جەختکردنەوە لەسەرخودی بەهاکان و هەڵسەنگاندنەکان بۆ جەختکردنەوە لەسەر چۆنیەتی ئەو پرۆسانەی کە بەهاکان و هەڵسەنگاندنەکان پێکدەهێنێت.ئەمەش ڕێگا بۆ چەندان ئاستی تێڕوانینی ئاکاری خۆشدەکات. سەرەتا تێڕوانینێک بۆگونجاندنی بەها پێشنیارکراوەکان و یەکسانی هێزەکانی بنیاتنان هەیە، کە کاریگەر و کارپێکراون. بەمشێوەیە، ئەگەر تاکەکان بیر لەو مەرجە کۆنکریتیانە بکەنەوە کە بە شێوەیەکی تاقیکاریانە ڕێنمونی کراون، کۆمەڵگاش لە ڕێنمایە سروشتی و دیاریکراوەکانی کارلێکردن پێکهاتبێت، ئەوا بەهاکانی ماف و ئازادی کەمێک واتای کولتووریانە یان کەسیانەیان دەبێت. لە راستیدا، تا ئەو رادەیەی کە دەتوانرێت ئەو بەهایانە بەشێوەیەکی پراکتیکی بناسێندرێن، کاریگەریە گشتیەکەی نەرێنی کەسی و شیبوونەوەی کولتووری دەبێت. لەئاستێکی تردا، هەڵسەنگاندنێک هەیە بۆ ئەو زانیاریەی کە خراوەتە نێو کەسەکان و کۆمەڵگاکان لە پرۆسەی دیاریکردنی بەهادا. بەشێوەیەکی ئاشکرا تێگەیشتن و کردارەکی بوونی بەهاکان یان هەڵسەنگاندنە کارپێکراوەکان، پەیوەندی بەو پێکهاتانەی واتاو کردەوەوە هەیە تیایدا یەکدەگرن. تا ئەو

ڕادەیەی کە بنیاتنانی بەها ئارەزووی ئەوەدەکات دەستی بەسەردا بگیرێت جا چ لەلایەن تاکەکانەوە یان کۆمەڵگاکەیانەوە بێت، لەوانەیە واتاکان و پێویستیەکانی هێزێکی لاوازتری پێکهێنان (لەچوارەچێوەی چەند سنوورێکی دیاریکراودا کە پێویستی تێگەیشتنی بۆ بکرێت) پەراوێز بخرێن. لەوانەیە ئەمەش سەلماندنی هەڵوەشێنەر بێت جا چ بۆ تاکەکان خۆیان یان کۆمەڵگاکەیان. بەمشێوەیە لەوانەیە بایەخی گانگەشەکانی بەهایەکی تایبەت یان کارپێکردنە هەڵسەنگێنەریەکان لەم دیدە دەروونزانیە-کۆمەلایەتیە هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت.

ئەو ماریفەتناسیەی کە لێرە پێشنیارکراوە، ڕێبازی لێکۆڵینەوەی زانستیانەی هەیە. ئەو بۆ دەرکەوتنانەی کە بۆ لێکۆڵینەوەی رەوشتی کراون، هاوتەریبن بەو پێشنیارانەی کە بۆ توێژینەوەی کرداری کراون، وەک لە پێشتر گفتوگۆیان لێوەکرا. بەم شێوەیە لێکۆڵینەوەی بنچینەیی پێویستی بە شیکاری لێکدانەوە هەڵگری کوالیتی یان واتای بەهاکان و ئەو کردەوە هەڵسەنگێنەرانە هەیە کە سەرنجدران یان تێڕوانیان بۆ کرا. ئەمەش ئەوەدەگەیێنێت کە دەبێت لێکۆڵینەوەی ئاکاری بەشێوەیەک جێبەجێبکرێت کە هەستیار بێت بە کولتووری کۆمەڵایەتی و بەهەمان شێوەش هەستیاربێت بەرانبەر بە ستاندەری دەروونزانیانەی کە لێی وەردەگیرێن. سەرەڕای ئەوەش پراگماتیکی پێکهاتن پێشنیاری ئەوەدەکات کە ناتوانرێت لێکۆڵینەوەی بنچینەی بکرێتە کارێکی جیای فەیلەسوف یان بیردۆزەوانی سیاسی. هەرچەندە لایەنە کەسیەکانی لێکۆڵینەوە گرنگن، پێویستە لێکۆڵینەوەکەش گفتوگۆ هەڵگربێت. سەبارەت بەوەی کە دەبێت گفتوگۆ هەڵگربێت، دەبێت گفتوگۆیەکە هی ئەو بەهایانە بێت کە

هەڵسەنگاندنیان بۆ کراوە، هەروەها دەبێت تێگەیشتنێکی تەواو بۆ ئەو بیروڕا دژیەکە شینەکراوانە بکات کە لەوانەیە لە دوایەوە بێت.

## کۆتایی

وەکئەوەی کە لەسەرتای ئەم بەشەدا باسمکرد، دەروونزانی سیاسی لە دووڕیانێکدایە. ئاراستەی تیۆری نوێ لەمیانەی ئاڵۆزیەکی مەعریفەتناسیانەی گەورەترخواستی لەسەرە،لایەنی ئاکاری پەیوەندیداریش خواستی لەسەرە. لەم چوارچێوەیەدا پێشنیازی پێویستی دووبارە بنیات نانەوەی و دەروونزانیەکی ڕاستەقینەی یەکگرتوو دەکرێ کە بتوانێت ئەو خواستە هەمەجۆرانە بەرجەستە بکات.هەروەها نەخشەی دامەزراوە مەعریفەتناسیەکان و چوارچێوە بنەڕەتیە بیردۆزییەکەمان کێشاوە کە دەروونزانیەکی سیاسی لەم چەشنە پێویستیەتی. بێگومان لەوانەیە خوێنەر هاوڕانەبێت لەگەڵ ئەو چارەسەرە تایبەتیەی کە پێشکەشم کردووە. بەو واتایەی کە بە بڕوایەکی پتەوم هەیە کەوا ئەو داخوازیانەی کە رووبەڕووی دەروونزانی سیاسی دەبنەوە، بنچینەیی و ڕاستەقینەن. ئەو داواکاریانەش بەرەنگاریەک و دەرفەتێک دروستدەکەن کە دەبێت دەروونزانیەکی سیاسی پێویست وەڵامیان بداتەوە.

**بەشی حەوتەم**

پۆست مۆدێرنێتە، ناسنامەی سیاسی و کاریگەرییە سیاسییەکانی تر لە دەروونزانی سیاسیدا
دەروونزانی سیاسی و جەنگە کولتوورییەکان
شوێنەکانی دەروونزانی و دەروونزانی سیاسی
رژێمی ستەمکاری راست و چەپ
رێبازو سیستەمە کۆنەکان لە بەرامبەر رێبازو سیستەمە نوێکان
خراپ رەفتارکردنی دەنگدەر
هەڵسەنگاندنی سەرکردە لە دوورەوە
ئاگاداربوونی توانای مێشک و ئاڵۆزی
راستی و بەها لە دەروونزانی سیاسیدا
دادوەرە سیاسی و دەروونزانییەکانی
پێشنیارەکان بۆ جێبەجێکردنی دەروونزانی سیاسی
کۆتایی

## پۆست مۆدێرنێتە، ناسنامەی سیاسی، کاریگەریە سیاسیەکانی تر لە دەروونزانی سیاسیدا

### دەروونزانی سیاسی و جەنگە کولتووریەکان

لە شێوازی کۆندا، زانایانی کۆمەڵایەتی فێردەکران کە توێژینەوەی باش هەر تەنیا وردی نیە، بەڵکو دیزاین کردن و ئەنجامدان و بڵاوکردنەوەی بە شێوەیەکی بابە تیانەش دەگرێتەوە. زمانی نموونەیی دەوڵەمەند، بێلایەن بوونی زانستیانەش دەگرێتە خۆ. لە راستیدا، زۆربەی خەڵک دەیانزانی کە ئەوە شتێکی نموونەییە، کاتێک مرۆڤ دەبێت بە توێژەر، ئەوا ناتوانێت ئایدۆلۆژیاو ئەو شتانەی کەحەزی لێیەتی و ئەو شتانەشی کە حەزی پێناکات بە تەواوی لەکاربخات. هەرچەندە لەگەڵ بە توێژەر بوونیان، چاوەڕوانی ئەوەیان لێدەکرێت کە ئەو شتانەیان وەلاوە بنێن و کاریان تێنەکات. بە بڕوای من، زۆربەی هەرە زۆری ئەو خەڵکانەی کە بوون بە توێژەر هەوڵیانداوە وابکەن و ئەو شێوازە بگرنەبەر کە بەلایەنی کەمەوە لایەنگیریان کەمدەکاتەوە.

لە دوو دەیەی کۆتایی سەدەی رابردوودا، مرۆڤخوازەکان و تاڕادەیەکیش زانایانی کۆمەڵایەتی هەستیان بە بەرزبوونەوەی ئەو پاڵە پەستۆیە کردووە کە لە هاوکارەکانیانەوە خراوەتە سەریان و هەر ئەو هاوپیشانەشیانن لە ژێر ناوی پۆست مۆدێرنێتە دا، ئەگەری ئەوەیان رەتکردۆتەوە کە بتوانرێت راستی بابەتیانە بدۆزرێتەوە و تەنانەت نکۆڵی هەبوونی ئەو چەشنە راستیانەش دەکەن لەبوارەکانی توێژینەوەدا. لەبری ئەمە، دەڵێن هەموو راستیەکان بریتیە لە "بنیاتنان"، چالاکییەکی مێژوویی و کولتووری و سنووری جواگرافییە کارلێک لەگەڵ پۆلە دیمۆگرافیایەکانی وەکو رەگەز و چین و نەژاد دەکات. مۆرکێکی ئەم تێڕوانینە کەمکردنەوەی

پایەی وشەی "ڕاستیە" و ئەو وشە لە هەرکوێدا دەربکەوێت، دەخرێتە نێوان وێرگوڵی هەڵاوگێردراوەوە.

وادانێ هەریەکێک لە گروپەکان دیمۆگرافیایانە "ڕاستی" جیاوازیان هەیە و سوورن لەیەر ئەوەی کە تەنیا ئەندامەکانیان توانای تێگەیشتنیان لە ڕاستیەکانیان هەیە و لەوەش زیاتر تەنیا ئەندامەکانیان توانای وتنەوە و نووسینیان هەیە دەربارەی هەرلایەنێکی گروپەکە، ئەمەش "تایبەتمەندییە". بگەڕێینەوە بۆ گریمانە نەژاد پەرستی و ڕەگەزپەرستیەکانی پێشووتر، ئەو گریمانانە دەڵێن ئەندامەکانی گروپە جیاوازەکان ڕێگای نەگونجاو هاوبەشیان هەیە لە فێربوون و بیرکردنەوە و رەفتارکردندا. لەبەرئەوە، ئەو ئەندامانە پێویستیان بە کۆرساتی تایبەت هەیە و زۆر جاریش بە کۆرساتەکانیان و خوێندنەوەکانیان و مامۆستاکانیان و قوتابیەکانیان و ڕاوێژکارەکانیان و بەشە ناوخۆیەکانیان و سنووری سەنتەرەکانیان لەیەکتر جیاکراوەن. وە ئەرکی سەرەکی ئەو ئەندامانە بەرەوپێش بردنی ناساندنی گروپەکانیان و کارنامەکانیانە لە ڕێگەی سیاسەتەوە،هەروەها هۆیەکانی ڕۆشنبیرکردنە"ناسنامەی سیاسی".ناسنامەی سیاسی لقێکی پۆست مۆدێرنێتەیە لە دانپێدانراوە جیهانیەکەیدا، ڕاستیە بابەتیەکان (دۆزینەوەی ئەو ڕاستیانە ئامانجی زانستە)، بەڵام زۆربەی توێژەران پێشنیازکراوەکانی بونیادگەرییان پەسندکردووە بێ ئەوەی زانیاری هاوبەشیان دەربارەی هەبێت وەکو فەلسەفەیەکی گشتی زانست.

بە پێچەوانەوە، پەیڕەوانی پۆست مۆدێرنیتە و ناسنامەی سیاسی رەخنە لەلایەنگرانی بابەتیبوونی زانستیانەی شێوازی کۆن دەگرن بەوەی کە ئەوەندەی بنەما نموونەیەکانیان باش نەبوون، هاوکات دەڵێن کە بابەتی بوون ئەستەمە بە شێوەیەکی زگماکی بەدەست بێت، بەهەر جۆرێک بێت لە

رووی ڕەوشتیەوە شتێکی هەڵەیە. پێشنیاری ئەوەیان کردووە کە پێویستە مەبەستی سەرەکی توێژینەوە فێرکردن دووبارە پێکهێنانەوەی کۆمەڵگابێت بۆ سوود پێگەیاندنی گروپە تایبەتیەکان، هەروەها نابێت

أ- ئەو توێژینەوەیە ئەنجام بدرێت، کە لەوانەیە تەگەرە بخاتە بەردەم گۆڕانکاری کۆمەڵگا

ب- ئەگەر ئەنجامیش بدرێت بڵاو نەکرێتەوە

ت- لەهەربارێک دابێت نابێت بگوترێتەوە (.لێرەدا تەنیا ئاماژە بە باوەڕدارە راستەقینەکانی ئەم ئایدۆلۆژیایە دەکەم. زۆربەی هەرە زۆری پرۆفیسۆرەکان لە وتنەوەی ئەم ماددانە دەترسن، نەوەک هەراسان بکرێن لەلایەن (قوتابیەکانیان، هاوپیشەکانیان، کارگێڕەکانیان یاخود میدیاوە)، وەیان بەنرخاندنە خراپەکانی قوتابی و دەرئەنجامە زیانبەخشەکانی پیشە هەراسان بکرێن. لەوانەیە دیارترین کاری قەدەخەکراوی لەم چەشنە لە ئەمریکای باکوور بێت کە دژی دەرخستنی ئەو جیاوەزییە نکۆڵی لێنەکراوەیە کە تێکڕای تۆمارکردنی (IQ) (واتا زیرەکی لە دابەشکردنی بیرکاریدا) لە نێوان سپی پێستەکان و رەش پێستەکان بەشێوەیەکی بەرچاو بۆ هۆکارە جەنەتیکیەکان دەگەڕێتەوە (گلازەر، 1995). بە هەمانشێوە، ستایشی ئەوە دەکرێت کە توێژینەوە لەسەر "شپرزەیی" ئەنجام بدرێت (ستریل و ئارۆنسن، 1995)، کە لێکدانەوەکانی وەکو جێگروەیەکن بۆ بۆشایی (IQ).

سەرهەڵدانی پۆست مۆدێرنیتەو بۆنیادگەری و ناسنامەی سیاسی ڕێگای بۆ بارودۆخێک خۆشکرد کە ئەکادیمیا بە خۆیەوە نەیبینی بوو، چونکە زۆربەی زانکۆکان دامەزراوەی ئاینی بوون. بەریەککەوتنی مەعریفەتناسی (ئیپستیمۆلۆجی) کۆن و نوێ، پڕە لە لێکدانەوە و مشتومڕە کەسیەکان، تیرۆری کەسایەتیەکان و نەگریسکردنی نەیارەکان و لەکەدارکردن و تاوانبارکردن بەتیرۆری سیاسی، گەیشتۆتە ئاستی

دڕەندەیی و ڕەفتاری دوژمنایەتی و نزیکبۆتەوە لەوەی کە شایەنی ئەوە بێت بە شێوەیەکی مێتافۆڕیکیانەMetaphorical بە جەنگە کولتوریەکان وەسفی بکەین (هەنتەر، 1991).

**پێگەی دەروونزانی و دەروونزانی سیاسی**

بە شێوەیکی گشتی، دەروونزانی، لە زۆربەی زانستە مرۆڤایەتیەکان و کۆمەڵایەتیەکانیتر،کەمتر کارتێکراو بووە بەئاراستەکانی پۆست مۆدێرنێتە. ئەمەش لەوانەیە هۆیەکەی ئەوەبێت کە دەروونزانی لە زانستەکانی بایۆلۆجیەوە نزیکترە، شتێکی زەحمەتە ئەوە بگوترێت کە چۆن مێشکە بچکۆلە کاردەکات،ئەوە تەنیا نەریتێکی پەسەندکراوی کولتوورییە و لەسەر هێزی پیاوانی سپی پێستی چینی ناوەڕاست بناغەی بەستووە .

لەلایەکی ترەوە، لقی دەروونزانی کۆمەڵایەتی و لقە بچوکەکانی تری پەیوەست پێیەوە تارادەیەک کەمتر کارتێکراو بووە. یەک دەرئەنجامی درێژخایەنی قەیرانی دەروونزانی کۆمەڵایەتی لە ساڵانی شەستەکان و حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو (بۆ نموونە مس گویرMc Guire، 1973) لاوازی بڕوا بە خۆبوون بووە لە راستی و زانستیبوونی داتا و تیۆرەکانی دەروونزانی کۆمەڵایەتیدا. لەئەنجامدا، هەندێک وەڵامی گونجاو بۆ پۆست مۆدێرنێتە هاتەکایەوە، وەکو ئەوەی لە دەروونزانی کۆمەڵایەتی جێبەجێکرا لەلایەن هەرا و سکۆردHarre and Secard لە ساڵ 1972 دا. دواتر لەلایەن (گێرگینGergen 1973) گیرایە بەر، کە دەڵێت دەروونزانی کۆمەڵایەتی زیاتر لقێکی زانیاری مێژووییە لەوەی کە زانستێکی جیهانی بێت. ئەم بۆچوونە هاوبەشیەکی ئەرێنی کردووە لەباشترکردنی ناسندنەکەی

ئێمەدا، کە پرسیارو وەڵامە زانستیەکان کارتێکراون لەلایەن کەسایەتی و ئەزموون و هەڵوێستەکانی توێژەرەوە.هەروەها هۆکارە کاتیەکانیکولتووریش لە نێو گۆڕاوە گرنگ و سەربەخۆو میانگیرەکانن لە دەروونزانی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا. هەرچەندە، زیاتر سەرەنج دانی ئەو گۆڕاوانە هەمان شت نیە، وەک ئەوەی باوەڕت بەوەبێت کە کاریگەری ئەو گۆڕاوانە بنچینە زانستیەکەی ئەو بوارە هەڵدەوەشێنێتەوە (ڕێنچن و دوکیت، 1997). ئەو بیرو باوەڕە بە کۆمەڵێک زانیاری دروست و باوەڕ پێکراوەوە، کەلەلایەن شێوازناسیە زانستیە کۆنەکانەوە بەرهەم هێنراوەو، بەر پەرچ درایەوە.

بەشێوەیەکی گشتی، ناسنامەی سیاسی زیاتر کاریگەرتربووە لە پۆست مۆدێرنێتە (سامپسۆن، 1993)، لەگەڵ گەشەسەندنی بوارەکان، ڕێکخراوەکان جەختیان لەسەر دەروونزانی ئافرەت و دەروونزانی ئەفریقی (یان گەردوونی)و دەروونزانی ڕەفتاری مرۆڤ کردەوە. ڕێکخراەوە پرۆفیشناڵ و سەرەکیەکان بەیاننامەی پراکتیزەکردنی جیاکاریان لە تۆمارەکانی وەرگرتنی قوتابیان دەرکرد. بە دڵنیایەوە، بەشێکی زۆری ئەمە لە لایەن زەبرە دەرەکیەکانەوە دەسەپێندرێت، ئەگەرچی بەبڕوای من هاوکارەکانمان ژمارەیەکی زۆر زۆر کەسی هەماهەنگی کەر و سەیرکەری ڕەنووس کردووە لەگەڵ بڕێکی کەم لە بەرهەڵستیکاران.

ژمارەیەکی کەم لە دەروونناسنان بە ڕاشکاوی توێژینەوەکانیان لەسەر بنچینەی سیاسی پێشکەش دەکەن. پەیڕەوانی ڕەخنەی دەروونزانی (وەک توێژینەوە یاساییە ڕەخنەییەکانی وەکو ئەوەی کلێن فێڵد 1993-1994) بە جۆرێک لێکدانەوە بۆ ئاوەڵناو دەکات وەکو ئەوەی هاوتای ڕەخنەی کۆمەڵگای ئەمریکی و بە شێوەیەکی گشتی دابونەریتی ڕۆژئاوایی بێت. هەروەها پەیڕەوانی ڕەخنەی دەروونزانی بەجۆرێک دەروونزانیان بەکار

هێناوە کە زیاتر بنەڕەتیترە لە جەختکردنە سەر گۆڕان، نەک تەنیا خوێندن و فێرکردن دەربارەی لایەنەکانی ئەو کۆمەڵگایانە (فۆکس، 1999). بە شێوەیەکی ووردتر، لایەنگرانی سیاسی کاردەکەنە سەرتوێژەران و دەرگەوانانی وەکو رەخنەگرانی ئەدەبی و سەرنووسەرانی رۆژنامە و گۆڤارەکان. بە ژمارە سەنگەکە بەرەو لای ئازادی لاردەبێتەوە وەکو ئەوەی ئێستاکە لە سیاسەتی ئەمریکیدا پێناسەدەکرێت. زۆربەی بەرگریکارانی پۆست مۆدێرنێتە و ناسنامەی سیاسی و توێژینەوە بە سیاسیکراوەکانی چەپەکانی گۆڕەپانی سیاسین، وەکو زۆربەی کەسە ئەکادیمیەکانی ئەمریکای باکوورو بەتایبەتی ئەوانەی زانستە مرۆڤایەتیەکان و کۆمەڵایەتیەکان.

تاڕادەیەکی زۆر دەروونزانی سیاسی لقێکە لە دەروونزانی کۆمەڵایەتی و زانستی کەسایەتی. هەروەها دەروونزانییەکەی لە زانستی سیاسی وەرگیراوە (بەتایبەتی لقە بچوکەکانی پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان و سەرکردایەتی سیاسی و رای گشتی). هەروەها لە مێژوو و لە کۆمەڵناسی وەرگیراوە (دەیڤس، 1973).بەمشێوەیە، دەروونزانی سیاسی رەگوڕیشەی لەبوارە هەستیارو نەرمونیانەکانی زانستە مرۆییەکان و کۆمەڵایەتیەکانەوە داکوتاوە. لەبەرئەوە، دەروونزانی سیاسی بەشێوەیەکی ڕێژەیی کارتێکراو بووە لە لایەن ئەو ئایدۆلۆژیایانەی کە پێشتر باسمان کرد. شێواندن و لادانی ئەوانەن کە پۆست مۆدێرنیتەکان لەبەهای ئەنجامە باشە زانستیە راستەقینەکانی دەروونزانی سیاسی کەمدەکاتەوە. دەروونزانی سیاسی بە شێوەیەکی بەرچاو چەندان زانیاری بۆ بوارە پەیوەستەکان پێیەوە زیاد کردووە، هەروەکو زانستی رابەرایەتیکردن و کەسایەتی و هەڵوێست و بەها سیاسیەکان و رەوانبێژی و هەڵسوکەوت و بڕیاردان.هەوەها زانیاری بۆ

چارەسەری ململانێ و لێکچوون و جیاوازییە کولتووریەکان زیاد کردووە لە پرۆسەی سیاسیدا.

**هەندێک بەرەنگاربوونەوە و وەڵامدانەوەی سەرنجڕاکێش**

لێرەدا لەسەرچەند بابەتێک دەدوێم کە دەروونزانی سیاسی لە رووی زانیارییەوە گرنگی پێداوەو باشتری کردوون ،هەروەها کردوونی بە جێگای مشتومڕ. کردنەجێگای مشتومڕ پەیوەستە بەجیاوازییە سیاسیەکان لە نێوهاوپیشەیاندا. ئەگەرچی هەندێک لەو مشتومڕانە هەڵوێستەکانی توێژەران رۆڵێک دەگێڕێت لە ناسنامەی سیاسیداو،دۆزینەوەی شێوە بەهێزو پتەوەکەی بونیاتگەری پۆست مۆدێرنێتە قورسە. دەروونناسانی سیاسی (یان لەوانەیە سەرنووسەرانی رۆژنامە و گۆڤارەکان)ئامادەی ئەوەن وا دابنێن کە سنووری کۆمەڵایەتی کاردەکاتە سەر رەفتارو تێگەیشتن و باوەڕەکان، بەڵام دەروونناسە سیاسیەکان بە شێوەیەکی ئاشکرا پەیوەستن بەدابونەریتەکانی ئەپیستمۆلۆژیاوە.دەروونناسە سیاسیەکان رازینین بەو بۆچوونەی کە راستی کێشەیەکی زانستییەو بەشێوەیەکی زگماکی ناتوانرێت دەستنیشان بکرێت یان هەر بوونیان نیە.

هاوبەشیکردنی ئەرێنی لە ناڕازیبووندا لە هەموو بوارەکاندا لە یەکترجیاوازە. دواتر لە پێنج بابەت دەدوێم لە نێو دەروونزانی سیاسیدا ئەوانیش: بونیاتگەری، ناسنامەی سیاسی، لایەنگرانی سیاسی کاریانکردۆتە سەر توێژینەوە، تیۆر و دایەلۆگن (وتوێژن). هەندێک لە وانە بۆ نموونە، (رژێمی زۆردارەکی "دیکاتۆریەتی" و شێوازەکانی توانای مێشک و بڕیاردانی ئاڵۆز)، مشتومڕەکە زیاتر بەرەوپێشچوونەکان و نوێحوازییەکانی

زیاتر گەرم کردووە لە تیۆر و توێژینەوە دا. لەبارەکانی تردا، بۆ نموونە ( رەفتاری دەنگدەر و هەڵسەنگاندن لە دوورەوە) بوارەکە بەرەو پێشدەچێت، بەڵام ئەو بیروڕا جیاوازانەی کە لەسەر سیاسەت بنەمای بەستووە کەمێک شتی بۆ بەرەو پێشچوونەکە زیادکردووە. لەبارەکانی تری وەکو (نەژاد پەرستی نوێ و تیۆری ڕەگەز پەرستی) دا سەرنجێک زۆرکپە لەگەڵ بیروباوەڕەگشتیە نموونەیەکانی سەردەمێکی مێژوو (زەیتگەیست Zeitgeist) رەخنەگرانیشی زۆر دەگمەنن، بۆ نموونە کتێبە دەقیەکان. کەشتیەکە بە هێمنی چارۆکی هەڵدا و شاخە سەهۆڵە رەخنەییەکانی نزیکی پشت گوێ خست.

**ڕژێمی ستەمکاریی، ڕاستڕەو و چەپڕەو**

پرسیار: ئایا خەڵک بەرەو لای ڕاستی چەقی سیاسی دەڕۆن بۆ ئەوەی ببنە فاشی، وەیان بە گشتی بە شێوەیەکی جیاوازتر لە کەسانی تر بیردەکەنەوە؟

هەر لە سەرەتای توێژینەوەکە دا، ئەو دەستنیشانکراوەکە داهێنەرانی بنیاتنانی کەسایەتی زۆردار (ئەدۆرنۆ فرنکڵ برونسویک، لیڤنسن و سانفۆرد1950 Adorno frenkel, Brunswk, Levinson and Sanford 1950) یەکسانن بە ئایدۆلۆژیای لەڕادەبەدەری باڵی ڕاستڕەوی سیاسی. گفتوگۆیەکی درێژەپێدراو هەیە کە ئایا دەتوانرێت شێوازەکانی بیرکردنەوەی دیکتاتۆریانەو پابەند بوونێکی زۆرتوند بە بنەماو یاسا دەرکراوەکانی دەسەڵاتداران و بیر تەسکی و خۆبەدەستەوەدان بەرانبەر کەسانی بڵند و پشت بەستن بەژێردەستەیی و قین بەرانبەر گروپە دەرەکیەکان و ..هتد لە چەپڕەوە لەرادەبەدەرەکانیش دا بدۆزرێتەوە (ڕۆکیچ،Rokeach 1960 و

ستەون1980،Stone). ئەوانەی وا بەباش دەزانن ئەو سیفەتە نەیوستراوانە تەنیا بدەنە پاڵ پارێزگارەکان، هیچ دەرفەتێکی دووبارە پێناسەکردنەوەی باڵی ڕاستڕەو و دیکتاتۆریەتیان نیە بۆ ئەوەی دۆزینەوەکان روونبکەنەوە کە لەڕاستیدا، ڕاستڕەوە لەرادەبەدەرەکان (پەیڕەوانی هیتلەر و مۆسۆلینی) و چەپڕەوە لە ڕادەبەدەرەکانی (شوێنکەوتووی ستالین و ماو) چەند تایبەتمەندیەکی توانای مێشکی هاوبەشیان هەیە (بۆ نمونە ئەلتیمایەرAltemeyer، 1988).

ئەومشتومڕە کۆتایی پێنەهاتووە لەلایەک، هەندێک بیردۆزەوان هەوڵیانداوە شێوازەکانی توانای مێشک لە ناوەڕۆکی توانای مێشک جیابکەنەوە، ئەمەش بۆ ئەوەی سەیرکەن کەخەڵک چۆن بیردەکەنەوە زیاتر لەوەی بیر لەچی دەکەنەوە (سودفێڵد، 2000).توێژینەوە لەسەر گۆڕاوەکانی وەکو پێویستی زانین و پێویستی داخستن و لێبووردەیی ناڕوون و ئاڵۆزی توانای مێشک و مێشک کراوەی تاڕادەیەکی زۆر سەرکەوتو بووە لە جیاکردنەوەی پێکهاتە و ناوەڕۆک (سویدفێڵد و تێڵۆک، 2001). پێدەچێت کە ئەگەرچی لە تەواوی ئایدۆلۆژیاکاندا چەندان جیاوازی لە شێوازی توانای مێشک هەیە، هەمووشیان زۆر کاریگەرن بە هۆکارە میانگیرەکانی وەکو بەها بنەڕەتیەکان و هێزی سیاسی. شتە هاوتایەکانی تر، لایەنگیری کردنی هەردوو باڵی ئەو پەڕی ڕاستڕەوی و چەپڕەوی کە مەیلی نیشاندانی یاسای هاوشێوەیان هەیە لەوەی کە چی لەبارە بۆ ئەوەی پوخت بکرێتەوە وەکو بیرتەسکی (ئیسێنک و کۆڵتەر 1972).

لەوانەیە بەس بێت بۆ ئەوەی بڵێم کە لێکدانەوەو هەڵسەنگاندن و پێناسەی بنەڕەتی کەسایەتی دیکتاتۆر یەکسان بووە بە ئامانجەکەی و هەوڵێکی زانستیانەش بووە بۆ توێژینەوە لە کەسایەتی فاشیست لە

ناوەڕاستی سەدەی ڕابردوو، هەربۆیە پێویست ناکات زیاتر لەمە هەوڵی گشتاندنی کارەکە بدەین (مێلۆین، 1997). سنوور دانانێکی لەم چەشنە لەنێوشتەکانی تردا پێویستە، چوارچێوە بۆ دانانەکەش لە لایەن کۆنی تیۆر و ڕێبازی توێژینەوەی دیکتاتۆریەتیە. لەبەرئەوەی بنەچەتەی یاسای کەسایەتی دیکتاتۆر بۆ جیاکردنەوە و نەیاریەتیکردنی جولەکە بوو (بڕوانە سمس، 1997)، پێدەچێت تا ئێستاش پەیوەندیەکی بچووکی ناچۆنیەکی کەم گاریگەری نێوان هەردوو پێکهاتەیە (ڕادن، 1999). تیۆردانان و توێژینەوەکانی داهاتوو دەتوانن بچنە سەرووی ئەم گفتوگۆیە بێ سوودەی کە ئەدۆڕنۆ ئەوانی تر خستویانەتەڕوو دەربارەی بەدیکردنی ڕاستیەکان. دەشتوانن جەخت بکەنەوە لەسەر پەیوەندی توانای مێشک و کەسایەتی لە ئایدۆلۆژیای سیاسی و نا سیاسی ڕۆژگاری ئەمڕۆدا. ئەمەش هەڵوێستەکان دەربارەی کێشەکانی وەکو ژینگە و لەباربردنی منداڵ و مافی ئاژەڵان و هتد دەگرێتەوە.

**ڕێبازو سیستەمە کۆنەکان لە بەرانبەر ڕێبازو سیستەمە نوێیەکان**

پرسیار: ئایا هاوڵاتی پیاوە سپی پێستەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا (ئەمریکای باکوور و ڕۆژئاوا) قینیان بەرانبەر گروپی ناسپی پێستەکان و ئافرەتان هەیە، گرنگ نیە چ گانگەشەیەک بۆ هەست و بیرکردنەوەیان دەکەن دەربارەی ئەو کۆمەڵانە؟

دەروونناسانی کۆمەڵایەتی ئەمریکی بە شێوەیەکی ڕێکوپێک دەستیان بە شوێن پێهەڵگرتنی هەڵوێستە باوەکان کرد کە سەبارەت بە کۆمەڵە کەمینەکان هەیانبووەلەوەتەی ساڵانی1930کانەوە .ئەگەرچی توێژینەوەکانی سەرەتا جەختیان لەسە هەمەجۆری (زۆربەی ئەوروپیەکان) و کۆچبەرە

ئەمریکیە ڕەشپێستەکان و کەمە نەتەوەکان بوو، بەڵام لەگەڵ گەشەکردنی کۆچکردن لە ئەمریکیای لاتینی و ئاسیاو زۆربوونی بزووتنەوەکانی ژنان جەختکردنەکە فراوانتر بوو. توێژینەوە یەک لە دوای یەکەکان لە سەر ئەم کێشەیە یاسای کەمبوونەوەی چەمکە نەرێنیەکان و کەمبوونەوەی لاوازی پەیوەندی کۆمەڵایەتی دەرخستووە، هەروەها دەریشیان خستووە بەپەسەند زانینی مافەمەدەنیەکان و یەکسانی لە هەلی کارو پەروەردەو فێرکردندا لەبەرزبوونەوەدایەو ئەوانەی وەکو (بابو لە ڕاگەیاندن. دۆڤۆدیۆ و گێرتنەر، 1996. کارلینس و کۆفمان و وۆڵتەرس، 1969. پێتیگرو، 1979. شیندێرمان و گارمینس، 1997. سویم و ئەکین و هاڵ و هانتەر 1995. تایلەر و شێتسلی و گێرلی، 1978). لێکدانەوەیەکی تری بەباش زانینی نەژادپەرستی (وود، 1994)ە، کە سەرنجی ئەوەیدا کە ئەوەی بیردۆزەوانان لێکدانەوەی بۆدەکەن وەکو رەقی سپی پێستەکان بەرانبەر رەش پێستەکان، لەوانەیە لە ڕاستیدا بنیاتنانی ناسنامەی سپی پێستەکان بێت لە ڕێگەی گروپێکی کۆمەڵایەتی خۆدوورگر لە گرووپەکانی تری کۆمەڵگاوە،ئەم پرۆسەیەش زیاتر توێژینەوەی لەسەر کرا لەلایەن دەروونناسە کۆمەڵایەتیەکانەوە. وا دادەنرێت کە پێچەوانەکەشی ڕاستە (چونکە هەبوونی گروپی خۆبەدوورگر لە نێو کۆمەڵگادا حەزێکی جیهانیە).

هەرچەندە، هەندێک لە دەروونناسانی سیاسی دەڵێن ئەو خواست و ئارەزووانە تەنیا ڕەنگدانەوەی بەرزبوونەوەی وریاییە دەربارەی بەڕاشکاوی دەربڕینی رەقی کەسێک،هەروەها لەراستیدا هەستی بێ ڕێزیکردن بەرانبەر بە ژنان و کەمەنەتەوەکان و بەلایەنی کەمەوە وەکو پێشوتر بەهێزە. ئەو بێ ڕێزکردنانە تەنیا دەمامکدار کراون، یان زۆر بە نادیاریەوە دەردەبڕدرێن، ئەمەش لە دابونەریتی ئەمریکیدا وەکو دەمامکێک بۆ ئۆپۆزسیۆنی سیاسی

بەکاردێت و بۆئەوەی زاڵبێت بەسەر خاڵە لاوازە مێژوویەکان و هەنگاونان بەرەو یەکسانی ڕاستەقینە دیزاین کراوە. دەبێت ئەم ڕەگەز پەرستیە و نەژاد پەرستیە نوێیە یان سیمبولیە بە ڕێگا وردەکان پێوانە بکرێن (بۆنموونە لە ڕێگای پێوانەکردنی هەڵوێستەکان دەربارەی بە یاسایی کردنی کێشەی نەژادپەرستی یان گواستنەوەی منداڵانی قوتابخانە بەمەبەستی یەکخستنی نەژادپەرستی)، چونکە وەڵامدەرەوەکان باشتر دەزانن بە شێوەیەکی ڕێکو ڕەوان دەنگ بۆلایەنگرە ڕەگەزپەرست و نەژاد پەرستەکانیان بدەن (کیندەر، 1968. سیرس، 1988. سویم و ئەوانی تر، 1995).

ڕەخنەگرانی ئەم بیروبۆچوونە (بۆنموونە سیندەرمان و تێتلۆک، 1986) بەردەوامبونە لەسەر ئەوەی کە لەڕاستیدا پێوەرە نوێیەکان بە شێوەیەکی ئاڵۆز تێکەڵکراون و ئەمەش بۆ دوو هۆکار دەگەڕێتەوە: بنەمای پارێزگاری بوون (لایەنگیریەکی نەریتیانەی بەها ئەمریکیەکانی وەکو تاکایەتی، فەرمانڕەوایی سنووردار و بنەمای چاکە) یە،هەروەها ڕەق و کینەی کۆن و داب و نەریتیانە. ئەو ڕەخنەگرانە نکۆڵی لە بوونی کاریگەری نەژادپەرستی و ڕەگەزپەرستی ناکەن، بەڵام پرسیارئەوەیە کە ئایا شێوە نوێیەکەی ئەم هەڵوێستانە دەرکەوتووە، ئەگەر دەرکەوتووە، ئایا بە شێوەیەکی باش پێناسە دەکرێت و بە سیمبوڵە نموونەیەکان پێوانەی بۆ دەکرێت. لەوەش زیاتر، دەشێت کە پێوەرێکی پلەبەندی نموونەیی ڕەق و کینە لەسەر بنەماکانی پاریزگاری بوون پێناسەی بیروبۆچوونی ڕەگەزپەرستی بکات، لە کاتێکدا خاڵە تۆمارکراوەکان ئەوە نیشان دەدەن کە لەراستیدا کەمی لایەنگیری "ڕەگەز پەرستی پێچەوانە" دەردەخات، کە ئەمەش پاڵپشت جیاکاری کردنە بەرانبەر پیاوان (تراپ نێڵ و پاوڵەس و سوێد فێڵد، 1999).

لەبەرئەوە، وام بۆدەردەکەوێت کە نموونە سیمبولیەکان لە رووی بیری گشتی و لە رووی شێوازی توێژینەوە تێکەڵکراون (هەروەها بڕوانە وییگڵ و هاوس، 1985). هەندێکجار ئەو نووسەرانە بۆ ئەوەی بەڵگە بدۆزنەوە کە پشتگیریان بکات، گیرۆدەی هۆکاری تێکئالاّ دەبن کە لەرووی کرداریەوە تاقینەکراوەتەوە (بۆ نموونە هارڤی و مارشەل ماس کاسکی و جۆنستن،1998). ئەمەش بە پێی پێویست ئەو واتایە ناگەیێنێت کەوا نەژادپەرستی و ڕەگەزپەرستی سیمبولیانە بوونیان نیە، تەنیا مانای ئەوەیە کە تائێستا ڕاستی و دەرئەنجامەکانیان بە شێوەیەکی قایلکەر دەرنەکەوتووە.

**(خراپ) رەفتارکردنی دەنگدەر**

پرسیار: ئایا هاوڵاتیە دیموکراتخوازەکان لە ڕووی سیاسیەوە ئەوەندە بێ باک و نەزان و سەرلێشێواون کە هیچ هەستێکی ڕوونیان نەبێت بۆ کێشەکان و هەر لەبەرئەوەشە هیچ بنەمایەکی هۆشیارانەیان بۆ مافەکانیان نیە؟

ماوەیەکی دوورو درێژە زانایانی بواری سیایەت و دەروونناسانی سیاسی گیرۆدەی پێوانەکردنی بیروبۆچوونەکان و هەڵوێستەکانی هاوڵاتی بوون بوونە سەبارەت بە پارتە سیاسیەکان و بەڵێنەکانیان و کاندیدەکانیان و سیاسەتەکانیان و ئایدۆلۆژیایەکانیان. کێشە پەیوەندیدارەکانیش بەژداری کردنی دەنگدەر دەگرێتەوە (بڕیاری دەنگدان و دەنگ نەدانیش بە شێوەیەکی ڕوون بەڕادەی هەڵبژاردنی کەسێک بۆئەوەی دەنگی بۆ بدەن شتیکی سیاسیە)، هەروەها بیرو بۆچوونی تاک لە بەرژەوەندی یان دژی سیاسەتە جۆراو جۆرەکان و بنەماکانی بەڵێنی پارتی سیاسی و مافی

هەڵبژاردن دەگرێتەوە. ئایا زانایانی بواری سیایەت و دەروونناسانی سیاسی خۆیان زانیاری کۆدەکەنەوە یان دەرئەنجامی لێکۆڵینەوە نەتەوەییەکان بەکاردێنن، زۆربەی زانایانی کۆمەڵایەتی گەیشتوونەتە ئەو ئەنجامەی کە دەنگدەران توانای بینینی ئەو کێشانەیان نیە لە چوارچێوەیەکی فراواندا، هەروەها دەنگدەران نەخشەو بیروڕایەکی سیاسی یەکگرتوویان نیە دەنگدەران لە بە پەسەند زانینەکانی هەڵبژاردن دا گیرۆدەی چەند هۆیەکی ناپەیوەست دەبن وەکو: ڕووخساری کاندید و ئاسانکاری زارەکی کاندید و پڕوپاگەندەکردن و خستنەگەڕی توانای مێشک و لایەنی سۆزداری.

دیسێنتەرس (بۆ نموونە پاگ و شاپیرۆ، 1992) بە پێچەوانە دەڵێن ئەو پێوەرانەی کە ئەنجامەکانی لەسەر بنیاتنراوە بەپێی پێویست نین و کوالیتیەکەشیان نزمە. بۆ نموونە کاتێک ڕای گشتی وەردەگیرێت بۆ ئەوەی جەخت بکرێتە سەر بیروڕا جیاوازەکانی پارتەکان و پاڵێوراوەکان، بەشێوەیەکی دیار زیاتر زانیاری دەخرێتە ڕوو لەوەی پرسیاردەربارەی ئایدۆلۆژیا گشتیەکانی پارتەکان بکرێن. لە هەڵبژاردنی نێوان جێگرەوەکانی سیاسەتی دەرەوە، هاوڵاتیان هەردوو بەها سیاسیە تازە بڵاوبۆوەکان و زانیاری حاڵەتی تایبەتی لەبەرچاو دەگرن (هێرمان و تێت لۆک و ڤیزەر، 1999). هەروەها دەشێت بۆ چاودیران بیروڕایەکی سیاسی ناهۆشیارانە دەربکەوێت، چونکە وەڵامدەرەوان ناتوانن ئەو هۆکارانە بۆئەنجامدەرانی ڕاپرسی ڕوونبکەنەوە کە لەسەر چ بنەمایەک هەڵبژاردنەکەیان کردووە.

ئەگەرچی "ڕەگەزپەرستی پێچەوانە" (یان نەژادپەرستی پێچەوانە) بە شێوەیەکی بەرفراوان بەکاردێت و ئەوەی ئاماژەشی بۆدەکات پێەوانەکردنی هیچ شتێک نیە. جیاوازیکردن بەرانبەر پیاوان، رەگەزپەرستیەو وەبەرانبەر سپی پێستەکانیش نەژاد پەرستیە، وەک ئەوەی جیاوازیکردن بەرانبەر

ئافرەتان و ڕەش پێستەکان ڕەگەز پەرستی و نەژادپەرستیە. پێچەوانەی ڕاستەقینەکەی جیاوازی کردن، جیاوازی نەکردنە.

بۆچوونە ڕەخنەیەکەی هەندێک لە زانایانی کۆمەڵایەتی (ناڵێین بە سووک تاماشاکردن)سەبارەت بەهاونیشتیمانیەکانیان، لەوانەیە ڕەنگدانەوەی ئەو ڕاستیە بێت کە تێکڕای دەنگدەر کەمتر کارامە و لێهاتوو بێت لە تێکڕای زانایانی کۆمەڵایەتی، لەوانەیە هەر لەبەرئەوەش بێت کە دەنگدەران نەتوانن بیروڕا سیاسیەکانیان بە ڕاشکاوانە دەرببڕن. هەروەها لەوانەشە ئەو ڕاستیەش کاریگەری هەبێت کەوا هەڵبژاردنی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەشێوەیەکی گشتی زیاتربۆ پارێزگارەکانە،لەوەی بۆ زانایانی کۆمەڵایەتی بێت و ئەمەش قایل نەبوونی زانایانی کۆمەڵایەتی لێدەکەوێتەوە لەهەربارێکدا، زیاتر وریایی و هەستیاری لە ڕێگاکانی لێکۆڵینەوەو ڕوونکردنەوەی بۆندەکان لە نێوان هەڵوێستەکانی تاک و کێشەو هەڵبژاردنە تایبەتیەکان و ئایدۆلۆژیا زۆر گرنگ و کاریگەرەکان، لەوانەیە یارمەتیدەر بێت بۆ ڕوونکردنەوەی ڕەفتاری ئاسایی دەنگدەر (بۆ نموونە، بڕوانە چیتیک و بێڵینگسلی و تراڤیس، 1990).

### هەڵسەنگاندنی سەرکردە لە دوورەوە

پرسیار: دەکرێت لەوە تێبگەین کە بۆچی سەرکردە سیاسیەکان ئەوشتانە دەکەن کە ئەنجامیان دەدەن، ئەمەش تاڕادەیەک بەهۆی شیکردنەوەی ئەو وتەو نووسراوانەیانە کە بە شێوەیەکی گشتی دەست دەکەوێت؟ ئەگەر وایە، چ جۆرە شیکاریەک ڕاست و دروستە؟

زۆر پێش ئەوەی پزیشکی دەروونی ناوزراو دەستبکات بە ڕاپرسی سەبارەت بە سیناتۆر گۆڵد وۆتەر لە ماوەی لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی

ساڵی 1964 (بڕوانە ڕۆگۆ، 1970) و یەکسان بە گریمانەی لە دوورەوە دەستنیشانکردنی نەخۆشی دەروونی سیاسەتمەداری کەنەدی لویسن بۆچارد بۆ ماوەی زیاتر لە 30 ساڵ (فیلی بۆچارد، 1997)، هەڵسەنگاندنی سەرکردە لە دوورەوە بە هەڵە بەکارهێنراوە بۆ مەبەستە سیاسیەکان. ئەو هەوڵانەش ڕەخنەی زۆر توندو دیار و شایستەی لێگیراوە. تەنانەت جیاواز لەو نموونە ناو زڕێندراوانەی وەک ئەو دووەی لەسەرەوە باسمان کرد، چەندان شیکاری لەم جۆرە بە ئاشکرا ڕەنگدانەوەی لایەنگرانی سیاسیە لە قۆناغە جیاوازەکانی توێژینەوەدا .دەروونناسە مێژوویەکان توێژەرەوانی تری جۆرەکی گەیشتوونەتە دەرئەنجامە کۆتاییەکان بە وەرگرتنی بچوکترین ڕاستیە زانراوەکان دەربارەی سەرەتایی ژیانی بابەتەکان و زنجیرەو ئەو کەرستانەی کە بەشێویەکی ناڕێک و پێک هەڵبژێردراون بۆ پاڵپشتی کردنی گریمانەکانیان.هەروەها دەروونناسە مێژوویەکان و توێژەرەاوانی تری جۆرەکی هۆی قسەدووبارە کردنەوەیان بەکارهێناوە بۆ بێ نرخ کردنی ئەو سەرکردانەی کە بە شیاویان زانیون، لەوکاتەی ئەوانەشی کە بەدڵیان بوون بەرزیانکردۆتەوە. پێدەچێت بیروڕا سیاسیەکانی خودی توێژەریش لایەنێکی زۆر گرنگ و تێکەڵاو بە توێژینەوەکە بێت.

هەرچەندە، هەڵسەنگاندن لەدوورەوە کەمتر بە شێوەیەکی قێزەون بەکارهێنراوە. توێژینەوە لەسەر سەرکردەکان، ڕێبازەکانی توێژینەوەو شیکاریەکانی ناوەڕۆک دەگرێتەوەو، ئاماری تاقیکردنەوە سایکۆلۆژیەکانیش دەگرێتەوەو بنەماکانی چەندێتی و بابەتیانە بۆ پێوانەکردنی لایەنەکانی سۆزداری و هەستپێکردن و هاندان و کەسایەتی بەکاردێت. توێژینەوەکانی لەم چەشنە تیشک دەخاتە سەر لێلی لایەنەکانی سەرکردایەتیکردن و تاڕادەیەکیش سەرکەوتوو بووە لە پێشبینیکردنی ئەوەی کە چۆن سەرکردە

ڕەفتاردەکات لە بارو دۆخە سنووردارەکان (هێرمان، 1977و دواتر 2001). هاوتا لەگەڵ ئەو تەکنیکانە، چەندێتی و ڕێبازەکانی تری لێکدانەوەی کەسیەتی، بەتایبەتی ئەگەر بنەماکانیان و ڕێساکانیان ڕوون ڕەوان بن (بۆ نموونە لایۆنس، 1997)، ئەوا دەتونێت ووردبینی نوێ پێشکەش بکات بۆ ئاماژەدان بە لێکۆڵینەوەی زیاتر و وە توێژینەوەی چەندێتی زیاتر وەک پێکهێنەرێکی بەسوودی ڕاستەو خۆوکارتێکردن.

### ئاگادرابوونی توانای مێشک و ئاڵۆزی

پرسیار: ئایا بیرکردنەوەی ئاڵۆز ڕێگا خۆشدەکات بۆ ئەوەی زیاتر سەرکەتوو بی و زیاتر ئەنجامی پەسند بەدەست بێنیت بە شێوەیەکی ڕەوشتیانە لە بیرکردنەوەی سادە؟

لایەنگیریەکی ئاشکرا لەنێو کەسانی ئەکادیمی دا هەیە لەبەرژەوەندی دادگەری و بڕیاردان کە هەست و سۆز و پێشینەکان و شێوازی وانە وتنەوەی هیروستیکی و ڕەفتارە باشەکان ڕێگا کورتکراوەکانی تر ناگرێتەوە. بڕیاری باش بە بەرهەمی پرۆسەی زانیاری ئاڵۆز دادەنرێت، کە لەسەر بەدوا گەڕانی زانیاری فراوان و تێگەیشتنی ئەگەرەکان ویاسا لۆژیکیەکان و تێڕامانێکی تێروتەسەل و دووبارە لەبەرچاوگرتنی ئەگەرە جێگرەوەکانبناغەی گرتووە. هەروەها لەسەر نەرمی و مێشک کراوەیی و توانای تێگەیشتن و بەرزنرخاندنی بۆچوونەکانی تر و بەرگریکردنی ڕەفتارە ستاندەرەکان و گوێڕایەڵبوونی پاڵەپەستۆیەکان بنەمای گرتووە. زۆربەی بڕیارە سیاسیەکان، بەتایبەتی ئەوانەی کە لەژێر فشارن، ئەو بنەمایانەیان تێدا نیە و بەمشێوەیە زانایانی کۆمەڵایەتی بەتوندی رەخنەیان لە رەفتاری

داڕێژەران و جێبەجێکەرانی سیاسی گرتووە (من ئەو بۆچوونە بە مۆدێلێکی نەشارەزایانەی توانای مێشک ناو دەبەم). هەندێک ئەم لایەنە بە جۆرێک دادەنێن کەئاستی کەمئالۆزی تایبەتمەندیەتی کەموکووڕی ئاکارە.

توێژینەوەکان بەشێوەیەکی باوەڕپێکراو دەریانخستووە ستراتیجیەتی سادە و بەکارهێنانی چەندان ڕێگای کورتی هەمەجۆر زۆر گونجاوە بۆ چارەسەر کردنی زۆر لە کێشەکان، تەنانەت کێشە ئالۆزەکانیش. لە ڕاستیدا، لەناو میکانیزمە هەمە جۆرەکانی توانای مێشکدا ئالۆزی لە ڕادەبەدەر لەوانەیە ڕێگا خۆشبکات بۆ بەرزبوونەوەی ئەگەری هەڵەکان. هەروەها ئالۆزی لە ڕادەبەدەر کات دەبات، توانا دەبات، سەرنج دەبات، سامان دەبات کە لەوانەیە ڕێژەکەی لە تەواو بووندابێت بەهۆی گرنگی کێشەیەکی تایبەتی لە سنووری کاتەکە و بارودۆخەکەدا. تەنیا ئالۆزیەکی زۆر هەمیشە ستراتیژیەتێکی کاریگەر نیە و لەوانەشە هەندێک جار لە ڕووی ڕەوشتیەوە کەمتر ڕەوا بێت. نەرمی و چارەسەری ناوەندی دەتوانێت لە هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ هەندێک لەکێشەکان ببێتە هۆی داخورانی پابەندبوون بە نموونە باڵاکان.

لایەنگیری سیاسی لەم ڕووەوە نائاساییە. لەگەڵ هەبوونی ژمارەیەکی زۆر لە حاڵەتی تایبەتی شازو بابەتی شاز، بەڵگەی زۆر هەیە کە سیاسیە لیبڕاڵیەکان ئارەزووی بیرکردنەوەیان بە چەندان ڕێگای ئالۆز هەیە لەوەی بە شێوەیەکی پارێزگارانە بێت. لە بەکارهێنانی بۆ چوونەکان لە زانستە کۆمەڵایەتیەکان، پێشبینی ئەوە دەکەین خەڵک لەم لقانەی توێژینەوەدا هەم بیرکردنەوەی ئالۆز بەرزدەنرخێنێت و هەم پیادەی دەکات. سەرنج ڕاکێش دەبێت ئەگەر تاقیکردنەوە بکرێت بۆ ئەوەی بزانرێت ئایا زیاتر توێژەرە پارێزگارەکان بە شێوەیەکی ڕێژەییانە جیاوازیەکی زۆر کەمیان لە

بۆچوونە بڵاوبووەکانی ئارەزووی ئاڵۆزی هەستپێکردن کردووە؟ ئایا هیچ جیاوازییەک لە ئاڵۆزی نووسینەکانی خودی توێژەرەوەکاندا هەیە؟.جیا لەو هاندەرانەی بیر، بڕوام وایە نموونەیترین بواری توێژینەوەی داهاتوو، دیاریکردن و تاقیکردنەوەی ئەو بارودۆخانە دەبێت کە تیایاندا جۆرە جیاوازەکانی ستراتیژیەتەکان لەبارو نموونەترینن،هەروەها ئەو تایبەتمەندیانەی توانای مێشک کە لەو بارودۆخانەدا کاردەکاتە سەر ئارەزووی خەڵک لە بەکارهێنانی لەبارترین ستراتیژیەتەکان.

سەرەڕای هەموو ئەمانە، بوارەکە فرە لقە لەزانیاری توێژینەوە دا. ئەو هاوپیشانەی کە دڵسۆزی پشتگیری خۆیان بۆ فەلسەفەو ڕێبازی توێژینەوە لەیەک جیاوازەکان و تەنانەت دژیەکەکان دەردەبڕن، لەوانەیە توێژینەوە بۆ کۆکردنەوە یان تەریب بوون بێت بە بابەتێکی دیاریکراو، پرسیار، گریمانە یان کێشە، لەوانەیە واش دەربکەوێت هەریەکێک لەڕێبازەکانیان بەشێوەیەکی گشتی کارەکە ڕەوانتر و دەوڵەمەندتر دەکات. لەوانەشە بۆ توێژینەوەیکی لەم چەشنە، تێزی نامەو دژە تێزی نامەو دروستکردن یەک پێکهاتە بێت، بەڵام دۆزینەوەی دروستکردنێک کە کۆدەنگیەکی پەسەندی لەسەربێت شتێکی پێویست نیە، لەوانەیە لە کۆتاییدا هاوکارەکان لەسەری ڕازی نەبن. بەلایەنی کەم، خۆیان و بینەرانیان وێنەیەکی پڕتری هۆکارە پەیوەندیدارەکانیان دەستدەکەوێت و چەند ڕێگایەکی هەمەجۆریشیان لەبەردەم دەبێت بۆ پرسیارکردن و وەڵامدانەوە.

**لەکۆتاییدا**

لەوانەی کە تائێستا باسکراوە، من چی دەبینم وەکو هەندێک لە کێشە سەرنج ڕاکێشەکان کە کاریگەرە بەبۆچوونە سیاسیەکانی خودی توێژەرانەوە، چۆن پێموایە ئەو کارتێکردنانە دەتوانن ببنە زیاترهۆکاری بنیاتنەر لەوەی ببنە ڕووخێنەر لە بوارەکەماندا. پاڵەپەستۆ بەهێزەکانی پۆست مۆدێرنێتەو ناسنامەی سیاسی فریودانی ئاراستەی توێژینەوەو لێکدانەوەکانیان بەهێزدەکاتەوە بۆ خزمەتکردنی کۆتاییە سیاسیەکان. تاڕادەیەکیش هاوکاران چارەسەرێکی ناوەندیان بۆ باوەڕیان هەیە لە بوون و بەدیهێنانی ڕاستی، یان ملکەچی گەڕان بۆ ڕاستی دەبن لە باشترکردنی کارنامە سیاسیە کۆمەڵایەتیەکانی خۆیان. لەڕووی زانستیەوە، سایکۆلۆژیای سیاسی دەبێتە پیادەکردنی پڕوپاگەندەیەکی بێ سوود. جێی داخە کە نموونە و بزووتنەوەی وا هەبووە کە نەیتوانیووە (نەیویستووە) بەرگەی ئەو فریودانە بگرێت. لەوانەی بەرز بوونەی هۆشیاری داماڵینی بنەمای زانیاری و بڕواپێکردنی ئێمە ئەو کەسانە بە ئاگا دەهێنێتەوە کە بەبێ بیرکردنەوە بە دوای گۆڕانکاریەکانی پۆست مۆدێرنێتەوەن بۆ ئەوەی جارێکی تر لێی بڕواننەوە.

## سەرچاوەکان:

### بە زمانی عەرەبی

1- باتريك هه أونيل، مباديء علم السياسة المقارن، ترجمة:باسل جبيلي، تدقيق: حسام الدين خضور، دار الفرقد،2012

2- د. سويم العزي، علم النفس السياسي-قراءة تحليلية نقدية،الأردن، 2010.

3- داڤيد أو.سيرز وأخرون، المرجع في علم النفس السياسي ، الجزء الأول والثاني،ترجمة:ربيع وهبة وأخرون، مراجعة وتقديم، قدري حفني،المركز القومي للترجمة،القاهرة، 2010.

4- اصدار ستانلي رينشون وجون دوكيت، علم النفس السياسي-أسس ثقافة أحادية وتعددية، ترجمة:عبدالكريم ناصيف،دار التكوين للتأليف و الترجمة والنشر، ديمشق، ط 1 ، 2012 .

5- د.عبدالرضا الطعان و د.صادق الأسود، مدخل الى علم السياسة،بغداد، 1986.

6- د.نظام بركات وأخرون، مباديء علم السياسة،الرياض،دار العبيكان،ط السابعة، 2009.
7- مصطفى حجازي،علم النفس والعولمة،رؤى مستقيلية في التربية والتنمية، المركز الثقافي العربي،2010.
8- جيروم كاجان، ما الانفعال؟ التأريخ والقياس والمعاني، ترجمة: منال زكريا حسين و محمد سعيد محمد،مراجعة:قدري حفني،القاهرة، المركز القومي للترجمة،2012.
9- ريتشارد داونسن وأخرون، التنشئة السياسية-دراسة تحليلية،ترجمة:د.مصطفى عبدالله أبوالقاسم خشيم و د.محمد زاهي محمد بشير المغيربي، بنغازي،جامعة قار يونس،ط 2، 1998.
10- موريس دوفرجيه، مدخل الى علم السياسة،ترجمة:د.جمال الأتاسي و د.سامي الدروبي،المركز الثقافي العربي،لبنان و دار البيضاء،2009.
11- مايكل كول، علم النفس الثقافي ماضيه ومستقبله،ت:د.كمال شاهين و د.عادل مصطفى،بيروت، دارالنهضة العربية،ط1، 2002
12- دنيس كوش،مفهوم الثقافة في العلوم الاجتماعية،ت: د.منير السعيداني، مراجعة:د.طاهر لبيب،المنظمة العربية للترجمة،بيروت، ط1، 2007.
13- جان ماري دانكان،علم السياسة،ت:د.محمد عرب صاصيلا،بيروت، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع،1997.
14- د.احسان محمد الحسن،علم الاجتماع السياسي، بغداد،مطبعة جامعة الموصل، 1984.
15- فيليب برو،علم الجتماع السياسي،ت:د.محمد عرب صاصيلا، بيروت، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع،ط1 ، 1998.

16- موريس دوفرجيه ، علم اجتماع السياسة،ت:د.سليم حداد، بيروت، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، ط1 ، 2001.
17- محمد جواد أبو القاسمي،ت: حيدر نجف، بيروت، مركز الحضارة لتنمية الفكر الاسلامي، سلسلة الدراسات الحضارية 6،ط1 ، 2008.

## سەرچاوەکان بە ئینگلیزی

1- A .All Politics is Psychological: Syllabi Deborah J. Schildkraut Review of political psychology

2 -Jose M.Sabucedo and Wilson lopez, political psychology

3- Adela Garzón Pérez et Ronald C. Dillehay Political psychology in Spain

4- JAMES H .kuklinski, Thinking about political psychology ,june 2009

5- Elif ERİŞEN, An Introduction to Political Psychology -4 for International Relations Scholars

6- Lane, Robert E. 1962. Political Ideology. New York: Free Press

7-Lasswell, Harold D. (1930) 1977. Psychopathology and Politics-7 Chicago: University of Chicago Press

8- Marcus, George E., W. Russell Neuman, and Michael MacKuen. . 2000. Affective Intelligence and Political Judgment. Chicago: University of Chicag .Press

9-Downs, A. (1957). An economic theory of democracy. New Yor . Harper-Row

10-Giddens, A. (1984). The constitution of society. Berkeley .University of California Press

11- Giddens, A. (1990). The consequences of modernity .Stanford,CA: Stanford University Press

12- Giddens, A. (1991). Modernity and self-identity: Self and society ,in the late modern age. Cambridge UK: Polity Press

13-Lasswell, H. D. (1948). Power and personality. Westport, CT .Greenwood